# ڕامان RAMAN

173

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم / ساڵی شازدە / تشرینی یەکەمی ٢٠١١

**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**
قەرەنی جەمیل

ناوونیشان / هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 2228506 - 07504494662
(دەرەوە) / 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی / دهۆک
نرخ / ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

### ● سەروتار

– هونەری هەڤپەیڤین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا/
ئازاد عەبدولواحید/ 3

### ● دەق

– ک..ە..ر..ک..و..و..ک/ ئەدیب نادر/ 6
– سیر ئاشکرای کرد و ٢٨ تاک دێری تر/
عەباس عەبدوڵلا یووسف/ 8
– حیکایەتەکانی سەرابستان/ محمەد کەساس/ 10
– دەستێن تەییێن ب من هلچوویی/ ئاخین وەلات/ 13
– ناوم پاییزە/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 15
– چاو/ فریا یوونسی/ 20
– بیسەری چیرۆکێکی نامۆ/ ئەسعەد عەزیز محەمەد/ 23
– ڕانی بە ڕانمەوە ناو ڕەنگم بە ڕوخسارەوە نەما/ ناسر فەتحی/ 26
– هاڤینان خوین د حەرکی/ ئە. وەللکی/ 30
– سێ چیرۆکی فۆلکلۆری ئەفریقی/ لە ئینگلیزییەوە:
عەبدولخاق یەعقووبی/ 32
– خەمەکانی لیبوکی سێرک/ لە عەرەبییەوە: دانا ڕەئووف/ 35

### ● دەق و ڕەخنە

– سامان سوا.. دەقی: حوسێن شێربەگی.. ڕەخنەی:
ئەحمەد چاک/ 38

### ● هەڤپەیڤین

– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار و دیزاینەر
(باسم ڕەسام)/ ئا: خەبات ڕەسووڵی/ 53

### ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

– بنیادی کارەکتەر و ئیستێتیکای گێڕانەوە لە ڕۆمانی (کەناڵی
مەیموونە چەکدارەکان)دا/ عەلی عوسمان یەعقووب/ 70
– ڕەهەندێک بۆ دنیای چیرۆکی منداڵان/ عومەر محەمەدی/ 85
– چەند سەرنجێکی خێرا لە ڕۆمانێک/ دڵشاد خۆشناو/ 91

### ● وتار

– زولەیخا و خانای قوبادی/
کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)/ 96
– ڕۆڵی ژینگە لەسەر مرۆڤ/ کەریم حیکمەتی/ 102
– ئەدەب و کۆمەڵگە/ لە عەرەبییەوە:
مستەفا سەعید عەلی/ 104

### ● مێژوو

– شوێنەواره دێرینەکانی هەورامان/
محەمەد ڕەشید ئەمینی/ 107

### ● هزر و فەلسەفە

– هیگڵ، ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەها/
د. حەمید عەزیز/ 115
– فینۆمینۆلۆژیای ماکس شیلەر/ لە عەرەبییەوە:
هاوار محەمەد/ 133

### ● هونەر

– شانۆ لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا/ خەلیل یابە کەریم/ 143

### ● خوێندنەوەی کتێب

– دووپشک، گەمە زیهنییەکانی دەق/ هاشم سەڕاج/ 150
– خوێندنەوەیەک بۆ چاپی دووەمی دیوانی عەونی/
جەواد حەمەدبەگ ساڵح/ 155

### ● نرخاندن

– هەندێ تێڕامان لە گۆڤاری (ڕامان)/
د. عادل گەرمیانی/ 159

### ● سووکە لەنگەر

– ماڵئاوا.. زامداری برا و مامۆستا/
ئازاد عەبدولواحید/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# هونەری هەڤپەیڤین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

**سەرنووسەر**

**(٢ – ٢)**

* لەپاش ڕاپەڕین هونەری هەڤپەیڤین و چاوپێکەوتن چەند پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەندەش بەهۆی سەرهەڵدانی زۆری و بۆری لە سەرجەم کایە و بوارەکانی ژیانی کوردەواری، بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی کولتووری و ڕۆژنامەوانیش بارودۆخەکە بووە خومخانە و تووشی پاشاگەردانی بوو، بۆیە دەبینین ئەو هونەرە بەهۆی هەڵپەکردن و شێواندن و خراپ بەکارهێنان و زۆر بڵاوبوونەوەیەوە بەم دەردە چووە و بەو شێوەیەی لێهاتووە کە هەیە، بەمەش خراپ بەسەر پیشەی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا شکاوەتەوە، بە تایبەتیش بەهۆی ئەم خراپ بەکارهێنان و تێنەگەیشتنەوە لە ئەرک و پەیامی ئەو هونەرە، هۆیەکەشی بۆ کەسانی ناشی و ناکارە و ناشارەزا دەگەڕێتەوە کە خۆیان لە قەرەی دەدەن، بەڵام بە تەواوی ناتوانن ئەرکەکە بگرنە ئەستۆی خۆیان و پەیامەکەی بگەیەنن، یان بەنیوەوناچڵی جێبەجێی دەکەن و پەیامەکەی دەشێوێنن و لە ڕاستەڕێی خۆی لای دەدەن و بەرەو ئاقارێکی دیکەی دەبەن، هۆیەکی دیکەشی ئەوەیە ئێمە لەو بوارەدا تا ئێستا نەمانتوانیوە نەک هەر لەو بوارەدا، بگرە لەناو سەرجەم هونەرەکانی کاری ڕۆژنامەنووسیدا بەچاکی قاڵ ببین و پیشەییانە ئەو ئەرک و کارانە ڕابپەڕێنین.

* ئێمە دەزانین کەسانێک هەن کە بە خۆرسک بێدەنگ و کەم دوون، ئەگەرچی زۆریش لە ناوەوەی خۆیان ئاوەدانن، بەڵام کەمتر حەز بە قسەکردن و بیروڕادان و چوونە بەر ڕووناکی و ڕیکلام بۆ خۆکردن دەکەن و کەمتر حەزیان لە خۆ هەڵقورتانە ناو هەموو شتێکە، واتە نایانەوێ ببنە ئەسکوێی ناو هەموو دیزەیەک و قسە لە بارەی هەموو شتێکەوە بکەن، یان هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕیان بە قسەکردن و بیروڕادان نییە و بەبێ هوودەی دەزانن، ڕۆژنامەنووس ئەگەر بتوانێت ئەو جۆرە کەسە بهێنێتە گیروگازی قسەکردن و بیروڕا لێ وەرگرتن و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، ئەمە بۆ خۆی دەست پێشخەرییەکی ڕۆژنامەوانی (سبق صحفي) گرنگە و بۆ خۆی سەرکەوتن و دەسکەوتێکی ڕۆژنامەوانییە. گیروگازی بە قسە هێنان و شکاندنی بێدەنگی بە پرسیاری ئیستیفزازی و فڕێدانی تۆپەڵە پرسیارێکی گوماناوی و تۆمەتاوی نییە بدرێ بە تەنگەی ئەو کەسەدا، تا بخرێتە ناو قەفەسی تاوانباری و ئەویش وەک تۆمەتبارێک داکۆکی لە خۆی بکات، ئەمە نەک هەر لەلای ئێمە وایە، بگرە لەلای میللەتانی دنیاش هەروایە کاتێک دەبینی کەسانێک زۆر بە دەگمەن قسەیان کردووە، یان بە مسقاڵ قسەیان کردووە و نهێنییەکانی ژیان و نووسینی خۆیان درکاندووە، یان هەر لە بنچەوە قسەیان نەکردووە.

* یەکێک لەوانە (سامۆییل بیکیت)ە کە ڕۆژنامەنووسەکان نەیانتوانیوە قسە و زانیاری و بیروڕای سەبارەت بە کتێبەکانی، یان بیروڕای تایبەتی خۆی لێ وەربگرن، کە ڕۆژنامەنووسەکان چوونەتە لای گفتوگۆی لەگەڵدا

بکەن و بیروڕای لێ وەربگرن، ئەو پێیانی وتووە هەموو ئەو بیروڕایانەی ئێوە لەمنی داوا دەکەن لەناو دەقەکانم و لە دووتوێی کتێبەکانمدا هەن و ئێوە دەتوانن بچن لەوێ بیانخوێننەوە و بەدەستیان بهێنن. دەڵێن کە ڕۆژنامەنووسان لە کنی هاتوونەتە دەرێ سەریان گێژی خواردووە و هیچیان لێ هەڵنەکراندووە و بە دەست نەهێناوە. (ئۆکتاڤیۆ باث)یش دەڵێ پێویستە داهێنەرەکان لە ژیانیاندا تەنیا سێ جار قسە بکەن، جارێکیان لە بارەی سەرەتایەکانی نووسین و ئەزموونی خۆیان بدوێن، جارێکیشیان ئەوکاتە قسە بکەن کە ئەزموون و تاقیمانەکەیان کامڵ دەبێ و پێدەگات، دواجاریش لە کۆتاییەکانی ژیانیاندا باسی دوا قۆناغ و وێستگەی ئەزموون و داهێنانەکانی خۆیان بکەن، ئەوەش ڕێک پێچەوانەی هەوڵ و بۆچوونی ئەو کەسانەیە کە لەو باوەڕەدان دەبێ زۆر قسە بکەن و زۆر دەرکەون و بیروڕا بدەن، تەنانەت ساڵ دوازدەی مانگ ئیش بۆ ئەو بۆچوونەیان دەکەن و پێیان وایە لە هەر چاوپێکەوتن و هەڤپەیڤینێکیاندا ئەگەر یەک دێری نوێشیان وتبێ، ئەوە کارێکی زۆر چاکیان کردووە، بۆیە بێ پەروا و بە بۆنە و بێ بوونی هیچ بۆنەیەک قسە دەکەن، ئەوە لە کاتێکدا بەڕای من پێویستە کەسەکان، خۆیان بڕیاری کاتەکانی قسەکردن بدەن، کەی پێویستە دەرکەون و قسە بکەن، یان کەی لەبار و پێویستە دەربکەون و قسە بکەن و بیروڕا دەرببڕن، تا سیحر و ڕەونەق و هەیبەتی خۆیان لەدەست نەدەن و خەڵکی تاقەتی گوێ گرتن، یان خوێندنەوە و بینینی چاوپێکەوتنەکانیانی بمێنێ و سەنگینی و تازەیی بیروڕایەکانیان لە دەست نەدەن. کارەکتەرەکە دەبێ لەو کاتەدا دەربکەوێت کە قسە و بیروڕایەکەی کاریگەریی خۆی هەبێ و شوێنێک بگرێ، یان کاتێک بەرهەمێکی نوێ، دیاردەیەکی نوێ، چەمکێک، بیروڕایەکی پێویست و پەیوەست بە پسپۆڕییەکەی دەرکەوێ و پێویست بە قسەی ئەو بکات تا بیروڕا لە بارەی کارە نوێیەکەیەوە بدات، یان ڕووداوێک پێویستی بە بیروڕای ئەو هەبێ قسەی لە بارەوە بکات، نەک عاشقی شاشە و بەر مایکرۆفۆن بێت و بەردەوام بچێتە سەر تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا قسە بکات و لەسەر و مێشک و جومجومەی خەڵکی بدات، تا هەر نەبێ چاوپێکەوتنەکانی تامی خۆیان بمێنێ.

* لەو دواندنانەدا ئەو کەسانەی دەیاندوێنین دەبێ ئەو کەسانە بن کە لە دەربڕینی بیروڕایەکانیاندا بە ڕاستگۆیی خۆیان دەناسێنەوە و بۆ خوێنەران و بینەران و بیسەرانیان وەک کەسانی ڕاشکاو ناسراون، ئەوانە چەندی بچنە ناو وردەکارییەکانی ژیانی خۆیان و ئەزموون و تاقیمانە و زانیارییەکانیان، ئەوەندە زیاتر لەلای کەسانی بەرانبەر دەخوێنرێنەوە و زۆرتر دەبنە مایەی سەرنج و بەدواداچوون و گەڕان بەدوای بەرهەمەکانیان و مەقبوولتر دەبن. لەوانەیە ڕێ کەوتبێ کەسێکی بەرانبەرت لە کاتی قسەکردندا زۆر لەبلەبان (لبق) نەبووبێ لە قسەکردندا، یان لەکاتی قسەکردن و بیروڕا دەربڕیندا بەسەر ڕاگرتنی ڕیتم و هاوسەنگی و تەرازووی قسە و بیروڕایەکانیدا کەسێکی زاڵ نەبووبێ، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە چ بەهۆی شەرمەوە بێ، یان کەم ئەزموونی لە قسەکردن، یان خۆپارێزی (تحفظ) کردن بۆ نەوتن و نەدرکاندنی هەندێ زانیاری، یان بەهۆی پەرتوبڵاوی زیهنیی خۆیەوە، یان بە هەر هۆیەکی دیکەوە بێ، ئەوانە کە دەمودووی قسەکردنیان ڕوون و باش نییە و ناتوانن قسە و بیروڕایەکانی خۆیان بە جوانی و پوختەیی و چڕوپڕی لە کاتی گفتوگۆیەکاندا دەرببڕن و بە مەنتیقێکی بەهێزەوە بەدەستەوە بدەن، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە زۆرجار تێدەکەون و بیروڕای سەرپێیی و هەڵبزرکاو و نەکڵۆک دەدەن کە لەوانەیە زۆر بەگران لەسەریان ڕابوەستێ و دواییش باج و سەرانەی خۆی لێیان بوێت، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە تووشی زەللەی زمان دەبن و زمانیان پێش عەقڵیان دەکەوێ و قسەی ڕەق و تەق دەکەن، یان لە وتنی هەندێ بیروڕادا (با ڕاستگۆییشی تێدا بیت)، لە تەنگەی کۆمەڵ، یان کەسانێک، کەسایەتییەک دەدەن، یان داوونەریتی کۆمەڵ دەبەزێنن و لە ئایین دەدەن، یان بیروڕا و قسەکانیان بۆ ناچێتەوە سەر یەکتری و بە پچڕپچڕی دێنە بەرچاو و بەزەحمەت مۆنتاژ دەکرێن و لێکتر گرێ دەدرێن. لەوانەیە بڵێن و بپرسن کە ئەو کەسە حاڵی وەهایە، ئەی بۆچی گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرێ؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بەپێی ئەو سووکە ئەزموونەی خۆمان کەسانی داهێنەر و نووسەری ناسراو و هونەرمەندی گەورەمان هەیە، تەنانەت کەسانی خوێندەوار و ڕۆشنبیری چاکیشمان هەیە، لەم حاڵەتە بەدەر نین، کە کاری گرنگیان کردووە و ناتوانین بەلاوەیان بنێین، لەو لایشەوە هەمانە توانایی قسەکردنی زۆر باشیان هەیە و خاوەنی مەنتیقێکی بەهێزن و لە قسەکردن و بیروڕا دەربڕیندا لەبلەبان و قسەزانن، بەڵام دەکەونە ناو پەتای زۆر گوتن و قسەی بێ ئایدە و فایدەوە و لەو زۆر گوتنەشدا سەری گلۆلەکەیان لێ گووم دەبێت و زۆر باس و بابەت دادەمەزرێنن و دەورووژێنن و زۆر لە مەسەلەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەکەن و دەیکەنە شێلەوبێلە و بەسەریەکدا

دەیانترشێن. کەسانێکیش هەن لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەدا، واتە قسەزانی و لەبلەبانی و کەمدوویی و لاوازی لە قسەکردن و دەربڕیندا، بەیناوبەین و مام ناوەندین، واتە دەزانن چۆن سەری قسەکانیان لەگەڵ بنی قسەکانیان و بیروڕایەکانی دیکەیان پێکەوە ببەستنەوە و دەزانن چۆن چۆنی قسە و بیروڕایەکانی خۆیان بڵێن. هەیشە کە قسە دەکات تۆ تەنیا ئەوەندەت لەسەرە ئاڵای سپی بۆ هەڵکەیت و هەر حەز دەکەیت گوێی بۆ شل بکەیت، ئەوەندە قسە و بۆچوونەکانی جوان و سەرنجڕاکێش و شیرینن.

* ئەگەر بۆ چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەیەک، هەفتانەنامەیەک، نیو مانگانەیەک بیروڕا وەرگرتن بە تەلەفۆن وەربگیرێت، کە زۆرجار ئەوەش بە تەلەفۆنێک دەکرێت کە ڕێکۆردەری لەگەڵدایە و قسەکان تۆمار دەکرێن، لەوانەیە ئەوە بۆ خێرایی گەیشتن بە هەواڵ و زانیارییەکان کارێکی دروست بێ و زوو بێتەوە دەستەوە، ئەوەش لەبەر ڕێگە کورتی و زوو گەیشتن بە ئەرک و پەیامەکە، یان بۆ پشت ڕاستکردنەوەی هەواڵێک، زانیارییەک، پێویستە، بەڵام بۆ گفتوگۆی دوورودرێژی نووسەر و هونەرمەندێک کە گفتوگۆی هەمەلایەن و درێژ گرنگ و پێویستە، دەبێ گفتوگۆیەکە ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو بێت و بکرێ، سوودی ئەو گفتوگۆ ڕاستەوخۆیەش ئەوەیە تۆ دەتوانی لەو کاتەدا کە کەسەکە لە پرسیارەکەت هەڵدێ و خۆی دەدزێتەوە، یان دیبلۆماسیانە بە پێچوپەناو ئەم لاو ئەولا کردندا دەڕوات، تۆش دیبلۆماسیانە ئەو زانیاریانە، یان هەندێک لەو زانیاریانەت بەدەست بکەوێت کە مەبەستتە وەگیریان بهێنی، ئەمە زیاتر لەو کاتانەدا دێنەدی کە بتوانیت ئاستێکی بەرز و باش لە دۆستایەتی لەگەڵ کەسەکە دابمەزرێنی و کارێکت کردبێ بووبێتییە جێگەی باوەڕ و متمانەی ئەوکەسە، ئەو کاتە زۆر گرێی دڵ و دەروون و ناخی خۆیت بۆ دەکاتەوە و دەرگای زۆر ڕاز و نیازی دڵ و دەروونیت بۆ دەکاتەوە.

* لای ئێمە جار هەبووە دوو - سێ جار، یان چوار- پێنج کەڕەت ئەوکەسەمان بینیوە و دواندوومانە، تا پتر لە کەشوهەوای بیرکردنەوە و خەم و پەرۆشییەکانی ئەو بزانین و تێی بگەین، پاشان بە چەند قۆناغێک کەوتووینەتە گفتوگۆکردن لەگەڵیدا، هەندێ جار لەپاش تەواوکردنی گفتوگۆیەکەش بۆ زانیاری زیاتر و دڵنیابوون لە هەندێ زانیاری، یان بۆ پوختە و تێرکردنی زیاتری بابەت و تەوەر و زانیارییەکان و کامڵکردنیان چووینەتەوە لای. قەت مومکین نییە تۆ بە زۆرەملێ و بە تۆبزی کەسێک بهێنیتە قسەکردن، بەڵکو دەبێ ئەو کەسە بە خواهیشتی خۆی قسە بکات، چونکە ناتوانین یاسا و نەریت و سرووتی ژیانی کەسیی ئەو کەسایەتییە تێک بدەین، ئەگەر شەوق و زەوقی قسەکردنی نەبوو، گفتوگۆیەکی سەرکەوتووشی لەگەڵدا ناکرێ و ناتوانین زانیاری پێویستیشی لێ بەدەست بهێنین. کەواتە بۆژۆ و هەراسانکردنی کەسانێک بۆ ئەوەی قسەت بۆ بکات و گفتوگۆی لەگەڵدا ساز بکەیت، لەگەڵ هونەری چاوپێکەوتن و هەڤپەیڤیندا ناگونجێ، چونکە لەوانەیە ئەو کەسایەتییە حەز بکات لەو کەناڵە، یان لەو گۆڤار و ڕۆژنامەیەدا قسە بکات، لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسە ئاسوودەیە و قسە دەکات، بەڵام لەگەڵ کەناڵ و گۆڤار و ڕۆژنامەی دی، یان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی دی حەز ناکا قسە بکات.

* ناکرێ ڕۆژنامەنووس بە ڕقەبەرایەتی و دەمارگرژی کار بکات و بچێتە لای کەسانێک بە مەبەستی شکاندنەوە و پاشقوڵ گرتن، لێیان نزیک ببێتەوە و بیاندوێنێ، خۆ ئەگەر ڕۆژنامەنووس قەناعەتی بەو کەسایەتییە نییە و نایەوێ ددان بە کاریگەری و ڕۆڵی ئەودا بنێ، ئەوە دەتوانێ ئەو کەسە فەرامۆش بکا و پشتگوێی بخات. خۆ ئەگەر گفتوگۆیەکی دامەزراند و بیروڕایەکانی ئەو کەسەی بەدڵ نەبوو، ئەوە، یان نەدەبوو لە بنەڕەتەوە قسەی لەگەڵ کردبا، یان دەبێ تا کۆتایی گوێی لێ بگرێ و بایەخی پێبدات، تەنانەت ئەگەر بیروڕای ئەویشی بەدڵ نەبوو، ئەوە دەکرێ دواتر بە وتار و نووسینی سەربەخۆ ڕوونکردنەوە بدات و وەڵامی کەسەکە بداتەوە و زانیارییەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە تا بۆ مێژوو و ئایندە و ڕاستی، ڕووداوەکان بخرێنەوە ناو سەمت چوارچێوەی خۆیانەوە. ئێستا هەندێک هەن کە ناویان لەخۆ ناوە (ڕۆژنامەنووس!)، دوای نووسینی وتارێکی سووکایەتی کردن بە کەسێک، کەسایەتییەک، ئینجا دەچنە لای و داوای گفتوگۆی لێ دەکەن، تومەز کاکی (ڕۆژنامەنووس!) ویستوویەتی بەناو زڕاندن و دەمشڕی، خۆی بەو کەسایەتییە بناسێنێ، پاشان دەچێتە لای و دەیەوێ بیروڕای لێ وەربگرێت، کە کەسەکە ئەو چاوپێکەوتنە ڕەت دەکاتەوە لەگەڵی بیکات، ئیدی دەکەوێتە پەلەقاژە و دەستەودامان بوون بۆ گەیشتن بەو چاوپێکەوتنەو هەر لەو ڕۆژنامە و گۆڤارەی سووکایەتی بە کەسەکە کراوە دەیەوێ پێی بگات و بیدوێنێ، یان لە ڕێگەی ئەو چاوپێکەوتنەوە خۆی بە کەسەکە بناسێنێ، ئەگەر ئەوەشی بۆ نەچووە سەر، دەکەوێتە سووکایەتی پێکردن و وتاری زبری لە بارەوە دەنووسێ.

# ک.. ە.. ر.. ک.. و.. و..ک


**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

ئەم شـارە،
تۆڕێکی ڕەنگاڵەی نۆسـتالژییە
یادەوەرییـەکی دێرین چنیویەتی

لە ڕۆژنەیەکی دوورەوە
وەک با، خەیاڵ
ڕووناکی شـەوم ڕاو دەنێ و
دێتە ویژەی یادەوەری
وەک پەڵە هەور
بۆ ئاسـمانێکی دوور دوور دەمگوازێتەوە
لەوێوە کە بێ کۆتایی دادەبارێم
لە سـەرابی تنۆکە هاوسـۆزەکانم زیاتر
سـتایشـێکی دیم نییە بۆ بیابان

بووڵێڵ مەودای تەماشـای لە ئامێز ناوە:
وەک ئاوێنە
وشـکەڵگەڕان
ڕووباری شـاری ورد ورد کرد
ئا ئەو پەلکەزێڕینەیەی
وامان دەزانی تاجێکی ئەبەدییە
ون نەبووە،
ڕەنگە لەبیرچووەکانی
هێشـتاکانە هەر لەوێدان.. هەر لەوێدان
لە گیرفانی
بەردە ڕۆیشـتووەکاندا

کە پاییز با،
دێت هەتاکو
بە بارانی گەڵا تاسـەی ڕەجاڵی خۆی دابپۆشـێ
شـار وەک چرای
ماڵە شـاعیرێکی باسـتانیی
شـەکەت بووە
هێندە بەدوای پەپوولە نابیناکاندا
هەناسـەی هەڵکڕووزێنێ
ئیتر دەچێت



لەناو سینەی تاریکییەک
پشوو بدات
کەچی ڕێی هاتنە دەرەوەی
هەتا هەتا لێ ون دەبێ
دواتر..
کە مشتێ پیتی سارد
دەبنە چرپە و
ڕۆیشتنی یەکجاریی درەختان ڕا دەگەیەنن
وەک باڵندە
حەزی کێویلەی دەخاتە
ژێر شەیدایی باڵەکانی و
بۆ ئەو جێگایە دەگەڕێت
کە دەبێتە
چوارچێوەیەکی فریودەر
بۆ زەردەخەنەی سەوزایی و
وەنەوزەکانی هەڵفڕین

ئەم شارە،
تۆڕێکی ڕەنگاڵەی نۆستالژییە
بۆ کۆڵانە سیحراوییەکانی غەزەل
ڕاپێچم دەکات
تاک و تەنیا پیاسە دەکەم
هەورێکی کۆن
هی ئاسمانی خۆشەویستییەکی دوورە
لەناخمدا
هەر بەردەوامە دەگریێت

ئەم شارە،
تۆڕێکی ڕەنگاڵەی نۆستالژییە
یادەوەرییەکی دێرین چنیویەتی
پردە غەمگینە سەبوورەکانی
بۆ سەرو شوێنی نادیاری
ئەو ڕۆخانەیە عەودالن
کە لە هەرێمە دلڕفێنەکانی ڕابردوو
بەدوای ماسییە هەمیشە بچکۆلەکاندا ڕادەکات

شەقامە کشو ماتەکەی
کە بەسێبەری ئێواران
قەرەباڵغ و جەنجاڵە
چیدی داڵدەیەک شک نابات
بۆ ئەو کتێبانەی کە ڕۆژێک
غەریبە دڵشکاوەکانی دوێنێ دەگەڕێنەوە و
دەیانەوێ بیانکڕن

جادەکانی،
تاسەی ئەو کچانە دەکەن
کە پیاسە نەرمەکانیان
نازێکی زۆری دەدانێ
جادەکانی،
چیدی بە بۆنوبەرامەی ئەو درەختانە
بەدمەست نین
کە هەمیشە
تەمانی نزمی ماڵە جوانەکانی باوەشی
ئێوارە پڕ عەشقەکان بوون

دایناسۆرە کۆنەکەشی
دیارە نەماوە
کە کاتی خۆی سەلار سەلار
لە گەڕەکەکەی ئێمەدا
باوێشکە بێ ڕادەکانی
بۆ زارۆلە شاگەشکەکان بەجێ دەهێشت
قەف قەف دووکەڵی تەوەزەلی
بۆ حەلحەلەی ئاسمان ڕەوانە دەکرد و
قەلەڕەشی کۆکە کۆکە هەڵفڕیوەکانیشی
لە گوێی سەرسامی ئەوسامان
ڕێی ماڵی خۆیان ون دەکرد

دواجار کە کەرکووکم بینی
زانی خەونم پێوە دیوە
وتی منیش
حەزم دەکرد
لەگەڵ تۆدا خەون ببینم
بەڵام، بەوە دەچێت جارێکی تر
کەس نەیەوێت لەگەڵ مندا خەون ببینێ!
ئێستا کە من تارماییەکی تا بلێی ڕەشەڵگەڕاوم
هەر تەنها تۆز و خۆڵەکان بەدیم دەکەن
تەنیاترم
تەنیاترم لە هەمیشە

**نیسانی ٢٠١١، لەندەن**

# سیر ئاشکرای کرد و ۲۸ تاک دێڕی تر

عەباس عەبدوڵلا یووسف

* تارما بەغار هەڵات، با دوای نەکەوین و گاڵتەی پێنەکەین، لە پڕ وەردەسووڕێ و بە لیکپژێنێک تووشی سامبیرێمان دەکات.
* تاریکە و بەسەرە پەنجەی پێ دەڕوا، نەشم بینیبوو زوو زانیم مێیە و شەیدایە.
* لێم بووە کێشە، فڕۆکەی دەراسمان عەلمانییە؟!
* فیلمە؟ ڕەشوسپی بێ دەچم دەیبینم، ڕەنگاوڕەنگە؟ جارێ نا...!
* ڕزگاریار هات و لە ڕێی چۆل، قەمەرەکەی پەنچەر بوو.
* سوڕمام لەو کۆخەیەی، خۆدووە ئان دیدووە یانیش هیچ دووە؟!
* بۆدلێرانە و بە فانتازیا زۆرم لەخۆ کرد، جان دیڤاڵەکەی نەهات، لە جیاتی نەعوومی کامبل هات.
* گەردوون لە ڕقی هەتاو بە قلە شخاتەیەک خۆی دەسووتێنێ.
* مەمەمژ دەڵێ: لێمگەڕێن ئۆدیپۆس نیم.
* لەگەڵ عامێ نەچوومە شامێ.
* نەمدەویست بنووم، خەوە کوتکە هات و بە کەلەپچەکراوی منی ڕادەستی هیپنۆس کرد.
* سیر ئاشکرای کرد: ئەهریمەن ڕیکلامی بۆ کردبووم، نەکا من دەرمانی حەودەردە نیم.
* دێو کە زانی مێیە بە ناسکی چرپاندی: بۆن دێ بۆنی بێگانان بابێ!
* ڕۆمانسگە لە بارە بۆ پیلان و تاوان.
* دۆستایەتی مار و مێروو دەکەم، تا لە گۆڕ ئازارم نەدەن.
* زولەیخای دایکم خێرا و یووسفزادەی باوکم سست، منیش دیارە چۆنم.
* لاکان لە کوێی (ئەنگوستەچاو)م بۆ لێکدەیتەوە؟
* لەپێناو نەمردنی کرمی درەختەکانی خۆی، پاییز لەگەڵ مەرگ بە شەڕ دێ.
* لەسەر موڵکایەتی ڕەنگی شین، عاسمان و دەلیا شەڕیانە.
* چاوم داخراوە و دەستم قوچاوە، هیچ ئەوها دەبیندرێ و ئەوهاش دەگیرێ.
* لە کێوی قاف، فێری شکاری قافیە کوژی بووم.
* شێری تاتۆ دەنەڕڕێنی داوای دێڵەشێری بە ڕاستیم لێدەکا.
* حەح! مۆسیقا وەتکرد تاکەوگۆڕ پێڵاو لە پێکەم.



* سـەرپەنجەکانم کوێرن و چاویشـم شـەش لەسـەر شـەشـە.
* مـنی پەیکەرتاش سـێوی ئادەم بەشـێوەی هـەنجیر دادەتاشـم.
* درەختیـلە حەزی لێیە وەک گەمـەکارێکی گەپکار بێتە ناو سـێرکەوە.
* گەوجە و ئەلفوبێکەی ۷۳۰۱ پیت و چوار پیتە و ۹ی دیش.
* شـامێ گەردەنت ئازاد ناکەم، گەردەنی وا جوان و دەگمـەن بە ئاسـانی ئازاد ناکرێ!
* دژ بە خۆم هۆنراوەیەکی کلاسـیکیم نووسـی.

**تارما = شبح**

**سـامبـیـریی= سام بیـری. ترسە بیـری Phrone mophobia نەخـۆشـیـیـەکی دەروونـیـیـە وا لە مـرۆڤ دەکـا بیـر نەکـات، یان زێدەڕۆیی نەکات لە بیـرکـردنەوە و لە ئەنجـامـەکـانی بتـرسێ. ئەم جۆرە نەخۆشـانە کاوێژکردنی بیری باو و ڕەفـتاری ئاسـایی پەسند دەکـەن، لەوانەیە ئەم نەخـۆشـیـیـە بەهۆی باوشـکاندنێک پەیدا بووبێت و لە بنهـۆش گـیـرسـاوەتەوە. لە وەرگـێـرانی Phobia (سام)مان پێ لەبارترە. لە پلەدا ترس لەچاو سام نزمترە.**

**دەراسمان = دەر ئاسمان. ئاسمانی دەرەوە.**

**جان دیڤاڵ = Jeanne Duval ئافرەتێکی نیمچە ڕەشپێستە.**

**بۆدلێر خۆشی ویستووە و ناسناوی ڤینۆسی ڕەشی لێناوە.**

**نەعـوومی کـامـبل = ناوۆمی کـامـبل Naomi Campbell شۆخوشەنگێکی ڕەشپێستە و جلنوێنێکی جیهانییە.**

**لەگەڵ عامێ دەچینە شامێ = پەندێکی کوردییە**

**هیـپنۆس = هپنۆس Hypnos لە ئەفـسـانەی گریک خـواچەی نووستنە، بە خەواندنی خواچەکانی ئۆلۆمپیا بەناوبانگە. هیپنۆس چەندین منداڵی هەیە، دیارترینیان مۆرفیۆسە Morpheus**

**نەکا = نەوەک**

**ڕۆمـــانسگە = شـــوێنی ڕۆمـــانسی، بە (ڕۆمـــانزگـــە)ش دەخوێندرێتەوە**

**لاکـان = جـاک لاکـان (۱۹۰۱- ۱۹۸۱) دەروون شـیـکـارێکی فـەرەنسـیـیـە، لە پاریس لە دایک بووە و هەر لەوێش مـردووە. خـوێندنەوەیەکی ڕاڤەکـارانەی بۆ نووسـینەکـانی سـیگمـۆند فـرۆید کردووە و لەمەدا زۆر بەناوبانگ بووە. بایەخێکی تەواوی بە زمان و ناهۆش داوە.**

**عاسمان = ئاسمان، بەکارهێنانێکی فۆلکلۆرییە.**

**دەلیا = دەریا، بەکارهێنانێکی فۆلکلۆرییە.**

**شامێ = شای مێیانە لە جوانی و جۆشی مێیانەدا**

**مەمە = مەمەی منداڵی ساوایە.**

**ئۆدیپۆس = مەبەست ئۆدیب شایە و خووگرێی ئۆدیبیە.**

# حیکایەتەکانی سەرابستان

**محەمەد کەساس**
**(سلێمانی)**

(عـــیـــشـق باشـــتـریـن جــەنگاوەرە، چونکە لە مـــاوەی چرکەیەکدا هێرش دەکاتە سـەر دڵ و مێشـک و لەش)
ڤۆڵتێر

(١)

هەست دەکەم ئەمشەو
تاریکی ڕوحی تەزیوی
داگیرساندووم
مۆتەکەی مەرگێکی حەتمی
کەوتۆتە چاوبڕکێ لەگەڵما
ئەوە نییە تەمەنم بۆنی مەرگی گرتووە

(٢)

ئەمشەو خەمێکی بەلەزەت
لەسەر خوانی ئاییندەم، کەوتۆتە سەما
چ سەمایەک..
(زۆربا)ی سەراسیمە کردووە

(٣)

من منالێم هەر نەدیوە
کاتی خۆی لە جانتای غەمێکی بزێودا
لەلاڕێی تەمەنا
بەجێما

(٤)

ڕەنگە ئێستاکە نەتوانم
لەگەڵ چریکەی (ماملێ)دا
حیکایەتەکانی منالێم
بۆ گەڵاوەریوەکانی تەمەنم
بگێڕمەوە.. ئاخ تەمەن

(٥)

لەسەرابستانی ئەمشەودا
ئاسمانێک شک نابەم
توولە ڕێی شەقاربووم بدوێنێ



ئەوینی سەرمەدیی تۆ نەبێ

(٦)

بەرلەوەی بگەمە دوا مەنزڵ
لێوت بخەرە سەرلێوم
با ئەم تەمەی سەر ڕوحم بڕەوێتەوە
شەو نییە ئەم تەمە
بەکاولاشی تاریکیم نەسپێرێ

(٧)

تۆ دەزانیت
گەر بهاتبا، قەفەز نەبا
ئازادی چ تامێکی دەبوو
لە بۆ بولبول؟
هەر بۆیە ئەمنیش دیلی تۆم!

(٨)

لە باراندا لە دایک بووم
تا ئێستاکەش، ئەو ساتانە
پشوو بە ڕوحی کەنەفتی خۆم دەدەم
کە باران دەبارێت.

(٩)

ئای بەدەست لەدایک بوونەوە
چەند عەزابم چەشت؟
بۆیە هەنووکە لە مردن ناترسم
تۆ بڵێی مردن لەو بە ئازارتر بێت؟

(١٠)

من دەزانم
ئەم عەشقەم چەند بە ئازارە
بەڵام دڵنیام
گەر عەشق نەبێ
مردنێکی لەسەرخۆ بەڕێوەیە

(١١)

ئەم ئاسمانە بەرینە
شوێنێک شک نابات
بۆ پشووی باڵندەکان
بە باڵندەکانی عەشقیشەوە!

(١٢)

سەمەرەیە
دڵۆپەکانی باران
لە ئامێزی یەکتریدا دەبن بە ئاو
تۆ بڵێی تاوانی عەشق نەبێت؟

(١٣)

لەم گۆڕستانەی تەمەنما
هەزاران هیوای زیندوو نێژراون
چونکە ئارامترین نزرگەیە

(١٤)

لە چرکەساتی ئاهەنگی
لە دایکبوونی مەرگمدا
ئەوەی ئامادە نەبوو
تەنها ژیان بوو

(١٥)

وەک زرێبار
لەناو خۆما لەدایک بووم
دوا سەفەریش
هەر دەڕژێمەوە ناخی خۆم

(١٦)

بۆ ئەوەی گوێم
لە هاڕەی شووشەی دڵم نەبێت
بە دەنگی بەرز
قاقا لێدەدەم

(١٧)

ئاخ خودایە.. چەند مەزنی
تۆ ئازادیت هێنایە بوون
ئێمەش کۆیلەیی

(١٨)

ئای.. شۆڕەژن
من کۆیلەی عەشقی خودایی و
تۆش کۆیلەی نەریتی باو
هەردوو بەفەنابوونم دەسپێرن.

(١٩)

لەسەر درەختی مناڵیم
دەیان جۆر باڵندەی شەبەنگ
دەیانکرد بە ئاهەنگ
ئێستاکە پاسارییەکانی بەفر

فرمێسکی غەریبی دەڕێژن

(٢٠)

جاران بە زمانی گەنجێتی
لاوکم بۆ عەشق دەچڕی
ئێستاکە بە ئەزموونی پیریەتیم
لایلایە بۆ تەمەن دەکەم

(٢١)

من عەشقێک لەڕوحما سەردەکا
تەمەنی ئەوینی گەیاندووم بە تەمەنی (نووح) و
سەبریشم بۆ سەبری (ئەیووبێ)
چاوانی کارمامزی شیعریشم
هەروەکو چاوانی (خاتوونی یەمامە)
ئەودیوی شتەکان دەبینێ

(٢٢)

شۆڕەژنێک.. بە پانتایی هەموو ئاسمان
خۆشی دەوێم
منیش بەم دڵە هەرمێیەمەوە
بەرگەی ئەو پانتاییە لە خۆشەویستی ناگرم
ڕۆژێک دێ ئەم عەشقە دەمکاتە خۆڵەمێش

(٢٣)

من نەمزانی بۆ هاتمە بوون
بۆ عەشق یاخود بۆ ڕۆچوون
گەر بۆ عەشقە.. بەختەوەرم
گەر بۆ ڕۆچوونە لە عەشقا
ئەوا دووجار بەختەوەرم

(٢٤)

لەدوای مەرگم
سپێدەکان وەرە بۆ لام
فرمێسکە باران بڕژێنە سەر گۆڕەکەم
تاکو ڕوحم بۆ هەمیشە
بۆنی ئەوینی لێ نەبڕێ

(٢٥)

پەستم بە هەموو گریانێ
تەنها هی هەورەکان نەبێ
کۆرپەی گڕۆزی ئەم دڵەم
بە فرمێسکی ئەو ژێر دەبێ

(٢٦)

ئەمێستاکە.. بە دڵێکی شکاوەوە
لەبەردەمی ئاوێنەشکاوەکەی تەمەندا وەستاوم
تانوپۆی ئایینەدەم دەبینم
تا چاو بڕکا
بەفری تەمەن دایپۆشیوە!

٢٠١١/٣/٢٦

# دەستێن تە یێن ب من هلچوویی

ئاخین وەلات
(سوید - ستۆکهۆلم)

(١)

هزرا منا ب تە هلچوویی
دەستێن تە یێن ب من هلچوویی و دایەندە ...
ڕێبوارم
نە ڕوەستگەھ ڕوویێ من ب بیر تینن
نە شێمکا دەری سۆلێن من ددە بەر هەڤ.
پێژنا من د ڕێیان دە وندا دبە
ب دابۆرینا تە رە
دیسا گور دبە.

(٢)

دایلانیا گەودێ خوە ژ دەستێن تە رە ئامادە دکم
دیوار ل بەندا سیا تە نە.
هەموو یادیگارێن کەڤن د شەڤچرا من دە ڤێدکەڤن
هەموو کێلیکێن ئیرۆ شێلیان ناڤ کەڤرێن حەوشێ
سۆلێن خوە یێن سۆر د شێمکا دەری دە دێخم
بیرانینن تەزە ل سەر کەڤیان ڤێدخم.

(٣)


شێلوبێلیا ئۆدێ ژ شەڤشەڤۆکێن من رە بهێلە
تەنێ با ل بەندا باسکێن منە
ژ دەستێن تە یێن شەرپەزە و گەرم دفڕم
لەبات ب لەبات گەودێ تە دپێڤم
و هەموو شەڤێن شێت.

(٤)

هەلکەهەلکا شەڤا چوونی د بن بالگیان دە،
د بن سەرێ من دە،
د شێلوبێلیا خانیێن تاری و ڕۆنیدار دە
بەلاوەلا دبە..
دیسا ژ دەستێن تە یێن شەرپەزە و ب من هلچوویی
دحەرکن.

(٥)

بێنا قەشەیێ ژ دەستێن مە دهات و باگەڕا زڤستانێ



دووری ڤیزەڤیزا فیشەک و گورمینا گوللەیان
پێژنا لنگێن تە دەری نیڤکێشی دهێشت
و سیا تە یا شکەستی ل سەر دیوارێن ژ هەڕی و کایێ
درێ ێ ێ ێ ێ ێ ێ ێ یێژ و زراڤ دبوو.

(٦)

دەری نیڤکێشی هیشت
هەر دو چاڤێن من گرتن
پێژنا لنگێن تە یا نێزیک دبە
نەوێرم چاڤێن خوە ڤەکم
نە دەری بگرم.

باگەرا تە یە دەرگەهێن من ل سەر پشتێ ڤەکری دهێلە
پێژنا تە یە د تاخێ دە وندا دبە
دەری ڤەکری هیشت
و هەر دو چاڤێن من.

(٧)

تو دبێژێ ڕێ مەدە کەسی کو ب خەونێن تە بلیزن
و ڕۆژا تە وێران بکن.
خەونێن من ژی وەکی شەڤرەڤینکێن پرەنسا دلێ
پرەنسێ دینن
خوە نەدن دەست لاومیرێن د ڤەسران دە.

(٨)

باژاڕ دکەڤن
خەونێن من ل ژۆر دمینن
دیسا ژ دەستێن تە پێن دایەندە و ب من هلچوویی
درێژم.

دەری ڤەکری یە و هەر دو چاڤێن من.

**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا کۆشعرا (بایێ باکوور) رووپەل (٢١-٢٣) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٦) ێ چاپا وێ یا یەکەم ل ستەنبۆل و ژ ئالیێ وەشانخانەیا ئاڤەستا ڤە هاتیە چاپ و بەلاڤکرن.**
**«ڕامان»**

# ناوم پاییزە

ئەتیللا ئیلهان
لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە
(کەرکووک)

چ کارێکە ئەمە؟!
گوڵ بە هەموو لایەکدا باریون
دار قەیسی
لەناو ڕووناکیدا مەلە دەکات
لە کام لایەوە بڕوانی
چاوت ڕێشکە و پێشکە دەکات
–
لە کاتێکدا من بوومەتە ئێوارە
گەڵاکانم هێدی هێدی
هەڵدەوەرێن
ناوم پاییزە..
* * *

**سولەیمان**

ڕووناکییەکانی دیکە بێنە دەی سولەیمان
لە ناوەڕاستی شەقامدا بوەستە هاوار مەکە
بارانێکم بۆ تۆ ئامادە کرد
دە ڕووناکییەکان بێنە دەبارێنم
–
بگرە ئەم ئێوارەیەی نیسانە ئەوەی من بێنە
پرسیار مەپرسە مەوەستە حەز ناکەم
ڕووناکییەکانی دیکە بێنە دە بێنە
لە تاریکی دەترسم زگم دێشێ
–
ئەو ئافرەتەش بێنە پرتەقاڵ خۆرەکە
ئافرەتە دان پۆرسەلینەکە ئەوەی پانتۆڵ لەبەرەکە
بوەستە گوێ لە سەعاتی دۆڵمەباخچە دەگرم
دوازدە لێبدا وەهای بێنە دە بێنە
–
لە فەنەری دەریاوە دەدزی دە بدزە
کبریت بە دەستەوە دەگری نازانم دە بگرە
ڕووناکییەکانی دیکە بێنە دەی سولەیمان
بارانم بۆ ئامادە کردووە دەبارێنم
–
بەڵام ئەوەش هەیە، تۆ کێی سولەیمان
* * *

**گەر بنۆڕین**

خەمێکی دڵگیرە ئەگەر سەیرێکی ئەو مراوییە سپییە



بکەین کە دەگەڕێ
– ئەگەر ئێوارەیەک سەیری ئاو بکەین – بەلەرزە
گەوهەرینەکانییەوە ڕاڕا –
بە زیادەوە، دەریا گەرم داهات، هەرکە هاتە کوڵ و نەهات
لەبنەوە زەوی لەرزەیەک نزیک دەبێتەوە، گەر لە هەڵمی
سەر ڕووی ئاو بنۆڕین
دارەکان چەند دەستکورت و ڕووت دەبینرێن با ببینرێن
بەهار ئەوەندە نزیکە خودئاوەکەی گێزەگێز بە چلەکاندا
ڕێ دەکات
گەر بنۆڕین.

**برووسکەیەکم تێگرە**

برووسکەیەکم تێگرە
ناوەند خراپ تاریکە
دڵم دادەخرێ
بە ڕامانێکی قورسدا دەکرێمەوە
لەو وەرزەدا کە بەبێ وەستان دەگۆڕێ
لەچیاکاندا
هەوری ئەستوور شان لە شان
ئاپۆرەیەکی زۆر خراپە
دەستەکانم ڕووتن
برووسکەیەکم تێگرە
لەناو بۆسەیەکی خراپدام
نازانم چی بکەین
لە بیر و مێشکمدا ئەوان
بە ساڵداچوو و لاو
مێر و ژن
گیرۆدەی ترسەکانمن.
–
برووسکەیەکم تێگرە
ناخم لە ناخمدا چی دی جێی نابێتەوە.
لە بانگهێشتێکی ترسناکەوە
خەریکم بۆ بانگهێشتێکی ترسناکتر بازدەدەم
برووسکەیەک لەمن بگرە
لەوانەیە لە بارودۆخێکی خراپدا
بە هەڵەدا دەچم
ئەو کیژە منداڵە ناسکە
هەموو بەیانییەک بەر لە خۆرهەڵاتن
لە بەندیخانەیەکەوە بە کەلەپچەکراوی
دەهێنرێتە گرتووخانەیەک
لێوەکانی لەرزۆک
لە چاوەکانیدا هەڵم
نازانم چۆنی ڕاگەیەنم
تاوانی، کە لێخۆشبوونەوەی بۆ نییە خۆشەویستی
جیهان و
ئەوەی ناوی نازانێ

پرچ لوولە قوتابییە شۆڕشگێڕەکە
لە بەردەرگای کۆلێژدا پێکراوە
لەژێر باراندا
ڕووت
برووسکەیەکم تێگرە
زۆر بە هەڵە لێم تێدەگەن
لێپرسینەوەم لە دادگایەکی هەڵەدا دەکرێ
زەمبەرەگەکەی ناوەوەم
ژیان پێویستە
یان لەبیر کردنەوە
خەریکە لێم تێک دەچێ
هاوڕێ گالییێف چ دەبێ
هاوڕێ گالییێف ئاوارەی سیبریایە
وەکو بڵێی چەقۆیەکی ڕووت
دەخلیسکێ
بە تینی پەڕەسێلکەیەکەوە
لەنێو هەورەکانەوە
بەناو قەدی تاریکیدا دەچەقێ
–
هاوڕێ گالییێف چ دەبێ
هاوڕێ گالییێف ئاوارەی سیبریایە
نامەیەکی بەدەستەوەیە بە نووسینی کۆن
لە هاوسەریەوە
ئیدی تەنانەت دەموچاویشی لەبیر نەماوە
تەنیا بۆنی لە لووتیدا هەیە
ئەوەندەی بەهار میهرەبان
ئەوەندەی پاییز نەرم
هاوڕێ گالییێف چ دەبێ
لە ئەوراسیا هێشتا نووزەی چەوساوان
ئەو پڕیشکە نهێنییانەی ناڵەکانی ئەسپە بۆرکەوەییەکان
کە بە دەوروبەردا دەپرژێ
گوللەکانی ئازادین
تۆوەکانیان پۆڵا و
وەک دۆزەخ گەرم
–
برووسکەیەکم تێگرە
لە منارە نادیارەکانەوە بانگ دەدرێ
لە ئیزمیر لەژێر دیکتاتۆرییەتدا دەژیم
هەناسەیەکی سووتان لەناو کۆڵانەوە
ئەسپسوارێلێکی سەرکەوتووی زریزە لە مل
سوارەکانی فەخرەددین پاشا
برووسکەیەکم تێگرە
برووسکەیەکی شین
لە چاوەکانی غازییەوە
ڕێم بۆ ڕووناک دەکاتەوە
شینی هێزە میللییەکان

هەمان ئەمانەتم پێیە
«ئازادی و سەربەخۆیی کەسایەتی منە»
چونکە لەگەڵ هەمان دوژمنی ناپاک و فێڵباز و
ترسنۆک
لە جەنگدام

**بەڵکو نایەم ناتوانم بێم**

تۆ لە جێژوانێ چاوەڕوانم بە من لێرەم
تەنیاییم لە ناخمدا چون سەگ دەحەپێ
چونکە من لێرەم لە تاریکیدام
بەڵکو نایەم، ناتوانم بێم پێنج خولەک چاوەڕێ کە و برۆ
چونکە دەستم بڕی هەست بە تاوان دەکەم
شەرابم هەموو ترشن ئاوم سارد
لە تەکمدا نەبووی؟ تۆم پتر خۆش دەوێ
بەڵکو نایەم، ناتوانم بێم پێنج خولەک چاوەڕێ کە و برۆ
–
بێ ئەوەی ڕووت گەرم کەی دەتوانی بگرییێ؟
قەت دوای نیوەشەو تەلەفۆنت کردووە؟
پیاوە تاریکەکان ناسنامەیان لێ پرسیت؟!
من بەدوای نەبوونتدا دەگەڕێم
بەڵکو نایەم، ناتوانم بێم پێنج خولەک چاوەڕێ کە و برۆ
بەڵکو نایەم، ناتوانم بێم پێنج خولەک چاوەڕێ کە و برۆ
هەرچییەک پێوەندی بە منەوە هەیە تۆ دەترسێنێ
هەرچییەک
پێوەندی بەتۆوە هەیە هیچ یەکێکیان هی من نین
بەڵکو مافی مردنم بەکاردەهێنم
بەڵکو نایەم، ناتوانم بێم ٥ خولەک چاوەڕێ کە و برۆ
بەڵکو نایەم، ناتوانم بێم ٥ خولەک چاوەڕێ کە و برۆ

**پیا**

چی دەبێ با بزانم کێیە پیا
تەنیا جارێک دەستی بگرم و با بمرم
ئەگەر وەها لە دوورەوە بانگ نەکات
ئەو دەمەی دێمە شارێک
گەر ئەو نەچێتە شارێکی دیکە
ئوتێلەکان بە بەتاڵی نەبینم
وەک پەرداخێکی پڕ سەهۆڵ غەمبار
هەڵم دامگرێ هەڵم دامگرێ
قەیدی چییە گەر دەمەوبەیانی لە بەندەردا
منداڵەکان پیا ببینن
هەواڵم بۆ بنێرن بزانم
ئەستێرە هەموو ناوەوەم دادەگرێ
وەک خەنجەرێک دەردێم و دەڕۆم
–
کە من دێمە شارێک
ئەو نەچێتە شارێکی دیکە
گەر نەڵێن لەڕێی سنگاپوورە
ئەمە بەمن نەکەن ماندووم
سەرەڕای ئەمە بێ پارە و بێ پاساپۆرتم
گەر دەمەوبەیانی لەسەر شۆستەی بەندەردا
گوێم لە بانگی پیا ببێ
جلکە هەژارێکی لە بارانپارێزی بەسەر شانەوە
چاوە منداڵەکانی گەورە گەورە
سارد دەترسێ و هەڵدەلەرزێ
گەر دەستی پیام بگرتایە
کە دەمردم بێ کەموکوڕی دەمردم

**بازاڕی سوور**

کچێ تۆ لێرە تازەی باشە ئەی لەیلا لەکوێیە
ئەوەی چاو گوڵبەڕۆژە کە لە داپیرۆچکە دەترسێ
کێ کوڕە من هەموو دەمناسن برۆ لە وەستات بپرسە
کە گوتت ئیحسان کارەباچی لە خواردنەوەدا کەس لە
سەرەوەی من نییە
–
لەیلا کچێکی جوان بوو من چاوی وام نەبینیوە
تۆش جوانی بۆ نموونە بڕوانە شانەکانت
ئێمەی بەشی کارەبا لە تاریکیدا یەکدی دەبینین
مردن لە تەلەکاندا فیکە لێدەدات چاومان پاکە
پرچت لە خۆیەوە زەردە، یان بۆیاخت کردووە
وەها.. مەڕوانە ناخم تێکوەردەدەی
–
ئێمە کارەبای ئێرەمان هەڵبەست لەگەڵ جاهید پێکەوە
ئەئاوها دەست بە دوگمەکەوە بنێ ڕووناکییەکی چون
شیر
جاهید چووە سەربازی بڕوانە لەیلاش ڕۆیشتووە
شەوانە گەر خەوت نەیەیت کارت نەبێ جگەرە بکێشە
ئەستێرە بە قوڕگمدا ڕیز بوون بڕوا ناکەی
تۆ لالی چیت، شتێک بێژە
ئایا لە ئەستەنبوڵەوە هاتی بەتەنیایت

**ئەرابێسک**

لە فیکەیدا گوێزانەکان تیژ دەبنەوە
سمێڵەکانی قەتارەی بار
هیرۆیینی، حەشیشەی لە...
تا دەستگیر دەبێ تازە دەبێتەوە
–
ئێوارە سەری گەرم بووەوە لە تەقسیم
هەموو کولێرە بە گۆشتەکان لەو دەپرسێ
دوای کوڕێک کەوت، تەواو
خەڵکی (جەنگەلکوێی) بە خۆشت بوێ و بپەرستە
بەناوبانگن
–

سینەیان بە ڕاستی هەریەکە قومرییەک
کۆنیش دەرازانەوە بۆیاخ دەکران
هەرکە پێ لەسەر پێ دانیشت و دانەنیشت
وەک بڵێی لە مرۆڤدا گیان دەهێڵێ
–

دەمەوبەیان عەرەقێکی گەورە
تۆزکردنی ئەستێرە مانگی پشتگوێ خراو
دڵداریی ناو ئوتۆمبیل مەراقێکی سەربەخۆ
نە قانوون دەناسێ نە کتێب
–

ئەوەی خەریکە بەم ڕێیە دەکەوێ پیاو بوو داخۆ
ئامادەکاریی گولیلک و بۆن و فلان
ئەم جارەیان ئێخەی خراپ بە دەستەوە دا
وادیارە خۆشت بوێ و بپەرستە سەری دەخوا
–

گوێی مەدەرێ / هێشتا نەمردووین کوڕۆ

**فریشتە دوو ڕووەکان**

لە سایەتدا بووینە سەیوان، ئەی شاری ئەستەنبوڵ
لە سایەتدا بووینە سەبیل، برسی بووین، ڕسوا بووین
ئەستێرەکان جووت بوون وەک کۆترەکان لە ژوور
سەرمانەوە و
سینەی پارچە پارچەمانی سووتاند، پەرێشان کرد
–

نوومانگێک خەنجەر ئاسایی چەقیوە
کووچە سەرسەری و ئێمەی سەرسەری
لە شۆستە بەرزەکاندا
کاسێتەکان گۆرانی جەزائیریان هێنایە گۆ
شەقامی گەورە کەشتییەکە هەموو چراکانی پێکردووە
سینەماکان لە هەر کوێیەکدابن چۆڵ دەبن
–

ئای دایە ئای
تۆ چی دەڵێی ئەستەنبوڵ
گەر شاعیرێکی نامۆ بوویتایە قسەی قۆڕی چیت دەکرد
هەر کەسێ پێی دەوێرێ با سەودا ڕەت بکاتەوە
ڕسوایی لەکۆڵانەکانەوە خوڕ خوڕ دەچۆڕێ
لەسەر ڕێدا بازاڕێکی ئارەزوو لێوان لێو
لەسەر ڕێدا سەودای ئەوین سەودای دڵداری
ڕزگار نەبووین، بەم جۆرە ئەم ژینە سەرکوتکراوە ڕەت
بوو
هەمیشە وەها لە باخەڵی شەواندا ژیاین
شەوان سەرسەری و ئێمە سەرسەری
دەموچاوی چون زەعفەران چڵکنی ناو ئاوێنەکەی
مەخفەردا
چاوەکانمان چاوی نەخۆش و دەستەکانمان دەستی
نەخۆش

وەک تابلۆیەکی شکاومان لێ هاتووە
تۆ بڵێ ئەی شای سەرسەرییان ئەستەنبوڵ
تۆ بڵێ هەردوو چاوم
کام مەڵهەم چارەی ئەم زامەمانە
با فووی لێ کرد و ئاو لاوێتی بردین
دەستمان بەتاڵ و لە مەیدانانددا ماینەوە
مەیدانەکان سەرسەری و ئێمە سەرسەری
لای ڕاستمان بێ نرخی لای چەپمان مەرگ
ئیدی هاتین دەڕۆین
نەفرەتت لێ بێ
نەفرەتت لێ بێ شاری ئەستەنبوڵ.

**دواڕۆژانی هاوین**

سەریان لە بێ کۆتایی بوونی ئاسۆ
هیچ سوور نامێنێ
کەس فیکەی نهێنی با
نابیستێ
لەدوا ڕۆژانی هاویندا
کامیان دەتوانن خەمی قورسی
تەنیایی پلاژ
لەدوا ڕۆژانی هاویندا
تێبگەن

**ئەوەی لە دەستم دێ ئەمەیە**

ئەوەی لە دەستم دێ ئەمەیە من دوو کەسم
زۆر بوون هەرچییەک بێ کەم بوون سەختە
یەکێکیان هەموو دەم تۆ جێ دەهێڵێ دەڕوات
ئەوەی دی وەک خوێن گێرابێ خۆشی دەوێی
من ناخۆشییەکەی ناو دەمی تۆم هێڵی سەر نێو چاوانتم
هەورێکی چڵکنم بۆ چاوانت هێنا، ڕووناکی هیچ
خۆشییەک نایسڕێتەوە
–

ئەوەی لە دەستم دێ ئەمەیە من دوو کەسم
یەکێکیان ئەو دەرگایانە جێناهێڵێ کە داتخستن
باران بارین بێ ئەو خۆر هەڵهاتن بێ ئەو
جێیەکت لەسەرمان لەرزی گەرمایی ئەو
ئەوی دی بانگهێشتی لە ناخەوەی دەوێ
گرتن و بردن بێ ئەو «لێدان» و ڕۆشتن بێ ئەو
ڕوانینەکانی دووریی دەریا بێ ڕۆخەکانە
–

ئەوەی لە دەستم دێ ئەمەیە من دوو کەسم
هەردووکیان پێکەوە هەوڵی دەرکەوتن دەدەن
نازانم لە کامیان چۆن واز بهێنم
یەکیان تازە بەسەرهاتەکەی دەست پێ دەکات
ئەوی دییان دوافیشەک دەتەقێنێتەوە
زۆر بوون هەرچییەک بێ کەم بوون سەختە

سەرچاوەی شیعرەکان:
http://www.siirperisi.net

ئەتیللا ئێلهـــان لە ١٥ی حـــوزەیرانی ١٩٢٥ لە ناوچەی مـەنەمـەنی ئیـزمـیـر لە دایک بووە، ١١ی تشـرینی یەکـەم لە ئەستەنبوڵ ژیانی لە دەست داوە. سەرەتایی و ناوەندیی لە ئیزمیر تەواو کردووە. لە ئامادەییدا گیراوە و لە خوێندن دوور خراوەتەوە. بە بڕیاری دادگـایی مـافی خـوێندن و بەردەوامی لە پەروەردەدا وەدەست هێناوەتەوە. لە ئەستـەنبوڵ ئامادەیی کۆتایی پێ هێناوە. هەر لە ئەستـەنبوڵ خوێندنی باڵای لە زانکۆی ئەستـەنبوڵ، کۆلێژی مافی لە نیوەدا جێهێشتووە. شەش ساڵی پچڕ پچڕ لە پاریس ژیاوە. گەڕاوەتەوە تورکیـا. لە گۆڤـار و ڕۆژنامـەی جـودا جـودادا کـاری کـردووە. بەڕێوەبەرایەتی گشـتی نووسین و سـەرنووسـەریی «ڕۆژنامـەی دیموکـراتی ئیـزمـیـر»ی کـردووە. لە ئەنقـەرە کـراوەتە ڕاوێژکاری دەزگای «بڵاوکردنەوەی بیلگی». لەو سیناریۆیانەدا کە نووسیـونی نازناوی «عـەلی کـاپتـان ئۆغـڵـۆ»ی بەکـارهێناوە. لە ڕۆژنامـەکـانی یەنی ئۆرتام، دنیـا، میللییـەت، سوێز- نووسینی گۆشەی بڵاوکـردووەتەوە. گۆڤارەکانی «یەلکەن» و «سەنعەت»ی بەڕێوە بردووە. یەکـەم شیـعری کـە «گـۆرانی مـاسـیگر»ە سـاڵی ١٩٤١ لە گۆڤاری «یەنی ئەدەبییات دەرگیسی»دا بڵاوکراوەتەوە. لە ئەستـەنبوڵ بە نازناوی «نەوین یلڵدز» و «بەتەر ئۆغڵو» شیعری بڵاوکـراوەتەوە. ١٩٤٦ لە پێشـبڕکـێی شیـعری (پارتی گـەلی کۆماری)دا بە شیعری «جەباری کوڕی محەمەد» خەڵاتی یەکەمی بردووەتەوە. دوای ئەم سەرکەوتنە بە زوویی ناسراوە و خۆشەویست بووە. دواتر لە گـەلێک ڕۆژنامـە و گـۆڤـاردا شـیـعـر و ڕەخنە و لێـکۆڵـینەوەی بـڵاو کـــــردووەتەوە. نـاوی چووەتـە نـاو نـاوە بە بایەخەکانی ئەدەبی تورکییەوە. ڕەوتی شین، یان شینویستـان-ی دەست پێ کـردووە کـە ڕەوتێکی کـۆمـەڵایەتی ڕیالیـزمی بووە، سیـسـتـمـێکی نوێی دەنگی و واتای گـەرم و بە جۆشـوخرۆش و هەستەوەرییەکی تایبەت بە خۆی هێناوەتە ناو شیعر.

بەو شیعرانەی کۆمەڵە شیعری وەک شەقامی تەمەکان، قاچاخی باران، من مـەجـبـووری تۆم، کـاریگـەریی لەسـەر نەوەی نوێی شاعـیرانەوە هەبووە. لە کۆمەڵە شیـعری وەک: ئەوینی قـەدەغـە، خەم بە دەست-دا سوودی لە شیـعری دیوان «کلاسیکی تورک» و شیـعری گـۆرانی بینیـوە. دوای یەکـەم دوو ڕۆمـانی: پیـاوی ناو کـۆڵانەکە و زنجـیـیـەکـان لە یەک ناچن، لە ڕۆمـانە دواییـەکـانیـدا ڕووی کـردووەتە بابەتە مـێژووییـەکـان. ئەو فـیلمـە بە بایەخـانەی سیناریۆکانی بۆ نووسیون، شۆستە بەندەری تەنیاکان، دەرهێنانی: «لوتفی ئەکەد» دڵۆپە ئاگرینەکان، دەرهێنانی: «مەمدووح ئوین»، کـەسـێک بەناوی ڕەفـعـەتەوە، دەرهێنانی: «ئەرتەم گـوێنەنج»، نەباهەتی شوفێر، دەرهێنانی: «مەتین ئەرکسان».. هی دیکە..

بەرهەمەکانی:
شیعر:
دیوار (١٩٤٨)
شەقامی تەمەکان (١٩٥٤)
قاچاخی باران (١٩٥٥)
من مەجبووری تۆم (١٩٦٠)
گولیلکی بەڵا (١٩٦٢)
ئەوینی قەدەغە (١٩٦٨)
ڕۆژانەی گیرۆدە (١٩٧٣)
خۆشەویستییەکی وا (١٩٧٧)
خەم بە دەست (١٩٨٢)

ڕۆمان:
پیاوی ناو کۆڵانەکە (١٩٥٣)
زنجیییەکان لە یەکدی ناچن (١٩٥٧)
خوانی گورگان (١٩٦٣/٦٤)
نووکی چەقۆ (١٩٧٣)
بەشی کەمتیار (١٩٧٤)
خوێ بە زامەوە کردن (١٩٧٨)
بەندەر لە بارێکی خراپدایە (١٩٨٠)
بانگەکانی بەیانی لە دەرسەعادەتدا «لەئەستەنبوڵدا» (١٩٨١)
ژن و مێرد وای (١٩٨٤)
لەو تاریکییەدا ئێمە (١٩٨٨)

گەشت- ئەزموون- ڕەخنە:
عەباس ڕێبوار (١٩٥٧)
کام چەپ (١٩٧١)
جەنگی ڕاستگۆیی (١٩٨٠)
کام ئەتاتورک (١٩٨١)
کراسە شێتەکەی خۆراوا (١٩٨٢)
جەنگی دووەمی نوێ (١٩٨٣)
لای ڕاست و لای چەپم زۆپایە (١٩٨٥)
پیاوان هەڵەن، ئافرەتان هەڵەن (١٩٨٥)
جەنگی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی (١٩٨٦)

ئەو خەڵاتانەی وەریگرتوون:
١٩٤٦ خەڵاتی یەکـەمی پێـشـبڕکـێی شـیـعری (پارتی گـەلی دیموکرات).
١٩٧٤ خـەڵاتی کـۆڕی زانیـاریی زمـان بە (ڕۆژمـێـری دەستبەسەر).
١٩٧٥ دیاریی یوونس نادی بە (بەشی کەمتیار).

سەرچاوە:
www. edebiyatogretmeni.net



# چاو

**فریا یوونسی**
**(سەقز)**

ئەریَ! نووستووه، نا، دامراوه له چی گفتوگۆیه. ئەگەر مووەکانم دەبوون، بژ دەبوون و ئەگەر دەبووم چیم دەکرد له مێرووله‌ی ئەم گشته ئازاره‌ی کێ دەڵێ سەر پۆته. بریا لێره نەبووایەتم، نەوەکو پێم نەزانن و فسکە فسک هەموو ئەو نیوەڕۆیه وەگیرن. بێتەوه یادیان که چەنێک لەرز گرتبوومی و به خۆمم وتبوو دەیخوێنمەوه و (٨) دەڵێ وەیزانیوه خێوەت بەسەر قونیا دەکێشم و (١) دەڵێ خەتێکی ڕێک قوونی خوراندووه و دەشزانێ هەرکه بوو به یەک دەنووسم «من». دەڵێ «لەسەر من نووسی من و لەسەر شیشەی مێزەکه دانیام» و دەڵێ «هەرکه قوونم خەتێک خورا دەمزانی من دەبم به «من». (٨) ناهێڵێ قسەکەی تەواو ببێ دەڵێ «کەس نازانێ بۆچی بۆ ئەم ئەرکه قورسه منی له ئێوه هەڵوەژێر کرد» و پشت دەکاته هەموویان و دیسان لەبەرخۆوه دەبرمێنن هەموویان «بەشکەم ڕوح وەخوێندرێ» و (٧) دەیهەوێ خۆی بتلێنێ و بگاته (٨)، دەیهەوێ دڵی بداتەوه، کەچی (٩) لەنێوانیاندا دەحیلکێنێ «فەقیره! لەسەر من هەر فریاکەوت بنووسێ (کەچی)» وەتریقەی دێ. (١٤) دەقیژێنێ بەسەر (٩)دا تابیبرێتەوه و (٩) برمه برم دەڵێ «ناهەقیت ناگرم» و دەتریقێتەوه.

(٨) دەڵێ «کەس نازانێ بۆ» و (١٢) دەڵێ «چی بۆ، حەوتیش بەقەدەر تۆ ئەرکی بەسەر شانەوەیه» و پێکرا (٧) دەخوێننەوه: «وتم». «من چی لەخۆم بکەم سووک و مەهتووک بووم لەنێوتاندا» و (٩) دەیکاته قریوه قریو: دەڵێ «دەتوت» و پێدەکەنێ. به دەم پێکەنینەوه دەڵێتەوه «ئەی باسی (١٦) بۆ ناکەن» و شازده خۆی کز دەکاتەوه و لەبەر خۆوه دەنووکێنێ «من بڵێم چی؟ خەتای (١٥) بوو» دەڵێی (٩) باسێکی دیکەی بۆ پێکەنین دەست کەوتووه، قاقا دەکێشێ و دەڵێ «نەمدەتوانی له قەبزی دنیا قوتار بم» کەس نازانێ ئەو (و)ەی ئاخر چییه قوت بووەتەوه لەبەر

«بم»دا. (١) دەڵێ «ویستوویەتی زۆر بلەی پێ بناسێ» و هەموویان لە داخی ئەو گشتە پێکەنینەی (٩) قاقا دەکێشن و دەحیلکێنەوە. لەنێو دەنگە دەنگی پێکەنینیاندا دەنگی (١٧) بەرز دەبێتەوە: «ئەی بۆ دەمی بەلای هیچ کامتاندا نەبرد» و (٩) ناهێڵی قسەکەی تەواو بێ دەڵێ «بۆیە، بۆیە، تۆ بە شازدە بەندی، بۆیە بوویتە «بۆیە» و هەندێکیان کە بیر لە (١٦) دەکەنەوە خۆیان پێ ناگیرێ و پرتە پرت پێدەکەنن. (٩) بەدوابەدوای پێکەنینیاندا دەڵێ: «هیچ نییە، مەیخە دڵی خۆت. ئەوساش کە دەرکەی لێ نەکردبوونییەوە (١٦) سوارت بوو. قەیدی چییە؟ بۆ شازدە کوێی خراپە» و ڕوودەکاتە ئەوانی تر و دەڵێ: «دەبوو گووی دنیا بشێلم، کوێی عەیبە؟» زۆربەیان لەبەر خۆوە پێدەکەنن و شازدە هەر نووکەنووکیەتی. کاش حەتتا وەهاش، نەدەبووم تا ئاگام لە سەرشۆڕی (٢) نەبێ، بێ دەسەڵات خۆی لە سووچێک مت کردووە و قرە ناکا تا وەبیر کەس نەیەتەوە. خۆم لە باران دزیبۆوە و لێکدا لێکدا کاغەزم ڕەش دادەگەڕاند. ئەمە چییە دەمویست بزانم بڵێم چی و بڵێم ئەی بۆ چاوی واناڵێ. من دەڵێم ڕوح لەپشت چاوەوە سەرزندە خەریکی خۆنواندنە و ئاگام لێیە تۆ ئەوە نی کە دەیڵێی. نازانم بڵێی (٩) ڕاست بکا. خەریکە (١٠) هەڵدڕێ لە داخ و خەفەت. هەر دەڵێ «خوێندنەوەی چی و نەخوێندنەوەی چی» و هەرچی (١٠)ش خۆی لێ گرژ کاتەوە نایبڕێنێتەوە دەڵێ «ڕوحی چی و کەڵکی چی». هەر دەیە لەسەر خۆی هەڵدەقرێ و دەڵێ: «ڕەفیقینا! من تەنیا ژمارەیەکم کە ڕازێکم درکاوە جوان بیری لێ وەکەن «خوێندنەوە و نەخوێندنەوەی ڕوح کەڵکی نەبوو» یانی چی. دیارە کوڕە لە مندا دەریدەخا چی بووە و بووە بەچی» و ئەوانی تر وست، دەڵێی بیری لێ دەکەنەوە.

(١٣) هەڵدەداتێ و دەڵێ «با بە نەحسیشم بزانن، وەلی ئەوەی (بوون بە چی) کوڕە دەردەخا «هەر حەریق تاقی وەکەم»ە و (٩) بەتیزەوە دەبرمێنێ (١٢)ش. دوازدەش. نا. دەڵێم دانەمراوی لە گفتوگۆش. دەنا سەبەبی چییە ئەو حەریقە لە سێزدەدا پەرەی سەندووە و ئەها (١٤) دەقیژێنێ (دەمقیژاند)یش».

شەوە و تیرێژێکی مانگ، لە درزی پەردەکانەوە خەمی دانە دانەیان دەنوێنێ: نەکێشراون. (٩) ئارامتر لە هەموویان لەبەر پێواری قوتووەکەدا کزۆڵەی کردووە و پێی وایە ئیتر وەمخوێنن. هەموویان لە تەکیان و دەڵێن یەکمان هەڵدەبژێرین بۆ گێڕانەوەی ساحێبەکەمان و (٣) دەناڵێنێ «وەلێ ئەو ساحێبی ئێمە نەبوو.. ئەو کوڕە ساحێبی هیچ نەبوو، تێگەیشتن». وەلوەلەیەک دەچڕێتە نێویان و دەستەیەک قسەی (٣)یان پێ قسەی قۆڕە و دەستەیەکی تر لەسەر (٣) هەڵدەقرن. «ئاخر تۆ چیت، «ببم بە پیاو»ێکی لەسەر نووسیوی، فرت سوار بووە» و (٩) دەیەوێ ئارامیان کاتەوە دەڵێ «بەسی کەن، سەر حەپۆلینە، لەسەرچی شەڕ دەکەن. من دەیگێڕمەوە بۆتان، من.. چونکو تەنیا دەنکێ کەزوو- لەپێش هەمووتانەوە- دەرکێشرا، من بووم. ئاگام لێ بوو دەیبرماند لەبەر خۆیەوە ((خۆم دەزانم، خامی ئەم هەزیانە، سەختە و باتا قینم لە سیافامیم هەڵنەستاوە، لێرە دەرت کەم. ئەوەندە خۆم لە باران دزیوەتەوە کە لێرە دەرت کەم))». (٦) دەبرمێنێ: «ئەو ڕوحە، ئەو ڕوحە هەر هە» و کەس گوێی لێ نییە. دەڵێی کەوتوومە بەر تیرێژی مانگ و (٦) بینیومی خۆم داوە بەسەر سەندەلییەکەدا، کەچی سەریان قاڵی سەرەتەقەی خۆیانە و (٦) بێ دەنگ دەکەن دەڵێن بیبڕێتەوە و (٧) دەڵێ: «شەش! تۆ بۆ، خۆ گوناحەکە هەمووی لە تۆدا نووسراوە، کە ئێمە هیچ ناڵێین...» و (١٤) بە دەنگی بەرز دەیخوێنێتەوە: ((لە دنیام هەڵدزی» دەڵێی یازدەیان فەرامۆش کردووە. (٢) خۆی تێدەگلێنێ و وەک قسەیەکی بیرکەوتبێتەوە کە دەبوو لە جوابیاندا بیڵێ دەڵێ «لە منەوە تا یازدە، هەمووتان لەخۆوەن. لە یازدەشەوە تا (١٧) هەروا، یانێ وەرن(١) و من و (١١) و (١٧) و...» (٥) هەواڵی (١٨) دەپرسێ. دەڵێی لێیان شرت و ون بووە و پێیان نەزانیوە. (١) دەڵێ «کە قونچکی منی بەختێکی ڕێک کراند، هەژدەی وەلا خستبوو. ئاخر لە پێش هەموومانەوە هەژدەی نووسی و دوایی (١٩) و دوایی...» (١٤) دەقیژێنێ: ((هەژدە! هەژدە)) و (١٩) دەڵێ ((وا دەری ناهێنێ. بۆی بگەڕێین چاترە)) و بۆی دەگەڕێن، کەچی هیچ. (٦) ڕوو دەکاتە (٢) و دەڵێ ((دەی دەتوت)).

- «چی؟ ئەها. دەی وتم وەرن (١) و من و (١١) و (١٧) و (١٨) و (١٩) و (٢٠) بنێنە پاڵ یەک». شازدە دەیخوێنێتەوە: «((من، چونکە دەسەڵاتم نەبوو. گیرم کرد. بۆیە.)) هەژدە چی بوو؟» دەپرسێ و کەس نازانێ چی بڵێن. ڕوو دەکەنە (١٩) دەڵێن «تۆ دەشێ بزانی» و (١٩) بێ دەنگە. ڕووە و کومێدی جلەکان،

لەسەر تاقەکە چەماوەتەوە و بێ دەنگە. لێی دووپات دەکەنەوە «تۆ دەزانی. بیلێ. تۆ دەزانی».

چونکە سیافامی وەک من، کە نەیزانی بۆچی ئیتر هەموویان مەیلە و مەرگن، کەچی لە ترسی مەرگ خۆیان لە هەزار قوژبنی ژیاندا، شاردووەتەوە و - حەتتا - مرخیان لە هەناسەکانیان خۆش کردووە" واچاک بوو شرتوون بێ و (٦) دەڵێ: «هەمووی لە مندا پوختەیە. وەمخوێنن!». (١٦) دەیخوێنێتەوە: ((ئەودیو چاوێک)) و خێسەیەک لە (٢) دەکا. دەڵێی تازە بە هەموو شتێکی زانیوە (١٦) و (٢) بەتاوانبار دەزانێ کە نەیهێشتووە (٤) وەخوێنن. دەڵێ «ئەی (٥) چییە» و پێنج دەڵێ ((کەوتم)) و (٢) دەگوورێنێ: «وەڵێ خەتای من چییە هەژدەتان لێ گوم بووە)) و دەیداتە پرمەی گریان. (٩) ئارامی دەکاتەوە و دەڵێ «دەیدۆزینەوە» و (١٩) خۆی لەگە دەپسێنێ و دەڵێ لە سکوتی گیرفانەکانیدا بۆی بگەڕێن و هەموویان پێکڕا ڕووە و سکوتی گیرفانەکانم دەقیژێن و دەڵێن: «هەژدە! هەژدە!».

دەڵێی دەنگی لە بنکی گۆمەوە هەڵدەستێ، دەڵێی لە سوکنایی سەهۆڵبەندانێکدا ڕچیوە، هەژدە. دەڵێن «هەژدە گیان، خۆت وەخوێنە» و دەڵێ ((لێتان شرتوون بووم)) و دەڵێن «دەزانین وەڵێ قەینا خۆت وەخوێنە بزانین پازلی ئەم حیرمانە چۆن ڕێک دەکرێ» دەڵێتەوە «لێتان شرتوون بووم». دەیانەوێ بڵێن «ئەتدۆ..» دیسان دەڵێتەوە ((لێتان شرتوون بووم)) هەژدە. (٩) ڕوودەکاتە (١٩) و بە نائومێدییەوە دەبرمێنێ «((لێتان شرتوون بووم))ی لەسەر نووسراوە» و بەگشتی هەست بە دڵدانەوەی (١٩) دەکا. شازدە کە بە (٩) دەزانێ نووکەنووک (١٩) دەخوێنێتەوە (ئێستاش ئیتر سکووتی جلەکانم..) و هەموو، مت دەبن.

باران، ڕایەڵەیەک لەبەر تریفەی مانگدا دەچنێ و تریفە لەسەر (٢٠) دادەخورێ کە ئێستا ئیتر بە قەهرێکەوە بیر لە چارەنووس دەکاتەوە و لە ترسی وشکبوون پێی وایە بکێشرێ. هانایەکی دێتەوە بەر کە تا تریفە بوو کەس ڕووی تێ نەکرد، وەیخوێنێ و لەبەر خۆیەوە دەبرمێنێ ((ئێستاش ئیتر هیچ)).



# بیسەری چیرۆکێکی نامۆ

ئەسعەد عەزیز محەمەد
(کەرکووک)

– کەی دێیتەوە؟؟

– بۆ کوێ دەڕۆم؟ بە دڵنیاییەوە دەگەڕێمەوە، خۆ بێجگە لێرە شوێنێکی ترم نییە بۆی بڕۆم. ئەمە وتوویژی نێوان قەیرە کچێک و دایکی بوو، ڕەنگە بپرسن چۆن دەزانی قەیرە کچە؟ چەند ڕۆژێک لەمەوبەر گوێم لێبوو، بەڕێکەوت کچە هاوڕێییەکی کۆنی لە بازاڕدا بینی و لێی پرسی

– تەمەنت گەیشتۆتە چەند؟

– ٣٥ ساڵ.

– ئەی چۆنە تائێستا شووت نەکردووە؟

– ئەمە چیرۆکێکی دوورودرێژە بەم دەستوبردە باس ناکرێت.

ئەمەی گوێتان لێ بوو گفتوگۆیەکی زۆر ئاساییە، ڕەنگە لە هەموو شوێنێکی دنیادا چەند بارە ببێتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا نائاساییە منم، خۆشم نازانم ئەو گفتوگۆیانە چ پێوەندییەکیان بەمنەوە هەیە، تەنیا ئەوەندە دەزانم کە بوومەتە بیسەری چیرۆکێکی نامۆ. ببوورن ڕەنگە گوزارشتەکەم خاڵی مەبەستی نەپێکابێت، با زیاتر بۆتان ڕوون بکەمەوە، بۆ ئەوەی بە ڕوونی لێم تێبگەن داواتان لێدەکەم گوێ لە چیرۆکەکەم بگرن.

پێش دوو هەفتە بەر لە ئێستا لەماڵەوە بە تەنیا ڕاکشابووم، دەمویست لەشی ماندووم بۆ ماوەیەک بحەسێتەوە، بێ دەنگی و هێمنی ئەو ساتەی ناو ژوورەکەم پەڕیبووە ناو هەموو دەمارە هەستیارەکانی جەستەم، چاوم لە هێلانەی هێمنی نیشتبووەوە، لووتم ئامێری بۆنکردنی ڕاگرتبوو، پشوویەکی کاتی وەرگرتبوو، دەرگای بیرکردنەوەم کلۆم دابوو،

هەموو خانەیەک لە لەشم چێژی لە حەسانەوە وەردەگرت.
لە ساتێکی غافڵانەدا کە وام لێکدەدایەوە گوێشم خەریکە پشوو دەدات.
دەنگی ناسک و پڕ جۆشی کچێک بە ئاگای هێنامەوە، ئەم گۆرانییەی دەچڕی:
(گوێم بۆ ڕادێرە بەس تەنیا ئەمشەو
لە دوو دیدەی من میوان نابێ خەو)
لە سەرەتادا وام دەزانی دەنگی گۆرانی وتنی کچە دراوسێیەکانمە، هەستام و ڕۆیشتمە ناو حەوشە، بۆ ماوەیەک گوێم ڕاگرت، بەدوای سەرچاوەی دەنگەکەدا دەگەڕام، هەستم بەوە کرد دەنگەکە زیاتر لە ژوورەکەی خۆمەوە بەرز دەبێتەوە.
لەوکاتەدا تووشی شۆک بووم نەمدەزانی کێیە ئەو گۆرانییە دەچڕێت و چ مەبەستی ئەوەیە ئەو چرکەساتە هێمنییەم لێ بشێوێنێت، هەندێک لێکدانەوەم لەلای خۆمەوە بۆ کرد وەک ئەوەی ماندوویەتی ئەو هەستەی لام پەیدا کردووە، بەڵام هیچ کام لەم لێکدانەوانە بە ئاکامێکیان نەگەیاندم.
ئەوە جاری یەکەم بوو گوێم لەو دەنگە نامۆیە بێت، بۆ ڕۆژی دواتر لە ژوورەکەی خۆم لە فەرمانگەکەم کات دەمەو نیوەڕۆ بوو، بەدەم چا خواردنەوەوە جگەرەیەکم داگیرساند، ئەگەر لە شوێنی کارکردن نەبوایەم حەزم دەکرد لەسەر گازەرای پشت ڕابکشێم بۆ ئەوەی پشوویەک بدەم و تاوێک لە باوەشی بێ دەنگیدا بحەسێمەوە. لە ناکاو گفتوگۆی ئەو کچە پشێوی خستە پشووی دەمارە هەستیارەکانمەوە.
وشەکان تابلۆی ئەوەیان بەر گوێم خست خوشکەکەی لە دوورەوە بۆ سەردانی هاتبوو، لەپاش هەواڵ پرسین و قسەی ڕۆتین پێی وت: پێم ناڵێیت تاکەی بەم شێوەیە دەژیت؟
هەناسەیەکی پڕ لە ئازاری هەڵکێشا بە وێنەی ئەوە کە سینەی گڕکانێک بێت و لەگڕوگڵپەی ئەو ئازارەوە ئەو هەناسەیە هەڵقوڵابێت، ئەسرینی سوێر ڕژایە قووڵایی چاوییەوە، پیت و برگەکانی سەرلێوی ئەم دیمەنەی نەخشاند، بەدەم ئازارەوە وتی:
– چیم دەسەڵاتە لە تۆ وایە من حەز دەکەم بەم شێوەیە بم. دیارە چارەنووسی من وایە، ناچارم بەم چارەنووسە نەخوازراوە ڕازی بم.
هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارە لە باخچەکە دانیشتبووم، هاوسەرەکەشم لە ژووری چێشت لێنان چای لێدەنا جارێکی تر پەردەی گوێم بە دەنگی ئەو کچە نامۆیە زرنگایەوە. قیژەو هاواری گوێی کاس کردبووم. لە خوشکە بچووکەکەی تووڕە ببوو، چونکە بێ ئاگای ئەو هاتبووە ژوورەکەیەوە و دەستکاری شتەکانی کردبوو. دایکی هەوڵی دا هێوری بکاتەوە، بەڵام ئەو لە ترۆپکی تووڕەبووندا، تەنانەت بە ڕووی دایکیشیدا هەڵشاخاو لە ڕووی وەستا:
– قەبووڵ ناکەم تەنانەت تۆش دەست لە شتی من بدەیت.
دایکی دایە پرمەی گریان و ڕۆیشتە ژوورەکەی خۆیەوە. ئەوسا ئەمیش لە ژوورەکەی دانیشت و بە کوڵ گریا. نەمدەزانی بۆچی دەگریێت؟ بۆ چیرۆکی دوورودرێژی ڕابردووی خۆی دەگریێت، یان بۆ ئەوە فرمێسکی دەڕشت کە دڵی دایکی ڕەنجاندووە و پەشیمانی دەردەبڕی.
بۆ ڕۆژی دواتر چەند جارێک گوێم بە دەنگی ئەو کچە زرنگایەوە، یەکەمین جاریان لەناو پاسدا بوو، بەرەو کارەکەی دەڕۆیشت، هاوکارێکی بە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، ڕیتمی دەنگی ئەوەی دەردەخست لە ڕووی تەمەنەوە زۆر لەو بچووکترە، دوای چەند خولەکێک هاوکارەکەی لێی پرسی:
– دەزانی بە تەنیا تۆ بۆ سەیرانەکەی دوێنێ نەهاتبووی، بۆچی نەهاتی؟
– حەزم بە سەیران نییە.
بۆ؟؟؟
– ئەمە مانای ئەوەیە لەگەڵ ماڵەوەشتان ناڕۆیت بۆ سەیران.
– نەخێر... بڕوا دەکەیت دە ساڵە نەچوومەتە سەیران.
هەموو جارەکانی تریش کە گوێم لە وتووێژی دەنگی ئەو کچە دەبوو، پەردە لەسەر شانۆی ئازار و خەمی هەڵدەدرایەوە. هەرگیز نەمدەزانی بۆچی گوێچکەی من مەحکووم دراوە بەوەی خەم و ئازاری ئەو ببیسم. چیرۆکی دەنگی بەردەوامی ئەو کچە نامۆیە شیرازەی ژیانی تێکدابووم، درکم بەوە کرد لە گرفتێکی گەورەدام، هەر دەبوایە بە زووترین کات چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزمەوە. سەرەتا پەنام بۆ پزیشکی گوێچکە برد و

نەمتوانی تەواوی سەربوردەکەی بۆ بگێڕمەوە، چونکە هەندێک جار لەگەڵ خۆمدا بڕوام بەوە نەدەکرد کە گوێچکەم بووەتە مۆبایلێک و دەنگی دووری کچێک کە نەدەمناسێت و نەدەیناسم بۆ دەهێنێت. ئەی چۆن دەتوانم داوا لە کەسێکی تر بکەم بڕوای پێ بکات؟ بە تەنیا ئەوەندەم بە دکتۆرەکە وت «زۆرجار گوێم لە دەنگی نامۆ دەبێت کە لە دەوروبەرم نییە».

ئەویش زۆر بە وردی پشکنینی بۆ گوێچکەم کرد، لەکۆتاییدا پێی ڕاگەیاندم «لە ڕووی کۆئەندامەوە گوێچکەت هیچ کەموکورییەکی نییە، بەڵام باشتر وایە سەر لە دکتۆرێکی دەروونی بدەیت».

لەسەر ڕێنمایی ئەو دکتۆرە کە هەر بۆ خۆشی ناوونیشانی دکتۆرێکی دەروونی پێدام، دوێنێ ئێوارە بۆ چەند خولەکێک لەو دکتۆرە دەروونییە گەڕام تا دواجار لە خانوویەکی کۆن و داتەپیو لەنێو کۆڵانێکی باریکدا دۆزیمەوە، کە چوومە ناو نۆرینگەکەیەوە هەستم بەوە کرد هێزێکی شاراوە بۆ ئێرەی ناردووم، بۆ ئەوەی پەیامێک بە دکتۆر بگەیەنم و بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی نەهاتووم.

دکتۆرەکە لە تەمەنی چل ساڵیدا بوو، زمانێکی شیرینی هەبوو، لەسەر کورسی حەسانەوە ڕاکشام، سەرەتا وەک پیشەی هەموو دکتۆرە دەروونییەکانی دیکە هەندێک پرسیاری لە بارەی کێشە و گرفت و گرێ و کۆسپە دەروونییەکانی منداڵیی لێ کردم، بەڵام دیاربوو لە وەڵامەکانمدا هیچ شتێکی چنگ نەکەوت تا لە باری دەروونییەوە بیکاتە بنەمای لێکۆڵینەوەکەی. دواتر بە ناچاری داوای لێ کردم کێشەکەی بۆ باس بکەم، منیش چیرۆکەکەم لە سەرەتاوە بۆ گێڕایەوە، هەرکە باسی دەنگەکەم بۆ کرد و چیرۆکی ئەو کچەم بۆ گێڕایەوە، ئەو پتر ڕەنگی تێکدەچوو، هێشتا زۆرم مابوو تەواوی بکەم بڕیاری دا کورسییەکە بەجێ بهێڵم و ئەو بۆ خۆی لەسەری ڕاکشا، منیش بە ئەسپایی لەسەر کورسییەکەی ئەو کە پێشووتر لەسەری دانیشتبوو دانیشتم. داوای لێ کردم چیرۆکەکەی بۆ تەواو بکەم، منیش بەهێواشی وەک ئەوەی نهێنییەکی گەورە بدرکێنم درێژەم بە گێڕانەوەدا کاتێک تەواو بووم لێی پرسیم:

– ناوی ئەو کچە دەزانیت کە گوێت لە دەنگیەتی؟


– بەڵێ ناوی ئەڤینە.

بە یەکجاری ڕەنگی بزرکاو نیگای چاوی بڕیبووە بنمیچی ژوورەکە، بۆ ماوەیەکی زۆر بێ دەنگ بوو، بۆ ئەوەی لێی دڵنیابم جاروبار سەیرم دەکرد، هەستم کرد ئاساییە، پاشان وەک ئەوەی شتێکی گرنگی بیر کەوتبێتەوە هەستایە سەرپێ و خەندەیەکی دەستکردی بۆ کردم، بەڵام تارمایی غەمێکی قووڵ لە بیناییدا دەبینرا. دوای چەند چرکەیەک ڕۆیشتە جێیەکەی خۆی و وتی:

«تۆ هیچ نەخۆشییەکت نییە، بەڵام پێویستی دەکرد بهاتیتایە ئێرەوە بۆ ئەوەی پەیامەکەت بگەیەنیت، گەرەنتیت دەدەمێ لە ئێستا بەدواوە گوێت لە هیچ دەنگێک نابێ».

کە لەوێ دەرچووم زانیم چیرۆکەکەم لەلای دکتۆرەکە کۆتایی هاتووە، بەڵام بۆ بینینی دیمەنی خۆرئاوابوونی شارەکەم، بە کووچە و بازاڕی شاردا پیاسەیەکی ئێوارانەم کرد.

**کەرکوک** – ٢٠١٠



# ڕانی بە ڕانمەوەنا و ڕەنگم بە ڕوخسارەوە نەما

**ناسر فەتحی**
**(بۆکان)**

هاتە سەرێ، چاوێکی بەگشت کورسییەکاندا خشاند، گشتیان پڕ بوون. نا.. بە هەڵە چووم، ببوورن! تکایە بگەڕێوە! دانەبەزی! یەکێک لە کورسییەکان چۆڵە.

دەزانم خۆشت، چاوت بە کورسییە چۆڵەکە کەوت. ئەی بۆ ویستت دابەزی و سوار نەبی؟! بۆ هەر دەبێ منی چیرۆکنووسی قوڕبەسەر پێتان بڵێم: وابکەن و وامەکەن؟! باشە بۆ بۆخۆتان ئەقڵتان بەو شتانەدا ناشکێ؟!

باشە وەرە دانیشە! لەوە زیاتر چاو بگێڕی و خۆت مەحتەل بکەی، خەڵک خاست پێ ناڵێن! دانیشە دەی! با جارێک لە جاران لە پەنای کوڕێکی گەنجی قۆز دانیشتبێتی! چ دەبێ؟! خۆ لێت کەم نابێتەوە؟! نەخێر، نەک هەر لێت کەم نابێتەوە، بەڵکو بە بڕوای من شانسیشت هێناوە، لە هەر هەموو تەمەنتدا ئەوە یەکەم جارە کە قەرارە بۆنی نێرینەیەکت لە بنەوپاڵەوە بۆ بێت! کە دانیشتی ئەو بۆنە هەڵمژە، سییەکانت پڕ پڕ بکە! دانیشە دەی! زەرەر ناکەی! بۆ دەبێ حەتمەن پیرێژن و پیرە پیاوەکان ئەم شانازییەیان بەر بکەوێ و هەست بە گەرمایی لەشت و بۆنی مێینەی تۆ بکەن؟!

دانیشتی؟! هەر بژی! ئەوە چۆن بوو؟! بەسەری بارگین خەڵاتێکت حەڵاڵ کرد! ئەوە یەک، لە دیرۆکی تەمەنتدا! وەڵڵا دەبێ هەموو ساڵێ ئەم ڕۆژە و ئەم کاتە بکەی بە جەژن! تۆش پێت وا نییە ئەم هەڵوێستەی تۆ دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ بە ئاسایی ڕوانین لە بڤەکانی ژیانت و تابۆیەکت شکاندبێ!؟ شکاندنی نەریتێکی دزێوی کۆمەڵگا پڕاوپڕ لە تابۆکەمان چ هەستێکت بۆ ساز دەکا؟!

ئەو کوڕە قۆزە منم. من زۆرم قین لە تۆیە! من تۆ ناناسم! بەڵام گەلێک کەسی دیکەی وەک تۆ دەناسم. کەواتە

مافی خۆمە ڕقم لێت بێ! ڕقم لە خودی خۆت نییە! ڕقم لە ئاکار و کردارتە! ڕێکاوڕێک ڕقم لە ئاکار و کردارەکەی تۆ نییە، بەڵکو ڕقم لەو کەسانەی وەک تۆنە کە بۆ خۆیان ئەم ئاکار و کردارەیان بۆ خۆیان بە ڕەوا دەبینن و پەرەی پێ دەدەن!

دانیشە دەی خۆ ناتخۆم! لە پەنا مار دانانیشی! لە پەنای بەشەر دادەنیشی! خۆ قەرار نییە بەیەکەوە سەفەری ئاخیرەت بکەین! بە هەموویەوە ١٠ خولەک لە پەنام دادەنیشی!

دانیشت. ئاژۆوانی پاسەکە چاوێکی بە گشت کورسییەکاندا خشاند. جێگا بۆ کەسی دیکە نەماوە. بڕۆ کاکە بڕۆ! جێگەی دانیشتن نەماوە! پاسەکە وەڕێ کەوت. بە هەموویەوە ٣٠٠ هەنگاو لە هێڵی دەسپێک دوور نەکەوتبۆوە کە کتوپڕ یەکێک گوتی: دابەزین هەیە!

بەخۆت نەبوو. لە داخان ئاگات لەخۆت نەما، بەبێ مەبەست ڕووت لە کچە شۆخەکە کرد و گوتت: دەک جەرگت داوەشێ! بۆ ئەو ڕێگا کەمە، بۆ سواری پاس دەبووی؟! یانی پشتت دەشکا ئەو دوو هەنگاوە بە پێیان بچوویایەی؟!

کچە شۆخەکە بۆنێکی خۆشی لێدێ! قسەکەت لەبیر چۆوە. پێشتریش ئەو بۆنە خۆشەت بۆ هاتبوو. کچە شۆخەکە دەتگوت پەیکەرەیەکی ناشیانەیە کە من دامتاشیوە، ڕەق و تەقە، نە قسە دەکا، نە پێی وایە گوێی لە قسەیەک بووە!

بۆ جواب نادەیەوە؟! دەک دڵت داکەوێ! خۆ پێتەوە نادا، خۆ بەلەشی خێر نەدیتووتانەوە خۆتان ئەقڵو بەم شتانە ناشکێ و هەر دەبێ ئێمەی چیرۆکنووسی خۆڵ بەمل پێتان بڵێین وابکەن و وامەکەن!

ئارەقەم پێ کردی. جا بمرە! شانست هێنا نەمکردی بە دڵۆپەیەک ئاو و نەمخستییە ناو پێڵاوەکانتەوە. بە خۆتم بەخشی! دەنا لەم چیرۆکەدا سەگ بە حەوشەم پێ دەکردی!

کچی باش، پێم وابێ لەگەڵ تۆی بوو! ئەگەر هەر چاو لە چاوەکانی ناکەی و ناتەوێ بزەیەک بخەیە سەر لێوەکانت و بەم کارەت وا نیشان بدەی کە یانی: گوێم لە قسەکانت بوو، ڕاست دەکەی وەڵڵاهی خۆ ئەم ڕێگە کەمە بۆ ئەوەی نەدەبوو بۆی سواری پاس بی!

باشە ئەگەر ئەوەندەت لەبەر گران بوو، خۆ دەتتوانی ملە مۆمیایی کراوەکەت بجووڵێنی و سەرتی یەک دووجار بۆ ڕاوەشێنی، کە یانی: ڕاست دەکەی ئەو چەند هەنگاوە بۆ ئەوەی نەدەبوو، بۆی سواری پاس بیت و خۆتی پێ سووک بکەی! دەتتوانی بە پێیانیش بڕۆیت و لێشت کەم نەدەبۆوە، بۆ سلامەتیشت باش بوو!

تۆ سمتت زلە، ئەویش بڕێک قەڵەوە، پاسەکە بەڕێوەیە. زۆر سەیرە کەس ناڵێ: دابەزین هەیە! دەڵێی هەمووماں بەیەکەوەین و قەراریشە بەیەکەوە دابەزین! ئەهـ.. وەڵڵا دەڵێ گوێیان لە وڕێنەکەی من بوو! ئەوە سێ نەفەر وێڕای یەک گوتیان: دابەزین هەیە! بۆیە لە کۆنەوە گوتوویانە باسی گورگ بکەی، لێت پەیدا دەبێ! ئەوەش پێم وابێ هەر ئەو نەقڵەیە!

ماوەیەکە کەمتر دەخۆم. بۆ ئەوەی ئەو زگە زلەم دانێم، تۆ زگت نییە؟! نا.. لەوە ناچێ زگت زۆر زل بێ! لەوەش ناچێ شووشت کردبێ! گەنەمووەکانی بان لێوت و بن چەناگەت و پەنا نەرمایی گوێت جوانن، بەتایبەت گەنەمووەکانی نێوان دوو برۆکەت یەکجار سەرنج ڕاکێش دێنە بەرچاو، لە تابلۆیەکی ڕەش و سپی دەچێ کە بە خەڵووز کێشرابێتەوە.

خۆت کۆ کردۆتەوە، وات خۆ وێک هێناوە، دەڵێی خۆت دەچۆڕێنییەوە! بە حاڵێک و دوو بەڵا، شانی ڕاستم هەست بە شانی چەپت دەکات. بۆنێکی خۆشت لێ دێ! باوەڕ ناکەم تا بە ئێستا بۆنی ئاوام لە کەسێکی دیکەوە بۆ هاتبێ!

من بەبێ ئەوەی خۆم بچۆڕێنمەوە و خۆم گرمۆڵە بکەم و بە جارێک بە جامی پاسەکەوە بلکێم، بە هاسانی و بەڕاحەتی دانیشتووم، تۆ هەر خۆت لەمن دەکشێنییەوە و ناهێڵی بە هیچ کلۆجێک گیانت لە گیانی من بکەوێ!

– دابەزین هەیە!

کورسییەکەی ئەوبەرت چۆڵ بوو، پاسەکە وەڕێ کەوتەوە، لەوانەیە پێت عەیب بێ هەستی و بچی لەسەر ئەو کورسییەکەی کە تازە چۆڵ بووە دابنیشی! شەرت بێ لە پەنام هەستی و بچی لە شوێنێکی دیکە دابنیشی، ئابڕووت پێوە نەهێڵم! ئەوەم لە دڵی خۆمدا گوت. پاسەکە لە هێڵی کۆتایی نزیک بۆتەوە!

پاسەکە جیا لە من و تۆ و دوو کەسەکەی پەنای ئاژۆوان، کەسی دیکەی تێدا نەماوە، یانی دابەزیون.

چاوێکت گێڕا، کەس کەس جیا لە من و لەتۆ و لە ئاژۆوان و ئەو دوو کەسەت وەبەر چاو نەهات!

خۆت ڕەها کرد، مەبەستم ئەوەیە ئاوەچۆڕەی جەستەت

کۆتایی پێ هات، خۆت دا بەدەم «با»ی بێ خەیاڵییەوە، یانی خۆت شل کرد!

ئێستا جیا لە شانی چەپت، ڕانی چەپ و باسکی چەپت و لاق و بەلەکی چەپیشت لە بەری لای ڕاستی جەستەی من کەوتوون. زۆر سەیرە، ئەوە چۆن بوو؟! نا.. نا.. زۆریش سەیر نییە! کەست لێ دیار نییە بۆیە ئاوا بوێر بووی! دەنا پێم وا نییە لەم ماوە کورتەدا بەو ئەنجامە ئاساییە گەیشتبێتی!

گەرماییەکی زۆر هەست پێ دەکەم، دەڵێی خەون دەبینم، تۆ بڵێی بەڕاستی خەو نەبێت و گیانم بەسۆیەکەی پەنامەوە نەنووسابێ؟! تۆ بڵێی کەی سۆیەکە بمسووتێنێ و لەو خەوە سەیرە ڕامچڵەکێنێ؟!

تەواوی گیانم وەسەر ئاو گەڕاوە، عارەقەیەکی سەیرم کردووە، هێشتا بە تەواوەتی نازانم ئەو ڕووداوە خەونە، یان ڕاستی! هێشتا بە تەواوەتی بەهار نەهاتووە، ئەی بۆ هەوا ئاوا زوو گۆڕا و یەکسەر بوو بە چلەی هاوین؟!

من لە جیاتی تۆ شەرمم دەکرد، تۆش ئارەقەیەکی نەرمت کردووە، نازانم هی شەرمە، یان هی تامەزرۆیی؟! هەستم دەکرد وردە وردە جۆرێکم لێ دێ!

تۆ هەستت بە خۆشییەکی هەتا هەتایی دەکرد و منیش هەستم بە سەرسوورمانێکی دارمێنەر دەکرد، کە گوایە بۆ ئەبەد هاوڕێیەتیم دەکات!

پاسەکە لە پێچێک لایدا، قورساییەکی زیاتری جەستەی تۆم هەست پێ کرد، ئێستە تۆ بڵێ، پێویستە ببووریمەوە، یان هەڵفڕم؟!

نا.. نا.. پێویستە بمرم! لە شەرمان؟! یان لە خۆشییان؟! قەت وا نەبووم! پێ دەچێ واش بووبێتم، بەڵام ئێستە وەبیرم نایەتەوە، بۆ وام لێ هات؟! هەست دەکەم هەرچی وزەی سەرکوتکراو و حەزی ئاگرینی لەشی تۆیە دەگوازرێتەوە ناو جەستەی من!

– بۆنەکەت زۆر خۆشە!

– زۆر سوپاس!

– ناوی چییە؟!

– ناوی کاکە مەمە!

– ئێ.. بەڕاستی؟! بۆ بۆنمان بەو ناوەشەوە هەیە!

– بەڵێ، بۆنێکی تەواو سرووشتییە، هەموو شتێکی لە وڵاتی خۆمان بەرهەم دێت! بەشی سەرەکی بۆنەکە لە گوڵی نێرگز پێک دێت!

– زۆر جوانە؟!

– ببوورە جوان نییە، خۆشە، یانی بۆنەکەی خۆشە، جوان بۆ بۆن بەکار نابەن، هەڵەیە!

– وایە، فەرمایشتە، بەجێیە، بەدڵنیاییەوە!

– زۆر خۆشە بە ڕاستی بۆنێکی بێ وێنەیە! من زۆرتر حەز دەکەم شتی خۆماڵی بەکار بێنم، بەڵام بە داخەوە خۆت دەزانی...

– بەڵێ... بەڵێ، بەداخەوە کارگەی بەرهەم هێنەرمان زۆر کەمە!

– بە دڵنیاییەوە، قسەکەی ئێوەش هەر فەرمایشتە، وایە!

دەستی خستە ناو جانتاکەیەوە و بۆنێکی هێنا دەرێ، بۆ لای منی ڕاداشت، بۆنێکی خۆماڵی؟! زۆر سەیر بوو! ئاخر ئەوەندەی بزانم ئێمە کنگر و ڕێواسی خۆماڵیشمان نییە، ئەوەی هەیە بە سواری کەر دێتە ئەم وڵاتە و تا دەشگاتێ بۆگەن دەبێ، ئەوە بۆیە ئەم بۆنەش خۆشە، چونکە سواری کەری نەدیتوە! دەستم بۆ بۆنەکە برد و گوتم: دایەی! قەوارەیەکی زۆر جیاوازی هەبوو، دەتگوت جەڕڕەیە! لەوانەی لە کۆندا کچان بە بەهانەی بینینی گراوەکانیان دەیانبردە سەر کانی و پڕیان دەکرد لە ئاو لەسەر شانیان بە لەنجە و لارەوە دەیانبردەوە بەرەو ماڵێ! بڕێکم بۆن لێ کرد و گوتم: بۆنێکی زۆر تایبەتە!

– ئەدی کو ئاخر خۆماڵییە!

– وایە! ڕێم بکەوێتە بازاڕ حەتمەن دانەیەک دەکڕم!

– هەڵیگرە، شایانی نییە!

– نا.. نا.. زۆر سوپاس، بۆ خۆم دەکڕم، شتی باش هەر بۆ کچێکی جوان و نازداری وەک تۆ باشە!

– نا.. نا.. سوپاسی پێ ناوێ، وەڵڵا هەڵی دەگری!

– ئاخر!

– ئاخریشی پێ ناوێ، هەڵیگرە و پیرۆزیشت بێ!

– زۆر باشە، دیسانەوە زۆر زۆر سوپاس، شەرمەندەتان کردم!

– نا.. تکایە، دوژمنتان شەرمەندە بێ، سوپاس بۆ ئێوەش کە دەستی منتان ڕەت نەکردەوە!

زۆر سەیرە، ئارەقەکەم وشکەوە بوو، هەست بە گەرما سەمەرەکەی نێوان ڕانی خۆم و ئەو ناکەم! ئەوە چ بوو؟! بە کوێدا ئەم هەموو تامەزرۆییە و کوڵوکۆیەمان دامرکا؟!

تۆ بڵێی هۆی ئەم دامرکانە چی بێ؟!

ئاژۆوانی پاسەکە چەپڵەیەکی لێدا، هەڵبەزیمەوە، ئەهە.. نەمگوت خەوە! نا.. نا.. وا دیارە خەو نییە، سەرم

هەڵێنا، ئێ... وایە، خـــۆ ئەو کـــچـــە هەر لە پەنام دانیشتووە، کوڕە خۆ ئەویش پەشۆکاوە!

سـایەق پاسـەکـە گـوتـی:مـوبارەکـە! زۆر زۆر پیـرۆزە! هیـوادارم خـێـری پێـوە بێ! تکایە دابەزن! زیاتر لە پێنج خولەکە گەیشتووینەتە هێڵی کۆتایی! وا دیارە ئێوە حەز ناکـەن دابەزن؟! جـا بۆ دادەبەزن؟! وەڵڵا خـۆ منیش بم دانابەزم، لەوە خۆشتر چ هەیە؟! لە تەواوی تەمەنمدا وەها هەڵکەوتێکی ڕۆمانتیک و جیاوازم نەبینیبوو! بێ خەم بن بێ خەم! بە قوربانانە، ئەگەر ئێمە چاومان بەم ژیانە خۆشە نەکەوتۆ، ئێوە بۆ دەبێ نەیبینن؟! خۆشتـان بێ! گـەنجی زیندوو ئێـوەن، هیـوادارم وێنەتان زۆر بێ و ئەم مـــیللەتەی ئێـــــمـــەش بڕێک چاو لە مـــیللەتە تێگەیشتووەکانی دیکە بکات!

بەڵام چ بکەم؟! داخـەکـەی بە جەرگم، منـیش کاسبم و دەبێ دوو دراو بۆ منداڵەکـانم پەیدا بکـەم، ئێـســتــاش ئەگەر زەحمەت نەبێ تەشریفتـان بچێتە خوارەوە، چونکە دەبێ بایدەمەوە و بگەڕێمەوە!

– ئا.. ببـوورە! خـەجاڵەتم! هەر هۆشـیـشـمـان نەبوو گەیشتووینەتە هێڵی کۆتایی!

کچەکە گوتی: پاسەکەت چەند کورسی هەیە؟!

– بۆ؟! ٢٢ دانە!

کچەکە گوتی: تکایە بمانگەیەنەوە هێڵی دەسپێک و لە کوێت سوار کردووین لەوێ دامانبەزێنەوە!

ئاژۆوان خـــەریک بوو تـووڕە بێ! هەر بۆیە زوویەکی قسـەی کـچەکـەم تەواو کـرد و گـوتم: مـەبەسـتی ئەوەیە، بمانگەیەنەوە هێـــڵی دەســـپـــێـک و پارەی هەمـــوو کورسییەکانیشت دەدەینێ!

– ڕاست دەکـات، مـەبەسـتـەکـەم هەر ئەوە بوو! من پارەی ٢٢ کـورسـییـەکەت پێ دەدەم و ئەویش پارەی ئەو کـەسـانەت پێ دەدا کـە ئەگـەری ئەوە هەیە لەناو ڕێگادا دابەزن و کەسێکی تر جێگەکەیان پڕ بکاتەوە.

پاسەکە بەرەو هێڵی دەسپێک وەڕێ کـەوتەوە، ڕامان بە ڕانی یەکەوەیە و ڕەنگمان ئاسایی دەنوێنێ!

– کچی جوان، ناوتانم نەزانی!

– من ناوم «هەمین»ـە.

– ناوێکی زۆر جوانە، منیش ناوم «وانێک»ـە!...



# هاڤینان خوین دحەرکی

**ئە. وەللکی**
**(ستەنبۆل)**

سافیا ئەڤ بوو هەیڤەک و نیڤ کو هاتبوو د مالێ دەروونشتبوو نۆفا پتەپتا وێ بوو، ناڤ سەرێ سافیا دە دگۆت:
ـ سافۆ، ئەزێ تشتەکی وەها بینم سەرێ تە کو د ڤێ مەنتیقێ دە نەهاتبە سەری تو کەسی.
د ناڤا هوندر دە دچوو و دهات چیکا چیکا وێ بوو. ئەو چەند رۆژ بوون ئێدی نۆفا نییەتا خوە خەرا کربوو کو تۆفانەکا مەزن بینە سەری سافیا. ل گۆری نۆفا ئەو ئافاتییا مەزن نە کو کەنگی، بێ ب چ ئاوایی، چ وەختی بە، وێ پێک بینە.
ڕەبەنا سافۆ، خوە کورکرێ، بێ چ کەڤر ل کابا وێ کەتبوو. ئەو ڕووڕەشا خوین ل بەر کەلابوو. ئەو عەجێب ئانی بوو سەرێ خوە، سەرتەوێنی ژ خوەدییێن خوە رە. تەیێ بگۆتا ئەڤ گۆتن ژ بۆ سافۆ هاتی گۆتن، " خوەدێ ژێ ستاندبوو" بێ عەجیبی، بێ لۆمە، بێ ما ژ بەر چ؟ د بەر چ دە؟ تە ئەڤ ناڤێ هان ل پەی خوە خست؟
ئەو چاڤسۆرا نۆفا و خوارزییا خوە، پشتی کو زەلامێ ژ مال دەردکەڤە ل سافیا ڕەبەن تێنە هەڤ. نۆفا دبێژە: " هەتا گەنگی ژ تە رە؟" پشتی سۆحرەکا پۆرا وێ گورزەک ئانیبوون خوار. بێ عەجیبی دهات گۆتن: " کو شلف تازی کربوون د هوندر دە. ب کێرەکە کالانی نەستریێ د سوکرێ ڤە دگورینن."
وەللەد لاوۆۆ! وێ کەلەچیقەنا هاڤینی وەکی قوربانەکێ سەرژێ کربوون. د ئۆدێ دە خوین دبوو گۆل، خوینەک زەلال و ڕەحن ژێ حەرکیبوو. د ناڤ وێ خوینێ دە ژی، زارۆکا وێ گولشیلانا سال و نیڤ عومرێ وێ بوو، سینگا دێیا خوە بەرنەدابوو. پشتی وێ عەجێبێ ئێدی ئەو کەس لێ خوەدی دەرنەکەتبا و ئەوێ هنەکا وێ سپارتبانا مالا شێخ. عادەتا وی وەختی، یێن بێکەس دمان مالا شێخ ل وان خوەدی دەردکەتن.
نەستیریێ سافۆ، خوە کوڕکرێ، بێ ب چ ئاوایی گهشتبوو ڤێ دەرەجێ. کو خوەدێ ژ مرۆڤ بستینە وەها یە. دێ کا بێژە، ما چ ل تە قەومیبوو. چ ل تە کێم بوو، کەڤر ل کابا تە کەتبوون.
نەه زارۆکێن سافیا بوون. پێنج کوڕ و چار کەچ. هەمی وەکی گولۆکان بوون. ستارا مالا وێ هەبوو. کەسی ڕۆژەکێ دەنگێ وێ و زەلامێ وێ نەکربوو. هەگەر ڕاست یان دەرەو، خوەدێ ژ سەر سەبەبان رە نەهێلە، ئەڤ ناڤ کو ل پەی وان

خستن.

دهات گـۆتن کـو سافـیـا و زەلامێ نۆڤـا ، خـێـرکـۆ تەم بەردانا هەڤـودو. گۆتن ب زوویی ل ناڤ گوند بەلاڤ بوو. ئەڤ تشتەکی نەدیتی و نەبووناتی بوو.سافیا دێیا کۆمەک زارۆک و ب مـــێـــر... خـــێـــرۆ ژی ب ژن و ب زارۆ... دەمـەکی ئەڤ بێلۆمـەیی کـو ل پەی وان خـسـتـبـوون بوو بەنیشت و کەتە دەڤێ گوندیان. تشـتـەکی نە خوەش بوو، ب ناڤ گـۆتنا پنگێنی ب گـوند کـەت. چقـاس ب وردە دچوو وەکی دارکێ کـو یەک ل ناڤ گـوو خـە، بێـهن ژێ دهات. ئاخری، ڕۆژەکێ وەکی ئاڤا کو بپنگڤە ل جیکی بمینە و بتـەقـە. ب خـوەدێ کم، ئەڤ بوویەر عـەینی وەها بوو.

ڕۆژەکێ داویا بـهـــارێ یە. لێ ســـەیدا بانـگ نەدایە. کەلەچیقەنا ناڤا ڕۆژێ یە. ڤان چاخێن سالێ گوندی هەر یەکی ب ئالیکی ڤـە دچن. پالیێ، ئاڤـدانێ، ئاشـیـڤێ، جۆتکرنێ، کۆلانێ هتد.. وەهرتیا گوندانە. ڤێجا کا ئەو چاڤپێڤـیـچ پیشێ وێ ل ور هەبوو؟ ژ ناڤ بەخچە هێدی هێـدی ب هەوا دکـەت و بەر ب گـوند دهات. شـیـقـە ـ شیقەک دکر. تێ بگۆتا ئاگر ژ دەڤ دبارە. دگۆت:

ـ ل نەدیتی و نەبینایی، مـێـرێ وێ ژنێ و سافـۆ ل ناڤ بەخچە ل جەم هەڤ دیتنە. ئێدی کێر دابوو هەستی.

ب خوە دەنگ ژ مێرێ سافۆ دەرنەکەت.گۆت:

ـ گوندی نەبوویان ل پیرەکا من دکن.

گوندییا وەها قیم پێ نەئانین. زەخت ل خێرۆ زێدە کرن. فتنەکە مەزن وێ چێبـووبا د گوند دە. ڕابوو خێـرۆ مال ژ گوند بار کر. چوو باژێر. ناڤ کەتە پەی وان دە. مالـبـاتا سافـیا پێ حەسیـان، پێنج برایێن وێ هەبوون. چاران ژێ خوە بێدەنگ کرن. لێ یەکی ژ وان گۆت:

ـ ئەڤ ل سافۆ ناچە.

سافـیا جارەکی خواست کو سـەرەکی ل مالا باڤێ خوە بخە. هنان گۆت:

ـ خـوە کـورکـرێ، وەللاه کـو تو بچی، برایێ تە ئەوێ دەربەکێ ل تە بخن.

ترس کـەتە دلێ وێ، ڕابوو چوونا مـالـبـابا خـوە بەردا عـەردێ. هەتیکەتی و ڕووڕەشی ل دەرا ها... ڕحـەتی ژێ ڕە نەمابوو. کەسی ژێ ڕە نەدگۆت خێرە. ناڤەکی نەباش ل پەی خستـبوون. ئێدی وێ ژی نزانیبـوو چ ب سەرێ خوە بکە. چاوا کو مرۆڤ بێژن ئەڤ کـەسا ها دینە، دینە... پشتی دەمەکێ ئێدی ئەو ژی بەر ب دینیتیا خوە وەرە.

سافۆ ژی وەها کر. گۆت: "مادەمکی ئەڤ ناڤ پەی من خـستن و ئەز نەخـوەدیێ بووبینا بووم. ئەز پێ بچـووک بووم، ئەز پێ کەتم قەدر و قیمەت نەما ژ من ڕە."

ڤـێـجـا ، ڕۆژەکێ ڕادبە وەکی حرمـەتان بێـژە چقـاس شـووغلێ مـالێ هەبوویە، تەڤ دە دکـە. سـەر و جلکێ زارۆکێن خوە دشۆ،تەنوورەک نانێ وان چێدکە، هاویردۆرێ خوە ددە هەڤ و د ناڤەکێ دە لێ دخەدشە دگەهە مـێرک. چوو سەر مالێ دە ڕوونشت.

گۆت:

ـ وەکی هەر کەس دبێژە سافۆ و خێرۆ وسا کرن، ناخوە بلا ئەشکەرە ببە.

سافـیا هایا وێ ژ بابێ فەلەکێ تو نەبوو، نزانیبـوو چ ل پێشـیا وێ یە. یا کـو ژ خوە ڕە دگۆت، هەکە چەند ڕۆژان ببە پـتـەپـتـا نۆڤـا ب ناڤ سـەرێ وێ دە، چەندەکی دن، ژ خوە ڕە ئەوێ ژێ ڕوونە. نیـزانیـبوو بێژە نۆڤا چقاس ژێ تژی بوویە.

پشتی وێ عەجێبا مەزن کەس ل تەرمێ سافیا ژێ نەبوو خوەدی. هنان ب خێرا خوە وێ ب جهکرن.

ئەو زارۆکا سەر دەستا، کەچک بوو، سپارتن مالا شێخ. پشـتی ڤێ بوویەرێ، نۆڤا کەتە حەبسێ. مێـرێ وێ یەکا دن ئانی. مێرێ سافـیا ژی یەکا دن ئانی. زارۆکێن سافیا هەتا گـهـان پڕ ڕەزیلتی ژ دەسـتێ ژنبـاڤێ کـشـاندن. لێ خویشکا وان گولشیـلان یا کو سـپـارتبوون مـالا شێخ، ژ خویشک و برایێن خوە پێتر ب شانس بوو.

سال چوون و هاتن، گولشیلانا مە مەزن بوو. وسا وسا لهەڤـهـاتی بوو، وسا سپـەهی بوو... یا ڕەببیـۆ! تو دبێی قەی شووشەکە لەمپێ یە. ئێ هایا هەر کەسی ژێ هەیە کو کەچک ل جەم شێـخـە، تو کەس سـەری پێ نەئێشـانـدیە، بەس خەلەکی وێ، چەند جاران ب سەبوونەتا سەردانا مالا شێخ سەری ل خوارزییا خوە ژی دخست. وی ژی تشتەک ژ خوە ڕە دگۆت. چاوا بە ئەم یێ هەڤن، خوین دکەلە، ئەمێ ڕۆژەکێ ل هەڤ خوەدی دەرکەڤن.

ڕۆژەکێ شێخ بانگی کەچکێ دکە، دبێژە:

لاوۆ، بارا من هەتا ب ڤـرە، شکر تو ژی گـهـا زەواجێ. ئێـدی تو ژی قـــیم بکە و هنەکی تە بڤێ هەبن، ئەم تە بزەوجینن؟

کەچک ژی دبێژە:

ـ ئەز بەنی کـورێ خـالەکی من هەیە، کـو ب دلی وی ژی بە، من ئەو دڤێ.

ڕادبە شێخ د جە دە بانگی خالێ کەچکێ دکە. دبێژە:

ـ وەرە بووکا خوە بووگهەزە.

خالێ وێ ل چ دگەڕیا. ئەو ژی ل تشتەکی وەها دگەڕیا.

**ئەڤ کـورتە چیـرۆکـە ژ پەرتووکـا (ئانتـۆلۆژییـا چیـرۆکـێن نووبهارێ) ڕووپەل ١١١-١١٤ هاتیـە وەرگرتن، کـو چاپا وێ یا یەکێ ل سالا ٢٠٠٨ێ ل ستەنبۆل هاتی چاپ و بەلاڤکرن. هەژی یە بێتە گۆتن کو چیرۆکنڤیس (ئە. وەللکی) ل سالا ١٩٧٣ێ ل گوندەکی هەسەنکێفێ ژدایکبوویەو خوەندنا لیسێ ل باتمانێ تەمام کرییە. پاشان چوویە ل ستەنبۆل ئاکنجی بوویە.**



# سێ چیرۆکی فۆلکلۆری ئەفریقی

**کۆکراوەی: مایکڵ ویست**
**لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی**
**(زانکۆی جیهان- هەولێر)**

**(١)**
**گوێلکی بزن**

جارێکی پڵینگێک و چەقەڵێک هێرشیان کردە سەر گوندێک. پڵینگەکە بزنێکی ڕفاند و چەقەڵەکەش مانگایەکی گرت. هەر کامەیان بزن و مانگایان بە جیا بردەوە بۆ ماڵی خۆیان.

پڵینگەکە زۆر تووڕە بوو، چونکی ئەو بزنی وەگیرکەوتبوو، کەچی چەقەڵەکە ببووە خاوەنی مانگایەک. شەو بە پێدزە خۆی گەیاندە ماڵی چەقەڵ و تەماشای کرد ئەوە مانگاکە گوێلکێکیشی بووە. ئیتر بەجارێ دەهری بوو، لە داخانا پڕی بە گوێلەکەدا کرد و بردییەوە ماڵی خۆی و لەلای بزنەکەی داینا.

ڕۆژێ دواتر پڵینگەکە چەقەڵەکەی لە نیزیک ماڵی خۆی دیت. چەقەڵ پێی گوت: «ئەرێ دەزانی من مانگایەکی جوانم هەیە و ئەتۆش هەر بزنێکی چکۆلەت هەیە». پڵینگەکە گوتی: «پەحح! بەڵام بزنی من گوێلکی بووە.» چەقەڵەکە گوتی: «باشە بزن چۆن گوێلکی دەبێت؟! شتی وا هەر نابێ. مانگا گوێلکی دەبێ، بەڵام بزن قەت گوێلکی نابێ، کەواتە ئەوە گوێلکی مانگای منە، ئەرێ ئەوە گوێلکی منە.»

پڵینگەکە پێی گوت: «وەرە با بچین بزنەکەم و گوێلکەکەی ببینین. چەقەڵەکە لەگەڵی چوو. کە چاوی بەگوێلکەکە کەوت گوتی: «ڕاستە ئەو گوێلکە لە پەنای بزنەکە ڕاوەستاوە، بەڵام خۆ ئەو بزنە دایکی گوێلکەکە نییە. باشە ئەگەر گوێلکێک لە پەنای ئەسپێک ڕاوەستێت، تۆ دەڵێی ئەو ئەسپە دایکی گوێلکەکەیە؟! نا، شتی وا نابێت. ئەمە هەر گوێلکی منە».

پڵینگەکە پێی گوت: «باوەڕم پێ ناکەی، با بچین لە کەر بپرسین. کەر چیمان پێ بڵێ بە قسەی دەکەین. هەر بۆیە شەڕ و شەرعەکەیان بردە لای کەر. کەرە لە پڵینگەکە دەترسا، بۆیە گوتی: «ئەو دەمانەی من تازەلاو بووم مانگا گوێلکیان دەبوو، بەلام ئاژەڵەکانی تر گوێلکیان نەدەبوو. دیارە لەو سەردەمەوە دنیا زۆر گۆڕاوە. ئێستا زۆر شتی تازە باو بووە. هەر ڕۆژێک شتێکی نوێ بەم ولاتە دادێت. کەواتە ڕەنگە ئێستا بزنیش گوێلکی ببێت.» چەقەڵ گوتی: «ئەم کەرە هیچ نازانێ و لە تۆش دەترسێ. دەچین لە سەگ دەپرسین.»

چوون بۆ لای سەگ و پرسیان بەو کرد. سەگەش لە پڵینگەکە دەترسا، بۆیە گوتی: «هەموو بزنێک وەک یەک نین. هەندێک بزن هەن مرۆڤ دەبنە خاوەنیان، هەندێکی تریان پڵینگ دەبن بە سێحەبیان. ئەو بزنانەی ئی مرۆڤن گوێلکیان نابێ، بەلام ئەو بزنانەی خاوەنەکانیان پڵینگن ڕەنگە گوێلکیان بێ.

من وەهای لێ دەزانم و ئاوای تێدەگەم.» چەقەڵ گوتی: «ئەم سەگە چون بەشەڕ دەرەقەتی تۆ نایە، ئەو شتە دەڵێ بە کەیفی تۆ بێت. دەچین لە پشیلە دەپرسین. ئەو زۆر پیرە و هەموو شتێکی لە بیرە.»

چوون بۆ لای پشیلەی پیر و پرسیان بەو کرد. پشیلەی پیر گوتی: «زەمانی زوو پاشای گشت ئاژەڵەکان گوتی: مانگاکان گوێلکیان دەبێ، شێرەکان بەچکە شێریان دەبێ، پڵینگەکان بەچکە پڵینگیان دەبێ. هەر ئاژەڵێک بەچکەکەی لە جنسی خۆی دەبێ، بەلام لەم دەورە و زەمانەیەدا خەڵک شتی سەیر سەیر دەکەن و وەک قەدیم ناژین، وەکو ئەو سەردەمانەی من گەنج بووم. ئێستا بڕۆن، دەمەوێ سەرخەوێک بشکێنم.»

پڵینگەکە گوتی: «دەی خۆ گوێت لێ بوو چییان گوت. کەرە و سەگە و پشیلە هەموو دانیان بەوە دانا کە ئەم گوێلکە گوێلکی منە.» چەقەڵەکە گوتی: «بەلام خۆ هێشتا نەچووین بۆ لای «تۆتا»ی مەیموون. «تۆتا لەسەر بەردێکی گەورە و بڵیند دادەنیشێ و تۆ دەستت پێی ڕاناگا، بۆیە لە تۆ ناترسێ و جێگای باوەڕیشە.»

هەربۆیە چوون بۆ لای تۆتای مەیموون. تۆتا لەسەر گاشەبەردیک هەڵتروشکابوو. گشت ئاژەڵەکان بۆ سەیری نێوبژیوانی مەیموون، کە هەموو شتێکی دەزانی، هاتبوون و لەوێندەر کۆ ببوونەوە.

تۆتا خەریک بوو نانی دەخوارد. پڵینگ و چەقەڵ باسی کێشەکەیان بۆ کرد. تۆتاش هەر سەری بە خواردنەکەیەوە گەرم بوو. پڵینگەکە گوتی: «ئەتۆ دەڵێی چی؟ ئایا ئەوە گوێلکی منە؟ دەکرێ بزن گوێلکی بێت؟»

مەیموونەکە بەردێکی چکۆلەی هەڵگرت و لەگاشەبەردەکەی ژێر خۆی خشاند. پڵینگەکە گوتی: «ئەوە چی دەکەی؟ بۆ وەلامم نادەیتەوە؟» مەیموونەکە گوتی: «من تازە لە خواردن بوومەتەوە. ئێستا دەمەوێ کەمێک گوێ بدەمە مۆسیقا.»

تۆتای مەیموون بەردەکەی دەستی لەبەردە گەورەکە هەڵدەسوو. پڵینگەکە گوتی: «ئەوە چی دەکەی؟» مەیموونەکە وەلامی دایەوە: «خەریکم مۆسیقا دەژەنم.» پڵینگەکە بەسەرسووڕمانەوە گوتی: «بەلام من دەنگی مۆسیقا نابیستم. مۆسیقا خۆ بە بەرد ناژەندرێت.»

مەیموونەکە گوتی: «ئەگەر بزن گوێلکی ببێت، ئەوە مۆسیقاش بە بەرد دەژەندرێت.»

پاشان گشت ئاژەڵەکان گوتیان: «هەی لەمنت کەوێ مەیموون! هەموو شتێک دەزانێ. ئەگەر مۆسیقا بە بەرد بژەندرێ ڕەنگە ئەو گوێلەکەش وەبەرپڵینگ بکەوێت.» پاشان چەقەڵەکە گوێلکی بردەوە بۆ ماڵی خۆی. پڵینگەکە گوتی: «حاح ح ح ح ح! ئەم ئاژەلانە هەر هیچ نازانن.»

## (۲)
## ئەو کەرەی گوناحی کردبوو

ڕۆژێکی شێر و پڵینگ و سەگ و کەرێک لە کێوێ دانیشتبوون. گەرما و بێ بارانییەکی سەیر بوو، ئاوی ڕووبار ویشکی کردبوو، مەزرا و مووچە حاسڵی بە بەرەوە نەمابوو، هیچ خواردنێک وەگیر نەدەکەوت.

شێر گوتی: «ئەوە بۆ دنیا ئاوا بە قوڕ گیراوە؟ نە باران دەبارێ و نە شتێک بۆ خواردن وەچنگ دەکەوێ. پێم وابێ یەکێ لە ئێمە گوناحی کردووە خواش لێمان تووڕە بووە.»

پڵینگ گوتی: «بەڵێ، دەبێ یەکێ لە ئێمە گوناحی کردبێت.» سەگە گوتی: «خاترجەم یەکێ لە ئێمە هەر گوناحبارە.» پاشان کەرەکە گوتی: «وەرن با هەموومان دان بەگوناحەکانمان دابنێین، ئیتر خوا تووڕە نابێ و بارانمان بۆ دادەبارێنێ.»

شێـر دەسـتی پێکرد و گـوتی: «گـوناح گـوناحی منە. جـارێکی نیـزیک گـوند، مـانگای پیـاوێکی هەژارم وەدەست کەوت. لەبەر یەکم هەڵدڕی و خواردم.» ئەوانی تر کە لە شێر دەترسان گوتیان: «نا! نا! ئەمە هەر گوناح نییە!.»

پڵـینگ گـوتی: «گـوناح گـوناحی منە. جـارێکیـان پیرێژنێک بزنێکی پێ بوو، هەر ئەوەندەی لێی دەرپەڕیم، پیـرێژن ڕای کرد و هەڵات. منیش نەمکرد بە نامەردی و بزنەکەیم لێ کوشت.» ئەوانی تر گوتیان: نا! نا! جا ئەمە کوا گوناحە؟!»

سەگە گوتی: «کیـژێکی چکۆلانە پشیلەیەکی هەبوو زۆری خۆش دەویست. لەگەڵ پشیلەکەی لێم بوو بەشەڕ و کوشـتم.» ئەوانی تر گـوتیـان: «مـاڵت نەشێـوێ، ئەوە بۆ گوناحە؟!»

پاشـان ئەو سێـیـانەی تر چاویان بڕییە کـەرەکە. کـەرە گـوتی: «وەڵڵاهی جـارێکی لەگـەڵ کـابرای خـاوەنم دەگەڕاینەوە بۆ ناو گوند. خاوەنەکەم لە شوێنێک ڕاوەستا و لەگەڵ پیاوێکی دۆستی کەوتە قسەکردن، منیش لام کردەوە و هێندێک لە گژوگیای کەنار ڕێگاکەم خوارد.»

ئەوانی تر گوتیـان: «حەی حەی حەی لەو گوناحە زلە! وەباڵ بە ئەستۆمان گوناحت زۆر گەورەیە. ئەوە بۆیە خودا ئاوا لێـمـان بە قـینە و بارانمان بۆ نابارێنێ.» هەمـوویان پەلاماری کەرەیان دا و کوشتیان و زگیان لێ تێر کرد.

## (٣)
## قووڕ! قووڕ!

ئەسـتێـر شوێنێکی بچکۆلەیە کەمە ئاوێکی تێـدایە. ئەسـتێـر پڕن لە بۆق. بۆقی ناو ئەسـتێر دەیکەن بە هەرا هەرا و زەنا زەنا. ئەم بۆقـانە دەڵێن چی؟ دەڵێن چی؟ دەڵێن قووڕ! قووڕ! ئەم بۆقانە بۆ دەقیرێنن؟ با بزانین.

جارێکی لە نیـزیک گوندێک ئەسـتێرێک هەبوو. ئەم ئەسـتێـرە بۆقـێکی زۆری تێـدابوو، بەڵام ئەم بۆقـانە بێ دەنگ بوون و نەیاندەقیراند.

ڕۆژێکی گوندەکە ئاگری تێبەر بوو. ئاگر کەوتە یەکێک لە مـاڵەکـانەوە، تا دەهات ئاگـرەکـە زیاتر تەشـەنەی دەسـتاند و بەربڵاوتر دەبوو. دەسبـەجێ دوو ماڵ بە ئاگر تەخت و خاپوور کران.

شـاژنی بۆقـەکـان گـوتی: «قـووڕڕ! قـووڕڕ!» پاشـای بۆقەکان لە شاژنی خێزانی پرسی: «ئەوە بۆ دەقیرێنی؟» شـاژن وەڵامی دایەوە: «لەبەر ئەوەی دوو مـاڵ بەجـارێ سـووتان. هەر ئێـسـتـا گـشت گـوندەکـەش بەم ئاگـرە دەسووتێ.»

پاشـا گوتی: ڕاسـتە گـوند دەسووتێ، بەڵام ئەی بۆ من ناقیـرێنم. گوند دەسووتێ، بەڵام ئەم ئەستێرە ناسووتێ. ئاو ئاگر ناگرێ. ئێمە جێگامان جێی مەترسی نییە. لێرە دانیشتووین و خەممان نییە. ئێمە ناسووتێین. لەناو ئەم ئاوەدا گیانمان سەلامەتە.»

شاژنی بۆقەکان گوتی: «ئێستا بەڵێ سەلامەتین، بەڵام هەروا لای تاوێکی تر وا نابین. خـەڵک هەمـوو هورووژمـان دەکـەنە سەر و دێن بۆ کوژانەوەی ئاگرەکەیان لەم ئەسـتێـرە ئاو دەبەن. سەتڵەکانیان پڕ لەئاو دەکەن، ئێـمـەش دەکـەوینە نێـو سـەتڵـەکـانەوە و ئەو جار لەگـەڵ ئاوەکـە بە ئاگـرەکـەمـان دادەکـەن و ئیـتـر ئێـمـەش دەسووتێین.»

پاشـا گـوتی: «قـووڕ! قـووڕ! خـوایە ئەوەمـان بەسـەر نەیەنی. خـوایە لەم بەڵایە ڕزگـارمـان کـەی. «گـشت بۆقـەکـانی تریش ئەمـەیان بیـست و دەسـتیـان کـرد بە قیراندن و پاڕانەوە: قووڕ! قووڕ!

لەو ڕۆژەوە هەمـوو بۆقەکان دەپاڕێنەوە و دەڵێن: قووڕ! قووڕ!

**سەرچاوە:**

**The Golden Earth and Other African Folk Tales. By: Michael West. 1976.**



# خەمەکانی لێبوکی سێرک (١)

## «سیناریۆیەکە لە هەژدە تابلۆدا»

میهای زامفێر(٢)
لە عەرەبییەوە: دانا ڕەئووف
(سوێد)

**تابلۆی یەکەم**
**لە سەرەمەرگدا**

لە گۆڕەپانی سێرکدا، هەموو دەموچاوەکان دابەش بوون و هەموو پانتاییەکانیان پڕکردۆتەوە. دەموچاوی ماندوو کە زەمەنێکی تر دروستی کردوون، گۆڕاون، پێکهێنەرەکانیان کورت بۆتەوە. هەموو سیما ڕەنگاوڕەنگەکان سەیری (ئانا) دەکەن کە لە سەرەمەرگدایە و گیان دەدات.

سێرکەوانەکان بەسەر بۆشاییە فراوان و گوریس و پەنجەرە والآ و ڕەنگاوڕەنگەکاندا دابەش بوون.

ڕیتمەکانیان دەوەستێت. ئەژنۆکانیان دەشکێت و وەک گوریسێک لەسەر ئەرزەکە بلاّودەبنەوە و واز لە گەمە و پاڵەوانبازی و گوریسەکانی دەستیان دێنن.

بێ دەنگییەکی گەورە و ڕەها باڵی بەسەر هۆڵی سێرکەکەدا کێشاوە.

**تابلۆی دووەم**

ئەسپەکان، وەک ئەوەی لە دۆزەخ ڕایان کردبێت، ترس دایگرتوون. لە ناوەڕاستی بیابانێکی بەرین و بێ سنووردا، هەناسەبڕکێیانە و لە ئاسمانێکی بێ کۆتادا شێتانە و بێ پەروا دەحیلێنن.

**تابلۆی سێیەم**

لێبوکێک لە ڕاڕەوە دوورودرێژە لماوییەکاندا گالیسکەیەکی گران ڕادەکێشێت. جەستەی "ئانا" ی لەسەر ڕاکشاوە.

لێبوکە قژ بژ و قژ ڕەنگاوڕەنگەکان، وەک پرچی ئایشە و فاتمە چواردەوریان داوە.

**تابلۆی چوارەم**

زریانێکی گا قۆچ وەشێنەکان بیابانەکە دەبڕێت.

**تابلۆی پێنجەم**

گالیسکە ماندووەکە، بە هەنگاوی کورت کورت "ئانا" ڕادەکێشێت، ئەو تێکشکاوەی کە هەموو سیمایەکی شارستانی لە چاوەکانیدا تواوەتەوە. لێبوکەکان لە ئاگراوییەکەی بیابان خواردوونی.

دارستانێک لە دەموچاو و سیمای لێبوکەکان لە چەقی پێدەشتەکەدا کۆمەڵ بوون.

**تابلۆی شەشەم**

**بەخاکسپاردن**

زەریاچەیەکی سەهۆڵبەندان، باڵندەی نەوڕەسیش بە شێوەیەکی چڕ وەک پەڵە هەورێکی گەورە بەسەر زەریاچەکەدا دەفڕن.

شێوەی دڕندە، سیمای ڕەنگاوڕەنگ، جەستە کۆم و گرگنەکان، جەستەی زەبەلاح و هەندێکی شڕ و لاواز و ڕەنگپەڕیو، هی تری زۆر گەورە و هەلاوساو لە دەوری جەستەی "ئانا" کۆبوونەتەوە.

**تابلۆی حەوتەم**

نەوڕەسەکان شێتانە باڵەفڕکێ دەکەن و بێ دەنگییە ترسناکە تێکدەشکێنن.

**تابلۆی هەشتەم**

لێبوکەکان بەناو شەقام و کۆڵانە باریک و ڕەنگاوڕەنگەکانی شارێکی پڕ لە هاتوهاوار و جەنجاڵدا دەگەڕێن.

لەبەردەم تابلۆی پڕوپاگەندەیەکی پڕشنگداری گەورەدا ڕادەمێنن. تابلۆکە هەڵدەکشێت و لە شوێنی خۆیەوە دەست دەکات بە گەورەبوون تا هەموو بەشەکانی ئەو ئافرەتە دەئاوسێ کە بەشێکی گرنگی پێکهێنابوو.

**تابلۆی نۆیەم**

**تاوانبارکردن**

سێ پیاو، هەروەک ئەوەی لە زەمانێکی ڕابردووەوە بە هەڵەداوان هاتبن، دەستیان بەرەو ڕوو درێژکراوە.

– تۆ بوویت لە بەرگی لێبوکدا خۆت شاردبووەوە.

ئەو ئافرەتەی لە وێنەی پڕوپاگەندەکەدا بوو، شێوەی لێبوک دەگرێتە خۆ.

– دە ساڵە بینەران، بانگهێشت کراون گوێ لە ئاهەنگی مۆسیقاکەت بگرن، هێشتاش هەر چاوەڕوانن، نەنووستوون، نانیان نەخواردووە، دانەنیشتوون، باوێشکیان نەداوە، نەپژمیون و فزەیان لێوە نەهاتووە.

**تابلۆی دەیەم**

هۆڵێکی ئێجگار فراوان: پڕە لە هەڵمێکی سپی خەست و لێڵ، هیچ نابینرێت.

ئامێرێکی پیانۆ لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانراوە، هۆڵەکە بە تەواوەتی داخراوە.

دارستانێکی گیانە هەلاوساوەکان هەموو پانتایی و بارستەی هۆڵەکەیان تەنیوە، لێبوکێک کە لەبەردەم پیانۆکەدایە، جووڵەی لەشە نامۆکان دەپشکنێ.

دەنگە تیژەکان داوای مۆسیقای لێدەکەن، ڕووناکی کامێراکان پەخش دەبێت، ڕۆژنامەنووسەکانیش بەبێ دەنگی چاودێری دەکەن. ناتوانێ پیانۆکە بژەنێت... ئەو نییە ... لێبوکەکەیە.

چەپڵەڕێزانێکی توندوتیژ. لێبوکەکە دەمرێت.

**تابلۆی یازدە**

هۆڵەکە بەتاڵە ... لێبوکە کۆم و گرگنەکان بەسەر ئامێری پیانۆکەدا دابەش بوون.

**تابلۆی دوازدە**

لێبوکە گرگنەکان لە ناوەڕاستی بیابانێکدا ڕادەکەن.

**تابلۆی سێزدە**

لێبوکێک بەناو شەقامەکانی شاردا دەگەڕێت، لە جووڵە و ئەو هاتوهاوار و جەنجاڵییە ورد دەبێتەوە.

سەرلەنوێ سێ پیاوەکە .... جارێکی تر پڕوپاگەندە پڕشنگدارەکە.

– دە ساڵە بینەرانی یاریگای شەڕە قۆچی گاکان چاوەڕوانن، ڕانەوەستاون، نەپژمیون، نانیان نەخواردووە، باوێشکیان نەداوە، نەنووستوون، قسەیان نەکردووە، نەچوونەتە سەر پێشاو.

**تابلۆی چواردە**

یاریگاکە پڕ بووە لە بینەران ... ڕوخسار و شێوەکان، زۆربەی سیماکانیان بزر کردووە.

گایەکی قۆچوەشێنی تووڕە و هەژاو، فڕێ دەدرێتە ناوەندی گۆڕەپانەکەوە... گاکە قۆچەکانی دەچەقێنێتە گیانی لێبوکەکەوە. لێبوک دەمرێت.

## تابلۆی پازدە
نەورەسەکان بە غەمباری بەسەر زەریاچە سەهۆڵبەندانەکەدا هەڵنیشتوون.

## تابلۆی شازدە
لێبوک لە بەردەم دەرگەی تیاترۆخانەیەکی شەوانەدا وەستاوە. ریکلامی پرشنگداری جەستەی ئافرەتێکی دڕندە هەموو پانتایی خانووبەرەکە دەگرێتەوە ... سەرلەنوێ سێ پیاوەکە.
ریکلامی پروپاگەندە پرشنگدارەکان دەبنە جەستەی ئافرەتی دڕندەئاسا.
دە ساڵە یاری تۆپی سەبەتە وەستاوە.
دە ساڵە بینەران شێتیان نەکردووە.
نەنووستوون.
قسەیان نەکردووە.

## تابلۆی حەڤدە
یاریگەیەکی تۆپی سەبەتە، تەمومژ بینەران و یاریگەکەی داپۆشیوە. وێنەگر و ڕۆژنامەنووسەکان لە دەوری لێبوک کۆبوونەتەوە.
چەپڵە، هاوار: لێبوک لە ناوەڕاستی یاریگەکەدایە.
ئامێری تۆمارکردنی گۆڵەکان، دوای ئەوەی ئاماژەی ئەوە دەکات کە ژمارەی گۆڵەکان گەیشتوونەتە ئاستی بێ پایان، دەوەستێت. هەزاران تۆپ بەسەر سەری لێبوکدا دەبارێت.
لێبوک دەمرێت.

## تابلۆی هەژدە
تابلۆی یەکەم دووبارە دەبێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

**(١) ئەم سیناریۆیە لە گۆڤاری (الأسفار)ی ساڵی ١٩٨٢، لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە و د. صلاح القصب لە ڕۆمانییەوە کردوویەتی بە عەرەبی. هەر د. صلاح القصب خۆی ئەم سیناریۆیەی وەک نمایشێکی وێنەئامێزی بەرز، لەگەڵ قوتابییەکانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی ئەوکاتەدا نمایش کرد و بەشێک لە قوتابییە کوردەکانیشی تێدا بەشداربوون.**

**بەڕێکەوت لەم ڕۆژانەدا ئەم وەرگێڕانەی خۆمم دۆزییەوە، پێیدا چوومەوە و هەندێک دەستکاری کەمم لێرە و لەوێی تێکستەکەدا کردووە.**

**(٢) نووسەری ڕۆمانی (میهای زامفیر) لە ساڵی ١٩٥٢ لەدایک بووە، بە یەکێک لە ڕیژیسۆر، نووسەر و شاعیرە لاوە بەتوانا پێشڕەوەکانی ڕۆمانیا دادەنرێت، بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا.**

**چەند وشەیەک سەبارەت بە سیناریۆکە:**

**(خەمەکانی لێبوکی سێرک) باسی لێبوکێک دەکات، وێڵ و سەرگەردانە بە دوای ژنەکەیدا، بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە و بەبێ وچان لە گەڕانێکی بێ ئاکامدایە. ئەم لێبوکە بەردەوام لە خەونەکانیدا بە ژنەکەی شاد دەبێتەوە، خەونەکانی جوان و ڕەنگاوڕەنگن و ئازار و ژانەکانی لێبوکەکانمان لە پانتاییەکی هێماگەلی ناتەبادا بۆ بەرجەستە دەکات.**

**لە خەونەکانیدا لە خۆیەوە. لە ساتە پڕ لە خەندە و پێکەنیناوییەکانییەوە، بۆ ساتە تەنیا و ژانە بەسۆکانی، ژیانی گەڕۆکی و گەمەی لێبوکەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و ئاماژەیە، ئەوەیە کە ئەم لێبوکە و هەمیشە لە ترۆپکی خەونەکانیدا، بەرلەوەی بگاتە مەرامەکانی بەئاگا دێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژیان و واقیعە تاڵ و دڵتەزێنەکەی خۆی و ڕووبەڕووی ڕاستییەکان دەبێتەوە.**

**ئەم گەڕانە پڕ لە ژانەی لێبوکەکە لە ڕیتواڵێکی نامۆ و تێکەڵ بوون و پێکداچوونی چەندین ئاست و بۆچوون و وێنەی سوریالی و هێماگەل و خەونی چڕوپڕدا پێکدێت. هەندێک جاریش و لە چاوترووکانێکدا، وەک برووسکەیەکی خێرا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ناو واقیع.**

**دەستڕەنگینی نووسەر لەوەدایە کە بە شێوازێکی جوان و لە بەرگێکی دوور لە بنەما لۆژیکییەکانەوە، وەک ڕیژیسۆرێکی سینەمایی و لە دەرەوەی زەمەن و شوێنێکی دیاریکراوەوە ڕووداوەکانی بەرجەستە کردووە. حاڵەتە خودی و بارە دەروونییەکان لە شوێنێکی تەلیسماوی و پانتاییەکی خەونئامێزدا سەقامگیر دەبن. هەر لەم دیدەشەوە دەبنە شیعرێکی باڵا و لە کۆمەڵێ وێنە و بزاوتی سەمائامێزدا، بە شێوەیەکی بزۆز و نەسرەوتوو دەردەکەون.**

**تێبینی:**

**هیچ کەس و گرووپێک بەبێ ڕەزامەندی وەرگێڕ، مافی بەکارهێنانی ئەم تێکستەی بۆ شانۆ و سینەما و هەر جۆرە پرۆژەیەکی تر نییە.**

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری الأسفار، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٨٢، بەغدا.**

# سامان سوا

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

سی ساڵی ڕەبەق...! ڕەنگە بڕوام پێ نەکەن، بەڵام سێ و دووی لێ مەکەن و ئەوی ئیمشۆ بۆتانی باس دەکەم وەک مێوژاوی ترێ ڕەشەی دارستانەکانی سەردەشت هەڵیلووشن. ئاخە سی ساڵی ڕەبەقە بە هیوای ئەوەم سەربوردەی خۆم و کابرای قەدەک مۆر و قەدەک نارنجی بۆ نووسەرێک بگێڕمەوە و ئەویش بیکاتە چیرۆک و لە جیهاندا بڵاوی کاتەوە. بڵێی لەپاش بڵاوبوونەوەی چیرۆکی ئەم سەربوردەیە، کەسێک ئەم حەساووکتاوەم بۆ لێک نەداتەوە و شتێکم لێ حاڵی نەکا؟!

بڕوا بکەن ڕێک سی ساڵە لە لایەکەوە ئەم ڕووداوانە بوونەتە هەوێنی مەستی لاوەتی و سەرخۆشی بەساڵاچوویيم و لەولاوە بوونەتەوە مایەی ژان و ڕەنج و زام و چارەڕەشیم. ئەوا ڕاست سی ساڵە لەم شەرابە دەنۆشم و سەرخۆش و ئەغیار دەبم و ئەمجار خۆم دەخۆمەوە، دەڕشێمەوە و دەناڵێنم. سی ساڵە لە سایەی ئەم ڕووداوەدا خۆش دەبم و باڵ دەگرم و هەڵدەفڕم و لە بەهەشتدا دەنیشمەوە و لەبەر ئێش و ژان و مەراقی ئەم فیکرە لە دۆزەخێکی تایبەتدا دەسووتێم و دەتلێمەوە و دەناڵێنم! ئای لەو سەرخۆشییە و وەی لەم ڕەنج و مەراقە....

ڕێک سی ساڵ لەمەوبەر کە ئەوکات سی ساڵم تەمەن بوو، چاوەڕوانی وەدی هاتنی خەونێک بووم کە یەکەم شەوی هاتنە سەر دنیام، باوکم ئەو خەونەی بۆ بینیبووم. ئەو عەیام باوکم شەست ساڵان بوو، بەڵام شەست ساڵانێکی زۆر پیر و سەر و ڕدێن سپی و بە قەڵافەت بەساڵاچووی پەککەوتەی گەردەنشین. وەک خۆی دەیگێڕاوە، سی ساڵ لەوەبەر، لە تەمەنی سی ساڵاندا، ڕایەک لە خەوا پێیان وتبوو: (مەبە مشکی سەر خەزێنە! هەستە وەرە بۆ "سەفا"!)

یەکەم کەڕەت کە ئەم خەونەی بینیبوو زۆری کار تێ نەکردبوو. لەپاش یەک دوو حەوتوو هەمیسان خەونەکە دووپات ببۆوە. ئەم جارەش گوێی نەدابوویە. لەپاش حەوتوویەک و دووان دیسانەکەش خەونەکەی بینیبۆوە. وەک خۆی دەیگێڕێتەوە پێ ملی و تەوگازەی دەنگی ناو خەونەکە نەببوو، هەتا وای لێ هاتبوو هەموو شەوێک دوو کەڕەت و سێ کەڕەت ئەم گازەیە ئێخە و بەربینگی دەگرێ، بەڵام باوکەش بەوە ڕادێ و گوێ ناداتێ و دوای قسەکە ناکەوێ.

چوار پێنج مانگ تێپەڕ دەبێ و کاتی دروێنە دەگاتێ. باوکم بە ڕۆژدا لە دەشتە سووتاوی دوور لە گوندەکەیان سەرقاڵی دروێنەی جۆ دەبێ. شەوێک سەعاتێک لەپاش بانگی خەوتنان، لەپاش شێو کردن و لە کاتی ماڵ خەوتناندا لە دەشتە سووتاوەوە بۆ ژوانی دەسگیرانەکەی

بەرەو گوند دەگەڕێتەوە، کەچی لە حاندی سەرچاوەی بەدەرکەوتنی ئاوی کارێزە لەمێژینەکەی شانی گوندەکەدا، کە لە سەرەتای گۆڕستانی گوندەکەدایە، دوو زەلامی نامۆی دزێوی چاوپێدەکەوێ کە دەسگیرانەکەشی لەگەڵیاندا و لەنێوەڕاستیاندایە.

هەرسێکیان قاقا پێی پێدەکەنن، قاقا دەکێشن، بەم لاو ئەولادا دەشەکێنەوە، دەتریقێنەوە و گاڵتەی پێ دەکەن. وەک خۆی دەیگێڕاوە بە داسەوە هەڵدەکوتێتە سەریان، کەچی هەنگاوێکی دەمێنێ بیانگاتێ، عەرز دەیگرێ! لە حاندی خۆی دەبێتە پەیکەرە بەردینەیەکی بەبێ ڕوح و نە ئەمساڵ لەو شوێنەیان داچەقاندووە و نە پار! کەچی برێ لەم دۆخەدا دەمێنێتەوە، تا یەکێک لەم دوو زەلامە کە دەسگیرانەکەی لە نێوەڕاستیاندایە، لێی دێتە پێشەوە. بە هەموو کەیفی خۆی شەپلاخەیەکی لێ ڕادەکێشێ و پێی دەڵێ:

"یان زۆرانبازێمان دەگەڵدا دەکەی و هاتوو توانیت بە عەرزماندا دەی، دەسگیرانی خۆت وەچنگ دەکەوێتەوە، یان ئەوەیە ئێمە تۆ بە عەرزدا دەدەین و ئەم کیژۆڵە خانمە دەگەڵ خۆماندا دەبەین و دەڕۆین."

وەک باوکم خۆی دەیگێڕێتەوە، لەپاش ئەوەی شەپلاخەیەکی لێ ڕادەکێشن، ڕادەچەنێ و وەخۆ دێتەوە. جا هەنگاوێک دێتە پێشەوە. دەنەڕێنێ: ئەوە منتان نەناسیوە، لە پێش ئەوەیدا لە ناوتان بەرم، ناوی خۆتان بلێن!

یەکیان دەنەڕێنێ: بە من دەڵێن "پۆڵا" ئەسکەندەر من کوشتم...

ئەوی دیکەشیان دەڵێ: بە من دەڵێن "ئەڵماس" ڕۆستەمی داستان من کوشتم...

دەسگیرانەکەشی دەنازێنێ: بە من دەڵێن فەرەلوقا، دە "ئەرسەلان" بەو ڕزگارم کە...

ئەمجار هەردوو زەلامەکە پێکەوە دەنەڕێنن: لە تۆقی سەرتەوە، بەرەو نێوچەوان و بەسەر لووت و چەناگەتدا، بە قوولکەی ملتدا و بە نێوەڕاستی سنگ و زگتدا، بەرەو خوار، خشت دەتبڕین و دەتکەین بە دوو کوت و هەر کوتێکت دەهاوینە بەر سەگی کۆلانێک، ئەوە فێر دەبی لە حاندی ئێمە زبانت دەگەڕێ؟

باوکم هەروەک خۆی دەیگێڕاوە، لەپاش ئەم هەڕەشە و شاتوشووتە، پۆڵا هەڵدەکوتێتە سەر باوکە، باوەش بە نێوقەدیدا دەکا و دەیگوشێ. ئەوەندەی دەگوشێ و دەگوشێ و دەگوشێ، ئارەقە وەک ئاوی کانی لە ئازای ئەندامییەوە هەڵدەقوڵێ و باوکم چەندە دەنەڕێنێ و دەگوڕێنێ و دەپاڕێتەوە و دەلالێتەوە، پۆڵا بەری نادا و نادا و نادا، تا باوکم لە سەرخۆ دەچێ.

ڕۆژی دوایی باوکی باوکم (کە دەبێتە باوەگەورەی من) بەو شوێنەدا ڕادەبووڕێ تا بچێتە دەشتە سووتاو، تەماشا دەکا ئەوە باوکم بەبێ سەر و زمان کەوتووە، لە خاکوخۆڵ گەوزاوە و نە ئەمساڵ تەواو بووە و نە پار. وەک باوکم خۆی بۆمی دەگێڕاوە، هەڵیدەگرنەوە، دەیبەنەوە ماڵێ، ئاوی ساردی بەسەروچاودا دەپرژێنن و بەڵام... بەڵام کە دێتەوە خۆ، شێت، هەی شێت. هەڵیدەگرن، دەیبەنەوە ماڵە شێخ – شێخ بە بابەوەی لەبەر مرم ـ باوکم بە کۆڵەکەی تەویلەوە دەبەستێ. بە سەتڵ ئاوی ساردی بەسەر و پۆتراکدا دەکەن و بە شووڵە تەڕ دەیکوتن! بە حوکمی شێخ و بە حوززووری خۆی دانە ڕۆژێکی ڕێک بە شووڵە تەڕ دارکاری دەکەن تا لە سەرخۆی دەچێ، ئەمجار بە سەتڵ ئاوی ساردی بەسەر و گوێلاکدا دەکەن تا وەخۆ دێتەوە... هەمیسان بە شووڵە تەڕ....

جا کە بۆ جاری چەندەم باوکم لە سەرخۆی دەچێ و ئەوەندەی ئاوی ساردی بەسەر و پۆتراکدا دەکەن، وەهۆش نایەتەوە، شێخ دەفەرمێ بیبەنەوە، عەلەمی تێدا نەماوە.

باوکم دێننەوە ماڵێ، فەرمایشی شێخ وایە، کە باوکم دێتەوە خۆ عەلەمی تێدا نەماوە و نەک هەر شێت نییە، لە هەموو عاقڵێک عاقڵترە، بەڵام دوو سێ حەوتوو بە جێویان دەکەوێ و توانای دەروژوور کردنی نابێ. هاکا بەرە بەرە گوڕ و تینێکی تێوەدێ و دەتوانێ بێ و بڕوا و دەروژوور بکا. شەوێک مەرج دەبەستێ هەر لە سبەی ڕا بچێتەوە سەر دروێنەکەی، کەچی هەر ئەو شەوە خەون دەبینێ.

وەک خۆی دەیگێڕاوە: تەماشا دەکەم، بە نێوەڕاستی دۆڵێکدا دەڕۆم کە ڕووبار و شیناوەرد و سەوزەڵان و دار و درەختە. شانی ڕاستی کۆسارێکە و بە چیمەن و گوڵی سوور ڕازاوەتەوە. شانی چەپیشی هەر کۆسارە و بە گوڵی زەرد و چیمەن نەخشێندراوە. هەستم بە دەنگی گۆرانی و بۆنی کەباب کرد. هەستم دەکرد تارماییەکی وەکو دەسگیرانەکەم جاروبار بە بەرچاوما بە لەنجەولار، دێ و دەڕوا. لەپاش قەدەرێک، دەنگێک هەرای لێم کرد: "نەهاتی... نەهاتی... لە زەرەری... ئێرەیە سەفاااوا... سەفاااوا ئێرەیە..."

سبەی کە ماڵ لە خەو هەڵدەستێ باوکم نەماوە. مانگێکی ڕاست بەبێ سەروشوێن دەبێ و کەس بە باس و هەواڵی نازانێ. وەک خۆی دەیگێڕێتەوە کە لە ماڵەباب ڕادەکا، هەر بە پرسیار کردن بەرەو "سەفااوا" دەڕوا. کە سەفااوا دەدۆزێتەوە و دەگاتە ئەو گوندە، تێکەڵ بە خەڵکی ئەوێ دەبێ. خەڵکی ئەوێ، لە گەورە و ئاغا و شێخ و مەلا و سەیی حاشا لەوە دەکەن کە بانگیان کردبێ، بەڵام ئەمەشی پێ دەڵێن کە خوا بەسەری کردۆتەوە؛ "باز"ی لەسەر نیشتووە.

پازدە بیست ڕۆژێ لە ناویاندا دەبێ. سەیرانی باخ و مەزرا دەکا. خانەقا و بارەگا و مزگەوت و مەزارگەی لێ دەبێ. سەردانی ئەم شوێنانە دەکا. دەگەڵ کەسانێکی دیکەدا دێ و دەڕوا و عیبادەت دەکا و دەخوا و دەخەوێ. ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە باخێکدا تووشی بە تووشی زەلامێکەوە دەبێ. نەقڵی خۆی بۆ زەلامەکە دەگێڕێتەوە، زەلامەکە زەم و لۆمەی گەورە گەورەکانی "سەفااوا" دەکا. باوکیشم هیچ بەرپەرچی قسەکانی ناداتەوە! گوێی بۆ شل دەکا و چ ناڵێ، بەڵام فکرێکی لێ پەیدا دەبێ، هەر ئەو شەوە گەورە گەورەکانی ئەوێندەرێ پێی دەڵێن: ئەم ماوەیە لێرە بووی تاقی کردنەوە بوو، دەمانەویست بزانین شیاوی ئێرە هەی یان نا؟ دەبێ بڕۆیەوە. لە دەستت هات سەردانمان بکەوە، داهاتوو دەری دەخا چیت لە قوون و هونەردایە...

ئیدی وەک خۆم لە یادمە، سەفااوا لێی ببووە ئاوات و خەون و خولیا. چەند ساڵ جارێک دەچوو و دەهاتەوە، ئەگینا ئەوەندەی لە ماڵەوە بایە ڕۆژێ دانێک دەچووە کار و دانی پاش نیوەڕۆ لە دەرکوبانی ماڵ و لە دەرکوبانی بەر مزگەوت و لەبەر مەیانی نێو دێ، دەهات و دەچوو و دادەنیشت و لە گوێی خۆڕایی دەگەڕا باسی سەفااوای بۆ بکات و باسی ئەولایە ببووە بنێشتەخۆشەی سەر زاری و لەم قسە و باسە بەو لاوە هیچی نەدەزانی.

خەونەکەی منیش شتێکی ئاوا بوو. بانگ دەکرام بۆ سەفااوا. ئەگینا زۆر شەوان لە خەومدا بە نێو جەنگەڵستان و سارات و باغستانی سەوزەڵان و باسەفای ئەوێندەرێدا دەگەڕام و میوەجات و خواردنەوەی ئەوێندەرێم دەخوارد و دیمەن و بۆن و بەرامەی بەهەشتم هەست پێ دەکرد!

ڕاست سی ساڵی ڕەبەق بەر لە ئێستا بوو. سی ساڵانە بووم، بەڵام هێشتا مێرمنداڵ و تەنانەت منداڵکار! چ بە ڕەنگ و ڕوخسار و چ بە ئەقڵ و هۆشوگۆش! ماڵمان هاتبووە شار و دەرس و قوتابخانەم تەواو کردبوو و کاربەدەستی میری بووم، کەچی خەون و خولیای خەونەکانی خۆم و باوکم (پێمابێ منیش هەر لە باوکمم گرتبۆوە) شێت و شەیدای سەفااوای کردبووم و باوکیشم ڕێوشوێنی پێ نەدەگوتم! دەیگوت ئیزنی نییە، دەبێ خۆیان ڕێوشوێنت پێ نیشان دەن!!

لێرەدا وا باشە قەڵەمبازێک بدەمە سەر ئەو ڕۆژەی لە چایخانەیەکی پڕ لە حەشیمەتدا، وەک زۆربەی ڕۆژەکانی دیکە باسی سەفااوا و خەون و خولیاکانی خۆم و باوکمم دەکرد. لە ناکاو، کابرایەکی قەدەک مۆری نامۆ ڕووی تێم کرد و وتی:

«تۆ حەیا ناکەی ئەم گشتە درۆ و دەلەسەیە هەڵدەڕێژی؟ سەفااوا کەی ئاوهایە وا تۆ دەڵێی؟ ئاکار و کردەی خەڵکی ئەوێندەرێ کەی ئاوهایە وا تۆ دەڵێی؟ من خۆم چەرچیم و ئەو لایانەم بینیوە، ئەوی تۆ دەیڵێی هیچی وا نییە...»

بێتوو نەیوتایە من خۆم ئەوێم بینیوە زگیم دەدڕی، کەچی ئەم ڕستەیە «من خۆم ئەوێم بینیوە» ئەژنۆمی شکاند، چاوم وەک مێوژۆکە هەڵخولا و بە نێوچەوان و ڕوخساری کابرادا قەتیس ما. بە هەزار حاڵ، دەستم برد و دەستیم گرت و بە دوای خۆمدا مرکێش مرکێش لە چایخانەکە کێشامە دەرێ. هاکا لە چایخانەکە و لە نێو حەشیمەت دوور کەوتینەوە، پێیم وت: «بیکە بۆ خاتر خوا... باسی سەفااوام بۆ بکە.»

دەستمان خستە ناو دەستی یەکدی و بە شەقامدا چووینە خوارێ. کابرا قسەی دەکرد و منیش گوێم بۆ شل کردبوو. باس باسی دارستان بوو... باسی گوڵەباخ و کۆسار و مەزرا و باخاتی سەفااوا. ئەوی ڕاست بێ ئەوە دیالۆگ و ئاخافتن و وتن و شنەفتن نەبوو، ئەمە ڕازاندنەوەی کەوڵە خوانێکی شێوی شاهانەی خواردن و خواردنەوە بوو! ئای کابرای قەدەک لەبەر چەنێ خۆش سەر و زمان و بە زانیاری و خاوەن زانایی و بەئەزموون بوو! خۆی نەیدەوت، بەڵام وێدەچوو خەڵکی ئەوێندەرێ بێ.

بۆمی باس کرد چەرچی و گەڕۆک و سەیاحە. زۆر پەیدا ناکا، بەڵام سەری خۆی ڕادەگرێ و بێج لەمانەش دەتوانێ هەموو ساڵێ چەند کەڕەت سەری لای سەفااوا بدات. شەو بردمەوە ماڵە خۆمان. دەگەڵ باوکم دایانبەستە قسە

و باس. باوکم زۆری لە بیر و باوەڕ و دابونەریتی ئەو لایانە دەزانی، تەنانەت زۆر کەسی دەناسی! دەگەڵ باوکم لە تەمەنێکدا بوون! وەک بە قسەکانیاندا دەردەکەوت، لەو سەفەرانەدا باوکم جاروبار بۆ ئەوێی دەکرد، بگرە لەو ڕێگەیەدا یەکدیشیان بینیبێ! وام نەدەزانی باوکم شارەزایی لەسەر ئەوێندەرێ ئەوەندە زۆر بێ، بەڵام هەر بە قسەکانیاندا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە باوکم زۆر لەوە زیاتر سەردانی ئەوێندەرێی کردووە کە من هەواڵم هەیە. وا دەردەکەوت ئەو ڕۆژانەی وا باوکم دەیوت: «فلانە دۆست و خزم و کەس لە فلانە دوورەشار، یان دوورەدێ مردووە، دەبێ بچمە پرسە، یان دەیوت فلانە دۆست و خزم و کەس لە فلانە دوورەشوێن بووک دەگوێزنەوە، یان کچیان بە شوو داوە، دەبێ بچم..» وا دیار بوو گشت ئەم نقووم بوونەی بۆ لای سەفاااوا بووە.

کابرای قەدەک مۆر دەگەڵ باوکمدا سەرقاڵی قسە کردن بوو و منی لە یاد چۆوە و من لە مەجلیسیاندا بوومە پەڕۆ کۆن! نە لە ئاخافتنەکەیاندا بەشدارییان دەدام و نە ڕوویان تێ دەکردم. ئەمە ئاکار و کردەی حەوتوویەکیان بوو. هەتا وای لێهات شەوێک هەر لەو شەوانە منیشیان دە ئاخافتنەکەدا بەشداری دا. ئای شەوێکی چەنێ خۆش بوو، بە هەردووکیان پێمیان دەوت دەبێ زارم گرێ دەم. دەبێ لە لای هەموو کەس و لە هەموو شوێنێک قسە نەکەم، دەبێ قسە قووت دەم و سەر و سوڕ و نەهێنی بپارێزم. کابرای قەدەک مۆر ئەم شیعرەی چەند جاران دووپات کردەوە:

**تا نگردی آشنا زین پرده رمزی نشنوی**
**گوش نامحرم نباشد جای پیغام سروش**

بۆ سبەیدا کە لە خەو هەستام کابرای قەدەک مۆر نەمابوو. بابم وتی بۆ سێ چوار ڕۆژ چۆتە کار و کەسب و سەردان کردنی سێ چوار دۆست و دیوناسی خۆی. زۆرم تاسەی دەکرد، تازە شەوێک بوو پرێسکەی ڕازەکانی لە لام کردبۆوە و سەری قسە و باسی نەهێنی دامەزراندبوو. چاوەڕوانی گەڕانەوەی و تامەزرۆی قسە و باسەکانی بووم، بەڵام ئەو چەند ڕۆژە تێپەڕ نەدەبوو. کاتی دەوامی دایرە تەواو نەدەبوو. کە لە ماڵەوەش دەبووم، ئۆقرەم لا نەبوو. دانیشتنم نەبوو، ڕاوەستانم نەبوو. هەر دەچوومە دەرەوە، تا کۆڵان دەچووم و دەگەڕامەوە. تا چایخانەکە دەچووم و دەگەڕامەوە. لە شەقام و شۆستەدا چاوم لێ دەگێڕا. هەموو قەدەک لەبەرێکم لێ دەبوو بەو. ڕام دەکرد و خۆم دەگەیاندێ و کە لێیم دەڕوانی و دەمبینی ئەو نییە، خوێن تک تک دەزایە دڵمەوە، ئەسرین لە چاوەکانمەوە هەڵدەزنی و بە مەزرای گۆنا و ڕوخسارمدا شۆڕاوگەی دەبەست. دەگەڕامەوە و بە خۆم دەوت: هاتۆتەوە، ئەوا لە ماڵەوە چاوەڕوانی منە... بە هەڵەداوان خۆم بە ژوورەوەدا دەکرد، بەڵام... نا... بە داخەوە سەر و سۆراغی نەبوو. لەوانە بوو شێت و شەیدا بم و فججە بکەم! حەوتوو بەسەردا هات و کابرا نەگەڕاوە. ئاراوقارام لە لا نەبوو. ئۆقرەی مانەوەی لە شوێنێکم لە توانادا نەبوو. لەپاش چل شەو و ڕۆژ، ڕۆژێک کە لە دائیرەوە چوومەوە بۆ ماڵەوە، باوکم وتی قەدەک مۆر گەڕابۆوە، زۆرت چاوەڕوان بوو، کەچی زۆر بەپەلە بوو، ڕۆیی بۆ پایتەخت. مەرجی داناوە بگەڕێتەوە، بەڵام کەی؟ نازانم. خۆیشی نەیدەزانی...

ئیدی بۆ هەمیشە کەفوکوڵی باوکم دامرکا، بەڵام نەخۆشینەکەی ئەو من گرتمەوە. شەیدایی من خۆی لە شێتی دەدا، بۆ قەدەک مۆر و قسەوباسەکەی، بۆ سەفاااوا و دەرودەشت و مەزاران و باغات و کۆڕی زیکر و تاعاتی. ئۆقرەم لا نەبوو. ئەو مووچە و مواجبە نەبایە دەکەوتمە سواڵ. خۆ نە من و نە باوکم هیچ کارێکمان نەدەزانی و نەدەتوانی. باوکم پەککەوتە و خانەنشین بوو. هەر ئەو مووچەیە بوو کە پێی بەڕێ دەچووین، دەیجا نەمدەتوانی دەستی لێ هەڵگرم، خۆ دەنا سەری خۆم هەڵدەگرت و دەڕۆیشتم.

لە مانگ زیاتر بەسەردا هات و هیچ هەواڵێک نەهات، شەوێک لەپاش شێو خواردن، ناکاو یەکالا بوومەوە: (سبەی دەڕۆم، دەچم بۆ پایتەخت، تا نەیدۆزمەوە و هەموو قسەیەکی دەگەڵدا نەکەم و هەموو ڕێوشوێنێکی لێ نەپرسم، ناگەڕێمەوە..)

بەیانی زوو خۆم گەیاندە دایرە، مۆڵەتم بۆ مانگێک وەرگرت. لای نیوەڕۆ گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. باوکم وتی نامەیەکی قەدەک مۆرت بۆ هاتووە. نامەکەی دایە دەستم. نەکرابۆوە. باوکم نەخوێندەوار بوو. نامەکەم کردەوە:

«وێڕای سڵاوە سەوزەکە، زۆرم پێ خۆش بوو زیاتر دەگەڵتا هەڵسوکەوت و گوتوبێژ بکەم، وەک شتێک باوکت ڕەزا نەبوو، دەیوت "بۆ ماڵێک دێوانە و قەڵەندەرێک تەواوە!" ئەو قسانەی باوکت سەبارەت بە سەفاااوا دەیکات زۆری وا نییە. ناهێڵم ساڵ

تێوەرسووڕێ سەردانتان دەکەم...»
باوکم چاوی تێ بڕیبوووم: چی نووسیوە؟ پرسیاری باوکم بوو.
سلاوی گەیاندووی، ساڵ تێوەرناسووڕێ سەردانمان دەکا. وەڵامی من بوو.
هەر ئەمەندە؟ سلاو و سەردان و هیچی تر؟ بڕێک مات بوو، لەپاشان تێهەڵچۆوە:
خوێرییە پیاو بوو، لە زگ لەوەڕاندن دەگەڕێ. قسەکانی زۆری وا نییە. هەرچەند ڕۆژ لەسەر کەوڵەنانی کەسێک!
ئەم قسەیەی باوکمم زۆر پێ سەیر بوو. باوکم و لۆمەی خەڵکی لای سەفاااوا بکات؟ ئەو باوکەی سی ساڵ بوو، بەسەریانیدا هەڵدەوت. ئەو باوکەی هێندی بەسەریاندا هەڵوتبوو، زۆر کەس پێیان دەوت (کەڵبەش، قیبتی...)
خوایە ئەمە چ سوڕێک و چ نەهێنییەک بوو. ئەم جووتە موریدە بۆ زەم و لۆمەی یەکدی دەکەن؟ ئەی هاکا قسەی ئەم دووانە وا نەبێ، ڕاستی چۆنە؟ ئەی لە ماوەی ئەو یەک حەوتووەدا بۆ نێوانیان ئەوەندە خۆش بوو؟ تەنانەت باوکم زۆر ڕۆژان و شەوان بڕێ ئیشی تایبەتی خۆی قت دەکرد تا دەگەڵ قەدەک مۆردا بێ! ئەی ئەم گشتە پێکەوە بوون و دەرودەشت چوون و قسە گەرموگوڕەی نێوانیان؟
لە ڕاستیدا مەنجەڵە ئاوێکیان نابووە سەر ئاگر و منیان تێیدا دەکوڵاند، خەونەکانم زەرد و سوور و ڕەنگامەتر دەبوون. ئەوی لە بابم پرسی سەفاااوا لە کوێوەیە؟ پێمی نەگوت. لە هەر کەسێکی دیکەشم پرسیار دەکرد نەیاندەزانی! ئێستا کە نامەم لە پاتەختەوە بۆ هاتبوو، بڕیارم گۆڕیبوو، بەتەمای زیارەت و سەردانی سەفاااوا بووم.
لە خوار شارەکەمانەوە گوندێک بوو، دەیانگوت چەند کەسێکی خەڵکی ئەوێ سەردانی سەفاااوایان کردووە، دەیانگوت بڕوایان بڕێک گۆڕاوە، خەڵک پێیان دەگوتن "کەڵبەش - قیبتی". ڕۆژی هەینییەک بەرەو ئەو گوندە بەڕێکەوتم. دوو سەعاتی زیاتر نەکێشا گەیشتمێ. لە شانی گوندەکە ـ لە دەرەوەی گوند. لە ئۆتۆمبیل دابەزیم و ئۆتۆمبیلەکە بەرەو شوێنێک دیکە کەوتە ڕێ. تەمومژێکی خەست جیهانی داپۆشیبوو، هەر بەرەو گوندەکە شەقاوم هەڵێناوە، سەگێکی سپی سپی وەک کافوور کە لە بن قەڵاخە تەپاڵەیەک پاڵ کەوتبوو، هاکا منی بینی، باوێشکێکی درێژی کێشا، هەستایە سەر لاقەکانی و خۆی کێشاوە، پاشان بە کلکەسووتێ بەرەو من هات! بۆنی بە خۆم و کەوشەکانمەوە کرد و بە هەر لەونێک دەیزانی تێی گەیاندم دەبێ وەدوای کەوم و بە شوێنیدا بڕۆم! بە دوایدا ڕۆشتم تا گەیشتینە چایخانەیەک. لە چایخانە چوومە ژوور. لەسەر کورسییەک دانیشتم و چایان بۆ هێنام. لە کاکی چایچیم پرسی خۆراک و خواردەمەنی چیتان هەیە؟
چایچی زۆر بەسەر سوڕمانەوە وەڵامی داوە: خواردەمەنی؟ هیچ!
هەر لە شانی خۆمەوە کابرایەک هەڵیدایە: ڕزق و ڕۆزی و بەشە ڕزقی هەموان هەق دەینێرێ. بێتوو بەم هەڵوایە قانع بی، فەرموو میوانی برای خۆت بە.
پرێسکەیەکی خاوێنی ڕەنگامەی کردەوە، حەوت هەشت نان و کاسە هەڵوایەکی تێدا بوو. کە نانی لەسەر هەڵواکە لابرد، هەڵواکە هەڵمی لێ هەڵدەستا. هەردووکمان هاوکات دەستمان دەبرد و بە نان هەڵوامان هەڵدەگرت و دەمانکردە پاروو. نە هەڵوای شەکەر بوو نە هەڵوای دۆشاو!
تۆ خوا کاکە ئەم هەڵوا خۆشە لە چی ساز کراوە؟
- زۆرت پێ خۆشە؟ نان و پیاڵە، هەڵوا و پرێسکە هەمووی بۆخۆت. دەگەڵ خۆتا بیانبە. ئەم دەستوورەی تێک نەدەی قەت نە نانی تەواو دەبێ و نە هەڵوای!! تێر بخۆ و بەشی هاوڕێکانیشت بدە، هەر بەم دەستوورە بیپێچەوە، کارت نەبێ. شەوان و ڕۆژانی دڵداری و ویردی هەقت لە یاددا بێ!
پووڵی چایەکانی دا و لە چایخانە دەرکەوتین. بە قسە و باس لە گوند هاتینە دەر. بە ڕاوێچکە ڕوومان کردە نێو باخێک. بە نێو درەختەکاندا پیاسەمان دەکرد. لە گوڵە وردیلە ڕەنگامەکان ورد دەبووینەوە. لە سەوزەڵان و جۆگەلە ئاو ڕادەماین، لە ئاسمانمان دەڕوانی و دەستمان لە ئاوی جۆبارەکە وەردەدا و دەست و چاومان دەشوت. بەرە بەرە لە نێوانماندا بووە گەمە و گاڵتە. ئاومان بەسەر و پۆتراکی یەکدیدا دەپژاند و یەکدیمان ڕاوەدوو دەنا! ڕاماندەکردە یەکدی و دەبووە زۆرانبازیمان. دەنگی بەرزی قاقاکێشانی ئێمە ئەو نێوەی هەژاندبوو. کاتێ ماندوو بووین و دانیشتین، پرێسکەی نان و هەڵوام کردەوە و لە نێوانماندا ڕامخست. کە نانم لەسەر هەڵوا لابرد، هەڵوا هەڵمی لێ هەڵدەستا. کابرا دەستی بە باخەڵیدا کرد و بۆتڵێکی شەراب دەرهێنا. دەستمان کرد بە خواردن و

خواردنەوە. ئای خوایە چەندەم برسی بوو. لە چاوی پیس بەدوور، هەر خواردمان و خواردمانەوە، هەر خواردمان و خـواردمـانەوە، هەر... تا بە لادا کـەوتین. خـەریک بوو چاوەکـانم دەچوونە خـەو، لە نێـوان خـەون و ئەغـیـاریدا، کابرا پێمی دەوت:

– دەســـتـــووری ئەم پرێسکە و نان و هەڵـوایە تێک نەدەی، وێردی هـەقت لـە یاددا بێ، کـــە بەرێکـەوتـی پیرۆزی...

نازانم زۆر خەوتم، کەم خەوتم، کاتێ لە خەو راپەڕیم و هاتمەوە خـۆ، ئێـوارە وەخـتـێکی درەنگان بوو، کـابرا نەمـابوو. پرێسکەی نان و هەڵوا پێـچـرابۆوە و لە نێـو باوەشمدا بوو. لە باخەکە هاتمە دەر و هاتمە سەر جادەکە. ئۆتۆمبێلێک بەرەو شار دەچوو. سوار بووم و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. بۆ مـاوەیەک برێک کوڵوکۆم دامرکـابوو. هەر بە مـوتالآ و نان و هەڵوا و وێردی هەق سوکنابیم دادەهات. چەند مـــانگێک بەســـەر چوو، رۆژێک کـــە لە دایرەوە گەڕامـەوە بۆ مـاڵەوە، باوکم نـامەیەکی دایە دەستم. کە نامەم خوێندەوە باس باسی سەفاااوا و وێردی هەق و نان و هەڵوا بوو. نـامـەکـە دوو نـاوی لە ژێردا بوو. کـابرای قـەدەک مـۆر و کـابرای نان و هەڵوا. داوایان لێم کـردبوو وچان و مـۆڵەتی دایرە وەرگـرم و بەرەو سـەفـاااوا بڕۆم! شوێن و ڕێگەشیان بۆم دیاری کردبوو.

کێچ کەوتە کەوڵم. سرووشی نەهێنی دامرکاو، هێرشی هێنایەوە. چ سێ رۆژی نەکـێـشـا، بەرەبەیانێکی زوو بەرەو سـەفـاااوا بەرێکەوتم. یەکـەم شـەو لە دۆزەخـدەرە مـیــوانی دەروێشــەکــانی شــێـخی ئەوێندەرێ بووم. تا نیـوەشـەومـان بە دەفـە لێدان و زیکر و ویردی خـۆمـانەوە ڕابوارد. سبەی کە ویستم بەرێکەوم شێخ فەرمووی دەبێ بگەڕێیەوە و دەگـەڵ باوکـتـدا مـاڵـئـاوایی کەی و گـەردن ئازایی و ئیزن و مۆڵەت بخوازی.

گەڕامەوە و نیوەڕۆژەم دەگەڵ باوکمدا کرد. کە مۆڵەت و ئیـزنم لێ خـواست و داوای گـەردن ئازاییم کـرد، باوکم وەک گـوڵەباخ پشکووت و گـەشـایەوە و بزەیەکی سـەیر تەواوی ڕوخسـاری داگرت. مـاچمی کرد و گـوتی هەزار کەڕەت، هەزار کەڕەت!

دوو شـەو دواتر لە شـارەدێی شەمـزینان بـووم. میـوانی ماڵی یەکێ لە نەوەکانی شێخی گەورە. شـەوێ بۆ شێـو پیــاوانی ئاوەدانی زۆربەیان هاتن. شـێـخ فـەرمــووی هەمـوومـان مـیـوانی نان و هەڵوای مـیـوانین! بۆخـۆم نانم دەدایە دەستیان و هەڵـوام بـۆ تێ دەکردن. کە بە هەمـووانم گەیاند و بۆخۆم دەستم بە خواردن کرد، هەڵوا هەر لە جێی خۆی بوو، نە کەمی کردبوو نە زیاد. شەومـان بە تەلاوەت و ویرد ڕابوارد و دوو رۆژ دواتر لە زیارەتی سێ ســەد و شـەست مـەزاران بووم. شـەو لە حـەوشـە بووین. لە ناو مەزاران و بەردەم مەزاران و لە دەوری حەوز و کانی و ئاو و ئاوەدانی. دەنگی دەفـە و دەنگی بلوێر و دەنگی ویرد؟ تاعــات و مــوناجــات و دوعــا و نزا؟ دەڕۆی، دەڕۆی، دەڕۆی. هەر بە دەم ویردەوە خەوم لێ کەوت...

بەرەبەیان کـە هەسـتـام کـەس بە دەورەمـەوە نەمـابوو. تەنیا بووم و شنەیەکی عەتراوی دەیلاوانمەوە. دەفەیەک لە بن سـەرم داندرابوو، بلوێرک لە شـانـی. تاعـەتـی بەر شنەی بەیـانان و بە دوایدا هەڵـوای گـەرم و سـەرخـۆش بوون! یانی هەمـیـشـە لەپاش هەڵوا خـواردن سەرخـۆش دەبووم. بلوێر و پرێسکە نانم دە خـورجـێن هاویشت، بە شانمدا کرد و بە دەفە لێدان بەرێکەوتم. سەرخۆش بووم و خەمم نەمابوو. کوڵوکۆی هەمـوو کەسەرێک لە دەروونمدا دامرکـابوو. تاقە دەنگی دەفە و ویرد و کۆڵێک خەون و خـولیـا لە دەروونمدا جـوولە جـووڵـیـان بوو، ئەویش چەنێ خۆش؟ چەنێ ڕەنگاوڕەنگ؟

ئیدی لە کوێ بووم و بەرەو کوێ دەچووم؟ چ وادەی رۆژ یان شـــەو بوو؟ ئەمـــانە لە ئارادا نەبوون. ئەغـــیـــار و سەرخـۆش ئێـوارە درەنگانێک گـەیمە گوندێک کـە بە پێی ئەو رێوشوێنەی نێو نامەکە، نزیکترین گوند بۆ سەفاااوا بوو. لەخۆڕا لە دڵم چەقیبوو دەبێ ئەو شەوە لەو گوندەدا بمێنمــەوە. بە نێــوەڕاســتی گــوندەکــەدا دەڕۆیشــتـم، چایخانەیەک لەبەردەمم قوت بۆوە. لامدایە چایخانەکە، هەم پشـوویەک بدەم، هەم رێوشـوێن و جـادەی سـەفـاااوا پرسیار کەم! لەگەڵکو لە چایخانە چوومە ژوور، چاوم بە زەلامـێک کـەوت، دەتوت کـابرای قـەدەک مـۆرە. ڕاست بەرەو ئەو چووم و سـلاوم لێی کرد. زۆر بە وردی لە منی دەڕوانی. بزەیەکی تەوسـاوی ڕوخـسـاری داگـرتبـوو. کـەوایەکی شـۆڕی قـەدەکی نارنجی لەبەردا بوو، نا ئەمـە قـەدەک مـۆر نییـە، زیاتر لە کـابرای نان و هەڵوا دەچوو، کەچی ئەویش نەبوو.

– ڕێبــــواری ڕێگـایەکی دوورم، کـــامـــەیە ڕێگـای سەفاااوا؟

– کـات درەنگانە، لە نێو دارستاندا بزر دەبی. ئیمشۆ هەر لەم گوندە بمێنەوە، سبەی ڕێگات پێ نیشان دەدەم.

هەر بە چا خواردنەوە و قسەیەک لەملا و دوو قسە لەولا کاتمان ڕابوارد. دەماودەمی بانگی شێوان وتی:

– لەو نان و هەڵوایە بەشم ئەیەی؟

– جا تۆ بە نان و هەڵوا ڕازی بی....

هەر لە شێو کردن دەستمان کێشاوە، خۆر ئاوا بوو، لە ناکاو چایخانە چۆڵ بوو و کەسی تێدا نەما. کابرای قەدەک نارنجی، کەواکەی داکەند و هاویشتییە سەر شانم و وتی: دەچییە سەربانی ئەم چایخانەیە، دوو نهۆمە. دەستێ جێوبانی لێیە. هاکا گەیشتییە سەربان پەیژەکە هەڵکێشە سەرێ. تاکو سبەی خۆر نەکەوێ، دایکت بێ، باوکت بێ، پەیژە بۆ کەس شۆڕ نەکەیتۆ، دەتکوژن ها!! دەتخۆن ها!! هاتو کەسێ، دڕندەیێ گەیشتە بان، ئەم کەوایە لە خۆت تون کە و کارت نەوێ.

لە چایخانە هاتینە دەر، دەرکی چایخانەی داخست. بە پەیژەدا سەرکەوتم. لە خوارەوە ماوە و یارمەتیمی دا پەیژەم هەڵکێشا سەرێ. کە لە خوارەوەم ڕوانی، کابرا نەمابوو! کەس بە دەرەوە نەبوو. بێدەنگییەک بوو زەندەقدار زەندەقی دەچوو. تەمومژ و تاریکانێک بەسەر وڵات کشا، چاو گەزێک ئەولاترەوەی نەدەبینی.

چوومە سەر جێوبانەکە، دەستم کوتا و لای سەرمم ناسییەوە. دەستم کوتا شەربە ئاوێکی پڕ لە بن سەرم بوو. پرێسکەی نان و هەڵواکەم لە ژێر سەرم دانا و ڕاکشام. ئەستێرەیەک بە دەرەوە نەبوو. بایەکی سەیر دەیلووراند. ئەمە با نەبوو؛ هەزار دێڵە گەماڵی تووتک تۆپیو بوون دەیانلووراند و دڵی مرۆڤیان دەتەقاند. تاریکان هەر دەهات و تۆختر دەبوو، لە ناکاو هەزار سەگ بە سەگوەڕ بەرەو چایخانە دەهاتن. بە دەنگیاندا دەمزانی لە دەوری بیناکە هاڵاون. ڕایاندەکرد و جار نە جارێک، وا دیار بوو بە هەموویان یەکیانیان دەدایە بەر هەشاوڵ و گەزین و کوشتن و خواردن. وەڕە وەڕ و زاق و زرووقی سەگەل زراوی شێری دەتەقاند. لە نێو تاریکایی سنگی ئاسمان و تاریکانی حەوادا بە دەیان و سەدان ڕەسمی دەعبای دڕندەم دەهاتە بەرچاو. ڕایان دەکردە سەرم، دیانەکانیان لێم چیڕ دەکردەوە، دەمیان دادەپچڕی.

لەوانە بوو زراوم بتەقێ و فججە بکەم، بەڵام چار چ بوو؟ هەروەک چۆن لە ناکاودا ئەم هەرا و زەنایە هەستا، هەر ئاوا لە ناکاویشدا بێدەنگی باڵی بەسەر دەوروبەردا کێشا. بێدەنگییەکە وەها بوو، لەوانە بوو گوێ کون بێ و بتەقێ! بەڵام لە گشت ئەمانە سەیرتر هەست بە خۆف و مەترسی بوو. لە هەر چرکەیەکدا چاوەڕوانی بە کوشت چوون بووم! بەرەبەرە سەگ لوور ساز بۆوە، دەنگەکە بازنە بازنە و شەپۆل شەپۆل دەهاتە پێشەوە و لە دەورم دەهاڵا. برێ جار هەستم دەکرد تەواوی گۆڵە گەماڵی ئەم گوندە لەسەر «دێڵەبەبا» بە گژ یەکدا دەچن. زۆر جار دەمبینی سێ چوار گەماڵ بە چنگەکڕێ خەریکن بە دیوارەکاندا هەڵدەگەڕێن کە بێنە سەربان، جا وەرە خۆف و ترسم زیاتر دەبوو، چۆن؟ دەستی لێ مەدە، بەڵام کە نەیاندەتوانی سەرکەون، لێیان دەدا و دەڕۆشتن. چەند کەڕەت گوێم لێ بوو کەسێک لە بن دیوارەکەدا بە دەنگێکی وەک پاڕانەوە و نووزانەوە، تکا و ڕجای دەکرد پەیژەکەی بۆ شۆڕ کەمەوە تا بێتە سەربان، ئەگینا سەگەل دەیخۆن. دەپاڕاوە، دەلالاوە، دەگریا و...

بەڵام کابرای قەدەک نارنجی وای ئاوی چاوم دانەڕشتبوو، دڵم نەرم بێ! وەڵڵا و بیللا و تەڵڵا دایکم و باوکمم لە بن دیوارەکە بە دەنگیاندا ناسییەوە کە دەپاڕانەوە و دەلالانەوە پەیژەکەیان بۆ شۆڕ کەمەوە، بەڵام نا!

لە نیوەشەو بەولاوە، حیزە ڕووناکاییەک بەسەردا هات، برێک ترسم ڕژا. لەسەر جێوبانەکە ڕاکشام و چوومە ماڵی فیکرەوە: ئەمە چ بارودۆخ و حاڵ و باڵێکە؟ من کێم؟ بە شوێن چییەوەم؟ ئەم سەگوەڕ و سەگ لوورە چییە؟ خەڵکی ئەم گوندە چییان لێهات؟ لە کوێن؟

پێڵووەکانم بەسەر یەکدا دەکشان و ڕادەچەنیم! چما کرەکر و چنگە پڵماسکێی سەگەل نەبایە دەچوومە غورابی خەوێکی زۆر قووڵەوە، بەڵام نا. لەسەر جێوبان ڕادەپەڕیم، خۆم دەگەیاندە گوێسەوانەی سەربانەکە و بە دار و تێلا لە سەروگوێلاکی ئەو سەگانە بەردەبووم کە دەیانەویست بە دیوارەکەدا هەڵگەڕێن. چ شەوێک بوو؟ خوایە چ شەوێک بوو؟ پتر لە دە کەڕەت بەم چاوانەی خۆم بینیم سەگەل زاروویان دەڕفاند، لەتوپەتیان دەکرد، لە دەمی یەکدییان دەڕفاند و دەیانخوارد!! لە هەموو شتێ سەیرتر ئەوە بوو: ئەو شەوە کۆتایی نەدەهات و نەدەهات و ... نە...

نەشمدەزانی ئەوی بە بەر چاومدا دێ، ئەوی بە خەیاڵمدا دێ، ئەوی دەیبینم، ئەوی دەیبیسم، کامەی ڕاستییە و کامەی خۆف و خەیاڵاتە. بۆ کامەی بەپەرۆش بم و لە کامەی بێ خەم و خەیاڵ بم؟...

لەسەر جێوبان وەنەوزێکم دا و کە لە وەنەوز ڕاپەڕیم، ڕووناکاییییەکی زۆر بەسەردا هاتبوو، سەگێکی زەلام گەیشتبووە سەربان و لە منی دەڕوانی. قەدەکم بە خۆمدا دا و دەستم دایە تێلاکە. سەگە هەر چاوی بە قەدەکە نارنجی کەوت دەستی کرد بە کلکەسووتێ، بە تەرکی سەربانەکەدا پان بۆوە. هەستم کرد چەند سەگێکی دیکەش خەریکن سەردەکەون. بە تێلاوە ڕامکردە سەریان. سەگەی سەربانیش ڕایکردنێ و بەرگری دەکرد سەگەل نەیەنە سەربان. ئەم جارەش سەگەل کشانەوە، بەڵام کشانەوە و ڕاکردنییان بۆ شوێنێکی زۆر دوور هاوکات بوو. ئیدی نە سەگوەڕ ما و نە سەگم بینی. ڕووناکایی سپێدە کامڵ بوو. لەوبەری گوندەوە دەنگێکی بەکۆڕ و زۆر دڵڕفێن بەرز بۆوە، دەنگی جەماوەرێکی زۆر بوو، هاوەدەنگ ئاوازی سروودێکیان دەگەیاندە گوێی عەرز و ئاسمان. باسی گوڵەباخ و عەتری گوڵەباخ و گۆرانی بلبلی بەیان بوو. دەنگ و ئاواز و شیعرێکی ئاسمانی و بەهەشتی بوو. بە لادا هاتم، بەسەر جێوباندا کەوتم و ئیدی چیم لە یادا نییە!

کە لەو خەوە ڕاپەڕیم، هەتاو بەسەر هەموو وڵاتدا گەڕابوو. کە لە نێو ئاوەدانیم ڕوانی. خەڵک یەک و دوو لە هاموشۆدا بوون. چایخانەش کرابۆوە و مشتەری دەر و ژووریان دەکرد. لە دۆخ و چۆنیەتی خەڵک و وڵات خورد بوومەوە، لە ئاخافتن و هاموشۆکەشیان. دوور و نزیک ئەوی دەمبینی و دەمبیست، ئاسایی بوو. هیچ کەس ببڕابڕ باسی قسە و باس و ڕووداوەکەی شەوێ بکات؟ لەم حەیسوبەیسەدا قەدەک نارنجی بە جلوبەرگێکی دیکەوە پەیدا بوو، ئەگەر زانیستان بە چ جلوبەرگێکەوە؟...

دوو قەدەکی بەسەر یەکدا لەبەردا بوو، قەدەکێک مۆر و قەدەکێک نارنجی. کە هەرای کردمێ، سپێدە باش و چاک و چۆنیمان کرد. جێوبانم وەکۆ کرد، پەیژەم شۆڕ کردەوە و چوومە خوارێ. دەست و موشتاخمان کرد و چووینە نێو چایخانە. هەردووکمان بەسەر سوڕمانەوە لێکمان دەڕوانی. لەپاش خواردنەوەی چایەک و کێشانی جگەرەیەک وتی: هەڵواکەت دەرێنە بەرقەندەیەک بکەین.

– شەوێ نان و هەڵواکەم خوارد، تەواو بوو، نەماوە!

خۆی دەستی درێژ کرد، پرێسکەی کردەوە و وتی: دەیجا تۆ میوانی من بە، وەرە نان و پەنیر بخۆین!

پرێسکەکەی منی کردەوە. کە نانی لەسەر پیاڵەکە لابرد، پیاڵەکە پڕ لە پەنیر بوو!

نانەکانم ناوە سەر پیاڵەکە و وتم: ڕەسمی خۆم تێک نادەم. قەراری نان و پیاڵە و پرێسکە و هەڵواشم نەشکاندووە، تۆ میوانی منی، یان نان ناخۆم، یان نان و هەڵوا دەخۆین.

وتی: جا بڵێم چی؟ ڕێبواری، پانزە بیست کاتژمێر ڕێگەت لەبەرە، ئەگینا تازە نان و هەڵوات دەبینی؟

کە دەستم برد و نانەکانم لەسەر پیاڵە لابرد، هەڵمی هەڵوا چایخانەکەی پڕ کرد. چاوەکانم فرمێسکیان تێزا و ئاو بە چاومدا هاتە خوار. ماچمی کرد، دەستی نایە نێو دەستم و بۆ خولەکێک دەستەکانمی گوشی.

لە کاتی بەرقەندە کردندا پرسیارم لێ کرد: ئەمشەو چ باس بوو؟

نیگایەکی ناقایلمی کرد و دەموچاوی تێکنا. بۆ ماوەیەک چی نەوت، لەپاش بەرقەندە و چا خواردن و جگەرە کێشان، نیگای بڕیە دووکەڵی هاڵقە بە هاڵقە و بازنە بازنەی جگەرەکەی و لەپاشان دەستی پێکرد:

– جەژنی سوپاس و پێزانین و شوکرانە بوو. گوێت لە دەنگی دەفە و بلوێر نەبوو؟

– ئەم گەماڵانە بۆ وایان دەکرد؟ کەس لە نێو گونددا نەمابوو؟

– تاریکەشەو سەگ دەترسێن. سێبەریش زۆر دێن و دەچن، سەگ هار دەبن. شەوی ئاوها لەم وڵاتەدا دەبێ زۆر هۆشیار بی... بووە غەریبە هەڵدڕن...

– ئەی کە وایە و ئەم مەترسییە لە ئارادا بوو، بۆ لەگەڵ خۆتدا نەتبردم؟

دەموچاوی تێکنا و:

**تا نگردی آشنا زین پرده رمزی نشنوی**
**گوش نامحرم نباشد جای پیغام سروش**

لە چایخانە دەرکەوتین. لەسەربانی هەموو ماڵانەوە دووکەڵێکی سپی سپی بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوە. بۆنی کولێرە و نان و برێشکە شەقام و کۆڵانی پڕ کردبوو. گەیشتینە دارستانێک. بزنەڕێیەکی پێم نیشان دا و هەروەکو بە قسە کردن دەڕۆیشتین، ناکاو تەماشام کرد نەماوە! لە خەونێک ڕاچەنیم، تەنیای تەنیا بووم!

بەسەر بزنەڕێ و بە نێو دارستاندا دەڕۆیشتم و ئاگام لە دنیا بڕابوو. زۆر ڕۆیشتم، کەم ڕۆیشتم، نازانم! لەپاش دە دوازدە دەمژمێر بەڕێدا ڕۆیشتن و دووسێ کەڕەت نان و

هەڵوا خواردن گەیمە بڵندایییەک. سەر بڵندایی درەختێکی زۆر بەرزی لێ بوو. لە خــۆڕا بە دڵمـــدا هات: زۆر مـــاندووم، دەبا لە ژێر ئەم درەخـــتــە پیـــرۆزە بڕێک بحەسێمەوە.

جێگای خۆم خاوێن کردەوە. لە ژێر درەختەکە دانیشتم و نازانم کـەنگێ و چۆن خەو بردمیــەوە. کـە لە خـەو ڕاپەڕیم، تاریکانی خـەست دنیــای تەنیـبـوو! زۆر لە دوورەوە دەنگێکم بە حاڵەحاڵ دەهاتە گـوێ: بڕۆ سـەر درەختەکە...

بە درەختـەکـەدا سـەرکـەوتم. سـەرکـەوتنێکی بەبێ کۆتایی، هەر دەڕۆیشتم و نەدەگەیشتمە شوێنێکی باش و بە دڵی خۆم. وای لێ هات هەستم دەکرد سەعاتێکە بەڕێوەم. چیدی زیاتر ڕۆیشتن نەدەکرا. لە دوورەوە، زۆر دوور، چراکـــانی گـــوندێک دیار بوون. بە بەراوردێک دووسێ سەعاتە ڕێ دەبوو. بڕێک داکشام و شوێنێکم بۆ ئۆقرە گرتن و شەو مانەوە پەسند کرد.

نان و هەڵوایەکی باشم خـــوارد. قـــەت ئەوەندەم نەخواردووە. باش سەرخۆش بووم. لەپڕ هەستم کرد ژێر درەختـەکە پڕە لە جـانەوەر. جا چ دڕندە و جـانەوەرێک خودا عالم! جێگاکەم متمانەی هەبوو. چاوم نا سەر یەک و نەمـزانی دەورە و خـول و بڕگـەی کـام پادشـایە. لە تاریکیدا بە دەوری خۆمدا دەخولامەوە، گورگێکی زۆر دەورەیان دابووم. پڕم کرد بە قەدەک نارنجییەکەی کابرا و دام بەسەرمدا، گورگ هەموو هەڵاتن. لە ناکاو گوێم لێ بوو هەرام لێ دەکـــەن. لە خــــەو ڕاچەنیم. لە ژێر درەختەکەوە کابرای قەدەک نارنجی هەرای لێم دەکرد!

لە درەختـەکە چوومە خوار. هەر گەیمە بن درەختـەکە، وتی: دانیشە. ڕێگایەکی دوور و درێژی بەبێ بڕانەوەمان لەبەرە، ئەو نان و هەڵوایە دەڕێنە!

– تۆ چی و ئێرە چی؟ منت چۆن دۆزییەوە؟

– زۆرت بۆ بەپەرۆش بووم و کـاتێ گـەیشتمـە ئێـرە، لەوانە بوو هورچ بۆت بێنە سەرێ!!

لە بێدەنگیدا بەرقـەندە خورا، جگارەیەکی کێشا و بەڕێکەوتین. بـڕێک وروکـــــاس بووم، نـازانم بۆچی چاوەکانم دەنانە سەر یەک، قۆڵی قەدەک نارنجیم دەگرت و وەک کوێر و چاوساغ دەڕۆیشتین. بێتو بڵێم جاروبار خەوم لێدەکەوت و لە خەودا ڕێم دەبڕی بڕوام پێ بکەن! نازانم چەندەمان ڕێ بڕیبوو قەدەک نارنجی نەڕاندی: هەر تۆی، هەر تۆی...

کە چاوم کردەوە پێخـاوس بووم، قـەدەک نارنجـیش پێخاوس بوو. لە بەرانبەر قەدەک مۆر و زاتێکی سەرتاپا سپی پۆشی سەروڕدێن سپیدا ڕاوەستـابووین. قـەدەک نارنجی و قـەدەک مـۆر زۆریان یەکـدی مـاچ کـرد، دوایە هەرسێکمـان پیرەی سەروڕدێن سپیمان ماچ کرد. قەدەک مۆر هەر خۆی تێم نەگەیاند! نازانم کێ؟ کەوشەکەمیان لێم وەرگرت. دووبەدوو دەگەڵ پیرەدا بە قـەراخ دوو ڕیز شۆڕەبیدا بەرەو بارەگایەک چووین. دەستمان بە دیواری بارەگـاوە گـرت و تەوافـێکمـان کرد. وەژوور کـەوتین. تا نیــوەی ژوورەکـە ڕووناک بوو، لە نیـوە بەولاوە سـەیر تاریک بوو، هەر گـەیشـتـینە تاریکاییەکـە کـەوتمە نێـو حەوزێکەوە، ئاوەکـەی سـەهۆڵاو بوو. لە نێـو ئاوەکـەدا دەستم دەکوتا و هیچ کوێ نەبوو دەستی پێ بگرم و بێمە دەرێ. هەستم دەکرد وێک دێم! هەستم دەکرد شەش دەور دەمگوشن و وێک دێم. جاروبار دەستێک لەسەر سەرم دەنیـــشت و لە ئاوەکـــەدا نقـــوومی دەکـــردم. کـــات ڕاوەستابوو، دڵیشم، هەناسەشم! تاریکانی چاڵەڕەشێکی ئاسمـانی هەڵیلوشیـبـووم. دیانەکانم شەقـەشـەق لێک دەکـەوتن و دەنگدانەوەی شـەقـەشـەقی دیانەکـانم وەک هەورە تریشقە دەتەقییەوە.

نازانم خوماری مەستی مەی بووم، یان نەشەی بەنگی سەمەرقەند و بوخارا؟ بەڵام لەسەر سەکۆی بن دیواری بارەگایەک دانیشتبووم و هەڵم و بوخارێکی سپیی چڕ، وەک دووکـەڵی تەندووری گـوڵخـانەیەکی سـەناعـات و تەکنیکی لە ئازای لەشمەوە بەرەو ئاسمان لوول دەبۆوە. هەڵدەبەزیم، هەڵدەلەرزیم. تەنیـا سـەدای ئەو ناوچەیە، دەنگی شـەقـەشـەقی وێککەوتنی دیانەکانم بوو. هەستم دەکرد تەواوی قژی سەر و برۆ و سمێڵ و ڕیش و ئازای ئەندامم سپی سپی و سـیخ بوونەتەوە. بە لادا هاتم و لەسەر سەکۆ بەربوومەوە.

لە نێـوەڕاسـتی مـەزاراندا دووسـەد سێ سـەد کـەس دەبووین، لەو پیـرەمێـردە هاڵابووین کـە دەگـەڵ قـەدەک نارنجی و قەدەک مـۆر چاوم پێی کـەوت. پێیـان دەوت "سوا". لە نێوەڕاستی جەماوەرەکەدا بوو سوا. قسەی بۆ کێ دەکرد سوا؟ ڕووی لە کەس نەبوو سوا. (قسەی بۆ گۆی زەوی دەکرد سوا):

گوڵەباخ هەر گوڵەباخە، چ لە کابە و چ لە قودس و چ لە مـەزاران و چ لە بەناڕەس. عـەتری گـوڵەباخ هەر ئەم عەترەیە. دادەی بۆن بە پەنجەی شادەومانەوە بکەن. ئەم

عـەترە ڕاست بەرەو حـەوای ڕاگـرن، ئەم عـەترە، نینۆکی پەنجەی شـادەومـان لەسـەر تـەرکی عـەرزەکـە دانێن، ئەم عەترە.

دەڵێن سـەت و بیـست و چوار هەزار، نا... زۆرە... سـەت و بیست. دە هەستن ئەم سـەت و بیـست مـەزارە زیارەت کەن. بەرد، بەرد، بەرد. دنیا بە گەورە دامەنێن، دڵتان گەورە بێ، جیهان بهاونە دڵتانەوە، کام جیهان؟ گـوڵەباخ و شـۆڕەبی و مـەزرای گـەنم و باخـەسێو. ئاوی ئاوداشـتنی گـشت ئەم جیـهـانە، ئەو کـانیـیـەیە کـە سـەرچاوەکـەی لە نێـو دڵی ئێـوەدایە. ئاوەکـەی، ئاوی ئاوداشـتنی تەواوی مـائیـدەی دنیـا لە دڵی ئێـوەدا هەڵدەقولێ. پێـتـان خـۆشـە باخی جیـهـان و مـەزرا و ساراتی جیهان ئاوپژێن کەن و ئاوی بدێرن؛ پێتان خۆشە سەرچاوەی کانییەکە بە بەرد و بێتوون و چەمەنتۆ کوێر کـەنەوە، بەڵام بۆنی گـوڵەباخ؟ عـەتری گـوڵەباخ لە بن نایە. مـەزرای گـەنم و باخـەسێو لە بن نایە. سێـبـەری شۆڕەبی و ئاوی پێویستی ئەم جیهانە لە بن نایە. ئاوی کانییەکە لە شوێنێکی دیکەوە هەڵدەقولێ. لەوبەری ئەو باخ و سارات و بینایەوە کە تۆ دەستت بەسەریدا دەڕوا. لەوبەری پردەکەوە، لەوبەری گوند و شارەکـەی تۆدا. بۆ هەتا هەتایە، گوڵەباخ هەر گوڵەباخـە و عـەتری گـوڵەباخ عەتری خوایە... برا گەورەم بن، برای خۆشەویست و پیر و سوام بن... گوڵ بن و دڕک مەبن...

(لە دەرگـــایان دا، چووم دەرگـــام کـــردەوە. مـــاڵە جیرانەکەمان کولێرە ناسکە و کولێرە پەنجەی گەرم گەرم و تازەی بۆ ناردبووین، گـوڵەباخ، کـیـژۆڵـەی زۆر جـوانی جـیـرانەکـەی دیکەمـان یارمـەتی دەدا و بەسـەر مـاڵە جیرانەکاندا بڵاوی دەکردەوە. مرۆڤ زۆری گولێن، گوڵ. کـیـژۆڵەش گـوڵ بوو گـوڵ! گوڵەباخ و عـەتری گـوڵەباخ و درەختـی گـوڵەباخ... مرۆڤ زۆری گـولێن. عـەتری نان و کـولێـرە جیـهـانی داگـرتووە. تۆش و ئێـوەش گـوڵ دابەش کەن. گوڵەباخ و عەتری گوڵەباخ و نانی گەرم و کولێرە ناسکە و خۆشەویستی و ئەوین) (نووسەر)

لە سەفاااوا سێ کەسین، قەدەک نارنجی و قەدەک مۆر و من. ئەوان قـــەدەک دابوباوی لای خـــۆیانە، بەڵام من قـەدەک لەبەر ناکـەم. کەواو پانتۆڵ و کـۆت و شـەڵوار و هەرچی پێم خـۆش بێ. سـوا دەڵێن: بە ئیـشـە نەک بە ڕیشە...

دەگەڵ قەدەک نارنجی بە بن سێبەری شەنگەبییەکاندا بەرەو بـارەگـا دەچین. ئەم شـۆسـتـەیە بابەتی پیـاسـە و قسەوباسە. بە قەدەک نارنجی دەڵێم: هیچ سەرنجت داوە ئەم شـۆسـتـــەیە دەڵێی قـەت لە بن نایە، بریا زووتر دەگەیشتینە بارەگا.

قـــەدەک نارنجی دەڵێ: هەی هۆ، مـن پێم وایە ئەم شۆستەیە زۆر کەم مەودایە و خۆزیا و خوا خوامە هەرگیز لە بن نەهاتبایە!

بیست گەزی بمێنێ بۆ ئاسانە حەوزێکی خڕە. ئاوەکەی لە تەرکی عـەرزەکـە هەڵدەقـولێ. دەسـتـێک لەو ئاوەی وەردەدەم، ئەوەم لێ بۆتە خووخدەیەک. لە حەوزەکە تێپەڕ دەبین، دیسـانیش بیـست گـەزێک شـۆسـتـە و ئەم جـار دەگەینە بەردەم ئاسانەی بارەگا. ئاسانەکە خۆی زۆر بڵند و گومەزئاسایە؛ بەڵام دەرگاکەی زۆر نەوییە، دەبێ خوار بییـەوە و سـەر دانەوێنی. دەچینە ژوورەوە. هۆڵێکی زۆر دوور و درێژ و گەورەیە. دەوران دەور پەنجەرە و دەلاقەیە. نێوەڕاستی ئەم هۆڵەش چەند حەوزی قووڵ و درێژە. سەیر لەوەدایە ئاوی حـەوزێکیـان سـەهۆڵاوە و ئاوی ئەوی دی گـەرمـــاوە! دەوران دەوری حـــەوزەکـــان بە گـــوڵەباخ و هەمیـشـەبەهار پەرژین گیـراوە. هەموو جارێ بێرەدا بڕۆم دەست لە ئاوی هەمـوو حـەوزەکـان وەردەدەم و دەسـتـە تەڕەکانم بەسەروچاومدا دێنم. سەیر لەوەدایە لەپاش ئەم کارە سەرخۆش دەبم!

دەگـەڵ قـەدەک نارنجی لەوسـەری هۆڵ دەگـەینە ژوورە گەورە بازنەییەکە. ژوورێکی زۆر گەورەیە. زیاتر شوێنی کۆبوونەوە و زیکر و تاعات و دەف لێدان و سەما کردنە. سـوا زیاتر لێـرە دادەنیـشێ. شـوێنی تایبـەتیـشی نییـە. کـەس لەم ژوورەدا شـوێنی تایبـەتی نییـە. بازنەییـیـە و سـەرێ و خـواروو بۆ نییـە. چوار دەرگـای لێ دەچێـتـە دەرەوە و هەر دەرگـا بەرەو شـۆسـتـە و جـادە و باخـات و مەزرا و کارگە و شەریکە و شارێکی جیاوازە.

بەڵام من و قـەدەک مـۆر، یان قـەدەک نارنجـیـشـمـان دەگـــەڵدا بێ، لەم دەرگـــایانەوە ناچینە دەرێ. بە ڕیزە قـاڵدرمـەکـاندا دەچین بۆ سـەربان و لەو سـەرە پیـاسـە دەکەین، یان دادەنیشین بۆ دەرس و موراقیبە و گوتوبێژ. ئەم کـارەمـان ئەرک و ئیش و دەوامانە. بارەگـای سەفـاوا مـەڵبـەندی ئیش کـردنە. کـانگای ڕاهاتن بۆ سـەناعـاتی گـوندی و شـاری. هەمـوو لێـرە ئیش دەکـەن، کـەس نە میوانە و نە غەریب. لێرە هەرکەس بۆ کارێک ناونووس و ناوزەد کـراوە، ڕێبـوار و موسـافـیر و غـەریبە و میـوان و

موريد هەر گەیشتە ئێرە، ئیشی بۆ پێشبینین کراوە و دەوام چاوەڕوانیەتی. هاتن و مانەوە و ڕۆیشتن، ماوەی کەم و زۆر بە دەست خۆتە. ژووری خۆت و ئەرک و ئیشی خۆت هەیە و لە هەموو داهات و حاسلاتدا بەشت هەیە و لە بەرانبەر هەموو سامانەکەدا هەمووان بەشدار و بەرپرسن.

دەگەڵ قەدەک مۆر و قەدەک نارنجی بە پلیکانەکاندا سەرکەوتین. لە پەنا نیوە دیوارەکە دانیشتین و پاڵمان داوە. شنەیەکی عەتراویی زۆر بلاوێن دەهات و دەچوو و نەوازشی دەکردین. دەرس و قسە و باس و دیالۆگ حەرام بوو. هێشتا دەست و دەموچاوم تەڕ بوو، بۆیە هێشتا سەرخۆش بووم. موراقیبە و بێدەنگی و چوونە نێو هەناوی دڵ و دەروونەوە ئالێرەدا نەک پێویست، بە زۆر و ئیجبار بوو.

دەشتی گوڵەمێلاق و شلێر و گوڵەباخ و خاشخاشکە سوورە پەردە و پارچە قوماشێکی سووری ڕەنگامەیە و هەر خولەک و گوڵێک بەرجەستە دەبێتەوە. گوڵێک بە بیچم و ڕەنگی خۆیەوە. من چاوم لەسەر پەڕەی گوڵەباخێک زووم دەکەم. پەڕەیەکی گوڵەباخ سوور سوور نووسینەوەی تەواوی کتاوی لەسەر دەکرێ، ئەویش بە پیتی درشت. دەتوانی لەسەر پەڕەیەکی گوڵەباخ هەموو کەسوکارت ببینی لە هەموو تەمەنیاندا، فیلمی هەموو بەسەرهات و سەربوردەیان!

دەنگی قەدەک مۆر لە گوێمدا دەزرینگێتەوە: هۆو دەوەنی گوڵەباخە شوێنی موراقیبەی باوکت بوو! بوو؟

قەدەک نارنجی وەک ویرەویر بە گوێما دەدا: باوکت هەر بە دەستی خۆی ئەو دەوەنەی ناشت!

هەردوو دەنگەکە پێکەوە: مرۆڤ تەنیا لە نسێی درەختی خۆیدا دەحەسێتەوە، باوکت ئاوای سوکنا دەهات!

سوا بە نێو گوڵستانەکەدا پیاسە دەکا، باوکم باوەشێ گوڵەباخ بە باخەڵەوە بە شوێن سوادا دێ و دەچێ. گوێم لێیە سوا بە باوکم دەڵێ: «دێتەوە، دێتەوە. دەتگاتێ. دەیبینی!»

دەگەنە بن گوڵەباخەکەی باوکم. دەوەنەکە یەک پارچە تارایەکی سوورە، باوکم لە ژێر دەوەنەکە ڕادەکشێ. سوا هەموو گوڵەکانی باوەشی باوکم پەڕپەڕ دەکا و بەسەر جەستەی باوکمدا پەرشوپەڕاگەندەیان دەکا. باوکم لە ژێر قوماشێکی نارنجی بە گوڵەباخ ڕازاوەدا خەوی لێ دەکەوێ.

سوا بەرەو بارەگا دەگەڕێتەوە. لەسەربانی بارەگا تەنهام. قەدەک مۆر و قەدەک نارنجی بۆ کوێ چوون؟ کەنگێ ڕۆیشتن؟ ئەی من بۆ هەستم بە ڕۆیشتنیان نەکرد؟

بە قاڵدرمەکاندا چوومە خوارێ، هەر گەیشتمە هۆدە بازنەییەکە، دەگەڵ سوا سنگمان بە سنگی یەکتردا کەوت. سوا وتی: پەلەپەل مەکە، پەلە کردن کاری ناحەزانە. لە باشترین کاتدا بە دیداری یەک شاد و شوکور دەبنەوە.

وتم: دەبێ بڕۆمەوە، ئیزن و مۆڵەتم هەیە؟

وتی: دەترسم زۆرت پێ نەچێ و بە پەلە بگەڕێیەوە!

لە گەڕانەوەدا لە دزەی مەرگەوەڕ تووشی بابم بووم. لە هەمیشە ساخ و سلامەتتر و بەگەشە و نەشەتر. ماچمی کرد و وتی: دەوەنەکەی منیان پێ نیشان دای؟ گوڵی پێوە ماوە؟

– باوکە گیان لکوپۆپ و گوڵ و گەڵای دەوەنەکەت هەمووی گوڵە. پارچە قوماشێکی گوڵباران و یەک پارچە گوڵ و پەڕەی گوڵ.

دووبەدوو گەڕاینەوە بۆ سەفاااوا. باوکم یەکسەر چووە نێو بارەگا و بۆ هۆدە بازنەییەکە. بەرماڵی ڕاخست و ڕووەو رووگە مات بوو. ویرەویری دەهات، بە گەشە و نەشە و بە بزەیەکی شیرینەوە، نا، کەس نەیزانی تاعەت و عیبادەت بوو، یان موراقیبە یان شتێکی دیکە. دوایە دەستمی گرت و چووین بۆ بن دەوەنەکەی خۆی. گوڵ بە گوڵی دەوەنەکەی ماچ کرد. لە گریانێکی بەکوڵی بەبێ کۆتاییدا. گەڕاینەوە بۆ هۆدەی بازنەیی. بانگی شێوان بوو. تاعەت کرا. سوا کوتی کەس ناڕواتەوە. گوێ دەدەینە بەسەرهاتی قەدەک نارنجی و قەدەک مۆر و باوکی مامۆستا (مامۆستا بە منی دەوت) دەفەکان و بلوێرەکانیش بێنن. شەوێکی ئەفسووناوی:

نێوە نێوە سەربوردەی باوکم و قەدەک نارنجی و قەدەک مۆر و سوا، نێوە نێوەش دەفە و بلوێر و ویرەویر. لەپاش بەرقەندە سوا کوتی: ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی بۆ ناشتنی باوکی مامۆستا حوزووری دەبێ.

باوکمان لە ژێر دەوەنە گوڵەباخەکەی خۆی ناشت. سوا بە منی وت: ئەم هەموو حەڵوا خواردنە نابێ، بیکە ئیشتیای خۆت، خوا زۆری لە لایە. مەترسە، ئیشتیا بکە....

لەپاش حەوتوویەک گەڕامەوە دایرەکەم بۆ دەوام. دوو ڕۆژ لە مۆڵەتەکەم مابوو. سەرۆکی دایرە و هەموو برادەران هاتنە پرسە. بۆ ماڵەوە، سبەی پاش نیوەڕۆکەی پرسەیەکی گەرم و پڕماتەمینییان دانابوو، کە مزگەوت پڕ بوو وتم: باوکم لە سەفااوا ئێوە خۆش. ئیزنی پرسەی نەداوە. خەرجی پرسە و کۆڕی ماتەمینی دادەندرێ بۆ جێبەجێ کردنی وەسیەتی خۆی. مەجلیس تەواو بوو.

سی ساڵ، ئەمە سی ساڵی ڕەبەقە، شێتم و دێوانە نیم. قەڵەندەرم و ئاوارە نیم. دێوانەم و شێت نا، ئاوارەم و قەلەندەر نا. گا لە ساراتی ئیشکی بەردەڵان و قاقڕم و گا دیل و یەخسیری گوڵستانەکەی سەفااوا، بەڵام سی ساڵە شەرابی ئەم مەراق و ئەم دڵخۆشییە دەنۆشم و کەس نەبوو پێم بڵێ کێی؟ چی؟ خۆشیت؟ ناخۆشیت...

تۆغا میرزا بینووسە. من وتم و تۆ بینووسە. بێتوو نەینووسی قەرزاربارم بی، لەسەر تەرازوو و میزانەکە ئێخەت دەگرم. تۆغا من وتم و تۆ بینووسە.

من میرزای ئاخر دێرەکانی ئەم چیرۆکە، سەربوردەی مامۆستام نووسی. لە ناوی مامۆستام پرسی، وتی بنووسە: (فەقیر سوا، سامان سوا)

من میرزای ئاخر دێرەکانی ئەم چیرۆکە و ئەم سەربوردەیە بە خواستی (فەقیر سوا، سامان سوا) لە مانگێکدا سەربوردەکەم نووسی و لە بۆیم بردەوە تا بۆی بخوێنمەوە، نەمابوو. لە دەوامی دایرە خانەنشین ببوو. ماڵی بەکرێ دابوو. بە کرێ نشینەکەی وتبوو، هۆو تاقە ژوور و پێشخانەیە بۆ خۆم، ڕەنگە ساڵی کەرەتێک و دووان بێمەوە. باقی ئەم ماڵە بەم قەرار و بڕیە و پووڵ و پارەیە بۆ ئێوە، تا پێک ڕازی بین. ئیدی ڕۆییبوو. وتبووی ئاسانە بە ئاسانەی جیهان دەگەڕێم و بارەگا بە بارەگا پێڵاوی غەریبی دەکەمەوە، تا خۆم دەدۆزمەوە، تۆغا دوعام بۆ بکەن؛ بتوانم خۆم بدۆزمەوە. سوا ئەوەندەی وتبوو و هیچی دی...

# لە خەونەوە بۆ ژیان

## «خوێندنەوەی چیرۆکی سامان سوا»

**ئەحمەد چاک**
**(بۆکان)**

کارمەندێکی ئاسایی لە سێیەمین ساڵی ژیانیدا تووشی خەونێک دێ؛ کە سی ساڵ لەمەوبەر باوکی لە تەمەنی سی ساڵیدا بۆی بینیبوو. چیرۆکی سامان سوای چیرۆکنووس حوسێنی شێربەگی بە پێشەکییەکی وەهاوە دەست پێدەکات. لە گۆشەنیگای یەکەم کەسی تاکەوە بۆمان دەدوێ و باس لە نهێنیترین گۆشەکانی ژیانی سامان سوا و سەفەرێکی دوورودرێژ بۆ وڵاتی سەفا دەکات. بەر لە سامان سوا کەسانێکی زۆر ئەم ڕێگەیان بڕیوە و تووشی خەونێکی وەها بوون؛ بەڵام بە زەینی هیچیاندا نەهاتووە بۆ نووسەرێکی بگێڕنەوە. ئەم نووسەرە بۆی هەیە چیرۆکنووسێک بێ کە چیرۆکی ژیانی سامان سوا دەیگێڕێتەوە. چیرۆکێکی عیرفانی لە جوغرافیای کوردستاندا و بە زۆربەی بیروباوەڕی خەڵکی کوردستانەوە.

لە یەکەم ڕوانیندا هەبوونی دوو ڕاوی بەر چاو دەکەون:

(١) نووسەر: (میرزا) واتە ئەو کەسەی کەسایەتی سەرەکی بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە.

(٢) سامان سوا: کە داوا لە نووسەر دەکا هەتا چیرۆکەکەی بۆ بنووسێتەوە.

ئەم دوو ئاستە بەردەوام تێکەڵ دەبن و سنووری نێوانیان دەشێوێ؛ بەڵام بە گشتی هەبوونی منێکی گێڕانەوەیی first person narrator دەسەڵاتی سەرەکی بەدەستەوەیە. ئەویش ڕاوی دووەمە کە ناوە ناوە دێتە ناو چیرۆک و چەشنی ڕاوییەکی دەستێوەردەر دەبێتە هۆی نامۆبوونی گێڕانەوە، بەڵام نابێ هەبوونی ڕاوییەکی شاراوە لەم چیرۆکەدا لەبەرچاونەگرین. ئەویش (فووکۆ) گوتەنی دانەرە. (میخاییل باختین) لەم بارەیەوە وتەی ئەدەبی بەسەر سێ بەشدا پۆلێنبەندی دەکا:

(١) وتاری ڕاستەوخۆی نووسەر.

(٢) وتاری نوێنراو.

(٣) وتاری دوو لایەنە.

ڕەنگە وا هەست بکرێ نووسەر خەریکە وتارێکی وا



**حوسێن شێربەگی**

نوێنمان ئاراستە دەکا، بەڵام واش هەست دەکرێ؛ کە ئەم وتانە وتەی ڕاستەوخۆی چیرۆکنووس بن.

(ژرار ژنێت و میکێ باڵ) زاراوەی کۆجێ کردنەوە دێننە گۆڕەپانی چیرۆکەوە؛ ئەم زاراوەیە لە سەر بنەمای دوو پرسیار دامەزراوە (کێ دەبینێ؟ و کێ دەدوێ؟) لێرەدایە کە نووسەر بە ئانقەست لە گۆشەنیگای یەکێک لە کەسایەتییەکانی چیرۆکەوە گێڕانەوە دەکا. لەم چیرۆکەدا پێنج کەسایەتی (قەدەک مۆر، قەدەک نارنجی، سامان سوا، باوکی ڕاوی و ڕاوی) دەبینین، بەڵام ڕاوی شاراوە کە دانەر بێ؛ لێنزی دووربین لە سەر کەسایەتی دووەم ڕادەگرێ و گۆشەنیگای یەکەم کەسی تاک هەڵدەبژێرێ کە بۆ مەبەستی ئەم باشترین ئامانجە. لەم گۆشەنیگایەوە باشتر دەتوانێ لە هەناوی ڕاستەقینەیەکی گومان لێکراو بدوێ.

سامان سوا بەسەرهاتی خۆی بۆ نووسەرێک دەگێڕێتەوە و داوای لێدەکا ئەم بەسەرهاتە بێ کەموکوڕی بنووسێتەوە و لە جیهاندا بڵاوی کاتەوە، بەڵکو کەسێک پەیا بێ ئەم حسێب و کتێبەی بۆ لێکداتەوە. ئەم ڕاوییە لە سەرەتای چیرۆکەکەدا خۆیا نابێ، بەڵکو لە ناو چیرۆک و لە ئاخر دێرەکانیدا خۆی نیشان دەدا. سامان سوا سی ساڵە دەیەوێ بەسەرهاتی خۆی بۆ نووسەرێک بگێڕێتەوە، بەڵام لە سەرەتاوە نووسەر نایەتە ناو، بەڵکو لە کۆتاییدا ئەم ڕێخۆشکردنە بەم شێوەیە دەخرێتە ڕوو سامان سوا ڕوو لە میرزا دەکا و دەڵێ: "تۆغا میرزا بینووسە. من وتم و تۆ بینووسە. بێتو نەینووسی قەرزاربارم بی، لە سەر تەرازوو و میزانەکە ئێخەت دەگرم. تۆغا من وتم و تۆ بینووسە." یان : " من میرزای ئاخر دێرەکانی ئەم چیرۆکە و ئەم سەربوردەیە بە خواستی (فەقیر سوا، سامان سوا) لە مانگێکدا سەربوردەکەم نووسی و لە بۆیم بردەوە تا بۆی بخوێنمەوە، نەمابوو. لە دەوامی دایرە خانەنشین ببوو. ماڵی بەکرێ دابوو. بە کرێچییەکەی وتبوو، هۆو تاقە ژوور و پێشخانەیە بۆ خۆم، ڕەنگە ساڵی کەرەتێک و دووان بێمەوە. باقی ئەم ماڵە بەم قەرار و بڕیە و پووڵ و پارەیە بۆ ئێوە، تا پێک ڕازی بین. ئیدی ڕۆییبوو. وتبووی ئاسانە بە ئاسانەی جیهان دەگەڕێم و بارەگا بە بارەگا پێڵاوی غەریبی دەکەمەوە، تا خۆم دەدۆزمەوە، تۆغا دوعام بۆ بکەن؛ بتوانم خۆم بدۆزمەوە. سوا ئەوەندەی وتبوو و هیچی دی...."
دەبینین چیرۆکنووس دەستی خۆی بەم ڕێخۆشکردنە بۆ خوێنەر ڕوو دەکا کە فۆرمالیستەکان (لە قاو دانی) پێ دەڵێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەر لەمە ڕاوی (نووسەر) لە جێیەکی تر دێتە ناو چیرۆکەکەوە ئەویش ئەو جێگایەیە کە سامان سوا باسی گوڵەباخ دەکا و لە پڕدا نووسەر بەم شێوەیە دێتە ناو چیرۆکەکەوە:" (لە دەرگایان دا، چووم دەرگام کردەوە. ماڵە جیرانەکەمان کولێرە ناسکە و کولێرە پەنجەی گەرم گەرم و تازەی بۆ ناردبووین، گوڵەباخ، کیژۆڵەی زۆر جوانی جیرانەکەی دیکەمان یارمەتی دەدا و بە سەر ماڵە جیرانەکاندا بڵاوی دەکردەوە. مرۆڤ زۆری گوڵن، گوڵ. کیژۆڵەش گوڵ بوو گوڵ! گوڵەباخ و عەتری گوڵەباخ و درەختی گوڵەباخ... مرۆڤ زۆری گوڵن. عەتری نان و کولێرە جیهانی داگرتووە. تۆش و ئێوەش گوڵ دابەش کەن. گوڵەباخ و عەتری گوڵەباخ و نانی گەرم و کولێرە ناسکە و خۆشەویستی و ئەوین) (نووسەر) " گوڵە باخ کچی جیرانی نووسەرە. تەداعی ناوی گوڵەباخ بۆتە هۆی ئەوەی ڕاوی ئەم کارە بکات. کە واتە بە کورتی کەسێک بەسەرهاتەکە بۆ نووسەرێک دەگێڕێتەوە و ئێستا ئێمە نووسراوەکەی ئەو دەخوێنینەوە، ئەم نووسەرەش جار جار دێتە ناو ڕەوتی چیرۆکەوە. لێرەدایە کە لە ڕوانگەی نووسەر و سامان تێکەڵ دەبن و هەر دەڵێی هەودای

قسـەکانی سامـان سـوا بە دەسـتـەوە دەگـرێ و درێژەی پێدەدا.

خـەونی ڕاوی خـەونێکی سـەیرە، مـرۆڤـانێکی زۆر لە کۆمەڵگای ئەودا تووشی خەون و سەرەگێژەی وەها بوون. لەم خـەونانـەدا بەردەوام ڕاوی بانگ دەکـرێ بۆ شـوێـنێـک بە ناوی سـەفـاااوا. سـەفـاااوا دنیـایەکی تایبـەتە پڕ لە گوڵوگوڵزار و داروبارەخت و شیوودۆڵ و خێروخۆشی کار و ژیانی ڕۆژانە لە وێندەرێ بوونی نییە؛ کۆڕ کۆڕی زیکر و دەفـە لێـدانە و غـەریبـە پێی ناچێـتـە ئەو شـوێنە. بۆ سەردانی ئەم شوێنە کەسایەتی سێ جار سەفەر دەکا و لە سەفەری سێیـەمدا دەتوانێ ئەوێ ببینێ. لە درێژەی ئەم سـەفـەرەدا کـەسـایەتی لە زۆر شـوێن تێـپـەڕ دەبێ و زۆر ڕووداوی سەمـەرەی بۆ دێتە پێـشێ؛ کە ئەم گریمانەیە بە هێـز دەکـەن بۆ ئەوەی ئەم چیـرۆکـە بدەینە پاڵ ڕیالیـزمی جـــادوویی (magic realism)ەوە، ئەمـــەش بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە ئەفسـانە و بیروباوەڕی خۆماڵییـە لە چاوگی داهێنانی نووسەرەوە قەڵبەزە دەکا. هەر لێرەڕایە کە بنەمای ناشوێن لەم چیرۆکەدا دادەڕێژرێ.

سەفـاااوا شـوێـنێکە تۆ لە هەر ناوچەیەک ڕا بۆی بڕۆی دەیگەیێ و لە هەر شـوێنێک ڕا بگەڕێیـەوە گـرفـتـێکت نیـیـە. کـەسـایەتی بە دۆزەخ دەڕێدا دەڕوا و مـیـوانی شێـخـەکانی ئەوێ دەبێ. ئەوکاتەی کە دەشگەڕێتـەوە و ماڵئاوایی لە باوکی دەکا بە ئاراستـەی شەمزینانـدا دەڕوا و زیارەتی سێ سـەد و شەست مـەزاران دەکا! و بە دابی دەروێشی بلوێرێک و دەفـەیەکی دەدەنێ. لە گـوندێکی نیــزیک سـەفـاااوا شـەو لەسـەر بانی قـاوەخـانـەیەک دەخەوێ. ئەو شەوە چەند ڕووداوی بەسەر دێ. ئەمـجـا دەگـاتە سـەفـاااوا هەمـوو ئەوانەی لە چیـرۆکـەکـەدان و خەڵکی تریش لە وێن. دەگەڕێتەوە، بەڵام لە دزێ تووشی باوکی دەبێ، دەگـەڕێنەوە سەفـااوا باوکی لە ژێر دەوەنێ گوڵە باخ دەنێژێ و دەبێ بە پیر (سامان سوا) و بە وتەی نووسـەر دەست دەکـا بە سـەیر و سلووک، هەتا خـۆی بدۆزێتەوە.

**بنەڕەتە عیرفانییەکان**

(۱) ڕێگاکانی گەیشتن بە مراد بێ ئەژمارن. گرینگ مـەبەسـتی مـرۆڤـە. ئەو شـوێنەی کـەسـایەتی بۆی دەچێ گرینگە نەک ڕێگای ڕۆیشتن.

(۲) هەژاری خـۆویست: نان و حەڵوا و و نان و پەنیـر ڕەمـزی قـەناعـەت و ڕەزای عـارفـانەن . ئەم کـارە گـورگی دەروون لاواز دەکا. قەدەک ( خـەرقە )ش هەر ڕەمزی ئەون موريد بە ئانقەست پۆشاکی زبر لەبەر دەکا هەتا نـەفسی بەدکــاری بکوژێ: "لە تاریکیـــدا بە دەوری خــۆمـــدا دەخولامەوە، گورگێکی زۆر دەورەیان دابووم. پڕم کرد بە قـەدەک نارنجـیـیـەکـەی کـابرا و دام بە سـەرمـدا، گـورگ هەمـوو هەڵاتن." لە مـەسنەوی مـەولەویدا گـورگ ڕەمـزی نەفسی بەدکارە:

**گرگ را سر بر کند آن سر فراز**
**تا نماند دو سری و امتیاز**
**فانتقمنا منهم ای گرگ پیر**
**چون نبودی مرده در پیش امیر**

(ص۱۳۳)

هەروەها لەم ڕسـتـەیەشـدا ئەم چەمکە بە باشی خـۆی دەنوێنێ: (مـەبە مـشـکی سـەر خـەزێنە! هەسـتـە وەرە بۆ "سەفا"!)

(۳) گوڵەباخ (گوڵی سوور) لە شـیـعری فـارسی و لە عـیـرفـانـدا ڕەمـزی ئەوینە: " گـوڵەباخ هەر گـوڵەباخـە و عـەتری گـوڵەباخ عـەتری خـوایە... برا گـەورەم بن، برای خـۆشـەویست و پیــر و ســوام بن... گــوڵ بن و دڕک مـەبن... " بە بێ هۆ نییـە کـە گـوڵە باخی کچـە جیـران کـولێـرە ناسکەی بۆ دێنێ و باوکیـشی لە ژێر سێـبـەری دەوەنی گوڵەباخ - داری ئەوین - دەنێژن.

(٤) ئیجبـار: ڕێی هەڵات لە ئەوین نییە، دەبێ بچی و دەبێ داواشت بکـەن ئەگینا زۆرانبازیت لە گەڵ دەکـەن و شێـتت دەکـەن. هەمـوو وزە چاک و خـراپەکـان لە هەوڵی ئەمەدان .

(٥) نەبوونی جیـاوازی: ئاسـانەکـەی سەفـاااوا گـومەز ئاسایە چوار دەرگای هەیە بـۆ چوار قوڕنەی زەوی. گرینگ نیـیـە لە کـوێوە دێی. بازنە ئاسـایە لە هەر لاوە دانیـشی؛ جیاوازیت لەگەڵ ئەوانی تر نییە. شێخ بەهایی دەڵێ:

**بنازم به بزم محبت که آنجا**
**گدایی به شاهی مقابل نشیند**

(٦) سـەفـەر، یان (سـیـر آفـاق و انفس): "وتبـووی ئاسـانە بە ئاسـانەی جیـهـان دەگـەڕێم و بارەگـا بە بارەگـا پێــڵاوی غـەریبی دەکـەمـەوە، تا خـۆم دەدۆزمـەوە، تۆغـا دوعـام بـۆ بکەن؛ بتـوانم خـۆم بدۆزمـەوە. سـوا ئەوەندەی وتبوو و هیچی دی...."

(۷) ئەو جێیـەی باوکی دەبەستنەوە و بە شوڵەتەڕ لێی

دەدەن نەریتی شێخەکانی خۆمانە: " هەڵیدەگرن، دەیبەنەوە ماڵە شێخ – شێخ بە بابەوەی لەبەر مرم – باوکم بە کوڵەکەی تەویلەوە دەبەستێ. بە سەتڵ ئاوی ساردی بە سەر و پۆتراکدا دەکەن و بە شوولە تەڕ دەیکوتن! بە حوکمی شێخ و بە حوزووری خۆی دانە ڕۆژێکی ڕێک بە شوولە تەڕ دارکاری دەکەن تا لە سەرخۆی دەچێ، ئەم جار بە سەتڵ ئاوی ساردی بە سەر و گوێلاکدا دەکەن تا وەخۆ دێتەوە... هەمیسان بە شوولە تەڕ....

جا کە بۆ جاری چەندەم باوکم لە سەر خۆی دەچێ و ئەوەندەی ئاوی ساردی بە سەر و پۆتراکدا دەکەن، وەهۆش نایەتەوە، شێخ دەفەرمێ بیبەنەوە، عەلەمی تێدا نەماوە. "

(٨) ئەم چیرۆکە لە سێ شوێندا ڕوودەدا (شار، لادێ و سەفااوا) کەسایەتی لە شار کارمەندە و ژیانی ئاسایی دەباتە سەر. یەکەم سەفەری کەسایەتی بۆ لادێیە لەوێ بۆ سەفەری ئێجگاری ئامادە دەبێ و لە بادەی ئەوین دەنۆشێ. دوای هەمووان سەفااوا کە بە تەواوی لە ناشوێندا خولقاوە.


(٩) نەهێشتنی پێوەندی دنیایی: " کە چاوم کردەوە پێخاوس بووم، قەدەک نارنجیش پێخاوس بوو. لە بەرامبەر قەدەک مۆر و زاتێکی سەرتاپا سپی پۆشی سەروردێن سپیدا ڕاوەستابووین." داکەندنی پێلاو نیشانەی نەهێشتنی پێوەندی لەگەڵ ئەم دنیایەیە و لە بارەگای حەبیب دەبێ کەوشەکانت دانێی. حەزرەتی مووسا لە ولاتی پیرۆزی توو‌ا ئەم کارە دەکا.

(١٠) یەکێتی لە زۆر بووندا و زۆر بوون لە یەکێتیدا: "لەگەڵکو لە چایخانە چوومە ژوور، چاوم بە زەلامێک کەوت، دەتوت کابرای قەدەک مۆرە. دوو قەدەکی بە سەر یەکدا لە بەردا بوو، قەدەکێک مۆر و قەدەکێک نارنجی." ئەم قەدەک لەبەرانە دەبن بە یەک، بەندەکانی خودا یەکن . لە کۆتاییشدا خۆی دەبێ بە سامان سوا.

(١١) دەکرێ بڵێین سامان قۆناخەکانی سەرکەوتن یەک بە دوای یەکدا دەبڕێ و دەبێتە (سامان سوا – فەقیر سوا) سوا لە زمانی کوردیدا بە واتای مامۆستا هاتووە. مامۆستای فەقیر لە عیرفاندا سامان دارە. بەڵێ بەڕاستی ئەمە خەونێکە دێتە ژیانەوە، یان ژیانی ئاوێتەی خەون و ژیانە.

**سەرچاوەکان:**

**(١) مثنوی معنوی، مولانا جلال الدین محمد بلخی، تصحیح رینولد نیکلسون، انتشارات پل، سال ١٣٧٩.**
**(٢) فرهنگ اصطلاحات ادبی، سیما داد، انتشارات مروارید، ١٣٨٢.**
**(٣) نظریه ادبی ، جاناتان کالر، ترجمه فرزانه طاهری، نشر مرکز، سال ١٣٨٢.**
**(٤) راهنمای داستان نویسی، جمال میر صادقی، انتشارات سخن، سال ١٣٨٧.**
**(٥) هەنبانە بۆرینە، مامۆستا هەژار، نشر سروش، ١٣٦٩.**



## باسم ڕەسام:
## هونەر بۆ من کانگای گۆڕانە.. دەبێ دیزاینیش خۆی بەسەر چاوی بینەراندا بسەپێنێت

**ئا: خەبات ڕەسوولی**

پێوەندی نێوان ئێستا و ڕابردوو تەنیا درێژەپێدانی پرۆسەیەکی جەستەیی یەک لەدوای یەک نییە، بەڵکو ڕەوتێکی نەپساوەی زانستی و هزری و مەعریفی و هونەرییە کە لە چوارچێوەی ئێستادا فۆرم دەگرێت. زانایانی ئێستا ڕێبوارانی ئەو ڕێگایەن کە بیرمەندانی میسر و یۆنان و ڕۆمی کۆن پێیدا تێپەڕیون و شێوەکارانی ئەمڕۆ درێژەپێدەرانی ڕێگەی یەکەم نیگارکێشەکانی ناو ئەشکەوت و میراتگرانی مانی و داڤینشی و ڕوفائێل و مایکل ئەنجیلۆن. پردی نێوان ئەوەکان پردێکی نابەدی نییە، بە پێچەوانەوە ئەو پردە پردێکی هەستیارە. هونەر ئەو بوونەوەرەیە کە دەتوانێ کاریگەرییەکی باشی لە سەر جوانترکردنی ژیانمان هەبێ و هونەرمەندیش ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگایە. هونەرمەندی شێوەکار و دیزاینەر باسم ڕەسام تاکێکی نامۆی ئەو جیهانە نییە و بە درێژایی تەمەنی خۆی خزمەتی بە هونەر کردووە. کاریگەریی ژینگەکەی لەسەر ئەو و کاریگەریی ئەو لەسەر ژینگەکەی و ئەو ڕابردووە پڕ لە هەوراز و نشێوەی ئەو پێیدا تێپەڕیوە، بووەتە هەوێنی چاوپێکەوتنەکەمان. باسم ڕەسام لە ناوە دیارەکانی هونەری شێوەکاری و دیزاینە لە ئێراندا، بەڵام بەداخەوە بە هۆی دەربەدەری و دووری لە نیشتمانەوە بەو چەشنەی کە شایانە بەو لە وڵاتی خۆی نەناسراوە. ئەو چاوپێکەوتنەی گۆڤاری ڕامان دەکرێ هەوڵێک بێت بۆ ئاشت کردنەوە و ناسینی ئەو لە کوردستاندا.

* باسی ســـەرەتای منداڵیـــتـــمـــان بۆ بکە، باسی بنەماڵەکەت و شاری بەغدا، چ بیرەوەرییەکی زیندووت لەو سەردەمە ماوە؟

– لە بەغـدا لە تەمەنی سێ ساڵیـمـەوە زۆر شتم وەک خەون بە بیـر دێ، وەک حـەرەس قـەومی و کـۆڵانەکـانی بەغدا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئێمە و زۆربەی کوردە فـەیلییەکان بە عـەرەبی قسەمان دەکرد، لەناو مـاڵەوە بە کوردی فەیلی قسەمان دەکرد، بەڵام لە دەرەوە بەیەکەوەش بە عـەرەبی گفـتوگۆمان دەکرد، بەڵام ئەوکـاتە کە بەشێک لە کـوردە فـەیلییـەکانیـان لە بەغـدا دەرکرد، کەسوکار و دراوسـێـمـان بوون، ئەو هەسـتـە وەک وەهـمـێـک لەلام دروست بـوو کـە ئەوانە بۆ دەرکـران؟ شـتـێـکی سـەیر بوو لەلام، هەمـــوویان لەبەغـــدا لە دایک بـــوون و برادەری قـــوتابخـــانەم بـوون، لە منداڵیـــیـــەوە بەیەکـەوە بووین و دراوسـێ بـووین و هـاتـووچـۆمـــــان بەردەوام بـوو و زۆر تێکەڵاوی یەکتری بووین، بۆ وێنە لە کۆڵانێکدا دەتبـینی هەمــوو مـاڵەکـان کـوردی فـەیلی بـوون، هەمـوو شـتـێک تێکچوو، کۆڵانەکە گۆڕا، عەرەب هاتنە ناو کۆڵانەکەمان، من دژی عـەرەب نیم، بەڵام ئەو پێکهـاتە کـۆمـەڵایەتییـە گـۆڕا. وەک منداڵێک ئەو هەسـتـەم بۆ دروست بـوو، کـە ئێمەی کوردی فـەیلی جیـاوازین، ئێستا لێرەش هەندێک جـار دیسـان هەست دەکـەم کـوردی فـەیلی هێـشـتـا هەر جیـاوازە. بـاوەڕ بکە لە هەر شـوێنێک بووبێن، بەردەوام هەسـتـمـان بەوە کـردووە. ئەو بابەتە و ڕەنگە بابەتێکی دیکە... یەکـەم دەرکـردنی برادەرەکـانم بـوو، ئیـتـر برادەرم نەمــا، ئەوە کــاریگـەری زۆری لەســەرم دانا، بەڕاســتی برادەرم نـەمـا، دادەنیــشــتـم دەگـریام، بابەتێکی دیکەش ئەوە بوو کـە ئێـمـە بنەمـاڵەیەکی گـەورەدا بووین، حـەوت خـوشـک و برا بـووین، دایک و بـاوک خـەریکی ئیــشـی خۆیان بوون، پەروەردە لە بنەمـاڵەیەکی ئاوادا زەحـمـەتە، دەبێ خۆت خۆت پەروەردە بکەیت، ئەم دوو هۆیە وای لێ کردم بەردەوام ڕەسم بکەم.

* لە بنەمـاڵەی ئێـوەدا کـەسـێـک هەبوو پێش جـەنابت خەریکی ڕەسم کردن بێ؟

– نا ئەوکـات نـەبوو، بەڵام دوایی دەرکـەوت، پـوورێکم هەیە ئێـسـتـە مـاوە. زۆر پیـرە، بەڵام ئیـشـی زۆر پوختـە و بەهێزی هەیە.

* درەنگ دەستی پێکرد؟

– جـارێک لە شـاخ بووم دانوسـتـــان کـرا، ئەوکـات سەرێکم لە بەغدا دا، ئیشەکانی خۆی پیشان دام، ئیشی گـەورە، تابلۆی زۆر جـوان، حـەوت سـاڵ لەمـەوپێش کـە دیســان چوومــەوە بەغــدا و ســەرم لێ دا، بن مــیـــچی چێشـتـخانەی ماڵەکەی خۆی هەموو کردبوو بەڕەسم، نەک ڕەســمی گــاڵتــە، یان بڵــێی من بمەوێ هانی بدەم و لەو قسانە، نەخێر.. ڕەسمەکانی زۆر باش بوون.

* کتێب لە ماڵی ئێوەدا چەندە دەبینرا؟

– هیچ کتێبێکی لێ نەبوو، من دەستم پێکرد.

* باوکت کتێبی نەدەخوێندەوە؟

– خوێندەوار نەبوو، هەرچەندە زۆر زمانی دەزانی وەک ئینگلیزی و فارسی و تورکی و کوردی و عەرەبی.

* چۆن لەگەڵ دنیای شێوەکاریدا ئاشنا بووی؟

– ڕەنگە پێـویسـتـییـەکی ناخی خـۆم بووبێـتە هۆی ئەوە. ڕەنگە تـەنیـایی منی ڕاکـێشـابێـتـە نـاو ئەو دنیـایەوە. لە بنەمــاڵەیەکی ئـاوهاشـدا پەروەردەکـردن نیــیــە، هەروەک پشیلە و سەگیان ڕاگرتبێ تەنیا تێرت دەکەن. نەوەڵڵا نە باوکم ڕەسام بـوو، نە دایکم! ئەوە تەنیـا حـەزی خـۆم بوو، بە دزییــەوە ئیــشــم دەکـرد تا پارەی بۆیاغ و فــڵــچــە و شـتـەکـانی خـۆم بەدەست بێنم، دەچووم هەندێک گـۆڤـار و ڕۆژنامەم دەکڕی و دەمفرۆشتنەوە. خۆ کەس لە ماڵێ ڕێی لێ نەدەگـرتم و پێـشـیـان پێ نەدەگرتم، بە پێـچـەوانەوە هەندێک جــار دایکم هانیـــشی دەدام، هەندێک جـــار کـەرستەی بۆ دەکڕیم، کاغەز، بۆیاغ، بەڵام ئەو حاڵەتانە دەگمەن بوون.

* بـاشـــە چۆن بوو ڕووت لەو بوارە کـــرد، ڕووت لە بوارێکی دیکە نەکرد؟

– کە چوومە قوتابخانە، مامۆستـای ڕەسمی باشمان هەبوو، کـە دەڵێم مـامۆسـتـای باش، مـەبەستم ئەوە نییـە بڵــێم هونەرمــەندێکی گـەورە بـووبێ، گـرینگ ئەوەبوو گاڵتەی پێ نەدەکردین. لەبیرمە ئەو کاتانە پۆلی چوار و پێنج بووم، خـەڵاتێکی جیـهـانیم لە هیندستـان وەرگرت. ئەوە ئـیـشی ئەو مـامـۆسـتـایەمـان بوو. زۆر شـتی فـێـر دەکـردین، ڕەسم، هەڵکۆڵین لەســەردار و داربڕین و ئەو شتانەی فێر دەکردین.

* ناوی ئەو مامۆستایەت لەبیر ماوە؟

– ناوی عەبدولڕەزاق بوو. ژووری ڕەسمکردنمان هەبوو، کلیلی ژوورەکـە لای مـن بوو، تەنانەت لەگـەڵ دایکم و باوکم قسەی کرد بوو، گوتبووی پێمان گوتووە تەنانەت ڕۆژانی هەینیش ئەگەر حەز بکات، دەتوانێ بێتە ئێرە و دانیشێ لێرە ئیش بکات. ئیشم باش بوو، ئەویش جار جــار شــتــێکی بچـوکی پێـدەگـوتم، بۆ وێنە ڕەســمی

دەموچاوم دەکرد، دەمگوت باشە؟ دەیگوت با سێبەرەکەی ئاوا بێ، ئەوانەش بۆ من زۆر گرینگ بوون. جا هەر بە هاندانی ئەو مامۆستایە دەستم بە دروست کردنی پەیکەر و ئەو شتانەی دیکە کرد.

* کەوایە ئەو مامۆستایە هانی دایت بێیتە ناو ئەو دنیایەوە؟

– نا بەو شێوەیە نییە، بڵێم ئەو وای لێکردم، حەزی خۆم پتر لە هاندانی ئەوبوو، ئاخر ڕاستییەکیش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بە خۆشی هێندە شارەزا نەبوو، جیاوازی ئەو مامۆستایە لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەوە بوو کە گاڵتەی پێ نەدەکردین، چونکە ئەوکاتە لە هەموو قوتابخانەکان وانەی ڕەسم، وانەیەکی فشە بوو، گاڵتەی پێ دەکرا، شتێکی جددی نەبوو، وەکو وەرزش بوو، لەبەرئەوە دەڵێم ئافەریم بۆ ئەو مامۆستایە کە ئەگەر زۆریشی لێ فێر نەبووبێتم، بەڵام قەت گاڵتەی پێ نەکردووم.

* باشە کەنگێ بەشێوەی جددی تێکەڵی ئەو دنیایە بوویت؟

– کە گەیشتمە قۆناغی ناوەندی، واتە پۆلی دووی ناوەندی بووم، تەنیا باری پێوەندییەکانم گۆڕا، یەکەم عاشقی کچێکی لەخۆم گەورەتر بووم، دراوسێمان بوو، لە جێگەیەک بینیم باش بیرم نایە، ڕەنگە لە کۆنسێرتێک بینیبێتم. ئیتر دەمزانی لە کوێیە بەردەوام دەچوومە سەر ڕێگەی، قەت نەمتوانی خۆشەویستیمی پێ بڵێم، چونکە زۆر لەمن گەورەتر بوو، من ئەو کات دووی ناوەندی بووم، ئەو لەوانەیە شەشی ئامادەیی بووبێت. دواتر جارێک پێم گوت، گوتی زۆر درەنگ هاتی! دیارە ئەوە چەند ساڵ دواتر ڕووی دا. ئەو ڕووداوە زۆر لە برادەرەکانی قوتابخانەم دووری خستمەوە. هاوکات لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستیش خەریکی ئیشی حزبیی بووم.

* حزبی کۆمۆنیست؟

– حزبی شیووعی عیراق. ئەوکات حزبی شیووعی لە قوتابخانەکاندا لقی خۆی هەبوو، قوتابخانەی ئێمە نەیبوو، من دەستم پێکرد.

* تۆ چۆن لەگەڵ حزبی شیووعی ئاشنا بووی؟

– من زۆر کتێبم دەخوێندەوە، یەکەم جار ڕۆمانێکم بینی زۆر سەرنجی ڕاکێشام.

**هیچ کات لە تەمەنمدا مامۆستام نەبووە، شاخیش بۆ من گرنگترین بەشی ژیانمە.**

* ناوی ڕۆمانەکە چی بوو؟

– ڕۆمانێکی میشێل زیفاکۆ، ناوی ڕۆمانەکەم بیر نایەتەوە، پۆلی یەکی ناوەندی بووم کە خوێندمەوە، ڕۆمانێکی کلاسیک بوو، دوای ئەوە ڕۆمانەکانی ئەلکساندەر دۆمام خوێندەوە. خەریکی خوێندنەوەی ئەو چەشنە کتێبانە بووم بەشێوەیەکی ڕێکەوت کتێبی لینینم وەدەست کەوت، کتێبێکی بچووک بوو، ڕەنگی بەرگەکەی سوور بوو، خوێندمەوە، ناوەکەیم بیر نەماوە، سەرنجی ڕاکێشام. ئیتر کەوتمە دوای لینین کە لینینم نەدۆزییەوە کتێبی دایکی مەکسیم گۆرکیم دۆزییەوە.

* ساڵی چەند بوو؟

– ساڵی حەفتا و دوو بوو. ئیتر لەوکاتەوە خەریکی ئیشی سیاسیش بووم.

* باشە پێوەندی تۆ لەگەڵ حزبی شیووعی چۆن دەستی پێکرد؟

– پاش خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی ناوم هێنان، بەجددی موتالام لەو بوارەدا کرد. ئەوجار پرسیارم کرد بزانم لە کوێ دەتوانم شیووعییەک ببینمەوە، کەسێک گوتی خزمێکمان شیووعییە، لە زانکۆیە، منیش هەستام چووم بۆ لای، زانیم شیووعییە، ئەو کتێبانە جۆرە زمانێکیان بۆ دروست کردبووم کە هەرکەس ئاوا قسەی کردبوایە، دەمگوت تەواو ئەوە شیووعییە. ئەویش وابوو، هەندێک دەستەواژەی باوی ئەوکاتی بەکاردەهێنا. سەرەتا ترسا بوو، بەڵام لە ڕێگەی برادەرەکەمەوە زانی کە زۆر جددیم و ئیتر جارێک مەوعیدی بۆ دانام و لەگەڵ کابرایەک هات و منیش بووم بە شیووعی. بووم بە بەرپرسی لقی یەکێتی قوتابیانی قوتابخانەی خۆمان. یەکەمین جاریش کە گیرام، هەر بەهۆی ئەوەوە بوو کە یەک مانگ دوای ئەوەی بووم بە شیووعی گیرام.

براکەمیان گرتبوو، ئەو وەکو من نییە باڵا بەرز و جوان و ڕواڵەتێکی پیاوانەی هەیە، گومانیان لەو کردبوو گرتبوویان، ئەویش گوتبووی وەڵڵا ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێن من نیم براکەمە، ئەوکات تەمەنم دوازدە ساڵ بوو، زۆر هەڕەشەیان لێ کردم و لەبەر ئەوەی منداڵ بووم وازیان لێ هێنام، بەڵام ئەو گرتنەم کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر دانام. لە هەموو پێوەندییەکانی دیکەی دابڕاندم، ئیتر پێوەندییەکانم تەنیا حزبی و جددی بوون. تەنیا لەگەڵ ئەوانەی کە وازیان نەهێنا پێوەندیم هەبوو، لە قوتابخانەش دوورکەوتمەوە، مەکتەب تەنیا لەبەر ئەوە

بۆم گرینگ بوو کە ئیشی ڕێکخستنی حزبی تێدا بکەم. بنەماڵەکەشم ئەو بارودۆخەی منیان بەدڵ نەبوو. دایکم دوعای لێ دەکردم، جنێوی پێ دەدام. دەیگوت خۆزگە لە جیاتی تۆ سەگێکم بەخێو کردبایە. منداڵیم بەو شێوەیە فەوتا. وردە وردە تا بوومە پازدە ساڵ ئیتر ماڵیشم بەجێ هێشت. تەواو دابڕام و بەخۆم بە تەنیا دەژیام و ئیشم دەکرد.

* لەو تەمەنەدا چ ئیشێکت دەکرد؟

– ماوەیەک ئیشی (سەقفی سانەویم) دەکرد زۆر سادە بوو بۆم کە بەو جۆرە ژیان بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام خەریکی هێڵکاری و ئەوانە بووم، مامۆستاشم نەبوو، بەردەوام دەفتەرێکی زل و گەورەم پێ بوو.

* لەگەڵ کچەکە چیت کرد؟

– هیچ، نەم دەوێرا هیچی پێ بڵێم، تەنانەت جارێکیان لەبیرمە لەسەر ڕێگەی ڕاوەستابووم، نەمتوانی قسە بکەم، لە حەژمەتان لەخۆ چووم. قۆناغی هەرزەکاری بوو ئیتر. قوتابخانە و ماڵێم ئاوایان بەسەرهاتبوو، ناچار هەندێک پێوەندی نوێم دامەزراند. زۆر بچووک بووم بیرمە چواردە ساڵ تەمەنم بوو لەگەڵ برادەرێک ئاشنابووم. ئەو ساڵێکیش لەمن بچووکتر بوو، یەکێک لە شاعیرە باشەکانی عیراق بوو، پاشان زانیم ماوەیەک لەگەڵ عودەی سەدامیش ئیشی کردووە.

* ناوی چ بوو؟

– ئوسام هاشم، لە ئێران بووم کتێبیم بینی، پاش ئەوە هەندێک شاعیری بەناوبانگم دۆزییەوە کە لە بەغدا ناسراو بوون. چایخانەیەک لە بەغدا هەبوو کە زۆر کاریگەری لەسەر ژیانی من هەبوو، ناوی گازینۆی پەرلەمان بوو. شوێنی ڕووناکبیران و شاعیران و هونەرمەندان بوو.

* ساڵی چەند بوو؟

– کۆتاییەکانی حەفتا و پێنج بوو کە یەکەم جار چووم بۆ ئەو چایخانەیە. لەوێ پێوەندی تایبەتم پەیدا کرد. ئیتر ئەوەندە لە ماڵەوە دووریش کەوتبوومەوە، تۆزێک ڕواڵەتم گۆڕابوو، ڕیشم زۆر ببوو، پرچم درێژ ببوو، خەڵک پێیان وابوو تەمەنم زۆرە. زۆر موتالاشم دەکرد، بەڵام ئەوکات ژیانم زەحمەت بوو، پارەی ئۆتێلەکەم درهەمێک بوو، جاری وابوو تەنانەت ئەو دەرهەمەم پێ نەدەدرا، بەڵام پێوەندییەکانی ئەو سەردەم زۆر کاریگەرییان لەسەرم دانا، چونکە لە ڕاستیدا کەسایەتییەکان، کاریگەربوون، تەنانەت لەسەر مێژووی



ئەدەبی عیراقیشدا، وەکو عەبدولحەسەن شەزر،...تاد ئەگەر بمەوێ ناوبێنم ناو زۆرە. ئەمانە پاش چەند ساڵ دەیانگوت تۆ فێڵت لێ کردووین، وامان دەزانی تۆ تەمەنت گەورەیە، بەڵام تۆ منداڵی، ئەوکات تەمەنم هەژدە ساڵ بوو، ئەوان وایاندەزانی لانی کەم بیست و هەشت ساڵەم.

* حزبی شیوعی تۆی لەگەڵ کۆمەڵێک تیوری مارکسیستی و شۆڕشێگێڕانە ئاشناکرد، ئەو تیوریانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر هونەرەکەت دانا؟

– من بەو شێوەیە سەیری هونەرم نەدەکرد، نازانم بۆ؟ من زۆرتر کارڵ مارکس و لینین و ئەنگڵس و ئەوانەم دەخوێندەوە، بەڵام زیاتر لەوانە دوو نووسەر زۆر کاریگەرییان لەسەرم دانا و ژیانیان گۆڕیم. دۆستۆیڤسکی و شکسپیر، لەسەرەتادا شکسپیر بوو، من ئەوکاتە هەستم دەکرد زۆر کەرم، هەرچی دەخوێنمەوە وەک کەر تێی چەقیوم و هیچی لێ تێناگەم. کە لەگەڵ برادەرەکانم قسەم دەکرد من کەم قسە بووم، نەدەوێرام زۆر قسە بکەم، دەمگوت من تێناگەم بۆ قسە بکەم کە شکسپیرم دەخوێندەوە دەلەرزیم، من ڕووبەڕووی شتێکی نوێ ببوومەوە.

* تۆ دەقە شانۆییەکانی شکسپیرت دەخوێندەوە، یان دەچووی شانۆکانت سەیر دەکرد؟

– نا من تەنیا دەقە شانۆییەکانم دەخوێندەوە.

* ئایا لەو کاتی بەغدا دا شانۆکارەکان ئیشی گرینگی وەکو شانۆنامەکانی شکسپیر، یان دەقی دیکەیان دەهێنایە سەر شانۆ؟

– ئەوکات جوولەیەکی باشی شانۆیی لە بەغدا لە

ئارادابوو. نەک هەر شانۆ لە هەموو بوارەکاندا دۆخێکی باش ڕەخسا بوو، کە لە مێژووی عیراقدا دەتوانین وەک سەردەمێکی زێڕین سەیر بکرێت، ئەمە سێ چوارساڵێکی خایاند. دیارە ئەوکات کوردستان وانەبوو، کوردستان دۆخێکی تایبەتی هەبوو، نسکۆ ڕووی دابوو، کە دەهاتمە سلێمانی شتێکی کەمم بەرچاو دەکەوت، بەڵام بەڕاستی لە بەغدا وانەبوو، بە هەرحاڵ من زۆرتر لەگەڵ دەقی شانۆنامەکان خەریک بووم. کتێبێکی شکسپیر هەیە کۆمیدیا بوو کە خوێندمەوە زۆرم پێ سەیر بوو، بەڵام تاڵییەکی سەیری هەبوو، هەموو کتێبەکانی شکسپیر و دۆستۆیڤسکیم کڕیبوو، ماوەیەک لە کەربەلا ئیشێکی کۆنتراکتم وەرگرتبوو هی وەزارەتی کشتوکاڵ بوو، کارم لێ دەکرد، لە ئوتێلێک نیشتەجێ بووم. سێ مانگ لەو ئۆتیلە مامەوە، بڕێک پارەم هەبوو، دەمتوانی پارەی ئۆتێلەکە بدەم، وازم لە ئیشەکەم هێنا و دەستم بە خوێندنەوە کرد، دەتگوت چوومەتە ئەشکەوتێکەوە، چێژێکی تایبەتی هەبوو.

* ئەوکات تەمەنت چەند بوو؟

– ئەوکاتە تەمەنم شازدە ساڵ بوو.

* زۆر سەیرە کۆنتاکتێکی سەیر لە خوێندنەوەکانتدا دەبینم، بۆ وێنە مارکس لەکوێ و شکسپیر لەکوێ؟

– وایە ڕەنگە هەندێ شتی دیکەت پێ بڵێم، پێکەنینت پێم بێ. دوای ئەوە من کافکا، کامو و ئەوانەم دەخوێندەوە. قەت نەمدەتوانی تێڕوانینی مارکسێتی بەرانبەر بە (بۆ وێنە) کافکا قبووڵ بکەم. من لەگەڵ برادەرەکانم دادەنیشتم هەموویان شیووعی بوون، دەمگوت باشە هەستێکی وەکو شەرم کردن کە لە کتێبێکی سارتردا بووەتە کۆڵەکەی ڕۆمانێک چ پێوەندییەکی لەگەڵ بورژوازییەت هەیە، ئەگەر هەیشی بێت، شتێکی جوانە با هەیبێ. ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵە کە ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەمەوە دەبینم ئێمە مرۆڤ گەلێکی زۆر پاک بووین کە کارڵ مارکسمان دەخوێندەوە وەک سۆفییەک سەیری مارکسمان دەکرد، وەک شێخێک سەیرمان دەکرد، نەک وەک بوونی واقیعی خۆی کە تەنیا فەیلەسووفێک نییە، بەڵکو پیاوێکی سیاسەتمەداریشە. سیاسەت بۆ ئێمە (پیسی) بوو، بەڵام بۆ لینینمان قبوڵ بوو نازانم؟ ئەوانە هەموویان کۆنتاکتی گەورەی ژیانمان بوون. هەر ئەوانەش بوونە هۆی ئەوەی من لە حزبی شیووعی دوور بکەومەوە. من زۆر منداڵ بووم و ڕەنگە تەنیا کەسێک بم کە زۆر چالاکیم بۆ کردبوون، سەرەڕای منداڵییەکەم بوومە ئەندامیان. تەنیا بوونم، دۆخی بنەماڵەکەم، لەوانەیە لەخۆبایی بوونم هەموو ئەوانە منیان بەرەو (قیادە مەرکەزی) برد، ئەوانەی ئینشقاقیان کرد. ئەو بڕوایەی ئەوان کە شەڕی چەکداری هەڵبژێرن، منیش ئەو بڕوایەم پەسند کرد.

* لەو قۆناغەی تەمەنتدا چ شێوازێکت، چ ستایلێکت بۆ ئیش کردن هەڵبژاردبوو؟

– من ئەوکات نیوە ئاوارە بووم، شەوێک لە ماڵی برادەرێک، شەوێک لە چایخانە، شەوێک لە ئۆتێل، بۆیە زۆرتر بە (خەڵووز) ئیشم دەکرد، بەڵام سەیر لەوەدابوو لەناو گەرمەی باسی پرۆلیتاریادا وردە وردە من بەرەو سوریالیزم کێشرام، نەک بە مانای وێرانکردنی ڕیالیزم، زۆرتر بە وەهم کردنی ڕیالیزم بوو.

**هونەر**
**بە تەنیا لە هەموو**
**قسەیەک گەورەترە..**
**هیواشم**
**بە گەنجەکان**
**زۆرە**

* پێت وایە ئەوە دژ کردەوەیەک بوو بەرانبەر بارودۆخی ژیانت؟

– بەڵێ، ئیتر من نە لە بنەماڵەکەم، نە لە برادەرەکانی قوتابخانەم ڕازی نەبووم، ئەوانیش لەمن ڕازی نەبوون. پاش ماوەیەک قوتابخانەکەم کردە قوتابخانەی شەوانە، لەوێش هەروابووم. وردە وردە لە برادەرەکانی حزبیش نارازی بووم، ئەوان حەزیان دەکرد تێکەڵی حزبی بەعس بن، بۆ وێنە دەیانگوت دەبێ کورد بە ژیانی ئێستایان ڕازی بن. ئەوە قسەی پاش حەفتا و پێنجە. من سەرەڕای منداڵیم بۆم دەرک نەدەکرا بۆچی ئەوانە دەتوانن لەگەڵ حزبی بەعس هاوپەیمانییان هەبێ، بەڵام دژ بە کورد هەڵوێست وەردەگرن. کورد نەتەوەیەکی بچووک نییە، لە ناخەوە ئەو هەڵوێستەی شیووعییەکانم قبوڵ نەبوو. هەموو ئەو شتانە بوونە هۆی ئەوەی بە توندی هەست بە تەنیایی بکەم. من عیراقم خۆش دەویست، بەغدام خۆش دەویست. دەچوومە سلێمانی، برادەر و کەسوکاریشم لەوێ نەبوو، بەڵام سلێمانیم خۆش دەویست. دەهاتمە کەرکووک. ئەوکات هەستم دەکرد کە ئەو دۆخە پێویستی بەگۆڕانکارییەکە، بەڵام بوێری دەوێ. تا وای لێهات حزبی شیووعیش لەلایەن بەعسەوە بە توندی لێی درا. من لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە بەدوامەوە بوون و لەژێر چاوەدێریدا بووم. ئەندامی حزبی شیووعی نەبووم، تەنانەت ناوم لە ناو حزبدا نەمابوو، بەڵام هەموو برادەرەکانم شیووعی بوون، جار جار

پێشانگام بۆ حزب دەکردەوە و ئەوان خوازیاری ئەوە بوون پۆرترێتی مارکسیان بۆ بکێشمەوە، بەڵام من هاتم وێنەی کۆمەڵێک کرێکارم ڕەسم کرد کە لە وەهمێکی بازنەییدا دەسووڕانەوە.

ئەوکاتەی لە شیوعییەکانیان دا، یارمەتی زۆر کەسیانم دا، من بە ڕواڵەت ئارام بووم، بەڵام لە ڕاستەقینەدا هاروهاج بووم. ئەو دۆخە تا حەفتا و نۆی خایاند.

پاش سەرکوتی نارازییەکانی نەجەف و کەربەلا کە بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت کران و حکوومەت بە تانک و فڕۆکە بەسەریدا دان، حزبی شیووعی لەو شێوە سەرکوت کردنەی حکوومەت نارازی بوو، بەڵام حکوومەت تەواو هەستی دەکرد کە هیچ هێزێک نەماوە بتوانێ پێش بەملهوڕییەکانی بگرێ. حزبی دەعوە جووڵانەوەکەی وەئەستۆ گرت و حزبی شیووعی نەیدەزانی لایەنی کێ بگرێ و لە ئەنجامدا بێ دەنگی لێکرد و ئەو بێ دەنگی لێکردنەش ڕاشکاوانە بڵێم ڕاگەیاندنی شکست بوو.

* با بگەڕێینەوە سەر شێوازی ئیشکردنی خۆت، تۆ هەر لە چوارچێوەی سوریالیزمدا مایتەوە؟

– نا، گۆڕیم، من یەک دوو جارێک بە یارمەتی برادەرێکم کە ئاگاداری هەلومەرجی ژیانم بوو، توانیم لە (ئانتۆلیۆ)کەیاندا لەسەر کانڤانس ئیش بکەم، لەوێ تێگەیشتم زۆر حەزم لە ڕەنگ نییە. ئاوارەییەکانی من، بەخەڵووز باشتر لەسەر کاغەز دەنەخشان. هیچ کات لە تەمەنمدا مامۆستام نەبووە، ئەوکاتە کەسێکم ناسی کە پێم وابوو دەتوانێ ببێتە مامۆستام، ئەوکاتە بوو کە دەبوایە هەڵێم و بەغدا بەجێ بهێڵم.

* باسی ئەو ساڵەم بۆ بکە کە ناچار بوویت هەڵبێی؟

– دوو ساڵ بوو لەژێر چاوەدێریدا بووم، پاشان بەهۆی بانگهێشتی براکەم کە گوتی وەرەوە ماڵێ ئیشم پێتە، کاتژمێر شەشی بەیانی چوومەوە ماڵێ، دەستبەسەریان کردم. زۆر بە سانایی گرتمیان، هەرچەندە دوو ساڵ بوو لە دەستیان ڕام کرد بوو.

* کە گیرایت چەند ساڵیان زیندانی کردی؟

– یەکەم جار پێنج مانگ و دە ڕۆژ لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا بووم، مانگ و نیوێک دواتر بانگیان کردم و حوکمی ئیعدامیان بۆ خوێندمەوە. دوو مانگ دواتر گوتیان وەرە دەتبەینە مەحکەمە، گوتم ئەی ئەوەی پێشتر پێتان گوتبووم! گوتیان ئەو گۆڕا.



منیان بردە مەحکەمەی شۆڕش دادوەر (محەمەد وتوت) بوو، ئەو تەنیا دادوەر نەبوو، جنێوی دەدا، ئەمری دەکرد لێم بدەن، حەوت ساڵیان زیندانی بۆ بڕیمەوە. بردمیانە (ئەبوو غرێب) بەشی تایبەت، دوو ساڵێک لەوێ مامەوە، عەفوویەک هات، ڕانەگەیەندرا. سەدام حوسێن چاوەڕوانی ئەوەبوو (کۆنگرەی وڵاتانی بێ لایەن) لە بەغدا بەڕێوە بچێ، ساڵی ١٩٨٢ بوو. ئەوکات سەرۆکی ئەو (کۆنگرەیە) فیدل کاسترۆ بوو. کاسترۆ بە سەدامی گوتبوو دەبێ زیندانییە کۆمۆنیست و شیووعییەکان بەربدرێن. ئەو گوشارەی کاسترۆ سەری گرت، ئەو ڕۆژەی سەدام دەیەویست بڕوا ئێمەیان ئازاد کرد، بەڵام چ جۆرە ئازادکردنێک ئێمەیان دیسان بردەوە ئیستخبارات و هەزار سووکایەتییان بەخۆمان و بنەماڵەکانمان کرد، بنەماڵەکانیشمان هەموو لەوێ بوون، هەڕەشەیان کرد کە هەر زیندانییەک یەک ڕۆژ لە ماڵ نەبێ، ئیعدامی دەکەین. حەوتووی یەکەم زانیم کاغەزی هاوکاری کردنیان بە هەمووان ئیمزا کردووە، تەنیا من و برادەرێکم مابووینەوە کە من ڕامکرد و ئەو برادەرەشم بۆ خۆ ڕزگارکردن چووە ناو جەیشەوە، کە هەر شەوی یەکەم لەناو دەبابەیەکدا کوشتبوویان. من دوو سێ مانگێکی دیکە لەناو شاری بەغدا خۆم حەشاردا، ئەو دوو سێ مانگە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان ئیشم دەکرد، ئەوە تەنیا دەرفەتێک بوو کە دەمتوانی مامۆستایەکی باشم هەبێ.

* ئەو چەند مانگە لەوێ خەریکی شێوەکاری بووی؟

– نەخێر نەوەڵلا خەریکی ئاسنگەری کردن بووم، لەوێ ئیشم دەکرد، ئیشی جەستەیی. هەوڵم دا پێوەندی بە

برادەرەکانی سلێمانیمەوە بکەم.
* چۆن خۆت گەیاندە شاخ؟
– هەلومەرجی ئەمنیەتی ئەوکاتی عێراق زۆر پڕ مەترسی بوو. ناسنامەیەکی ساختەم دروست کرد، پێیان دەگوت (دەفتەر خدمە) هی عەسکەری بوو. کە گەیشتمە سلێمانی برادەرەکانم کەسیان لەوێ نەمابوون، هەموویان هەڵاتبوون. لە ڕێگەی سەرچنارەوە خۆم گەیاندە (یاخ سەمەر) و (چۆخماخ) و (هەڵەدن) و زۆر جێگەی دیکە. بەشی ڕاگەیاندن لە قاسمە ڕەش بوو. بە ڕێکەوت برادەرێکم لەوێ پەیدا کرد. لە (هەڵەدن)ەوە چوومە (بەرگەڵوو).
* هەلومەرجی ژیان لە شاخ چۆن بوو؟
– ناتوانم هەروا بە سانایی باسی (بەرگەڵوو) بکەم، چونکە ئەوێ بۆ من لە چەند ڕووەوە گرینگە. یەکەم لەوێ فێربووم کە پێشمەرگە یانی چی؟ نامەوێ پیرۆزی بە پێشمەرگە بدەم، چونکە پێشمەرگەش مرۆڤە وەک هەموو مرۆڤەکان بە خراپ و باشەکانییەوە، ئەوەی ئێستە لە باشووری کوردستان دەیبینین بەرهەمی ماندووبوونی پێشمەرگەیە. کە بیر لەو سەردەمانە دەکەمەوە، زۆرتر کۆڵانەکانی سلێمانیم بیر دەکەوێتەوە، سەردەمی مولازم موحسین، سەردەمێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن بوو. بەرگەڵوو پێوەندی شاخ و شاری ژیانی منە. شاخ بۆ من گرینگترین بەشی ژیانمە.
* هەلومەرجی بەرگەڵوو بە تایبەتی و شاخ بەگشتی لە کارەکانتدا چەندە ڕەنگدانەوەی هەبووە؟
– زۆر ڕەنگدانەوەی هەبوو. دەزانی من ناچاربووم بەرگەڵوو بەجێ بێڵم و بچمە ئێران، هەلومەرجی سیاسی ئەو سەردەمی شاخ دەریپەڕاندم، حەزناکەم جارێکی دیکە باسی ئەو شتانە بکەم، بەڵام بەڕاستی کە شاخم بەجێ هێشت، هەستم بەبێ باوکی و هەتیو بوون کرد. کە لەوێ نەمام زۆر بۆم گرینگ نەبوو لەکوێ بم، لە ئێران بم، یان لە هەر شوێنێکی دیکە جیاوازی نەبوو. هەست دەکەم تەنیا جارێک توانیومە هەستم بۆ بەرگەڵوو بە باشی دەرببڕم، ئەویش دوایین پێشانگام بوو، دوای ئەویش پێشانگای دیکەم لە ئێران نەبووە. هیچ کام لەو ئیشانەم نەفرۆشت، سەرەڕای ئەوەی کڕیاری باشم هەبوو، بەڵام ئەو شتانە بۆ من زۆر شەخسین، ئێستاش لەگەڵمن.
* هێما و نیشانەکانی بەرگەڵوو لە کارەکانتدا چین؟
– کێو و شاخەکان، لەوانەیە یەکێک لە برادەرەکانی ئەوکاتە ئەگەر سەیری ئەو ئیشانە بکات، شوێنەکانیش بناسێتەوە. ناڵێم ئیلمانتەکانی کارەکانم بوون بە کوردی، بەڵام بەشێک بوون لە ژینگەکەم. من منداڵی بەغدا بووم، بەڵام لە بەغدا بێزار بووم، نەمدەزانی دوای بەغدا دەبێ بیر لە کوێ بکەمەوە. بێ نیشتمان بووم، بێ نیشتمانی لەگەڵم هات، لە کوردستان جیایان دەکردمەوە و دەیانگوت ئەوە فەیلییە. وەک بڵێی فەیلی کورد نەبێ، لە تارانیش بووم دەیانگوت عەرەبە، چونکە دەیانگوت عیراقییە، لەوێش تەنیا مامەوە.
* لە بەرگەڵووەوە یەکسەر چوویتە تاران؟ چەندی پێچوو تا گەیشتییە تاران؟
– لە سەرەتادا ئێمەیان برد بۆ ئۆردووگایەک لە کەرەج نزیکی تاران، دوای ئەوە من لەو ئۆردووگایە ڕام کرد، ئیسلامییەکانی (مەجلیسی ئەعلا) لە تاران ڕاپۆرتیان لەسەر نووسیبووم کە ئەوە وایە و ئەوەیە و ئاوهایە. ویستیان بمگرن منیش هەڵاتم. چەند مانگ دواتر دەستبەسەر کرام، دیسان منیان گەڕاندەوە بۆ زیندانی ئۆردووگا، لەوێوە بۆ زۆر شوێنی دیکەیان ناردم وەکو خوڕەم ئاباد و زۆر ئۆردووگای دیکە. دیسان ڕامکرد و چوومە تاران. زۆر برادەرم لە ئەورووپا هەبوو، بەڵام بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە ئەوان بەخۆیان گرفتیان زۆرە من نابێ ببمە سەرباریان، لەبەر ئەوە قەت بیرم لە ڕۆیشتن نەکردەوە و هەر لە تاران مامەوە، تابلۆکانم دەفرۆشت و پێی دەژیام. ماوەیەک نەخۆش کەوتم و لە خەستەخانە مامەوە، پێیان گوتم تا مانگی یازدە دەمری و چارە ناکرێی، دەیانگوت شێرپەنجەت هەیە.
* ئەوە ساڵی چەند بوو؟
– ساڵی هەشتا و نۆ بوو.
* ئەی ئەو سێ چوار ساڵە چیت کرد؟ کارت دەکرد؟
– نا، سێ چوار ساڵ هەر لە ئۆردووگا و لە زیندان بووم، پاشان ئیزنیان دام بەشێوەی ئاسایی و لە تاران بژیم، ئیتلاعاتیش تێ گەیشت، من نە کۆمۆنیستم و نە باوەڕێکی ئەوتۆم پێیەتی، ئیتر ئیزنیان دام لە تاران بژیم.
* لە تاران دیسان لەسەر کانڤانس دەستت بە ئیشی شێوەکاری کردەوە؟
– لە شاخیش بووم ئەو دەرفەتەم هەبوو. کە گەیشتمە شاخ (ڕەمزی قوتبەدین)م بینی. ئەو دەیزانی من شێوەکارم. هەستم کرد حەز دەکات بێجگە لەخۆی کەسی دیکە نەڵێ من شێوەکارم. یەکێک لە برادەرەکانم کە دواتر شەهید کرا، گوتی وەرە لەگەڵ هونەرمەندەکانی ئێرە

ئیش بکە، بەڵام من حەزم نەدەکرد. زۆرتر خەریکی نووسین بووم، بەڵام کە گەیشتمە تاران تەنانەت لە زیندانیشدا خەریکی کاری شێوەکاری بووم. من لە تارانیش زۆر تەنیا بووم. بۆیە زۆر بیرم لە بەرگەڵوو دەکردەوە. بەرگەڵوو لەلای من بۆتە خەیاڵێکی جوان، کاتێک کە پێیان گوتم دەتوانی بچی. ئەمن دەلەرزیم، دەترسام.

* با بگەڕێینەوە تاران، لەوێ چۆنت دەست پێ کرد؟

– یەکەم ڕۆژەکان کە بە ئۆردووگا و زیندان دەستی پێکرد، کە پێیان گوتم نەخۆشی، گوتیان بچۆ تورکیا، کۆمەڵێک برادەرم لە بەریتانیا هەبوو، گوتیان یارمەتیت دەدەین و دێین بە دواتدا و لەگەڵ خۆمان دەتبەین. لەسەر سنوور لە ورمێ دەستبەسەر کرام و ساڵێکیان لە زیندان کردم. هەرچەندە پێیان گوتبووم شێرپەنجەمە، کەچی هیچم لێ نەهات و نەمردم، لە زیندان تەنانەت نەیان دەبردمە لای دکتۆریش. لە زیندانی ورمێ ئیتلاعاتییەکان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردم. دەبوایە وەک هەموو پەنابەرێک پاش سێ سەعات ئازادم بکەن، بەڵام ئەوان ساڵێکیان لە زینداندا ڕاگرتم. ئەوە قسەی ئیتلاعاتییەکان بوو کە دواتر پێیان گوتم. پاش ئەوەی گەڕامەوە تاران و پێش ئەوەش لە زیندانیشدا بۆ گۆڤارێکی عەرەبی هەم دەمنووسی و هەم نەخشەسازیم دەکرد، لە بەریتانیا چاپ دەبوو ناوی (الناقد) بوو کە لە لەندەن چاپ و بڵاو دەکرایەوە. ئەوگۆڤارە دەگەیشتە تاران، لە ڕێگەی بەشی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانەوە دەهات و دەیانگەیاندنە دەستی بەشێک لە نووسەران و شاعیران، کەسانێکی وەک حەسەن حوسێنی و موحسینی مەخمەلباف و قەیسەری ئەمین پوور و ئەوانە. یەکێکی وەک حەسەن حوسێنی هەم نووسراوەکانمی خوێندبۆوە و هەم هێڵکارییەکانمی بینیبوو. ڕۆژێک پێکەوە لە (کەیهان فەرهەنگی) بووین...

* بەر لەوەی بچینە سەر باسی کەیهان، پێم خۆشە بزانم چۆن لەگەڵ حەسەن حوسێنی ئاشنا بوویت؟

– ئەوکات ئێمە کۆمەڵێک کورد و عەرەبی عیراقی بووین کە لە تاران پێکەوە دەژیاین، کەسانێکی وەک مەسیف ئەلموختار کە ئێستا ڕۆمان دەنووسێ و لە بەغدا دەژی، سەباح خەتات کە شاعیرێکی زۆر باشە، مەوجوود سامان و...تاد، یەکێک لە برادەرەکانم کە بەخۆی ئێرانی بوو بەناوی مووسا بیدەج کە لە ڕۆژنامەی (ئیتلاعات)



کاری دەکرد، حەزی دەکرد ئێمە تێکەڵی هونەرمەند و ئەدیبەکانی ئێران بین، بۆیە خەڵکی بە ئێمە دەناساند. وردە وردە برادەرەکانم لە تاران نەمان، بۆ وێنە مەسیف موختار گەڕایەوە عیراق، مەوجوود سامان ڕۆیشتە دانیمارک، سەباح خەتات چووە پاکستان، منیش لە ورمێ گیرام. پێش ئەوەی بگیرێم بەهۆی مووسا بیدەجەوە زۆر کەسم ناسی. یەکێک لەوانە حەسەن حوسێنی بوو.

* مووسا بیدەج لە تاران کێ و کێی بە تۆ ناساند؟

– لەگەڵ حەسەن حوسێنی، سوهەیل مەحموودی، قەیسەر ئەمین پوور.

* لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو ناسیاوەتیت هەبوو؟

– نا، هۆشەنگ گولشیریم دەناسی، پووران فەروخزادم دەناسی. بە هەرحاڵ ئەو سەردەمە هاوکات بوو لەگەڵ جیابوونەوەی (کەیهان فەرهەنگی) لە کەیهان. ئەوان لە بواری فیکرییەوە تەواو جیاوازبوون، وردە وردە خەریک بوون ڕواڵەتێکی ئۆپۆزیسیۆنیان بۆ دروست دەبوو، ماشەڵڵا شەمس ئەلواعزین یەکێک لەو کەسانە بوو. ماشاڵڵا شەمس ئەلواعزین یەکێک لە خوێنەرەکانی گۆڤاری (الناقد) بوو، زۆر حەزی دەکرد نیگارکێشێکی وەکو ئەو نیگارکێشەی کار بۆ (الناقد) دەکات، کار لەگەڵ ئەوانیشدا بکات.

جارێک لەگەڵ حەسەن حوسێنی پێکەوە دانیشتبوون، شەمس ئەلواعزین ئەو قسەیەی کردبوو، گوتبووی دەچمە لبنان لەگەڵ ئەو شێوەکارە قسە دەکەم. حەسەن حوسێنی گوتبووی، بۆ دەچییە لبنان، ئەوە لە تاران دەژیت. حەسەن

حوسێنی تەلەفۆنی بۆ کردم و هەر ئەو ڕۆژە چووم چاوم پێی کەوت. ئیتر پێکەوە دەستمان بە کارکردن کرد. لە یەکەم ژمارەوە پێکەوە بووین.

* ئەوانەی لە (کیان) ئیشیان دەکرد کێ بوون؟

– ئەمن بووم، ڕەزا تێهرانی مودیر مەسئوول بوو، ئاغای روخ سیفەت خاوەن ئیمتیاز بوو، مەحموود ماشەڵڵا شەمس ئەلواعزین سەرنووسەر بوو. ئاغای ئەفشار مودیری ناوخۆ بوو، ئاغای شەمغی مودیری فەنی بوو، ئاغای کامرانی مێهرزادە سەفحە ئارایی دەکرد. ئەوانە بەشێوەی ڕەسمیی دەوامیان دەکرد. دەزانی کیان زۆرتر کۆبوونەوە بوو تا گۆڤار، سەرەتایەک بوو بۆ جێگۆڕکێ پێکردنێکی هزری لە ئێراندا کە چاکسازییەکانی بەدواداهات. ئەو قسەیەی من هی ساڵی (١٣٧٠)یە. دواتر سەید محەمەدی خاتەمی لە ساڵی (١٣٧٦)دا (١٩٩٧ز) وەک ڕیفۆرمیستێک بوو بە سەرۆک کۆمار، ئەو قسەیەی من بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٩١ز).

* گۆڤاری (کیان) دەیتوانی بژیوی ژیانت دابین بکات؟

– بەخۆیان لە هەلومەرجێکی باشدا نەبوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆریان یارمەتی دام، بۆ نموونە من پارەی پێشەکی خانوو بەکرێ گرتنم نەبوو، ئەوکات سەد هەزار تمەن زۆر بوو (بەڕێوەبەری نووسین) سەد هەزاری دامێ، دواتر زانیم کە بەخۆشی چووبوو لە چەند برادەری قەرز کردبوو. بە خۆیان لە باری ئابوورییەوە وەزعیان خراپ نەبوو، بەڵام گۆڤارەکە لە باری ئابوورییەوە وێران بوو.

* لە دەرەوەی ئەو کارەش کارت دەکرد؟

– پاش بڵاوبوونەوەی ژمارەی یەکەمی (کیان) زۆرم پێشنیاری کار پێ کرا. هەر ئەوکاتیش بوو یەکەم پێشانگای تاکەکەسیم لە تاران کردەوە و زۆربەی تابلۆکانم فرۆشران.

* ساڵی چەند بوو؟

– نەوەد و دوو بوو، بەر لەوەش لەگەڵ ڕەمزی قوتبەدین لە سلێمانی پێشانگایەکەم کردبۆوە.

* پێش نەوەد و دوو لە سلێمانی پێشانگات کردبووەوە؟

– نا هەر لەو ساڵەدا ڕەمزی قوتبەدین لە فەرەنساوە هاتە ئێران کۆمەڵێک تابلۆی لێ وەرگرتم و لە سلێمانی پێشانگایەکی هاوبەشی کردبووەوە. دیارە پێشتریش لە بەغدا لەو چەشنە ئیشانەمان کردبوو، بەڵام وەک پێشانگای تاکەکەسی لە تاران یەکەم جار بوو بەڕێوەم دەبرد. هەروەک گوتم زۆربەی تابلۆکانیشم فرۆشران و باری ئابووری ژیانیشم گۆڕا. ئەو سەردەم لە تاراندا گۆڤاری کەم هەبوو. کیهان فەرهەنگی، ئادینە و دنیای سوخەن هەبوو.

کە کیان بڵاوبۆوە، پاش ئەو ئێرانی فەردا بڵاوکرایەوە، ئیتر پاش ئەو گۆڤارێکی زۆر هاتنە ناو بازاڕەوە.

* تۆ لەگەڵ کامەیان ئیشت دەکرد؟

– دەتوانم بڵێم لەگەڵ زۆربەیان ئیشم دەکرد، چونکە لە ئێراندا یەکەم جار بوو بەو چەشنە (تەڕاحی) بۆ گۆڤارەکان بکرێت. ئەویش بۆ گۆڤارێکی تەواو فیکری.

* ئەگەر دەکرێ ئەو گۆڤارانەی ئیشت لەگەڵ کردوون ناویان بهێنی؟

– (ایران فردا)، (جامعە سالم)، (آدینە)، ئەوکات (آدینە) کە یەک دوو ژمارەی بڵاوکراوە بانگیان کردم و گوتیان ئیتر ناترسین تۆش لەگەڵمان کار بکە، (خۆی دەبوایە من بترسێم نەک ئەوان)، بەس چونکە (کیان) زۆر تابۆشکێنی کردبوو و زۆر هێڵی سووری بریبوو، ڕێگەی بۆ ئەوانی دیکە ئاواڵە کرد. کە یەکەم ژمارەی (کیان) بڵاوکرایەوە (سەید عەلی خامنەیی) ڕێبەری ئێران لە خوتبەیەکیدا هێرشی کردە سەر (کیان) و لە سەرنووسەرەوە تا ئاخر کەسمان ناومانی هێنا و قسەی ناشیرینی پێ گوتین. هەر ئەوکات بوو یەک دوو ڕۆژنامەی عەرەبی لە سوریا و لبنان نووسیبوویان: ڕێبەری ئێران هێرشی کردە سەر باسم ڕەسام. لەسەر ئەو ڕۆژنامانە لە لایەن ئیتلاعاتەوە لێپێچینەوەم لەگەڵ کرا. گوتم: من بڵێم چی ئاغای خامنەیی جنێوی داوە، ئەوان من دەناسن، هاوکارانم ئەوەیان نووسیوە، پاشان گۆڤاری (شیعر) دەکەوتە خانەی هونەرەوە.

* سەرنووسەری گۆڤاری شیعر کێ بوو؟

– نەفەرێک نەبوو، سێ نەفەربوون، مووسا بیدەج، هادی سەعیدی، ڕەزا ڕەزایی نیا بوو، ڕەزا ڕەزایی نیا پیاوێکی ئیسلامی بوو، هادی سەعیدی نا، ئەوانە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات جیابوونەوە، بینایەکی جیایان ئاوەدان کردبۆوە. لە باری ئابوورییەوە ژیانم باش بوو، لەگەڵ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا ئیشم دەکرد لە دەرەوە، لەگەڵ عەرەبەکان ئیشم دەکرد، دەمنووسی، خراپ نەبوو. زۆربەی شەوان تا بەیانی خەریکی شێوەکاری دەبووم، ئیتر لەو ساڵەوە هەموو ساڵێک یەک، یان دوو

پێشانگام دەکردەوە.

* ئەو ساڵانە هەر لەسەر ڕێبازی سوریالیزم ئیشت دەکرد؟

– نا لەسەر ڕێبازی ئیکسپێرسیۆنیزم ئیشم دەکرد، لە قۆناغێکدا کۆمەڵێک ئیشم کرد، ئەوان پێیان دەگوت ئەوانە ئاییین، کە تاک ڕەهەند کردنی شێوەکارییە، کە بە چەشنێک گرافیکە، نەک گرافیکێکی تەواویش، درێژەم بەو شێوازە نەدا.

* بۆ درێژەت پێ نەدا؟

– چونکە من کەسێکی مەزهەبی نیم. لەو سەروبەندەدا کێشەی سیاسی زۆر لەناو ئێراندا ڕووی دەدا، ڕاستە کیان گۆڤار بوو، بەڵام زۆرتر وەک کۆڕێک دەناسرا، کۆمەڵێکی زۆر ڕووناکبیری لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە، هەموو چوار شەممەیەک دانیشتنێک دەکرا، منیش لەوێ بووم، هەرچەندە وەک نیگارکێشێک ناوم دەهات، بەڵام بەهەرحاڵ لەوێ بووم، ئەو دۆخە زاڵ بوو، هەر گۆڤارێکی نوێ هاتبایەتە بازاڕەوە، خەڵک پێیان بیزانیبایە، (بۆ نموونە دکتۆر سرووش تێیدا دەنووسێ و وێنەکانیش ئیشی منە) ناوبانگی دەردەکرد و وەک گۆڤارێکی جددی دەهاتە ئەژمار. ئیدی وردە وردە بەو چەشنە ناسرام. زۆرجار لە چاوپێکەوتندا بە هەڵە لێیان دەپرسیم کە تۆ وەک ڕووناکبیرێکی ئایینی... دەمگوت کاکە من ڕووناکبیرێکی ئایینی نیم، چونکە لەگەڵ (کیان) ئیشم دەکرد منیان وەک ڕووناکبیرێکی ئایینی دەناسی. من کەسێکی ئایینی نیم، بەڵام لەوانەیە کردەوەکانم ئەو هەستەی لەلای خەڵکی دروست کردبێت. قۆناغی (کیان) بۆ من یەکێک لە باشترین قۆناغەکانی ئیش کردنم بوو، خۆشم دەویستن، ئێستاش خۆشم دەوێن، باشترین قۆناغی ژیانم لە تاران، قۆناغی کیان بوو، باشترین قۆناغی کیانیش ئەوکاتە بوو کە لەگەڵ (ئەکبەری گەنجی) کارم دەکرد. ئەکبەری گەنجی کۆمەڵێک چاوپێکەوتنی لەگەڵ داریوشی ئاشووری و لەگەڵ شایەگان و زۆر کەسی دیکە ئەنجام دا، کە منیش هێڵکاریم بۆ دەکرد، چوار ساڵێک پێکەوە کارمان کرد.

* لەگەڵ هوشەنگ گوڵشیری چ بیرەوەرییەکت هەیە؟

– زۆر لەمێژە ئەو قسەیە دەکەم. چەند جارێک یەکترمان بینی. من گیرام و ئازاد کرام و خەریکی ئیشی ڕۆژنامەنووسی بووم، ئەو خەریکی گۆڤاری (کارنامە) بوو.

* تۆ لەگەڵ (کارنامە)ش ئیشت کردووە؟

– نا، ئیشم لەگەڵ نەکردوون، (ڕەزا عابدینی) کاری لەگەڵ دەکردن. باشترین ئیشەکانی ئەو قۆناغە، کارەکانی (کارنامە) بوون.

* (تەڕاحی) لە ئێراندا چۆن دەبینی؟

– لە ئێراندا (تەڕاحی) زۆر باش هەیە. بنی ئەسەدی، ئەمین نەزەر، ئەوانە و زۆر کەسی دیکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ئیش دەکەن، ئێرانییەکان بڕێک قەدر نەشناسن. دەنا کەسی زۆر باشیان هەیە. ڕاستە حکوومەتەکە ئیسلامییە، بەڵام ئەو ڕەوتە ڕەوتێکی جیاوازە لە حکوومەت، ئێمە لە ئێراندا شێوەکاری حکوومەتیمان هەیە، شێوەکاری گەلمان هەیە.

* تۆ باوەڕت بەوە هەیە هونەر دابەش بکەین بەسەر ڕوانگەی سیاسیدا؟ بە یەکێک بڵێین ئەوە شێوەکاری حکوومەتە؟

– لە زۆر جێگادا وایە، هەر لە بەغداش خەڵکێک هەبوون کە شێوەکار بوون، تەنیا ڕەسمی سەدام حوسێنیان دەکێشا، من ناتوانم بڵێم ئەو شێوەکار نییە، هێڵەکەی هێڵە، بۆیەکانی بۆیەیە، تەنیا هەڵوێستی سیاسییە کە ئەو کەسە جیا دەکاتەوە، یان هەڵوێستی کۆمەڵایەتییە. سەیری شێوەکارەکانی شۆڕشی ئێران بکە، ئەوانە زۆربەیان شێوەکار نەبوون، بەڵام ئێستا نا، پاش ئەو هەموو ساڵە شێوەکاری باشیان تێدا هەڵکەوتووە. بە تێپەڕبوونی کات، ئەوانیش گۆڕان، ڕاستە ئێستاش لەگەڵ حکوومەتن، بەڵام ئیشەکانیان گۆڕانی بەسەرداهاتووە. من ناتوانم بڵێم چونکە شێوەکاری حکوومەتن، ئیدی شێوەکار نین.

* پێشانگا و دامەزراندنی پێشانگا لەسەر کاری هونەرمەند چەند کاریگەری دەبێ؟

– کاریگەری زۆرە، لە ڕاستیدا پێشانگا مێژووی ئەزموونی کاری هونەریی هونەرمەندە. پاش هەر پێشانگایەک هونەرمەند گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە تۆ ئیشەکانی قۆناغێکی ئیش کردنت، پێشانی خەڵکی دەدەی، پێشانگای دواتر ئەزموونێکی دیکەیە. هەر پێشانگایەک تێپەڕینێکی مەعریفییە لە کاردا، کردەیەکی مەعریفییە.

* تا ئێستا چەند پێشانگات کردووەتەوە؟

– زۆر، سێزدە، چواردە، باش نازانم، دەبێ بگەڕێم لەناو ئیشەکانمدا و کارتەکانیان بدۆزمەوە، جا وەبیر دێنەوە. ساڵی ۱۹۹۲، ۱۹۹۳، ۱۹۹٤ (دووجار)، ۱۹۹٥ (دووجار)، ۱۹۹٦، بێجگە لەوانە لە پێشانگای

بەکۆمەڵیشدا لە چەند جێگەیەکدا بەشدار بووم، پاشان ١٩٩٨،... تاد دوا پێشانگام ساڵی ٢٠٠٠ بوو، پاشان بە هۆی هەڵوێستی سیاسی و ئەخلاقییەوە، بڕیارم دا ئیتر پێشانگا نەکەمەوە، هەرچەند پێشنیاریشیان دەکرد، بەڵام ئیتر نەمکردەوە. بڕیارم دا ئیتر لە تاران قەت پێشانگا نەکەمەوە. لێرەش بە تەمام ماوەیەکی دیکە لە سلێمانی پێشانگایەک بکەمەوە.

* تۆ زۆر لە تابلۆکانت فەرۆشراون، بۆ هەر هونەرمەندێک ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی ئیشی خۆی گرینگە، تۆ ئەوانەت لەبەر دەست نەماون، چ هەستێکت هەیە بۆیان؟

– من لەگەڵ ئەو قسەیەت نیم هونەرمەند ئاوڕدانەوەی بۆ هەناوی خۆیەتی، کانگای هونەرمەند خۆیەتی نەک تابلۆکانی، ژیانێتی، پێوەندییەکانێتی. ئەوەی من بێم سەیری ئیشەکانی پێشتری خۆم بکەم و شتێکی نوێ بەرهەم بهێنم! نا من وانیم و هەر کەسێکیش ئاوا ئیش بکات، گومانم لە هونەرەکەی دەبێ. هونەرمەند ئاساییە بێت دانیشێ سەیری بەرهەمەکانی بکات، بەڵام شتێک کە تێپەڕی، نابێ بێیت دانیشی وەک ڕابردوو بجووڵێیتەوە، دەبێ بگۆڕیی. ئەی هونەرمەندێک بۆ دەبێ وا نەکات. من لەسەر ئەو باوەڕەم هونەر بە تەنیایی لە هەموو قسەیەک گەورەترە. بۆ من وایە، هونەر خۆی کانگای گۆڕانە، تەنانەت لە ئاستی جیهانیشدا، کەوایە چۆن دەبێ کاریگەری لە ڕابردووی خۆی وەربگرێت، بێ مانایە. کاریگەری نۆستالیژی دەبێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە سەرچاوە نییە، مەگەر ئەوەی ئەو هونەرمەندە سەرچاوەی داهێنانی وشک بووبێت، بیەوێ خۆی دووپات بکاتەوە. ئەوەش کۆتایی ڕێگایە.

* باسی زمانی ڕەنگم بۆ بکە، ڕەنگ لەلای تۆ چ مانایەکی هەیە؟

– هەر واقیعێک خۆی ڕەنگی تایبەتی هەیە. من تا ئێستاش ڕەنگەکانی کوردستانم دووبارە بۆ نەدۆزراوەتەوە. بۆ وێنە من تاران بە خۆڵەمێشی دەبینم، یان زۆرجار ڕەش دەیبینم، بەڵام لەکاتی کارکردنی خۆمدا ئەوە هەستمە کە بڕیار دەدات تابلۆکەم، تێکەڵێک لە ڕەنگەکان بکێشمەوە، یان بە تاکە ڕەنگێک بیکێشمەوە. من ئیشی ئەبستراکت ناکەم، چونکە کاری ئەبستراکت ناکەم زۆر کێشەی تایبەت و مانای تایبەتم لە ڕەنگ نییە. دەزانم شی بکەمەوە، بەڵام بەو چەشنەی تۆ چاوەڕوانی، وەڵامت بدەمەوە نا. ڕەنگ تۆڕێکی

فیکری لەمندا پێک نەهێناوە.

* هۆی گەڕانەوەت بۆ کوردستان پاش ئەو هەموو ساڵە چ بوو؟

– من قەت هیچ هۆیەکم بۆ کردەکانم نییە، بەگشتی من زۆرتر لەگەڵ هەستەکانم دەڕۆم، تا لەگەڵ بیرکردنەوەم بڕۆم. حەوت ساڵ لەوەوپێش کە هاتمەوە، حەزم دەکرد بەیەک جاری بگەڕێمەوە. گەڕامەوە تاران کە بچم ئیشەکانم جێبەجێ بکەم و بگەڕێمەوە، بەڵام کۆمەڵێک گرفت هاتنە پێشێ کە ناچار بووم لەوێ بمێنمەوە. زۆرجار نیشتمان لێم دەبێتە مەتەڵ. نامەوێ خۆم هەڵکێشم و باسی پیرۆزیی نیشتمان بکەم، نا مەبەستم ئەوە نییە. من لە نیشتمانی خۆم بێجگە لە ئازار هیچی دیکەم نەدیوە، بۆیە ئەگەر ئەو قسەیەش بکەم، بە ئاسایی لێم وەربگرە، زۆر کەس بەرانبەر بە خۆشەویستی نیشتمان، خیانەت بە نیشتمان دادەنێ، بەڵام ئەو دووانە هەموو کاتێک وانین. من پێشمەرگەی ئەو خاکە بووم، بۆیە خۆم لەسەر ئەو خاکە بە خاوەن ماف دەزانم، بەڵام نازانم مافم لەکوێیە، نایبینم. لێم تێبگە لەلای من نیشتمان پیرۆز نییە، ناشمەوێ خیانەتی لێ بکەم. ئەو دووانە زۆرجار تێکەڵ دەبن.

* تۆ لەگەڵ کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانی ئێران کارت کردووە، پێم خۆشە باسی ئەو لایەنەی ژیانیشت بکەیت؟ کاریگەری لەسەر ئیشی شێوەکاریت چەند بووە؟

– من خۆم تەنیا بە شێوەکار دەبینم، هەموو لایەنەکانی ژیان کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ هەیە، بەڵام ناتوانم بڵێم سینەما ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە، بۆ نموونە ئینجیل دەتوانێ وەک کتێبێک لە بەرهەمەکانمدا کاریگەری هەبێ، وەک ئەدەبیات کە دەڵێم ئەدەبیات بەو مانایە کە هەموو نووسراوێک ئەدەبیاتە، کە دەڵێم ئینجیل مەبەستم نووسراوەیەکە. کاری تەلەڤیزیۆنی، یان کاری سینەمایی بەخۆشم کۆنترۆڵم دەکرد، ڕووداوێک هەیە کە هەموو شێوەکارێک بۆی دێتە پێشێ، کە پاش ماوەیەک کارکردن و ئەزموون کۆکردنەوە، تووشی خەساری کۆنتراستی دەکات. ئازاری دەدات، دەیەوێ خۆی لەو کۆنتراستە دوور بخاتەوە، بۆیە ئێمە بێجگە لە بۆیە و فڵچە کەرستەیەکی دیکەمان نییە، بەڵام هەر ئەو کەرستانە دۆخێکی دەروونی دروست دەکەن کە دەبنە کۆنتراست. کێشەی کۆنتراست، ئەو کێشەیە دەبێ بە چەشنێک چارەسەر بکرێت. بۆ ئەوەی زۆریش لە هونەرەکەت دوورنەکەویتەوە بۆ وێنە نەبیتە پرتەقاڵ فرۆش، یان

ئاسنگەر، یان فەرمانبەر. مەبەستم ئەوەیە جۆری ئیشەکە گرینگ نییە، بەڵام گرینگە زۆر لە هونەرەکەت دوور نەکەویتەوە. من هاتم ئیشی دیکۆری تەلەڤیزیۆنیم هەڵبژارد. هەرچەند لە ڕاستیدا من هەڵم نەبژارد، هەڵیان بژاردم. بە پێداگریشەوە لەکەناڵی چواری ئێران کە کەناڵێکی فەرهەنگی، هونەری، فەلسەفییە زۆرتر بۆ گرینگی بەو بوارانە و ئەدەبیات و...تاد. منیان هەڵبژارد بوو، بەڵام هەڵبژاردنەکەیان هاوکات بوو لەگەڵ کێشەی کۆنتراسێک کە بۆ من هاتبووە پێشێ، ئیدی پاش ئەوە نەک ئەوەی بڵێم ئیشی شێوەکاریم نەکرد بێت، بەڵکو پێشانگام نەکردەوە. ماوەیەک سەری خۆم سووک کرد، بۆشاییەکم لە دەوری خۆم پێکهێنا، ڕەنگ ئازاری دەدام، هەر ئەو حاڵەتەی پێشتر باسم کرد. حەزم لە ئامرازێکی دیکە دەکرد، ئەو حەزە بۆ شێوەکارێک کە لەسەر ئەو باوەڕەیە شێوەکاری وێنە دروست کردن نییە. شێوەکاری گرافیک نییە، یانی تەنیا سوود وەرگرتنە لە فڵچە و ڕەنگ بە تەنیا، ئازاردەرە. دیکۆر بووە هۆی ئارام بوونەوەم و ماوەیەکی زۆر خەریکی ئیشی دیکۆری تەلەڤیزیۆنی بووم. یەکەم دیکۆرێک کە دروستم کرد بۆ سێ بەرنامە بوو، سێ ئایتێ بوو، هەر ئایتێک پێویستی بە حەوت دیکۆر هەبوو، یانی هەریەکەم ئیشم شازدە، حەڤدە دیکۆری جۆراوجۆر بوو. هەر دیکۆرەی لە سایزی بیست و دوو مەتر لە شازدە مەتردا بوون. پێشتر لەبەغدا دیکۆرم بۆ شانۆ دروست کردبوو.

* دیکۆرت بۆ چەند بەرنامە دروست کرد؟

– گەلێک زۆر بوون، ساڵێک دیکۆری بەرنامەیەکم وەک باشترین دیکۆری مێژووی تەلەڤیزیۆنی ئێران هەڵبژێردرا.

* چ ساڵێک بوو؟

– نازانم، من ئەرشیڤم نییە. ئەوکاتە وەک ئێستا نەبوو ڤیدیۆ و ڤیدیۆ سی دی و...تاد ئاوا ئاسان لەبەردەست بن. بۆشم گرینگ نەبوون، من تەنیا وەک ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لە کۆنتراست چاوم لێدەکردن. بۆ کەناڵی چوار بەلای کەمی شەش بەرنامەم لە ئەستۆ بوو، کە دیکۆریان بۆ دروست بکەم. بۆ کەناڵی دوو، سێ بەرنامەم هەبوو. بۆ کەناڵی یەک دوو بەرنامەی درێژخایەن بوو، بۆ کەناڵی یەک ئیشی زنجیرەیەکی تەلەڤیزیۆنیشم کردووە. دیارە لە زنجیرەکەدا ڕاوێژکاری دەرهێنەریش بووم. زنجیرەکە چل و پێنج بەش بوو، هەر بەشەی چل و پێنج دەقیقە بوو. هەڵبژاردنی چیرۆک، دەستکاری چیرۆک و زۆر بەشی دیکەشم دەکرد، لە هەر بەرنامەیەکدا کارم کردبێت، ڕاوێژکاری فیکری بووم.

* ئەو جۆرەی تۆ باسی دەکەی کاتێکی زۆر خەریکی دیکۆر بووی، ئایا نەبووە هۆی دوورکەوتنەوە لە شێوەکاری؟

– نا ئەو حاڵەتەی کۆنتراست کورتخایەن بوو، من پاش ماوەیەک گەڕامەوە سەر شێوەکاری و کاری دیکۆریشم درێژە پێدا. من لە دیکۆریشدا کەڵکم لە شێوەکاری وەردەگرت، بەڵام وردە وردە فێری جۆری کارەکەش بووم، زۆرم یارمەتی لە کامێرا وەردەگرت، کامێراکان بۆ من وەک ڕوانگەی تاکێک بوون کە هەر جارەی لە گۆشەیەکەوە سەیری دیکۆرەکان دەکەن. وەک بڵێی دیکۆرەکە تابلۆیەکی کوبیستی بێ و خەڵک هاتبێ سەیری بکەن، کامێرا ئەو ئیشەی بۆ من دەکرد، ئەزموونێکی جوان بوو بۆ من.

* ئەگەر بێینە سەر باسی دیزاینی کتێب، خۆت چۆن دەبینی سەر بە کامە قوتابخانەی؟ ئێرانی، عەرەبی، کوردی؟

– من چونکە لە شێوەکارییەوە هاتوومەتە سەر کاری دیزاین بەختەوەرانە، یان بەداخەوە دەتوانم بڵێم ڕوانگەیەکی تەواو شێوەکارانەم بۆ دیزاین هەیە. هەموو کات وەک شێوەکارێک سەیری دیزاین دەکەم. بەداخەوە، یان بەختەوەرانە نازانم کامەیانە، بەهۆی گەورە بوونم لە بەغدا و لەوانەیە فەیلی بوونیشم، دەزانی فەیلییەکان دوو جەمسەرین، لەلایەکەوە کوردن، لەلایەکی دیکەشەوە ئاوێتەی کولتووری عەرەبی بوون، تێکەڵبوونێکی سەیری دوو کولتووری کوردی و عەرەبی هەیە، هەر لەبەر ئەو هۆیەیە زۆربەی فەیلییەکان دەڵێن کوردین، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە تەواو بەکولتوورێکی عەرەبانە دەژین، تەنانەت زۆریان بە عەرەبی قسە دەکەن. من لەبەر ئەو پەروەردە تێکەڵاوە کوردی- عەرەبییە، لە ئێراندا زیاتر وەک شێوەکارێکی عەرەب سەیر دەکرام، بەڵام من بەخۆم، خۆم وەک هونەرمەندێکی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دەبینم، چونکە تێکەڵێکم لە کورد، عەرەب، فارس، فەیلی و لە هەر کام لەو بەشانەشدا ژیاوم. ژیانێکی تاڵیش ژیاوم. لەو بەشانەدا زۆر گریاوم، ئازارم چەشتووە، بۆیە من تێکەڵێکم لە هەموویان.

یەکەم جار کە وەک گرافیستێک لە تاران ناسرام، جەماوەرێکی زۆرم هەبوو، چونکە لە ئێراندا شێوازێکی نوێ بوو، دەمەوێ باسی ئەو ڕاستییە بکەم کە کاری

گرافیک لە ئێراندا پێش من کاری فۆتۆگرافیکی بوو، فۆتۆ بوو، بە تەکنیکی لیتۆگرافی دەیانگۆڕی. وەک بڵێی نزیک هێڵکاریمان دەکردەوە، لەو ڕۆدا لە کۆمپیوتەردا پێی دەڵێن (بیت مەت)، سپی و ڕەشی بکەین، پاش ئاغای (مومەیز) لەوانەیە یەکەم کەس بووبم کە بەدەست ئیشم کردبێت. ئەویش بێ هیچ ئیتۆدێک کارم دەکرد.

خێرایی کارەکەشم باش بوو، چونکە دەبوایە خێرا کاربکەم. بۆم باس کردی جاری وابوو لە مانگێکدا لەگەڵ چوارده گۆڤار ئیشم کردووە و دەبوایە ئیشەکانیان ڕاپەڕێنم، دەبوایە وتارەکەم بخوێندبایەتەوە و هەر ئەو کاتەش ئیشم لەسەر بکردبایە. ئیدی باسی ئیتۆد و ئەوانە لەگۆڕێ نییە. دواتر ڕوانگەیەکی دیکەش هەیە کە لە گرافیکی ئەوکاتی ئێراندا هێشتا نەببووە مۆد، بەڵام ئێستا هەیە، ئەویش ئەوە بوو کە من وەک گرافیستێک لە مرۆڤ بوونم جیا نەکرێمەوە. من وەک خوێنەرێک کە بابەتێک دەخوێنمەوە زەوق و سەلیقەی خۆم هەیە، خۆ هەر ئەوە نییە کابرای خوازیار ڕازی بکەم. بێجگە لەوە من زۆرجار لەنێو کارەکانمدا قسەی خۆشم دەکرد و ڕەخنەشم دەگرت. کاتێک وتارێکیان پێدەدام و دەیانگوت دەبێ شتێکی بۆ بکێشی، من دەمبردەوە ماڵێ و دەمخوێندەوە و دەمدیت لەگەڵ بیروبۆچوونی من یەک نییە، لە بەشی ئیشەکەی خۆمدا وەک ڕەخنەگرێک من کارم لەسەر دەکرد، زۆرجار شتی وابووە، جارێکیان بۆ بابەتێکی دکتۆر سرووش، بەخۆی دکتۆر سرووش هات پێی گوتم ئەوەی تۆ کێشاوتە دژی بابەتەکەی منە، وابزانم ژمارە دووی (کیان) بوو، پێم گوت من لەسەر بابەتەکەی تۆ ئاوا بیر دەکەمەوە. قەبرێکم کێشابوو کە دەیگوت زۆر پرسیار مەکەن، زۆر قسە مەکەن، من بابەتەکەی ئەوم ئاوا دەدیت. تۆ وەک بیرمەندێک پاش ئەو هەموو ساڵە تازە دێی باسی ئەوە دەکەی کە خودا هەیە، یان نا؟ من بەخۆم خوام قبووڵە پێشم وایە بە هێنانە ئارای ئەو پرسیارانە گرفتی زیاتر دروست دەکەین. دکتۆر سرووش دەیگوت باسم من دڵنیام ئەوەی تۆ دوژمنەکانم سوودی لێ دەبینن. منیش گوتم: من دڵنیات دەکەمەوە ئەگەر شتێک لەسەر ئەو بابەتەی تۆ بنووسرێ، لەو هێڵکارییەی من کەڵک وەردەگرێت، هەرواشی لێهات بۆ چل ژمارە لە (کیاندا) لەسەریان نووسی و سوودیشیان لە هێڵکارییەکەی من وەرگرت. نەک هێڵکارییەکەی منیان قبووڵ بوو بێ، نا، ئەوان جنێویان بە منیش دەدا، چونکە لەگەڵ (کیان) ئیشم دەکرد. ڕوانگەی من لەوێ ڕوانگەیەکی نوێ بوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە من ناتوانم خۆم بفرۆشم، پێشنیاری ئیش کردنم پێ بدەن زۆر ئاساییە، چونکە ئیشەکەم ئەوەیە، بەڵام دەبێ هاوکێشەیەکیش لەنێوان خوازیار و دڵی مندا هەبێ. کاری من چونکە خەتی بوو، کاری لیتۆگراف نەبوو شتێکی نوێ بوو، زۆر لە گەنجەکان لەو چەشنە ئیش کردنەدا هەستیان بەئازادی دەکرد.

* ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لە باشووری کوردستان چاپ دەکرێن، لە باری دیزاینەوە چۆنیان هەڵدەسەنگێنی؟

– کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە لە تێڕوانینیدا خۆی بەسەر ڕوانینی بینەردا دەسەپێنێ. زۆرجار دەبیستم دەڵێن خەڵک نازانن، یان دەڵێن یەک جۆرە سەلیقە لەناو خەڵکدا هەیە، بەڵام ئەی نابێ ئەو هەموو کتێب و گۆڤارە کۆنتاکتێکی لەگەڵ چاوی بینەردا هەبێ؟ تەنانەت ئەگەر خوێنەریش نەبن، خەڵک گێل نین. من وەک دەزگایەکی بڵاوکردنەوە دەبێ ئیشی خۆم بکەم، ئەگەر ڕێزم بۆ پسپۆڕی هەیە، گرافیستێکی باش دادەمەزرێنم کتێبەکەم، یان گۆڤارەکەم، یان ڕۆژنامەکەم دەگەیەنمە ئاستێکی باش.

بەرگ وەک جامخانەی کتێب و گۆڤار وایە، وەک چۆن لەناو بازاڕدا تۆ پێشی دوکانەکان سەیر دەکەی، کتێبیش ئاوایە. لە باری بازاڕیشەوە هەر کتێب فرۆشییەک، هەر ڕۆژنامەفرۆشییەک بەخۆی مۆڵێکە، بازاڕێکە بۆ کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان. ئەگەر دیزاینی سەر ڕۆژنامە و کتێبەکان خۆیان بەسەر چاوی بینەردا سەپاند و پرسیاریان لەلا دروست کرد، ئەوە دیزاینەرەکان دەتوانن بڵێن سەرکەوتوو بووین، من تائێستا هیچ دیزاینێکم نەدیوە کە سەرنجم ڕابکێشێ. زۆر بە دەگمەن شتێکی جوان دەبینی. بەداخەوە شتێکی ناخۆش کە لە باشووری کوردستاندا هەستی پێدەکەم ئەوەیە زۆربەی دەزگاکان خەڵک بە گێل دەزانن و ئیشەکان تەنیا بەڕێ دەکەن کە ئەوەش کارەساتە، چونکە خەڵک گێل نییە. هۆی ئەوەی کە خەڵک لە دەوریان کۆ نابێتەوە گرفتەکە لەوانەدایە، دەنا تۆ ئەگەر توانایيت هەبێ بە لێهاتوویی سەرنجیان ڕادەکێشی. لە هەموو دنیا وایە. هەر کەس خەڵک بەگێل بزانێ، ئاخری شکست دێنێ.

* شتێکمان بەناوی دیزاینی کوردی هەیە؟

– نا، نیمانە. ئێمە زەینیەتی شی کەرەوەی ئەو چەمکەمان نییە، کاری تاکەکەسمان هەیە. گرینگترین

شت لەو باسەدا بە ئەکادیمی کردنی ئەو باسەیە، کەس تا ئێستا سەردانی قوتابییەکانی نەکردووە، زۆر کەس دەڵێ قوتابی زانکۆ گرینگی بەو شتانە نادەن، من دەڵێم وانییە. ئەگەر بەڕاستی گرینگی بەو لایەنە بدرێت، قوتابیش گرینگی پێدەدات. تۆ کە هەست بکەی کەسێک بایەخ بە ئیشەکەت دەدا، تۆش بەبایەخەوە ئیشەکەت دەکەی. ئێمە دیزاینێری تاکەکەسیمان هەیە، بەڵام بەو هەوڵە تاکەکەسیانە ناگوترێ دیزاینی کوردی و بڵێین قوتابخانەیەکە بە خۆی نا، شتی وامان نییە.

* کامە قۆناغی ژیانت زیاتر کاریگەری لەسەر بەرهەمەکانت هەبووە؟

– هەموو قۆناغەکان.

* بەڵام بۆ وێنە لە هێڵکارییەکانتدا ڕستەی عەرەبی زۆر بەرچاو دەکەون؟

– ژینگە کاریگەری لەسەر مرۆڤ زۆرە، من شتێک لە ناخمدا نەبێ، ناتوانم لە ئیشمدا دەری ببرم. پێشتر من کە بیریشم دەکردەوە بە زمانی عەرەبی لەگەڵ خۆم دەدوام، پاشان ئەوە بوو بە عەرەبی و فارسی و دواتر بوو بە فارسی، تەنانەت لە خەونەکانیشمدا هەر بەو زمانانە خەونم دەدیت. ئێستە ماوەیەکە کە لەگەڵ خۆم دەدوێم، بە کوردی دەدوێم، بێجگە لەوە خەونەکانیشم بوون بە کوردی. ژیان لەبەغدا زۆر کاریگەری لەسەر بەرهەمەکانم هەبووە، لە وێنەکێشیدا هەر یەکجار زۆر کاریگەری هەبووە.

* تائێستا سەردانی پێشانگا هونەرییەکانی باشووری کوردستانت کردووە؟

– ئیشی جوانم بینیوە.

* هی کێت دیوە؟ چۆن بوون؟

– حەز ناکەم ناو بێنم.

* ئاگاداری ڕەوتی مێژووی شێوەکاری کوردستان هەیت؟

– لە نەوەی پێشتر دا کەسانێکی وەکو (ئیسماعیل خەیات)مان هەبووە، کەسانی وەک (سەروەت سەوز) هەبووە، بەڵام ماوەیەک لەوەپێش کتێبێکم بینی، کەسەکە ناناسم ناوی (لالە عەبدە)یە. کە مرۆڤ دەچێتە جێگایەک، لە ئێرانیش هەروام کرد، لیستەیەکم لە ناوی شێوەکارەکان کۆ کردەوە بۆ ئەوەی بزانم کێن و چییان کردووە. کە هاتمەوە کوردستان ئەو لیستەیەم لێرە دروست نەکرد. پێشتر لیستی شێوەکارەکانی کوردم هەبوو، بەڵام کە بەرهەمەکانی (لالە عەبدە)م بینی دەستم ڕاگرت و گوتم نابێ لە هەڵسەنگاندندا پەلە بکەم، ئەو پیاوە شێوەکارێکی زۆر گەورەیە. شێوەکاریی وەک بەرپرسیارێتی سەیر دەکات. شێوەکارێکی وەک ئەو دەتوانێ دنیا بگۆڕێ. من کارم بەوە نییە کابرا لە ژیانی ئاساییدا کێ بووە و کێ نەبووە، بەرهەمی دەبینم، کەسێکی وەک (ئیسماعیل خەیات) ئەزموونێکە بۆ شێوەکاری کورد، هەروەها سەروەت ئەنوەر سەوزیش ئەوانە ئەو شێوەکارانەن کە مرۆڤ ناتوانێ ناویان نەهێنێ.

لە گەنجەکانیش یەکێکی وەک (ستار قادر) لە سلێمانی زۆرم بە دڵە، گەنجێکی دیکە بەناوی (نەرمین مستەفا) هەیە، بەڵام چونکە گەنجە مرۆڤ دەبێ چاوەڕێ بێ بۆ ئەوەی بزانین لە داهاتوودا چ دەکات. من ناوم زۆر لەبیر نامێنێ، بەڵام هیوام بە گەنجەکان زۆرە.

* پێوەندیت لەگەڵ هونەرمەندەکان چۆنە؟

– لە سلێمانی پێوەندیم باشە، ئەوان حەزیان بۆ ئەم چەشنە پێوەندییانە زیاترە، لە هەولێر دەڵێی زۆر حەزناکەن، لەوانەیە هێشتا زووش بێ بۆ قسەکردن لەسەر ئەوە.

* بە باوەڕی تۆ دەبێ هونەر بە ئەکادیمی بکرێ، یان بە واتایەکی دیکە زانکۆکان چەندە دەتوانن هونەرمەند دروست بکەن؟

– زانکۆ گرینگە، چونکە قوتابی فێری میتودی لێکۆڵینەوە دەکات. باسی خۆم دەکەم، مامۆستام نەبوو، ئەوەی من بەپێنج ساڵ پێی دەگەیشتم قوتابییەک لە زانکۆ دەتوانێ بە ساڵێک لە مامۆستاکەی فێری بێت، بەڵام تەنانەت هەموو کات زانکۆ نەیتوانیوە ئەندازیارێکی باشیش پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر توانایی و لێهاتوویی و حەز و...تاد تاکەکە، لە دنیای هونەریشدا هەر وایە. ئەگەر بڕیاربێ هەر کەس بچێتە زانکۆ و ببێتە هونەرمەند دەبوایە ئێستا دەرزیت هاویشتبایە لەبەر هونەرمەند بەر ئەرزا نەکەوتبایە!، بەڵام وانییە، شێوەکاری زۆرتر شتێکی دەروونییە. زانکۆ دەتوانێ تێڕوانینی قوتابی بۆ هونەر بگۆڕێ و پێی بڵێ هونەر چییە.

* لە ئیشەکانتدا زۆرتر لەسەر فیگۆری مرۆڤ ئیشت کردووە، هۆیەکەی چییە؟

– من زیندووم و لەگەڵ مرۆڤی زیندووش دەژیم. جارێک پرسیاریان لێ کردم بۆچی فیگۆرەکانی تۆ هەمووی مردوون، گوتم نەمردوون، بەڵام ئامادەی مردنن.

ئەوان مردنیان وەک ئێمەی مرۆڤەکان هەڵنەبژاردووە، ئەوە مردنە ئێمە هەڵدەبژێرێ. حەز لەو ژینگەیە دەکەم، مرۆڤ لەلای من خۆشەویستە، دەبێ هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ بناسم. مردنی، خۆشەویستی، هەمووی.

* زۆربەی شێوازە هونەرییەکانی جیهان پاش شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی دروست بوون، ئەوانەش دژ کردەوە بوون، بە هەلومەرجی ئەوکات؟

– نا هەموویان وانین، بۆ وێنە دادائیستەکان دژ کردەوە بوون، بەڵام سوریالیزم ڕوانگەیەکی تایبەتە بەدنیا. شارستانیەت هەروایە. ئێستە ئێمە هیچ شێوازێکی تایبەتمان نییە، بەڵام تێڕوانینی تایبەتمان هەیە. لەوانەیە ڕۆژێک کۆی ئەو تێڕوانینانەی ئێستا وەک کۆمەڵێک، شێوازێک سەیر بکرێت. پێویستییەکی دەروونییە کە هاوکات لە نەوەیەکدا دەبێتە جیهانێک و تایبەتمەندێتی خۆی وەردەگرێت.

* کە دەڵێین شێوازەکان بەپێی هەلومەرج دروست دەبن، ئەی هونەرمەندێکی ئەمڕۆ کە پاش حەفتا ساڵ تێپەڕبوون لەشەڕی دووەمی جیهانی دێت یەکێک لەو شێوازانە بۆ نموونە ئێکسپێرسیۆنیزم هەڵدەبژێرێ دەبێ بەچ هۆیەک هەڵیبژاردبێ، بۆ نموونە جەنابتان بۆ کوبیزمتان هەڵبژاردووە و ڕیالیزمتان هەڵنەبژاردووە؟

– ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە.. من کە چاو لە خۆم دەکەم، ناتوانم ئەبستراکت کاربکەم، چونکە ئەبستراکت نەژیاوم. حەرەس قەومی و زیندان و ئاوارەیی و.. تاد. جاری وایە لە هەواڵێکدا دەبیستم کوڕێکی بیست و چوار ساڵە لە فلانە وڵات ئەشکەنجە دراوە، دەڵێم چۆن دەبێ وا بکەن، دواتر وەبیرم دەکەوێتەوە من بەخۆم هەژدە ساڵم تەمەن بوو گیرام، لە نۆزدە ساڵەوە زیندان بوومە. ئەوانە فۆرم دەدەن بە ژیانم، من شانسم هێنا نەبوومە جاش، نەبوومە قاچاخچی، نەبوومە هاوڕەگەزخواز، چونکە هەلومەرجی ژیانی من وانەبوو کە ببمە هونەرمەند. لە ئێرانیش بووم شەڕ دەستی پێکرد، شەڕی ئێران و عیراق و شەڕی کوێت و..تاد کەواتە ڕاستە شەڕی یەکەم و دووەم کۆتایی هاتووە، بەڵام من قەت نەمتوانیوە لەشەڕ و ژینگەی شەڕ دووربکەومەوە، سروشتییە ڕقم لە شەڕ بێت و دژ کردەوەم بۆی هەبێ. لە شەڕدا خەڵک بێ تاوانە، دەسەڵاتدارەکانی دنیان کە شەڕ هەڵدەبژێرن، کێ حەز دەکات کوڕەکەی بکوژرێ؟ نا کەوایە من هەموو کات دژی شەڕم.

* تۆ هونەری دیجیتاڵی نوێ چۆن دەبینی؟

– دەبێ بزانین چۆنە، دەبێ بیناسین. من ناتوانم پێشی پێ بگرم، بەڵام کە دەتوانێ چێژ بە بینەر بدات، کەوایە مافی بوونی هەیە. ئەو مافەش من و تۆ پێی نادەین، بینەر پێی دەدات. بنەماکانی شێوەکاری نەگۆڕاون، ئێستاش هەروەکو ڕابردووە. هەموو لقەکانی هونەر کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەبێت. وەک سینەما و شێوەکاری و موزیک و...تاد. ئەوەی ئێستا ڕوودەدات، بەشێکی هونەرییە، بەشێکی ئابووری و تەکنەلۆژیایە، کە دەڵێم ئابووری مەبەستم ئابووری هونەر نییە، بە ئابووری کردنی هونەرە. لە ڕاستیشدا دابەزاندن و هەرزان فرۆش کردنی داهێنانە. هەر جووڵەیەک نابێتە داهێنان. هەر ئەوەش نییە کە تۆ ناوت هێنا. پۆپ ئارتە،...تاد زۆرن، بەڵام هەموویان پێیان دەگوترێ پۆست مۆدێرن، ئەوانەش هەموو لەو کۆمەڵگایانەدا هاتنە پێشێ کە ئەزموونی ئازادی ماوەیەکی زۆرە تاقیکراوەتەوە، دیموکراسییان هەیە، کەس نابێتە دوژمنی کەس لەبەر جۆری بیرکردنەوەی وەک لەلای ئێمە هەیە. کۆمەڵگایەکی بەکاربەرن. ئێمەش بەکاربەرین، بەڵام ئێمە ئیزنی هەڵبژاردنی شتەکانمان نییە. تۆ ناتوانی هەموو جلێک لەبەر بکەی، تۆ ناتوانی زۆر شت بکەی، چونکە کۆمەڵگاکە ناهێڵێ تۆ بەردەوام لەژێر چاودێریدایت. بەڵێ تۆ بەکاربەری زۆریش بەکاربەری، بەڵام ئێمە لەبەکارهێناندا ئازادی هەڵبژاردنمان بەرتەسکە، ئەوە هەموو بوارەکان دەگرێتەوە. هونەر لە کۆمەڵگای ئێمەدا تایبەتە بە چینێکی دەستە بژێر، چونکە چالاکییەکی شەخسی و تاکەکەسییە، ڕۆنەچۆتە هەناوی کۆمەڵگاوە.

* بۆچی لە کۆمەڵگای ئێمەدا هونەر کڕیار و خوازیاری کەمە؟

– وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ڕیشەکانی دابونەریت و ئایین.

* باوەڕت بە دەروەستی (ئیلتزام) لە هونەردا هەیە؟

– نا لە هونەردا نە دەروەستی هەیە، نە ئەخلاق هەیە، ئەوانە بۆ من وەک مرۆڤێک جێگەی ڕێزن، بەڵام ئەوانە جیاوازن لە پێناسەی هونەر. کۆتایی هونەر داهێنانە. هونەر دوو بەشە، ڕەزایەتی هونەرمەند لە بەرهەمەکەی، ڕەزایەتی بینەر لە بەرهەمەکە، من کاتێک کار دەکەم، ڕەزایەتی بینەرم بۆ گرینگ نییە، چونکە ئەگەر بیر لەو بکەمەوە لە خۆم دوور دەکەومەوە، من ئەو نابینم.

* کەوایە تۆ پێش ئەوەی بچیتە سەر ئیش، بیر لە بەرهەمەکەت دەکەیتەوە؟

– بیری لێ دەکەمەوە و پلانی بۆ دادەڕێژم، بەڵام لەکاتی کاردا زۆر شت دەگۆڕێ. ئەو گۆڕانانەش گۆڕانی مەعریفین کە لە کاتی جێبەجێ کردنی پلانەکەدا بۆت دێتە پێشێ.

* ئەگەر بە گشتی هەموو بەرهەمەکانت لەبەرچاو بگری، هێڵێکی تایبەتی فیکری هەیە کە هەموویان پێکەوە ببەستێتەوە؟

– بەڵێ هەمە. ناوم باسم ڕەسامە. کاتێک کار دەکەم تەنیا خۆم دەبینم. لە دیکۆردا، لە گرافیکدا، لە شێوەکاریدا، هەمووکات خۆم بووم. ئەوەش بۆتە پێناسەیەکی هونەری بۆم.

* ئەو حاڵەتە تایبەتە بە تۆ، یان هەموو هونەرمەندەکان ئاوان؟

– شێوەکارەکان ئاوان، هەر کارێک بکەن، ناتوانن لەو حاڵەتە دوورکەونەوە. ئەو حاڵەتەش لە شێوەکاریدا بۆیان دروست دەبێ.

* با بگەڕێینەوە سەر پێشانگاکان، لەگەڵ پێشانگای گرووپی چۆن هەڵسوکەوت دەکەی؟

– زۆر بۆم گرینگ نییە، زۆربەی جارەکان کە بەشداربووم، ئاگاشم لێ نەبووە، چەند کەس لە دۆستان هاتوون گوتوویانە با پێشانگایەک دابنێین، تۆ دوو تابلۆ، ئەو چوار تابلۆ، بە باسمیش دەڵێین، من تەنیا پێشانگایەکی گرووپی کە حەزم لێ دەکرد و پێم خۆش بوو ئیشەکانی بەرگەڵوو بوو، چونکە هەستێکی تایبەتی خۆم بوو و خۆشم دەویست. بۆم شی دەکردنەوە و قسەم دەکرد.

* ڕوانگەی هونەرمەندێک بۆ تابلۆکەی جیاوازە لە ڕوانگەی بینەر، تۆ کە بۆت شی دەکردنەوە، ئەو کردەیە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– هەموو بینەرێک ڕەگێک لەو شتەی کە هونەرمەند ویستوویەتی بیلێ دەبینێ. ئێمە نابێ ئاستی بینەر کەم بکەینەوە. شێوەکاریش لێرە خۆی بینەرێکە. من لەوانەیە لە کارێکدا بیست ڕەگم لەبەردەستدا بووبێ، لەوانەیە هەر کەسێک یەکێک لەو ڕەگانە بدۆزێتەوە.

* کاریگەری کەس بەسەر کارەکانی خۆتەوە دەبینی؟

– نا، من لەسەرەتاوە هەوڵم داوە بەخۆم بم، تەنیا لە کتێبی (آخرین جنگ)دا نەبێ کە کارێکی کوبیستییە و باسی شەڕە، کە لاشەکان دیفۆرمە کراون، پاش تەواوکردنیان هەستم کرد لە کارەکانی (ضیاء عەزاوی) دەچێ، کە ئەویش هونەرمەندێکی عیراقییە و ئاساییە، چونکە هەردووکمان پەروەردەی یەک ژینگەین، دەنا بە گشتی نا، من خۆم لە دووبارەکردنەوە بواردووە و هەموو کات هەوڵم داوە بەخۆم بم. ئەویش من منداڵ بووم کارەکانی ئەو هونەرمەندەم دیتووە. ئەوەشم پێ ئاساییە، چونکە ئێمە لە دنیا و لە دەوروبەرمان دانەبڕاوین.

* با بگەڕێینەوە سەر دیزاین و گرافیک، تۆ دەڵێی نیمانە، ئەی چ پێشنیارێکت بۆ دەست پێکردنی هەیە؟

– ئێمە لە حەفتاکاندا گرافیستی باشمان هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ نیمانە، من نازانم چ پێشنیارێک بدەم، بەڵام بۆ نموونە چەند کاری ڕێبوار سەعیدم بۆ بەرگی کتێب بینی زۆر جوان بوون، ئەوکات لە ئێران بووم، چونکە لە خەتی خۆی و تەڕاحی خۆی کەڵکی وەرگرتبوو. لەوانەیە دیزاینێرێکی باش نەبێ، بەڵام من پێم باش بوو.

حەوت ساڵ لەوەپێش چەند بەرهەمی (ڕووناک ڕەسوولپوور)م بینی، ئەوکات گوتم: ئا دەکرێ ئەوە سەرەتایەک بێ بۆ دیزاینی کوردی. هێندە شتەکان لە خۆمان زل نەکەینەوە، سەرەتای ڕێگەکە هەر ئەوەیە باوەڕ بەخۆمان بێنین و بەخۆمان بین، نەترسین. کۆمەڵگا پێویستێتی، لەوانەیە یەکێک بڵێ ئێمە مێژوومان هەیە و...تاد نا ئەگەر ئێمە دەمانەوێ پێش بکەوین، دەبێ جۆرێکی دیکە دەست پێبکەین. با لە پۆلی سەرەتایی قوتابخانەکانەوە گرینگی بەهونەر بدەین، ئەویش نەک بە ڕۆتینیات، نا بەڵکو جددی سەیری بکەین.

* بۆ ئەوەی هونەرمەندێک بۆ وێنە کاری کوبیستی بکات پێویستە لە ریالیزمەوە دەست پێ بکات؟

– نا ئەوەی تۆ دەیڵێی پێناسەیەکی کۆنە بۆ هونەر، سەردەمی نوێ ئەو شتانەی وەلا ناوە، تۆ بەخۆت باسی هونەری دیجیتاڵیت کرد، یان هەر شێوازێکی دیکە، پرسیاری بەردەنگ دەکوژێ، تەنیا سەرنجی ڕادەکێشێ، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی پێناسەکە تەواو بگۆڕێ.

* تۆ پێت وایە قوتابییەکی هونەرە جوانەکان، بێ ئەوەی تەشریح بزانێ، دەتوانێ کارێکی ئێکسپرسیۆنیستی بکات؟

– بەڵێ دەتوانێ، لێرەدا ڕوو ڕاستییەکی دەوێ، شێوەکاری حەزێکی دەروونییە، تۆ کە حەزت لە شێوەکاری بوو، دەیکەی و لەوانەیە تێشیدا سەرکەوتوو بیت، کەسێک کە بەردەوام کار دەکات، تابلۆ دەبێتە مامۆستای، تەنانەت تابلۆ فێری هێڵکاری دەکات، دەزانی زۆر کەس هەموو شتێک دەزانێ، بەڵام داهێنەر نییە. داهێنەر زۆر گوێ ناداتە ئەو قۆناغ بە

قۆناغە بۆ چوونە پێشێ.
* ئازارەکانی کوردە فەیلییەکان چەندە لەسەر کارەکانی تۆدا کاریگەری هەبووە؟
- ئەگەر بڵێی سلێمانی، یان زیندان، یان بەرگەڵوو، یان ئاوارەیی ئەوانە زۆر کاریگەرییان هەبووە، بەڵام بەو شێوەیەی کە تۆ چاوەڕوانی وەڵامت بدەمەوە نا، چونکە من خۆم فەیلیم، خۆم دەکێشمەوە ناوەوە، کەوایە شوناسی خۆم، خۆمم.
* لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا شتێکی تایبەتی ماوە بیڵێیت؟
- نا، دەستتان خۆش بێ، سەرکەوتووبن.

**باسم ڕەسام:**

**- لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری بەغدا لە دایک بووە.**

**- لە ساڵی ١٩٧٨دا بووە شیعرە سەرەتاییەکانی خۆی لەگۆڤاری (الهدف)ی فەلەستینی چاپ و بلاو کردووەتەوە.**

**- لە ساڵی ١٩٧٩ لەزیندانی (ئەبوو غرێب) دەگیرێت و حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت.**

**- لە ساڵی ١٩٨٣دا بە بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێ و لە زیندان ئازاد دەکرێ، پاشان ڕوو دەکاتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە.**

**- لە ساڵی ١٩٨٥ وەک پەنابەر لە وڵاتی ئێراندا دەژێت.**

**- لە ساڵی ١٩٨٩دا لە ئۆردووگای پەنابەرەکان دێتە دەرێ و لە تاران نیشتەجێ دەبێت و دەست بە هاوکاری کردنی گۆڤاری (الناقد)ی لەندەن و زۆربەی گۆڤار و بلاوکراوەکانی دیکەی عەرەبەکان دەکات.**

**- لە ساڵی ١٩٩١ بەشێوەی ڕەسمی دەست بە هاوکاری کردنی گۆڤاری (کیان)ی فارسی دەکات.**

**تا ئێستا خاوەنی ئەو پێشانگایانەیە لە بواری شێوەکاریدا:**

**١٩٧٦ لە پێشانگایەکی گرووپی لە وڵاتی ئیسپانیا و پورتووگالدا بەشداری کردووە.**

**١٩٧٧ لە پێشانگای گرووپی لە وڵاتی فەرەنسادا بەشداری کردووە.**

**١٩٨٦ یەکەم پێشانگای تاکەکەسی لە بەرلین کردووەتەوە.**

**١٩٨٩ پێشانگایەکی ئیسلاید لە بەرهەمەکانی لە وڵاتی سوێد بووە.**

**١٩٩٢ یەکەم پێشانگای تاکەکەسی لە وڵاتی ئێراندا لە گەلەری (صدر) لە شاری تاران بووە،**

**هەر لەو ساڵەدا پێشانگایەک لە شاری سلێمانی لەگەڵ هونەرمەند (ڕەمزی قوتبەدین) دەکاتەوە و بەشداری لە پێشانگایەکی گرووپی لە گەلەری سیحون- لە تاران-دا دەکات.**

**١٩٩٣ پێشانگایەکی تاکەکەسی لە گەلەری (افرند) لە تاران دەکاتەوە.**

**١٩٩٥ پێشانگایەکی تاکەکەسی لە گەلەری (افرند)ی لە شاری تاران کردووەتەوە.**

**١٩٩٧ لە پێشانگایەکی گرووپی لە گەلەری (لاله) لە تاران بەشداری کردووە.**

**٢٠٠٠ پێشانگایەکی تاکەکەسی لە گەلەری (الهە)ی لە تاران کردووەتەوە.**

**تا ئێستا خاوەنی ئەو پێشانگایانەیە لە بواری هێڵکاریدا:**

**١٩٩٥ پێشانگای تاکەکەسی لە گەلەری (افرند) لە تاران.**

**١٩٩٦ پێشانگای گرووپی لە گەلەری (افرند) لە تاران.**

**١٩٩٨ پێشانگایەکی گرووپی گرافیک لە گەلەری (افرند) لە تاران.**

**تا ئێستا خاوەنی ئەو بەرهەمانەیە:**

**١- کتێبی (خدا اندیشید) هەڵبژاردن و وەرگێڕان و دیزاینی جوبران خەلیل جوبران.**

**٢- کتێبی (اخرین جنگ).**

**٣- کتێبی (المنثور كله يترمد) کۆمەڵێک دەق و شیعری عەرەبی.**

**هەروەها تائێستا ئەو خەڵاتانەشی وەرگرتووە:**

**١- خەڵاتی تایبەتی پێشانگای کتێبی لە ساڵی ٢٠٠٣دا وەرگرتووە.**

**٢- خەڵاتی هێڵکاری بۆ بەرگی کتێبەکانی ناوەندی بلاوکردنەوەی (نگاه معاصر).**

**٣- خەڵاتی باشترین دیزاینەری کتێبی لە دەیەمین فستیڤاڵی ڕاگەیاندنی ئێراندا لە ساڵی ٢٠٠٣دا وەرگرتووە.**

**٤- ٢٠٠٥ خەڵاتی باشترین دیزاینەری کتێبی لە فیستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلێمانی وەرگرتووە.**

# بنیادی کارەکتەر و ئیستێتیکای گێڕانەوە
# لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا *

عەلی عوسمان یاقووب
(سوێد)

(۱ – ۲)

من خـۆم وام، نازانم خـەڵکی تریش چۆنن. کـاتێک بەرهەمـێکی ئەدەبی، بە تـایبـەتی ڕۆمـان دەخـوێنمـەوە، زیاتر بیـر لە تەکنیکەکـەی دەکـەمـەوە، تا لە بابەتەکـە. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە، کە بابەتەکە هەرچی بێت بۆ من گـرنگ نیـیـە، یان تەکنیک و بـابەتەکـە دوو شـتی تەواو لە یەکتر جیاواز بن، بەڵام ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت، کە بابەتەکان هەر لە سەرەتای پەیدابوونی هونەری ڕۆمـانەوە، نەک لەسـەر ئاسـتی ئەدەبی کـوردی، بەڵکو لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهانیشدا، بگرە هەر لە "دانیال دیفـۆ"وە تا دەگـاتە ڕۆمـاننووسـەکـانی ئەمـڕۆ، لە چوارچێـوەی ملمـلانێی نێـوان بەرەی خێـرخـواز و بەرەی شەڕخوازدا بوونە، بۆیە ئەوەی گرنگە شێوازی گەیاندنی بابەتەکەیە بە خوێنەر و دواجاریش خوێنەر چۆن وەریان دەگـرێت. بە واتایەکی تر، خـوێنەر چاوەڕوان دەکـات، ڕۆمـاننووس لە گـۆشـەنیگایەکی نوێوە و لەژێر کـاریگەریەتی بیـرکـردنەوەیەکی بەهێـزتر و بە بینینێکی قـووڵتـرەوە شتـەکـانی بۆ بگوێزێتـەوە. ئیـستـێتـیکای بەرهەمـەکە لێـرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوەی "جـۆزێف کۆنراد" لە ڕۆمـانی "دڵی تاریکی"دا، باسی لێوە دەکات

کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ۱۸۹۹ بە زنجیرە لە گۆڤاری "بلاک وود"دا بڵاو کرایەوە، بۆ ئەو کاتەش شتێکی تازە نەبوو. "کۆنراد" باس لەو ئارەزووە سروشتییە دەکات، کە مرۆڤ سەبارەت بە خراپەخوازی هەیەتی. ئەم بابەتە پێش ئەویش ورووژێنراوە، بەڵام مامەڵەکردنی "کۆنراد" لەگەڵ وردەکارییەکانی ئەو بابەتەدا شتێکی تازەیە، بە تایبەتی لە ڕووی گـێـڕانەوەوە. مـامـەڵەکـردنی "کـاروان عـومـەر کـاکـەسـوور" لەگـەڵ بابەتی ڕۆمـانی "کـەناڵی مـەیموونە چەکدارەکان"دا هەمان گرنگی هەیە سەبارەت بە ڕۆمانی کـوردی. ڕووداوەکـانی ڕۆمـانەکـە لە دوای نسکۆی حەفـتـاوپێنج و سـەرەتاکـانی بڵاوبوونەوەی بیـروباوەڕی "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستـان"ەوە دەست پێ دەکەن. ڕۆمـاننووس بە وردی دیوەکـانی ئەو تێکشکانە دەخـوێنێـتـەوە، کـە مـرۆڤی کـورد دووچاری بووە، ئەو تێکشکانەی لە مـێـژە ڕەگی لە ناخی مـرۆڤـەکـاندا داکوتیوە، ئەگەرچی سەرەتای ڕووداوەکان لە دوای ساڵی ۱۹۷۵ەوە دەست پێ دەکـات، بەڵام (کـاروان) دەیەوێت ئەوە پێـشـان بدات، کـە کـرۆکی ئەم نسکۆیە لە پێش ئەمەوە بووە. نسکۆیەکە لە بنچینەدا هەرەسی کارەکتەری



**کاروان عومەر کاکەسوور**

کورد بووە، هەرەسی ئەو کۆمەڵگایە بووە، کە مرۆڤی وەکو "ماجید هەمزە قەڵاتێ و "رەقە" و "سابیر پوولەکە" و مرۆڤی دەستەپاچەی وەکو (ئامانج)ی بەرهەم هێناوە.

دیارە تێکڕای ئەو تیور و تیوریستانەی، کاریان لەسەر رۆمان کردووە، زیاتر لایان بە شێوازی مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ بابەتەکەیدا کردووەتەوە، بەڵام ئەوەی لەم رۆمانە و لە بەرهەمەکانی تری (کاروان)دا هەستی پێ دەکرێت تێکەڵکردنێکی چڕی بابەتەکەیە لەگەڵ تەکنیکە جیاوازەکاندا، بە تایبەتیش تەکنیکی گێڕانەوە، بۆیە ناکرێت خوێنەر بەبێ وردبوونەوە لە تەکنیکەکان لە بابەتەکە بگات. لەم چوارچێوەیەدا دەستپێکی رۆمانەکانی (کاروان) دوای ناوونیشانەکانیان، چ لە رووی فۆرمەوە و چ لە روانگەی ناوەرۆکەوە، زیاتر لە ئاماژەیەک هەڵدەگرن. با بۆ ئەم مەبەستە دەستپێکی چەند رۆمانێکی بخەینە روو. رۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" بەم چەند رستەیە دەست پێ دەکات:

"لەمڕۆوە ئێوە دەتوانن وەکو جاران هەر بە ناوە راستەقینەکەی خۆمەوە بانگم بکەن... من کە ئیتر رێگام ناکەوێتەوە ئەو شاخوداخە، ناوی نهێنیم بۆ چییە... ئەو ناوەش هەر خۆتان لێتان نام... خۆ ئێوە بە هەر ناوێکی دیکەش بانگم بکەن، من هەر وەڵامتان نادەمەوە... ئەو دەمەم چۆن چەند ساڵە داخستووە و پێی نادوێم، هەر ئاوا دایدەخەم و نایکەمەوە... بەڵێ، من لەمڕۆوە مەیموونەکەی جارانم، کە لە قەراغی شار بە تەنەکەی ژەنگاوی کوخێکم بۆ خۆم کردبوو..."

**دەستپێکی رۆمانی "مامزێڕ" بەم شێوەیەیە:**

"لە رێگا، کاتێ جەنگاوەرە ریشنەکان رووتوقووت بەسەر لمە داخبووەکەدا دەیانهێنایین، لەناو سەرجەمی دیلەکاندا تەنیا چاوی منیان نەبەستبوو... ئێستایش، کە ئەوەتا شەکەت و ماندوو خراوینەتە ناو ئەم قەفەزە گەورانەی بەر هەتاوی چلەی ئەم هاوینە پرووکێنەرەوە، تەنیا پرسیار لە من ناکەن... ئەگەرچی بە تەواوی لەم نهێنییە تێناگەم، بەڵام وای بۆ دەچم ئەوانیش زانیبێتیان من هەرگیز ناتوانم رووداوەکان وەکو خۆیان بگێڕمەوە... هەمیشە کەسەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت... سنوورەکانی کات و شوێن دیار نامێنن... سیمای ئەفسانەیی بە خۆیانەوە دەگرن... لەو چیرۆکنووسە دەچم، کە لەپێناو خوڵقاندنی ئێتمۆسفێرێکی سەیردا، هیچ شتێک وەکو خۆی ناگێڕێتەوە... "

ئەم چەند دێرەی خوارەوەیش دەستپێکی رۆمانی "سوارەکان بەقاچاغ بووکیان گواستەوە"یە:

"لە سەری کۆڵانە تەسکەکە پێچ دەکەیتەوە.... دەستی کوڕێکی هەرزەکار توند توند یەخەت دەگرێت... لێزانانە و بەخێراییەکی سەیر چەقۆی ناو دەستی راستی دەخاتە سەر سنگت:

ـ هەرچییەکت پێیە، داینێ.

گیانت دەکەوێتە لەرزین... تازە هەتاو کەوتووە... کەس بەدەرەوە نییە... سەرنجە ترساوەکانی دەدەیتێ... تەمەنی لە شانزدە تێناپەڕێت... جلێکی پەڕپووتی پۆشیوە... بێگومان ماڵیان لەم گەڕەکە هەژارنشینەیە... هێزێکی بێوێنەی تێدایە... کوڕی ئەو گەڕەکانە توانایەکی گەورەیان لە شەڕدا هەیە... کەسیش نازانێت بۆچی گیانیان هێندە پتەو و بەهێزە ..."

هەموو ئەم رۆمانانە لە لایەن کەسی یەکەمەوە دەگێڕدرێنەوە و دیالۆگ لەگەڵ کەسێک، یان چەند کەسێکی بەرانبەردا دەکەن. دەشێت قسەکەر خۆی وێنای کەسەکە، یان کەسەکان بکات وەکو لە رۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا دیارە. کەواتە گێڕانەوەکان بە

دیالۆگ دەست پێ دەکەن و دیالۆگیش بریتییە لە ئاخاوتن لەنێوان قسەکەر و قسەبۆکەردا، بەڵام خۆ مەنەلۆژیش هەمان کار دەکات، چونکە قسەکەر وێنای قسەبۆکەر دەکات، ئینجا ئەگەر قسەبۆکەر خۆی بێت، یان کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێکی بەرانبەر.

گرنگی ئەو ڕۆمانەی، کە بە دیالۆگ دەست پێ دەکات لەوەدایە، کە ڕۆمانەکە پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکان زەق دەکاتەوە. خۆ ئەگەر دەستپێکێکی ئاوا لە گەرمەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا بێت، وەک لەم بەرهەمەدا دەردەکەوێت، ئەوە ڕۆماننووس ئەو گریمانەیە دێنێتە پێشەوە، کە خوێنەر گرنگی بە کارەکتەر بدات. هەندێک جار دیالۆگ باشترین ڕێگایە بۆ دەستپێکردن و بەرەوپێشبردنی خێرای ڕووداوەکان. کاتێ کارەکتەر لە ناوەڕاستی ڕووداوەکاندا بێت، یان کاتێ ڕۆماننووس بیەوێت هەندێک شتی گرنگ بێنێتە پێشەوە، دیالۆگ دەتوانێت خوێنەر بۆ ناو ئەو دەستپێکە ڕابکێشێت. (کاروان) چرکەساتێکی سەرنجڕاکێش و زۆر گرنگ و پێوەندیدار بە پلان و نەخشەکاریی ڕووداوەکان دەکاتە دەستپێکی ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان". ئەوەی پێش ئەم چرکەساتە ڕوو دەدات، دواتر لە ڕۆمانەکەدا باسی لێوە دەکرێت.

لە لایەکی دیکەوە، گرنگی سەرەتای هەر ڕۆمانێک، دواجار، بۆ ئەوەیە، کە تێکستەکە ببێتە جێگەی سەرنجی خوێنەر و بێزاری نەکات. دەکرێت دەستپێکی هەر ڕۆمانێک بە گشتی ئەم خاڵانە لە خۆ بگرێت: سەرەتای ڕووداوێکی گرنگ، کە خوێنەر تووشی ڕامان بکات و پرسیاری لە لا بورووژێنێت، کارەکتەری سەرەکی و ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەژێت، داڕشتنی باری سەرنجی نووسەر، واتە کێ چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و بۆ کێی دەگێڕێتەوە و چۆنی دەگێڕێتەوە، ئاماژەکردن بە بارگرژییەکی بە جۆش، کە ململانێی لێ بکەوێتەوە، یان خوێنەر هەست بکات نهێنییەکی لە پشتەوەیە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە هەموو زیادەڕۆییەک. هەر وشەیەک، کە بۆ ئەم دەستپێکە هەڵیدەبژێرێت، دەبێت بەهایەکی تایبەتی بۆ پێشکەوتنی ڕۆمانەکە هەبێت.

ئەگەر لە چوارچێوەی ئەم جۆرە دەستپێکەوە لە ڕۆمانەکانی (کاروان) ورد ببینەوە، هەموو ئەو خاڵانەیان تێدا دەدۆزینەوە، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن و بۆ هەر ڕۆمانێکی سەرکەوتوو گرنگن. نووسەر لە هەر یەک لەم ڕۆمانانەدا ڕووداوێکی گرنگ دەخاتە ڕوو. ئەوەی هەر لە سەرەتاوە و بگرە تا کۆتایی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆمانەکە، شوێن و پایەی حەکایەتبێژەکەیە: حەکایەتبێژ کێیە؟ چیرۆکەکە بۆ کێ دەگێڕێتەوە؟ خوێنەر پێویستە هەر لە سەرەتاوە بە بەردەوامی بەدواداچوونی بۆ ئەمە هەبێت بۆ ئەوەی ئاگاداری گۆڕانی حەکایەتبێژ ، یان گوێگرەکەی بێت. ڕۆماننووس، دواتر هەموو بیرۆکەکانی لەسەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بنیاد دەنێت. دەستپێک لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا، بەرەنگاربوونەی تێدایە. سەرەتای پێشاندانی ململانێیەکی پەردەپۆشکراوە، کە بەر لە دەستپێکردنی ڕۆمانەکە بوونی هەیە و لە چرکەساتی گێڕانەوەیشدا بەردەوامە. حەکایەتبێژ ئاماژە بە پێوەندییەکی ناجێگیر و شلۆقی نێوان خۆی وەک قسەکەر، هەروەها قسەبۆکەردا دەکات، کە بە جێناوی کەسی دووەمی "کۆ"یە. دەشێت ئەم کەسی دووەمی "کۆ"یە کۆمەڵێک کەس، یان کۆمەڵێک هێزی ناو کۆمەڵگا بێت، کە خۆی وێنایان دەکات، هەروەک دوور نییە چەند دێوەزمەیەکی ناخی خۆی بێت، کە ویست و ئیرادەیان زەوت کردووە. هەموو ئەمانە پرسیار دەوروووژێنن. خوێنەر هەر لە سەرەتاوە حەکایەتبێژەکە وەکو کارەکتەری سەرەکی دەبینێت، کە ئەو هێز و دێوەزمانەی ئاماژەمان پێ کردن تێکیان شکاندبێت و دەستەمۆیان کردبێت، یان کەسایەتییەکەیان شێواندبێت، بۆیە ڕووی قسەکانی لەوان دەکات. تۆ بڵێیت چەککەی دەستی "هۆ"یەک بێت بۆ ئەم تێکشکاندنە؟ ئەگەرنا، ئەی بۆچی فڕێی دەدات؟ کارەکتەرەی قسەکەر لەم دەستپێکەدا مرۆڤێکە لە باوەشی سروشتی پانوبەرین و ئاسمانی کراوەدا، کە هێمایە بۆ پانتاییەکی فراوانی ئازادی، مافی ئەوەیشی لێ زەوت کراوە، کە بە ئارەزووی خۆی ناوێک لە خۆی بنێت. بۆیە دەیەوێت دووبارە لە سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە و ببێتەوە مەیموونەکەی جاران، بەڵام مەیموون نەک بە مانای ئەو گیاندارەی، کە لە فەرهەنگی هەموو کولتوورەکاندا هەیە و دەکرێت مرۆڤ بە ئاسانی ئاسوودەیی تێک بدات و دەستەمۆی بکات، بەڵکو بەو مانایەی سەرەتای دەستپێکردنی ژیانە. ئەوسا خۆی بڕیار



**فۆکنەر**

لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات، ڕێچکەی ئەو کەناڵانە دەشکێنێت، کە هەوڵی تێکشکاندنی ناخیان داوە و دەدەن بۆ ئەوەی خۆی ناو لە خۆی بنێت، ململانێیەکەیشی هەر بۆ یەکلاکردنەوەی ئەمەیە. دیارە ئەمەیش ململانێیەکی ئەزەلییە، کە مرۆڤ لەپێناوی بووندا دەیکات. پرسیارێکی گرنگتر لە هەموو ئەمانەیش ئەوەیە: بۆچی ئەم کارەکتەرە قسە بۆ خۆی دەکات؟ مەبەستم ئەوەیە، کە قسەبۆکەر تەنیا لە ڕێگای وێناکردنەوە ئامادەبوونی هەیە؟ هەموو ئەمانە دەستپێکی ڕۆمانەکە دەکەن بە دەستپێکێکی گرنگ و خوێنەر ناچار دەکات بخزێتە ناو ململانێکەوە. پێم وایە ئەم دەستپێکە بە بەراورد لەگەڵ دەستپێکی ڕۆمانەکانی پێشتری (کاروان)، بینینێکی قووڵتری تێدا بەرجەستە دەبێت.

لە نموونەی دووەمدا، واتە لە ڕۆمانی (مامزێڕ)دا نووسەر کارەکتەرەکەی خستووەتە ناو هەلومەرجێکی نائاسایی و مەترسیدارەوە. کارەکتەرەکە بە شوێنەکە، واتە "لە داخبووەکە" نامۆیە، هەروەها ئاوەڵناوی "ڕیشدار"، کە نووسەر "جەنگاوەرەکان"ی پێ وەسف دەکات لەگەڵ ئاوەڵفرمانی "ڕووتوقووت" کە شێوازی مامەڵەکردنی دیلەکانی پێ وەسف دەکرێت، کۆمەڵێک پرسیار دێننە پێشەوە، کە خوێنەر لە بەرانبەریاندا کاردانەوەی دەبێت. بیرمان نەچێت هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی بیرهاتنەوەدان، دیارە هەموو پرۆسەیەکی بیرهاتنەوە، یان بیرکەوتنەوە خۆی لە خۆیدا ڕووداوە.

دەستپێکی ڕۆمانی "سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە"، کارەکتەرەکەی خستووەتە گەرمەی ڕووداوێکی مەترسیدارەوە، کە ڕەنگە کوشتنی لێ بکەوێتەوە. خوێنەر بە هەناسەگرتنەوە وێنای ڕووداوەکە و ململانێکە دەکات. لەمەیش گرنگتر، ناونیشانەکە لە زەمەنی ڕابردووەم بەو مانایەی تازە کارەکە بڕایەوە و خوێنەر لە بەرانبەر ئەمەدا پرسیارێکی سەرسووڕهێنەری وەکو "چی؟!" لەلا دروست دەبێت. خۆ دەشێت بەو مانایەش بێت، کە سەرەڕای هەموو ڕێگرییەکان، بووکەکەیان هەر گواستەوە. بە هەرحاڵ ناونیشانەکە زیاتر لە ئاماژەیەک لە خۆ دەگرێت. ئەمەیش کۆمەڵێک پرسیار بە دوای خۆیدا دێنێت.

کاتێک ناونیشان زیاتر لە ئاماژەیەک لە خۆ دەگرێت، هەڵبەت دەبێتە جێگای سەرنجی خوێنەر. دەشێت ناونیشانی کورت بۆ ڕۆمان باشتر بێت، چونکە مرۆڤ بە ئاسانی بیری دێتەوە، بەڵام هەندێک جار ناونیشانی درێژ پێویستە، چونکە ڕێگایەکی مەجازییە بۆ لێکدانەوەی سەرجەم ڕووداوەکان لە تێکستێکی کورتدا. ئەمە ڕێک لە ناویشانی ئەم ڕۆمانەدا بەرجەستە دەبێت. "ولیەم گۆڵدینگ"(١٩١١- ١٩٩٣) یەکەم ڕۆمانی بە ناوی "پاشای مێشەکان "Lord of Flies"ە، کە "پیتەر برووک" لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ سینەما دەریهێنا و "هاری هووک"یش ساڵی ١٩٩٠. ناونیشانەکە هەموو ڕۆمانەکەی تێدا کۆ بووەتەوە و لە بنچینەدا لەگەڵ وشەی "بیلزێبوب " Beelzebub، کە وشەیەکی عیبرییە و بە مانای شەیتان دێت، هاوواتایە. "گۆڵدینگ" وەک گوزارشتێک بۆ ئەو شەڕانگێزییەی، کە لە دەروونی مرۆڤدا هەیە ئەم ناونیشانەی هەڵبژاردووە. ئەو منداڵانەی بەهۆی تێکشکانی فڕۆکەیەکەوە لە دوورگەکەدا دەمێننەوە بە مێش ئاماژەیان بۆ دەکرێت و"پاشا"کەیشیان شەیتانە. "جۆن شتاینبێگ" یەکێک لە ڕۆمانەکانی ناو ناوە "مرواری "The Pearl دیارە بە بێ دۆزینەوەی مرواری، کە کرۆکی ڕووداوەکانە، نە چیرۆکەکە بوونی دەبێت و نە ململانێی نێوان کارەکتەرەکانیش بەڕێوە دەچێت. دواجار "جۆرج ئۆروێڵ" لە هەڵبژاردنی ناونیشانی "١٩٨٤"دا ئەوە

ڕادەگەیەنێت، کە ئەگەر نموونەی تۆتالیتاری لە حوکمڕانیدا ڕیسوا نەکرێت و وازی لێ نەهێنرێت، ئەوە دنیا لە ساڵی ١٩٨٤ وەک ئەوەی لێ دێت، کە ڕۆمانەکە باسی لێوە دەکات. گرنگی ناوونیشانی ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" لەوەدایە، کە زیاتر لە واتایەک دەبەخشێت. ئەمەیش باشترین پێوەرە بۆ ناوونیشانی داهێنەرانە. لەسەر ئاستی میللیدا، مەیموون هێمای ناشیرینییە لە کولتووری کوردیدا، بەڵام لە باری ئاساییدا گیاندارێکی هێمنە. بە پشتبەستن بە تیوری داروینیش هێمایە بۆ سەرەتای ژیان و هێشتا چەند قۆناغێکی ماوە، کە بیبڕێت بۆ ئەوەی ببێت بە مرۆڤ. بە هەرحاڵ، بەپێی ئاماژەکانی ئەم ناوونیشانە، لە هەردوو حاڵەتدا شێوێنراوە. لە لایەک هێشتا قۆناغەکانی بە مرۆڤبوونی نەبڕیوە و لە لایەکی تریشەوە، هێمنی و ئاسوودەیی تێک دراوە سەبارەت بەو چەکەی، کە هەڵی گرتووە، ئەگەرنا بۆ دواتر فڕێی دەدات و ئاسەوارەکانیشی ناهێڵێت؟ بە کورتی ناوونیشانەکە ڕەهەندێکی تراژیدیی لەخۆ گرتووە.

* * *

"کاروان عومەر کاکەسوور" سەرەتا بە چیرۆکی کورت دەستی پێ کرد. بە هەر دوو کۆمەڵەچیرۆکی "سەدەی یەکەمی خەیاڵ" و "ئەسپیدیلۆن" زۆر خێرا سەرنجی خوێنەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، لەبارەی زمانیشەوە لە کەشوهەوایەکی شیعرئامێزی لیریکئاسادا داڕێژرابوون. وەک ئەوەی نووسەر تازە دەستبەرداری نووسینی شیعر بووبێت، وابوو، بۆیە خوێنەر هەر لەو چیرۆکانەوە هەستی دەکرد (کاروان) بینین و سۆزێکی قووڵی هەیە و نزیکترین ژانری ئەدەبییش بۆ دەربڕینی ئەم بینینە لای ئەو چیرۆکی کورت بوو. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە، کە شیعر ناتوانێت بینینە قووڵەکان دەرببڕێت. شیعری کوردی لەم بارەیەوە بەرهەمی گەورە گەورەی لە خۆ گرتووە. بە هەرحاڵ، (کاروان) لە گشت چیرۆکە کورتەکانیدا هەوڵی ئەوەی داوە بەردەوامی ژیان بخاتە ڕوو سەرەڕای دیوە کێشەئامێزەکانی، زیاتر لەوەی ئەم بەردەوامییەتییە دروست بکات. ڕەنگە ئەمە هەر بۆ ئەو وانەبووبێت، بەڵکو بۆ زۆربەی ڕۆماننووسەکانی دنیاش، وەکو "فۆکنەر" و "چیخەف" هەر وا بووە، بەڵام ئەوەی لە ڕۆمانەکانی (کاروان)دا هەستی پێ دەکرێت، دروستکردنی بەردەوامییەتیی ژیانە، نەک هەر خستنەڕووی ئەم بەردەوامییەتییە. بە پێی لۆژیک، کاتێ نووسەرێک بەم ڕوحیەتەوە ڕۆمان دەنووسێت، پێویستە پاشخانێکی فیکری دەوڵەمەندی هەبێت. زانیارییەکانی (کاروان) دەربارەی فەلسەفە، مێژوو، سۆسیۆلۆجیا، سایکۆلۆژیا، کولتوور و دواتر لەبارەی باڵندە و ئاژەڵان و.... تاد، وەک لەم ڕۆمانە و لە ڕۆمانەکانی تردا تەوزیف کراون بەڵگەی ئەم پاشخانە دەوڵەمەندەن. مرۆڤ هەست دەکات ئاگاداری سەرجەم بارودۆخەکان ، یان هەلومەرجەکانی ژیانی ڕۆژانە و ڕەوتی مێژووە لە دەرەوەی پرۆسێسی ڕۆماننووسیندا، بۆیە توانیویەتی لە کاتی تەوزیفکردنیاندا، لە کارلێکی نێوان هەموو ئەمانە و ڕەگەزەکانی ڕۆماندا، لە پێشەوەیشیان زەمەن و شوێن زۆر ورد بێت. دیارە ئەم کارلێکە، دواجار، دەبێتە هەوێنی ڕووداوەکان و بەرەوپێشەوەبردنی کارەکتەرەکەیشی بە شێوەیەکی زۆر ورد لێ دەکەوێتەوە، یان ڕوونتر بڵێین هەردووکیان بە شێوەیەکی هونەری ڕێکوپێک بە یەکەوە گرێ دەدات بۆ ئەوەی ئەم بەردەوامیێتییەی ژیان لە ڕۆمانەکەدا دروست بکات. لە باری پراکتیکیدا، ئاڵۆزترین خاڵ، کە لەم حاڵەتەدا ڕووبەڕووی هەر ڕۆماننووسێک دەبێتەوە ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە کارەکتەرەکان بە ئاراستەی جیا جیا دروست دەکات. (کاروان) کارەکتەرەکانی بەم ئاراستە جیاجیایانە دروست دەکات، بێ ئەوەی هیچ درزێکی بێ مانا لەناو دەقەکەدا بخاتە نێوان ڕەهەندەکانی زەمەن و شوێنەوە. هەڵبەت ئەم ئاراستە جیاجیایانە، دواجار، هەر لە چوارچێوەی یەک بابەتن و خوێنەر خۆی دەبێت جومگەکانی بە یەکدی ببەستێتەوە. ئەمەیش یەکێکە لەو خاڵانەی، کە نووسەر زۆر بە وردی کاری لەسەر دەکات.

بەر لەوەی مرۆڤ بچێتە بنجو بناوانی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەوە، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرێت، کە کاریگەرترین کارەکتەر ئەو کارەکتەرەیە، کە بەردەوام واقیع دەخاتە ژێر پرسیارەوە بەو مەبەستەی، کە هەرەس بە دیوارە ڕووکەشەکان بێنێت. کەواتە، چیرۆکی "ئامانجی ماجید قەلاتێ" و (سۆزانی مام ئەنوەر باخەوان) و (ئازادی هەمین مامان)، لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا، دواجار لە چوارچێوەی هەمان بابەتن و ئەو ململانێ ئەزەلییە بەڕێوە دەبەن، کە لە

سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

دیارە دروستکردنی کارەکتەرەکان بە ئاراستەی جیاجیا زیاتر لە ڕێگای ئەکتیڤکردنیانەوە دێت بە پلەی جیاجیا، یان خستنەڕووی هۆکارەکانی ئەکتیڤ نەبوون، کە خوێنەر زیاتر لە ڕێگای هەڵسوکەوتەکانەوە هەستی پێ دەکات. نووسەر، نەک هەر لە ڕۆمانەکانیدا، بەڵکو لە چیرۆکە کورتەکانیشیدا بەردەوام ئەم حاڵەتەی لەبەرچاو گرتووە، بۆیە خوێنەر زۆر بە دەگمەن هەست بە کارەکتەرێکی پاسیڤ لە بەرهەمەکانی (کاروان)دا دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەو کارەکتەرە ناحەزیش (antagonist) بێت، واتە پێچەوانەی ئاراستەی کارەکتەرە سەرەکییەکە بێت. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم بە تایبەتی سەبارەت بە (کارەکتەری دژ) لای (کاروان). دیارە مەرج نییە کارەکتەری دژ لە شێوەی مرۆڤێکدا بێت، کە هەناسە بدات، بجووڵێت، ڕا بکات، دەست بوەشێنێت... تاد. دەشێت بەر لە هەموو شتێک لە هێزێکی نادیاردا بەرجەستە بێت، یان کۆمەڵێک هێز بن لە ناخی کارەکتەرێکدا لە بەرانبەر ویست و ئامانجەکانیدا ئاراستەیەکی پێچەوانەیان وەرگرتبێت، بۆیە هەتا ڕووبەڕوونەوەکە لە ناوەوە یەکلا نەبێتەوە، مەحاڵە لە دیوی دەرەوە ڕەنگ بداتەوە. کارەکتەری (ئامانج) لە سەرەتای کەناڵی یەکەمی ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا - دیارە ئەمە سەرەتای ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە نییە - لە حاڵەتی گۆڕاندایە لە کارەکتەرێکی پاسیڤەوە بۆ کارەکتەرێکی ئەکتیڤ، کە بڕیارێکی گرنگ دەدات و تێیدا بانگەشەی ڕووبەڕووبوونەوە دەکات لەگەڵ ئەو هێزانەی، کە ویست و ئیرادەیان دەستەمۆ کردووە، یان چوارچێوەیەکی دیاریکراویان بۆ بینینەکانی داڕشتووە. شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەکە لەو چرکەساتەوە دەست پێ دەکات، کە چەکەکەی فڕێ دەدات. پێشتر هەموو بینینی (ئامانج) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەکە لەم چوارچێوەیەدا داڕێژرابوو، یان ڕاستتر بڵێین بۆیان داڕشتبوو. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جارە تەنیا لە ڕێگای فڕێدانی چەکەکەیەوە نییە، کە "هیچ کاتێک (دای) نەدەنا... شەوانەش پێوەی (دەنووست)... باوەڕ(ی) نەدەکرد (بتوانێت) دەستبەردار(ی) بێت"، یان باشتر بڵێین تەنیا لە ڕێگای گۆڕینەوەی نییە "بە کراسێک و پانتەڵۆنێکی جینز لەگەڵ یەکێک لە قاچاغچییەکانی ئەو سنوورە!!"، یان سڕینەوەی شوێنەوارەکەی بەسەر هەموو جەستەکەیەوە:

"ئێستا دوای ئەوەی جوان جوان شان و کەمەر و سمتم شێلاوی، شوێنەواری قایشی تفەنگ و ڕەخت بەسەر گیانتەوە نەماوە"، بەڵکو لە ڕێگای پێداچوونەوەیەکی ورد و بێ پێچوپەنایە بە هۆکارەکان، کە ڕۆژگارەکان لە دەروونیدا کەڵەکەی کردوون. ئەمە پرۆسێسەکە لە هزری هەموو حەکایەتبێژەکاندا بەڕێوە دەچێت.

ئەگەرچی سەرەتای ڕووداوەکانی ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" لە کەناڵی یەکەمەوە دەست پێ ناکات و نووسەر لە ڕوانگەی ئیستێتیکای تەکنیکەوە کەناڵەکانی پاش و پێش کردوون، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەکەی (ئامانج) لەگەڵ ئەو هێزانەی، کە ویستیان لێ زەوت کردووە، لانی کەم بۆ ئێمەی خوێنەر، سەرەتای گۆڕانێکی گەورەیە لە کارەکتەر و بینینیدا. (ئامانج) دوای ئەمە لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ زەمەنە دوورەکان دوای هۆکارەکانی ئەم تێکشکانەی خۆی دەکەوێت. پێش ئەمە، وەکو خۆی ئاماژەی پێ دەکات، کەسێکی "ترسنۆک" و "شەرمن" بووە، هەر بۆیەش بە ئاسانی دەستەمۆ کراوە: "ترسێک سەرتاپای گیانی داگرتم... شەرمێکی قورس بە دوایەوە"، یان کە دەڵێت"بە ترس و شەرمێکی زیاترەوە لە ژنەکانی دیکەم دەڕوانی... تا دەهات ترسەکەم زیادی دەکرد و شەرمەکەم قورستر دەبوو"

ترس و شەرم پێکهاتەی سەرەکی ئەم کارەکتەرەن، بەڵام کاتێک جورئەت و بوێریی گێڕانەوەی (ئامانج)مان بۆ دەردەکەوێت وەکو حەکایەتبێژ، ئەو کاتە دەزانین چ ترسێکی ئەستوور و شەرمێکی ناخکوژی شکاندووە. ڕۆماننووسی بە ڕەگەز هیندی "سەلمان ڕوشدی" بە چڕی کاری لەسەر ئەم ترس و شەرمەی کارەکتەری هیندی کردووە بە تایبەتی لە ڕۆمانی "شەرم"دا. زۆر جاریش ڕایگەیاندووە، کە ترس و شەرم کۆمەڵگای هیندییان کوشتووە. کارەکتەرەکانی (کاروان) لەم ڕۆمانەدا، بە شێوازێکی ئیستێتیکانەوە هەمان ئەو کارە ئەنجام دەدەن سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردەواری. دیارە ئەم بینینە لای "شێرزاد حەسەن"یش بە زەقی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام بە جیاوازی پێکهاتەی کارەکتەرەکان لە ڕووی شێوازی

رووبەڕووبوونەوەکەدا. بە هەرحاڵ، ئەو ترس و شەرمەی ناخی (ئامانج)، کە هۆکاری ڕاستەقینەی تێکشکانی کارەکتەرەکەیەتی پاشخانێکی قووڵی لە دروستکردنی کەسایەتی ئەودا هەیە. ئەو خەونە ترسناکەی، کە "هەتاو" لە کەناڵی سێیەمدا بۆ (ئامانج)ی دەگێڕێتەوە کاتێ دەڵێت "چەند پیاوێکی دەمامکدراو لە شەوێکی ئەموستەچاودا بە سواری فیلی زل زل کۆمەڵێک ژنیان پێ بووە... تاد" هەروەها بینینی تارمایی باوکی هەر دوای گێڕانەوەی خەونەکەی "هەتاو"، بەدەر لە هەر ئاماژەیەکی تر، لەگەڵ ترسەکەی (ئامانج)دا هاوتەریبن. لێکترازانی خێزانەکەی (ئامانج) خۆی لە خۆیدا خاڵێکی نەخوازراوە سەبارەت بە کەسایەتی ئەو، بۆیە لە کاتی گێڕانەوەدا حاڵەتە سایکۆلۆژییەکان و ورێنەکانی ئەو کاتێ خۆیشی بە وردی تێکەڵ بە گێڕانەوەکە دەکات وەک ئەوەی لە گێڕانەوەی خەونە ترسئامێزەکەی پێش ڕووداوەکەی گۆڕستان، کە (جاویدی شێخ موعتەسەم)ی تێدا کوژرا، پێشانی دەدات، ئەگەرچی گێڕانەوەی وردەکارییەکان بەم شێوەیە ئەوپەڕی جورئەت دەردەخات:

"ئەوسا هەستت کرد دەنگت گۆڕاوە و وەکو هیی مەیموونەکانی لێ هاتووە...، یان تۆ بڵێ مەیموونێک چووەتە ناختەوە و لە جیاتی تۆ دەدوێت... لەمەوە زیاتر تۆقییت... نەتدەویست یەک وشەی دیکە بڵێیت... لە دوورەوە پەنجەرەیەکی ڕووناکت بینی و هەر بەم ترسەوە بەرەو ئەوێ چوویت... لە ژوورەوە دایکت لەگەڵ پیاوێکدا بە ڕووتی ڕایاندەبوارد ..."

سەبارەت بە هەموو ئەمانەوەیە، کە (ئامانج) پێشتر لە حەقیقەتی ڕووداوەکانی دەوروبەری و لە هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆی بەرانبەریان هیچی نەزانیوە. ئەگەر زانیبێتیشی ترس و شەرمەکە بە ڕادەیەک گەورە بوونە، کە نەیانهێشتووە دەریانبڕێت. ئەم حەقیقەتەیش لە ئاماژەکردنەکانی بە "نازانم"، "نەمدەزانی"، "وا بزانم"دا دەردەکەوێت. لە ڕووی تەکنیکیشەوە، دەشێت ئەم "نازانم"انە پانتاییەک بە خوێنەر بدەن بۆ بیرکردنەوە و ڕاستگۆیی حەکایەتبێژ باشتر بخەنە بەرچاو، بۆیە "فڕێدانی" چەکەکە نابێتە ڕەتکردنەوەی ڕوحی شۆڕشگێڕی، بەڵکو سەرەتایەکە بۆ شۆڕشگێڕی لە ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دێوەزمەکانی ناخی خۆیدا. بە مانایەکی دیکە (ئامانج)ی کوڕی (ست ڕووناک)ی ناسک و (ماجید هەمزە قەڵاتێ)ی ئەفسەری گەورە و شەڕانی، لەوە تێدەگات، کە ئەوەی پێویستە شەڕی لەگەڵدا بکات ناخی خۆیەتی، نەوەک هێزە دەرەکییەکان. ئەمەیش هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ڕووبەرێکی فراوانتر و بیرۆکەیەکی قووڵتر بۆ شۆڕشگێڕی، بۆ بینینی ئەو جوانییانەی، کە شاراوەن، یان لێیان شاردۆتەوە و دواجار دەبن بە ڕەتکردنەوەی ئەو تێکشکاندنەی، کە ئاماژەم پێی دا، لە دەروونی خۆیدا.

لە سەرێکی ترەوە، حەکایەتبێژەکان هەر لە سەرەتاوە لە ڕێگای بەکارهێنانی هەندێک وشە و دەستەواژەی ئاماژەهەڵگر و چیرۆکەکانی ناو دنیا دروستکراوەکانیانەوە، دۆخی دەوروبەر وەکو دۆخێکی چەقبەستوو و نەگۆڕ دەخەنە بەرچاو. دیارە مەبەستی نووسەر لەمەدا ئەوەیە، کە لە لایەک دیوی دەرەوە و ناخی حەکایەتبێژەکان هاوتا بکات و لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو دۆخە چەقبەستووە، کە حەکایەتبێژ بە هەندێ وێنەی ئاماژەهەڵگر پێشانی دەدات، وەکو وێنەی "کورتەک و شەرواڵە چڵکنەکە" لە کەناڵی یەکەم، هەروەها ئاماژەکردن بە کراسەکەی (ئامانج)، کە "بە بزمارێکی قەد دیوارە پەڕپووتەکەوە(ی) هەڵدەواسی" و تەنانەت گوندەکەیش، کە دەڵێت:

"سەیرێکی ناو گوندەکەم کرد، کەسی دیکەم بەرچاو نەکەوت... تەنانەت باڵندەیەک، پشیلەیەک، سەگێکم نەدەبینی... نە دەنگ و نە ڕەنگی هیچ زیندەوەرێک... بە کورتی هەموو شتێک سەیر و ترسناک دەهاتە بەرچاوم"

لەگەڵ چەندین وێنەی تریش، کە ڕەنگدانەوەی دۆخێکی ترسئامێزن و لەگەڵ تێکشکانی ناخی (ئامانج)دا هاوتەریبن. هەتا (ئامانج) زیاتر لە هۆکارەکانی ئەم تێکشکان و دەستەمۆبوونە قووڵ ببێتەوە، تەکنیکی جوانتر لە گێڕانەوەکەدا بەرجەستە دەبێت، بۆ نموونە، لە کەناڵی سێیەم (ئامانج) بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی بۆ خۆی دەگێڕێتەوە:

"شەوانی منداڵی کاتێک بە تەنیا لەسەر تەختی نووستنەکەت پاڵ دەکەوتیت، خەیاڵی ترسناکت دەکرد... کەسانی سەیر سەیر، کە شێوەی خورافییان هەبوو، خۆیان و گیانەوەرە زەبەلاحەکانیان لە شوێنێکی وەکو ئەم حەمامەوە دەهاتن، چەندین گۆڕستان و کەلاوەیان دەبڕی

و دەگەیشتنە ناو باخ، حەوشە و ژوورەکانتان... هەستت دەکرد کۆمەڵێک لەو پیاوە دەمامکدراوانە وا لەمدیو لەسەر دایکت پاڵ کەوتوون ..."

هەر لە هەمان کەناڵ ئەمە دەگێڕێتەوە:

"بەهاری حەفتاوچوار بۆ یەکەم جار ئەو شەقاوەیەت لەو دەشتەی سەر ڕێگای قوتابخانە بینی... دوو قاچی دواوەی پشیلەیەکی زیندووی بە زنجیری ئەستوور بە قەنارەیەکەوە شۆڕ کردووەوە، کە ئاگری کۆتەرەدارەکانی ژێری پەیتا پەیتا دەیبرژاند... "

(ئامانج)ی حەکایەتبێژ لە دنیا دروستکراوەکەیدا لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا، چەندین چیرۆک و شتی سەیر و سامناکی ترمان بۆ دەگێڕێتەوە دەربارەری شەڕەسەگی قەراغ شار و شەڕەگوللە و قرتاندنی کلکی مارمیلکە و ترس و نیگەرانی سەبارەت بە هەر کارەساتێکی چاوەڕوانکراو و دووفاقیی دایکی و...... تاد. چیرۆکەکان بە ڕادەیەک مەترسیدارن، کە خۆیشی سەری لێ شێواوە و گومان لە ڕاستێتیی هەندێکیان دەکات وەک چیرۆکی ئەو پیاوەی، کە لەبەر دڵپیسی هاوسەری جێ دەهێڵێت، بۆیە بە خۆی دەڵێت: "ڕەنگە هەر خۆت ئەو چیرۆکەت هەڵبەستبێت بەوەی تۆ هەمیشە سەرچاوەیەک بوویت بۆ بیرۆکەی سەیروسەمەرە". مانەوەی ئەو هەموو دیمەن و چیرۆکە ترسناکانە لە هزر و یادەوەریی (ئامانج)دا خۆی لە خۆیدا تێکشکانی ناخیەتی تا ئەو چرکەساتەی ددان بە ترسنۆکی و دەستەپاچەیی خۆیدا دەنێت. ئەم ددانپێدانانە خاڵی وەرچەرخانە لە بیرۆکەی گشتیی ڕۆمانەکەدا، چونکە بەم ددانپێدانانەیە، کە (ئامانج) دوور لە خواستی خۆی دەبێتە یەکەم کەسی یاخی دوای هەرەس، لە کاتێکدا تەمەنی تەنیا سێزدە ساڵە!

یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکان سەبارەت بە کارەکتەر پێشکەشکردنیەتی بۆ جاری یەکەم. کارەکتەری (ئاواز)، کە یەکێکە لە کارەکتەرە مشتومڕئامێزەکان، حەکایەتبێژ لە ڕێگای بینینی کچێکی لادێییەوە پێشکەشی دەکات کاتێ دیمەنی یەکێک لە کچە لادێییەکان وێنەیەکی دیکە لە نەستی حەکایەتبێژەکە، واتە (ئامانج)، دێنێتە پێشەوە. دیارە بە یەکبەستنەوەی ئەم دیمەنە لەگەڵ وێنەی (ئاواز)، بەپێی لۆژیکی سایکۆلۆژیا، لە ڕێگای بوونی خەسڵەتێکی هاوبەشەوە لە نێوان هەر دووکیاندا دێت، کە دواجار لە تەکنیکێکی وردی گێڕانەوەدا بەرجەستە دەبێت و تێیدا حەکایەتبێژ بۆ زەمەنێکی زۆر پێشتر دەگەڕێتەوە:

"ئەمە زیاتر دەیخستمە سەر ئەو باوەڕەی من پێشتر دیمەنێکی ئاوام لە خەون، یان لە ڕاستیدا بینیوە... دەتوانم بڵێم هەر ئەمەش بوو وای لێ کردم، کە بۆ ساتێک یەکێک لە کچەکانم لێ ببێتە (ئاواز)... "

خەسڵەتە هاوبەشەکە ئەو ڕەهەندە مێینەیەیە، کە لە خودی ناوی (ئاواز)دا هەیە. ئەم ناوە لە زمانی کوردیدا زیاتر بۆ کچە، بۆیە حەکایەتبێژ بە کچە لادێییەکەی دەبەستێتەوە وەکو ڕەگەزێکی مێینە. لە کاتێکدا (ئاواز) لە ڕۆمانەکەدا مرۆڤێکی نێرە. خوێنەریش بۆ یەکەم جار سەری لێ دەشێوێت. کاروان لە ڕێگای ئەم ناوەوە کار لەسەر کارەکتەری ژن دەکات، وەکو کارەکتەرێکی ئەکتیڤ، کە لە شۆڕشێکی بە ناوەرۆک ڕەوای گەلەکەیدا چەکی هەڵگرتووە. بۆ ئەوەی ئەم کارکردنەی لەسەر ڕەگەزی مێینە هێندەی دیکە کارا بکات، هەرچی خەسڵەتی مێینە هەیە دەیخاتە پاڵ (ئاواز) ی پیاو:

"بیرم کەوتەوە چۆن لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی ناومان نابوو "سامیە جەمال"، چونکە لەسەر شێوازی ئەو هونەرمەندە ناسراوە سەمای دەکرد... "

هەروەها نووسەر لە ڕێگای ناوهێنانی تراکتۆرێکەوە، کە پێشمەرگەکانی بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک دەگوازتەوە، بۆ یەکەم جار دەمانباتە ناو دنیا تراژیدییەکەی "دادە دلارام" لەبەر ئەوەی "تریفە"ی کچی بە هۆی کەوتنە خوارەوە لە تراکتۆرێکەوە ، لۆرییەکەی دواوە دەیپلیشێنێتەوە.

بە هەرحاڵ، گێڕانەوە هونەرییە فەنتازی ئامێزەکانی هەموو حەکایەتبێژەکان، گەڕانەوەیە بۆ واقیعی ناو کۆمەڵگا بە هەموو دیوە نەگەتیڤ و جوانەکانییەوە لە بەرانبەر واقیعی چرکەساتی گێڕانەوەکان بە جیاوازیی زەمەنەکانەوە. کێشەکان لە هەر دوو حاڵەتدا لە زۆر ڕووەوە هاوتەریبن. ئەوەتا (ئامانج)، خۆیشی دڵنیا نییە، کە ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ناو شار ئاخۆ"(دەتوانێ) هەروەکو جاران بە تەنەکەی ژەنگاوی کووخێک لە قەراغی شار پێکەوە(بنێت) ئەوەندەی (ژیانی) ماوە، لەناویدا (بیگوزەرێنێ)"، چونکە خۆی بەرهەمی ئەو

واقیعەی ئەوێیە، کە هیچی لە واقیعی دیمەنە سیزیف ئامێزەکە کەمتر نییە:

"من لەو شەوەوە زیاتر شتەکانم لێ دەبووە مەتەڵ... تێنەدەگەیشتم ئاخۆ من چەکدارم، یان دەبێ بەردی گەورە گەورە بخەمە سەر شانم و بیانگوێزمەوە، بەبێ ئەوەی بزانم چ مەبەستێکیشم لەم کارەدا هەیە... " لەگەڵ ئەوەیشدا، "سەرۆ مەنجەنیق" دەیەوێت ئاراستەیەکی دیکە بۆ بەرد دابهێنێت، جیا لەو ئاراستە سیزیف ئامێزەی، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا. بەرد لای "سەرۆ مەنجەنیق" دەبێتە سەرچاوەی "دەیان ئاوازی گۆرانیی کۆن و نوێ، هی خەمناک و هی هەڵپەڕکێ... بەردەوام ناو کۆڵەپشتەکەی پڕی بوو لە بەرد... مەنجەڵ و قاپ و کووپیشی لە بەرد داتاشی بوو". ئەمە لە ڕووی هونەریی ڕۆمانەکەوە، ڕێک هاوتەریبە لەگەڵ ئاراستە جیاجیاکانی کارەکتەرەکان، کە ڕۆمانەکە بەردەوام لە ڕێگای هەڵسوکەوت و چالاکییە هزرییەکانی حەکایەتبێژەکانەوە قووڵیان دەکاتەوە. بەرد لای "سەرۆ" نابێتە ئەو ئامرازە بێزارهێنە وەک لەلای سیزیف هەیە. ڕاستییەکەی ئەمە تەوزیفکردنی ئەفسانەی "سیزیف"ە بە دیوێکی پێچەوانەوە. نووسەر دوو واقیع بۆ بەرد دێنێتە پێشەوە، کە پێچەوانەی یەکترن، هەروەها لەم وێنانە و دواتر لە تەواوی ڕۆمانەکەدا کار لەسەر ئاراستە دژەکان دەکات، تەنانەت لە کارەکتەرەکان و شوێن و زەمەنە جیاجیاکانیش ئەم ئاراستە دژبەیەکانە ئامادەبوونیان هەر هەیە. بۆ نموونە (ئامانج) بە ئاراستەیەک کار دەکات ڕێک پێچەوانەی باوکیەتی و هەڵسوکەوتی (شێرزاد ناجی) وەکو دواتر دەیبینین زۆر لە هیی (ئازادی هەمین مامان) جیاوازە. بە هەرحاڵ، جارێک با لە باسەکەی (ئامانج) لا نەدەین. ڕاستییەکەی، کاتێ (ئامانج) بە قووڵی دەچێتە ناو ڕووداوەکانی ڕابردوو و لەوێشەوە تایبەتمەندێتییەکانی کارەکتەرەکان پێشان دەدات، بۆ ئەوەیە تا هۆکاری ڕاستەقینە بۆ بڕیارەکەی خۆی پێشان بدات. ئەو بڕیارەی، کە بیرێکی قووڵ و فەلسەفەیەکی قووڵتری لە پشتەوەیە. (ئامانج) لە شاخەوە ڕووی قسەکانی لە شار و لەو کۆمەڵگایە و لە دێوەزمەکانی ناخی خۆی دەکات و بڕیارەکەی دەدات. هەموو ئەو کارەکتەرە لاوازانە ڕەت دەکاتەوە، کە دواتر خوێنەر ئاشنایان دەبێت. ئەم بڕیارەی (ئامانج) شکاندنی ئەو شەرم و ترسەیە، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دان، لانی کەم بۆ خۆی.

لە سەرێکی ترەوە، پێشکەشکردنی هەر کارەکتەرێک بۆ یەکەم جار، کۆمەڵێک پرسیار دەربارەی دەورووژێنێت و خوێنەریش هەر لە شێوازی پێشکەشکردنەوەوە جۆرێک لە هاوسۆزی، یان هەڵوێستێکی نەگەتیڤانە لە بەرانبەریدا پێشان دەدات وەک ئەوەی لە کارەکتەری باوکی ئامانج و (فەرەیدوون)ی براکەیدا دەردەکەوێت. "باوکی ئامانج" هەر لە سەرەتاوە وەکو کارەکتەرێکی توندوتیژ دەردەکەوێت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان "برا بچووکەکەی خۆی بە گوللە ڕاو نا"وە و بەر لەمەیش، ئەوکاتەی، کە (ئامانج) تەمەنی تەنیا پێنج ساڵ بوو، ئەم "پەروین'ی خوشکی و تاقە کوڕەکەی (خەجاوی کوببەفرۆش)ی لە نیوەشەوێکی پاییزی شەستوهەشتدا لە بەردەرگا لە خوێندا گەوزاندبوو". ئەمە بەشێکە لە سەرچاوەی ترس و نیگەرانییەکانی (ئامانج)، بەڵام ڕێک بە پێچەوانەی باوکی (ئامانج)، خوێنەر لەگەڵ کارەکتەری (فەرەیدوون) هاوسۆز دەبێت، چونکە هەردەم ژیانی لە مەترسیدابووە. ئەم مەترسییە لەگەڵ نیگەرانییەکانی ئێستای (ئامانج)دا هاوتەریبە. بە هەرحاڵ، ئەگەر هەڵوێستی خوێنەر نەگەتیڤ بێت بەرانبەر بە هەر کارەکتەرێک، دواجار، وروژاندنی گومانێکی گەورەیە بەرانبەر بە کۆمەڵگا، نەک بەرانبەر بە خودی کارەکتەرەکە وەکو تاک، چونکە ئەوە کۆمەڵگایە، کە هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانی هێناوەتە بەرهەم.

هەموو ئەو کارەکتەرانەی، کە ئەم ڕۆمانە لە خۆیانی دەگرێت، کارەکتەری ڕاستەقینەن نەک بەو مانایەی خوێنەر لە دنیای واقیعدا دەیانناسێتەوە و ئاماژەیان بۆ دەکات، بەڵکو بەو مانایەی دەدان بە بوونی ئەم جۆرە کارەکتەرانەدا دەنێت. ڕاستە نووسەر خۆی دروستی کردوون، ئاگاداری هەڵسوکەوت و شێوازی بیرکردنەوەیانە، دەزانێ چییان بەسەر دێت و چییان بەسەر نایەت، چی دەکەن و چی ناکەن. ئەوەیش ڕاستە، کە فڵان کارەکتەر جۆرێک لە هاوسۆزی دەورووژێنێت، وەکو لە کارەکتەری (ئامانج) و (سۆزان) و (فەرەیدوون)دا دەبینین، بەڵام (کاروان) وەکو ڕۆماننووس بێ لایەنیی خۆی لە ئاست هەموو ئەمانەدا دەپارێزێت و ئەگەر هاوسۆزیش بێت لەگەڵ یەکێک، یان

دژی یەکـێکیـان بێت، هەوڵ دەدات ئەم هاوسـۆزییـە بە هیـچ شـێـوەیەک لە ڕۆمـانەکـەدا زەق نەکـاتەوە. لەگـەڵ ئەوەیشـدا، وەکـو دواتر باسی لێـوە دەکـەین، دەشـێت خـوێنەر لە بەدواچووندا بۆ وردەکـارییـەکـانی هونەری گێڕانەوە لە ڕۆمانەکەدا، جۆرێک لە هاوسۆزیی نووسەر بدۆزێتـەوە، کـە بە شـێـوەیەکی هونەری لە ڕۆمـانەکـەدا بەرجەستەیە.

* * *

پرۆسـەی داهێنان لە ئەدەبی ڕۆمـانـدا چەندین دیوی هەیە، ڕۆمـاننووس دەتوانێت لە بچووکتـرین وردەکـاریدا جــۆرێک لە داهێنان ئەنجــام بدات. یەکـــێک لەو وردەکـاریانە لەوەدایە، کە وێنەی ناو مـێـشکی نووسـەر بتـوانێت وێنەیەکی جیـاواز دروست بکات. ئەمـەیش، دواجار، مانای گواستنەوەی پرۆسەکەیە لە گۆشەنیگای نووسـەرەکەوە بۆ کـارەکتـەرێکی بە ئاگـاو هۆشیـار. ئەم حـاڵەتە لە زۆربەی ڕۆمـانەکـانی (کـاروان)دا بەرچاو دەکـەوێت، بەو مـەبەسـتـەی زمـان و کـارەکـتـەر، هەروەها هەلومـەرجی ڕووداوەکـەیش سـەربەسـتـییـان پێ بدرێت. (ئامـانج) و (ئازادی هەمین مـامـان) و سـۆزان"، وەکـو حەکایەتبێژ سەربەستییەکی تەواویان هەیە لە گێڕانەوە، نەک هەر لەبەر ئەوەی هیچ کەسێکیان لە بەرانبەردا نییە تا خەسـڵەتێکی تەمومژاوی ببـەخشنە گێڕانەوەکـەیان، بەڵـکو لەبەر ئـەوەی نـووســــەر دەست نـاخـــــاتـە نـاو کـاروباریانەوە. لەگـەڵ ئەوەیشـدا، کـاتێ مـرۆڤ لە مەسەلەی گێڕانەوە قـووڵ دەبێتەوە، هاوسۆزی بوون، یان هاوسۆزی نەبوون دەبێـتە مەسـەلەیەکی مشـتـومڕئامێز و هیی ئەوەیە خوێنەر لەسەری بوەستێت، چونکە نووسەر، وەکو حەکایەتبێژ، تەنیا لە شێوازی گێڕانەوەکەی خۆیدا، نەک لە ناوەرۆکــەکــەیدا، دەست دەخـاتە کـاروباری حەکـایەتبـێـژەکانەوە، بۆیە خـوێنەر جـاروبار لە مـیـانی ڕستـەکاندا هەست بە ئامـادەبوونی نووسەر دەکـات وەکو حەکـایەتبـێـژ، ئەمـەیش مـەسـەلەیەکە دواتر باسی لێـوە دەکـەین. (ئامانج) لە کەناڵی یەکەمدا ڕوو لە کۆمەڵگا، یان دێوەزمەکانی ناخی خۆی دەکات، بۆیە جێناوی کەسی دووەم، واتە قسەبۆکەر، جێناوی کۆیە. دواتر ئەم جێناوە نامـێنێت و گـێـڕانەوەکـە ڕەوتێکی ئاسـایی نێـوان حەکایەتبێژ و خوێنەر وەردەگرێت. دوای نزیکەی بیست لاپەڕە، حەکـایەتبـێـژ دوو کـەسایەتیی تێدا بەرجـەسـتـە دەبێت: قسـەکـەر و قسـەبۆکـەر. قسـەبۆکـەریش هەر خۆیەتی، واتە حەکایەتبێژ قسەکان بۆ خۆی دەگێڕێتەوە:

"زۆر جار بە خۆمم گوتووە خۆزگە بە قسەی "شۆڕش"ت دەکرد و (...) هەرگـیـز ئەوەت بیـر ناچێـتـەوە، کـە تازە هاتبوو، جلەکانی دایکتی لەبەر دەکرد... "

ئەم حـاڵەتە تا کـۆتایی کـەناڵی یەکـەم و لە کـەناڵی سێیەمیشدا، کە حەکایەتبێژ هەر (ئامانج)ـە، بەردەوام دەبێت. جـێگەی ئامـاژەپێدانە، کە هەریەک لە (ئازادی هەمین مـامـان) و (سـۆزانی مـام ئەنوەر باخـەوان) وەکـو حەکایەتبێژ شتەکان بۆ خۆیان دەگێڕنەوە. (ئازادی هەمین مـامـان)ی چیـرۆکنووس، وەکـو حـەکـایەتبـێـژی کـەناڵی دووەم، سـەرەتا بە شـێـوەی "دیدگـای دەرەوە" واتە وەکـو کـەسـێکی دەرەوەی ڕۆمـانەکـە قسـە دەکـات، ئینجـا قسـەکـانی ئاراسـتـەی "ع. نەزەری" ناوێک دەکـات، کـە خـوێنەر بۆ یەکـەم جـار پێی ئاشنا دەبێت. دوای ئەمـە حەکایەتبێـژ شـتـەکـان بۆ خـۆی دەگـێـڕێتـەوە، ڕێک وەک ئەوەی لە کەناڵی یەکەم لەگەڵ (ئامانج) ڕووی دا:

کـــاتێک دەڵـێم تۆ بە منداڵـی بەو تەکنیـکانە ئاشنا دەبیت، ئەوە ڕێک مەبەستم ئەو شەوانەیە، کە لێفەکەت لە نووکی پەنجـەکـانی پێـتـەوە هەتا تەوقی سـەرتی داپۆشیـوە... خۆت گرمۆڵە کردووە و بە ئەنقەست بیر لە ڕووداوی ترسناک دەکەیتەوە... "

یەکێک لە خەسـڵەتەکانی ئەم کارەکتـەرە سووربوونە لەسـەر ئەوەی ناوی دایکی خۆی (هەمین مـامـان) بکاتە پاشگری نـاوی خـۆی سـەرەڕای ئەوەی، کــە "ڕەشــاد کارەباچی"ی باوکی کارەبای بۆ هەموو شار ڕاکێشا بەر لەوەی هەر بە کـارەبا بمرێت. دیارە ئەمـەیش بایەخدانە بە پێگەی ژن لە لایەکــەوە و لە لایەکی دیکەیش (ئازاد) هەر لە ڕێگای پیشـەکەی دایکییەوە، واتە مامانییەوە، لەپاڵ ئەوەی، کە کـارگـوزاریش بووە لە قـوتابخـانەکـەی دایکی (ئامانج) دەچێتە ناو ڕووداوەکانەوە. ئەمە یەکەم ئەڵقـەی بە یەکبـەسـتنەوەی کەناڵی یەکەم و دووەمـە – هەڵبــەت ڕووداوەکــانی کــەناڵی دووەم بەر لە کــەناڵی یەکەمە – کە دواجار بەیەکبەستنەوەی دوو قۆناغی جیایە و دەبێـتـە بنەمـا بۆ تەکنیکی ڕۆمـانەکە وەک لەسـەرەوە ئاماژەمان پێ دا.

خـوێنەر هەست دەکـات، کە نووسـەر تەنیـا تۆمارکـەری ڕووداوەکـانە، نەک نـووسەری چیـرۆکـەکە. هەڵبـەت هەر

سەبارەت بەم تەکنیکەیە، کە خوێنەر هەست دەکات کارەکتەرەکان وەکو وێنەیەکی هزری چنراون و بەرە بەرە پێش دەکەون بێ ئەوەی نووسەر تەنگەتاویان بکات. واتە بنیادی کارەکتەر، وەکو دێتە بەرچاو، لە دەرەوەی کۆنترۆڵی نووسەر بەڕێوە دەچێت. دەشێت خوێنەر هەست بەوە بکات، کە کارەکتەرەکە دەیەوێت ببێت بە وێنەیەکی دەقاودەقی نووسەر خۆی سەبارەت بەوەی نووسەر خۆی دەئاخنێتە گێڕانەوەکە، بەڵام دیارە ڕۆماننووس هەست بەم شتە دەکات، بۆیە زوو بەرزەفتی دەکات. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئێشو ئازاری کارەکتەرەکان دەبینێت و وەکو ئەوان هەستیان پێ دەکات. ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک خۆی قوت بکاتەوە: ئایا نووسەر هەر لە سەرەتاوە دەزانێت کۆتایی کارەکتەرەکانی بە چی دەگەن؟ هەڵبەت ئەزموونی ڕۆماننووسانی دنیا ئەوە دەسەلمێنێت، کە نووسەر دەشێت وێنای چوارچێوەکەی بکات، بەڵام لە سەرەتاوە بە وردەکارییەکانی ئەم کۆتاییە نازانێت. ئەم حاڵەتەیش لە داڕشتنی کارەکتەرەکان و پێوەندییان بە ڕووداوەکانەوە ڕەنگ دەداتەوە.

دیارە داڕشتن و پێشخستنی کارەکتەر دیوێکی گرنگە لە ڕۆمانەکانی (کاروان)دا. لەوەیش گرنگتر ئەکتیڤکردنی کارەکتەرەکەیە. کارەکتەری ئەکتیڤ، لەلای کاروان هەر ئەوە نییە بزاوت و جووڵەی جەستەیی زۆر بێت، بەڵکو پرۆسێسی بیرکردنەوە و ڕامان و ڕێکخستنی ڕووداوەکان لە هزری کارەکتەر ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ئەم ئەکتیڤبوونەیە وەکو لە کارەکتەری (ئامانج) و (ئازادی هەمین مامان) و (سۆزان)دا بە ڕوونی دەردەکەوێت. لە لایەکی تر، مەرج نییە تەنیا کارەکتەرەکە ڕاستەوخۆ سەرچاوەی ئەکتیڤبوون بێت، بەڵکو دەشێت ئەم ئەکتیڤبوونە، ئینجا جەستەیی بێت، یان هزری، لە شتە بێ گیانەکان، لە گواستنەوەی زەمەنەکان، لە گۆڕینی شوێنەکانیش بەرجەستە بکرێت. بۆ نموونە، دەشێت هەڵکەوتەی پەڵەهەورێک، سێبەری پەردەیەک، وێنەی سەر دیوارێک، یان سەندووقێک، یان شێوەی بەردێک، ببێتە سەرچاوەی جووڵەیەکی ئەوتۆ لە پانتایی ڕۆمانەکە، کە دواجار خوێنەریش بە بەردەوامی ئەم سەرو ئەو سەر پێ بکات. هەڵبەت ئەم جووڵەیە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت لە گواستنەوەی ئازادانەی زەمەن. ئامادەبوونی زەمەن بەدەر بێت ئامادەبوونێکی زۆر ئاڵۆز و فرەشێوە و فرە ئاراستەیە، چونکە نووسەر ڕۆمانەکەی لەسەر ڕەگەزی زەمەن و سروشتی ئەو زەمەنە و کاریگەریەتی بەسەر ڕووداوەکان و دروستکردنی کارەکتەر بنیاد دەنێت. دیارە مرۆڤ دەبێت زەمەن لە چوارچێوەی ڕۆمانەکە جیا بکاتەوە، لە زەمەن لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەدا، چونکە چوارچێوەی زەمەنی ڕۆمانەکە، فراوان بێت، یان نا، بۆ نووسەر گرنگ نییە بەقەد ئەوەی لەناو ئەم چوارچێوەیەدا چۆن گەمە بە زەمەنەکان دەکات. بۆ نموونە، ئێمە لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهانیدا، ڕۆمانمان هەیە، کە ڕووداوەکانی لە چوارچێوەی زەمەنێکی زۆر کورتدایە. ئەوەتا ڕۆمانی "خاتوو داڵاوی"، کە "ڤەرجینیا وۆڵف" نووسیویەتی هەموو ڕووداوەکانی تەنیا یەک ڕۆژ دەخایەنێت، سەرەتا لە بەیانییەکە "خاتوو داڵاوی" خۆی بۆ ئاهەنگەکە ئامادە دەکات. لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئاهەنگەکە بەڕێوە دەچێت، بەڵام لەم ماوەیەدا گشت نهێنییەکانی"خاتوو داڵاوی" بە هۆی ئەو پێوەندییانەی بە خەڵکی ترەوە دەیکات، یان لە ڕێگای یادگارییەکانەوە ئاشکرا دەبن، بۆیە بەرزیی ڕۆمانەکە لە تەکنیکەکەدایە، لە مامەڵەکردنی ڕۆماننووسەکەدایە لەگەڵ زەمەنەکەدا. نووسەر دەتوانێت پانتایی ئەو زەمەنە بۆ ساڵێک، دوو ساڵ، یان بیست ساڵ و زیاتریش درێژ بکاتەوە. کاتێک نووسەری "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" پەنا بۆ یادەوەریی (ئامانج)، یان (ئازادی هەمین مامان)، یان (سۆزانی مام ئەنوەر باخەوان) دەبات و بیرەوەرییەکانیان دەربارەی خەڵک و شوێن و ڕووداو و پێوەندییەکان زیندوو دەکاتەوە، پرۆسەکە لە چوارچێوەی هۆشیاریی "ئێستا"دا بەڕێوە دەبات. دیارە ئەمە نەک هەر خوێندنەوەی ئێستایە بۆ زەمەنە بەسەرچووەکان بە هەموو ئەو ڕووداوانەی، کە کارەکتەر لە هەناوی خۆیدا هەڵی گرتوون، بەڵکو دەبێت بە بنچینە بۆ خوێندنەوەیەکی تۆکمە بۆ داهاتووش. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم (ترس لە زەمەن) و (پرسیار لە زەمەن) لە هەموو بەرهەمەکانی (کاروان)دا بە شێوەی جیاواز جیاواز دووبارە دەبنەوە. لەم ڕۆمانەیشدا ئەو پرسیار و ترسە زەقتر دەبنەوە. بۆ نموونە (نیهال فیکری)، ئەو نووسەرە میسرییەی دوای نووسینی ڕۆمانێک لە وڵاتەکەی ڕاو دەنرێت و (سۆزان) لە کەمپی دانمارک دەیناسێت، لەبارەی زەمەنەوە هەمان ترسی هەیە، کە (سۆزان) و کارەکتەرەکانی دیکەیش

هەیانە:

[بۆ ئەوەی مـەرگ لە پەلوپۆت نەخـات، پێـویسـتـە کەسێکی دیکە لەسەر شێوازی خۆت بخولْقێنیت، بگرە دەبێت ئەو کـەسـە هەر کـتـومت خـۆت بیت، کـە لە داهاتووەوە دەگـەڕێتـەوە و بەرەو ڕووت دێت، بێ ئەوەی بهـێـڵـیت پێت بگات، چونکە هەر کـاتێ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە ڕوو دەدات، ئەوە تۆ شـتـێکت نامێنێت خەونی پێوە ببینیت... لە کاتێکدا (سۆزان) بیـر لەو پرۆسـێـسـە دەکـاتەوە، ئەو خـۆی هەندێک گۆڕانکاری بە سـەر گوتەکـەیدا دەهێنێت، بەوەی دەڵێت نەخێر، شتێک نییە بە ناوی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو، ئەوەی هەیە (بیرچوونەوە) و (بیـرهاتنەوە)ن، کـە ئەگـەر یەکەمیان دەیەوێت هەموو ساتەکانی تەمەنمان بە جوان و ناشیرینییەوە بسڕێتەوە و خۆی جێگایان بگرێتەوە، ئەوە دووەمـیـان بەردەوام گـوێچکەمـان بە هاواری خـۆی پڕ دەکات: (بۆ کوێ دەچیت...؟! هەرگیـز شتێکی دیکەت دەست ناکەوێت لەوانەی پێشووت بچێت و هەمان نرخی ئەوانی هەبێت، کـە بە سـەر چوونە و پێـیـان ناگەیتەوە...!!)... ئەوسا (سۆزان) بە دەست خۆی نییە (کوێنتین)ی کارەکتەری ڕۆمـانی (ژاوەژاو و توندوتیژی The Sound and the Fury)ی (ولیام فۆکنەر)ی بیر دێتەوە، ئەو کاتەی باوکی کاتژمێرەکەی پێ دەبەخشێت، کـە ئەویش خـۆی لە باوکـیـیـەوە بۆی مـاوەتەوە و پێی دەڵێت:

(I give it to you not that you may re-member time, but that you might forget it now and then for a moment مـن بـۆ ئـەوە ناتدەمێ، تاکو زەمـەنت وەبیـر بێتـەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە جارناجار زەمەنت لە بیر بچێتەوە))... ئەو ڕۆمانەی لە کتێبخانەی شارەکە هێناوە و لەناو بێ دەنگی و ترسێکی گەورەدا خوێندوویەتییـەوە... گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی زەمـەن زەفـەر بە هەمـوو خـانەوادەیەک دەبات، بە چاوپۆشین لە پێکهـاتە و قـەبارەی ئەو خـانەوادەیە... دەبێت دواجار وەک خانەوادەکەی (کۆمپسۆن)، درەنگ، یان زوو بە شێوەیەکی تراژیدی هەڵبوەشێتەوە...}

ئەو نموونەیە بە تەنیا بەسە تاکو بزانین کارەکتەرەکان لە ئاستی زەمەندا هەست بە چ ترسێکی گەورە دەکەن. هەر بە ڕاسـتـیـش زەمـەن هەمـوو ئەو خـانەوادانە هەڵدەوەشـێنێتـەوە هەر لە خـانەوادەکـەی (ئامـانج)، (سـۆزان)، (ئازاد)ەوە تاکـو ئەوەی (ئەردەلان)ی خـاڵی (سـۆزان) و ئەوانی دیکەیش. هەر ئەو ترسـەیە وای کردووە ڕۆمـانەکە یەک کۆتایی نەبێت، بەڵکو لانی کەم ببـێـتـە خـاوەنی سێ کـۆتایی جیـاواز. واتە هەر سێ حیکایەتبێژەکە شوێنێک بۆ کۆتایی ڕۆمانەکە دادەنێن، ئەگەرچی ئەو شوێنەیش خاڵێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو شوێنکە لەناو (Meta-Time)دا.

کـاتێ "فکری کـۆپـتـەر" وەکـو (سـۆزان) لە کـەناڵی چوارەمدا دەیگێڕێتـەوە داوا لە (سـۆزان) دەکـات بچـێت قـژی دایکی ببـڕێت، چونکە دەیەوێت لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیریی خزمێکیان بەشدار ببێت، (سۆزان) بیر لە دووفـاقـیی ئەم کـوڕە دەکـاتەوە، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی هۆشـیـاریی چرکـەسـاتی گـێـڕانەوەکـەیە، کـە (سـۆزان) دەڵێت: "ڕەنگە ئەوسا بە خۆتت گوتبێت: «ئەو وێنەیەی مـرۆڤ لە مـاڵەوە هەیەتی، هەرگـیـز ئەوە نـیـیـە، کـە لە دەرەوە پێشانی خەڵکی دەدات».

دوور نیـیـە هەوڵدان بۆ دروسـتـکردنی کـارەکـتـەری ئەکـتیڤ بەو شـێـوەیەی، کە باسمـان لێوە کـرد، وای لە (کـاروان) کـردبێت کـەمـتـر بایەخ بە ڕەنگی چاو و قژ و جلوبەرگی کـارەکـتـەرەکـانی بدات، ئەگـەرچی ڕەنگە ئەم کارەیش بۆ باری سایکۆلۆژیی کارەکتەرەکان گرنگ بێت. بە واتایەکی دی، ئەو زیاتر بایەخ بە ڕەفتار و بەو هەستە دەدات، کـە دەریدەبڕن، هەروەها بە شـێـوازی ئاخـاوتن و ئەو ڕسـتـە و دەسـتـەواژانەی، بەکـاریان دێنن لەپاڵ کـارکـردنێکی چڕ لەسـەر نەسـتی کـارەکـتـەرەکـەدا، بۆیە خـوێنەر هەست دەکـات ڕۆمـاننووس، بە مـەبەسـتی دروسـتکردنی کـارەکـتـەرەکان بە شـێوەیەکی ورد، بۆ هەر کـارەکـتـەرێک ئەکـتـەرێکی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە، تا ڕۆڵی کـارەکـتـەرەکـانی بۆ ببینێت. ئەم ئەکتـەرانەی ناخی ئەو بەردەوام لە بیـرکـردنەوە و جـووڵەدان. لە حـاڵـەتی ئاوادا، نووسەر تا نەزانێت کارەکتەرەکان چۆن قسەکانیان تەواو کردووە، چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکدی کردووە لە زەمـەنە جیـاجیـاکـان و هەلومـەرجە جیـاوازەکـان، چیـرۆکەکە کۆتایی پێ نـایەت. ئەم شێوازە مـامەڵەکردنە لەگـەڵ چیـرۆکەکـە، بنیـادی ڕۆمـانەکـە دەکـاتە بنیـادێکی کـۆنکریتی. (کـاروان) وەکـو ڕیژیسـۆرێک وایە، کـە لە دەرهێنانی شـانۆگـەرییـەکـدا ئەوپەڕی وردەکـاری

بەکاردێنێت. لە کاتێکدا ڕیژیسۆر بە شێوەیەکی پراکتیکی مەشق بە ئەکتەرەکانی دەکات، بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە ڕۆڵی کارەکتەرەکان بگێڕن، بەڵام (کاروان) پرۆسەی مەشقکردنەکە زۆر بە وردی لە هزری خۆیدا بەڕێوە دەبات. جێگەی ئاماژەپێکردنە، کە ڕیژیسۆر زیاتر پشت بە جووڵەی جەستە، یان زمانی جەستە دەبەستێت، تەنانەت لە حاڵەتە دەروونییەکانیشدا، جگە لە حاڵەتەکانی خۆدواندنی کارەکتەر، کەچی ڕۆماننووس پێویستی بە کۆمەڵێک ڕستە و دەستەواژەی گونجاو، یان بە کورتی بڵێین زمان هەیە بۆ دەربڕینی ئەم حاڵەتانە. بۆ نموونە، کاتێک کارەکتەرێک لەژێر بارێکی دەروونیی تایبەتیدا هەواڵێکی ناخۆش دەبیسێت، کاریگەرێتی ئەم هەواڵە لەسەر تەختەی شانۆ لە ڕەنگوڕووی ئەو ئەکتەرەدا دەردەکەوێت، کە ڕۆڵی کارەکتەرەکە دەبینێت، بەڵام ڕۆماننووس پێویستە لە هەڵبژاردنی ئەو وشەو دەستەواژانەدا زۆر ورد بێت، کە بۆ دەربڕینی ئەم حاڵەتە بە کاریان دێنێت. لەم بارەوە (کاروان) ئەوپەڕی وردەکاری لە هەڵبژاردنی ڕستەکان، دەستەواژەکان، هەروەها هاوتەریبکردنیان لەگەڵ هەلومەرجەکانیاندا پێشان دەدات. لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی خاڵبەندی بەو شێوە چڕوپڕە، کە خەسڵەتێکی بەرچاوی گشت ڕۆمانەکانیەتی، دەیسەلمێنێت، کە ڕۆماننووس چەندە بەدوای هەڵسوکەوت و ئاخاوتنی ئەکتەرەکانی ناو دەروونی خۆیەتی. بە کورتی، مەسەلەکە لای (کاروان) هەر ئەوە نییە، کە لە ناوەوەی خۆی ورد ببێتەوە، بەڵکو بە پێی ئەو شارەزاییەی، کە دەربارەی خۆی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و ئەو دەوروبەرەی تێیدا ژیاوە، هەیەتی، لە ناوەوەی خەڵکی دیکەیش ورد دەبێتەوە. ئەمەیش بۆ هونەری ڕۆماننووسین خاڵێکی زۆر هەستیارە، چونکە لە لایەک کارکردنێکی هونەرییانەیە لەسەر بنیادی کارەکتەر و لە لایەکی دیکەیشەوە پانتاییەک بۆ هاوسۆزیبوون، یان هاوسۆزی نەبوون دەبەخشێتە خوێنەر.

دەشێت پێوەندیی هەر ڕۆماننووسێک بەو ئەکتەرەی، کە لە ناخی خۆیدا بۆ کارەکتەرەکە دروستی دەکات ببێتە مایەی کێشە بەو پێیەی، کە دواجار سەربەستیی کارەکتەرەکە سنووردار دەکات، چونکە پرۆسێسی دروستکردنی کارەکتەرەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی شوێن و کەسەکانی ناو دنیای واقیعەکەوە بەسەر خودی نووسەرەکە بەرادەیەک، کە نووسەر هەست ناکات کەوتووەتە ژێر تەلیسمی ئەم کاریگەرێتییە. مرۆڤ لەم ڕوانگەیەوە هەست دەکات کاریگەرێتی کەشوهەوای ناو خێزان و شوێنە میللییەکان بەسەر بەرهەمەکانی (کاروان)دا بەرچاون، بەڵام کارەکتەرەکانی وەکو چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەفتار دەکەن، ئاوان. دیارە پێوەندییەکی زۆر لەنێوان کارەکتەر و ئەو دەوروبەرەی هەیە، کە کارەکتەرەکە تێیدا دەژێت. ئەوەی لە ڕۆمانەکانی (کاروان)دا بە گشتی هەستی پێ دەکرێت ئەوەیە کە کارەکتەرەکان ڕەگیان لەو دەوروبەرە داکوتاوە، کە نووسەر خۆی تێیدا ژیاوە. پێوەندیی نێوان ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لەگەڵ ئەو دەوروبەرە لە دیالۆگەکانەوە بەرجەستە دەبن، چونکە نووسەر لەوە ئاگادارە، کە شوێن و دەوروبەر بە هەموو ڕەهەندەکانیانەوە، زۆر بە خێرایی هەندێک بیرۆکە دروست دەکەن، کە پێوەندییان بە کارەکتەرەکانەوە هەیە. نووسەر پاڵنەرە سایکۆلۆژییەکان، دیوە شاراوەکانیان بە ڕوونی دەبینێت، بۆیە هەڵسوکەوتی هیچ کارەکتەرێک لەخۆڕا نەهاتووە. ئەوەی (شێرزاد ناجی) دەیکات، با لە ڕوانگەی ئەو بیروباوەڕەیشەوە بێت، کە بڕوای پێیەتی، هەڵبەت (ئازادی هەمین مامان) ناتوانێت بیکات، ئەگەرچی هەمان بیرباوەڕ کۆیان دەکاتەوە. مرۆڤ ناتوانێت وێنای (مام ئەنوەری باخەوان) بکات وەک "سابیر پوولەکە" ڕەفتار بکات. هەر ڕەفتارێکی (شێرزاد ناجی)، کە دەیکات، پاساوی هەیە، هەروەک هەر ڕەفتارێک، کە (ئازادی هەمین مامان) خۆی لێ دەپارێزێت و نایکات، پاساوی هەیە و ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوەیەکی جەوهەریی کارەکتەرەکەیەتی. وەکو بیرۆکەیەکی گشتی، لەڕووی هونەرییەوە، کاتێک هەڵسوکەوتی کارەکتەرێک هیچ پاساوێکی نەبێت، مانای ئەوەیە نەخشەکاریی ڕۆمانەکە تۆکمە نییە، هەندێک بۆشایی تێدا ماوەتەوە و هێشتا پڕ نەکراوەتەوە. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا ئەم حەقیقەتەی لەبەرچاو گرتووە، بۆیە هەڵسوکەوت و ڕووداوەکان پاساوی خۆیانیان هەیە، ئینجا ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ. دیالۆگ لە پاڵ گێڕانەوە ورد و تۆکمەکەوە دەبێتە کلیلی شتەکان، بۆیە بەر لە هەر دیالۆگێک،

نووسەر ئامادەکارییەکی وردی بۆ دەکات چ لەبارەی دەوروبەرەکە و چ لە باری سایکۆلۆژییەوە. دواجار، مرۆڤ هەست بەوە ناکات، کە ڕستەیەک، یان دەستەواژەیەک لە دیالۆگەکان لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە بێت، کە کارەکتەرەکەی تێدا دەژێێت چ لە دیوی دەرەوە و چ لە ڕووی دەروونییەوە، تەنانەت ئەو وڕێنە و داڵغە و گواستنەوە خێراییەی زەمەنەکانیش، کە لە حاڵەتی ئاوادا ڕوو دەدەن، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆیان بە دۆخەکەوە هەیە، کە ڕۆماننووس دەیهێنێتە پێشەوە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە زۆرجار گواستنەوەی ئەم زەمەنە لە ڕێگای وشەیەکەوە ئەنجام دەدات، کە ڕەنگە لە ڕواڵەتدا هیچ پێوەندییەکی بە دەوروبەرەکەوە نەبێت، بەڵام ئەو ئاماژەیەی، کە لێی دەکەوێتەوە پێوەندیی بە دەوروبەرەکەوە هەیە و خوێنەر زۆر بە زەحمەت هەستی پێ دەکات. ئەمەیش دیوێکی ئەو ئیستێتیکەیە، کە نووسەر، ئەگەر مەبەستیشی نەبێت، لە ڕۆمانەکەیدا بەرجەستەی کردووە.

کەواتە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"، بە گشتی مامەڵە لەگەڵ کارلێک و کاریگەرێتی نێوان کارەکتەرەکان، هەروەها دەوروبەرەکەوە دەکات، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. دیارە مرۆڤ بۆ هەر ڕووداوێک، یان بۆ هەر هەڵسوکەوتێکی تایبەت بە هەر کارەکتەرێک لێکدانەوەیەکی جیای هەیە، بە پێی سروشتی ڕووداوەکە، یان ئەو کەسەی، کە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، بۆیە کاتێک خوێنەر لە دەرەوەی بازنەی ململانێکانەوە سەیری ڕووداوەکان دەکات، شتێکی ئاساییە، کە بە چاوی ئەو کارەکتەرەوە ڕووداوەکان ببینێت، کە لە هەموویان زیاتر لەگەڵ میزاجی خۆی دەگونجێت. مەسەلەکە دەوەستێتە سەر تێڕوانینی مرۆڤ دەربارەی ئەو پێوەندییەی، کە ڕۆماننووس بەرانبەر بە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دروستی دەکات. هەڵبەت ئەمەیش لە ڕێگای حەکایەتبێژەکەوە دێت. لەبەر ئەوەی ڕوحی ڕۆمان لای (کاروان) لە گێڕانەوەدایە و گێڕانەوەیش لە بینینی حەکایەتبێژەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە حەکایەتبێژ لای (کاروان) نەک هەر وەکو دیدگای دەرەوە (external viewpoint)، کە لە بازنەی عەقڵی گشتی جێگای دەبێتەوە بە کار دێت، بەڵکو دەبێتە پێکهاتەیەکی بنچینەی ڕۆمان.

پێوەندیی ڕۆماننووس بە (ئامانج) و ئەو ڕووداوانەی، کە دەیگێڕێتەوە جیایە لە پێوەندییەکە بە (ئازادی هەمین مامان) و ئەو شتانەی، کە دەیگێڕێتەوە، ئەگەرچی لە چوارچێوەی گێڕانەوەیشدا، مرۆڤ هەست بە جۆرێک لە هاسۆزیبوون، یان نەبوون لەگەڵ ئەم و ئەودا دەکات، بێ ئەوەی بەتەواوی بتوانێت دوا هەڵوێستی لەسەر دابڕێژێت. ئەمە مەسەلەیەکە لە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت.

* * *

لێکۆڵینەوە لە پرۆسێسی گێڕانەوە، هەر لە سەردەمی "ئەفلاتوون"ەوە تا ئەمڕۆ لەسەر بینینی جیاوازییەکان بنیاد نراوە. "ئەفلاتوون" خۆی "ڕاپسۆد" لە "هۆمیرۆس"ی شاعیر جیا دەکاتەوە. دیارە "ڕاپسۆد" ئەو کارەکتەرەیە، کە ئەفسانەکانی "ئەلیاد" و "ئۆدێسە" دەگێڕێتەوە، کە "هۆمیرۆس"ی شاعیر نووسیوونی، هەروەها گێڕانەوەی سادە، کە شاعیر خۆی شتەکان دەگێڕێتەوە لە لاساییکەرەوە جیا دەکاتەوە، کە چیرۆکەکە لە ڕێگای لاساییکردنەوەی دەنگ و دەربڕینی خەڵکی دیکە دەگێڕدرێتەوە. "ئەرەستۆ"یش پلان و نەخشەی چیرۆک لە ڕووداوەکانی ناو چیرۆک جیا دەکاتەوە. شاعیری ئینگلیزی "سێر فیلیپ سیدنی" (١٥٥٤-١٥٨٦) سەرنج بۆ جیاکردنەوەی مێژوو لە چیرۆک ڕادەکێشێت. تیوریستەکانی سەردەمی ڕێنیسانس بەردەوام باسیان لە ئەفسانە و مۆراڵ کردووە. لەسەردەمی نوێدا، بنیادگەراکان هێڵێک لەنێوان چیرۆک و گوتار دەکێشن. "گیرارد جانێە" لە دەستپێکی لێکۆڵینەوەیەکیدا بەناوی "گوتاری چیرۆکی هونەری"دا پێی وایە کێشەکانی چیرۆک سێ تەوەر دەگرنە خۆ: زەمەن، کە پێوەندیی نێوان زەمەنی چیرۆکەکە و زەمەنی گوتارەکە دەردەبڕێت، هەروەها بارودۆخی ناو چیرۆکەکە وەکو چۆن حەکایەتبێژ دەیبینێت لەگەڵ شێوەی ئەو گوتارەی، کە حەکایەتبێژ بە کاری دێنێت.

پرۆفیسۆر "ڕۆجەر سیمۆن"[1]، کە خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەیە لە بواری شیعر و ئەدەبی ڕۆمان و هونەردا، پێی وایە تیورەکانی گێڕانەوە بە گشتی بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکرێن: یەکێکیان جەخت لەسەر پێشاندانی خودی چیرۆکەکە دەکاتەوە، کە لە کارەکتەرەکان، دیمەنەکان، ڕووداوەکان پێکهاتووە، هەروەها هەموو ئەو

کار و کردەوانەی، کە لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا تێیان دەگەین. ئەم تیورانە جەخت لەسەر چیرۆک دەکەنەوە وەکو چیرۆک. ئەوەی تریشیان تایبەتە بە تەکنیکەوە، واتە جەخت لەسەر شێوازی گواستنەوەی چیرۆکەکە دەکات. بە واتایەکی دیکە گفتوگۆ لەسەر ئەو هەموو ئەو "هۆ"یانە دەکات، کە بۆ گواستنەوەی چیرۆکەکە بە کار دێن، وەکو فیلم، شانۆنامە، وێنە، شێوازی ڕێکخستنی بەشەکان، هەروەها سروشتی "هۆ"ی گێڕانەوە و پێوەندیی حەکایەتبێژ بە نووسەر و کارەکتەرەکانەوە و ئەو شێوازەی، کە چیرۆکبێژ هەڵیدەبژێرێت بۆ گێڕانەوە... تاد، بەڵام ئەو تیورانەی، کە کار لەسەر پێشاندانی خودی چیرۆکەکە دەکەنەوە، ئاماژە بە ئامادەبوونی نووسەریش دەکەن لە گێڕانەوەدا. ئەمە ئەو حاڵەتەیە، کە لەم ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت، بۆیە نهێنییەکانی هونەری گێڕانەوە لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا ئەو کاتە دەردەکەون، کە مرۆڤ بە ئاراستەی ئەم دابەشکردنەدا کاری لەسەر بکات، چونکە ئەم جۆرە دابەشکردنە لە ڕوانگەی ڕەخنەی سەردەمەوە زۆر گرنگ و سوودبەخشە. ئەگەر بە پێی ئەم دابەشکردنە لە ڕۆمان بکۆڵینەوە، پێویستە کۆمەڵێک ئاراستە بگرینە بەر، کە شیکردنەوەی یەکە بە یەکەی پێکهاتەکان و تەکنیکەکانی تایبەت بە ڕۆمان ئاسانتر و ڕوونتر دەخەنە بەرچاو: وەکو بایەخدان بە پێکهاتەکانی ئەو چیرۆکە، یان ئەو چیرۆکانەی، کە ڕۆمانەکە لە خۆیان دەگرێت و ڕادەی پێوەندییان بە حەکایەتبێژەوە. بۆ نموونە، ئەرستۆ، لەم بارەوە بایەخ بە پلانی چیرۆک دەدات، "ئی. ئێم. فۆرستەر" کارەکتەر بە گرنگ دەزانێت، هەروەها فەیلەسووف و ڕەخنەگری ئەمریکی "کینیپ بورک" (١٨٩٧ - ١٩٩٣)، پێی وایە بۆ لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی زمان وەکو "هۆ"یەک بۆ پێوەندیکردن و تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانی مرۆڤ و هۆکارەکانیان و شیکردنەوەی ڕووداوەکانی ناو هەر چیرۆکێک، پێویستە مرۆڤ کار لەسەر پێنج شت بکات: چی ڕوو دەدات؟ لە کوێ و کەی، واتە لە چ دەوروبەرێکەوە؟ کێ تێوە گلاوە؟ چۆن تێوە گلاوە؟ مەبەستی لەم تێوەگلانە چییە؟ ئاشکرایە هەموو ئەمانە نووسەر دەخەنە دەرەوەی بازنەکە، لە کاتێکدا ئەو لە تەواوی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەدا، لە ڕێگای گێڕانەوەدا ئامادەبوونی هەیە. "نیکۆلاس وەڵتەرسترۆف" لە کتێبی "بەرهەم و دنیای هونەر"دا پێی وایە، کە گێڕانەوە دیوێک، یان چەند دیوێکی هەیە، یەکێکیان پێشاندانی ئەو دنیا دروستکراوە، یان هەڵبەستراوانەیە، کە لە چوارچێوەی چیرۆکە سەرەکییەکەی نووسەردایە. دیارە، لەم ڕۆمانەدا، (کاروان) ئەم دنیا ئەفرێندراوە دەداتە دەست چەند حەکایەتبێژێکەوە، بەڵام خۆیشی لە ڕێگای هەندێک ڕستە و دەستەواژەوە لەناو ئەم دنیایەدا جۆرێک لە گێڕانەوە بەڕێوە دەبات، هەر بۆیەش گێڕانەوە دەبێتە پێکهاتەیەکی ئەم دنیا دروستکراوەیش. کەواتە مرۆڤ نابێت تەنیا بە لای دیالۆگەکانی نێوان کارەکتەرەکانی ناو دنیا دروستکراوەکەدا بچێت و هیچی دی. سەبارەت بەم حەقیقەتە، پێم وایە ئەگەر خوێنەر وشە بە وشە لەگەڵ ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا نەژێت، مەحاڵە لە نهێنییەکانی ئیستێتیکای گێڕانەوە بگات. هەڵبەت ئەگەر لەمەیش نەگەیشت مەحاڵە بە تەواوی لە ڕۆمانەکە بگات.

# ڕەهەندێک بۆ دنیای چیرۆکی منداڵان

عومەر محەمەدی
(شنۆ)

## دەسپێک

بەر لە ئامــاژەکـردن بەهەڵـوەشـاندنەوە و ســازدانەوەی دەسکەوتەکانی چیرۆکی عامـیـانەی فـولکلۆری کـوردی بەپێـویسـتی دەزانم کـورتەیەک لە مـێـژووی ناوەرۆکی چیرۆکی منداڵ بپێکێنم، بەدوای ئەمەشدا چەند دەقێک لەچیـرۆکی چیـرۆکنووسانی کـوردسـتـانی ڕۆژهەلات وەک بەڵگە لە ڕووی ناوەرۆکەوە تاووتو بکەم.

## کورتە ئاماژەیەکی مێژوویی

بەرلەوەی ئەدەبیـاتی منداڵان لە ئاسـتـی سـەربەخـۆیی خـۆیدا سـەقـامگیـر بێت، پێش نیـوەی دووەمی سـەدەی بیـسـت، یانی سـاڵـەکـانی کـۆتایی سـەدەی نۆزدە، ئەو چیرۆکە ڕیالیزمیانەی کە لەسەر بنەما فۆلکلۆرییەکان دادەمـەزران، پتر داکـۆکـیـان لەسـەر پاراسـتنی یاسـای نەریتی بنەمــاڵە و پێـوەندی گـەرم و لێک نەپچـڕاوی ئەندامـانی بنەمـاڵە دەکـرد. ئەم جـۆرە چیـرۆکـانە دەبوا یاسای شێلگیرانەی سەر بنەماڵە ڕەچاو بکا. ملکەچی بۆ ئایین و هێندێ ڕەوشی نەخوزراو... لە تایبەتمەندییەکانی نـاو ئەم چیــرۆکــانەبوون، بەڵام وەرچەرخــانێک کــە لە ساڵانی ١٩٦٠ وە بەسەر چیرۆکدا هات "مۆتیڤەکانی" ناو داسـتـانی ڕیالیـزمی تووشی گـۆڕانکاری کـرد. ئەم گۆڕانکارییە ئەنجامی ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەی تری لێکەوتەوە. مـافی کـەمـینەکـان و ڕەگـەزایەتی وەبەرچاو دەگیرێ و لە ڕوانگەیەکی دیموکراسیانە دەڕوانێتە ویست و کـێـشـەکـانی کـۆمـەڵ، چیـرۆکـیش بەپێی ئەم گـۆڕانە، هێندێک کێشە و ڕای جیاوازی بۆ ناو چیرۆک پەلکێش کرد. لەم دۆخەدایە کە منداڵ بەرپرسیارەتی و سەربەخۆیی پەیدا دەکـا . لە ڕاست یاسـا دەمـڕاست و نـەترس دەبێ و بەهاسـانی ناچێتـە بن باڵی حوکم و دەسـەڵاتی ئایین و نەریتی کـۆن.. "ژان ڕۆتێنســەند١٩٧٤" لێکۆڵەرێکی

ئەوەدەم ئاماژە بە دژەوەست بوونی چیرۆکی ڕیالیزمی دەیەی ١٩٥٠ و کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ دەکا و دەڵێ: دەیەی ١٩٥٠یەکێ لەهێمنترین قۆناغی دەیەکانی ئەدەبیاتی منداڵان بووە. لەم قۆناغەدا بوو کە پاراستنی بایەخە سونەتییەکانی منداڵان وەکو بەشێک لە کۆمەڵگەی پتەو و قایم وێنا دەکرا. باوکە گەورەکان بیرمەند و دایک و باوکەکان جێگەی ڕێزبوون، قۆناغی منداڵی لێوڕێژ لە خۆشی و ئاسایش بوو. لە بەرانبەر ئەم ئەدەبیاتەدا، ئەدەبیاتی کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتای ١٩٧٠ بەڵگەی توانەوەی سیستەمی دەسەڵاتی گەورەکانی بۆ منداڵان بەدیاری هێنا(١). نووسەرانی ساڵەکانی ١٩٧٠ ڕاز و ڕەمزەکانی دنیای گەورە ساڵانیان بە جۆرێ بۆ منداڵان وێنا کرد کە ئەدەبیاتی منداڵان لە درێژایی تەمەنیدا قەت ئەمەی بەخۆوە نەدیبوو. ئەم نووسەرانە سنوورە پارێزراوەکانی ٢٠٠ ساڵەی پێشوویان هەڵوەشاندەوە کە بۆ جیاکردنەوەی دنیای منداڵان لە دنیای گەورەساڵان کێشرابوو و منداڵانیان لەگەڵ لایەنەکانی ژیان، کە ساڵانێکی زۆر پێشتر بۆ ئەوان جێگەدار نەبوو شارەزا کرد. ڕوانگەی منداڵ لەسەر بێ توانایی و کردە هەڵەبییەکان و سەر لێ شێواوی گەورەکان بە جۆرێ گۆڕا کە گەورەکانیان ناچار کرد پێداچوونەوەیان لەسەر کردەوەکانی خۆیان هەبێ. ئەم دەسکەوتەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامی سەرهەڵدانی "نیوڕیالیزم" و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئەمریکادا کە ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ڕاوێژ و ناوەرۆکی ئەدەبیاتی منداڵاندا هێنا(٢).

### پۆلێنکاری شێوازەکانی چیرۆکی منداڵان

هەروەک ئاماژەی پێ کرا، بەپێی جیاوازی دوو قۆناغ دژە وەستە لە ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ دوو شێوازی جیا لە ئەدەبیاتی منداڵان پۆلێن دەکرێ:

**یەکەم:** چیرۆکی ڕیالیزمی فانتازی هەنووکەیی.

**دووەم:** چیرۆکی ڕیالیزمی سەردەمیانە.

ڕەوشی یەکەم ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بەدی دەکرێ؛

* نووسەر لە چیرۆکدا هەوڵ بۆ باوەڕگەلێ دەدا، یانی کارێک دەکا کە ئەوەی دەیڵێ خوێنەرانی باوەڕ دەکەن

* لەپێڕەنگی چیرۆکدا پێدەچێ کێشە لەنێوان دەسەڵاتەکانی باڵا سروشتی بێت. سەختی و ئاستەنگییەکان ڕەنگە بەهێز و دەسەڵاتێکی جادوویی لەناو بچن.

* کەسایەتییەکان بەشێک لە کەرەسەکانی کایەکردنی منداڵانن؛ بوونەوەرەکانی باڵاسروشتی وەک مرۆڤەکانی ڕاستین کە ئەزموونی گوماناوی و خەیاڵیان هەیە و هەروەکو مرۆڤی ئاسایی هەڵسوکەوت دەکەن.

* دۆخەکان دەکرێ ڕابردوو، ئێستا و داهاتووبن، جیهانی خەیاڵی و ئەگەری سەفەر لەنێو زەمان و شوێنەوە بێ.

### شێواز، یان ڕەوشی دووەمی چیرۆک ئەم تایبەتمەندییانەی لەخۆ گرتووە

* نووسەری چیرۆک ڕەنگە لەسەر چەمکەکانی یەکگرتوو، پێشهاتەکانی ڕۆژانەیان ڕاستگەرایی توندڕەویانە، پێداگری بکا.

* لە پێڕەنگی ئەم شێوازەدا هەروەک کەسایەتییەکان لەگەڵ کێشەکانی وەک گەشەکردن، نەمری، ناتەبایی بنەماڵە، کێشەکانی ناو شار، ڕێک دەکەون، تێک هەڵچوونەکانی ناو چیرۆکیش گەشە دەکەن و پێی دەگەن. دژە قارەمان چیرۆک ڕەنگە خودی کەس، یان کەسایەکی تری بنەماڵە، کۆمەڵگا، یان سروشت بێت.

* کەسایەتییەکان هەروەک مرۆڤەکانی ڕاستی کردەوەیان هەیە و ئاژەڵەکانیش هەروەکو ئاژەڵ ڕەفتار دەکەن.

* لە بابەت دۆخەکانیشەوە جیهانی سەردەم چۆنە، هەروەک خۆی دەناسێن.

هەر کام لەم بزاقە چیرۆکیانە بە خاڵە پێکهاتەکانیانەوە لە هەردوو شێوازی چیرۆکی کوردی (داهێنان و نووسینەوە) دێتە بەرچاو. داهێنان مەبەستم ئەو چیرۆکانەیە کە دەسەڵاتی نووسەر بەپێی ڕێساکانی باوی چیرۆکنووسی بۆ منداڵان دایدەڕێژێ، مەبەست لە نووسینەوەش ئەو چیرۆکە ڕەگە فۆلکلۆرییانەن کە داهێنان و نوێگەراییان تێدا دەبینرێ، بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەمەیە کە چیرۆکنووسی ئەدەبی منداڵانی کورد چۆن توانیویە مامەڵە لەگەڵ داڕشتن و تەکنیک بکا بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە ناو دنیای منداڵان و ویست و داخوازییەکانی ئەوان دابین بکا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە و زۆر پرسیاری تر لەم شێوەیە دەتوانین بڵێین منداڵانی ئێمە دنیای جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەیە چیرۆکنووس کە شارەزایی لە دنیای منداڵ و خەونەکانی ئەو نەبێ، ناتوانێ بچێتە ناو ژووری دنیای منداڵ ئەگەریش بتوانی لەگەڵ منداڵ بدوێ تەنیا بە

ئەزمــوونەکــانی خــۆیەوە دەتوانێ ئەم کــارە بکا و بۆ فــامکردن، یان تێگەیاندنی ناوەرۆکی چیــرۆک تەنیــا دەتوانێ دەوری عاتیفە بنوێنێ.

### فامکردن، یان تێگەیاندنی ناوەرۆکی چیرۆک

بۆ ئەوەی چیـرۆکنووس تاڕادەیەکی باش بتوانێ دنیـای منداڵ تاووتـو بکا، دەبێ شــارەزاییــەکی باشی لەمــەڕ پەروەردەکـــردن و بارهێنانی منداڵەوە هەبێ ئەمـــەش مەیسەر نابێ، تەنیا لە ڕێگای زانستە سایکۆلۆژییەکان، یان زانســتــە دەروونیـــیــەکــانەوە نەبێ، زۆربەی ئەم چیرۆکانەی کە بەگشتی بۆ منداڵان و منداڵانی کورد بە زمانی کوردی دەنووسرێن، بوارەکانی گەشەکردنی زەینی منداڵانی تێدا بەدەگمـەن وەبەرچاو گـیراوە، هەر بۆیەش ئەم جـۆرە چیـرۆکـانە لەسـەر زەینگەی منداڵ شـوێنەواری قـووڵ و کـاریگەر بەجێ ناهێڵن و زوو لەبیر دەکرێن. ئەم چیرۆکانەی کە بۆ منداڵان نووسراون لەگەڵ چەند کێشەی گرینگ ڕووبەڕوون کە بەچەند دەستە دابەش دەکرێن:




یەکەم کـێشـەی زمـان: کـاتێ باس لە چیـرۆکی منداڵان لەم بەشەی کوردستـانی ڕۆژهەڵات دەکەین بەر لە هەمـوو شتێک لەگەڵ کێشـەی زمان بەدوو مـانا ڕووبەڕوو دەبین یەکـەم زمـانی دایک و دووەم زمـانی نووسین و داهێنان. ئەگـەر بڵـێین چیـرۆک لە بنەڕەتدا پێـوەندی بە گـەشـەی هزرەوە هەیە، ئەم بەشەیان دەگەڕێتەوە سەر پەروەردەکردن و بارهێنانی منداڵ بە زمانی زگماکی لە خوێندنگەکاندا کــە گــرینگتــرین دەوری هەیە. وێناکــردنی دیاردەکــان، گــواسـتنەوەیان ڕاسـتــەوخــۆ بۆ ناو ئەرشــیـڤی زەین و ناودێرکردنیان بە زمانی یەکەم ،کاتێ تووشی کێشە دەبێ کە زمانی دووەم بەسەر زمـانی یەکەمدا زاڵ دەبێ، ئەمە پتر لە دۆخی خوێندندا دێتەپێش، یانی زمـانی دووەم کە زمـانی خـوێندن و بارهێنانی ئەندێشـەیە، لەگـەڵ زمـانی یەکـەم لە ئاست دیاردەکـان و وێناکـردنیـان تووشی تێک هەڵچوون دەبن. لێرەدایە کە زەینی منداڵ دیاردەکان ئاڵۆز و شپرزە وێنا دەکا، بەجۆرێ کـە ڕاگواستن و هەڵڕژانیـان بۆ ناو زەینی منداڵ درەنـگ خـایەن، یان چەتوون و دژوار دەبێ. ئەمــەش کــاتێ بەڵایەکی گــەورەترە کــە دایک و باوکی منداڵ ئەزمـــوونیـــان لەســـەر دیاردەکـــان نەبێ، ئەوانیش هەر بەزەینی زمانی زاڵ، زمـانی خۆیان پەروەردە کـردبێ. منداڵی ئێـــمـــە، لەبابەت زمـــانەوە لە قـــەیرانی کـێـشـــەدا دەژی لە قــوتابخــانە و خــوێندنگەکــان لەگــەڵ کـێشـەی زمـانی دووەم لەناو بنەمـاڵەشەوە بە زمـانێکی تێکەڵ لە هەردووکـیـان ڕووبەڕووە، هەر بۆیەش نـاسین و فامکردن و تاووتوکردنی دیاردەکان بۆ گەشەپێدانی زینی گشتی لەلایەک و پەروەردەکردنی دیاردەکان لە سادەترین بیچمی خۆی، یانی ڕێزبەندکردنی وشەکان بۆ داهێنانی دەقێکی وانەیی (ئینشا) هەر لە قوتابخانەوە تووشی ئەم کێشەیە دەبێ و لە داهاتووشدا خەسارێکی گەورە قەرەبوو نەکـراو لەشـێـوەی دەربڕین بە گـشــتی و چیــرۆکی منداڵ بەتایبەتی دەدرێ؛ ئەم مەبەستە لە خەسارەناسی چیرۆکی منداڵانی کورددا بەرچاوە. بەتایبەت ئەو چیرۆکنووسانەی کە دەیانەوێ بۆ منداڵ بە زمـانی منداڵ بنووسن، هەر ئەو پێش زەینییەی پێشوو کە لە ڕابردوودا هەیانبووە دەبێتە کـۆسپ و ناتـوانن باش بچنە ناو دنیــای زەینی منداڵ و نیـاز و خـواسـتی منداڵان دابین بکەن. ئەمــە لەلایەک لەلایەکی تریش چیــرۆکنووس لە نووســینی چیــرۆکی منداڵاندا هەر ئەو فــۆرم و ناوەرۆکــەدا دەڕێژێتــەوە کــە بۆ گــەورەســاڵان نووسراوە. کاتێ نووسەری چیرۆکی منداڵ تووشی ئاسـتـەنگ بۆوە و نەیتـوانی نیـازی منداڵ بەراورد بکا و بەردەنگی خــۆی بەدەست بێنــێ، بەدوای وەرگــێـــڕانی چیــرۆکـدا هەوڵ دەدا بۆ دۆزینەوەی چەمکێکی نزیک لە بۆچوونەکـانی خۆیدا تووشی هێندێک تێکست دەبێ کە وەرگێڕانیـان بۆ سـەر زمـانی مـەبەست و فـامکردن دژوار دەکـا. ئەگـەر نووسـەر نەتـوانێ سـەر کـەوتووانە ئەرکی وەرگـێـڕان بەڕێوەبەرێ، هەم گـورز لە زمــانی یەکــەمی نووســینەکــە دەدا، هەم زمــانی نووسین تووشی گـرێ و ئاسـتـەنگ دەکـا. من لێـرەدا نامـەوێ بچـمـە سـەر باسی وەرگــێـــڕان. لەم وتارەدا مـــەبەســـتم ئەوەیە هەوڵ بدەم هێندێک چیـــرۆکی منداڵانی کــورد لە بابەت فــۆرم و ناوەرۆکەوە شی بکەمەوە.

### چیرۆکی منداڵان لە بابەت فۆرم و ناوەڕۆکەوە

هەرچەندە بۆ تێـــســت کـــردنی چیـــرۆک لە ڕووی ناوەرۆکەوە ڕای منداڵ باشـترین گەرەنتی چیرۆکە، بەڵام بۆ تێست کردنی چیرۆک منداڵی ئێمە لەگەڵ دوو کێشە

ڕووبەڕوون.

**یەکەم:** منداڵی ئێمە ناتوانێ، یان بەدەگمەن دەتوانێ لەم بەشەی کوردستانی ڕۆژهەڵات چیرۆکی کوردی بخوێنێتەوە، لێرەدا تەنیا ڕێگەی ڕیوایەت کردنی زارەکی و گوێ گرتن بۆ منداڵ دەمێنێتەوە.

**دووەم:** لە حاڵەتی گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵ زمانی چیرۆک لە بابەت داڕشتنەوە دەبێ لە زمان و فامکردنی منداڵ نزیک بێ.

## شێوەی داڕشتن

زۆرێک لەم چیرۆکانەی منداڵان هەر لەم تەکنیکانە کەڵک وەرگیراوە کە بۆ گەورەساڵان بەکار دەهێنرێ، بەڵام سادە و خۆماڵیتر، واتە چیرۆکەکان بەسەر سێ شێوە لە داڕشتن دابەش دەکرێن: تەوسیفی کورتی ڕۆمانتیکی – ڕیوایەتی سادە تێکەڵ لە دیالۆگی هێماکان و زمانی ڕاوی.

تەوسیفی کورتی ڕۆمانتیکی: لەم شێوازەدا شوێن و دۆخی ڕووداو ئەو کۆ دیاردە سروشتییانەن کە بە زنجیرە ڕیوایەتێکی تەوسیفی وەبیر منداڵ دەهێنرێتەوە، بەڵام بیرهێنانەوە بەجۆرێ وێنا دەکرێ کە دیاردەکان بەجووڵە و ڕوحێکی عاتیفی چێژ بە منداڵ دەبەخشێ و ئەم چێژەش لە ڕێگای وروژاندنی هەست و خەیاڵەوە ڕیوایەت دەکرێ.

## کێشەی هێماکانی زمانی ڕاوی

ئەو خاڵە گرینگانەی کە بۆ پێناسەکردنی چیرۆکی منداڵان کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، سەمبول، یان هێماکانن. سادەترین، یان کەم ئەزموونترین چیرۆک کە منداڵ بتوانێ لە ئاساییترین دۆخی خۆیدا گوێی بۆ ڕادێرێ، یان بیخوێنیتەوە، دەبێ لانی کەم لە یەک هەتا دوو هێما بۆ پەروەردەکردنی کەسایەتی کەڵکی لێ وەرگیرێ، هەڵبەت کە باسی هێما، یان دەوری هێما دەکەین، مەبەستمان لەم چیرۆکانەیە کە بۆ پەروەردەکردنی زەین و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی پێویستن. بەشێک لەم چیرۆکانەی کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ منداڵان نووسراون لە ڕووی ناوەرۆک و کێشەی هێماکانەوە جێگەی سەرنجن: لە کۆچیرۆکەکانی "بۆقەشین" و "سمۆرەکلکی زەردە" نووسراوی "سەلاح نیساری"دا کەروێشک، شێر، ڕێوی، هەڵۆ، ورچ، ماسی، سمۆرە، کارمامز مێرووله، بۆق، مەڕ و کەڵەشێر، ڕێوی... بەشێک لەو هێمایانەن کە هێندێک پەیامی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرن. ئەم پەیامانە بەشێوە زنجیرە ڕیوایەتێکی کورت و خێرا لە زمانحاڵی هێماکانەوەیان ڕاستەوخۆ دەردەبڕێن. هێماکان هەر بەم شێوەیە کە هەن تێکەڵ بە دنیای مرۆڤەکان بوونە، شان و باڵی زێدەیان، پێوە نەکراوە یانی منداڵەکان لە دنیای ڕیالیزمەوە هێماکان لەناو کێشەی ژیاندا دەبیننەوە، بۆ وێنە"، مەڕ – دایکە، بەرخۆڵە منداڵە، بۆق منداڵە، مار کۆسپە، هەڵۆ هێمای غیرەتە، یان هێماکان خۆیان دەبنە کەسایەتی چیرۆک و خووخدەی مرۆڤیان پێوە دیارە لە کۆچیرۆکی سەلاح نیساریدا "لەبزەی مێرووله" مێروولەی نێر و مێ دەوری دایک و باب بۆ ئامۆژگاری منداڵەکانیان دەگێڕن. ڕێوی کردەوەی دزێو و ناشیرینی مرۆڤی پێوە دیارە. سمۆرە دەوری دایک دەگێڕی. شیرین و شەمام بە ڕواڵەت ناوی دووکیژی کوردن، دەوری بەچکە کەروێشکیان هەیە و چەمکی کولتووریان پێوە دیارە، بەڵام لە تاووتوکردنی هێماکاندا کەمایەتییەک دەبینرێ، یانی هێماکان کاریگەریی ئامۆژگاریکردنیان بەسەرەوەیە و لە هێندێ شوێن، بەپێداگرییەوە حوکمی تاڵوکەیی لەسەر دەدرێ و ڕەوتی چیرۆک لە تەمسیل نزیک دەکاتەوە، کەچی لێرەدا تەمسیل دەوری کەمی لە چیرۆکە خەیاڵییەکاندا هەیە. ئەو خەونانەی کە هیوا دەیانبینێ بڕیاری کورت و خێرایان تێدا دەبینرێ. ئەم کۆهێمایانەی کە پێوەندییان بەخەون و خەیاڵەوە هەیە دەگمەنن، باشتر بڵێین هێماکان کلێشەیین، خێرا لە حاڵەتی خۆیان دەترازێن و زۆر زوو حوکمی ڕەوشتی مرۆڤیان بەسەر دەکشێ. عاتیفە دەوری گرینگی لە چیرۆکی منداڵدا هەیە هێماکان لە کۆچیرۆکی سەلاحدا، بەپێچەوانەوە خووخدەی مەترسی و دڕندانەیان نییە، بەڵکو هێماکان وەک کەسایەتییەکی ژینگەیی ڕەخنە لە دنیای مرۆڤەکان دەگرن "چیرۆکی بۆرە پیاو و چیرۆکی هیوا و کار مامز" بەرچاوترینی ئەم چیرۆکانەن کە لە ئاستێکی باشدا پێناسە دەکرێن، هەرچەندە ئەم کارەش بە حەساسییەتەوە وەبەر چاونەگیراوە. لە داڕشتنی هێماکانی ئەم چیرۆکانەدا خەیاڵ دەوری کەمی هەیە، پێویستە بزانین کە خەیاڵ باش دەتوانێ لە بەتاڵکردنی کێشەکانی دەروونی و دەرەکی دەوربگێڕی، هێزێک لە شعووری ئاگا پێک بێنێ، ئەم بەشە دەکرێ بەشێوەی سەمبولێک لە زەیندا بگونجێ، چونکە بۆ تایبەتمەندییەکانی داهاتووی منداڵ پێویستە.

## دەوری حەکایەت و ئەفسانە لە چیرۆکی منداڵاندا

دەوری حەکایەت و ئەفسانە لە چیرۆکی منداڵاندا بۆ ناسینی دەروونی منداڵ گرینگە. دەروونناسەکان لەسەر ئەم باوەڕەن کە باوەڕ بەخۆبوون و ئازایەتی ڕەگە و ماکە کولتوورییان هەیە. پێشینەی کۆنی کولتووری (ئەفسانە و حیکایەتە کوردییەکان) ئەمەیان سەلماندووە، هەر بۆیە دەبێ لە تواندنەوەی ماکە ئەفسانەیی و کولتوورییەکاندا بەئاگاییەوە کاری بۆ بکرێ بە جۆرێ کە بنەما شارستانییەکان، نەبێتە هۆی تێکرمانی یەکجارەکی تخووبە کولتوورییەکان. ئەم مەبەستە لە نووسینەوە و داڕشتنەوەی حیکایەتی کوردی کە شاعیری چیرۆکنووس "ئەمین گەردیگلانی" وەکو چیرۆک بۆ منداڵانی نووسیوەتەوە و بەدی دەکرێ، فۆرمی چیرۆک بنەمای ڕیوایەتی پێشووی پاراستووە" ڕیوایەت بە هەبوو.. نەبوو.. دەست پێدەکا جێگە و شوێنی ڕووداو هەروەکو خۆیانن، شتی زێدەیان تێدا نابینرێ، تەنیا دەورگێڕی سەرەکی نەبێ، ئەویش "کەڵەشێرە" و بەشێک لە هێزی جادوویی بەچیرۆک دەبەخشێ، کە پێم وایە ئەم بەشەیان سەرنج ڕاکێشترینی چیرۆکە، هەروەک لە پۆلێنکاری چیرۆکی ڕیالیزمی فانتازی هەنووکەیی ئاماژەی پێ کرا: ئەم تایبەتمەندییانەی کە لە چیرۆکی ڕیالیزمی فانتازی هەنووکەییدا باسیان لێوەکرا لە حیکایەتی فۆلکلۆری بە گشتی و داڕشتنەوەی ئەم جۆرە چیرۆکانە دێتە بەرچاو:

* هەوڵ بۆ باوەڕگەلی و ڕیوایەتێکی سادە و ڕەپ و ڕاست لەو شتانەی کە وەک خۆیانن" هەبوو نەبوو لە گوندێکی ئەم وڵاتە ژن و پیاوێک دەژیان. ئەم ژن و پیاوە منداڵیان نەبوو. پیاوەکە هەموو ڕۆژێ بە ژنەکەی دەگوت:....(٣)

* بوونی هێز و دەسەڵاتێکی جادوویی بۆ چارەسەری کێشەکانی چیرۆک: "... مام گورگ زمانێکی بەلالەغاویدا هێنا و گوتی: هەک بەخێر بێی مام کەڵەشێر، هەر ئێستا دەتکەم بەنانی نیوەڕۆ، دا وەرە پێشێ؛ کەڵەشێر گوتی: هەلوگێ و مەلورگێ، مام گورگ بێتە ورگێ! ئەویش چووە زگییەوە.(٤)

* ئاژەڵ وەکو کەسایەتی ئاشنای دەوروبەری منداڵ لە ئاکار و ڕەفتاردا خووخدەی مرۆڤ پەیدا دەکا، هەروەک لە چیرۆکی "کەڵەشێری ورگندا" کەڵەشێر وەک مرۆڤ قسە دەکا، بەڵام بە ئەزموونێکی خەیاڵاوی دەوردەگێڕێ. لە چیرۆکی منداڵدا ئەزموون و خەیاڵ زۆر گرینگە، زۆرێک لە منداڵەکان بەئاواتی قارەمانانی چیرۆکەکانیانەوە دنیای خەیاڵی بۆ خۆیان پێک دێنن، کاتێ تەواو تێکەڵ بە کێشەی ناو چیرۆکەکانیان دەبن، حەز دەکەن ئەو پاڵەوانە بن کە تەلیسم و جادوو دەشکێنێ، یان دەوری زیرەک و بوێرانە دەگێڕێ خەیاڵ و فانتازیا دوو فاکتەری گرینگی ناو چیرۆکن کە ئەم بابەتە تەواو لەخۆ دەگرێ.

## دەوری خەیاڵ و فانتازیا لە چیرۆکدا

"خەیاڵ وەکو هێزێک یارمەتی نووسەر دەدا تا هزر و ئەندێشەی خۆی بە زمان و گوتەی شۆخو شەنگ ئاراستە بکا و ڕەزامەندی بەدواوە بێ، هەرچەندە ئەمە لە زاتی خۆیدا کردەیەکی عەقڵانی نییە، بەڵام کەرەسەیەکە بۆ وروژاندنی زەین و دڵی مرۆڤەکان" ئەم بیرۆکەیەی "هۆبز" لە درێژەی بەدواداچوونی خۆیدا جۆرێک فۆرم و داڕشتنەوە بۆ نووسەر پێشنیار دەکا کە ئەگەر نووسەری چیرۆک بە مەبەستی ئامانجێکی هونەری بتوانێ خەیاڵ لە تەرحێکی نوێ و دڵڕفێندا ڕێک بخا، ئەم هێزە خەیاڵە لە خەزێنەی وێنەی هەستی زەیندا باش دەتوانێ جووڵە و پشکنین بکا، دەسکەوتی ئەم بزاڤە خەیاڵییەش بۆ منداڵ داهێنان و ئەفراندنە، تەنانەت خەیاڵ دەتوانێ بە یارمەتی ئەزموونی هەستی لە بازنەی ڕاستییەکانی مێژوویی و دەرەکی تێپەڕێ.(٥)

هزر و سرووشت بۆ چیرۆک دوو فاکتی گرینگ و پێویستن پێوەندی نێوان ئەندێشە و دنیای سروشتی بیرۆکەی ڕەخنەیی "کاڵریج" دەگرێتەوە کە: "دۆخێکی تایبەت و سەرنجڕاکێش دەتوانێ دیمەنێکی گشتی و تەواو لەسەر وێنە خەیاڵییەکان بنێتە دی و بەم جۆرە وێنەگەلێکی خەوتووی بێ ژمار لە زەین و خەیاڵدا ڕاپەڕێنێ، ڕەنگ و بۆنێکی دیاریکراو دەتوانێ لە پڕیکا وێنەی زەینی کامڵ بکا. ئەم ڕەنگ و بۆنانەی کە ئێمە لەپێشدا لە مووچە و مەزراکاندا ناسیاومان لەگەڵدا پەیدا کردوون بۆ جارێکی تر بێنێتەوە بەرچاومان. خەیاڵ دەتوانێ نیشانە، یان هێمایەکی شاراوە، یان ئاڵۆز وەرگرێ و دەتوانێ بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو سەرنجی ئێمە بۆ لای سەوزایی دەشت و شارەکان ڕاکێشێ(٦)" چیرۆکنووس لە بەکارهێنانی هێما سروشتییەکان و خەیاڵاوی کردنیان ڕای کاڵریج لەسەر ئەم باوەڕە دەسەلمێنێ کە: "خوڵقاندنی هونەری و لێکدانەوەی جوانیناسانە هەردووکیان جۆرێ بەهێماکردنی ئەزموونن کە لە ڕێگای خەیاڵەوە بەدی دێن".

## کۆتایی و دەرئەنجامی وتار

له چیرۆکی منداڵاندا دوو شت گرینگه یەکەم ڕەفەی خەیاڵ دووەم؛ ئەو هێمایانەی که بۆ خەونی منداڵ هەڵدەبژێرین. له دەسپێکی چیرۆکدا چیرۆکنووس دەبێ باش بتوانێ تایبەتمەندی کەسایەتی، یان کەسایەتییەکان بۆ هێماکان دیاری بکا بەجۆرێ که دەوری کەسایەتی و ڕووداو، بیرهێنانەوەی وێناگەلێک بێ که منداڵ بتوانێ لەگەڵ ئەم کەسایەتییە هێماییانە، کەسایەتی خۆی پەروەردە بکا. ڕاڤەکردنی خەیاڵی منداڵ، مەشق و ڕاهێنانی پێویستە. بەم جۆرە چیرۆکنووس دەتوانێ توانایی ناسینی لێهاتوویی ئەوانەی تری "Einfuhlung" هەبێ لەلایەکی تریشەوە دەبێ زانیارییەکی بەربلاوی له بابەت مێژووی هێماکانەوە هەبێ چیرۆکنووس به پشتگوێ خستنی ئەمانه ناتوانێ بایەخه سۆزدارییەکان فام بکا و خەونەکان لێکبداتەوە. له چیرۆکەکانی خەیاڵیدا، بەشێکی زۆر له ڕەوتەکانی دەروونی و دەرەکی ئێکسترنالیز " extrnoliz" دەبن و ئاراستەکردنیان به یارمەتی کەسایەتییەکان و ڕووداوەکانی چیرۆک دەگاته ئاستی فامکردن و تێگەیین. چیرۆکێکی خەیاڵی پۆزەتیڤ، ئەم چیرۆکەیە که بتوانێ جیهانی ڕاستی منداڵ چەواشه بکا، یانی واقعیەتەکان به جۆری بگۆڕێ که فەرمان پێدان و ئامۆژگاری کردن چ مانایەکی نەبێ، هەتا هزر و ئەندێشه بتوانێ کێشه و ئاڵۆزییەکانی دەروونی منداڵ چارەسەر بکا.

ئەدەبیاتی چیرۆکی منداڵان لەم بەشەی کوردستاندا، هێشتا له ئەزموونێکی ساوادا دەژی چەند کەسێکی وەکو "عەبدولڕەحیمی فەهیمی، سەلاحی نیساری، ئەمین گەردیگلانی و...تاد لەم بەستێنەدا، چ به وەرگێران چ به داهێنان، یان داڕشتنەوە و نووسینەوە قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە که له خۆیدا بۆ خزمەتکردن به دنیای منداڵان جێگەی ڕێزن، بەڵام تاقیکاری ئەزموونەکان بەتایبەتی له وەرگێڕاندا دەبێ به حەساسیەتەوە کاری بۆ بکرێ، چونکه زۆرێک له چیرۆکی فارسیش که بۆ منداڵان نووسراون، لەمەڕ دەروونناسی و نیازی منداڵ بێ هەڵە نین، چ بکا بەوەش کە جیاوازی کولتووری بەش به حاڵی خۆی کاریگەری لەسەر چیرۆکی منداڵ هەیە.

**پەراوێز:**

**(١) شناخت ادبیات کودکان، ل ٣٩٢.**

**(٢) فەسڵنامەی ڕافەیی و ڕاهێنان، ل ٣٤ - ٣٥.**

**(٣) چیرۆکی کەڵەشێری ورگن، نووسینەوەی ئەمین گەردیگلانی، بۆکان - انجمن دوستداران یادگارهای تاریخی ایزیرتو.**

**(٤) سموورە کلکی زەردە، سەلاح نیساری، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.**

**(٥) بیرۆکەی هۆیز (تخیل) ار. ال. بیرت، ل ١٢ - ١٤-١٥.**

**(٦) تخیل. ار. ال بیرت (٢١) Addison «جوزف ادسن».**


**سەرچاوەکان:**

**(١) شناخت ادبیات کودکان، گونەها و کاربردها، نوشته دونانورتون، ساندرانورتون، ترجمه منصوره راعی..... (ودیگران) خانه ترجمه کودکان و نوجوانان، تهران ، قلمرو ١٣٨٢.**

**(٢) فصلنامه پژوهشی، تحلیلی آموزشی، سال هفتم، شماره ٢، پاییز ١٣٨٠.**

**(٣) تخیل آر. ال .برت ترجمه مسعود جعفری جزی، تهران، نشر مرکز، ١٣٨٢.**

**(٤) زندگی در دنیای متن ، شش گفتگو یک بحث، پل ریکور، ترجمه بابک احمدی، تهران نشر مرکز ١٣٨٤.**

**(٥) روانشناسی تعلیم وتربیت، کارل گوستاو یونگ، ترجمه علی محمد برادران رفیعی، تهران، جامی ١٣٨٣.**

**(٦) افسون و افسانەها، برونو بتلهایم ـ افسانه شریعت زادە هرمس ١٣٨١.**

# چەند سەرنجێکی خێرا لە ڕۆمانێک

## «بەبۆنەی وەرگێڕانی یەکەمین نۆڤلێتی یۆسا بۆ کوردی»

دڵشاد خۆشناو
(سلێمانی)

هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرم لەوە نەکردبووەوە بابەتێکی ڕەخنەیی لەسەر وەرگێڕان بنووسم، چونکە بە تەواوەتی باوەڕم بەوە هەیە کە سەلیقە و زمان و شێواز لە وەرگێڕاندا کاریگەریی جۆراوجۆریان بەسەر بابەتی وەرگێڕدراودا دەبێت، بۆیە بەلای منەوە نووسینی بابەتێک لەسەر وەرگێڕان کارێکی سەخت و تا ڕادەیەکیش بێ هوودەیە، چونکە کەسی وەرگێڕ تا ڕادەیەکی باش پشت بە سەلیقە و شێواز و زمانی خۆی دەبەستێت، دیارە ئەوەش لای وەرگێڕەکە خۆی ڕەنگە پاشخانێکی ئەدەبی باشی هەبێت و لەو بارەیەوە لەسەر بیروباوەڕی خۆی ڕژد بێت.

لەگەڵ هەموو ئەو قسەوباسانەی سەرەوەشدا، زۆر جار مشتومڕ لەسەر مەسەلەی ئەمانەت، یان خیانەت و داهێنان لە وەرگێڕاندا دێتە پێشەوە، بەڵام من پێم وایە وەرگێڕان خۆی لەخۆیدا کۆمەڵێک بنەما و ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، کە پێویستە وەرگێڕ پەیڕەویان بکات و سنووریان نەبەزێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا داهێنان لەکارەکەی خۆیدا بکات، لە لایەنی ئەمانەت و خیانەتەوە پێویستە وەرگێڕی چاک هەردوو لایەنەکە پەیڕەو بکات و مافی هەردوو لایەنەکە وەکو پێویست لەبەرچاو بگرێ، واتە ئەمانەت لە تێگەیشتن و داهێنان لە داڕشتنەوەی دەقەکەدا، بۆیە پێویستە بە وردی تێکستەکە بیخوێنێتەوە و لێی تێبگات، دواتر بە دیقەتەوە وەریبگێڕێت و بە زمانی دایک دایبڕێژێتەوە، دیارە ئەمەش زۆر لایەنی تری وەرگێڕان، بەتایبەتی لە لایەن هەندێک فەریکە وەرگێڕەوە فەرامۆش دەکرێت، کە تازە دەست دەدەنە وەرگێڕان و لە زمانی شەشەم و حەوتەمەوە بەرهەم وەردەگێڕن، نەخاسما زۆرێک لەو

جۆرە وەرگێڕانە بە ئاسانی دەروەستی زمانی فارسی دێن و تەشقەڵەی پێ دەکەن، ئەوەیش چەند هۆکارێکی جیاوازی هەیە، بەشێکی پێوەندی بە لێکچوونی ڕستەسازییەوە هەیە لەگەڵ کوردی، بەشێکیشی پێوەندی بە فرەبوونی وەرگێڕان بۆ زمانی فارسییەوە هەیە، کە فەریکە وەرگێڕەکان بۆ وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی کوردی وەسوەسە دەکەن ، بێ ئەوەی پێشتر بیخوێننەوە و لەکاتی خوێندنەوەیدا خۆیان تاقی بکەنەوە، کە ئاخۆ دەتوانن وەریبگێڕن، یان نا. لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە پرۆسەی وەرگێڕان لە کوردستان وەکو زۆربەی پرۆسەکانی تر، بێ خاوەنە و هیچ دامودەزگایەک نییە بەر لە چاپکردن، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن، یان بەراوردکردن بۆ ئەو دەقە بکات کە وەردەگێردرێت و دەخرێتە بازاڕەوە، هەر بۆیە لە دەرەنجامدا بە کۆمەڵ بەرهەم دەکەوێتە بازاڕەوە کە هەر کامیان بە شێوەیەک وەرگێردراون، لە هەندێ کتێبدا بەهیچ شێوەیەک ناچێتەوە سەر کتێبە سەرەکییەکە، کاتێ خوێنەریش بە شەوق و تامەزرۆییەکی زۆرەوە کتێبەکە دەکرێت و دەیخوێنێتەوە، تووشی شۆک دەبێت و بەهۆیەوە تەنانەت هەندێک جار لە خوێندنەوەش دەبێزرێت، ئەمەش بەهۆی چەند مەسەلەیەکەوەیە، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە بڕێکیان بکرێت وەکو پرسی هاوتاکردنی ئیدیۆمی زمانی دەسپێک و زمانی مەبەست کە ئەویش بۆ شارەزابوونی وەرگێڕ لە هەردوو زمانەکەوە دەگەڕێتەوە، ئەمەش لەناو کورددا دەگمەنە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ناکرێت چاوپۆشی لە گۆڕینی زاراوە و فرمانەکانی ڕابردوو و ڕانەبردوو و تاک و کۆ و سیفەت و ناسراوی و نەناسراوی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم و هەموو مەسەلە ڕێزمانییەکانی تر بکرێ، هەر لە خاڵبەندییەوە بگرە تا دەگاتە پاشگرەکانی (مان و کان).

ئەوەی من دەمەوێ سەرنجی بدەمێ و سەرنجی خوێنەران بە گشتی و وەرگێڕە ئازیزەکانی بە تایبەتی بۆ ڕابکێشم، وەرگێڕانی ئەو نۆڤلێتەی ماریۆ ڤارگاس یۆسایە.

دوو ساڵ لەمەوبەر کتێبی (واقیعییەتی نووسەر)ی ماریۆ ڤارگاس یۆسام بۆ کوردی وەرگێڕا و لە لایەن بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی چاپ و بلاوکرایەوە، هەر ئەو کاتەش وەسوەسە بووم بۆ ئەوەی بتوانم یەکێک لە شاکارەکانی ئەو کەڵە نووسەرەی ئەمەریکای لاتین بۆ هاوزمانانم وەربگێڕم بۆ کوردی، هەڵبەتە ئەو کاتە یۆسا هێشتا خەڵاتی نۆبڵی وەرنەگرتبوو، پێشتریش یەکێک لە وتارە ڕەخنەییەکانیم لە گۆڤاری (ڕامان)دا بلاو کردبووەوە، نزیکەی دوو بەشم لە نۆڤلێتی (کێ پالۆمینۆ مۆلرۆی کوشت) وەرگێڕا، بەڵام مخابن بەهۆی ڤایرۆساوی بوونی کۆمپیووتەرەکەم فایلەکەیم لەدەست دا، هەر ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی لە دووبارە وەرگێڕانی سارد ببمەوە، هەر بۆیە کاتێک وەرگێردراوی کوردی ئەم نۆڤلێتەم لە کتێبخانەیەک بینی، زۆر بە جۆش و خرۆشەوە لێم ڕوانی و یەکسەریش کڕیم، کاتێ هێنامە ماڵەوە بە سەرنجەوە دەستم بە خوێندنەوەی کرد، بەڵام هەر لەگەڵ خوێندنەوەی بەشی یەکەمی، کە تەنیا سێ لاپەڕەی کتێبەکەی لەخۆ گرتووە، لە خوێندنەوەیەدا هەستم بە قورساییەکی زۆر کرد، هەر بەوە وەسوەسە بووم بۆ ئەوەی کە هەردوو زمانەکە (فارسی و کوردی) بەراورد بکەمەوە، هەر بۆیە لە دەرەنجامدا لە بەراوردکردنی تەنیا دوو بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا گەیشتمە ئەو خاڵانەی خوارەوە:

١- هەوڵ نەدراوە ڕۆمانە فارسییەکە لەگەڵ زمانێکی




تری وەکو ئیسپانی، یان ئینگلیزی تەنانەت عەرەبیش بەراورد بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە بارەی ئیدیۆم و هەندێ زاراوەوە تووشی گرفت نەبن، بەڵام ئەوە دەبیندرێت کە لە زۆر شوێندا تووشی گرفت بوون و شتی وایان بەکار هێناوە کە لە زمانی کوردیدا نامۆیە، هەر لەیەکەم ڕستەشدا تووشی ئەم هەڵە کوشندەیە بوون، سادەترین نموونەشم بۆ ئەوە ئەوەیە کە هیچ کات لە کوردیدا، یان تەنانەت لە کوردەواریشدا زاراوەی بێ دایک و باوک بەکار ناهێندرێت، لە جیاتی ئەوە وشەی (زۆڵ، بیژوو) بەکار دەهێندرێت، ئەویش هەندێک جار بۆ مەسەلەی شارەزابوون لە کارێک، یان شتێک بەکار دێت، بە دەگمەنیش لە حاڵەتی وادا بۆ بێ بەزەیی بوون دێت، هەربۆیە لە یەکەم پەرەگرافدا وەرگێڕە بەڕێزەکان زاراوەی بێ دایک و باوکی فارسییان وەکو خۆی بە وەرگێڕانی پیت بە پیت وەرگێڕاوە.

٢- تێکەڵکردن، یان نەزانینی وشەی هاوتا لە کوردیدا، لە پەرەگرافی دووەمدا کە لە فارسییەکەدا هاتووە، (جوان را از درخت خرنوب کهنسال هم حلق آویز کرده بودند و هم جابه جا به صلابه کشیده بودند) واتە (لاوەکەیان هەم بە دار خڕنووکێکی بەتەمەن هەڵواسیبوو و هەم هەر لەوێشدا لە قەنارەیان دابوو) برایانی وەرگێڕ صلابە بە صلیب تێگەیشتوون و لە وەرگێڕانەکەدا نووسیویانە (لاوەکەیان بە درەختێکی بە تەمەنی خڕنووک هەڵواسیبوو و هەر لەوێشدا لە خاچیان دابوو)، صلابە ئەو پارچە ئاسنەیە کە گۆشتفرۆشەکان ئاژەڵی سەربڕاوی پێوە هەڵدەواسن، نەک خاچ.

٣- کەمکردنەوەی زاراوە، یان وشە، لە پەرەگرافی دووەمدا کە باسی ئەو لاشە کوژراوە دەکرێت، هەر لەخۆوە زاراوەیەک دەرهێنراوە کە هەموو ڕستەکەی شێواندووە و مانا سەرەکییەکەشی لەدەست داوە، لە فارسییەکەدا هاتووە کە (ظاهرش به اندازەای مضحک بود که بیشتر به مترسک یا عروسک خیمه شب بازی آش و لاش شده می ماند تا جسد) واتە (ڕواڵەتی هێندە پێکەنیناوی بوو کە پتر لە داهۆڵ، یان بووکەڵەیەکی چادری قەرەقۆزی لێک هەڵقەندراو دەچوو تا لاشە) دیارە وشەی (لێک هەڵقەندراو، یان پارچەپارچەکراو) لەم پەرەگرافەدا پەڕیوە، یان دەرهێندراوە، جا یان بە ئەنقەست، یان بە ڕێکەوت، هەرچۆنێک بێت، لە مانای ڕستەکەی گۆڕیوە.

لە لایەکی تریشەوە هەر لە هەمان پەرەگرافدا هاتووە (بزهای پسری کە جسد را پیدا کردە بود) واتە (بزنەکانی ئەو کوڕەی کە لاشەکەی دۆزیبووەوە)، لە خۆوە وشەی لاشەکەی لابراوە و تەنیا نووسراوە (بزنەکانی ئەو کوڕە لاوەی کە دۆزیبوویەوە)، واتە وشەی لاشە لابراوە و وشەی لاوەی بۆ زیاد کراوە، لە پەرەگرافی حەوتەمی بەشی دووەمدا، لە فارسییەکەدا هاتووە کە(لیتوما کف ڕوی آبجو را فوت کرد)واتە (لیتۆما فووی لە کەفی سەر بیرەکە کرد) کەچی لە کوردییەکەدا هاتووە (لیتوما فووی لە بڵقی سەر ئاوەکە کرد)، بە قودرەتی قادر کەف بۆتە بڵق و بیرەش بۆتە ئاو، لە ڕستەی دواتردا دیسان زاراوەیەک زیادکراوە کە ڕستەی پێش خۆی پشتڕاست دەکاتەوە، کە ئەوەی خورادوویەتییەوە ئاو بووە نەک بیرە، بۆیە کە لە فارسییەکە نووسراوە (یک قلپ خورد و گفت) لە کوردییەکەی نووسراوە (قومێک ئاوی خوارد و گوتی) لە حاڵەتێکدا ئاو ناخورێت، بەڵکو دەخورێتەوە، دەبوایە بنووسرێت (قومێکی لێدا و گوتی)، یان (قومێکی لێ خواردەوە و گوتی)، هەرچەندە ئەوەی یەکەم جوانترە، چونکە لە کوردیدا دەنووسرێت قومێکی لێدا. لە



پەرەگـرافی نۆیەمی بەشی دووەمـدا هاتووە (پلیس باید قلبش از سنگ باشـە، چون گـاهی لازمـە آدم حرومـزادە باشـە) کـە پێـویست بوو وا بنووسـرێت (پۆلیس دەبێت دڵرەق بێت، چونکە هەندێک جار پێـویستـە مـرۆ زۆڵ بێت)، کەچی لە وەرگێڕانەکەدا نـوسراوە (پۆلیس دەبێت دڵی لە بەرد بێت، چونکە پێویستـە مرۆڤ حەرامـزادە بێت)، دیارە کـە وشـەی هەندێک جـار لێـرەدا پەڕیوە و نەنووسراوە، هەروەها هەمان وشەی حەرامزادەی فارسی دانراوەتەوە لە کاتێکدا دەتوانرێت بنووسرێت زۆڵ.

٤- گـۆڕینی زاراوە، یان وشـە، وەکو لە سـەرەوە باسم کـرد کـە بیـرە بۆتە ئاو، چۆن؟ نازانم، لە سـەرەتای پەرەگرافی هەشتـەمی بەشی یەکـەمیشـدا، هەمـان هەڵە ڕووی داوەتـەوە و ئەم جـــــارەیان برا بۆتـە برادەر، لـە فـارسییـەکەدا هاتووە (داداش، کمک میکنی. بیـاریمش پایین؟) واتە (برا، یارمەتی دەدەی. بیهێنینە خوارەوە؟) بەڵام لە وەرگێڕانی کوردییەکەدا بۆتە (برادەر، یارمەتیم دەدەی بیـهـێنیـە خـواری؟) ئەم برایە چۆن بـوو بە برادەر؟ نـازانم. لە پەرەگـــرافی دەیەمی بەشی دووەمـــدا لە فـارسییەکەیدا هاتووە (شبها دچار کابوس میشوم) کە دەبوایە کـوردییـەکـەی وەها بنووسرابایە (شـەوان تووشی کابووس دەبم)، کەچی نووسراوە (شەوان خەونی ترسناک دەبینم)، لە لایەکی تریشـەوە لە سەرەتای بەشی دووەمی فـارسییـەکەدا نووسراوە (بولرو میـخوند؟)، میـخوند لە فارسیدا بە دوو مانا دێت و بە پێی ڕستە دەگۆڕێت، هەم بە مـانای خوێندنەوە دێت و هەم بە مانـای گۆرانی گوتن، لێـرەدا وەک پێـشـتـر ئامـاژە بە تەرمـەکـە کـراوە کـە گۆرانیبێژە، مەبەستی ئەوەیە (بولرو گۆرانی دەگوت؟)، لە فـارسیـدا باسی گـۆرانی ناکرێت و تـەنیـا دەگـوترێت (میـخوند)، کـەچی لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا نووسراوە (بولروی دەگـوت؟) نازانم ئـەمـە مـانـای چیـیــە و چ کوردییەکە کە بەم شێوەیەیە.

٥- تێنەگەیشتن لە هەندێک زاراوەی تایبەت، ئەمەش یەکـێکە لەو هەڵە گـەورانەی کـە هەندێک لە فـەریکە وەرگێڕەکان تێیدەکەون و لە هەندێک زاراوەی تـایبەتی فـارسی تێناگـەن و بە شێـوەی وەرگێڕانی پیت بە پیـتی وەریدەگـێـڕن، لە کـۆتایی پەرەگـرافی هەشـتـەمی بەشی دووەمدا هاتووە کـە ( اگە شما بە چشمـتون دیدە بودین چە بلایی سر اون جـوون را آوردەن اینطور بێ خیـال راە نمیـفـتـادین برین شـهـر نو) لە کـوردییـەکـەدا وا نووسـراوە (ئەگـەر ئێوە بە چاو دەتانبینی چ بەڵایەکیـان بەسـەر ئەم لاوەدا هێناوە، ئاوەها بێ خـەم بەرێ نەدەکـەوتن بڕۆن بۆ شاری نوێ) لەگـەڵ ئەوەی کە لە جیـاتی (ڕ) نووسـراوە (ر)، لە مـاناکـەشی تووشی هەڵەیەکی مـەزن بوون، کـە ڕاستـی وەرگێڕانەکەی وایە (ئەگـەر ئێوە بەچاوی خـۆتان بینیباتان چ بەڵایەکیـان بەسەر ئەو لاوەدا هێناوە، ئەوها بە بێ خەمی نەدەچوونە لەشفرۆشخانە) دیارە کە وشەی (شـهر نو) بە مانا وردەکەی دەبێتە شاری نوێ، بەڵام لە دیالێکتی فارسی تارانیدا بە مانای (لەشفـرۆشخانە) دێت، دیارە برایانی وەرگـــێـــڕ ئەوەیان نـەزانیــــوە و هەوڵیـشیـان نەداوە بیـزانن، بۆیە کـەوتوونەتە ئەو هەڵە کوشندەیەوە کە دەرەنجامەکەی بێزرانی خوێنەری کوردە لەوەرگـێـڕانە کـوردییـەکـان، ئەگـەر لەگـەڵ زمـانێکی تر بەراوردیان بکردبایەوە بێ گومان تووشی ئەوە نەدەبوون.

٦- گـۆڕینی تاک بۆ کـۆ، یان بە پێـچەوانەوە، دیارە هەر لـە ڕسـتـەی دوای ئەوەی سـەرەوە، چەندین جـار کـۆ کـراوە بە تـاک، بۆ نموونە لە فـارسـیـیـەکـەدا هـاتووە کـە (ڕوخـــــســـــاری بـەو خـــوێنـە وشکەوە بـووە و شین هەڵگەراوییەکان، برینەکان) لە هەردوو شوێندا کراون بە تاک و تـەنیـا نووسـراوە بەو خـوێنە وشک بـووەوە شین هەڵگەڕاوەی، لە کـاتێکدا لە نێـوان خوێنی وشک بوو و شین هەڵگەڕاودا لە فـارسییـەکەدا کـۆما هەیە، واتە ئەم دوو حاڵەتە لە یەکتری جیا کراونەتەوە. لە درێژەی هەمان پەرەگـرافـدا لە فـارسـیـیـەکـەدا هاتووە (مـوی مـشکی و مجعدش، از زیر انبوهی مگس کە اطراف چهرەاش وزوز میکردند، برق میزد) ئەو وشەیەیە کۆتایی کە لە کوردیدا دەبێتە (دەدرەوشایەوە) واتە بە تاک باسی قژە لوولەکەی دەکـــات، کـــراوە دەدرەوشـــانەوە، لە ڕووی ڕێزمـــانی کوردیشـەوە هەر تووشی هەڵە بوون لەوەی کە لە سەرەتای ڕستەدا قژەکە بە تاک هاتووە و لە کۆتایی ڕستەدا بووەتە کۆ.

٧- ڕابـردوو و ڕانـەبـردوو، هـەر لـە درێـژەی ئـەم پەرەگرافەدا هاتووە کە (زیر پیراهن دریدەای بالاتنەاش را می پوشاند) واتە ژێرفـانیلەیەکی دڕاو بەشی سـەرەوەی لەشی دادەپۆشێ، دیارە دادەپۆشی فـرمـانی ڕانەبردووە، بەڵام برایانی وەرگـێـڕ ئەمـەشیـان کـردووە بە ڕابردوو و نووسیویانە داپۆشیبوو.

٨- سیفەت و دوو (ی)، لە نووسینی کوردی ئەم ڕۆمانەدا بە هیچ شێوەیەک ئەم لایەنە ڕەچاو نەکراوە و لە هیچ شوێنێکیدا دوو (ی) ناکەوێتە بەرچاو کە مەبەستی سیفەت بدات بەدەستەوە. ئەمە جگە لەو هەموو هەڵە چاپیانەی کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، زیندووترین نموونەم ئەم ڕستەیەیە کە لە کوردییەکەیدا بەم شێوەیە نووسراوە (لەو کاتانەدا دەنگی ئاهی ئەوی کە لەسەر ئاسودەی دەیکێشا بیست) کە لە فارسییەدا هاتووە (آن وقت صدای آه او را کە از سر آسودگی خیال کشیدەبود شنید) لە سەرەتای ڕستەدا وەکو هەڵەی چاپ لە جیاتی لەوکاتەدا بۆتە لەو کانەدا، دواتر دارشتنی لە کوردییەکە زۆر بێ سەروبەر و سەر لە خوێنەری کورد دەشێوێنێت، دەبوایە کوردییەکە بەم شێوەیە دابرێژرابایەوە (ئەو کاتە دەنگی ئەو ئۆخەیەی بیست کە لەبەر ئاسوودەیی گوتی)، چونکە لەکاتی ئاسوودەبوون لە شتێک هەرگیز کورد ناڵێت ئاه، دەڵێت ئۆخەیییییی، لە فارسیشدا زۆرجار هەر (ئاخەیی) بەکار دێت، ئەویش دەگوترێت، بەڵام زۆرجاریش لە فارسیدا بە کێشان دەنووسرێت و لە فارسیدا ئاساییە، بەڵام لە کوردیدا شتی وەهامان نییە.

٩- گۆڕینی کەسەکان لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا، دیارە ئەم لایەنەش یەکێکە لەولایەنانەی کە زۆر هەڵەی تێدا کراوە، جا نازانم لە ئەنقەستەوەیە، یان لە نەزانینەوە، لە پەرەگرافی سێیەمی بەشی دووەمدا هاتووە (لیتوما، این یکی رو پیداش کن تا نشان ژنرالی بە سینەت بزنن) دیارە کە لە کوردییەکەی دەبێتە (لیتوما، ئەم دانەیەش بدۆزەرەوە تا نیشانەی ژەنەڕاڵی لە سنگت بدەن) واتە کەسی سێیەم ئەو کارە دەکات و ئەم نیشانەیە دەبەخشێت بەو لێکۆلەرە، کەچی لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا هاتووە (لیتوما ئەمەیانم بۆ بدۆزەرەوە تا پلەی ژەنەراڵیت پێ ببەخشم)، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو گوتوویەتی نیشانەی ژەنەراڵی نەک پلەی ژەنەراڵی، هەروەها لە ڕووی کەسەکەش مەبەستی ئەوەیە کە کەسی سێیەم نیشانەکەی لە سنگ بدات نەک قسەکەرەکە خۆی و بڵێت پێت ببەخشم، واتە بیکاتە کەسی یەکەم، خۆی لە ڕاستیدا کەسی سێیەمی کۆیە، بەڵام وەرگێڕ کردوویەتی بە کەسی یەکەمی تاک. دیارە ئەمەش تەنیا لەم ڕستەیەدا نییە، بەڵکو لە چەند ڕستەیەکی تریش هەمان هەڵە دووبارە کراوەتەوە.

ئەم وەرگێڕانە و دەیان وەرگێڕانی تریش دەبنە هۆی ئەوەی کە خوێنەری کورد خۆی لە ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکان و لە خوێندنەوەی بابەتە وەرگێڕدراوەکان بەدوور بگرێت، دیارە لە کۆتاییدا ئەوەش بە زیانی وەرگێڕە باشەکان کۆتایی دێت و ئەوانن کە زیانیان لێدەکەوێت و خوێنەری وەرگێڕانەکان کەمتر دەبێتەوە و بازاڕیان نامێنێت. بەهیوام هەردوو ئەو وەرگێڕە ئازیزە و وەرگێڕەکانی تریش زیاتر دیقەت لە وەرگێڕان بکەن و هەوڵ بدەن جۆرێک لە هاوکاری لەنێوان وەرگێڕەکان دروست بکەن بۆ ئەوەی بە بابەتە وەرگێڕدراوەکانی یەکتریدا بچنەوە و دەرەنجام وەرگێڕانێکی باش پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکەن و کارێکی وەها بکەن کە بمێنێتەوە، نەک لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکان تۆزی لێ بنیشێت.

# زوڵەیخا و خانای قوبادی

کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)
(کەلار)

لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و گۆرانی-دا شاعیرمان زۆرە، بەپێی ماوە و کات هەندێکیان دەرکەوتوون و هەندێکی تریشیان دەستی زەمانە لەناوی بردوون و هەندێکی تریشیان لە کەشکۆڵ و بەیازی کۆنی زانایانماندا ناویان بەگومناوی ماوەتەوە و دەرنەکەوتوون، هەندێک جار لە گۆڤار و ڕۆژنامە و لەم لاو ئەولادا ناوی شاعیر و نووسەر و زانا و... تاد دەردەکەون و دەڵێن شاعیرێکی گومناوی تری کورد... لە بواری ئەدەبی کلاسیکی کوردی و گۆرانی-دا زۆر لە نووسەران و ئەدیبان و زانایان و شاعیرانمان هەوڵی ساغکردنەوە و زیندووکردنەوەی ئەدەبی کوردییان داوە و جێگەی دەستیان دیارە، ئەگەرچی هەندێکیان تەنیا ناویان خستوونەتە ناوانەوە و پارچە شیعرێکیان خراوەتەڕوو، یان شتێکی بچووک، یان چەند دێڕێک، یان نامەیەکی ئەو کەڵە زانا و شاعیرە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام کەم کەس لەو بوارەدا لێکۆڵینەوەی چڕی کردووە و ساغکردنەوەیەکی تەواوی لەبارەی ئەو شاعیرەوە خستۆتە ڕوو، هەر لەو بوارەدا بێ سێ و دوو وتراوە بەداخەوە ژیانی شاعیرمان بۆ ساغ نەکراوەتەوە، یان بۆ ڕوون نەبووەتەوە، یان وتراوە مەخابن هەر ئەو پارچە شیعرەی لە بەردەستدایە، هەبووە و واش ڕێک کەوتووە شاعیرێک لە پارچە شیعرێکدا ناو و نازناو و ساڵی لەدایکبوون و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی دەستنیشان کردووە، نموونەشمان لەم بوارەدا زۆرە.

بەهەر حاڵ لەم بوارەدا کە دەستم داوەتێ، بوارێکی قورس و گرانە، لە هەڵە بەدەرنیم، بەڵام بەپێی پشکنین و سەرچاوە بابەت و وتار و گفتوگۆی خۆم دەکەم و هەندێک جار دەکەومە پرسیار و پشکنینی ورد... ئەگەر وا ڕێ



**خانای قوبادی**

کەوت و کرا، ئەوە بڕیاری خۆم دەدەم، ئەگەر پرسیار و سەرنجی تایبەتی خۆم هەبوو، ئەوە پێم وایە و ڕام وایە و بۆی دەچم و وای بۆ دەچم... دەڵێم و وتوومە، ئەگەر بەپێی ماوە و کات زانیاری تازەم بۆ دەرکەوت، ئەوە پشت ڕاستی دەکەمەوە و دەڵێم لە فلانە وتار و بابەت و شوێندا ئەوەم وتووە، ئەوە هەڵەیە، یان بەپێی ئەم سەرچاوەیە ڕاستە.

لەم بابەتەدا دەمەوێ هەندێک لەو قسانەی پێشەوەمدا باسوخواسێک بورووژێنم و هەندێک لەو قسانەم کە کردوومن لە پرسیارکردندا ڕاستیان بکەمەوە، یان هەندێک زانیاری نوێ بخەمە سەر خەرمانی ژیانی دوو شاعیر، یان ژیانی شاعیرێک ڕاست بکەمەوە، یان ناوی بخەمە ناو ناوان و ژیانی بۆ خۆم و ئەوانەشی وەکو من دەرکەوێت و بزانرێت ئەم شاعیرە کێیە و چی لە ژیانیدا ڕووی داوە.

پێم وا نییە کەس ناوی خانای قوبادی لە ئەدەبی کوردیی گۆرانی-دا نەبیستبێت و ئەو شیعرەی بەگوێدا نەچووبێ کە دەڵێت:

**ڕاستەن مەواچان فارسی شەکەرەن**
**کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن**
**پەوچێش نەدەوران ئی دنیای بەدکێش**
**مەعلوومەن هەرکەس بەزوانی وێش**

خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرە کۆنانەمان کە خاوەنی زۆرترین شیعرە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیی گۆرانی-دا، چەند داستانێکی زۆر جوانی بەشێوەزاری گۆرانی بۆ نووسیوین و شیعری زۆر جوان و دڵگیریشی لە بوارە جیا جیاکاندا بۆ بەجێ هێشتووین. جگە لەمانەش لە زۆربەی داستانەکانیدا ئاماژەی بە ساڵی نووسینی داستانەکانی کردووە، هەروەها خانا جگە لەوەی زانا و دانایەکی بلیمەتی ئەدەبی کلاسیکی گۆرانی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند بوارێکی جیا جیادا شیعری وتووە، لەوانە: ئایینی، دڵداری، هەجوو، نامە گۆڕینەوە، داستانی کورت، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا چەند بەرهەمێکی کەمی ئەم کەڵە زانایەمان دەرکەوتووە و چاپ کراوە، شیعرە پەڕاگەندەکانیشی هەندێکی لەلایەن مامۆستا (حەکیمی مەلا ساڵح)ەوە کۆکراونەتەوە و لە چاپخانەیەکی سنە بۆ چاپ دانراوە، بەڵام تاکو ئێستا چەندین جار بۆی گەڕاوم و دەستم نەکەوتوون، ئیدی نازانم چاپ بووە، یان نا! بەڵام لەلایەن بەندەوە هەندێک لە شیعرەکانی لە کەشکۆڵ و بەیاز و گۆڤار و کتێب و نامیلکەی چاپ کراو و چاپ نەکراودا بەدەستم هێناون و ئامادەی چاپ کراون... خانای قوبادی لەو بوارانەیدا کە شیعری تێدا گوتووە، نامەیەک، لەو نامانەی تاکو ئێستا دەستی من کەوتوون، چەند پارچە شیعرێکی زۆر جوان و نایابە، ئەو نامانە لەگەڵ شاعیرانی هاوتەمەن و هاوزەمانی خۆیدا بوون، بەڵام هەندێک لەو نامانە تاکو ئێستا نازانرێت شاعیری بەرانبەریان کێیە!؟ هەندێکی تریشیان ئاشکران و شاعیری پایە بەرز و خاوەن داستان و کەڵە پیاوی سەردەمی خۆیان بوون، ئەو نامانەی کە دەستی من کەوتوون بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، ئەو شاعیرانەش کە نامەیان بۆ خانای قوبادی نووسیوە و خاناش وەڵامی داونەتەوە، بە شێوەزاری گۆرانی و زمانی فارسییە، شاعیرەکانیش بریتین لە: میرزا شەفیعی کولیایی، زوڵەیخا، صائیب.

لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا پێنج تا شەش شاعیرمان بەناوی (میرزا شەفیع)ەوە هەیە، بەڵام تاکو ئێستا نەزانراوە ئەم صائیبی شاعیرە کێیە کە خانا بە فارسی وەڵامی نامەکەی داوەتەوە، ئایا صائیبی فارسییە، یان شاعیرێکی کۆنی کوردە و شیعری بە فارسی بۆ خانا نووسیوە و خاناش وەڵامی داوەتەوە، لە نێو شاعیرانی کورددا شاعیرێکمان هەیە بەناوی (عارف صائیب)،

بەڵام زۆر کۆن نییە و لەگەڵ سەردەمی خانای قوبادیدا یەک ناگرنەوە، لە کتێبی فارسی "زندگینامەء مشهورترین شاعران و نویسندگان جهان"دا، ناوی صائیبی فارسی هاتووە و دەڵێت: صائب در سال ۱۰۱۰ هجری در اصفهان متولد شد ولی همواره به تبریزی بودن خود مباهات می کرده است... تاریخ وفات وی را به سال ۱۰۸۱ ه. ق. می دانند....

وەکو لەم ژیاننامەیەی (صائیب)دا بۆمان دەردەکەوێت ئەم صائیبە، ئەو صائیبە نییە، کە خانا وەڵامی شیعرەکەی داوەتەوە، چونکە خانای قوبادی لە ساڵی ۱۱۰۰ی کۆچی یان هیجریدا لە دایک بووە، دەبێ لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا صائیبێکی ترمان هەبێت، یان لە نێو شاعیرانی فارسدا شاعیرێکی تر هەبێ بەناوی صائیبەوە، دەکرێ بڵێین خانا وەکو وەڵامێک بۆ شیعری صائیبی فارسی پێش خۆی دابێتەوە کە شیعرەکەی بەدڵ بێت، یان بەدڵی نەبێت، یان مەجازی، یان بەشێوەیەک لە شێوەکان... بەبڕوای من ئەمانە پرسیاری بێ وەڵامن، چونکە لە ناوەرۆکی شیعرەکەدا وا دەردەکەوێت صائیب نامەیەکی بۆ خانای قوبادی نووسیبێت و خاناش بەم پارچە شیعرە وەڵامی داوەتەوە:

**آن خوش نظرير امو پرار خماره بده**
**گا گل چه افع بردوش جام زمى كشيده**
**أز تاب آتش مى پر گل شده عرق ريز**
**برگ سمن زافتگ، گا گل چه گل وستيده(*)**

زولەیخا: وەکو سەرچاوەی شیعری و داستان ئەگەر باس لە زولەیخا بکەین، ئەوە کتوپڕ دەڵێین زولەیخای عامری، خێزانی عەزیزی میسر بووە، واتە: ژنی وەزیری پادشای میسر و دواتر بەهۆی خۆشەویستیی بەتینی بۆ یووسفی کوڕی یەعقووبی کوڕی ئیسحاق... زولەیخا لەگەڵ پێغەمبەر یووسفدا چیرۆکێکی دووردرێژیان هەیە، لە قورئاندا باسی ئەم چیرۆکە بە دوورودرێژی کراوە، بۆیە لێرەدا پێویست بە باسکردنی ناکات و باسی ناکەین.

بەڵام زولەیخا لەبەر ئەو خۆشەویستییەی بۆ یووسف و جوانیی هەردووکیان لە شیعری شاعیرانی کوردی شێوەزادی گۆرانی و سۆرانی-دا ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە هەوێنی زۆری شیعری شاعیران، تالعی (حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە) لەپێش خانای قوبادی ژیاوە و لە شیعرێکیدا کە بە شیعری گڵکۆی تازە یار ناسراوە و بۆ کۆچی دوایی دۆستەکەی وتوویەتی، دەڵێت:

**گڵکۆی تازە یار، گڵکۆی تازە یار**
**ئارۆشیم وە سەر، گڵکۆی تازە یار**
**خەیلێ گرەوام نەپای ئەو مەزار**
**واتم زولێخای شۆخی خاتردار**

خانای قوبادیش شیعری زۆر جوانی بەسەر زولەیخادا وتووە، لە فەردێکی فارسیدا دەڵێت:

**نيم يوسف دل دارم زليخا**
**چه غم دارم كه شد يارم زليخا**

لەم فەردەدا خانا دەڵێت: من نیمە دڵێکی وەکو یووسف، بەڵام هەمە زولەیخایەک و هەرچی غەمم هەیە بەهۆی زولەیخای یارمەوە ڕۆیشت.

بەڵام لە پارچەیەکی تردا بە شێوەزاری گۆرانی دەڵێت:

**زلێخای سانی، زلێخای سانی**
**زلێخای میسری، دەوری جوانی**
**ریشووی پێی سەربەست دەوری پێشانی**
**ریزی بەست وێنەی سوپای ئێرانی**

لەم پارچە شیعرەدا زۆر بەڕوونی بە یارەکەیدا هەڵدەڵێت و شانازی پێوە دەکات، بەڵام لە شیعرێکی تردا دیسانەوە بە یارەکەیدا هەڵدەدات و دەڵێت:

**زلێخام ناره ...... ......، زلێخام ناره ...... ......**
**زلێخام جەمین شەوق (نمارە!)**
**حاجیبان دوو قەوس قەزا کرداره**
**موژەش خەدەنگ (جوی!) ئەسفەندیاره**

بەم شانازی و پیاهەڵدانەدا تا دەگاتە ئەوەی بڵێت:

**گاه ئەلفەن، گاه کاف، گاهێ مەیخواره**
**گاه، گاه وە سەیوان نیمرەس ئەناره**
**گۆنای گوڵگەستە سێف خوانساره**
**..................... وێنەی دانەی ئەناره**
**ئەر شا، ئەر گەداش، ئەگەر خونکاره**
**بەدتەر نافشان دڵ بێ جۆیاره**
**بێنێ نەخش زەڕ تەڵای ئەفشاره**
**شەم نیسبەت شاهان پێش ئینتزاره**
**لەب لەعل عەقیق مەتای مەهاره**
**خارا جه ڕۆمات بەڵخ و بوخاره**

هەروەکو دەشزانین خانای قوبادی خاوەنی داستانی یووسف و زولەیخایە بەشێوەزاری گۆرانی و لەلایەن

حەکیمی مەلا ساڵحەوە چاپ کراوە، بەڵام مەخابن تاکو ئێستا نەزانراوە ئایا لە ئەدەبی کلاسیکی گۆرانیدا شاعیرمان هەیە بەناوی زولەیخاوە؟ بەپێی ئەو گەڕان و پشکنینەی ماوەی چەند ساڵێکە زۆر کونوکەلەبەر و ئەم شار و ئەو شار و پرسیار و گەڕان و کتێب و نامیلکە و گۆڤار و ڕۆژنامەکان گەڕاوم، تاکو ئێستا هیچ شاعیرێکم بەناوی زولەیخاوە بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام وەکو محەمەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەیی لە بارەی ژیانی خانا و شیعرەکانییەوە ئەو ٤٩ لاپەڕەیەی بۆی ڕەوانە کردم، لەو بابەتەدا شیعرێکمان بەناوی زولەیخاوە بەرچاو دەکەوێت، ئەم شیعرە بریتییە لە چەند دێرێک و نامەیەکە بۆ خانای قوبادی نووسراوە، لەو شیعرەدا زولەیخا باس لە دڵگیری خانا دەکات و داوا لە خانا دەکات باسی دڵگیری خۆی بۆ بکات، وا لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە ئەدەبی کلاسیکی گۆرانی-دا شاعیرێکی ئافرەتمان بەناوی زولەیخاوە هەیە، لێرەدا ناوی دەخەینە ناوانەوە و باسێکی لێوە دەکەین، هەر چەندە جارێ ساڵ و تەمەن و ژیانی ئەم شاعیرەمان نازانرێ، بەڵام ئاشکرایە کە هاوتەمەنی خانای قوبادی بووە و نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ خانادا هەبووە، زولەیخا لەو پارچە شیعرەیدا کە بۆ خانای نووسیوە دەڵێت:

**سەرسامم کەردەن، سەرسامم کەردەن**
**خانا دڵگیریت سەرسامم کەردەن**

وەکو لەم دێرەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، زولەیخا سەرسامی خۆی بۆ دڵگیری و بێ تاقەتی خانا دەردەبڕێت کە خانا لە پارچە شیعرێکدا باسی دڵگیری خۆی دەکات.

هەروەها لە دێرێکی تردا زولەیخا دەڵێت:

**بەو شا کە ئاگای ڕووی پشتی پەردەن**
**پەی کەم دەماخیت ئیمانم هەردەن**

لەم دێرەدا زولەیخا سوێند بەخوا دەخوات و دەڵێت: بەو شاهەی کە ئاگای لە پشتی پەردە هەیە، یان بەو شاهەی کە لە پشتی پەردەیە و ئاگای لە هەموو شتێک هەیە، بە کەم عەقڵی، یان کەم فکری تۆ ئیمانم چووە...

**ئەڵبەت چەندێوەن تۆ کەم دەماخی**
**هامڕاز مەینەت شەریک ئاخی**
**نام جە دڵگیری هەر ئاخ ئاختەن**
**یان پەی زولف و خاڵا کەسێ داختەن**

لەم دوو دێرەی سەرەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە زولەیخا چۆن ئامۆژگاری خانا دەکات و دەڵێت: هەڵبەتە هەرچەندە کە تۆ کەمێک کەم دەماخی و هاوڕێی مەینەتی و شەریکی ئاخی، ناوت لە دڵگیریدا هەر ئاخە، یان لە ناختدا وا دیارە پڕیەتی لە ئاخ و پێم ناخۆشە، یان تۆ (خانا) لە دەستی زولف و خاڵی کەسێک دەناڵێنی کە ئەویش یارتە، واتە دڵدارتە، لەم دێرانەی سەرەوەدا، دەبێ لە سەر ئەوە بووەستم و بڵێم: دیارە ئەم زولەیخایە شاعیرێکی زۆر زیرەک و دانا و وریا بووە، یان دۆستی خانا بووە، یان کەسێکی زۆر نزیکی خانا بووە و لە هەندێک کاری خانا ئاگادار بووە، وەکو ئەوەی زولەیخا باسی لێوە دەکات، کە خانای قوبادی لە دەست شتێک دڵگیر بووە، ئایا ئەو دڵگیرییە دووری یارەکەی بووە، یان پیری، یان خەمی کەسێکی زۆر خۆشەویستی خانا بووە...

ئەگەر بڕۆینە ئەو بڕوایەوە، کە زولەیخا خێزانی خانا بووە و دوور بووە لە خانا، ئەوە هەندێک دێری ناوەڕۆکی نامەکە ئەوە ڕەت دەکاتەوە، بەڵام وەک دیارە بەهۆی ئەوەی کە خانای قوبادی زۆر شیعری بۆ زولەیخا وتووە و زولەیخا هەموو ئەمانەی بەدەست گەیشتووە و دەستی خانا لەلای زولەیخا کەشف بووە، بۆیە زولەیخا دەڵێت:

**نام جە دڵگیری هەر ئاخ ئاختەن**
**یان پەی زولف و خاڵ کەسێ داختەن**

ئەگەر بڵێین دۆستی، یان یاری بووە، ئەوە شتێکی ترە و بەڵگەی زیاترمان نییە، جگە لەو چەند پارچە شیعرەی خانا کە باسی زولەیخا دەکات، ئەم نامەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دۆستەکەی بە زولەیخا ناو بردووە، بەڵام بەڵگەمان بەدەستەوە نییە، لەوانەشە بڵێین: ئەی خۆ چەند شاعیری تر ناوی یارەکەی بە زولەیخا بردووە، بەڵام خانا ئەو خۆشەویستییەی و ئەو نامەیەی بۆ خانا نووسراوە لەلایەن زولەیخاوە شتێکی ترە...

زولەیخا لەم چەند بەیتەی دواییدا دەڵێت:

**یام جە دەس کەسێ خاتر لات ڕێشەن**
**عاقیبەت بە خەیر گونای من چێشەن**
**ئەر جە دولبەرین دڵبەردەی ئەیام**
**شەرح دڵگیریت مەعلووم کەر جەلام**
**شەرح بەیان کەر خاقانی خامە**
**شوعەرای جامی نەزم نیزامی نامە**

**ڕاس پەنەم واچە میرزام بەو کە لام**
**وەرنە مەنیۆنە سەر وە مولک شام**

واتە: یان تۆ لە دەست کەسێکی خاتردار بریندار و زاماری، یان عاقیبەت بەخێر بێت و گوناهی من چییە و تاوانی منی تێدا نییە، ئەگەرچی دولبەرین دڵبردەی ڕۆژ، باسی دڵگیری خۆت لەلام باس بکە و بۆمی بگێرەوە، تەواوی شەرح بکە وەکو خاقانی بە قەڵەم و وەکو جامی شاعیر و نامە شیعرییەکەت با وەکو نەزمی نیزامی بێت، دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێم کە زولەیخا ئەم نامەیەی نووسیوە بۆ خانا، وا دیارە ئاگای لەوە هەبووە کە خانای قوبادی بەرهەمەکانی نیزامی بە شێوەزاری گۆرانی وەرگێڕاوە، داوا لە خاناش دەکات ئەم نامەیە هەر وەکو ئەو جوانکارییەی لەو بەرهەمانەتدا کردووتە، لێرەداشدا ئەو جوانکاری و ڕاستییە بڵێ و بیکە، بەڕاستی پێم بڵێ میرزا (خانا) و سوێند بخۆ بە کەلام، ئەگەرنا... ئەوە سەر دەنێمە موڵکی شام و سەری خۆم هەڵدەگرم.

لەم نامەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم زولەیخا ناوە دەبێ دۆستی خانا بێت، یان بۆچوونێکی تر هەیە، کە دەبێ پشت ڕاست بکرێتەوە، وەکو بۆی دەچم خانا لەو شیعرەیدا کە دەڵێت:

**بەهار تەنیای تاک، بەهار تەنیای تاک**
**بەهار جە حاجەت فەرد تەنیای تاک**
**واچی بەگوڵان دەرنەیۆن جە خاک**
**چونکە دڵەی من نیشتەن جە خەمناک**
**زەمین سەرخۆش بۆ دەرنەیۆ گیا**
**چونکە دڵەی من سفتەن بی سیا**
**بەڕەزە نەڕێزۆن بەڕووی شاخان**
**نەرگز سەوز نەبۆ بەڕووی هەردانا**
**خاشخاش دەرنەیۆ چە هەردەبانان**
**سووپا نەپێکێۆ چون تیپ خانان**
**گەورە کناچان نەلان باوان**
**حاکم وە دڵشاد نەگێرۆ دیوان**
**چونکە دڵەی من بییەن وە بریان**
**یاخوا وشکەرۆ ناو چە شەتاوان**
**وشکەرۆ جۆگای سەرباخچە و گوڵان**
**لەبێخ بکەنۆ شاخەی شەتاوان**
**شاخەی شەتاوان بۆی عەتر شەوبۆ**
**خەیەی گوڵاڵان چە دامان کۆ**

لەم شیعرەدا وا دیارە کە خانا ئەم شیعرەی بۆ کۆچی دوایی خێزانەکەی وتووە لە پیرێتیدا و ماڵئاوایی خێزانەکەی زۆر کاری تێ کردبێت، بەڵام ئەو نامەیەی زولەیخا وا دیارە دوا دوایی تەمەنی خانا بووە و خانا ویستبێتی خێزانێکی تر پێکەوە بنێت و دڵی بەم زولەیخای شاعیرەوە بێت، وەکو بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێک خانا وەڵامی زولەیخا دەداتەوە، دەڵێت:

**هەر من بەندەی تۆم، هەر من بەندەی تۆم**
**خوا مەزانۆ هەر من بەندەی تۆم**
**داغ دار بە داغمای مودام ژەندەی تۆم**
**غوڵام قەدیم بەزەر سەندەی تۆم**

وەکو لەم پارچەیەدا دیارە خانا وەکو یووسف خۆی بە بەندەی زولەیخا دەزانێت، هەر وەکو لە فەردە فارسییەکەشدا هاتووە خانا وتوویەتی: من نیمە یووسفێک، بەڵام هەمە زولەیخایەک، کەواتە ویستوویەتی داوای زولەیخا بکات و بیکات بەدۆستی خۆی.. خانا دەڵێت: من هەر لە کۆنەوە داغداری تۆم و دەمەوێ بەدەوری تۆدا بێم، وای بۆ دەچم خانای قوبادی ویستبێتی داوای زولەیخا بکات و بەخێزانی خۆی ڕای بگرێت، وەکو چۆن یووسفیان بەزێڕێکی زۆر کڕی، منیش بە زێڕوزیوێکی زۆرەوە دێمە داوات و تۆ داوا دەکەم، یان بە بۆچوونێکی تر کە دوای ئەوەی یووسف بووە بە دەسەڵاتدار لە میسردا و پلە و پایەی وەرگرت و بەکارەکەی زولەیخای زانی.. زولەیخای مارە کرد و کردی بەخێزانی خۆی...

**نە جە تۆ دڵگیر نەپەی کەس داخم**
**جە شادی شێوەت بەرزەن دەماخم**

هەروەها خانا بە زولەیخا دەڵێت: من نە لە تۆ دڵگیرم و نە بۆ کەسی تر داخ و خەمم هەیە، بەڵکو لەبەر جوانی و شۆخوشەنگی شێوەی تۆیە من شادم و بەرزە دەماخم.

**دڵگیریم چێگەن شای سۆسەن خەڵان**
**ڕاسم هەرلا ئێدەن بە شای ئەودالان**

دڵگیریم چییە ئەی سۆسەن خاڵان، ڕاستی هەر ئەمەیە لای من، ئەوەیە کە بەڕاستی من دەڵێم بە شای باڵا دەستان کە خوایە، خانا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**دڵگیریم چێگەن قیبلەم بەو کەلام**
**ئەر سەد کە مەنیەی سەر وە مولک شام**

خانا لەسەر قسەی خۆی سوور دەبێت و دەڵێت: بە

کەلام قیبلەم هەر بۆ دڵگیری تۆیە و هیچی تر، ئەگەر سەد جاریش بڕۆی و سەر بنێیتە موڵکی شامەوە.

لە کۆی ئەم باسوخواسەوە ئەم بیروڕایەم دووبارە دەکەمەوە و دەڵێم: خانای قوبادی دوای ئەوەی خێزانەکەی کۆچی دوایی کردووە و زۆر دڵگیر بووە، ویستوویەتی خێزانێکی تر بۆ خۆی پێکەوە بنێت و لە پاڵی ئەمدا ئارام ئارام و بە لۆژە لۆژ ڕۆژگار بباتە سەر، دوای ئەوەی چەند شیعرێک بۆ زوڵەیخا ناوێک دەنووسێت، زوڵەیخا بەم کارە دەزانێت و بەو پارچە شیعرەی سەرەوە باسوخواسێک لەگەڵ خانا دێنێتە ئاراوە، خاناش بە ڕوونی وەڵامی زوڵەیخا دەداتەوە و بەڕاستی بۆی ڕوون دەکاتەوە کە ئەو بۆ کەس دڵگیر نییە و تەنیا شتێ کە دڵگیری بکات- تۆی ئەی زوڵەیخا.

خانای قوبادی ڕوون و ئاشکرا داوای زوڵەیخا دەکات و نیازی خۆی بۆ باس دەکات، بەڵام مەخابن کە نازانرێ دوای ئەمە لە نێوان خانا و زوڵەیخای شاعیردا چی ڕوو دەدات، ئایا خانای قوبادی زوڵەیخای خواستووە، یان نا؟! ئایا دوای ئەمە زوڵەیخا وەڵامی خانای داوەتەوە؟ یان...

لە کۆتایی ئەم باسوخواسەدا و تاکو دەستکەوتنی زانیاری نوێ و بەڵگەدار، دەڵێم:

**(باقی والسلام) ئەمجار کۆتا بێ**
**سەلات و سەلام بەر محەمەد بێ**

**(*) تێبینی: ئەم شیعرە فارسییەی خانای قوبادی شێوەیەک لە شێوەکانی لەنگی پێوە دیارە، لەبەر نەبوونی نووسخەی دیکە نەمتوانی دەستکاری بکەم و چۆن بۆم هێنراوەتە سەر ڕێنووس، هەر بەو شێوەیە نووسیومەتەوە، مامۆستا محەمەد ڕەشید ئەمینی پاوەیی پێداچوونەوەی بۆ کردووە و هەمان ڕای منی هەبووە، دیسان برادەرانی فارسی زانی گۆڤارەکەش ئاگاداریان کردمەوە و سوپاسیان دەکەم.**

**سەرچاوە:**

**١- کەشکۆڵی سۆزی نیشتمانی مامۆستا نەجمەدین مەلا، لا- ٨٩، ئەم کەشکۆڵە لەلایەن مامۆستا عەلی کەمال باپیر ئاغاوە دووبارە نووسراتەوە، بەپێی هەندێ بەڵگە کە لەلایەن مامۆستا حەمە بۆرەوە بەردەستم کەوتووە و دەنگی تۆمارکراوی ئەو بابەتەم لەلای خۆم پاراستووە.**

**٢- پارچە کاغەزێکی باریکی بچووک، فەردێکی خانا و وەڵامی شیعرێکی بۆ صائیب تێدایە، لەلای مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی بەدەستم هێناوە و ناوی هیچ کەس و شوێن و ساڵێکی لەسەر نییە و نەنووسراوە.**

**٣- کەشکۆڵی مەحموودی کوڕی محەمەد، لە ساڵی (١٢٩١هـ ق) نووسراوەتەوە،پرسیاری زوڵێخا ناوێ بۆ خانای قوبادی و وەڵامی خانای قوبادی لە هەمان سەرچاوەدایە.**

**٤- "زندگینامەء مشهورترین شاعران و نویسندگان جهان": اعظم السادات حسینی، چاپی پێنجەم، ١٣٨٥- انتشارات نشاگ، لا- ٥٠.**

**٥- کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی (کەشکۆڵی عەبدولفەتاح): محەمەد عەلی قەرەداغی- بەرگی پێنجەم- چاپی یەکەم- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس- ژ: ١٤١، هەولێر- ٢٠٠٢.**

# ڕۆڵی ژینگە لەسەر مرۆڤ

کەریم حیکمەتی
(بۆکان)

بەپێی ئەو ڕاوبۆچوون و لێکۆڵینەوانەی کە لەلایەن مۆنتیسکیۆ و ڕاتزێلی جوگرافیزانی جەبرگەراوە کراوە، دەردەکەوێ کە ژینگە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە شوێن دانان لەسەر مرۆڤ هەیە و ئەوان جێ پێی ئەم شوێنگێرییە بە حەتم و ڕوونی نێو دەبەن. هەرچەندە کە ویدال دولابلاش دژ بەم بۆچوونانە ڕادەوەستێ و مەکتەبی ئیختیار چێ دەکات، بەڵام من لەم گوتارەدا لەسەر ڕۆڵی ژینگە و ئاوو هەوا لە ڕوانگەی ڕاتزێلەوە دەدوێم. مۆنتیسکیۆ لەم بارەیەوە دەڵێ: جیاوازی خووخدە و عادەت کە لە چارەنووسی نەتەوەکاندا شوێن دادەنێ تا ڕادەیەکی زۆر بەهۆی ڕۆڵی ئاووهەواوەیە. ئەو دەڵێ: خەڵکی ناوچە ساردە سێرەکان تا ڕادەیەکی زۆر خوازیاری کار و تەقەللاو زەحمەتی ماندوویی نەناسانەی بێ وچانن، لە حاڵێکدا کە خەڵکی ناوچە گەرمەسێرەکان تەوەزەل و ڕاحەت تەڵەبن.

ڕاتزێلیش لەم بارەوە دەڵێ: ئاووهەوا و هەلومەرجی سروشتی هۆی سەرەکی ڕووداوگەلی ئینسانی و جوگرافیایین. ئەو بەپێی ئەم بۆچوونە وڵاتی هیندستان وەک وێنە نێو دەبات و دەڵێ: هەوای گەرم هۆی سستی و تەنبەڵی و تەوەزەلی هیندییەکانەو ئەمەش بووەتە هۆی ئەو ئاکامەی کە هیندییەکان ئاسوودەگەری و ڕاحەت تەڵەبی بە بنەمای هەموو شتێک بزانن و بیکەنە ترۆپکی هیواو تاسەو باوەڕەکانیان.

بێ گومان ئەگەر ئەم بۆچوونە سەد لەسەد نەسەلمێنرێ ناشکرێ بە تەواوی ڕەت بکرێتەوە، چونکە شوێن دانانی ئاووهەوا لەسەر ڕوخسار و دیمەنی مرۆڤەکانیش ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە هەر وەک دەبینین خەڵکانی دەوروبەری هێڵی ئیستیوا، لەژێر کارتێکەری

ڕاستەوخۆ و ئەستوونی هەتاودا خاوەن پێستی ڕەشن لە حـاڵێکدا خـەڵکانی وڵاتی چین بەپێی ئاوو هەوای تایبەتی خۆیان زەردپێستن.

ئەمریکاییەکان ئاماڵ مس و خەڵکانی دوور لە تیرێژی ئەستوونی هەتاو (جەمسەری باکوور) سپی پێستن.

بێ گومان ئەم کارتێکەرییە تەنیا ڕواڵەت و ڕوخسار ناگرێتەوە و بەپێی بۆچوون و ڕوانگەی جوگرافیزانانی جەبرگەرا دەروونیاتی مرۆڤەکانیش لەخۆ دەگرێت. ئەوان دەڵێن هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکانی شوێنە ساردەکان هۆکاری پێشکەوتن و پیشەسازی و... پێک دەهێنن.

ڕەنگە داخستنی قوتابخانەکانی خۆشمان لە وەرزی هاویندا بەم هۆیەوە بێت، چونکە هەموو مامۆستاو قوتابییەکان ئەوە باش دەزانن کە لە کۆتاییەکانی ساڵی خوێندندا (کۆتایی بەهار) قوتابی و مامۆستا بێزار دەبن و سکاڵا لە گەرمی کەشوهەوا دەکەن و خەوە نووچکە بەربینگیان دەگرێ، بە پێچەوانەوە لە وەرزە ساردەکانی وەک پاییز و زستاندا قوتابخانە دەبێتە مەکۆی چالاکی و گورج و گۆڵی بیر و زەینی قوتابییەکان. واتە سەرما لە کۆبیریدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ.

### شوێنی ئاو و هەوا لەسەر مێژوو

کـات لە بزاوت و بزووتنەوەوە دەست پێدەکات و بزووتنەوە مێژوو دەخوڵقێنێ. یەک دەست بوونی مێژووی شوێنە گەرمەکان ئەم هۆکارە دەسەلمێنێت. کەمتر دەبینرێ لە مێژووی وڵاتە گەرمەکاندا ئاڵوگۆڕ وەدیهاتبێ، ئەگەر جیاوازییەکی زۆر چکۆلەش بەرچاو بکەوێ بۆ پێکهاتنی ئەم ئاڵوگۆڕییە، بێ گومان نرخێکی قورس و گران تەرخان کراوە و لەژێر کارتێکەری بێ ئەم لاو ئەو لای وڵاتانی دیکەوە وەدی هاتووە. بۆ؟؟ چونکە ئاوو هەوای گەرم لەم شوێنانەدا ئەو زەینییەتەی پێکهێناوە کە لە کۆمەڵگەیەکی ئاوادا ئاڵوگۆڕ بە تاوان و مەترسی بێتە ئەژمار. ئەمە لە حاڵێکدایە کە نەتەوەکانی شوێنە ساردەکان و مێژووی ئەوان نیشان دەدەن کە لە سایەی کاروچالاکی و بزووتنەوەی بیروبەرهەمهێنان، هەر ڕۆژەو بەپێی هەر سیستمێکی حکوومەتی ئەو سەردەمەوە، قانوون و یاسایەکیان داهێناوە، چونکە ئەوان مادام لە حاڵی کارو چالاکی و هەڵسوڕاندان و هەموو ساتێ بۆ باشتر ئەنجامدانی کارودەسکەوتی پوختتر و پتر ڕێگە چارەی تازەتریان دیوەتەوە، ئەم ڕێگەچارانەش بیری نوێ و شێوازی نوێی لێکەوتووەتەوە و ئەم شێوازە نوێیانەش فەرهەنگی تایبەت و خووخدەی تایبەت بەخۆیان خوڵقاندووە. واتە قۆناغی ئێستەی ئەوان ئەزموونی ئەو قۆناغانەن (کۆن، مام ناوەندی، مۆدێرن و....) کە یەک لە دوای یەک گوزەراندوویانە، زۆربەی داهێنەران و فەیلسووفان و خاوەن ڕایانیش لە وڵاتانی بەشی یەکەمدا (وڵاتانی سارده سێر) بەرجەستە دەبن کە ڕەنگە نەبوونی ئەوتۆ توێژێک لە وڵاتانی شوێنە گەرمەکاندا بۆ باری چەق بەستوویی بیر و ئەندێشە بگەڕێتەوە و پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دنیای ڕەفتار و نەریتەکانی ئەم بەشەدا هەبێ، بەجۆرێ کە لەو چەشنە کۆمەڵگەیانەدا مرۆی جیاواز و خاوەن هزر، یان سەرهەڵنادەن یانیش ئەگەر بەدەگمەن سەرهەڵدەن بەو هۆیەوە کە بیرێکی نوێ و جیاوازیان هەیە دەکەونە ژێر توانج و تەوژمی جەماوەر و کۆمەڵگەیان لێ دەبێتە زیندان. جا لە بارودۆخێکی وادا، یان دەبێ تواناکانی خۆیان بەربەست بکەن، یان کۆڵە پشتی هەندەران..

لێرەدایە کە ڕاوبۆچوونی جوگرافیزانانی داهێنەری ئیختیار و تواناکانی مرۆڤ دێ بە هانای مرۆکانی ئەوتۆ کۆمەڵگەیەکەوە و بۆچوونی ڕێژەیی ئەنیشتاین تاموبۆنێکی تر بەژیان دەبەخشێ.

**سەرچاوە:**

**لذات فلسفه ويل دورانت**

**سير انديشه در قلمر و جغرافياى انسانى د. يداله فريد**

# ئەدەب و کۆمەڵگە

لە عەرەبییەوە: مستەفا سەعید عەلی
(کەلار)

شتێکی ئاشکرایە و بەڵگەی ناوێت کە مرۆڤ ناتوانێت بەدەر لە کۆمەڵگەکەی بژیت، چون مرۆڤ بە ڕەوشت بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و کار دەکاتە سەر کۆمەڵگە و کۆمەڵگەش کاریگەری لەسەر ئەو دەبێت. مرۆڤ زمان و بابەتەکانی لە کۆمەڵگەوە وەردەگرێت و بۆ میللەتەکەی نووسین و داهێنان دەکات. پێویست ناکات ئەدیب گۆشەگیر بێت و تەنیا بەسەر کاروبارە تایبەتییەکانی خۆیدا ڕابگات. پێنووسەکەی بەرپرسە تا لە دژی ستەمکاری بنووسێت و زانست و مەعریفە بڵاوبکاتەوە و بانگەواز بۆ دادپەروەری و برایی و هاوکاری و خۆشەویستی و لەو جۆرە بابەتانە بکات کە کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە دەبەن و یارمەتی گەشەکردن و ئاشتی و پێشکەوتنی دەدەن.

نابێت ئەدیب زمانی نووسینی بۆ ئاستی خەڵکە ئاساییەکە دابەزێنێت، بەڵکو دەبێت بۆ ئاستی تێگەیشتن لە زمانی خۆی بەرزیان بکاتەوە. چۆن ئەدەب دەروون ناسک و پاک و جوان و ئاسۆی بیر فراوانتر دەکاتەوە و بۆ ڕێچکەکانی ئیستێتیکا و جوانی پەلکێشی دەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کەسی ئەدیب پەنا بباتە بەر دەستەواژە نامۆ و گرانەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو پێوەندی و تێکەڵییەی کە نووسەر لەگەڵ ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەکەیدا هەیەتی بمێنێتەوە و لە واقیعی ژینگەکەی خۆی لاترازە نەبێت. ئەوجا ئەو کارلێکەرییە کە بەرهەمی بەتامو چێژی لێ پەیدا دەبێ، لەمەوە دەبێت نووسەر بەباشی دەستەواژەکانی هەڵبژێرێت و ئەوەی گونجاو و لەبار نییە بەکاری نەهێنێت و خۆی لێ ببوێرێت و ناسکی و جوانی شێوازی خۆی بپارێزێت. ڕاستە هەموو وشەکان بۆ بەکارهێنان دەشێن، بەڵام هەر بابەتە، وشە و

واتای گونجاوی خۆی هەیە. هەندێک جار بۆ خۆ بە دوورگرتن لە وشەی نامۆ و نەگونجاو و لاواز، وشەیەک بە وشەیەک ئاڵوگۆڕ دەکرێت کە هەمان مانا و مەبەستی ئەو بدات. لە هەموو ئەمانە گرنگتر دەبێت ئەدیب پێوەندیی بە کۆمەڵگەکەیەوە نەبڕێت و زمانەکەی بەکاربهێنێت، بەڵام دوای ئەوەی بە جوانی بژاری دەکات. بۆ ئەوەی نووسینەکەی پڕ بە پێستی ئەدەب بێت، بەڵام هەندێک جار ناچار دەبێت وشەی نێو بازاڕ بەکاربێنێت بۆ ئەوەی سیفەتێکی واقیعی بداتە ئەو بابەتەی کە دەینووسێت. وەک ئەوەی هەندێک جار چیرۆکنووسان و ڕۆماننووسان دەیکەن. ئەمە زیاتر بەسەر چیرۆک و ڕۆمان و شانۆدا جێبەجێ دەبێت و بێ گومان هۆنراوە جیاوازە. بۆ ئەوەی سیفەتی نەمری بداتە هونەرەکەی هەموو جارێک دەبێت ئەدیب نوێگەری بکات، ئەدیب نابێت ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە بگوێزێتەوە کە تێیدا دەژی، بەڵکو دەبێت لەگەڵیدا تێکەڵ بێت و زۆر بە قووڵی لێی تێبگات و بابەتێکی تایبەتی لێ هەڵێنجێنێ و لە گۆشەیەکی دیاری کراوەوە و ئەوەندەی دەستی بەسەردا دەڕوات و دەتوانێت سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و بیخاتە سەر کاغەز، ئەوکات سەرکەوتن بۆ کارەکەی دەنووسرێت. دەشێت بابەتە نووسراوەکە خستنەڕووی دابونەریتێکی خراپ، یان دزێوی نێو کۆمەڵگە بێت وەک ئەوەی مۆلێری فەڕەنسی لە سەدەی حەڤدەدا کردی و پەنای بردە بەر شێوازێکی گاڵتەجاڕی لۆتەرانی، یان ئەوەی دیدرۆ و مۆنتسکیۆ و ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ کردیان و فەڕەنسییەکانیان ئامادە کرد شۆڕش دژی ستەمکاری بکەن و قەلای زوڵم و زۆرداری بڕووخێنن، دەرگایەکانی دادپەروەری و یەکسانیان لەبەردەم مرۆڤایەتیدا کردەوە و ڕووی جیهانییان بەرەو باشتر گۆڕی، یان بۆ گەیشتنە ئامانج نووسەر شێوازی خورافی بەکاردێنێت، وەک ئەوەی عەبدوڵڵای کوڕی موقەففەع لە کۆتایی سەردەمی ئەمەوی و سەرەتای سەردەمی عەباسی یەکەمدا کردی و زمانی ئاژەڵانی بۆ مەبەستی مرۆیی بەکارهێنا و بۆ جوان مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتردا دەرسێکی بە فەرمانڕەوا و گەل دادا. ڕاستە ئەم جۆرەی ئەدەب کۆنە و لاتین و گریک و هندییەکان زانیویانە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت ئەم جۆرەی ئەدەب لە سەردەمی فەرمانڕەوا ستەمکارەکاندا قوت دەبێتەوە و خاوەن قەڵەمە بەتواناکانیش بە نووسینە جوانەکانیان دەیگەیەننە نێو خانەی نەمری.

ئەدەب لە دایکبووی حاڵەتێکی دیاری کراو نییە، بەڵکو چەند حاڵەتێکی جیاوازی وەک سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سروشتی و سۆزداری و بایۆلۆژی... و هی دیکەش کاریگەرییان تێدا دەبێت، واتە بریتییە لە تێکەڵەیەک لەکاریگەری ناوخۆیی و دەرەوەیی. بەهرەیەکی بەتوان بە بەرگێکی دیاری کراوەوە. دەیهێنێتە بوونەوە و ناوێکی لێدەنێت و مۆرکێکی تایبەتی پێ دەبەخشێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەدەبی فەڕەنسی لە سەدەی حەڤدەدا بە ئاراستەیەکی مرۆڤدۆستانە کاری کردووە و گرنگی بە لێکۆڵینەوەی کەسایەتی داوە و تیشکی خستووەتە سەر مەسەلەکانی شەرەف و کەرامەت و نیشتمانپەروەری و ئەو شاراوانەی دەروونی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن کە تەحەکوم بە ڕەفتاری تاکەوە دەکەن، وەک خۆشەویستی و جاڕکێشان و ڕق و مەرایی کردن و خۆدەرخستن و هەوەسە ئاژەڵییەکان و ڕژدی و...تاد.

لەسەدەی هەژدەدا، ڕەوتی فەلسەفی خۆی بالادەست کرد و ئەدەب لە خەمی ڕۆژانەی خەڵک خۆی پەڕاندەوە بۆ پرسە هزر و ئایین و میتافیزیک و زانستی ئیستێتیکا و زەوق. چیتر گرنگیدانی تاک و پێوەندییە سۆزدارییەکان بابەتگەلێکی جێی بایەخی گەورە نەبوون و لەبەردەم جەبەروتی عەقڵدا ڕەوینەوە. تا سەدەی نۆزدە نەهات و لەسەر دەستی ڕۆمانتیکەکان نەیانتوانی بە بەرگێکی نوێوە خۆیان پیشان بدەنەوە. ڕۆمانتیکەکان لەنێو خەمو خەفەت و سەرقاڵی خەڵکیدا ڕۆچووبوون. لیریکیان بۆ سەردەمی زێڕینی خۆی گەڕاندەوە و خۆشەویستی زۆریان بۆ سروشت دەربڕی و بە دایکێکی میهرەبانیان دانا و خەمۆکی و خەمبارییان بۆ خۆیان زیاد کرد، تا ئەو ڕادەیەی دەگوترا ڕۆمانتیکییەت نەخۆشی سەردەمە. لە چارەکی سێیەمی سەدەی نۆزدەمدا ڕەوتی واقیعی دروست بوو کە دەیویست وێنەی ژیان وەکو خۆی بکێشێت، چونکە چووبووە ژێر کاریگەریی زانستەوە کە سەردەمەکە بەخۆیەوە بینیبووی. خەونەکانی ڕۆمانتیکیەتیان وەلا ناو، بە ڕێگەی تاقیکردنەوە بە شوێن ڕاستییەکاندا گەڕان لە واقیعێکی ماددی بەرجەستە بووی هەست پێکراودا. چوون لە ئەزموونی

ماددی بێ ئومێد بوون، کە بە تەنیا بۆ گوزارشت کردن بەس نیییە و لەبەر ئەوەی دیمەنی دەرەوە بە زۆری رووکەش و خەڵەتێنەرە، بۆیە گەڕان بە شوێن شێوازێکی تازە بۆ گوزارشت کردن و مەزهەبی هێمایی لێ دروست بوو، کە نەزعەیەکی سۆفیگەری تێدایە و داوای تێپەڕاندنی هەستە ماددییەکان دەکات بۆ گەیشتنە جیهانی نموونەیی، کە لە جیهانی ماددی باڵاترە. بۆ ئەو مەبەستە و لە ژێر کاریگەربی مۆسیقای «ڤاگنەر»دا، وتەی هێمادداری پڕ لە ئیقاعی مۆسیقییان بەکاردەهێنا، لە ئەنجامی یەکەمین جەنگی جیهانیدا و لە ئاکامی ئەو ماڵوێرانییەی بەسەریاندا هات و ئەو کوشت و کوشتارەی پێیان کەوت، خەڵکی ڕقیان لە سەرکردە سیاسی و سەربازییەکان بووەوە، باوەڕیان بە ئایین و ڕەوشت لە دەست دا، بۆیە قوتابخانەی «دادایزم» لە زیوریخ لەسەردەستی تزارا لە ساڵی ١٩١٦ سەری هەڵدا. ئەم مەزهەبەش ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی سوریالیزم خۆش کرد. کە دوورکەوتنەوەیە لە کارکردن بە عەقڵ و پەنابردنە بەر خەون و خەیاڵ، لەبەر ئەوەی بۆ شتە سەرسوڕهێنەرەکان و جیهانی خەونەکان هەڵمان دەگرێت.

شایانی باسە لە هەردوو سەدەی شازدە و حەڤدەدا شیعر باڵادەست بوو، بەڵام لە سەدەی هەژدەدا پەخشان. چیرۆکیش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا سەری هەڵدا، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکانی جەنگ و تێکچوونی شیرازەی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی قورسایی خۆیانیان خستە سەر مێشکەکان و ئەدیب و نووسەرانیش لە ڕێگەیەک گەڕان بە جۆرێک گوزارشت لەو کارەساتانە بکەن، کە هەرچی ڕووداوە ناخۆشەکانە لەخۆ بگرێت، بۆیە ئەوەیان لە چیرۆکدا بینییەوە و زۆربەیان لە شیعر دوورکەوتنەوە، بەڵام مرۆڤی ئەمڕۆ کە بە سیاسەت و شۆڕش و ئەو ڕەوتە هزریانەی کە لە سەدەی بیستەمدا سەریان هەڵدا بارگاوی بووە، بۆیە توێشووی ڕۆژانەی خوێنەر کەوتە لای نووسەرانی سیاسی. ئەدەب بەگشتی (شیعر و چیرۆک و شانۆ) لە ئامرازێکی سوودبەخش و چێژبەخشەوە بۆ ئامرازێکی خزمەت کردن بە دەوڵەت و ڕژێمەکان و زوڕنا لێدان بۆ قازانجی کەرەستە و ئامێرە دەستکردەکان لەسەر حیسابی بەها ئایینی و مرۆڤایەتییەکان گۆڕا. ئەمە زیاتر لەو وڵاتانەی کە کۆمۆنیزمیان پەیڕەو دەکرد. لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا و دانیمارکیش مەزهەبی بوونگەرایی سەری هەڵدا بە دیمەنێکی مەسیحی سۆفی وەک لە نووسینەکانی (گابریل گارسیا مارکیز و کیرکچارد) و ئیلحادی وەک (سارتر و کامو و ئانۆی) بەدی دەکرێت. لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا دوودڵی لەسەر چارەنووسی زیاتری کردووە و تارمایی جەنگە ماڵ وێران کەرەکان لە ئاسۆوە سەر دەردێنن و وڵاتانی هەژار لەژێر باری برسێتی و نەداری و دواکەوتندا دەناڵێنن و نەخۆشییە بێ چارەسەرەکان بڵاودەبنەوە و ڕەوشت لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و ژینگە لە زەمین و ئاسمان و دەریاوە پیس دەبێت، گەندەڵی هەموو جومگەکانی تاک و دەزگاکانی گرتووەتەوە و ماددە هۆشبەرەکان کۆمەڵگەکانیان داگیر کردووە و چەتە نێو دەوڵەتییەکان، لە هەموو شوێنێکی دنیادا ترس دەچێنن و تیرۆر لە دەستی تاکەکانەوە کەوتووەتە دەستی وڵاتان و ستەمکاران و زوڵم و زۆری پێ دەکەن زوڵم و زۆری زۆردارانیش بە ڕەوا دادەنرێت و بە زۆری خۆیان بەسەر لاوازەکاندا دەسەپێنن. لە ئەنجامی ئەم دڵەڕاوکێ قووڵەدا، نەخۆشی عەقڵی و دەروونی بڵاوبوونەتەوە و مرۆڤەکانیش لە بەرانبەردا بچووک بوونەتەوە. کات بە خێرایی دەڕوات و بەشی مرۆڤ ناکات و بواری ئەوەی پێ نادەن چیتر ڕۆمانی درێژ و چیرۆکە چەند سەد لاپەڕەییەکان بخوێنێتەوە، بۆیە لە جێگەیدا وتار هاتە ئاراوە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە سیاسییەکاندا بڵاودەکرێنەوە، یان بە شێوەی گفتوگۆ و مێزگرد و شرۆڤە، لەسەر شاشەی تی ڤییەکان دەیانبینین.

**سەرچاوە:**

**الأدب: تعريفه- أنواعه- مذاهبه، د. انطونيوس بطرس، طرابلس- لبنان.**

# شوێنەوارە دێرینەکانی هەورامان

محەمەد ڕەشیدی ئەمینی
(پاوە)

وڵاتی کوردەواری بە سەرجەم لە ئاستێکی ئەم گۆی زەوینەدا ئۆقرەی گرتووە، کە بە یەکێک لە کۆنترین شوێنەوارە دێرینەکانی ژینگەی مرۆڤ ناسراوە، بەم بۆنەیەوە لەسەردەمانی زۆر کۆنەوە بووەتە مەیدانی شەڕو شۆڕ و هێرش گەری دەسەڵاتداران، کە هەر کەسێک بۆخۆی ویستوویەتی ئەم وڵاتە بەتایبەت دەشت و دەراوەکانی نێوان ڕوودان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، کە مێژووی تۆمارکراوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شاهیدی ئەم بۆچوونەیە.

ئەگەر هاتو بمانەوێت باسێکی زۆر کورتی مێژوویی لەم بابەتەوە بێنینە ئاراوە، هەتا ئەگەر هات و بۆ بەشێکی زۆر کەمی لەناوچەیەکە وڵاتی کوردەواری دەگرێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە بدوێین، ئەوە لە کورتە وتارێکی ئاوادا ناگونجێت و پێویستی بەکات و زەمەنێکی زیاترە، لەلایەکی دیکەیشەوە هەر کەسێک بگرە لەسەر ژینگەیە کە تێیدا ژیاوە و دەژیت ئاگادار و شارەزاترە، کۆسپێکی گەورەش لەم ڕوانگەیەوە زیاتر ناوچەکانی کوردەواری دەگرێتەوە، بەداخەوە تا بە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی دێرینەناسی هەرمانی لەسەر نەکراوە، هەتا زۆرێک لە کەرەستە و هۆکارە دێرین و کۆنانەیش لەم سەر زەوینەدا دۆزراونەتەوە، بەناوی میللەتانی دیکەوە لەقەڵەم دراون، یان فەوتاون، ئاخۆ کێ دەتوانێ ئەوەی پەسەند بکات کە دەسەڵاتێک وەک ئیمپەراتۆریەتی ماد پاش ئەو هەموو ساڵانە ئێستاش شتێکیان لی نەدۆزراوەتەوە کە بزانین چۆن ژیاون و بە چ زمانی ئموراتی خۆیان بەڕێوە بردووە، هەتا هەندێک لەو ئاسەوارانەیش لەم سەر زەوینەدا هەیە هەروا بە نەناسراوی ماونەتەوە، بەس لێرەدا ئاگاداری هەمەلایەنە بەربەست دەکرێت، لەبەر ئەوە دەڵێم هەرکەسێک بگرە لەسەر ناوچە و ژینگەی خۆی ئاگاداری زیاترە، بۆ ئەوە منیش بابەتەکەم سنووردار دەکەم لە ناوچەی هەورامان، ئەوەیش بابەتێکی دیاری کراوە کە

ناوچەی هەورامــان لە چەند ڕوانگەوە بە کــۆنتــرین و
دێرینەترین شوێنەوارەکانی ژینگەی بەشێک لەمیللەتی
کورد ناسراوە.

ئەم ناوچەیە لە کـۆنەوە ژینگەی هۆزی هەورامی، یان
گـۆران بووە و ئەوانیش بە درێژایی مـێـژوو لەبەر ئەوەی
یەک جێنشین و هیچ کاتێک کۆچەر نەبوون، بەم بۆنەیەوە
زووتر تەقــەیان لەدەرگــای شــارســتــانیــەت و ژیواری
کۆمەڵایەتی داوە و ئەو دەرکەیان لە ڕوو ئاواڵە بووە، بۆ
وێنە زۆربەی دانیشتوانی هەورامان و ناوچەکانی دیکە،
باوەڕمان بەوەی هەیە کە ئەم مەڵبەندە واتە هەورامان
وەک هۆزی، یان عەشیرەتێکی دێرین و پێشکەوتوو
خاوەن بیروباوەڕێکی تایبەتی لەنێو وڵاتی کوردەواریدا
بووە و ژیاوە، کەمتر کەسێکی شارەزا و ئاگادارمان
هەیە، کە باسی قەواڵە کۆنەکانی هەورامانی
نەخوێندبێتەوە، یان نەیبیستبێت، ئەو قەواڵانەش کە
سێ دانەیە و لە (١٢ تا ٨٠) ساڵ پێش زایینیدا
نووسراون و نزیک بە (٨٠) ساڵی پێش لە
ئەشکەوتێکی شاخی کۆسالان دۆزراونەتەوە، کە یەکێک
لەو بابەتانەش بە ڕاشکاوی دەتوانین لەو بەڵگەنامانە
دەستنیشان بکرێت، یان بەرداشتی لێ وەرگیرێت و
ددانی بەسەردا بنرێت، بابەتی شارستانیەت و تەمەدون و
مەدەنیەتە، چۆن؟ دەبا سەرەتا بزانین ئەو بەڵگەنامانە
چین و باسی چیمان بۆ دەکەن؟.

ئەو بەڵگەنامانەیش کە بە زمانی گریکی و پەهلەوی،
یان پارتی نووسراون، لەکاتی خۆیدا لەلایەن دکتۆر
سەعید خانی کوردستانییەوە براون بۆ ئەورووپا و
دراونەتە دەست پرۆفیسۆر مینسۆ کاولی و ئەوانیش
دوای خوێندنەوە هەر لەو سەردەمانەدا بڵاویان
کردوونەتەوە، ئەگەرچی لەسەر دارشتەی زمانی ئەو
قەواڵانە زۆر وتراوە و باس کراوە کە من لەسەر ئەوە
نارۆم، بە هەر زمانێکیش کە بووە سەبارەت بە هەورامان
و لە هەوراماندا نووسراون، لێرەدا دەمەوێت لە
ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری ئەو قەواڵانە بکەین، کە
کەمتر کەسێک بیری لەوەی کردووەتەوە، ئەوەیش بابەتی
شارستانیەت و شارنشینی بووە لە هەوراماندا، لەم
ڕوانگەیشەوە دوو بابەتمان بۆ ڕوون دەکرێتەوە.

**یەکەم:** شێوەی شارستانیەتی هەورامان لە (٨٠) ساڵ
پێش زایینی، بۆ ئەوەی کە دەڵێم شارستانیەت، ئەگەر
میللەتێک هات و لەو سەردەمەدا بەو شێوەیە لەگەڵ
یەکدا هەڵسوکەوت و دانوسانیان کردبێت، واتە باخە
دەمێیک، یان بەواتەی ئەمڕۆ باخە مێوێک بەکرین و
فرۆشتن داوە بەکەسێکی دیکە و نووسراوەیان لە نێواندا



هەبێت شاهیدیش بۆ ئەو هەرمانە دەستنیشان کرابێت و
مافی هەردوو لای تێدا دیاری کرابێت و لە ماوەی زیاتر
لە (٦٥) ساڵیشدا سێ جار ئەو نووسراوەیە پات
کراوەتەوە، ئەوەیش لەکاتێکدا بووە کە زۆربەی وڵاتە
پێشکەوتووخوازەکانی ئەمڕۆ لەو سەردەمانەدا لە نێو
ژیانێکی زۆر دواکەوتانە و هەتا (تەوەحوش)دا ژیاون،
ئەوانە هەموویان نیشانەی شارستانیەت و (تەمەدونە)
بەس ئەگەر بڵێین لەو سەردەمانەدا هەورامان خاوەنی
شارستانیەتێکی پێشکەوتوو بووە بە هەڵەدا نەچووینە.

**دووەم:** هەروا کە وتمان ئەم ناوانە هەردەم لەبەر هێرشی
زۆرەملان و دەسەڵاتداران خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە، بە
تایبەت لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا، بەم بۆنەیەوە ناوچە
شاخاوییەکانی هەورامان بووەتە مەڵبەندێکی پەناگە و
خۆ حەشاردانەوە لەو پەلامار و هێرشانەی بۆ ئەم
مەڵبەندە و دەوروبەرەکەی، بۆ وێنە لە کتێبی مێژووی
ماد لە نووسینی دیاکۆنۆف لە لاپەڕەی (١٥٢) دا باسی
ئەوە دەکات کە لەسەردەمی ئاشوور ناسیراپاڵ لە ساڵی
(٨٨١) پێش زایینی، دانیشتوانی، زاموا، ئەمکا و

ئارشتوا، لەدانی داهات و خەراج، بە ئاشوورییەکان مل پێچی دەکەن، بەم بۆنەیەوە ئاشوور ناسیراپاڵ بە هێزێکی گەورەوە هێرش دەکاتە سەریان و تەواوی ناوچەکانیان وێران دەکات، هەندێک لە دانیشتوانی ئەو ناوانە وەک جاران پەنا دەبەنە سەر شاخ و کێوەکانی هەورامان، کە ئاشوور ناسیراپاڵ فەرمان دەدا هێرش بەرنە سەر ئەوانەیش، بەم شێوەیە زۆربەی ئەو پەنابەرانە، یان دەکوژن، یان بەدیلیان دەگرن، ئێستاش لە داوێنی تەخت و دالانی لە خۆرهەلاتی شارەزوور و پشتی بیارەدا، کێوێک هەیە، بەناوی کلاوی ئاشوور، وای دەگێرنەوە ئاشوورییەکان لەو هێرشەدا لە کەللە سەری مرۆڤ کلاویان بۆ ئەو کێوە دروست کردووە.

پاش ئەو کورتە پێشەکییە، دەچینە سەر ناساندنی ئاسەوار، یان شوێنەوارە دێرینەکانی ناوچەی هەورامان، تا ئەو شوێنەیش پێمان بکرێت و پێ بزانین، لە رادەی توانایی و زانیاری خۆماندا پێناسەیان دەکەین و دەیانخەینە بەردەستی خواستیاران و کارناسانی ئەو بەشە.

ئەو ئاسەوار و شوێنەوارانەش بە شێوەی گشتی دەکرێن بە دوو بەشەوە، یەکەم شوێنەواری (مێژوویی) دووەم شوێنەواری (ئایینی)، سەرەتا بە شێوەیەکی زۆر کورت لەسەر بابەتە مێژووییەکان دەدوێین، یەکەم شوێنەوارێک کە دەمەوێت لەسەری بدوێم (ئاتەشگا) یان ئاتەشکەدەی شاری پاوەیە.

### ئاتەشگا

ئاتەشگا: یان ئاتەشکەدەی پاوە، لە باشووری شاری پاوە و باکووری شارۆچکەی باینگاندایە و لەسەر شاخێکە کە هەر بەم ناوە، واتە ئاتەشگا ناودەبرێت، لەسەر بەرزترین لووتکەی ئەو شاخە، کە بەرزاییەکەیشی دەبێتە (٢٤٦٥) مەتر لە سەرووی ئاستی دەریاوە، ئەم ئاتەشکەدەیە زیاتر وەک ئاگردانێکی بۆنە و وەرزی کەلکی لێ وەرگیراوە، واتە لەکاتی رێورەسمە ئایینی و جەژنەکانی وەک مهرەگان و نەورۆز و سەدە و...تاد رۆشنیان کردووە و رێزیان لێ ناوە، ئەڵبەتە جیا لەوانەیش بۆ هۆشیاری و ئاگادار بوونەوەیش کەلکی لێ وەرگیراوە، واتە ئەگەر نەیار و دوژمنێک هێرشی هێناوەتە سەریان بۆ ئاگاداربوون، دەست بەجێ ئەو ئاگرەیان رۆشن کردووە، جا ئەگەر ئەو ئاگرەش لەکاتی بۆنە و یادکردنەوەدا نەبوایە، تەواوی ناوچەکان تێدەگەیشتن کە هێرش وا بەرێوەیە و دەبێت خۆیان ئامادەکەن، یان بۆ بەرەنگاری، یان خۆ لادان و پەنابردن بۆ سەر کێوەکان، ئەو شوێنەیش وا دەستنیشان کراوە هەر لە مایدەشت تا شارەزوور و ناوانی سنە و مەریوانی پێوە دیارە.

بۆ مێژووی ئەم شوێنەوارە چەند سەرچاوەیەک باسیان کردووە، بۆ وێنە لە کتێبی (جاذبهای گردشگری اورامان) سەرنجراکێشانی گەشت و سەیران بۆ هەورامان، بە نووسینی موحەممەدی خالدی مەکی ئاوا نووسراوە (ئەم ئاتەشکەدەیە پاش ماوەی دووەمین ئاتەشکەدەیە، کە لە سەردەمی (زوردەشت)دا دروست کراوە، واتە (٧٥٠) ساڵ پێش هاتنی ئیسلام گرانگران بووە ) ئەڵبەتە ئەگەر ئەوەی دروست بێت، واتە لە سەردەمی (زوردەشت) دەبێت لانی کەم (٧٥٠) ساڵ پێش زایینی بووبێت نەک پێش ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

مامۆستا مەردۆخیش لە مێژووی (کورد و کوردستان)، لاپەرەی (١٢١) دا دەڵێت (کاتێک کە سپەبود (پاو) بۆ یارمەتی دێت بۆ ناوچەی هەورامان و شارەزوور، دانیشتوانی پاوە پێشوازی باشی لێ دەکەن و ئەویش بە هەلی دەزانێ و داوایان لێ دەکات، کە هەڵگەرێنەوە سەر ئایینی کۆنی خۆیان، واتە ئایینی (زوردەشتی) کە ماوەیەک دەستیان لێ کێشاوە و بوون بە مەسیحی، ئەوانیش پێشنیارەکەی پەسەند دەکەن و ئەوەیش بەم بۆنەیەوە ئەو ئاتەشکەدەیەی دروست کردووە و پێشکەش بە دانیشتوانی ئەو ناوانەی ئەکات) ئەڵبەتە وا دەردەکەوێت کە پاو ئەو ئاتەشکەدەیە بازسازی کردبێت، بۆ ئەوەیش کە ئاتەشکەدەی بەردەوامیشیان بێت لە خودی شاری پاوەش دا سێ(٣) دانە ئاگردان لە شوێنیکدا کە ئەمرۆ پێی دەوترێت گەرەکی (قەلاخوان) دروست دەکرێن و رێبەرانی ئایینی و دانیشتوانی شاری پاوە پارێزگارییان لێ کردوون، هەرچۆنێک بێت بابەتی زۆر لەسەر ئاتەشگای پاوە هەیە و لەبەر ئەوەی وتەکەمان درێژە نەکێشێت بەوە قەناعەت دەکەین.

### مێردۆک

یەکێکی دیکە لەو شوێنەوار، یان ئاسەوارە کۆنانەی ئەم ناوچەیە پەیکەری مێردۆکە، کە لە باکووری شاری پاوەدا بووە، بە داخەوە ئەم پەیکەرە لەو چەند ساڵەی دواییەدا بە دەستی وێرانە خۆران و چەپاوکەران، کە وایان دەزانی ژێرەکەی پڕ لە گەنج و خەزێنەیە، لەریشە دەریانهێنا و لەناویان برد، بۆ ئەمەش بۆچوون و ریوایەتی گشتی میللی سینەبەسینە و دەم بەدەمی زۆر وتراوە و زیاتر وەک ئەفسانەیەک باسی لەسەر کراوە، بۆ وێنە هەندێک پیاوی بەساڵداچوو وایان دەگێڕایەوە کە گوایە،

ئەو مێردۆکە پیاوێکی (ئاڵف کەن) دەبێت و یەک تاق دۆڵی کەماجەڕان دەبڕێت و کاتێک دەگاتە سەر یاڵەکەی سەیری شوێنەکەی خۆی دەکات، کە ئەو هەموو ئالکەی بڕیوە و دەڵێت وای چەندە ئالکم بڕیوە، یانی لە ڕوانگەی ئابینییەوە سەیر ناکات و بڵێت (ماشەڵڵا) هەر بۆ ئەوە خــوا دەیکات بە بەرد، یان هەندێکی کــە دەیانگوت لەسەردەمی ئەسکەندەری مەقدۆنیدا کە هێرش دەکاتە سەر خۆرهەلاتی ناوەڕاست و ئێران دەگرێت، ناوچەی هەورامان لەو سەردەمانەدا سەردارێکی دەبێت بەناوی (مێردۆک) کە هێزێک کۆ دەکاتەوە و پارێزگاری لە هەورامــان دەکــات و بەدەســتــەوەی نادات، هەتا بۆ ئەم بابەتەیش دوو دێر شیعری فۆلکلۆری هەیە، ئەگەرچی بە شێوازێکی جیاواز نووسراون، ئەوەیش ئێمە بیستوومانە لێرەدا دەینووسین.

**نە ئەسکەندەر و نەتەیموری لەنگ**
**هیچ کەس هەورامان نەگرتەن بەجەنگ**
**غەیر ئەز خان ئەحمەد بەگلەری خانان**
**ئەوەیچ بە حیلە، گرتەن هەوارمان**

شتگەلێکی لەو شێوە لەو ڕوانگەیەوە باس کراوە و من لەوە زیاتر لەسەری ناڕۆم، ئەوەی کە جێگای باوەڕ بێت و لەمەیشەوە نزیکە، لە کتێبی مێژووی ماد بە نووسینی دیاکۆنۆف و وەرگێڕانەکەی کەریمی کەشاوەرز، لاپەڕەی (١٣٢)دا دەڵێت (لە ســالّی (١١٥٠) پێش زایینیــدا (نەبوکــەد نەســر )ی یەکــەم (بخت النصــر) پادشای بابل پاش تێشکانی عیلامییەکان جارێکی دی دەراوەکانی ڕۆخانەی دیالە تا (خاشمار) لە ژێردەستی خۆی دەگرێت، بەڵگەیە لەبەردەستایە کە (نەبوکەد نەسر) ئەوە ناوانەی بەخشــی بە ســەردارێکی خــۆی بەناوی (ریتی مێردۆک) کە لە بنەماڵەی کاسییەکان بووەو بۆ مــاوەی لەتەواوی داهات و( عــەوارز) مــعــاف کــران، بەرانبەر ئەم بۆچوونە دەکرێت وای بۆ بچین ئەم پەیکەرە هی هەمان (ریتی مێردۆک) بووبێت، کە دانیشتوانی ئەو ســەردەمــەی ئەم ناوچەیە بەبۆنەی ئەوەی کــە ئەم سەرداره بووەتە هۆی ئەوەی کە بۆ مــاوەیەک لە داهاتوو (عــەوارز و مــالّیــات) چاوپۆشــیــان لێ کــراوە، ئەو پەیکەرەیان دروست کردبێت، پەیکەرەکەیش بە بەرزایی نزیک بە سێ مــەتر و بە درێژایی زەمــان لەبەر تۆف و سەرما و سەهۆڵ بەندان شێوازی سەروچاوی نەمابوو، بەڵام لە دوورەوە هەر وەک مرۆڤێک دەهاتە بەرچاو کــە شتێکی لەبن دەستایە، ئەوە دەستەکەیشی لە پژوێنگەی قــایم کــردووە، بەداخــەوە هەر بەو شێوەی کــە وتمان لەم چەند ساڵەی دواییەدا لە ناویان برد و ئیدی کێ بەرپرسی ئەم لەناو چوونە بێت؟ بامێنێت.

### قەڵای زەڵم و هەورامان

ئەگەربێتو بمانەوێت تەواوی قەڵا کۆنەکانی هەورامان ناو بەرین و دەستنیشانیان بکەین لە کورتە وتارێکی ئاوادا هەتا ناوبردنیشیان دەبێتە هۆی درێژەکێشانی بابەتەکە، لە بەر ئەوە زیاتر لەســەدان قــەڵای کــۆن لەم مــەڵبــەندەدا هەن و دەتوانین ناویان بەرین، چ ئەوانەی ئەســەر و شــوێنەواریان مــاوە و چ ئەوانەی تەنیا ناویان مــاوە، لەبەر ئەوە من تەنیــا دوانیــان دەســتنیــشــان و هەڵبــژاردووە، کــە باسیــان لەســەر بکەم، ئەو دووانەیش قەڵای زەڵم و قەڵای هەورامانە، بۆ ئەوەیش ئەو دوانەمان دەستنیشان کردوون، هەم لە ڕوانگەی مێژووییەوە باسیان لەسەر کراوە و هەم شوێنەوار و ئاساریشیان ماوە.

### قەڵای زەڵم

ئەم شــوێنەواره بەرانبــەری ئەوەی لەنزیکی ســەرچاوەی گــەورە و خــرۆشانی زەڵمدایە، هەر بەو ناوەوە ناوبانگی دەرکــردووە و واش دەردەکــەوێت زۆر لەوە کــۆنتــر بێت کــە سەرچاوەکان باسیان لەسەر کردووە، بۆ وێنە لە مێژووی هەورامــان لە نووســینی قــازی عــەبدوڵڵا (شــەیدا ) کــە بەنــاوی ســەلاتینی هەورامــان لەلایەن کــاک ئەحــمــەدی نەزیرییەوە چاپ کراوە، لە لاپەڕەی (٢٩)دا دەڵێت (خان ئەحمەد خان پاش ئەوەی خۆی لە پادشایی ئێران و تورکیا جیــا کــردەوە، چوو بۆ قــەڵای زەڵم، کە پێشتــر بە قــەڵای (یەزدەجرد) یەزدەگرد ناوبانگی دەرکردبوو.

ئەمــە لە خــۆیدا ئەوەمــان بۆ دەستنیشــان دەکــات کە مێژووی ئەو قەڵایە دەچێتەوە بۆ دەورانی ساسانییەکان، کە یەزدەگرد دوایین پادشای ساسانییان بووە، هەروەها مامۆستا موحەممەد عەلی سوڵتانی لە کتێبی (ئەیلات و تەوایفی کــرمــاشــان)دا لە ڕووی شــارســتــانیــەت و قەڵانشینییەوە لە هەوراماندا دەڵێت، (هەبوونی شێوەی شارستانیەتی کۆمەڵگای هەورامان و چۆنیەتی شێوازی قــەڵانشــینی چەند هەزار ســاڵەی تایبــەتمەندی هۆزی هەورامی بووە) بەس دوور نییــە، ئەگەر بڵــێین شێوەی قــەڵانشینی لە ناوچەی هەورامــان زۆر لەوە کۆنتــرە، کە تەنیا بەدەورانی ساسانییەکان قەناعەت بکەین، بە هەر حاڵ ئەم قــەڵایە واتە قــەڵای زەڵم، لە درێژایی مــێژوودا چەندین جــار کــەوتووەتە بەر هێــرشی دەســەڵاتداران، بە تایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەردەڵانییەکان و شەڕی نێوان ئێران و عــوسمــانییــەکــان، بۆ وێنە لە کــتــێبی (شــەرەفنامــەی شــەرفــخــانی بەدلیــسی)دا دەڵێت (لە



**کەتیبەی تەنگیوەر**

سەردەمی سوڵتان سلێماندا ترسیان لە ماموون بەگ و قـەڵای زەڵم هەبوو، بۆیە سـپـایەکی گـەورەیان هەنارده سەریان و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن نەیانتوانی قەڵای زەڵم بگرن، تا ئەوەی مـــامــــوون خـــۆی قـــەڵاکـــەی دا بەدەستـەوە...)، هەروەها لەکـتـێبی مـێـژووی کـورد، مـەسـتـوورەی ئەردەڵان ئەویش باسـێکی ترمـان لەسـەر قەڵای زەڵم بۆ دەکات و دەڵێت (سوڵتان سەلیمی گەورە وەزیری خـۆی و رۆسـتـەم پاشاو عـوسمان پاشای مـیری میـرانی لە گـەڵ سپـایەکی گەورەدا رەوانەی شارەزوور و زەڵم دەکات، تاسورخاب بەگ لە ناو بەرێت و محەمەد بەگ بکات بە حـاکم و دەسـەڵاتداری ئەو ناوانە، کـە بۆ مـاوەی دوو ساڵ گـەمـارۆی قەڵای زەڵم دەدات تا ئەوەی موحەمەد بەگ دەکوژرێت و....) لێرەشـدا دەردەکەوێت کە ئەو هێزە گەورە و بە دەسەڵاتە نەیانتوانیوە بەرانبەر دەسەڵاتدارێکی ناوچەییەوە سەرکەوتن بە دەست بێنێت، ئەوەش لە خۆیدا بە پشتیوانی ئەو قەڵایە و شاخەکانی هەورامـان بووە، ئەو قەڵایە ئەمڕۆش شوێنەواری ماوە و چاوەڕوانی ئەوەیش دەکـرێت لە دەسـەڵاتدارانی هەرێمی کوردستـان، لە کەناری ئەوەی بە شێوەیەکی دێرینەناسی کارناسانی شارەزا مێژووی ئەو قەڵایە بە بەڵگە و سەنەد روون بکەنەوە و لە ڕوانگەیەکی شارستانیشەوە، بتوانن وەک میراتێکی دێرینی هەورامان و شارەزوور باز سازی و پارێزگاری لێوە بکرێت.

## قەڵای هەورامان

لەسـەر قـەڵای هەورامـانی تەخت، ئەوە بەڵگە و نووسراوەمـان بە دەستـەوە بێت زۆر کـەمـە، یەکـێک لەو سەرچاوانەی کە باسی کۆنیی ئەو قەڵایەمان بۆ دەکات، کـتێبی مێژووی هەورامانە بە نووسینی مامـۆستا قـازی (شـەیدا)، ئەو کـتـێبـە بەناوی سـەڵاتینی هەورامـان لە لایەن کاک ئەحمەدی نەزیرییەوە بە چاپ گەیشتووە، کە مـامۆستـا شەیدا لە لاپەڕەی (١١٤) باسی بەهمەن واتە باپیـرە گـەورەی دەسـەڵاتدارانی هەورامـان دەکـات کـە لە سەردەمی (شێخ جەلالەدینی غازی)دا دەبێت، جارێکیان شـــێخ ڕوودەکـــاتە بەهمـــەن و دەڵێت (کـــوڕم بڕۆ بە دانیشتـوانی هەورامان بڵێ ئەم شەو دوژمن دێتە سەریان باشتر وەهایە لە بەرزاییەکانی ئەو شاخەدا پارێزگاری لە خۆیان بکەن) و..... چەند باسێکی کەی لەم بابەتەوە تا ئەوەی بەهمەـەن دەبێت بە حـاکـمی هەورامـان، لێـرەدا دەردەکـەوێت کـە بەرزایی ئەو شـاخـەی لای سـەرووی هەورامـان بووە و لەو کـاتەدا پەناگـەیەکی هەبووە، جـا ئەگەر قەڵاش نەبوو بێت هەر لەو کاتەوە، واتە لە ساڵانی (٣٥٠ تا ٤٠٠ هـ ق)گـەڵاڵەی قـەڵای بۆ داڕژاوە، ئەو قەڵایەش سەردەمێک لە باری بیناسازییەوە گەیشتووەتە ڕادەیە، بە واتەی هەندێک لە سـەرچاوەکـان (٧) سـاڵ و هەندێکی کـە (٣) ساڵ بەرانبـەر هێـرشی خـان ئەحمـەد خـانەوە ڕاوەسـتـاو خـۆی بەدەسـتـەوە نەدا، تا ئەوەی خـان ئەحـمـەد خـان بە فـێڵ و تەڵەکـە بە شـێـوەی دۆسـتـانە سـەرانی هەورامـانی بانگـەشـە کـرد بۆ زەڵم و هەمـووی لەناوبردوون، تا دەسـتی بەسـەر هەورامـانی تەخـتـدا گرتووە، کـە ئەو دوو دێرە شیـعـرەی لە بەشی مێردۆکـدا نووسیـمان وێنەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەم بەشە و بە فـێڵ گـرتنی هەورامـان لەلایەن خـان ئەحـمـەد خـانەوە، ئەو قـەڵایەش لەڕووی بیناسـازییـەوە بە بەردی خـاڵی، واتە هیچ جـۆرە مـاڵاتێک لە دروست کـردنیدا بەکـارنەهاتووە، کـە ئەوەیش لەخـۆیدا شـێـوەی بیناسـازی هەورامـان دەگـەیەنێت و تایبـەتمەندی خـۆیەتی، کـە پاش ئەو هەمـوو ساڵانـەی ئێستاش زۆرێک لە شوێنەوارەکەی لەسەر خۆی مـاوە و هیوادارم دانیشتـوانی هەورامان و بەرپرسانی ئەو مـەڵبـەندە هەروا تا ئێـسـتـا پارێزگـارییـان لێکردووە، بیپارێزن و بدرێتە دەستی نەوەی دواڕۆژ.

## کەتیبەی تەنگیوەر

کەتیبە، یان نووسراوەی تەنگیوەر، یەکێک لە کۆنترین ئاسەوارەکـانی دێرینی نـاوچەی هەورامـانە، کـە بەرانبـەر ئەوەی باسی لەســەر کـراوە، ڕەنگە لە کـەتـیـبـەکـەی بێـسـتـوونیش کـۆنتـربێت، کـەچی بەداخەوە تا ئێـسـتـا بەتەواوی و سـەرپاک نەخـوێنراوەتەوە و بە شـێـوەیەکی تایبـــەتی هەرمـــانی دێرینەناسی لەســەر نەکـراوە، بۆ ناســاندنی ئەم نووســراوەیەش پەنامـــان بردە بەر چەند سەرچاوەیەک، بەتایبەت نووسراوەکەی دکتۆر کەریمیانی سەردەشتی لە پێشـەکی مێـژووی هەورامانی مـوزەفـەری

بەهمەن سوڵتان و مێژووی هەورامانی مامۆستا هەورامانی، کە ئەویش ئاماژەیەکی پێ کردووە، سەرەتا ئەوەی مامۆستا هەورامانی، لە مێژووی هەورامان لاپەڕەی (٩٧٢)دا دەڵێت ( ئەو نووسراوەیە بە ئەلف و بێی بزماری (میخی)یە و لەسەر پەیکەری (شا)یەک، یان سەرۆکێک، لەسەر مای تەنگیبەر هەڵکەنراوە و بە نووسین ئاژێنراوە ).

دکتۆر کەریمیان ئەوەمان باشتر بۆ ڕوون دەکاتەوە، هەتا بەسەرهاتی چۆنیەتی خوێندنەوەیمان بە شێوەیەکی ناتەواو بۆ باس دەکات و دەڵێت (لە ساڵی (١٣٤٥) هەتاویدا تیمساڵ ئیلخانیپوور بە هەلیکۆپتەر لە گەڵ چەند کەسێکی شارەزادا دەچنە ئەو شوێنە و پاش تاووتوکردنی دەگەڕێنەوە، تا گرووپێکی زانستی لەگەڵ کەرەسە و پێداویستی تایبەتی بۆ ڕەوانە ئەکات ) وا دیارە ئەو ڕێکخستنە تا ساڵی (٤٧) درێژە دەکێشێت، تا ئەوەی ئەو گرووپەی ڕەوانە دەکرێت و بە هەر شێوەیەک دەبێت بەنیوە و ناتەواو هەندێک کۆپی بەرداری و عەکس بەرداری دەکرێت، پاش ئەوەی ئامانجەکەی بەم شێوەیە ڕادەگەیەنن، (نەخشەی بەرجەستەی هەورامان لە سینەی کێوی (زینانە) بە شێوەی تاقنامە بە بەرزایی (١٧٠) سانتیمەتر و بە پانتایی (١٥٠) سانتیمەتر، لای سەرووی بە شێوەیەکی نیوە دایەرەی هیلالی دروست کراوە، کە بەرزاییەکەی تا داوێنی کێوەکە (٥٠) مەترە و لای سەروویشی (٢٠) مەترە، کە ئەو هەڵکەنراوەیە لە شوێنێکدایە بە بێ کەرەستەی تایبەتی ناتوانی بچیتە لای)، پاشان بە شێوەیەکی وردتر باسی ئەوەمان بۆ دەکات و لە بەشێکی تری نووسراوەکەیدا دەڵێت (نووسراوەکە لە ئەندازەی (١٢٠ لە ١٢٠) دایە کە لە نێوان (٤٥ تا ٥٠) دێردا نووسراوە لەسەر پەیکەری پادشایە)، پاش لێکدانەوەیەکی دوورودرێژ، تەنیا بابەتێکی جێگای سەرنجە، ئەوەیش باسی ئاوا نووسی و واخانی ئەو کەتیبەیە دەکات کە لەلایەن (گرانت فریم) دێرینە ناس و لێکۆڵەری دەرەوە بە ئەنجام گەیشتووە و دەڵێت ( ئاوا نوسیو وا خانیەکەیشی لە گۆڤاری (شرق) ڕۆژهەڵاتدا بەناوی کەتیبەی سارگۆنی دووەم لەتەنگیبەر لەچاپ دراوە)، بەس تا ئەو شوێنەی بۆمان ڕوون بوویەوە ئەو هەڵکەنراوەیە لە سەردەمی هێرشەکانی سارگۆن بۆ سەر هەورامان و سەرزەوینی ماد و بە خەتی بزماری هەڵکەنراوە و نووسراوە، واتە لە ساڵەکانی (٧١٣ تا ٧١٦ پ ز)، هەروەها شتی زۆرتر لەسەر ئەم کەتیبەیە بە وتار و لێکۆڵینەوە نووسراوە و لەبەردەستایە، کە ئێمە تەنیا بەوە بڕوا دەکەین.

ئەگەر بێتو تەواوی ئاسەوار و شوێنەوارەکانی دیکەی وەک، پاڵنگان و تاقی فەرهاد لە ڕوانسەر و تەپەکانی نێوان کامێران و پاڵنگان، کە زۆربەیان بە شوێنەواری دێرین ناسراون، هەروەها قەڵای پاسکە و ئاشی گاوران و ئاتەشکەدەی بیارە.... سەرجەم ئەوانەی کە لە هەوراماندا هەن ناوبەرین، ئەوە کات و زەمەنی زۆری دەوێت و لە کورتە وتارێکی ئاوادا ناگونجێت، بەس لێرەدا دێمە کۆتایی ئەم بەشە و دەچمە سەر بابەتی دووەم کە شوێنەوارە ئایینییەکانی هەورامان دەگرێتەوە.

## شوێنەواری ئایینی

هەروا لە سەرەتاوە باسمان کرد، هەورامان لە دێر زەمانەوە وەک مەڵبەندێک کە خاوەنی شارستانیەت و یاسای کۆمەڵایەتی بووە، کە ژیانی یەک جێنشینی و پێکەوە ژیانیان هەڵبژاردووە، ئەو کەسانەش کە یەک جێنشینی بۆ خۆیان دەستنیشان دەکەن، زیاتر بۆ پێکەوە ژیانێکی باشتر دەست دەدەنە ئەو ئیش و هەرمانە کۆمەڵایەتیانەی کە پێوەندی لەنێو کۆمەڵگەدا دروست دەکات، یەکێک لەو ئەرکانەش لە کۆنەوە لەنێو میللەتاندا ڕەواجی هەبووە، ڕوانگەی ئایینی و باوەڕە جۆراوجۆرەکان بووە، بەم بۆنەیشەوە ئەم مەڵبەندە واتە هەورامان هەر لە دێرزەمەنەوە خاوەنی بیروڕای تایبەت بە خۆیان بوونە، کە ئەو بیروباوەڕانەش زیاتر یەکتاپەرستی و یەزدان پەرستی بوون.

ئەو ئاسەوارانەی لەم بابەتەی پێش ئیسلام زۆر کەم و زۆرینەیان لە ناوچوون، ئەگەر شتێکیش هەبێت لەبەر نەبوونی بەڵگەی باوەڕ پێ کراو ناتوانین بە ڕاشکاوی باسیان لەسەر بکەین، لە چەند لاوە باسی ئەوەی کراوە کە هەندێک لەو مزگەوتانەی هەورامان بە تایبەت پاوە، یان ئاتەشکەدەی بەردەوام بوون، یان کڵێسا، وەک میرزا عەبدولقادری پاوەیی لە پارچەی گوڵەڕەنەی (چنار)ی هەوڵی دا باسی هاتنی موسڵمانان بۆ هەورامان و پاوە دەکات و دەڵێت:

**یاگە کلیسا و بوت و بوتخانان**
**کەردن بە مەسجد پەی موسڵمانان**
**جە تەنخوای ناقوس وادەی سوب سەحەر**
**خێزا بانگ بەرز (الله اکبر)**

یان مامۆستا قازی شەیدا لە کتێبی مێژووی هەوراماندا باسی (٩٩) پیری هەورامانمان بۆ دەکات و دەڵێت: (هەندێکیان کۆن و هەندێکیان تازەن، ئەوانەی کۆنیان پێش سلاتن لە هەوراماندا تەرکی دنیایان کردووە و وەک عابد و زاهید ژیاون) کە وێنەی ئەوانەی حەوت

عەودالان لە کێوی پیر ڕۆستەمدا، واش دەردەکەوێت کە ئەوانەیش دەچنەوە بۆ سەر ئاییینە کۆنەکانی هەورامان.

**پیرشالیاری هەورامان**

لەبەر ئەوەی کە بەڵگەی باوەڕ پێکراومان بەدەستەوە نییە، ناتوانین زیاتر لەوە لەسەریان بدوێین، بەس دێینەوە بۆ سەردەمی ئیسلام و دەچینەوە بۆ هەورامانی تەخت و بەوەش دەزانین کە زۆربەی (٩٩) پیری هەورامان لەو ناوانەدا ژیاون، ناشکرێت لەسەر هەموو ئەوانەش بدوێین، لێرەدا تەنیا بە کورتە باسێک لەسەر پیر شالیار ڕادەوەستین، ئەوەی ڕاستی بێت لەسەر پیر شالیار زۆر وتراوە و زۆریش نووسراوە، هەرکەس لە ڕوانگەی خۆیەوە لەسەر ئەم پیرە دواوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ناوی شالیار لەنێو موسڵماناندا کارایی، یان کاربوردی نەبووە، ئەم ناوە دەچێتەوە سەر ئارییەکان و ئێرانی کۆن، ئەوەیش بە مانای جێگر، یان وەزیر، یان (نایب) بەکاربراوە، هەندێک بۆچوونی دوور لە ڕاستیش هەیە، کە گوایە (بۆ ئەوەی پێی وتراوە پیر شالیار، یانی پیری شالیارە سیاوە بووە ) ئەم بۆچوونە زۆر لە ڕەوەندی عەقلانیەت و زانستییەوە بە دوورە، کە پیرێک، یان دەستگیرێک و موریدێک بەناوی شوێن کەوتووەکەی، یان دەروێشەکەیەوە ناوبانگ پەیدا بکات، ئەو کەسانەی کە دەگەنە ڕادەی پیر و دەستگیر، دەبێت لە هەر بابەتێکەوە لەوانەی دەوروبەری زیاتر بن بەتایبەت لە ڕوانگەی ئایینییەوە، بەس ئەوەی جێگای باوەڕ نییە و ئێمەیش زیاتر لەسەر ئەو ڕاوبۆچوونەوی مامۆستا مەردۆخ و دانای هەورامین کە پیر شالیاری دووەمیش لە بنەماڵەی پیر شالیاری یەکەمە و پاشان موسڵمان دەبێت و ناوی خۆی بۆ سەید موستەفا دەگۆڕێتەوە، بە هەرحاڵ هەرچۆنێک بێت هەر لەوانە بێت ئەمڕۆ لە هەوراماندا بە شێوەیەکی پیرۆز ناوی دەبەن و هەرساڵ دوو مەراسیم، یان ڕێورەسمی تایبەت بە خۆی بۆ دەگێڕێت و لە سەرانسەری ناوچەکانی کوردەواری و هەتا وڵاتانی دووریشەوە بەشداری تێدا دەکرێت.

**سوڵتان سەهاک**

یەکێکی دیکە لەو شوێنە و ماوا ئایینییانەی ناوچەی هەورامان، کە بووەتە شوێنێکی پیرۆز و ساڵانە بە سەدان هەزار کەس لە دوور و نزیکەوە بۆ تەواف و زیارەت دێنە سەر مەزاری (سوڵتان سەهاک، یان سوڵتان ئیسحاق)ە، ئەم کەسایەتییە هەرچەند لەبنەماڵەی سەیدەکانی بەرزنجەیە، کەچی لەبەر هەندێک نارەزایەت و ئاڵوگۆڕی هزری، لەگەڵ برا و کەسوکارەکەیدا ناکۆکی دەکەوێتە



پیرشالیار

نێوانیان و بە هەر شێوەی بەرەو پەردیوەری هەورامان دەچێت و لەوێدا ماندەگار دەبێت، کە ئەمڕۆ بەناوی شێخان ناوبانگی دەرکردووە، سوڵتان هەر لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا کە دێتە پەردیوەر، وا دەردەکەوێت لەو سەردەمەیدا یەکێک لە ئاوەدانترین شوێنە نیشتەجێکانی هەورامان بووە، هەر لەو سەردەمەش لەسەر ئەو بیروبڕوای خۆیە دەست دەکات بە بانگەشەکردنی جەماوەر و زیندووکردنەوەی ئاییینی یارسانی، بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە ڕووی تێ دەکەن و پەردیوەر دەبێتە مەڵبەندێکی پیرۆز و ڕووناکبیری سەردەمی خۆی، کە دەفتەرەکانی یارسانی پەردیوەر و شندروێ شاهیدێکی ئەم بۆچوونەن، ئێستاش ئەم شوێنە بە بۆنەی مەزارەکانی (سوڵتان و دایراک و داود و سەید محەمەد و سەید موستەفا و...) بە ناوی شێخان ناوبانگی دەرکردووە و بە شوێنێکی پیرۆزی ئانی یاریش ناسراوە و ساڵانە لە سەراسەری ئێران و وڵاتانی دوور و نزیکەوە بۆ تەواف و زیارەت دێن بۆ ئەم شوێنە.

**کۆسەی هەجیج**

یەکێکی دیکە لەو شوێنانەی کە بووەتە زیارەتگا بۆ زۆربەی دانیشتووانی هەورامان و ناوچەکانی کوردستان (کۆسەی هەجیج)ە، کە لە گوندی هەجیجی سەر بە شارستانی پاوەدایە، ئەوەی کە وتراوە و نووسراوە، کۆسەی هەجیج ناوی سەید عوبەیدوڵڵا و کوڕی ئیمام مووسای کازم و برای ئیمام ڕەزای خوراسانە، ئەگەرچی دەڵێن سەید ئسماعیلی ئەسپەرێزیش برای ئەوە، بەڵام زیاتر دانیشتوانی ئەم ناوانە بۆ زیارەتی کۆسەی هەجیج دەچن، هەرچەند جادە و ڕێگا و بانەکەی زۆر خراپە، ئەویش نەبووتە هۆی دڵ ساردی لایەنگران و هەر ساڵ بە هەزاران کەس سەردانی ئەو شوێنە پیرۆزە دەکەن،



**سوڵتان سەهاک**

لەلایەکی دیکەیشـــەوە هەندێک دوو دڵـی و بۆچوونی جۆراوجۆر لەو بارەیەوە هەیە، ئێمە لەسەر ئەوە نارۆین و ڕێزیش بۆ هەموو بیروباوەڕێک دادەنێین، تا ئەو شوینەی کە زیانی بۆ جەماوەر نەبێت.

## مەڵبەندی تەوێڵە و بیارە

یەکـێکی دیکە لە شـوێنە پیـرۆزەکـانی هەورامـان مەڵبەندی تەوێڵە و بیارەیە، کە بە هۆی کەسایەتییەکانی وەک (شێخ عوسمانی سیراجەددین، شێخ محەمەدی بەهائەددین، شێخ عـومـەری زیائەددین، شـێخ عـەلی حسامەددین، شێخ عەلائەددین و....) لەم چەند سەدەی دواییەدا بووەتە مەڵبەندێکی عیرفانی و زانستی، زۆر کەسیش لە هەر لاوە ڕووی تێ کردووە، هەتا لەکاتی خۆیدا زیاتر لە زانستگایەک ڕێرەوانی عیلم و زانستی ئایینی تێدا پەروەردە کراوە، ئەوەی کە مێژووی ئەم شوێنە پیرۆزە بۆمانی ڕوون دەکاتەوە لە وڵاتانی دوور و نزیکەوە ڕوویان تێ کـردووە و لە ڕوانگەی ئایینی و عیرفانییەوە خۆیان پەروەردە کردووە و هەرکەسێک بە شێوەی تایبەتی خۆی بەهرەی وەرگرتووە، ئەمڕۆیش ئەگەرچی ئەم مەڵبەندە و لە شوێن کەوتووانی نەیانتوانیوە جێگای ڕابردووان پڕ بکەنەوە، لە زۆر بابەتیشەوە بووەتە هۆی ئازار و دڵگرانی دانیشتوانی ناوچەکە، هەر بەم حاڵەش زۆربەی لایەنگران، بۆ ڕابردووانیان ڕێز دادەنێن و هەر ساڵە بە هەزاران کەس سەردانی مەزاری پیرۆزیان دەکەن و جێگای تایبەتییان لەنێو دڵی دانیشتوانی هەوراماندا هەیە.

هەروەها بنەماڵانێک وەک شێخانی خالسی لە شاری پاوە و شێخانی قادری لە گوندی نجار، بوونەتە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە موسڵمانان بە باوەڕ و ئیمانێکی زیاترەوە ڕوو لەو شوێنانە بکەن و ڕێوڕەسمی ڕۆژانە و حەوتانە و ساڵانەی خۆیان بەڕێوە بەرن، هەروەها ساڵانە بە هەزاران کەس سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن و لە ڕوانگەی ئایینی و عیرفانییەوە جێگەی ڕێزن بۆ زۆربەی دانیشتوانی هەورامان.

بە هەرحاڵ ئەوە بە کورتە وتارێک لەسەر ئاسەوار و شوێنەوارەکانی ناوچەی هەورامان، کە بە بۆچوونێکی زۆر کورت و سەرپورت کراو باسمان کردن، هیوادارم ڕۆژێک بێتە پێشەوە بە شێوەیەکی تێروتەسەل لەسەر هەموویان، بە بەڵگە و بۆچوونێکی زانستی دیکە لەسەریان بدوێین.


**سەرچاوەکان:**

**١- مێژووی هەورامان: قازی عەبدوڵلا (شەیدا) ئەحمەد نەزیری، ناوەندی بڵاوکەرەوەی پەرتەویان، ساڵی ١٣٨٥.**

**٢- مێژووی هەورامان: موزەفەری بەهەمن سوڵتان د- کریمیان، ناوەند بڵاوکەرەوەی ئیحسان، ساڵی ١٣٨٠.**

**٣- مێژووی هەورامان: مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی، ناوەندی بڵاوکەرەوەی بەڵخ، تاران، ساڵی ١٣٨٠.**

**٤- مێژووی کورد و کوردستان: شێخ محەمەد مەردۆخ، ناوەند بڵاکەرەوەی غەریقی، ساڵی ١٣٥١.**

**٥- مێژووی تەسەوف لە کوردستان: محەمەد ڕەئووف تەوەکولی، ناوەندی بڵاوکەرەوەی تەوەکولی، تاران، ١٣٧٨.**

**٦- مێژووی ئەکراد: مەستوورە ئەردەڵانی، جەماڵ ئەحمەدی ئایین، چاپ یەکەم هەولێر، ٢٠٠٥، وەزارەتی پەروەردە.**

**٧- ئەیلات و تەوایف کرمانشاهان: محەمەد عەلی سوڵتانی، چاپخانەی موفەق، چاپی یەکەم، ١٣٧٢، تاران.**

**٨- مێژووی ماد ا.م. دیاکۆنۆف و. کریم کشاوەرز، ناوەندی بڵاوکەرەوەی عیلمی و فەرهەنگی، چاپی ششم، ١٣٨٠.**

**٩- جازبەهای گەردشگەری ئەوەرامان: محەمەد خالدی مەکی، ناوەندی بڵاوکەرەوەی فەرهەنگی هونەری کەوسەر، ساڵی چاپ ١٣٨٦.**

**١٠- دیوانی پیرشالیاری هەورامان: محەمەد بەهائەدین مەلاساحیب (دانای هەورامی) ناوەندی بڵاوکەرەوی سنە، ساڵی١٣٦٣.**

**١١- دیوانی میرزا عەبدولقادری پاوەیی: محەمەد ڕەشیدی ئەمینی، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، ساڵی ٢٠٠٨.**

# هیگڵ
# ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەها

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

گیۆرگ ڤیلهێلم فریدریش هیگڵ (١٧٧٠- ١٨٣١)ز فەیلەسووفێکە لە فەیلەسووفە هەرە گەورە و مەزنەکانی دنیا. بە ئەرستۆی سەدەی نۆزدە دادەنرێ. فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمانی گەیاندۆتە لووتکە، بۆیە فەلسەفەکەی بە ئایدیالیزمی ڕەها ناودەبرێ، لە سیستمە سەرتاپاگیرە هەمەڕەنگییەکەیدا کە ڕەنگی جیهاندیدێکی بێ وێنەی هزری ڕشتووە، دروشمە سەرەکییەکانی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسای ١٧٨٩ز بەرجەستە کردووە. دەبێ شتێک هەبێ لە جیهاندا هیگڵی گەورە بیری لێنەکردبێتەوە و خامە بەپێزەکەی داهێنەرانە شتی لە بارەوە، تۆمار نەکردبێ؟! سەرجەم و تێکڕای بوونی لە بوونی گیان- ژیردا Geistsein دیوەتەوە، ئەو گیانە خۆی داهێنەرە و لە بوونی من و خوددا بەرجەستە نابێ، بەڵکو خۆی لە خۆیدا گیان و ژیری جیهانە! ئەو جیهانەی لە چوارچێوەی جیهاندیدە ئایدیالیستییە ڕەهاکەیدا نەخشەی کێشراوە و بریتی بووە لە ئاوێتەکردنی میتافیزیکی (بوونی) فەلسەفەی یۆنان لەگەڵ لاهووتە تیۆرییەکەی سەدەکانی ناوەڕاست و فەلسەفەی مۆدێرن کە لە ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنی مرۆڤ و سروشتدا خۆی نواندووە.

ئەو بۆچوونە ئەو قسەیەی ئەو فەیلەسووفە خۆی دەردەبڕێ کە فەلسەفەکەی خۆی بە میراتگر و پەرەپێدەری تێکڕای فەلسەفە داناوە و هەر لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە تاوەکو سەدەی نۆزدەی گرتۆتە خۆی. لە پرۆسەی داهێنەرانەی دیالێکتیکی هزریدا سنووری نێوان ڕەب و بوونی جیهان کاڵ بۆتەوە، بوونی کەرەسەی مادده پاشەکشەی کردووە و لە لۆگۆس (هزر)دا ڕەنگی داوەتەوە. بەو پێیە دیالێکتیک و لۆژیک و میتافیزیکی



**هیگڵ**

یەک خستووە و جیاوازی نێوانیانی بچووک کردۆتەوە تا ئەو رادەیەی کە ئەگەر دیالێکتیک لە روانگەی لۆژیکەوە فـۆرم و روخـسـاری هزر- بیـربێت، ئەوە لە سـۆنگەی میـتافیزیک (ئۆنتۆلۆژییەوە) فۆرم و روخساری تایبەتی بزووتنەوەی خـودی هەڵکەوتە (واقـیـعـیـەتە) -Wirk-lichkeit، هەردووکـیـشـیـان بزووتنەوەی خـودی بیـر و بزاڤی خـودی هەڵکەوت لە بنەڕەتدا هەمـان پرۆسـەن! ئەگەر یەکەمیان بە بابەتی سەرەکی ئایدیالیزمی خۆیەتی و دووەمـیـان بە کـەرەسـەی ئـایدیالیـزمی بابەتی دانرابێ، هیگڵی گەورە هەردووکیـانی ئاوێتەی یەکتری کردووە و لە ئەنجـامـدا، کـە لەلایەکی دیکەوە گـیـان خـۆیەتی و بـابەتی پێکەوە دەگـــرێتـــەوە و سنووریان دەبەزێنـێ، ئایدیالیزمی رەها- گیـانی رەها کەوتوونەتەوە، ئەمە ئەو بنەڕەتە بووە کە هیگڵ کۆشکی جیهاندیدەکەی پێ بنیاد ناوە. ئەو کـەوتنەوەی گـیـانی رەها کـە فـەلـسـەفـەی ئایدیالیزمی رەها بەرجەستەی کردووە خۆی لە تێکرای پرۆسـەی جـیـهـانـدا دەبینێـتـەوە کـە لە پەرەسـەندن و گـەشـەکـردنی خـۆیی Selbstentfaltung گـیـان- ژیر بەولاوە نیـیـە، ئەو پەرەسـەندنە بە شـێـوازی قـانـوونی دیالێکتـیـکی سێ قـۆڵی- قـۆناغی روودەدات و لەلای خۆیەوە ئەرکی سەرشانی فەلسەفەشی دیار و دەستنیشان دەکات. ئەو سێ قۆناغە بەو جۆرەیە:

- لەم قۆناغەی یەکەمدا پرۆسەی ژیر- گیـانی جیهان لە رەوشی لەخـۆدابوون خـۆی دەنوێنێ. ئەو فـەلسـەفـەیەی سەرنجی ئەو قۆناغە دەدات بە لۆژیک ناوەبرێ.

- لە قـۆناغی دووەمـدا ژیر- گـیـان لە رەوشی «دەست بەرداربـوون»، «نامـۆبوون»، «بوون بە ئەوی تر»دا دەبێ. ژیر- گیان لە فۆرم و روخساری سروشتی پابەند بە کات و شوێندا دەستبەرداری خۆی دەبێ. فەلسەفەی سروشت ئەو قۆناغە دەکات بە کەرەسە و بابەتی خۆی.

- لە قـۆناغی سێـیـەمـدا کە دوا قـۆناغی ئەو پرۆسە دیالێکتـیکییەیە ژیر- گیان لە رەوشی دەستبەرداربوونی خـۆی دەگـەڕێتـەوە بۆ سـەر خـۆی. ئێـسـتـا ژیر- گـیـان لە رەوشی «لەخۆدا و بۆ خۆ» دەبێ، فەلسـەفەی ئایدیالـیزمی رەها لە چوارچێـوەی جـیـهـانـدیدی هیگڵی مـەزندا لە لۆژیک و فەلسەفەی سروشت و فەلسەفەی ژیر-گیان ئەو قۆناغـەی تاووتو دەکات(١) بەو پێیە فـەلسـەفـەی گیان پێکهـاتووە. ئەو پێکهـاتنە سێ رەنگیـیـە پرۆسـەی گەشەکـردن و پەرەسەندنی ژیر- گیـانی رەها دەنوێنن و بەرجەستە دەکەن. لۆژیک کە پشکی شێری بەرکەوتووە، لێرەدا، بە تەواوەتی لە لۆژیکی ئاسایی جیـایە، ئەگەر لۆژیکی ئاسایی تا سەردەمی ئەو کەڵە فەیلەسووفە بریتی بووبێ لە روخسـار و قـانوونەکانی هزر، ئەوە لۆژیک لەو جیهـاندیدەی فەلسـەفەی رەهادا بابەتی سەرنجدانی ژیر- گـیان، ئیدێ و بیـرۆکە و رەوشی لە کات و جێگابەدەری لە خـــۆدا بوونی بوونە. بەو پێـــیـــە هەروەک لە سێ شاکارەکـەیدا هاتووە: زانستی لۆژیک، ئینسکلۆپیدی زانستە فەلسەفییەکان، فینۆمینۆلۆژی ژیر- گیان، دەکرێ ئەو جیهـاندیدە فەلسەفەییە سەرتاپاگیرە لە سێ دەرگاوە سەر بە کۆشکەکەیدا بکەین:

**یەکەم:** لۆژیک: ئایدیای رەها لەخۆیدا و بۆ خۆی.

**دووەم:** فەلسەفەی سروشت، ئایدیای رەها لەوی تردا.

**سێیەم:** فەلسـەفەی ژیر- گیـان، ئایدیای رەها کە لەوی ترەوە هاتۆتەوە سەرخۆی(٢).

## زانستی لۆژیک

١- شـاکـاری زانسـتی لۆژیک کـە چاپی یەکـەمی لەباژێری هایدلبـێـرگ سـاڵی ١٨١٧ز بڵاوکراوەتەوە بە گـرنگتـرین بەرهەمی هیگڵ دادەنرێ، لەو بەرهەمـەدا سنووری نێـوان لۆژیکی ئـاسـایی و مـیـتـافـیـزیک کـاڵ بۆتەوە. لە دوو لاوە ئەو کاڵ بوونەوەیە بەرجەستە بووە:

**یەکەم:** کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە هەڵکەوت، گەوهەری بوونی ڕاستەقینە، دەکرێ لەبیرکردنەوە، تەنیا هەر لە هزر و بیرەوە بکەوێتەوە و پەیدابێ.

**دووەم:** ئەوی لە ئارادایە و هەبوویە، هەر دەبوو لە ئارادابێ و هەبێ، چونکە بەپێی بنەماکانی ژێر هاتۆتە کایەوە و ژێریش پاساوی دەدات و ڕەوای دەکات. ئەو بۆچوونە بە جوانترین شێوە لەبەرهەمێکی دیکەیدا دەری بڕیوە. لەوێدا هاتووە:

ئەوی ژێرەکییە، لە ئارادا بووی ڕاستەقینەیە و ئەوی لە ئارادابووی ڕاستەقینەشە ژێرەکییە(٣). لەو دوو خاڵەوە چەند بابەتێکی گرنگییان لێدەکەوێتەوە کە تایبەتمەندی فەلسەفەی هیگڵی گەورە و مەزن و دیار و دەستنیشان دەکەن و لە فەلسەفەکانی دیکە جیای دەکەنەوە و ئەو تایبەتمەندییە دەکرێ بەو شێوەیە پوخت بکرێتەوە:

**یەکەم:** پەرەسەندن و گەشەکردن لە پەرەسەندنی هزر- ژیر، چەمکی بیر Begriff بەولاوە نییە، ئەو پەرەسەندنەی هۆش- بیر بەو جۆرەیە:

**دووەم:** پرۆسەیەکی سێ قۆناغییە لە بزووتنەوەیەک دەچێ کە بە بابەتێکی لەبار دەست پێ دەکات بەرپەرچی خۆی بە بابەتێکی نالەبار دەداتەوە و لە ئەنجامدا قۆناغی سێیەم دەردەکەوێ. هیگڵ ئەو پرۆسەیە بە دیالێکتیک Dialektik ناودەبات.

**سێیەم:** ئەوی هەیە و لە ئارادایە و هەمیشە مافی بوونی هەیە، ڕاست و دروستە، هەڕەمەکی نییە و ناشێ، نەزم و گەشەکردن یاسای ژیانن.

**چوارەم:** هەمەکی گشتی بە هەموو فرە ڕەنگییەکەیەوە، بە سادەیی و ئاڵۆزییەوە لە ڕەها بەولاوە نییە، ڕەهاش خۆی ژیرەکی و گیانییە(٤).

**پێنجەم:** بوون هۆکاری مان و نەمانی لە خۆیدایە. لە لۆژیکیشدا (بنە) Pradikat کە خەسڵەت و (بەعەرەبی مەحمول)ی پێ دەگوترێ ئەوەندەی تێکڕای هەڵکەوتی ڕاستەقینە دیار و دەستنیشان دەکات، لەخۆیدا ناکۆکی تێدایە. هەر ئەو ناکۆکییە ناوەکییە هۆکاری بوون و گۆڕان و پەرەسەندن و نەمانەکەیەتی!.

ئەو خاڵانە بەگشتی ئەوپەڕی بلیمەتی خاوەنەکەی پشت ڕاست دەکەنەوە، بەڵام جێ دەستی سێ سەرچاوەش بە ئاشکرا دیار و دەستنیشان دەکەن:

**یەکەم:** فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان بە تایبەتی بۆچوونەکانی هیراکلیتس. هیگڵ خۆشی دانی بەو لایەنەدا ناوە. ئەو فەیلەسووفەی یۆنان ئەگەرچی بە تەموومژاوی ناونراوە، بەڵام بیرۆکە و چەمکی گۆڕانی بەردەوام و دیالێکتیکی هێناوەتە نێو هزری فەلسەفەوە و بیرۆکەی ڕەهای لە ناوەرۆک دابڕیوە و کردوویەتی بە بیری رووت، دیالێکتیکیش کراوە بە بنەمایەکی دەرەکی ژیربی بەبێ ئەوەی گەوهەری شمەکەکان لابەرێت و لە هەمان کاتدا بووە بە دیالێکتیکێکی ناوەکی بابەت و شمەکەکان لەوەدا کە بووە بە ئامرازی سەرنجدانی خود. بوون و گۆڕان لەو جیهاندیدەدا پشکی شێریان بەرکەوتووە: بوون خۆی لەخۆیدا لەنابوون بەولاوە نییە، بۆیە گەوهەر لێرەدا گۆڕانە! ڕەهاش لە یەکبوون و یەکڕەنگی بوون و نابوون بەولاوە نییە. هەموو شتێک لە گۆڕانی نەپساوە و بەردەوام دایە، گۆڕان بوونە و هیچە لە هەمان کاتدا، ئەو گۆڕانە لە بنەڕەتدا بنەمایە(٥). ئەو ئاخاوتنەی هیراکلیتس لە چەند ڕستەیەکدا هاتوون کە لەدوای بەجێ ماون و بۆی تۆمارکراون؛ بوونی شمەکی بە تەوژمی ڕووبار بەراورد کردووە و لەو باوەڕەدا بووە کە مرۆڤ ناتوانێ دووجار بچێتە نێو ئاوی ڕووبارێکەوە، چونکە هەمیشە ئاوی تر دێت و دەگۆڕێ(٦) هەموو شتێک دەگۆڕێ و گۆڕان باوک و سەروەری هەموو شتێکە ئەو گۆڕانەشی وەک ئاگر داناوە کە وەک پرۆسە هەرچی بەری کەوێ لە دەستی دەربازی نابێت. هەڵبژاردنی تەوژمی ئاو و ئاگر بە تەواوەتی لەگەڵ جیهاندیدی هێراکلیتس و ئایدیالیزمە ڕەهاکەی هیگڵدا دێتەوە، چونکە هەردووکیان (چەمک و بابەت) بە تەواوەتی پرۆسەی گۆڕانی نەپساوەی نەسرەوت بەدیالێکتیکەوە بەرجەستە دەکەن.

**دووەم:** شۆڕشی فەڕەنسا سەرچاوەیەکی گرنگی تری فەلسەفە سەرتاپاگیرەکەی ئەو فەیلەسووفە بووە، بە تایبەتی شۆڕش و دروشمی ئازادی. ڕاستە لە شۆڕشە مەزنەکەوە کە سەرانسەری ئەورووپای هەژاندووە و چاوەڕێی فرە شتی لێکراوە و هیوا و ئاواتێکی زەبەندەی بەر کۆمەڵانی خەڵک ناوە، کەچی تیرۆر و تۆقاندنێکی ئەوتۆی لێکەوتۆتەوە هەموو سنوورێکی بەزاندووە و هەر خۆی ڕۆڵەکانی خۆی، کە ڕابەرانی شۆڕشەکە بوون، یەک لە دوای یەک لەناوی بردوون، جەنگێکی



**فیختە**

تەفروتووناکاری لە سەرانسەری ئەوروپا هەڵگیرساندووە، بەڵام بیرۆکەی ئازادی کە دروشمێکی سەرەکی شۆڕشەکە بووە، هیچ گەرموگوڕی و بایەخی خۆی لەدەست نەداوە و ڕەنگ و ڕووەکەی کاڵ نەبۆتەوە و پتر لەجاران گوڕ و تەوژمی بە بەر هزرمەند و شایەر و فەیلەسووف و سیاسەتمەداراندا کردووە و لەوە دڵنیای کردوون کە تەنیا هەر ئازادییە سالاریی و سەروەریی مرۆڤ و مانا و بەهاو بایەخی ژیان دووپات دەکاتەوە! بیرۆکەی ئازادی کە لەلای هیگڵ تایبەتمەندی ڕەهای پێ براوە مەڵبەندی شایستەی خۆی لە جیهاندیدەکەیدا بەرکەوتووە. لە تێکڕای فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمانیادا هەر لە فیختەوە تاوەکو شیلنگ و ئینجا لەئایدیالیزمی ڕەهای هیگڵدا فەلسەفە لە ئازادی بەولاوە شتێکی دیکە نەبووە، چونکە هەر لە فەلسەفە خۆیدا بیانی و نامۆیی بابەت و شمەکەکان و سنووردارییی هۆشیاری و ژێر کاڵ بوونەتەوە و ڕەویونەوە و پتریش، ڕێککەوت و بێ نەزمی و پابەندبوون و ترس و دڵەڕاوکێ لەبەرچاو ون بوون. تەنیا هەر لە فەلسەفە خۆیدا ژێر لەلای خۆی بووە و جڵەوی بەدەست لایەنێکی دیکەوە نەبووە(٧). چەمکی ئازادی لەو پێوەندییە سستماتیکییە توندوتۆڵەی بە چەمکی دیالێکتیکەوە هەیەتی، دوو چەمکی ناوەندی جیهاندیدە ڕەنگین و سەرتاپاگیرەکەی ڕابەری فەلسەفەی ڕەهان. پرۆسەی دیالێکتیک لەو پەرەسەندنەی دەیکات لە ئامانجی گەیشتن بە ئازادی بەولاوە سەرگەرمی شتێکی دیکە نییە، هەردووکیشیان توندوتۆڵ بە چەمکی بوونەوە بەو جۆرە بەندن کە ئازادی خۆی بوونی خۆی هەیە و دووپاتی دەکاتەوە.

**سێیەم:** ئایینی مەسیحی:

ڕاستە ئایینی عیسایی ئایینێکی ڕۆژهەڵاتییە و لە باژێڕی ئۆرشەلایمی ئیسرائیل دەرکەوتووە، بەڵام دوای هاتنی بە یەکجاری دەڤەرەکەی بەجێ هێشتووە و لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ئەمەریکای لاتین جێگیر بووە، بەڵام ڕۆژگار کردوویەتی بە بنەمایەکی قایمی کولتووری ئەوروپا بەگشتی و ئەڵمانیا بە تایبەتی کە هیگڵ تێیدا دەستبەکار و چالاک بووە. ئایینی مەسیحی ڕووبەڕووی دوو ڕەوشی سەخت بۆتەوە و پێویست بووە لە بەرانبەر هەردووکیاندا نەک هەر خۆی بگرێ، بەڵکو جڵەوی دەست پێشخەریشی بەدەستەوە بێت:

**یەکەم:** کولتووری ئەوروپا بە جۆرێک بگۆڕێ تایبەتمەندییەکی بە ڕواڵەت ئایینی سەرووسروشتی پێ ببەخشێ.

**دووەم:** شتێک دابهێنێ لە هەردوو ئایینی سەرتاپاگیر کە هەڕەشەی بوون و نەبوونیان لێ کردووە (جوولەکە و ئیسلام) جیای بکەنەوە و کەسایەتییەکی جیاوازی پێ ببەخشێ. لە هەردووکیشیاندا سەرکەوتوو بووە. لەلایەکەوە کولتوور و سامانی نەتەوایەتی ئەو میللەتانەی ئەوروپای بەناوی کوفر و ئیلحادەوە گۆڕیوە و بابەتێکی تری ئاوێتەی فەلسەفەی یۆنان و سوفێتی و لاهووتی ئەوسای ڕۆژهەڵاتی بەسەردا سەپاندوون. زمانێکی مردووی لاتینی ئەوسای زیندوو کردۆتەوە و کردوویە بە زمانی ئینجیل و تاوەکو ئەو سەردەمەمان لە کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمییەکاندا بەکاردێت.

بۆ ئەوەی خۆی لە ئایینی گەردوونی جوولەکە جیابکاتەوە، یەکەم جار ڕەگەز و نەتەوەی لە چوارچێوەی باوەڕ و ئیمان و (عەقیدە) دوورخستۆتەوە و بووە بە ئایینی سەرتاپای گەلان بەبێ جیاوازی. ئینجا یەکتایی جوولەکەی کاڵ کردۆتەوە و لەجێگایدا سێ ئقنومی (ڕەب، ڕۆڵە، گیانی پاکی) داناوە. ئەگەر ڕەبی مووسا غەزەبی لە خەڵک گرتبێ، ڕەبی مەسیحی دەرگای بەخشندەیی و میهرەبانی خستۆتە سەر گازەرای پشت. تا

چەند ئەو کولتووورە کاری لە هیگڵ کردووە. دوور ناڕۆین ک وەڵامی ئەو پرسیارە سنووری مەزندە و گریمانە نابەزێنێ و لەو چوارچێوەیە ناچێتە دەرەوە. دیالێکتیکی هیگڵ لە سێ پلەوقۆناغ پێکهاتووە:

– تێزەکە خۆی لەخۆیدا سەرەتای پرۆسەی دیالێکتیکە بەرانبەر بەخۆی دژەتێزە دروست دەکات و لە هەردووکیاندا سونتێزە دێتە کایەوە کە لەیەک کاتدا ڕەت کردنەوە و ئینجا گرتنە خۆی هەردوو لایەنەکەی دیکەیە.

– فۆرمە دیاردە دەرکەوتووەکانی هۆش کە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ، لە سەرەتادا، بیر– ژیر، یان هۆش لەخۆیدایە و بۆ خۆیەتی، لە قۆناغی دووەمدا بە پێچەوانەی خۆیەوە لەوی تردا دەبێ و ئینجا لەوی ترەوە دەگەڕێتەوە سەر خۆی، ئەو پرۆسەیە تاڕادەیەک لە باوەڕە (عەقیدە) سەرەکییەکەی مەسیحی دەچێ:

ڕەب، بیرۆکەی ڕەها لە لەشی ڕۆڵەکەی یەسوعی مەسیحدا بەرجەستە دەبێ ئەو بەرجەستە بوونە بریتییە لە نامۆبوونی بیرۆکەی ڕەها، کە بەهۆیەوە سروشت کە دژە تێزەی هزرە، بەدەردەکەوێ و سروشت لێرە لەدەرکەوتنی یەسوعی مەسیح دەچێ، لە هەردووک تێزە و دژە تێزە، ڕەب و بەرجەستەبوونی لە یەسوعدا قۆناغی سێیەم سونتێزە دێتە ئاراوە، گەڕانەوە لەوی ترەوە بۆ سەر خۆی. یەسوعی مەسیح دەگەڕێتەوە بۆ لای باوکی لە ئاسمان.!

٢– لە شاکاری «زانستی لۆژیکدا» بەپێی میتودەی دیالێکتیکی «چەمکە بنەڕەتییە زانستییەکان» نیشان دراون، تاووتو کراون و پەرەیان پێدراوە. دیالێکتیک کە لە خۆیدا میتودەیە، بە دوولا شرۆڤە کراوە:

**یەکەم:** بریتییە لە خەسڵەتی گشت بیرۆکەکان و ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە هەر تاکە بیرۆکەیەک بە ناچاری بیرۆکەیەکی تری لێ پەیدا دەبێ.

**دووەم:** هەروەها خەسڵەتی شمەکانە و ئەوەی لێوە پەیدا دەبێ بە مایەی ئەوەی تاکە شمەکەکان لەگەڵ هی تردا سەر بەیەکتری بن(٨). بەو پێیە ئەو ڕێگایەی بیرۆکەکان دەگەیەنێ بەڕاستی لە هەمان کاتدا ژیانی ناوەکی بوونی دەستنیشانکراو Dasein ڕاستەوخۆ دەردەبڕێ، ئەو پرۆسە ئاڵۆز و نەسرەوتە کە لەبەرەوپێشچوونی نەسرەوتی دیالێکتیکەوە دەکەوێتەوە، پشت بە هەردوو بابەتی چەمک و بوون دەبەستێ:

– هەر چەمکێک کە لە خۆیدا ڕادە و سنووری هەیە ئەنجام ئاسا بەرەو پیری دژەکەی خۆی بەرەو ناکردنەکەی هەنگاو دەنێ، بەڵام بەهۆی ئەو ناکردنەوە، چەمکێکی نوێی لەبار (پۆزەتیڤ) پەیدا دەبێ، چونکە ئەوەی ناکراوە و نا دەکرێ تەنیا هەر ناوەرۆکە سنوورداره دەستنیشانکراوەکەیە، نەک هەرچی ناوەرۆک هەیە بەگشتی. ناکردن لەخۆیدا، لێرەدا، ئەوە دەگەیەنێ چەمکێکی دیکە بەکارایی بەدەردەکەوێ، ئەو چەمکەی ڕۆدەنرێ ئەوی پێشتری خۆی تێدایە. بەو ڕێگایە سیستمەکەی هیگڵ لەو کایەیەدا بە سێ سێیی بەرەو پێش دەچێ، چەمکە گریمانکراوەکە نادەکرێ لەوەوە یەکڕەنگی و یەکبوونی دژەکان دێتەکایەوە کە چەمکەکە و ناکردنەکەی دەگرێتە خۆی. بۆ نموونە ئەگەر بە چەمکی پەتی و ئەبستراکتی بوون دەست پێ بکرێ، ناکردنەکەی نابوونە و لە هەردووکیان ڕەوشی گۆڕان Werden دێتە کایەوە.

– ئەو دیالێکتیکە بەرەو پێشەرە، بەرەو پێش چوون تەکاندەرە دەربڕی ڕاستەوخۆ و پڕ بەپێستی پەرەسەندنی خودی (بوون)ی دیار و دەستنیشان کراوە(٩)، هەروەها میتودەی بنیاد و پێکهاتەی ناوەکی هەر تێکڕاییەکەیە– Ganzen، هەروەها ئەو دیالێکتیکەیە کە بەهۆیەوە پرۆسەکە لە لۆژیکەوە بەرەو فەلسەفەی سروشت بە ناچاری هەنگاو دەنێ و دەگوێزرێتەوە.

٣– هیگڵ لۆژیک بەگشتی دەکات بە دوو جۆری لۆژیکی بابەتی و لۆژیکی خودییەوە، بەڵام خۆی لەخۆیدا لە سێ پشک پێکهاتووە:

**یەکەم:** لۆژیکی بوون.

**دووەم:** لۆژیکی گەوهەر.

**سێیەم:** لۆژیکی چەمک(١٠)

– هەڵوێستی هیگڵ بەرانبەر بە لۆژیک، لە ناوەرۆک و ڕوخساردا لەو ڕۆڵەی لە دەستبەکاربوون و لە پرۆسەی زانین و زانستدا دەیگێڕێ لەچاو فەیلەسووفانی پێش خۆی ئەوپەڕی جیاوازە. هیگڵ دوو جۆر لۆژیکی لەبەردەم خۆیدا و لەو سەردەمەدا دیتووە کە ئەو تێیدا چالاک بووە:

**یەکەم:** لۆژیکی مامۆستای یەکەم کە بە لۆژیکی پێوانە– بنەوبار ناسراوە، سەرەڕای ئەو گۆڕانەی بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەسەریدا هێنراوە. لەو

لۆژیکەدا خەسڵەتێک بارێک Pradikat بە بنەیەک Subjekt دەبەخشرێ و ئەنجامێک دەکەوێتەوە کە لە سەرەتادا بەشێوەیەکی نادیار و ناڕاستەوخۆ لە پێشەکییە گریمانە کراوەکەدا هەیە. جگە لەوەی خۆی بابەتێکە هەر ڕوخسارە و ناوەرۆکی نییە و پشت بە بنەمای بێ ناکۆکی دەبەستێ!.

**دووەم:** لۆژیکی نوێ کە بەهۆی لایبنیتسەوە گۆڕاوە و پەرەی سەندووە وردە وردە بە هەنگاوێکی هێمن و لەسەرخۆ بووە بە لۆژیکی پێوەندی. ئەو پێوەندییە کە بووە بە خەسڵەتی سەرەکی لۆژیکی نوێ لەوەوە کەوتۆتەوە کە پەنا براوەتە بەر ماتماتیک بۆ پەرەپێدانی لۆژیک خۆی، یان بە شێوازێکی وردتر بە بیرکاری کردنی لۆژیک ئەو ئەنجامەی لێکەوتۆتەوە. بەلای فەیلەسووفی ئایدیالیستی ڕەهاوە ئەو دوو جۆرەی لۆژیک پەسەند نین، چونکە لەگەڵ بنەماکانی پرۆسەی دیالێکتیکی هزر- ژیر- گیاندا ناگونجێن و نایەنەوە. ئەگەر لۆژیک و میتافیزیک لە یەکتری دانەبڕێن، دەبێ لۆژیک بایەخ بە بوون بدات وەک چۆن هیگڵ لە بابەتەکە گەیشتووە و بنە و باری لۆژیکی لەلای خۆیەوە بەپێی ئەو تێگەیشتنە دەبێ و ناکۆکی تێدایە- ئەمەش ناگونجێ- بۆ ئەوەی دژە تێزەی خۆی دەستەبەر ببێ، بۆیە هیگڵ هەردوو لۆژیکی ئەرستۆ کە بە ڕوخساری ناسراوە و لۆژیکی مۆدێرن کە بیرکارییە بە نەگونجاو داناوە(١١).

٤- بۆچوونی هیگڵ دەربارەی سروشتی هزر- بیر بۆتە مایەی ئەوەی بە جۆرێکی جیاواز سەرنجی بابەتی لۆژیک بدات، بە تایبەتی هەردوو لۆژیکی ڕوخسارەکی و بیرکاری. ئەرستۆ بە شێوازێک سەرنجی سروشتی هزری داوە، وێنەیەکی دیاریکراوی لە بارەی لۆژیکەوە لە ناخدا نەخشاندووە، بۆیە وای داناوە کە لۆژیک لە ڕوخسار و فۆرمی هزر دەکۆڵێتەوە! بەو پێیە دەبێ ناوەرۆک لە ڕوخسار دابڕدرێ و لۆژیک بێ ناووک بێت و ئەو بۆچوونە لە دابڕین و دوورخستنەوەی بیر بەولاوە نییە و لەگەڵ پرۆسەی دیالێکتیک نایەتەوە، بۆیە دەبێ بە قسەی هیگڵ ئەگەر بەو جۆرە تەماشای لۆژیک بکرێت، دەکرێ بە بابەتێکی بێ ناوەرۆک، بەڵام لۆژیک بەپێی دیالێکتیک، یان لۆژیکی دیالێکتیکی لە سۆنگەی سەرنجدانی هیگڵەوە، بایەخ بە ڕوخسار و ناوەرۆکی هزر- بیر دەدات پێکەوە و لە یەکترییان دانابڕێ. لۆژیک بنەما سەرەکییەکانی هزر دەداتە دەست و لە هەمان کاتدا لە سروشتی هزری بێگەرد دەکۆڵێتەوە. هیگڵ لەو بارەیەوە گوتوویەتی:

لۆژیک زانستی بیرۆکەی (ئیدێ)ی بێگەردە، ئەوەش بیرۆکەیەکە لە ڕەگەز و یەکەی پەتی- ئەبستراکتی هزردا... دەکرێ بگوترێ: لۆژیک زانستی هزرە: بە دەستنیشانکردنەکانی و قانوونەکانییەوە، بەڵام هزر وەک هزر als Solches تەنیا هەر دەستنیشانکردنێک، یان ڕەوشێکی چۆنێتی تایبەتی کە تێیدا بیرۆکە بە لۆژیکی دەکات، دیاری دەکات. بیرۆکە (ئیدێ) هزرە نەک وەک ڕوخسارێک، بەڵکو وەک سەرجەمی دەستنیشانکردن و قانوونە تایبەتییەکانی خۆ پەرەپێدان و گەشەکردنە، کە ئەوان خۆیان هەن، ئەو نییەتی لەخۆیدا نایاندۆزێنەوە(١٢).

- ئەو جۆرە دەستنیشانکردنەی لۆژیک و ناوەرۆک پێ سپاردنی ئەرکێکی نوێیە هیگڵ بەو بابەتەی بەخشیوە بۆ ئەوەی لەگەڵ جیهاندیدە ئایدیالیستییە دیالێکتیکییەکەیدا بێتەوە، بۆیە وای داناوە کە بابەتەکە دەبێ ژیانی ناوەکی و پەرەسەندنی ژیر- گیان بکات بە کەرەسەی توێژینەوە و بە ئەرکی سەرەکی بیگرێتە ئەستۆ و بچێتە ژێر باریەوە!

هەر لە سۆنگەی ئەو پرۆسەی دیالێکتیکەوە دەکرێ سیستمێکی فرە ڕەنگی چەمکەکان Begriffe ڕۆبنرێ و ڕەنگ برێژدرێ: هەر چەمکێک لە چەمکەکانی لۆژیک لە هزری ڕەها، لە قۆناغێک لە قۆناغەکانیدا، بەولاوە نییە. هەر چەمکێک، بەپێی نەزمەکەی کە لە ئەبستراکتەوە بەرەو هەڵکەوت بەرەوپێش دەچێ، هیچ کاریگەری و بوونێکی کات (زەمەن)ی تێدا نییە، لەنێو زنجیرەیەکی بێ پسانەوە بەدوای یەکتریدا هاتوو، هەموو چەمکەکانی ژێر خۆی دەگرێتە خۆی، دەکرێ هەموویان بە میتۆدەیەکی لۆژیکی لەوەوە بکەونەوە. ئەو چەمکانە پێوەندییان بە ئەزموون و تاقیکردنەوە نییە و دەکرێ بە زگماکی دابنرێن. هەر لەواندا ناکۆکی نێوان بوون و گەوهەر لە پێکهاتەیەکی باڵاتردا بەلاوە دەنرێ. چەمکێک لەقۆناغێکی دیکەدا کە چەمکێکی دیکە نا دەکات لەوی پێش خۆی بەپێزتر و باڵاترە، بەڵام ئەویشی تێدایە و گرتوویەتییە خۆی، ئەوەش یەکە و یەکڕەنگی خۆی و دژەکەی بەرانبەریەتی. بەو پێیە و بەو ڕێگایە

سیستمی چەمکەکان بە تێکڕایی ڕەنگ دەڕێژرێ و ڕۆدەنرێ(١٣). ئەگەر هیگڵ لەو بۆچوونەیدا وێنەی لۆژیکی کلاسیکی گۆڕیبێ و بیروڕای پێشووی لەبارەیەوە بەراوەژوو کردبێتەوە لەوەدا کە ناوەڕۆکی چەمکە لۆژیکییەکانی کردبێ بەوەی ڕوخسارەکان دیار و دەستنیشان دەکەن و گومانی لە ڕاستییەکەیان نەکردبێ لەوەوە بووە کە پتر زەمینەی گەشەکردنی میتودە دیالێکتیکیەکەی پێ خۆش کردووە، هەروەها بەو پێیە سروشتی ناوەڕۆک خۆی لە پرۆسەی زانینی زانستییانەدا گەشە دەکات و بەپێز دەبێ و بەرەو پێش دەچێ و هەر لەودا تیشک دانەوە و بەرجەستە بوونی ناوەکی ناوەڕۆکە کە دەستنیشانکردنەکەی خۆی لە سەرەتاوە جێگیر و بەردەوام دەکات و بەرهەمی دێنێ(١٤).

**فەلسەفەی سروشت**

١- هیچ گومان لە بلیمەتی و گەورەیی هیگڵ و جیهاندیدە سەرتاپاگیرە ڕەنگینەکەیدا نییە، بەڵام هەندێک جار قسەی وا دەکات، دەکرێ بخرێتە نێو خانەی شایەرەوە.

ئەگەر ژیری ڕاستەقینە بێت و پەرەسەندنیش لە پرۆسەی دیالێکتیکی (سێ ڕەنگی) ژیر بەولاوە نەبێ، دەبێ سروشت چی بێ و هیگڵ بەچی دادەنێ و چۆن لێکی دەداتەوە؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کۆشاوە چەمکی فەلسەفەی سروشت ڕۆبنێ، بۆ ئەو مەبەستەش پەنای بردۆتە بەر بابەتی چەمکی زانینی سروشت و هەوڵی داوە جیاوازی نێوان فیزیک و فەلسەفەی سروشت ڕوون بکاتەوە.

ئەو قسەیەی هیگڵ لێرەدا کردوویەتی و خستوویەتییە نێو خانەی شایەرەوە ئەوەی کە گوتوویەتی:

بیرۆکە لە ڕوخساردا دەبێ بە شتێکی دیکە لەوەوە سروشت دەردەکەوێ و پەیدا دەبێ. بیرۆکە کە دەبێ بە نێگەتیڤی خۆی، یان دەبێ بە هی دیکە لە دەرەوەی خۆی... ئەو لە خۆ جیاوازبوونەیە سروشتی لێدەکەوێتەوە(١٥).

سروشت لێرەدا لە گرێ کوێرە و کێشە دەچێ. ژیر، بیر، گیان دەگۆڕێ دژە تێزەی خۆی لێدەکەوێتەوە ئەو دژە تێزەیە لە سروشت بەولاوە نییە. ئەو بۆچوونە دۆگمی سەرەکی کلێسەی مەسیحی دەهێنێتەوە یاد. ژیر بەرانبەر ڕەب و ڕەب خۆی بیرۆکە، ژیر، گیانی ڕووت و ئەبستراکتە، خۆی لە مرۆڤێکی سروشتی ئاسایی لەخوێن و گۆشت دروست بوودا بەرجەستە دەکات کە یەسوعی مەسیحە!. ژیر تێزەیە، دژی خۆی دروست دەکات بەوەی دەگۆڕێ و دەچێتە دەرەوەی خۆی و سروشت پەیدا دەبێ.

دەبێ تا چەند هەڵوێستی لاهوتی کلێسە کاری لە هیگڵ کردبێ. ئەو لاهوتە هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە پشتی بە سرووش (وەحی) بەستووە و ژیری بە ڕەگەزێکی شەیتانی داناوە، سرووشیش لەخۆیدا هێما و بابەتی گوناح و کەموکوڕی و تاریکی بووە!!.

٢- ئیدێ لەوەدا دەبێ بەگرێ کوێرە و کێشەکە بە ڕێگا و شێوازێکی لە شرۆڤەکردن نەهاتووە، نیمچە ئەفسانەیی، دەگۆڕێ و دەبێ بە سروشت! ئایا دەکرێ- ئەو گۆڕان و دەرکەوتنە- بە پرۆسەی داهێنان دابنرێ؟ تا چەند ئەو بڕیارە لەگەڵ یەکڕەنگی ڕەب و بوون pan-theismus کە بە عەرەبی بە (وەحدەی وجوود) ناونراوە دێتەوە؟ بەپێی قسەکانی هیگڵ پێناچێ هیچیان بێت!، چونکە ئیدێ خۆی فۆرمی ڕەهای ژیرە! ژیریش ڕوخسار (فۆرم) و ناوەڕۆک و پێوەندی نێوان هەردووکیانە. تێکڕای جیهان و بوون دەگرێتە خۆی. جگە لەوە هیگڵ گوتەنی: ئازادی ڕەهای بیرۆکە Idee لەوەدایە و ئەوەیە کە تەنیا نەک هەر ناچێتە ناو ژیانەوە و وەک زانینێکی سنووردار و کۆتایی، هەر ڕێگا نادات لەودا بەدەربکەوێ، بەڵکو لە ڕاستەقینەیی خۆیدا بڕیار دەدات ساتی تایبەتمەندی خۆی لێی بچێتە دەرێ، یان دەستبەرداری یەکەم دەستنیشانکرانەکەی و بوونی دیکە دەبێ، بیرۆکەی ڕاستەوخۆ لەوەدا کە ڕەنگدانەوەی خۆیەتی Widerschein، ئازادانە لەخۆیەوە وەک سروشت بەدەردەکەوێ(١٦). بەو بڕیارە کە لە دێرە شیعر دەچێ و جلەوی ئەندێشە ئەوپەڕی بۆ شل کراوە، فەیلەسووفی ئایدیالیستی ڕەها دیسانەوە چۆتەوە سەر چەمکی ئیدێ کە بەهۆیەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام ئەو چوونەوە سەر سەرەتا و دەستپێک، بەپێی میتودە دیالێکتیکییەکە لەخۆیدا بەرەو پێشچوونە. لە سەرەتاوە بە (بوون) دەست پێکراوە، بەڵام (بوون)ی ڕووت و پەتی و ئەبستراکت، ئێستا بیرۆکە (ئیدێ) بوون بە دەست هاتووە، ئەو ئیدێیە بوونەوەرە خۆی سروشتە!.

سروشت Natur لەلای هیگڵ دەلالەت و واتایەکی

گیانی هەیە، پرۆسەی گۆڕان و بەرەوپێشچوونیشی لە پرۆسەی گیان و ژێر دەچێ و جۆرە لابردن و یەکلایی کردنی نامۆیی سروشت بەرانبەر بە مرۆڤ و نامۆیی مرۆڤ لە ئاقار سروشتدا دەگەیەنێ!. ئەو گۆڕان و گواستنەوەیەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بەپێی میتودەی دیالێکتیک، بەدوای یەکتریدا هاتنی چەمکە لۆژیکییەکان دەهێنێتەوە یاد.

٣- ئەگەر سروشت لەلای هیگڵ (ئیدێ) بێ کە گۆڕاوە و بووبێ بەهی تر، لە منەوە بووبێ بە نامن- ئەگەر بشێ ئەو جۆرە دەربڕینە بەکاربهێنین- بووبێ بە نێگەتیڤ و ناکردنی خودی خۆی، ئایا ئەو پرۆسەی گۆڕانە و لە ئیدێوە بوون بە سروشت بەپێی بنەمای دیالێکتیکی ئایدیالیستی چ سروشت و خەسڵەتێکی هەیە؟! ئایا ئەو سروشت و خەسڵەتە بە بنەمای ئازادی پشت ئەستوورە، یان بەجۆر و شێوازێکی دیکەیە؟! لە وەڵامدا هیگڵ گوتوویەتی:

سروشت لە بوونی خۆیدا هیچ ئازادییەک نیشان نادات، بەڵکو ئەوی هەیە ناچاریی و ڕێککەوتە(١٧)! ئەو قسەیە بە تەواوەتی ئەنجامێکە ناکرێ بە جۆرێکی دیکە لە جیهاندیدە گریمان کراوەکەی هیگڵەوە بکەوێتەوە. ئەو پرۆسە ناچارییە، وەک لە ئاخاوتنی داهێنەرەکەیدا دەردەکەوێ، لە پەتی و ئەبستراکتەوە کە ئیدێ- بیرۆکەیە ڕێگای بەرەو کۆنکرێتی ڕاستەقینەی گرتۆتە بەر. ئیدێ خۆی لەخۆیدا بیرۆکەیەکی ڕووت و پەتییە، بەڵام سروشت بابەتێکی بەرهەستی ڕاستەقینەی کۆنکرێتە.

مادده Materie یەکەم وێنە و فۆرمی خۆیی سروشتە، یەکەم کەرەسەیەکی ڕاستەقینەیە کە خۆی پێوەندی بەخۆیەوە هەیە، هەروەها پێوەندی بەشتی ترەوەش هەیە. ئەو پێوەندییەی مادده کە لە بوون لە کات و جێگادا بەولاوە نییە، پێوەندی نێوان هەردووکیان پڕ دەکاتەوە.کات خۆی لە سێ ڕەهەندی ڕابردوو و ئێستا و دوا ڕۆژ پێکهاتووە.

- فەلسەفەی سروشتی هیگڵ، ئەگەر وادابنرێ لەگەڵ میتودەی دیالێکتیکەکەی بێتەوە، هەر بە بابەتێکی کێشە ئامێز دەمێنێتەوە و هەویرەکەی ئاوێکی زەبەندە دەکێشێ. چەندین پرسیار دەورووژێنێ و وەڵامەکانیشیان لە ڕێتێچوون و لێکدانەوە بەولاوە نابن.

بەلای ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەهاوە، سروشت خۆی بیرۆکە، ئیدێ بووە لەخۆی نامۆ بووە، ئیدێیەکە دەستبەرداری خۆی بووە، ئیدێیەکە لە هەمان کاتدا نا ئیدێیە. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ و بە تەواوەتی وەڵامەکەی دەستگیر نابێ ئەوەیە:

دەکرێ سروشت لەخۆیدا زڕە دیاردەیەکی ڕووت Schein بێت، هیچێکی پەتی بێت؟ یان سروشت خۆی بیرۆکە، ئیدێیەکی ڕاستەقینە و ڕاست و ڕەوانە، ئیدێ لە ڕاستەقینەیەتی ئەودا بوونی ڕاستەقینەیە؟

یان دەکرێ هەردووکیان بن پێکەوە؟. لە ڕوانگەی دیالێکتیکەوە سەرنجی پرسیارەکان بدرێت دەبێ هەرسێکیان بە (ئا) وەڵام بدرێنەوە هەردوو ڕەوشەکە کە لەوەڵامی پرسیاری یەکەم و دووەم دەکەونەوە، دەکرێ وەک تێزە و دژە تێزە، وەک بیرۆکە و بوون تەماشا بکرێن و هەریەکەیان بوونی ئەوی دیکە بە ناچاریی پێویست دەکات. ئەوی لەو کایەیەدا بە کراوەیی دەمێنێتەوە و وەڵامەکە سنووری ڕێتێچوون دەبەزێنی ئەوەیە، پشت ئەستوور بە بنەماکانی لۆژیک، ئایا دەکرێ لە ئیدێ، لە بیرۆکەی ڕووت و پەتییەوە شتێک پەیدا بێ کە بە تەواوەتی بە پێچەوانەیەتی؟ ئایا ڕاستە لە ئیدێ سروشت پەیدا دەبێ، یان بیرۆکەی سروشت؟!

ئەگەر بەپێی بنەماکانی لۆژیک وەڵام بدرێتەوە، دەگوترێ ئەو کەوتنەوەیە ناشیاوەکییە و لە کردن نایەت و ناگونجێ، چونکە لە هزر تەنیا هەر هزر دەکەوێتەوە. ئەوەیە ئەنجامگیری دروستی لۆژیکی. لە پرۆسەی چالاکی لۆژیکیدا بابەتەکە خۆی چییە هەر ئەوەی لێ پەیدا دەبێ. ئەگەر نێگەتیڤ بوون، بوون بە پێچەوانەوە گەوهەری پرۆسەی دیالێکتیکی لێ پێک بێت، ئەوە واپێدەچێ هیگڵ بە جۆرێکی تایبەتی لە سروشت گەیشتبێ و پێناسەی کردبێ. گەوهەری سروشت بەلای ئەو فەیلەسووفەوە لە بوون بەهی تر، ناکۆکی، نێگەتیڤ و ناڕێ بوون و بوون بە دژ لە بەرانبەردا و دەستبەرداربوون پێک بێت. ئەو ناکۆک و دژانە لە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ڕەهای هیگڵدا لە یەکڕەنگی و یەکەی ژێر- گیاندا هەڵدەگیرێن و یەکلایی دەکرێنەوە، سروشت لێرەدا پردە بازێکی گواستنەوەی(١٨) دیالێکتیکییە لە ڕەوشێکەوە بۆ ڕەوشێکی دیکە و یەکەم هەنگاوی فەلسەفەی سروشتی دەبێ بەرەو هەڵگرتنی

یەکەم هەنگاوی بەجێهێشتن و بەلایەکدا خستنی چەمکی سروشت!

سروشت و چەمکی سروشت دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن، سروشت خۆی لەخۆیدا دژ و ناکۆکییەکە یەکلایی ناکرێ و تایبەتمەندییە گەوهەرییەکەشی بەناریێ (نێگەتیڤ) دەستنیشان دەکرێت. ئەو نێگەتیڤ و چەمکی سروشتییە هاوتا و بەرانبەرن و دوو رووی یەک پارچە دراو نیشان دەدەن.

## فەلسەفەی ژیر- گیان

کێشەیەکی سەخت کە رووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە ئەگەر بیەوێ جیهاندیدی هیگڵ شرۆڤە بکات، چۆن ئەو چەمکە تایبەتییە تەمومژاوییانەی بەکاری هێناون لە ئەڵمانییەوە بۆ زمانێکی دیکە وەربگێڕێ، وەرگێڕانێک مافی خۆیان پێ ببەخشێ و پڕ بە پێستیان بێ. چەمکێکی ئاڵۆز لەو کایەیەدا چەمکی (Geist)ی ئەڵمانییە. لەسەردەمی خوێندکاریمدا لە ناوەراستی ساڵانی هەشتادا کاتێک سەرگەرمی تێزەی دکتۆرییەکەم بووم، لە چەند پسپۆرێکی ئەڵمانم پرسی، دەبێ ئەو چەمکە چی بگەیەنێ؟ هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەو وشەیە چەند واتا و دەلالەتێکی هەیە. لە زمانی ژیانی رۆژانەدا بە واتای گیان بەکاردێت، بەڵام هیگڵ لە فەلسەفەکەیدا بە واتای ژیر بەکاری هێناوە. من وای بە باش دەزانم کە لە بەرانبەر ئەو چەمکەدا هەردوو چەمکی ژیر- گیان پێکەوە بەکاربێت. لەوانەیە لێرەدا رووبەرووی گازندەیەک ببمەوە کە بریتی بێ لەوەی: پەرەسەندنی پرۆسەی ئەو چەمکەی هیگڵ لە پرۆسەی گەشەکردنی دیالێکتیکی هۆشیاری کە بە عەرەبی (وەعی) و بە ئەڵمانی Bewusstsein پێی دەگوترێ، بەو لاوە نەبووە. ئەو گازندەیە لەخۆیدا لە جۆرە شرۆڤەکردنی چەمکەکە سنووری رێتێچوون نابەزێنێ شتێکی دیکە نییە. هیگڵ بەو ناسراوە بروای بە ئایین و کڵێسەی مەسیحی سەردەمی خۆی هەبووە، شارەزاییەکی چاکی لە تەوراتی جوولەکە و ئینجیلی عیساییەکان هەبووە. لە سەرەتای ئینجیلی یۆحەنادا هاتووە:

لە دەستپێکدا وشە (Logos)، بیرۆکە، هەبوو، لە ئارادابوو، لۆگۆس لەلای رەب بوو،، لۆگوس خۆی رەب بوو (یوحەننا: ۱: ۲).

ئەگەر لە ئینجیلدا لۆگوس بەرانبەر بە وشە دانرابێ، لە فەلسەفەدا بە بیرۆکە و توانایی هزر و بیرکردنەوە تێی گەیشتراوە، بەڵام ئایا ئەو لۆگۆسە خۆی لە خۆیدا چی بووە؟ چ پێوەندییەکی بە رەبەوە هەبوو؟ تا چ رادەیەک بوونەکەی کۆنیی و یەکرەنگی رەب کاڵ دەکاتەوە؟ ئایا هیگڵ سوودی لەو قسەیەی یۆحەننا وەرگرتووە، یان نا؟ ئەو پرسیارانە دەکرێ لە چوارچێوەی ئەو بابەتەدا ناراستەوخۆ کۆششی وەڵام دانەوەیان بکرێت.

۱- بەلای هیگڵەوە سروشت بێ کێشەیە و شمەکەکانی سروشت چەوتی و کاری نابەجێ ناکەن و لە شپرزەیی و پچرپچڕ بوونی ناوەکییەوە بە دوورن، بەڵام گیان- ژیر، هەر لە سەرەتای ژیانەوە دووچاری کێشەیەک بووە کە بە کێشەی کەرت بوون Entzweiung ناوی بردووە. ئەو پچرپچڕ بوونەی ژیر لە پرۆسەی هۆشیاری میللەتاندا هەستی پێ کراوە و سەرنجی بۆ لای خۆی راکێشاوە. ئەوەیە چارەنووسی گیان- ژیر! هیگڵ گوتوویەتی: هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە، ئەوی پێوەندی بە یەکرەنگیی سروشتییەوە هەبووە، کەرت بوون و پچرپچڕبوونە سەرسوڕهێنەرەکەی گیان- ژیر لەخۆیدا بابەتی هۆشیاری میللەتان بووە(۱۹).

دەبێ ئەو پچرپچڕبوونەی گیان چی بێ؟ بۆ دووچاری ئەو چارەنووسە سەرسوڕهێنەرە بووبێ؟

بۆ پشت راستکردنەوەی بۆچوونەکەی و وەڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارە، رابەری فەلسەفەی ئایدیالیزمی رەها لایەک لە تەوراتی مووسا دەکاتەوە و نموونە شانۆئاساییەکەی ئادەم و حەوا و دەرکردنە دراماتیکییەکەیان لە بەهەشتی عەدەن تاووتو دەکات. لەو هەڵوێستەیدا کۆششی کردووە بنەمایەکی ئایینی لە تەوراتی جوولەکەوە کە بنەمای ئینجیل و ئایینی عیساییە بۆ پرۆسەی دیالێکتیکی گیان- ژیر کە بە شێوازێکی سێ قۆناغی بەرەوپێش دەچێ بدۆزێتەوە بنەمای تێزە، دژەتێزە، سونتێزە (پێکهاتە لە هەردووکیان).

هیگڵ بەسەرهاتەکەی ئادەم و حەوای لە تەوراتەوە وەرگرتووە و بەپێی بۆچوونی خۆی شرۆڤەی کردووە و ئەنجامی ئەوتۆی لێ خستۆتەوە لەگەڵ پەیڕەوە لە سەرەتاوە رەنگ بۆ رێژراوەکەی خۆیدا بێتەوە:

ئادەم و حەوا لە بەهەشتی عەدن ژیاون لەوێدا دوو

درەخت هەبووە، درەختی ژیان و درەختی زانینی چاکەکاریی و بەدکاری.. ئەمە قۆناغی یەکەمە قۆناغی ئاسوودەیی و تەبایی لەگەڵ سروشتدا، ئەو قۆناغە بەرانبەر بەم تێزەیە. لە قۆناغی دووەمدا جۆرە جیابوونەوەیەک دەکەوێتەوە بەوە لەبەری ڕێگا نەدراوی زانینی چاکەکاری دەخۆن! هۆشیار دەبنەوە، هەست بەوە دەکەن کە رووتن! ئەمە قۆناغی دژە تێزەیە! لە قۆناغی سێیەمدا هەردوو قۆناغی پێش خۆی دەگرێتە خۆی قۆناغی سزادان و دەرکردن لە بەهەشت! ئەمە سونتێزەیە.

بەلای هیگڵەوە گێڕانەوەکەی تەوراتی مووسا گوایە ئەو بۆنەیەی مرۆڤی هان داوە دەستبەرداری یەکڕەنگی سروشتی خۆی ببێ و لەبەری داری زانین بخوات بەهۆی تەفرەدانی دەرەکییەوە ڕەخساوە، لە جێگای خۆیدا نییە، چونکە کەوتنە نێو چاڵی ناکۆکی و ناتەباییەوە و گەشەکردنی هۆش و هۆشیاریی لە مرۆڤ خۆیدا ڕووداوێکە هەمیشە دووبارە دەبێتەوە. ئینجا لەعنەت دێ کە لە مرۆڤ کراوە، ئەوەش ناکۆکی و ناتەبایی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا دەگەیەنێ. لە چارەی مرۆڤ نووسراوە لەبەر ئارەقەی ناوچاوانی بژی و کاربکات. هەر کارەکە خۆی ئەنجامی دوو پارچەیی و دابەش بوونەکە بووە و هەر خۆشی ئەو دووپارچەییە بەلایەکدا دەخات(٢٠).

٣- ئەگەر مرۆڤ لە ڕووداوی ئادەم و حەوا وردبێتەوە و لەگەڵ شرۆڤەکردنەکەی تەورات و هیگڵدا بەراوردی بکات، بە بۆچوونی من، نە شرۆڤەکەی تەورات و نە لێکدانەوەکەی هیگڵ پەسند دەکات. هەردووکیان بابەتەکەیان بەلاڕێدا بردووە.

شێوازی گێڕانەوەکەی تەورات چەند خاڵێکی تێدایە گازندە هەڵدەگرن و دەرفەتی ڕەخنەکردن دەدەنە دەست. سەرکێشی مرۆڤ و سزادانەکەی کە لە بەهەشت دەرکراوە. شانۆییەکە، بە پێچەوانەی بەلاڕێدا بردنەکەی تەوراتی جوولەکە، دەیەوێ بەدبەختی و کلۆڵی و هەژاری و نەخۆشی و برسێتی و قاتوقڕی لەژیاندا پاساو بدات، زۆر و جەور و نایەکسانی و بێ دادی ڕەوا بکات بەوەی ئۆباڵەکەی دەخاتە ئەستۆی مرۆڤ خۆی کە بەدەستی خۆی ئەو کارەسات و نەهامەتییەی بەسەر خۆی هێناوە! دەبا لە بەری دارەکەی نەخواردبایە تاوەکو ئەوەی بەسەریدا سەپێنراوە بەسەریدا نەهاتبایە! ئەنجامێک بەهیچ ژێر و لۆژیک ڕەوا نییە و پاساو نادرێت:

لەوەدەچێ هیگڵ پێشەکی ڕەنگی نەخشەی میتودە دیالێکتیکییەکەی ڕشتبێ و بابەتەکان بە جۆرێک لێکدەداتەوە کە بڕیار و بۆچوونەکانی پشت ڕاست بکەنەوە و لەگەڵ میتودە پێشەکی دانراوەکەیدا بێنەوە!

٤- میتودەی دیالێکتیکی لە فەلسەفەدا، چۆن لە شاکاری فینۆمینۆلۆژی ژیر- گیاندا هاتووە، ڕەوتی سروشت و پەرەسەندنی پرۆسەی هزر- بیر دیار و دەستنیشان دەکات. پرۆسەی هزر لەلای خۆیەوە بە زنجیرەیەک قۆناغدا گەشە دەکات و تێدەپەڕێ. هزر و سروشت لە پرۆسەی دیالێکتیکدا، لە قۆناغی دواتردا، لە یەکتری گرتنیان گیان- ژیر پەیدا دەبێ. کەوابوو ژیر قۆناغی سونتێزەی دیالێکتیکە. گیان- ژیر لەلای خۆیەوە پرۆسەی دیالێکتیک دەیگرێتەوە و لەو پرۆسەیەدا بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ: Subjektiver Geist

**یەکەم:** گیان- ژیری خۆیی (تێزە) Objektiver Geist

**دووەم:** گیان- ژیری بابەتی (دژە تێزە) Absolut-er Geist

**سێیەم:** گیانی ڕەها(٢١) (سونتێزە) ئەو گیانە لە هونەر و ئایین و فەلسەفەدا دەردەکەوێ و بەرجەستە دەبێ.

## یەکەم گیانی خۆیی

١- فەلسەفەی ژیر- گیان لەلای هیگڵ لە پەرەسەندن و گەشەکردنی هۆش و هۆشیاری بەولاوە نییە. گیان لەو قۆناغەدا بریتییە لە بەریەک کەوتنی تێزە (هزر) و دژە تێزە (سروشت) و لە هەردووکیان گیان- ژیر کەوتۆتەوە.

گیانی خۆیی یەکەمین و نزمترین پلە و ئاستی پەرەسەندنی ژیر- گیانە کە خۆی لە هۆشیاریی تاکەکەساندا بەرجەستە دەکات، لە ئاستی ژێرەوەی هەست کردنی ڕووت و پەتی جیهان گەشە دەکات و پەرەدەستێنێ تاوەکو دەگاتە پلەیەکی باڵاتر کە بریتییە لە ئاستی سەرەوە و باڵای چەمکەکانی ژیر- گیان کە لەهۆش و هۆشیاری تاکەکەساندا بەدەردەکەون. ئەو پرۆسە ژیرییەی تاکەکەسان دەگرێتەوە کە پەتی و ئەبستراکتە و لەژیانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە دوورە و

تاراده‌یه‌ک له بابه‌تی ده‌روونناسی ده‌چێ! چونکه له‌و قۆناغه‌دا خۆی له ڕوخسارێکی ده‌ره‌کیدا به‌شێوه‌ی دامه‌زگا و دامه‌زراو و ئۆرگانه جۆربه‌جۆره‌کان ده‌رنه‌خستووه.

گیانی تاکه‌که‌سان لێره‌دا ئاماژه‌یه به ژیر و گیانی تاکه‌که‌سان و هه‌ست و هۆشیاری و هۆشی خۆ و خود، ژیری من و تۆ ئه‌و ڕه‌وشه له‌لای هیگڵ ڕه‌وشی ناوه‌کییه له به‌رانبه‌ر ڕه‌وشی ده‌ره‌کیدا که له ده‌زگا و ڕێکخراوه سیاسی و قانوون و دابونه‌ریت و ئاکار و سروشتدا به‌رجه‌سته ده‌بێ.

٢- گیانی خۆیی که له هۆشیاریی تاکه‌کاندا به‌رجه‌سته ده‌بێ بێ پسانه‌وه خۆی له‌به‌رده‌م بیانییه‌کدا، له‌به‌رده‌م جیهانی ده‌ره‌وه‌دا (سروشت، کۆمه‌ڵگادا) ده‌بینێته‌وه. ئه‌و جیهانه هه‌ڵکه‌وتێکی بابه‌تی نه‌ناسراو و نه‌زانراوه، بۆیه به بیانی دێته به‌رچاوی، به‌ڵام نابێ ئه‌وه‌ش له‌یاد بچێ که هه‌ڵکه‌وتی ڕاسته‌قینه‌ی بابه‌تی کۆمه‌ڵگه و چالاکی و ڕۆڵی هۆش و هۆشیاریی تاکه‌که‌سی له‌ودا ده‌که‌ونه‌وه و په‌یدا ده‌بن. چالاکی تیوری و پراکتیکی هۆشیاریی تاک و تاکه‌که‌سی له‌وه‌دا فه‌راهه‌م ده‌بێ، خۆی له‌گه‌ڵ ئه‌و پێوه‌ندییه ده‌ستیاوییه‌دا بگونجێنێ و به‌هۆیه‌وه له پرۆسه‌یه‌کی مێژوویی کۆشش و هه‌وڵداندا له هۆش و هۆشیارییه‌وه به‌ره‌و له‌خۆ هۆشیار بوون و له‌وه‌وه به‌ره‌و ژیر پتر به‌ره‌وپێش بچێ و په‌ره بستێنێ.

### ئاغاو نۆکه‌ر

بۆ پشت ڕاستکردنه‌وه‌ی هه‌بوونی دوو ڕوخسار و ڕه‌وشی هۆشیاری که یه‌کێکیان سه‌ربه‌خۆیه و له‌خۆیدایه، ئه‌وی دیکه‌یان نا سه‌ربه‌خۆیه، نموونه‌ی ئاغا و نۆکه‌ری هێناوه‌ته‌وه. ڕه‌وشی یه‌که‌می هۆشیاری ئاغایه و ئه‌وی دیکه‌یان له ڕه‌وشی نۆکه‌ر ده‌چێ، چونکه ژیانن، یان بوونی بۆ ئه‌وی دیکه‌یه. به‌پێی بنه‌مای دیالێکتیک خۆ له‌خۆیدا ئه‌وی دیکه له به‌رانبه‌ر خۆیدا هه‌ست پێ ده‌کات. ئه‌م هۆش بوونه له دوو به‌شی له‌خۆدا و ئه‌وی دی خود و بابه‌ت پێوه‌ندییه به‌وی دیکه‌شه‌وه، به‌ڵام له هه‌مان کاتدا پێوه‌ندییه به‌خۆوه. بۆ؟ پێوه‌ندی نێوان خود و بابه‌ت پێوه‌ندییه‌کی ڕاسته‌وخۆیه و هیچ شتێک له‌نێوانیاندا نییه. هۆش، خود، هه‌ست ده‌کات که بابه‌ته‌که بوونی هه‌یه. دانان به به‌رانبه‌ردا له هه‌مان کاتدا دانانه به بوونی خودا، چونکه له بوونی ئه‌وی دیدا بوونی خۆی ده‌بینێ سه‌لماندن و ساغ کردنه‌وه‌ی بوونی خۆ له به‌رانبه‌ر ئه‌وی دیدا لابردنی بوونی ئه‌وی دی نییه. هه‌ردووکیان پێویستیان به یه‌کتری هه‌یه. ئه‌و پێویستییه بوونی تایبه‌تی و بێ قه‌ید و مه‌رجی هیچ کامیان لا نابات و نایسڕێته‌وه. دوور نییه وابێته به‌رچاو که خه‌سڵه‌تی هۆشیاری، هۆشیاری هه‌سته‌کی و په‌یبردنی هه‌سته‌کی و تێگه‌یشتن (فامه) و به جۆرێکی سه‌ربه‌خۆ ده‌ربکه‌ون و نامۆ و بیانی بن، به‌ڵام ئه‌وی ڕاست بێ، ئه‌وانه خۆیان خودی هۆشن، له پێوه‌ندی نێوان ئاغا و نۆکه‌ردا(٢٢) ئه‌و پێوه‌ندییه چاکتر ڕوون ده‌بێته‌وه ئاغا بوونی سه‌ربه‌خۆ و بێ قه‌ید و مه‌رجی خۆی هه‌یه، به‌ڵام ئه‌و بوونه ناکرێ و ناتوانێ ده‌ستبه‌رداری نۆکه‌ره‌که بێ، ئه‌گه‌ر نا ئاغا چۆن و به‌چی ئاغا ده‌بێ!؟ بۆیه ئاغا ناچاره دان به بوونی نۆکه‌ره‌که‌دا بنێ، نۆکه‌ریش له‌لای خۆیه‌وه بوونه‌که‌ی به بوونی ئاغایه‌که‌وه به‌نده. ئیش کردن له‌لای ئاغا به نۆکه‌ری، دان پێیدانانه به ئاغایه‌تی ئاغادا. به‌و پێیه جۆره پێوه‌ندییه‌کی ده‌ستیاوی له‌نێوان هه‌ردووک لادا هه‌یه، ئه‌و پێوه‌ندییه بوونی پێویست بوون به یه‌کتری، دانان به بوونی یه‌کتری و سه‌ربه‌خۆیی جیاوازی هه‌ردووک لا دووپات ده‌کاته‌وه!. هه‌ر له‌و ڕوانگه‌یه‌وه ئه‌و پێوه‌ندییه پتر شرۆڤه‌کردن هه‌ڵده‌گرێ: ده‌کرێ بگوترێ نۆکه‌ر سه‌ربه‌خۆیی خۆی نییه، بۆیه هۆشیاریی خۆیشی نییه ئه‌و ته‌نیا هه‌ر هۆشه و بابه‌تی دیکه‌ی نییه، چونکه خۆی بابه‌تی خۆیه‌کی دیکه‌یه. هۆشیاری خۆیی ئاغاکه، له هه‌مان کاتدا، سه‌ربه‌خۆیی خۆی له‌وه‌دا ده‌بینێته‌وه پشت به نۆکه‌ره‌که‌ی ببه‌ستێ، چونکه کاتێک ئه‌و خۆی سه‌ربه‌خۆ ده‌بێ که سنوورێکی بۆ سه‌ربه‌خۆیی خودی ئه‌وی دیکه ڕه‌نگ ڕشت. لێره‌وه سه‌ربه‌خۆیی له‌خۆیدا ناکۆکه و پشت به ئه‌وی تر ده‌به‌ستێ. به‌و پێیه پرۆسه‌که له پێوه‌ندی بوون به‌نابوونه‌وه گه‌شه ده‌کات و به‌ره‌و پێش ده‌چێ! له به‌ره‌و پێش چوونه قۆناغێکی دیکه دێته کایه‌وه و سه‌ربه‌خۆیی و هۆشیاری خۆیی ده‌بن به یه‌ک! بابه‌تی خود له سه‌ره‌تادا سه‌ربه‌خۆ بووه له خود، ئینجا بابه‌ت و خود ده‌بن به یه‌ک ژیریش ئه‌و دوو هه‌ڵوێسته ناکۆک به یه‌کترییه له سونتێزه‌دا پێکه‌وه دێنێته‌وه و ده‌یانکات به‌یه‌ک(٢٣). خود خۆی هه‌یه دان به بوونی سه‌ربه‌خۆی خۆیه‌کانی تردا ده‌نێ، به‌ڵام خۆیه‌کانی دیکه له

هۆشیاری خۆیی بەولاوە نین، بۆیە ئەگەر سەرنج لە خۆیەکانی دیکە بدات لە هەمان کاتدا لە خودی خۆی ورد دەبێتەوە، ئەوەش بریتییە لە دانان بەیەکتریدا و هۆشیاری خۆیە بۆ هۆشیاری خۆیەک ئەو یەک بوون و یەکرەنگییە خۆی لەخۆیدا لەوەدایە کە ببێ بە یەکێکی دیکە. کاتێک هۆشیاری خود دەبێ بە بابەتێک لە هەمان کاتدا لە من خۆم و لە بابەت پێکهاتووە! بەو پێیە چەمکی ژیر- گیان بۆ ئێمە دێتە ئاراوە.

## دووەم: گیانی بابەتی

لەو قۆناغەدا هیگڵ قسە لە هۆشیاری ڕەگەز دەکات، بە پێچەوانەی قۆناغی پێشەوە کە باسی هۆشیاری تاکەکەسی کرا. گیان- ژیر لەجیهانی خودی خۆ دەچێتە دەرێ خۆی لە جیهانی دەرەوەی خۆیدا دەبینێتەوە، جیهانی بابەتی کە خۆی ڕەنگی ڕشتووە و دایناوە، جیهانی ئۆرگان و دەزگا و دامەزراوە جۆربەجۆرەکان، هەر لە قانوونەوە تاوەکو دابونەریت و ئەرک و فەرمان و کۆمەڵگە و دەوڵەت. لەو بەشەدا ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەها بە تێروتەسەلی قسە لە قۆناغەکانی گەشەکردن و بەرەو پێش چوونی گیانیی هۆشیاری مرۆڤ دەکات، چۆن لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا دەرکەوتووە و بەرجەستە بووە.

لە بەشی شەشەمی شاکاری فینۆمینۆلۆژی گیاندا هیگڵ بەپێی میتودەی دیالێکتیکییەکەیەوە، باسی سێ جۆر گیان- ژیر دەکات:

- گیانی ڕاستەقینە Der Wahre Geist
- گیانی لەخۆ نامۆ بوو. Der sich entfremdete Geist
- گیانی لەخۆ دڵنیا بوو. Der seiner selbst gewisse Geist

## گیانی ڕاستەقینە

١- گیان لەو قۆناغەدا لە تێکڕای سیستمی ئاکاریدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام گیان خواستی هەیە. بەپێی ئەو خواستە جگە لە دووپات کردنەوەی بوونی خۆی، دەیەوێ سنووری بوونی خودی خۆی ببەزێنێ و بە ڕەوشی بابەتییانە بگات. ئەوەش لە دیالێکتیکی دەستبەردار بوون (Entausserung) بەولاوە شتێکی دیکە نییە.

هیگڵ بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو بۆچوونە، لەبەریەکچوونی کۆمەڵگای ئەتنیکی یۆنانی و پەیدابوونی فۆرمە پڕ لە ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی سەردەمی خۆی کە بە ئاستێکی باڵای گەشەکردن و پەرەسەندنی مرۆڤایەتی داوە کە لەو لەبەریەکچوونەوە کەوتۆتەوە، باس کردووە.

ئەگەر گیانی خۆیی ڕەوشێکی ناوەوە و ناوەکی بێ و بریتی بێ لە یەک لایەن، گیانی بابەتی لەلای خۆیەوە یەک لایەنە، بەڵام دەرەکییە و ناکۆک و دژی گیانی خۆییە، بەڵام گەوهەر و پوختەی بیرۆکە و ئایدیای گیان، خۆی لەدەست داوە کە هۆشیاریی و خۆیەتییە. بۆ نموونە گیان لە دیدی هیگڵەوە لەخێزان و یاساکانی ئاکار و دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێ دەستبەرداری هۆشیاریی خودی خۆی بووە، بەڵام تایبەتمەندی بابەتییانەی پێ بڕاوە. خێزان، دەوڵەت لە دەرەوەی گیانداران و بابەتین، بەڵام بوونێکی هۆشیارانە نین و من و تۆ و ئەو نین. هەردوو ژیر- گیانی- خۆیی و بابەتی دوو جەمسەری ناکۆک بەیەکترین و هەریەکەیان لەمپەر و سنووری ئەوی دیکەیان دیاری دەکات و ڕەنگی بۆ دەڕێژێ.

٢- ژیر- گیان لە ڕاستەقینە ساکارییەکەیدا خۆی هۆشیارییە و ساتەکانی خۆی لەیەکتری جیا دەکاتەوە. کرداریش گیان بۆ گەوهەر و هۆشیاری هەمان شت خۆی جیا دەکاتەوە و بە هەمان ڕادەی هۆشیاری گەوهەریش جیا دەکاتەوە trennt. گەوهەر وەک گەوهەری گشتی و ئامانج لەیەک کاتدا خۆی وەک هەڵکەوتێکی تاک ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە(٢٤) بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو بۆچوونە هیگڵ نموونەی کرداری جیهانی ئاکار و زانینی مرۆڤ و ڕەب و گوناح و چارەنووسی دەهێنێتەوە: بە تایبەتی دێرە هەڵبەستێکی سۆفۆکلیس لە شانۆگەری ئەنتیگۆنەوە دەخوازێتەوە: (فینۆمینۆلۆژی- چاپی ئەڵەمانی- ل٣٤٨): «لەبەر ئەوەی ئازارمان چێشتووە، ئێمە دانی پێدا دەنێین کە گوناهمان کردووە.» ئەو جۆرە دان پێدانانە گوایە دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان ئامانجی ئاکارەکی و هەڵکەوتی ڕاستەقینە لادەبات و هاتنەوە سەر ئاکاری ناخی دەروون و ویژدان کە دەزانێ لە ڕاستی و ماف و هەق بەولاوە هیچ شتی تر بڕ ناکات، دەردەبڕێ. ئەو هەست کردن بە گوناح کردنە لێرەدا بەپێی میتودەی دیالێکتیک و لە سۆنگەی هیگڵەوە کارێکە

هۆشیاریی خۆیی بەدی دەهێنێ کاتێک خۆی دەخاتە بەردەستی خودی خۆی و لەبەرانبەردا ڕووبەڕووی ڕاستییەکی دەرەوەی دەرەکی کە بیانی و نامۆیە دەبێتەوە. ئەو جۆرە هۆشیارییە خۆییە پەرت و دابەش بوونە، چونکە جۆرە دووبەرەکی و ناکۆکییەک دەبەخشێ. بێ پسانەوە لە پرۆسەیەکی گەشەکردن و بەرەوپێش چووندا یەکێتی و یەکڕەنگی گیان و سروشت، هی بوون لەخۆیدا و بوون بۆ خۆی، لەنێوان گەوهەر و هۆشیاریی خۆی، لەنێوان خێزان و دەوڵەت و لەنێوان تاک و هەمەکیدا نامێنێ و لەناو دەچێ و لە جێگا و بەرانبەریدا پەرت و دووبەرەکی کە ململانێیی گیانی بە ئاگا لە خۆ بوو دەردەبڕێ، دێتە کایەوە ئەو پرۆسەیە بەو جۆرە بەردەوام دەبێ.!

بەو پێیە گیانی ڕاستەقینە لە سێ ڕەوشدا بەدەرکەوتووە و بەرجەستە بووە: جیهانی ئاکار و کرداری ئاکاریی و ڕەوشی قانوون. کۆمەڵگەی کۆنی یۆنان و ئاوابوونی خۆری شارستانیەتەکەی و بەدەرکەوتنی جیهان و کولتووری ڕۆمان و ئەو بنەمایە بووە هیگڵ ڕەنگی جیهاندیدەکەی لەسەر ڕشتووە.

### گیانی لەخۆ نامۆبوو

ئەو ڕەوشەی گیان لەو قۆناغەدا، لە چوارچێوەی پەرەسەندن و پرۆسەی گەشەکردنیدا خۆی لە شارستانیەت و کولتووردا بەرجەستە کردووە. هیگڵ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕەوشەی گیان قۆناغی کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆری ڕۆمی کۆن تاوەکو هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا ١٧٨٩ز-ی کردووە بە بنەمای بڕیارەکەی. ناوەکەشی لەوەوە هاتووە: جیهانی گیان دابەش دەبێ بە دوو بەشەوە:

**یەکەم:** جیهانی هەڵکەوت و ڕاستەقینە (واقیعی) ئەو جیهانە لە نامۆبوون لە خودی خۆی بەولاوە نییە، گیانی لەخۆ نامۆ بووە، بۆیە بەگیانی لەخۆ نامۆ بوو ناوبراوە.

**دووەم:** ئەو ڕەوشە جیهانەیە کە سنووری یەکەم دەبەزێنێ و بڵندتر دەبێ. ئەو دوو بەشە بەرانبەر و ناکۆکی یەکترین. ئەو جیهانە ناکۆکە لەگەڵ نامۆ بوونەکە لە نامۆبوون دانەبڕاوە، بەڵکو ڕوخسار، فۆرمێکی دیکەی نامۆ بوونە و لەوەش پێکهاتووە کە لە هەردووک جیهانەکەدا هۆشی هەیە و هۆشیارە و بە ئاگایە(٢٥)!

ئەو ڕەوشە دیسانەوە لەخۆیدا بە سێ جۆر و لە سێ کالادا دەردەکەوێ:

- کولتوور و شارستانیەت.
- ڕۆشنگەریی و شۆڕشی فەرەنسا.
- ئازادی ڕەها و تۆقین. (فینۆمینۆلۆژی چاپی ئەڵمانی ل٤٣١).

کولتوور لە خۆیدا جیاواز بوونە لەخۆ، چوونە دەرەوەی: sich Aussern سروشتی ئاساییە، سروشتە ڕاستەقینە بنەڕەتییەکەی و گەوهەرەکەی گیانی نامۆ بوونی (بوون)ی سروشتییە. ئەو لەخۆ چوونە دەرەوەییە ئامانجی تاک خۆیەتی ئەوەندەی بوونیشیەتی، لە هەمان کاتدا ئامرازە، یان قۆناغی گوێزرانەوەی بەبیردا (هزردا) هاتووە بەرەو هەڵکەوتی ڕاستەقینە هەروەک ئەوەندەی بە پێچەوانەوە ئامرازی تاکایەتی دیاریکراوە بەرەو گەوهەر. ئەو تاکییە خۆی پێدەگەیەنێ (بە کولتوور) تاوەکو بەوە بگات لەخۆیدا چییە و ئەو بە ئەو نەبێ لەخۆیدا نابێ و بوونی ڕاستەقینەشی نابێ، ئەوەندەی خۆی پێبگەیەنێ (بە کولتوور) ڕاستەقینەیی و هێز و توانایی دەبێ، چونکە تاک کە دەستبەرداری بوونی بۆ خۆی دەبێ، ئەو بوونە بەها و بایەخی ڕاستەوخۆی خۆیەتی، دەتوانێ لە خودی خۆی ڕاستەقینەیەکی هەمەکی بەرانبەر بە خۆی دروست بکات و دابهێنێ، ئەو داهێنانە بەرزکردنی پلەی بوونی خۆیەتی و بەرەو گەوهەر!. ئەو بەزاندنەی سنووری سروشتی خۆ چوونە دەرەوەیە لە ڕەوشی بوونی ڕاستەقینەی ڕاستەوخۆ و نامۆ بوونە لە خودی خۆ.

- هۆشیاریی چەمکی خۆی لە سوود و قازانجدا دەبینێتەوە، بەڵام ئەو چەمکە لە بەشێکیدا هەر بابەتە و لە بەشێکی دیکەیدا ئامانجە، هەروەها هۆشیاریی لەو ڕەوشەدا ڕاستەوخۆ خۆی بە خاوەنەکەی دانانێ. سوود و قازانج هەر بە باری بابەت ماوەتەوە و نەبووە بە بنەکەی، یان نەبووە تاکە ڕاستەقینە ڕاستەوخۆیەکەی، بەڵام گۆڕانێکی بەراوەژوو بوونەوە بەسەر ڕاستەقینەدا دێت، هۆشیاریی ڕوخسار و فۆرمێکی نوێی پێدەبڕێ کە ئازادی ڕەهایە (فینومینۆلۆژی چاپی ئەڵمانی- ٤٣١).

بەپێی بنەمای دیالێکتیک ململانێ لەنێوان تاکەکاندا هەیە، هەر تاکە دەیەوێ بوونی خۆی لەبەرانبەر ئەوانی دیکەدا دووپات بکاتەوە، بۆیە دووچاری ململانێ و

پێکداداان ببێ لەگەڵ ئەوانی تردا بۆ پێوەندی نێوانیان سروشتێکی ناڕێ، نالەبار، نێگەتیڤی دەبێ. هەر شتێکیش سنووری خۆی بەزاند، دەبێ بە دژ و پێچەوانەوە و ناکۆک.

ئازادی ڕەها کە بوونی خۆی دووپات دەکاتەوە بەو پێیەی هەمەکی گشتی و ڕەهایە سنووری خۆی دەبەزێنێ و پێچەوانەی خۆی پەیدا دەبێ: تیرۆر و تۆقاندن. بەو بۆچوونە هیگڵ کە لە ژیانیدا دۆست و لایەنگیری شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ۱۷۸۹ز بووە پاساوی ئەو کوشتن و بڕین و تیرۆرە دەداتەوە کە بەدەستی یاکوبییەکان و ناپلیۆن چەندین ساڵ جێبەجێ کراوە بەپێی میتودەی دیالێکتیک تیرۆرەکەی ڕابەرانی شۆڕشی فەرەنسا ڕەوشێکی ناچاریی بووە لەو ئازادییە ڕەهایە کەوتۆتەوە کە شۆڕشەکە دەستەبەری بوو! ئازادی وەک هەموو بابەتێکی دیکە ڕوخسار و ناوەڕۆک و ڕادەی بڕکردن و سنوور و سروشتی تایبەتی خۆی هەیە.

## گیانی لەخۆ دڵنیابوو

ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەها کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە پرۆسەی پەرەسەندنی دیالێکتیکی پرۆسەیەکی ئامانجەکییە، بەرەو پێشچوون و پەرەسەندنەکەی ئامانجی دیاری هەیە و هەوڵ دەدات پێی بگات و سەرگەرمی بەدەستهێنانیەتی. دەکرێ گیانی لەخۆ دڵنیابوو بە سونتێزەی هەردوو تێزە (گیانی ڕاستەوخۆ) و دژە تێزە (گیانی لەخۆ نامۆ بوو) دابنرێت.

**هیگڵ گوتوویەتی:** جیهانی ئاکار نیشانی گیانی داوە، ئەو گیانەی لەودا گۆشەگیر بووە، تەنیا هەر تاک خۆی چارەنووس و ڕاستەقینەکەیەتی، بەڵام مرۆڤی ماف پەروەر گەوهەر و تەواوەتییەکەی لە دەرەوەی خۆیدایە. بزووتنەوەی جیهانی کولتوور و باوەڕ ئەو پەتی و ئەبستراکتەی مرۆڤ لادەبات و بەهۆی نامۆبوونی تەواوەتییەوە، بەهۆی ئەبستراکت کردنێکی ئەوپەڕییەوە گەوهەری گیان خۆی لەسەرەتاوە دەبێ بە خواستێکی هەمەکی و لە دواییدا دەبێ بەموڵک Eigentum.

ئەو هۆشە خۆی لە دژایەتی و ناکۆکی نێوان لە (خۆدڵنیابوون) و (بابەت) پەیدا دەبێ، بەڵام بابەت خۆی ڕەوشی دڵنیابوون لە خۆیەتی(۲۶)، زانینە- هەروەک چۆن لەخۆ دڵنیابوون لەوەدا کە دڵنیا بوونە هیچی تر ئامانجی تایبەتی نامێنێ، ئیتر هیچی دیکە لە چوارچێوەی دەستنیشان کردندا نامێنێ، بەڵکو زانینی بێگەردە، زانینی بێگەردیش بەبێ هیچ ئەگەرێک دڵنیابوون لەخۆ دەستەبەر دەبێ.

ئەگەر مرۆڤ ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو بێت کە دیالێکتیکی نەسرەوت بەرەو پێش پەرەسەندوو و گەشەکردوو لە دەربڕی پەرەسەندنی خودی (بوون) Da-sein بەولاوە نییە، دەکرێ لەو تێکستە گرێ کوێرە ئاسایانە تێ بگات: بنەماکانی لۆژیک لەگەڵ بیرۆکەکان ئەو بنەمایە، بوون پشتیان پێدەبەستێ. لە جیهانی سروشت و گیانیشدا، بە هەمان پێودانگ بیرۆکە و قانوونە هەمەکییەکان دەستبەکارن. سروشت لە جیهاندیدی هیگڵدا سیستمێکە لە چەند ئاستێک Stufen پێکهاتووە، هەریەکەیان بەناچاریی لەوی دیکە دەکەوێتەوە. (ئینسکلۆپیدی چاپی ئەڵمانی ل۳۱).

لە جیهانی ژیر- گیاندا کە قۆناغی سێیەمە فۆرمی دەرەکی بوون کە لەسایە و سێبەرەکەیدا بیرۆکە (ئیدێ) لە سروشتدا دەردەکەوێ جارێکی دی لادەچێ و نامێنێ! هیگڵ کۆشاوە پوختەی ناوەڕۆکی (بوون) لە فۆرمی چەمکی پەتی و ئەبستراکتدا دابڕێژێ و بزووتنەوە و چالاکی بیرۆکە، هزر، بیر، بە قانوونی جیهان دابنێ(۲۷)، هەموو شتێک گیان- ژیرە و ژیر-گیان هەموو شتێکە.

## سێیەم: گیانی ڕەها

۱- بەدوا قۆناغی پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی ژیر- گیان دادەنرێ. ئەو ڕەوشە خۆی لە هەرسێک بابەتی ئایین و هونەر و فەلسەفەدا نواندووە و بەرجەستە کردووە، ئەو دوا قۆناغە مایەی ئەوە بووە گیان کە بە چڵەپۆپەی پەرەسەندن گەیشتووە بە ڕەها ناوببرێ. لەو ڕەوشەدا هەموو دیاردە جۆربەجۆرەکانی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی بە پوختە و ناوەڕۆکی بابەتی گیانی ڕەها دادەنرێن و ئەمەش پرۆسەیەکی یەکتای یەکگرتووی بەرەو پێشچوون و گەشەکردنی مێژووییە. هەر لەو سۆنگەیەوە دامودەزگا و ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت، ڕێبازەکانی فەلسەفە، کارە هونەرییە جۆربەجۆرەکان، هزر و بیروبۆچوون و جیهاندیدەکان ئەنجام و دەرکەوتەی کاتی سەردەمی خۆیانن کە تێیدا

پەیدا بوون. هەر بەو پێودانگە ڕێکخراو و پێکهاتە و فۆرمە مێژووییەکانی گیانی بابەتی- ڕەها پەیدا دەبن و لەناودەچن بەپێی پەیدابوون و لەناوچوونی ئەو هەلومەرجە مێژووییانەی بوونەکانیان دیار و دەستنیشان کردوون. ئیتر لە چوارچێوەی پرۆسەی گیانی ڕەهادا هیچ بابەتی نوێ بەدەرناکەوێ، بەڵکو تەنیا ئەوانە دێنە کایەوە کە پرۆسە مێژووییەکە هێناونییە کایەوە و لە نەزم و ڕێکخستنی و چوارچێوەیەکی نوێدا بەدیار دەکەون.

٢- ئەو دەست پێشکەرییەی لەو کایەیەدا بۆ هیگڵ تۆمار دەکرێ ئەوەیە کە بەیەکەوە گرێدانی گیانی بابەتی و گیانی ڕەها مەبەستی بەیەکەوە گرێدان و ئاوێتەکردنی پێکەوەیی بەرەو پێش چوونی پرۆسەی مێژوو لەگەڵ ڕاستی بابەتی بووە(٢٨) بەر لە هیگڵ هزرمەند و فەیلەسووفەکان لەو باوەڕەدا بوون کە ڕاستەقینە (هەقیقەت) و مێژوو دوو بابەتی سەربەخۆن و مێژوو بە پرۆسەیەکی بێ پێچوپەنا و ڕاست بەرەو پێش دەچێ. ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەها کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە یەکڕەنگیی گیانی بابەتی و ڕەها لەهەمان کاتدا جیایی و سەربەخۆیی و بەرانبەر بە یەکتری ڕاوەستانی هەردووک لایە، ئەو ڕەوشە دەستەبەری ئەوە دەبێ کە نابەرانبەری و جیاوازی لە پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوودا بە شێوازی دیالێکتیکی لێک بدرێنەوە و بخرێنە بەرچاو. لەو ڕوانگەوە هیگڵ بەلایەوە ڕەوشێکی ئاسایی بووە کە لە ژیان و لە مێژوودا بابەتی ژیرەکی لە هەردوو بەرگی ناژیرەکی و ژیرەکیدا بەدەربکەوێ!.

٣- هۆشیاری بەشێکی گرینگی ژیر- گیانە، ئەگەر لە ڕەوشێکدا لە بەرگ و سروشتی تاکدا بەدەربکەوێ، خۆی لەخۆیدا خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە، ئەو تایبەتمەندییە لەنێوان پرۆسەی دیالێکتیکی نێوان گیان- سروشت، لەمەدا (من) تاک دەبێ بە (ئێمە) دەردەکەوێ و بەرجەستە دەبێ، لەلایەکی دیکەشەوە هۆشیاری تاکەکەس هەمیشە سنووری بوونی خۆی دەبەزێنێ و بەرەو هۆشیاری گشتی هەمەکی هەنگاو دەنێ. بە هەمان شێواز پێوەندی لەنێوان تیوری و پراکتیک، لەنێوان ژیر و کرداردا هەیە. هەریەکەیان بە بوونی خۆی ئەوی دیکە ڕەت دەکاتەوە، بەڵام بوونەکەی خۆی بەبێ بوونی ئەوی دیکە ناکرێ و لەکردن نایەت! ڕەتکردنەوەی هەر لایەک لەلایەن ئەوی دیکەوە، دووپات کردنەوە و سەلماندنی بوونەکەشیەتی. ئەگەر شۆڕشی فەرەنسا بانگەشەی ئازادی نەکردبایە و هەوڵی جێبەجێ کردنی نەدابایە، تۆقاندن و تیرۆری یاکوبییەکان و ناپلیۆن نەدەکەوتەوە!

- بیرۆکەی ڕەها کە پوختەی جیهاندیدی هیگڵ لێی پێکهاتووە لە سەرەتاوە لە چەمکەکانی لۆژیکدا خۆی دەنوێنێ، ئینجا لەخودی خۆی بەدەر دەبێ و ئەو گۆڕانە (سروشتی) لێدەکەوێتەوە، ئەم ڕەوشە هەردوو هاوکێشە بەرانبەر یەکترییەکەی دیالێکتیکی ئایدیالیستی بەرجەستە دەکات. لەو دوو ڕەوشە ناکۆکە گیانی بابەتی بەدەردەکەوێ و خۆی لەدامودەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستە دەکات، بەرەو پێشچوونەکەی گیانی ڕەهای لێدەکەوێتەوە و خۆی لە ئایین و فەلسەفە و هونەردا دەنوێنێ و بەدەردەخات. ئایین لەو پرۆسە دیالیکتیکییەی گیانی ڕەهادا یەکبوونی ڕەب و مرۆڤ (لاهووت و ناسووت) بەهۆی پەرستنەوە بەرجەستە دەکات. ئەم قسەیە چی دەگەیەنێ؟!

## باوەڕ و ئایین

١- بابەتی باوەڕ پشکێکی سەرەکی ئایینە. ئایینیش لەخۆیدا پێوەندییەکی کێشە ئامێزی لەگەڵ فەلسەفەدا هەیە. مێژووی فەلسەفە بە تایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەڵگەی دروستی ئەو بۆچوونەیە. ئەو پێوەندییە هەویرەکەی ئاوێکی زەبەندە دەکێشێ. دوو بابەتی لەیەکتری جیاواز دەبێ ئەو پێوەندییە گریمان کراوەی بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە چۆن بووبێ و پێویستە چۆن بێ؟!

هیگڵ لە بەرهەمەکانیدا هەڵوێستی ڕوون و ڕەوانی لەو بارەیەوە هەبووە، بۆیە سەیر نەبووە کە بەلایەوە سەیر بووبێ میللەتێک لافی بوونی خۆی و کولتوور و شارستانیەتی خۆی لێ بدات و میتافیزیکی نەبێ!

ئەگەر هیگڵ بەلایەوە سەیر بووبێ، چۆن بکرێ میللەتێک خاوەنی کولتووری خۆی بێ و میتافیزیک نەبێ؟! ئەو سەیرە کاڵ دەبێتەوە هەر کاتێک سەرنجی چوارچێوە گشتییەکەی جیهاندیدی فەلسەفەکەی بدرێت کە تێیدا بە ڕاشکاویی ڕەب، مەسیحیەت و دۆگمەکانی باوەڕی ئەو ئاوێنە و ڕەوشی کڵێسەکەی کردووە بە کەرەسەی توێژینەوە. بەپێی میتودەی دیالێکتیک چۆن ئایینی مەسیحی شرۆڤە دەکرێ؟ پێوەندی چییە و چۆنە

بەگیانی ڕەهاوە؟ ئایا دەکرێ سێ ڕەنگی مەسیحیەت، باوک، ڕۆڵە، گیانی پاک بەپێی میتودەی فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەها پاساو بدرێت؟ بەرجەستە بوونی ڕەب لە کڵێشەی یەسوعی مەسیحیدا، ئینجا چوارمێخە کێشانی و هەستانەوەی و هاتنە دەرەوەی لەگۆڕەکەی و چوونەوەی بۆ ئاسمان بۆ لای باوکی، وەک لە مەسیحیەتدا گوتراوە، چۆن شرۆڤە دەکرێت؟ دەبێ هەر بەپێی ئەو جیهاندیدە هەردوو ئایینی سەرتاپاگیری مووسایی (جوولەکە) و ئیسلام بخرێنە چ خانەیەکەوە؟

ئەگەر بێتو بە وردی سەرنجی میتودە دیالێکتیکییەکەی هیگڵ بدرێت، ئەوە بە ئاسایی هاتنی جوولەکە و پەیدابوونی مەسیحیەت و دەرکەوتنی ئیسلام وەک ناچارییەکی مێژوویی گەشەکردنی ژیر- گیان لەلای ئەو فەیلەسووفە گەورە و مەزنە پاساو دەدرێتەوە، چونکە بوونی هەریەکێکیان پێداویستییەکی ناچاری پەیدابوونی خۆی و دەرکەوتنی ئەوانی دیکەیە کە لەدوایەوە هاتوون. ئایا دەکرێ ئەو لێکدانەوەیە بەوەدابنرێ کە جوولەکە تێزەیە و مەسیحیەت دژە تێزە و ئیسلام لە هەردووکیان پێکهاتووە و ڕۆڵی سونتێزەی دیوە؟!.

ئەگەر ئیسلام دیاردەیەکی پێویست و ناچاری بووبێ، هەردەبوو دەربکەوێ بۆ ئەوەی ئەرکە مێژووییەکە جێبەجێ بکات، ئەرکی هەڵوەشاندنەوەی نەزم و پێکهاتەی ڕەوشی بەند و کۆیلایەتی و داهێنانی سیستەم و نەزمی فیودالی (دەرەبەگی) سەرکەوتوانەش ئەو ئەرکەی ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کرد، ئەگەرچی بەنیوەچڵی و سنوورداریش بووبێ، ئەوە هیگڵ چ ئەرکێکی بە تایەفەی مووسا بەخشیوە؟!

٢- لە جیهاندیدی هیگڵدا ژیر- گیان سێ فۆرمی ڕەهای هەیە، هونەر، ئایین، فەلسەفە. ئایین خراوەتە نێوان هونەر و فەلسەفەوە، بۆیە دەکرێ بە فۆرمێکی ناوەکی هۆشیاریی دابنرێ بەرانبەر بەهونەر کە فۆرمی هەستەکی هۆشیارییە و فەلسەفەش چڵەپۆپەیە، چونکە ڕەب کە هۆشیاریی- گیانی ڕەهایە بابەتی سەرەکی توێژینەوە و بەدواداچوونە، ئەمەش ئەرکی سەر شانی فەلسەفەیە؟ بەڵام ئایا دەکرێ گیانێکی ڕەها کە داهێنەری هەموو شتێک بێت، بکرێت بە بابەت (بەرکار – بە عەرەبی مفعول به) و شرۆڤە و تاووتو بکرێت؟!

هیگڵ بۆ تاووتوکردنی ئەو بابەتە و لە سۆنگەی دیالێکتیکەوە بە پرۆسەی هزر و زانین دەستی پێ کردووە. نموونەی ئادەم و حەوای تەوراتی مووسای کردووە بە بنەما. لە سەرەتادا بەپێی قۆناغی یەکەمی میتودەکەی باسی یەکڕەنگی و سادە و ساکاریی سروشت دەکات، ئینجا سەرنج بۆ لای شپرزەیی و پارچە پارچە بوونی ئەو یەکڕەنگییە کە قۆناغی دژە تێزەیە ڕادەکێشێ و مەسیحیەت کە دژە تێزەیە ئەو دوو ڕەنگی و کەرت بوون و پارچە پارچەییەی چارەسەر کردووە، هیگڵ لەو باوەڕە دابووە کە میللەتان هەر لە سەرەتاوە بە هۆشیارییەوە ئاگاداری ئەو دوو پارچە بوونی گیان بوون و لە بەرانبەریدا حەپەساون. دوو پارچە بوونەکە تێکچوونی یەکڕەنگی و ساکاری سروشتی بووە کە بەهەشتی عەدن بەرجەستەی کردووە و ئەوی تریان کە دژە تێزەیە خواردنی بەری داری زانین بووە کە نەدەبوو لێی بخورێ و ئەنجام کۆتایی هاتنی ژیانی نێو بەهەشت و دەستپێکردنی ژیانی سەر زەوی (ئینسکلۆپیدی: پ: ٢٤. پەراوێز: ٣، چاپی ئەڵمانی). ئەو نەفرەتەی لە ڕەگەزی مرۆڤ کرا بەوەی لە بەهەشت دەرکراو ناچارکرا کار بکات و بە ئارەقەی ناوچاوانی بژی، لە بنەڕەتدا تێزە و دژە تێزەیە و ناکۆکی و دژ بەیەکتری نێوان مرۆڤ و سروشتی بەرجەستە کردووە. ئەگەر هەردووکیان بە یەکتری ناکۆک و دژ بن بەبێ یەکتریش نابن و یەکتری تەواو دەکەن، چونکە مرۆڤ لە هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ شتی دەرەوەی خۆیدا هەر هەڵسوکەوتە لەگەڵ خودی خۆیدا دەیکات. دەستبەرداربوونی مرۆڤ لە (بوون)ی سروشتی خۆی جیاکردنەوە و هەڵاواردنی مرۆڤ خۆیەتی کە یەکێکی هۆشیار و لەخۆ بە ئاگایە، لە جیهانی دەرەوە، ئەگەرچی ئەو جیاکردنەوەیە بەشێکە لە چەمکی گیان، بەڵام ئەوەیە کە مرۆڤ پێی لەسەر دابگرێ و لەلای بمێنێتەوە، چونکە چالاکی سنوورداری Endlichkeit هزر و خواست دەچێتەوە سەر ئەو کایە و بۆچوونە.

ڕاستی و دروستی فەلسەفەی ئایینی عیسایی (مەسیحیەت) لەلای هیگڵ لەوەدا پاساو دراوەتەوە کە ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان مرۆڤایەتی و ڕەببانیەتی لابردووە(٢٩) و دوای ڕووداوی ئادەم و حەوای پێکی هێناونەتەوە. ڕەب کە خۆی بوونی ڕووتی بێگەردە، گیانی بێگەردە، ڕۆڵەی خۆی یەسوعی مەسیح (عیسای مریەم) ناردۆتە سەر زەوی ئەو ناردنەسەر زەوییە، بریتی

بووه لەبەرجەستە بوونی ڕەبباڕنیەت لە کەسێکی ئاسایی سروشتی لە (گۆشت و خوێن) پێکهاتووە بۆ ئەوەی باری گرانی گوناهی سەر شانی مرۆڤ لابەرێت، بەوەی چوار مێخەکێشراو بە ناهەق خوێنی ڕژا، ئینجا لە گۆڕ هاتە دەرو بەرەو ئاسمان بۆ لای (باوکی) گەڕاوەتەوە! ئەو ڕووداوە کە لەهەمان کاتدا پرۆسە سێ قۆڵییە دیالێکتیکییەکەی ساغ و پشت ڕاست کردۆتەوە لە (بوون) لە ناو جەرگەی ڕاستی (هەقیقەت)دا بەولاوە نییە! ئەو ڕاستییەش بوونی ڕەببانیەت و سروشتی مرۆڤییە لە یەکەیەکدا کە کەسایەتی یەسوعی مەسیح بەرجەستەی کردووە، ئاشکراشە کە سێ ڕەنگی (باوک، ڕۆڵە، گیانی پاک) بنەمای باوەڕی مرۆڤی مەسیحییە. لەو بۆچوونەی هیگڵ ئەنجامێک دەکەوێتەوە کە دەکرێ بەو جۆرە لێک بدرێتەوە:

هیگڵ بلیمەتانە کۆشاوە دۆگمەکانی مەسیحیەت کە هەندێکیان لە ئایینی مووساوە ماونەتەوە و لە ڕوانگەی فەلسەفەوە پاساو بداتەوە. ئەو پرسیارانەی ئەو لەخۆی کردوون و وەڵامی داونەتەوە: چۆن پێوەندی نێوان تاک و کۆ، هی نێوان هەندەکی و هەمەکی لێک بدرێتەوە؟ ئایا دەگونجێ کرداری تاکەکەسێک (یەسوعی مەسیح) واتا و دەلالەت و بایەخێکی گشتی و هەمەکی و سەرتاپاگیری هەبێ و مرۆڤ پابەند بکات گوێڕاڵی بێت؟! وەڵامەکان بەهەر لایەکدا بن، پێکهاتنەوەی ڕەوشی ئاڵۆزبووی سەر زەوی و ڕەببانیەت مەملەکەتی ڕەب لەسەر زەوی دەگەیەنێ، مەملەکەتێک کە هەڵکەوت و ڕاستەقینەیەک ساغ دەکاتەوە تێیدا ڕەب وەک گیان- ژیرێکی ڕەها ئاغا و دەستبەکار و دەسەڵاتدارە. هیگڵ ئەو ڕەوشە ئایینییەی لە هزری فەلسەفەییدا ڕەنگ ڕشتووە و بەرجەستەی کردووە. ئەو هەڵوێستەی هیگڵ ڕێگای سێیەمە گرتوویەتییە بەر لەنێو هەردوو ڕێگای ئورتۆدۆکسی مەسیحی و دۆگمەکانی کڵێسە لەلایەک و ڕێبازی ژیرەکی فەلسەفەیی Rationalismu کە چەمکی ڕەبی کردووە بەچەمکێکی وشک و بێ گیان و ڕەب خۆیشی ناردۆتە دەرەوەی سروشت و لەوێوە بۆی نییە دەست لە هیچ کاروبارێکی ئەم دنیا و سەر زەوییەوە بدات! فەلسەفەی ئایدیالیزمی ڕەهای هیگڵ کۆشاوە ئەوەندەی بۆی بکرێ، لەو کۆششەشیدا سەرکەوتوو بووە، ڕاستییەکانی دۆگمی کڵێسە و ئایینی مەسیحی لە فۆرم و ڕوخساری بیرۆکە و ئایدیای فەلسەفیدا دەرببڕێ. لە پرۆسەی وێناکردنی (خەڵق) داهێنانی جیهان (بوون) بەگشتیدا ڕەب و جیهانی وەک دوو دژی بەیەک ناکۆک بەرانبەر بەیەکتری داناوە، تێزە و دژە تێزە، ئینجا جیهانی بە داهێنانێکی ڕەب پەسند کردووە. لەو جیهاندیدەدا بە ئاشکرایی ڕۆڵی تەوراتی مووسا و ئینجیل لەبەرچاوە! کە ڕاستی دۆگمی داهێنان هێزی بێ سنوور (ڕەب) دابڕاو نییە و نەگۆشەگیرە، بەڵکو ڕاستە بوونی سەربەخۆی هەیە، هەمیشە سنوور دەبەزێنێ لەلایەکی دیکەوە سنووردار (بوون- جیهان) گەوهەر و سروشتەکەی لەودا پێکدێت کە سنووردارە، ناڕێ- نێگەتیڤە، بەڵام لەگەڵ تێکڕای بوون بە یەکەوەن و پێوەندی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەیە و ناکرێ دەستبەرداری یەکتری بن. بێ سنوور بەبێ ئەوە هیچی لێ کەم بێتەوە دێتە نێو جیهانی سنووردار (بەهۆی کەسی یەسوعەوە) لە ڕێگای ئازار چێشتن و چوارمێخەکێشان و گەشتی بەرەو ئاسمان) ناکۆکی و نێگەتیڤەکە یەکلا دەکاتەوە و کردوویەتییەوە. ئەوی لێرەدا بەهزردا دێت، دەبێ تا چ ڕادەیەک و تا چەند بزووتنەوەی ڕۆمانتیک کاری لە هیگڵ کردبێ و بەو ڕێگایەیدا بردبێ؟!


**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Hans Joachim Storig., Kleine Weltgeschichte der Plilosophie. Stuttqart 1961. S.523.**

**2- G.W.F. Hegel., Enzyklopade der Philosophischen Wissenschaften. (Para. 18). S. 63-64.**

**- Dr. Harald Hoffding., Geschichte der neueren Philosophie. Bd.2. Leipzig. 1921. S.187,**

**- Herbert Marcuse. Vernunft und Revolution. Lucherhand. 1972. S.65.**

**- هەروەها بڕوانە:**

**- د. إمام عبدالفتاح إمام، المنهج الجدلي عند هيجل. المجلد الاول من المكتبة الهيجلية. مكتبة مدبولي. القاهرة- ١٩٩٦. ص٢٩ وفي اماكن مختلفة. هەروەها بڕوانە:**

- وليم كلي رايت، تأريخ الفلسفة الحديثة. ترجمة: محمود سيد احمد. مراجعة: إمام عبدالفتاح إمام. المجلس الأعلى للثقافة ٢٥٧ القاهرة، ٢٠٠٥، ص٣١٨.
3- G.W.F. Hegel., Werke in Zwanzig Banden. Bd. 7. Grundlinien der Philosophie der Rechts. Suhrkamp. Frankfurt am Main 1970. S.24.
4- Bertrand Russel., Philosophie des AbendLandes. Wien. 2000. S.739. ff.
5- G.W. F. Hegel., Ebenda. Bd. 18. S.324.
6- Aristoteles. Metaphysik. Ubersetz. von: Friedrich Bassrnge Akademie Verlag. Berlin (ost) 1990. Buch. 4. Kapitel. 5. (1010 a. 10).
7- Theodor Oizerman., Freiheit als Grund begriff der Philosophie Hegels. In: Zum Freiheitsverst andnis des Kantischen und nach Kantischen Idealismus. Stw. 1257. Frankfurt am Main 1998. S.74.
8- Dr. Harald Hoffding., Geschichte der neueren Philosophie. Bd. 2. Leipzig. 1921. S.184.ff.
9- Dr. Harald Hoffding. Ebenda. S.185-186.
10- G. W. F. Hegel., Ebenda. Bd. 5. Wissenschaft der Logik. I. S.48, 62.
11- G. W. F. Hegel., Ebenda. Bd. 8. Enzyklopadie der Philosophieschen Wissenschaften. Bd. I. Para19. S.67. ff.
- G. W. F. Hegel., Wissenschaft der Logik. Bd. I. S.36.
12- G. W. F. Hegel., Ebenda. Bd. 5. Wissenschaft der Logik. Bd. I. S.49.
13- G. W. F. Hegel., Ebenda. Wissenschaft der Logik. Bd. I. S.16.
14- G. W. F. Hegel., Ebenda. Bd. 9. Enzyklopadie Bd.II Para. 247. S.24. ff.
15- G. W. F. Hegel., Ebenda. Bd. 8. Enzyklopadie Para. 244. S.393.
16- G. W. F. Hegel., Ebenda. Enzyklopadie. Para. 248. S.27.
17- Gerhard Lehmann., Geschichte der Nachkantischen Philosophie. Berlin 1991. S.106.
18- G. W. F. Hegel., Ebenda. Enzyklopadie. Para. 24. Zusatz: 3. S.88.
19- G .W. F. Hegel., Ebenda. S.89.
20- Georg Lukacs., Der Junge Hegel. Stw 33. Zurich 1973. S.728. ff.
21- G. W. F. Hegel., Ebenda. Phanomeno Logie des Geistes. S.150. ff.
٢٢- ولتر ستيس: فلسفة هيجل. ترجمة: د. إمام عبدالفتاح إمام. المكتبة الهيجيلية المجلد الثاني. القاهرة- ١٩٩٦. ص٤٨٥. وفي اماكن أخرى.
23- G. W. F. Hegel., Ebenda. Phanomeno Logie. S. 327.
24- G. W. F. Hegel., Ebenda. Phanomeno Logie. S.359.
25- G. W. F. Hegel., Ebenda. Phanomenologie. S.441.
26- Dr. Harald Hoffding., Ebenda. S.189. ff.
27- Georg Lukacs., Ebenda. Bd.2. S.790. ff.
28- Karl Lowith., Vom Hegel zu Nietzsche. Meiner. Hamburg 1995. S.60. ff.
29- Dr. Harald Hoffding., Ebenda. S.196. ff.

# فینۆمینۆلۆژیای ماکس شیلەر

ئی. میم. بۆشنسکی
لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد

**یەکەم: کەسایەتی ماکس شیلەر، کاریگەرییەکان لەسەری، پێگەیشتنی**

ماکس شیلەر لەنێو بازنەی ئەو فەیلەسووفانەی کە لەژێر کاریگەری هۆسرەڵدا بوون، پێگەیەکی زۆر تایبەت داگیر دەکات، ئەوەش بەهۆی ڕەسەنایەتی و کارامەیی و لێهاتوویی ئەو لە تێڕاماندا.

شیلەر ساڵی ١٨٧٤ لە میونخ (ئەڵمانیا) لەدایک بووە. بووە قوتابی فەیلەسووفی ئەڵمانی ئەنکین. یەکەم جار لە زانکۆکانی یینا و میونخ، ئینجا لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩ەوە لە زانکۆی کۆلۆنیا دەستی بە وانە وتنەوە کرد، پاشان هەر بۆ وانە وتنەوە بۆ زانکۆی فرانکفۆرت بانگ کرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٨، بەرلەوەی بتوانێت لەو زانکۆیەدا دەست بە موحازەرەکانی بکات، گیانی سپارد.

شیلەر ڕسکاوێکی دانسقە بوو، بێ گومان لە سەردەمی خۆیدا درەوشاوەترین بیرمەندی ئەڵمانیا بوو. فەلسەفەی ئاکار کایەی هێزی ئەو بوو، بەڵام هەندێک لە بایەخدانەکانیشی بۆ فەلسەفەی ئایین و کۆمەڵناسی و پرسی دیکە تەرخان کرد. هزری ئەو هەمیشە مایەی سەرسوڕمانە و نزیک لە ژیانە و ژیاندۆستە، کتێبەکانی پڕن لە ورووژاندنی ژمارەیەکی زۆر گیروگرفتی هزری. بەتایبەتی لە بواری ئاکاردا، کتێبەکانی ئەو گرنگترین کتێبانێکن کە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست لە هزری، ڕۆژئاواییدا بەرهەمی هێناون و هەر بەم بەرهەمانەشدا دەناسرێتەوە. هزری ئەو ئاراستەکەری چەندین تەوژمی جۆراو جۆر بووە.

شیلەر لە ساڵانی گەنجیدا کەوتە ژێر کاریگەریی ئەنکینی مامۆستایەوە(١) و دوو کتێبەکەی یەکەمی

گەواهین لەسەر ئەم ڕاستییە(٢). بیرکردنەوەی ئەنکین لە دەوری ژیانی عەقڵ دەسوڕێتەوە، ئەو جۆرێک لە فەیلەسووفانی ژیان دەنوێنێت، بەڵام لەوەدا لەو فەیلەسووفانە جیاوازە کە ئەو پێی وایە ژیانی عەقڵ بایەخی یەکەمی هەیە و شوێنگەی پێشەوە داگیر دەکات(٣).

لەلایەکی دیکەشەوە شیلەر بە قەدیس ئۆگەستین سەرسام بوو(٤)، ئەم سەرسامییەی لەو بۆچوونەیدا دەردەکەوێت کە ئۆگەستین خاوەنی تیوری گەورەیە لە خۆشەویستیدا، بەڵام بە تیروانین لە خۆشەویستی بەشێوازێکی تەواو نوێ کە لە پێشتردا یۆنانییەکان پێی ئاشنا نەبوون، لەمەشدا نزیکە لە بۆچوونی ئەنکینی مامۆستایەوە.

لە قۆناغی دووەمدا شیلەر بەردەوام بوو لەسەر ڕێکردنێکی ئاگایانە لەم ڕێگایەدا و بە سەرنجەوە هەنگاوی دەنا. لەم قۆناغەدا، جیاواز لە قەدیس ئۆگەستین، بۆ هەمیشە کەوتە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ژیان و هەریەکە لە نیتشە و دیلتای و برگسۆنەوە، تەنانەت کەسانێکی (وەک ترۆلچ)(٥) شیلەریان بە (نیتشەی کاسۆلیکی) ناوزەد کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە لەم قۆناغەدا هۆسرەڵ، زیاتر لە هەر یەکێک لەو فەیلەسووفانە، کاریگەری لەسەری هەبووبێت. شیلەر ڕێبازی هۆسرەڵی پەرە پێ دا و دەستکاری تێدا کرد و لە ئاستێکی جیاواز لەو ئاستەی کە هۆسرەڵ پێیەوە گیرسابووەوە، بەکاری هێنا(٦)، شیلەر، دوای خودی هۆسرەڵ، بە یەکەم فەیلەسووفی فینۆمینۆلۆژی هەژمار دەکرێت.

دەتوانین سێ قۆناغ لە ژیانی شیلەردا لێک جیا بکەینەوە:

قۆناغی یەکەم وەک پێشتر وتمان بە زاڵبوونی بیروڕاکانی ئەنکین بەسەر هزری شیلەردا دەناسرێتەوە، پاشان قۆناغی پێگەیشتن دێت (لە دەوروبەری ١٩١٣-١٩٢٢) و تێیدا گرنگترین بەرهەمەکانی شیلەر دەردەکەون:

- "وێنەگەرایی لە ئەخلاقدا و تیوری ئەخلاقی ماتریالی لەبارەی بەهاوە" کە لە نێوان ساڵانی ١٩١٣-١٩١٦ دەرچووە. ئەوەش کتێبە سەرەکییەکەیەتی و لە یەکەم ئەو زنجیرە کتێبەدا دەرچوو کە هۆسرەڵ ساڵانە دەریدەکردن.

- پاشان دوو کۆمەڵە لێکۆڵینەوەی لەژێر هەردوو ناوونیشانی "کوودەتای بەهاکان" (ساڵی ١٩١٩) و "دەربارەی جاویدانی لە مرۆڤدا" (ساڵی ١٩٢١).

ڕێبازی شیلەر لەم قۆناغەی دووەمدا ڕێبازێکی کەسخوازانەیە(٧) و بڕوا بە خواوەندێتی دێنێت و بە دروستی مەسیحییەت وەردەگرێت.

وەلێ شیلەر لەدوای ئەوە، بەشێوەیەکی ناوەکی گەشە دەکات، ڕەنگە لە ڕوودانی ئەم گەشەکردنەدا سروشتە دابەشبووەکەی و دینامیکییەتە هەڵچوونییەکان، کە ژیانی ئەوی پێ دەناسرێتەوە، بەشدار بووبێت، ئەو لێرەدا نەک تەنیا دەستبەرداری بیروباوەڕە مەسیحییەکەی دەبێت، کە بە هەموو ڕابردوویەوە دیار بوو، بەڵکو ئەو هەڵوێستەش جێ دێڵێت کە لە بوونی خواوەنداندا گرتبوویە بەر. ئەم گەشەکردنە بە کردەیی لە کتێبی شێوازەکانی زانین و کۆمەڵگە (ساڵی ١٩٢٦) دەردەکەوێت، هەروەها لە کتێبی "پێگەی مرۆڤ لە گەردووندا" (ساڵی ١٩٢٨ دەرچووە)، ئەوەش بەشێوەیەکی زۆر ڕاشکاو.

جیاوازی نێوان دوو قۆناغەکە لەوەدایە، کە ئەگەر شیلەر لە قۆناغی دووەمدا چەمکی خودای خۆشەویستی دەستنیشانکراو(٨) دەکاتە ناوەندی بیرکردنەوەی خۆی، ئەوە لە قۆناغی سێیەمدا بڕوا بەوە دێنێت کە مرۆڤ "تاکە شوێنێکە کە تێیدا خوداوەند دروست دەبێت". مەرگی کتوپڕی ناوادەی شیلەر ڕێگربوو لەوەی کە پەرەسەندنی هزریی خۆی بەم ئاراستە نوێیەدا بباتە پێش.

**دووەم: تیوری زانین**

سێ جۆری زانین هەیە:

- جۆری یەکەم، زانینی خوێندنەوەیی لای زانستە پۆزەتیڤەکان. ئەم جۆرە بەندە لەسەر غەریزەی کۆنترۆڵکردن و هەرگیزیش ناتوانێت بگاتە یاسای جەبری (واتە یاسا جەبرییەکان بەتەواوی بدۆزێتەوە)، بابەتی ئەم جۆرە زانینە واقیعی دەرەکییە. شیلەر بوونی حەقیقییانەی واقیعی دەرەکی قەبووڵە، وەلێ، هاوڕای دیلتای، وای بۆ دەچێ کە هەبوونی زانەرێک کە سەرتاپای تەنیا زانین بێت، شتێکی بێ بەندوبار و بنەمایە، چونکە واقیع تەنیا ئەوەیە کە بە جۆرێک لە

بەرگرییەوە بەرەنگاری ئامانجەکانمان دەبێتەوە(٩) و بەریەککەوتن لەگەڵ واقیعدا بریتییە لەوەی کە بوونی واقیعی دەرەکی دەسەلمێنێت.

- جۆری دووەمی زانین، بریتییە لە مەعریفەی (بنیادی چییەتیانە)ی هەر شتێک کە هەیە، واتە زانینی ئەوەی شتەکان "چین"(١٠).

گەیشتن بەم جۆرە زانینە ڕێگرتن لە بەردەوامبوونی ڕەفتاری پشت بەستوو بە غەریزە و چاوپۆشین لە ئامادەگی کردەیی شتەکان دەخوازێت، چونکە بابەتی ئەم جۆرە زانینە زانینی "پێشووەکی- القبلی" (یان بەرایی)ە. شیلەر هاوڕای کانت وای دەبینێت کە زانینی پێشووەکی بوونی هەیە. ئەو، هەموو ئەو دۆز و یەکە واتاییە نموونەییانەی کە (پێدراون)، بە "پێشووەکی" ناوزەدیان دەکات، ئەوەش بە چاوپۆشین لە هەر (هەڵوێستێک)ی خود کە بیر لەو دۆز و یەکە نموونەییانە دەکاتەوە، بەڵام شیلەر لەم بوارەدا، لە چەند خاڵێکدا لە کانت جیاوازە.

**یەکەم:** بواری "پێشووەکی" پێکدێت لە چیەتییەکان، نەک لە دۆزەکان، وەک کانت وای دەبینی.

**دووەم:** بواری "پێشووەکی-بەڵگەنەویست" بەهیچ شێوەیەک پێوەندی بەوەوە نییە کە (وێنەیی)ن، وەک ئەوەی کانت دەیبینی، پیشووەکی وا هەیە ماتریالییە، کە ناوەرۆککگەلێکن لە ئەزموون و خوێندنەوە سەربەستن. لەڕاستیدا شیلەر بەوپەڕی هێزەوە وێنەگەرایی ئایدیالی(١١) و ناوگەرایی پۆزەتیڤی، پێکەوە ڕەت دەکاتەوە.

**سێیەم:** شیلەر لەوەدا هاوڕای کانت نییە کە تیوری مەعریفە، دەرهەق بە بواری پێشووەکییەکان، تیوری سەرەکی بێت. ئەو وای دەبینێت یەکەم هەڵەی کانتییەکان ئەوەیە کە ئەوان بە دانانی ئەم پرسیارە دەستیان پێ کردووە: (چۆن دەکرێت شتێک لەبەردەم عەقڵدا پێدراو بێت؟)، کە دەبوو بەم پرسیارە گرنگترە دەست پێ بکەن: (پێدراو چییە؟). بەرمەبنای ئەمە شیلەر وای دەبینێت کە تیوری زانین هیچ نییە، جگە لە تەنیا بەشێک لە تیوری پێوەندییەکان لەنێوان چییەتییەکاندا.

**چوارەم:** شیلەر وای دادەنێت کە تیوری کانت لە خۆکردیی هزردا تیورێکی تەواو هەڵەیە، ئەوەش تیورێکە وای دەبینێت کە هەموو پێوەندییەک دەبێت لە بەرهەمهێنراوی عەقڵ (یان هەندێک کات عەقڵی کرداری) بێت. لە ڕاستیدا لە تێڕوانینی شیلەردا، عەقڵێک بوونی نییە کە یاساکانی بەسەر سروشتدا بسەپێنێت. ئێمە ناتوانین شتێک بسەلمێنین تەنیا ئەوە نەبێت، کە پشت بە کۆدەنگی و تێرم دەبەستێت، بەڵام هیچ کەس ناتوانێت یاساکان بسەپێنێت.

لە کۆتاییدا، گەورەترین هەڵەی کانت و لەگەڵیشیدا هەموو فەلسەفەی عەقڵانی، ئەوەیە کە پێشووەکی وعەقڵی تێکەڵ کردووە. لە ڕاستیدا، لای شیلەر، هەموو ژیانی ڕوحی ناوەرۆکێکی پێشووەکی هەیە، بەبەشە هەڵچوونییەکەی عەقڵیشەوە، واتە ئەوەی کە کاریگەری دادەنێت و خۆشەویستی دەکات و ڕقی لێی دەبێتەوە... تاد. لای ئەو (سیستمی دڵ)ی پێشووەکی، یان "لۆژیکی دڵ" (وەک ئەوەی باسکاڵ دەیگوت)(١٢) بە واتای حەرفیی گوزارشتەکە، لە ئارادایە. بە دەستپێکردن لەم دیدگایەوە، شیلەر بە شێوەیەکی جیا و تایبەت بەخۆی پەرە بە فینۆمینۆلۆژیای هۆسرەڵ دەدات، بەوەش ئاسۆگەلێکی نوێی لەبەردەم لێکۆڵینەوەی فینۆمینۆلۆژیدا کردەوە. شیلەر ئەم ڕێبازە ناو دەنێت "پێشووەکی هەڵچوونگەرایی".

- هەرچی جۆری سێیەمی زانینە، مەعریفەی میتافیزیکییە، یان مەعریفەی ڕزگاربوون (یان دەربازبوون)ە، ئەمەش لە پێکەوە بەستنی بەرەنجامی زانستە پۆزەتیڤەکان و فەلسەفە کە لە چییەتییەکان دەتوێژێتەوە، بەرهەم دێت. بابەتەکەشی، یەکەم، ئەو پرس و باسانەن، کە دەکەونە سنووری زانستەوە، بەڵام زانست ناتوانێت لێیان بکۆڵێتەوە (بۆ نموونە: ژیان چییە؟) و دووەمیشیان میتافیزیکای ڕەهایە(١٣).

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگەیەک کە بچێتەوە سەر ئەم میتافیزیکایە ناکرێت بە توێژینەوەی بوونی بابەتی دەست پێ بکات، بەڵکو چاووگی ئەم میتافیزیکایە توێژینەوەی فەلسەفییە لە مرۆڤ (ئەنسرۆپۆلۆژیای فەلسەفی)، ئەوەش ئەو ئەنسرۆپۆلۆژیایەیە کە پرسیاری (مرۆڤ کێیە؟) تاووتو دەکات. شیلەر وای دەبینێت، کە دەبێت میتافیزیکای نوێ توێژینەوەی فەلسەفی بنچینە ئەنسرۆپۆلۆژییەکان (یان وەک دەڵێت "میتا-ئەنسرۆپۆلۆژیا") بێت(١٤).

**سێیەم: بەهاکان**

بابەتە مەبەستدارەکانی هەستەوەری(١٥) بریتییە لە توخمی پێشووەکی لەلایەنی هەڵچوونەکییەوە لە مرۆڤدا: ئەوە بەهاکانن.

بەڕای شیلەر عەقڵ کوێرە لە پەیبردن بە بەهاکان، کەچی هەستەوەری دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و خۆکرد، کتومت وەک ئەوەی بینایی ڕەنگەکان دەرک دەکات، پەیییان پێ بەرێت، بەهاکانیش پێشووەکین(١٦). شیلەر لە تەقەللایەکی ڕەخنەیی ویرانکەریدا، کە مەبەستی بوو لەلایەکەوە هێرش بەرێتە سەر هەر جۆرێک لە جۆرەکانی ڕێبازی ناوگەرایی لە کایەی بەهاکاندا، کە بانگەشەی ئەوە دەکات بەهاکان هیچ نین جگە لە واقیعە ئەزموونییەکان(١٧) و لەلایەکی دیکەشەوە پەلاماری ڕێبازی وێنایی لە فەلسەفەی ئاکاردا بدات.

بەم هەوڵە ڕەخنەییە شیلەر توانی فەلسەفە لەو هزرە پێشووانە ڕزگار بکات کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەی زایینییدا لە هزری ڕۆژئاواییدا بالادەست بوون، هەوڵەکەشی لەم بوارەدا، هاوسەنگی هەوڵی برگسۆنە لە بواری تیۆریدا(١٨). لێرەدا ناتوانین درێژە بە وردەکارییەکانی ئەم ڕەخنەیە بدەین و هەر بەوەندە واز دەهێنین کە ئاماژە بە هێڵە سەرەکییەکانی بکەین.

شیلەر لە لایەنەکانی ڕەفتاری مرۆییدا، جیاکاری دەکات لەنێوان:

- مەبەستەکان.
- مەرامەکان.
- ئامانجەکان.
- بەهاکان.

هەرچی مەرامەکانن ناوەڕۆکی پێدراون (معطى) لەپێناو ئەوەدا کە بێنە دی. مەرام هەمیشە سەر بە کایەی وێنە خاوەن ناواخنەکانە، پاشان دەکرێت وێنا بکرێت. بە ناچاریش هەموو مەبەستێک لە مەرامدا لە خۆ نەگیراوە.

بەپێچەوانەوە هەموو مەبەستێک ئامانجێکی هەیە و ئەم ئامانجەش لەنێو ڕێڕەوی مەبەستدا ئۆقرە دەگرێت و دروست بوونی ئامانجەکان پشت بە کردەی وێناکردنی عەقڵانی نابەستێت.

لەنێو هەر ئامانجێکدا بەها هەیە، بەها ناوەڕۆکی ڕاستەوخۆی ئامانجە. شیلەر وای دەبینێت ئەوە وتەیەکی تەواو هەڵەیە، کە بوترێت مرۆڤ هەمیشە ئارەزووی گەیشتن بە چێژ دەکات. لە ڕاستیدا مرۆڤ لە دۆخە یەکەمییەکەیدا (بەراییەکەیدا) هەرگیزاوهەرگیز نە مەبەستی چێژە و نە مەبەستی هیچ جۆرە دۆخێکی دەروونییە، بەڵکو تەنیا مەبەستی بەهاکانە. شیلەر پێی وایە تەنانەت لەو دۆخانەشدا کە تێیدا چێژ دەبێتە ئامانج، ئەمە لەگەڵ ئەو نیازەدا ڕوودەدات کە چێژ بگۆڕێت بۆ بەها.

وەلێ پێدراوەکانی بەهاکان هەر هەموویان پەیوەست نین بە مەبەست و کۆشش لە پێناو بەدەستهێنانی شتێکدا، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەستی بە بەهاگەلێک دەشکێت (تەنانەت، ئەگەر بەهای ئاکارییش بن)(١٩) بەبێ ئەوەی مەبەستی ئەوە بێت بۆ خۆی بەدەستیان بهێنێت.

لەمەوە ئەوە وەدەست دەخرێت کە بەهاکان لە بوونیاندا پشت بە (مەرامەکان) نابەستن، ئەمە لە کاتێکدا بەهاکان بە کردەیی دەوەستنە سەر ئامانجەکانی جمووجوڵە مرۆییەکان، بەڵکو بەهاکان بریتین لە بناغەی ئامانجەکان، ئینجا بە وردی دەبنە مەرامەکان.

شیلەر ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێت بەها و ئەرک تێکەڵ بەیەک نەکرێن، ئەو لەم بارەیەوە بوونی ئەرک (کە ئاستی ئایدیالییە) و کردەی ئەرک (کە ئاستی واقیعی بێ چەندوچوونە) لێک جیا دەکاتەوە(٢٠). لە چوارچێوەی ئەرکدا، ناواخنێک بۆ واجبی ئایدیالی هەیە کە وەک پەیوەستی مەرج بە مەرجدارەوە گرێدراوی هەموو مەبەستێکە. بەها بریتییە لە بناغەی ئەرکی ئایدیالی و ئەرکی ئایدیالیش بریتییە لە بنچینەی ئەرکی پێوانەیی.

شیلەر وای دەبینێت هەڵەیەکی گەورە و ترسناکە کە فەلسەفە بانگەشەی شیاویی دامەزراندنی ئاکار بەرمەبنای ئەرکی پێوانەیی بکات.

هیچ شتێک لەوە دوورتر نییە کە بەهاکان بکرێنە شتی ڕێژەیی، بەڵکو بەهاکان ڕەهان بەوواتای دوو سەرەی ڕەها:

- ناوەڕۆکەکەیان پێوەندیکاری نییە، بەڵکو سەر بە گرووپی سیفەتی چۆنیەتییە.
- هەروەک جێگیر و هەمیشەیین.

ڕەێژەیی بەها نییە، بەڵکو دژە بەهایە. لەم بوارەدا

شیلەر بە پێداگرییەکی توندەوە هێرش دەکاتە سەر شێوە جیاوازەکانی ڕێژەگەرایی، بەتایبەتیش ڕێژەگەرایی لە ئاکاردا. ئەو یەک لە دوای یەک ڕەخنەییانە خودگەرایی کە بەهاکان بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە و ڕێژەگەرایی کە بەهاکان کورت دەکاتەوە بۆ ئاستی ژیان، یان وەک پێویستییە مێژووییەکان لەبەرچاویان دەگرێت، دەپشکنێت.

شیلەر لەم چوارچێوەیەدا بوونی هەمەڕەنگییەکان لە شعور(٢١) (ئینجا لە مەعریفە) بە بەهاکان و هەمەڕەنگییەکان لە حوکمی بەهادا و فرەچەشنییەکان لە نموونە تاک و تەراکانی ڕێکخستن و چاکەکان و کردارەکان و ئاکارگەرایی کرداری، کە بە بەهای ڕەفتاری مرۆیی پێوەندیدارە، کەشف دەکات، لە کۆتاییشدا هەمەجۆرییەکان لە نەریتە چەسپاوەکانی نەوە لە دوای نەوە و لە دابەکاندا دەردەخات. لە شیکردنەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کە هەموو ئەمانە بەهۆی ڕێڕەوی پەرەسەندنێکی بەردەوامەوە ڕوودەدەن، بەڵام خودی بەها ئاکارییەکان بەبێ گۆڕان وەک خۆیان دەمێننەوە. دەکرێت بەرێژەی زۆر و کەم باشتر دەرکیان پێ بەرین، یان بەڕادەی زیاتر، یان کەمتر وێنایان بکەین و دایان بڕێژینەوە، بەڵام لە خودی خۆیاندا بە ڕەهایی و جێگیری و هەمیشەیی دەمێننەوە.

لای شیلەر، بەهاکان جیهانێک لە پێوەندییەکان لەنێوان خۆیاندا پێک دەهێنن و تێیدا پێوەندییەکانی چییەتی و یاسا وێنەییە پێشووەکییەکان بالادەست دەبن. ئینجا هەموو بەهاکان بۆ بەها پۆزەتیڤەکان و بەها نێگەتیڤەکان دابەش دەبن. بوونی بەهای پۆزەتیڤ خۆی بەهای پۆزەتیڤە و نەبوونیشی بەهای نێگەتیڤە، لەلایەکی دیکەشەوە بوونی بەهای نێگەتیڤ خۆی بەهای نێگەتیڤە و نەبوونیشی بەهای پۆزەتیڤە.

ناکرێت بەهایەک لە یەک کاتدا هەم پۆزەتیڤ بێت و هەم نێگەتیڤ، هەموو بەهایەکی نا نێگەتیڤ بەهای پۆزەتیڤە و پێچەوانەکەیشی بە پێچەوانەوە.

بەهاکان بۆ کۆمەڵە بەهای باڵا و کۆمەڵە بەهای نزم پۆلێن دەبن. بەها باڵاکان زیاتر دەخایەنن و کەمتر دابەش دەبن و بەهای دیکە دروست دەکەن و دەبنە مایەی تێرکردن و ڕەزامەندی قووڵتر و دواجار کەمتر ڕێژەیین.

شیلەر لیستێکی سەربەرەوژووری (پێشووەکی) بۆ دۆخەکانی بەهاکان دادەنێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بەها هەستەکییەکان: چێژ بەخش و چێژ نەبەخش.

٢- بەها زیندەییەکان: ئۆرستۆکراس و بازاڕی.

٣- بەها ڕوحییەکان: جوان و دزێو، دادوەری و ستەم، زانینی پوختی حەقیقەت.

٤- هەردوو بەهای پیرۆز و دنیایی.

لای شیلەر حەقیقەت دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی بەهاکان، ئەم پۆلێنەش بەها ئەخلاقییەکان لەخۆ ناگرێت، چونکە بەها ئەخلاقییەکان بەندن لەسەر وەدیهێنانی بەهاگەلێکی تر، کە لەنێوان بەهای باڵا و بەهای نزمدا نۆرە دەکەن.

لە کۆتاییدا، بەهاکان بەپێی (گەرەنتۆرەکان)یان لە کۆمەڵە بەهاکاندا کۆدەبنەوە. گرنگترین دابەشکارییەکی دیکە کە شیلەر لەم بارەوە پێشکەشی دەکات، دابەشکردنی بەهاکانە بۆ بەهای کەسەکان و بەهای شتەکان. سەرجەم بەهای شتەکان پەیوەستە بە بابەتەکانی نرخەوە، واتە سەروەت و سامانەکان، هەروەها ئەزموونە ڕۆشنبیرییەکانیش دەکەونە ئەم چوارچێوەیەوە. هەرچی بەهای کەسەکانە بریتییە لە بەهاکانی خودی کەس و بەهاکانی فەزیلەت. جەوهەری ئەم بەهایانە بەرزترن لە بەهای شتەکان. تەنیا و تەنیا کەسەکە خۆی لە بنەڕەتدا، یان باشە، یان خراپە.

دابەشکارییەکی تری لاوەکی بۆ بەهاکان لای شیلەر هەیە بە پێی ئاراستەکانی توانایی ئەخلاقی و دابەشکردنی سێیەمیش بە پێی کرداری کەسەکە. لە هەموو ئەمانەوە دەردەکەوێت، کە بەها ئاکارییەکان بە پلەی یەکەم بەها کەسییەکانن.

**چوارەم: کەس و کۆمەڵ**

کێشەی کەس لە ناوەندی ئەو سیستەمە فەلسەفییەدا کە شیلەر پێشکەشی کردووە، خەتوخاڵی داوە. کەس دەروون نییە، تەنانەت (من)یش نییە، هەموو مرۆڤێک کەس، بە مانای تەواوی وشەکە، نییە. چەمکی (کەس) بەکارهێنانی تەواوی عەقڵ و پێگەیشتوویی و توانایی هەڵبژاردن لە خۆدەگرێت.

کەس جەوهەری دەروون نییە، چونکە شتێکی دەروونی نییە و هیچ پێوەندییەکیشی بە کێشەی سایکۆلۆژییەوە نییە، نە لەباری ڕسکان و مۆرک و نە لەباری دەروون

دروستی، یان دەروون ناساغییەوە و... تاد. کەس نە جەوهەرە و نە بابەت. بەڵکو لای شیلەر بە زۆری "یەکێتی بوونی بەرچاوە کە لە کردارەکان دروست بووە"(٢٢)، ئەو کردارانەی کە خۆیان خودی بابەتەکان نین، کەس بوونی نابێت تەنیا لەو ڕووەوە نەبێت کە بە کردارەکان دروست دەبێت. ئەمە واتای ئەوە نییە کە کەس تەنیا (خاڵی دەست پێکردن)ی کردارەکانە و لە ئاستی یەکەمیشدا مانای ئەوە نییە کە کەس بریتییە لە خودی ئەم کردارانە، وەکو ئەوەی کانت دەیبینی. کەس بە تەواوی بوونی خۆیەوە لە هەر کردارێک لە کردارەکاندا بوونی دەبێت و بە پێی هەمەجۆریی کردارەکان شێوەی هەمەجۆر وەردەگرێت، وەلێ بەبێ ئەوەی هیچ کردارێکی تایبەت بە سەریدا زاڵ بێت.

لەبەرئەوەی بواری سەرجەم کردارەکان عەقڵە، بۆیە کەس لە جەوهەریدا قەوارەیەکی ڕوحییە. مەبەستی شیلەر لە "عەقڵ" نە زیرەکییە و نە مەلەکەی هەڵبژاردن، ئەگینا لەم حاڵەتەدا جیاوازییەک لە نێوان مەیموونی شەمپانزی و ئەدیسۆنی داهێنەردا نییە(٢٣) تەنیا جیاوازی لە پلەدا نەبێت، نەک جیاوازی لە چییەتیدا، نەخێر، بەڵکو مەبەستی شیلەر لە عەقڵ پرەنسیپێکی نوێی تەواو جیاوازە لە سروشت(٢٤).

ئەو کردارانەی کە عەقڵ دەستنیشان دەکەن وەزیفەکانی (من) نین، بەڵکو ئارەزووەکانیش نین (بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە سروشتی و شتەکیش نین)، جیاوازییەکە ئەوەیە کە کردارە عەقڵییەکان عەقڵ ئەنجامیان دەدات، کەچی وەزیفە دەروونییەکان بەبێ دەستێوەردان بەجێ دێن.

شیلەر وای دەبینێت ئەوەی کە عەقڵی مرۆیی بە تەواوی و یەکجاری جیادەکاتەوە چالاکییەکانی هزرە وێناکارییەکانە، واتە مەلەکەی جیاکردنەوەی چییەتی لە بوون. دواتریش عەقڵ بابەتییە و ئەگەرێکە کە شێوە، یان جیاوازی خودی شتەکان دەستنیشانی دەکەن.

کەس بە تەواوی تاکییە و هەموو مرۆڤێک لەو ڕووەوە و بە ئەندازەی ئەوەی کە کەسە، هەبوو و بەهایەکی دەگمەنە، کە لەم دووانەدا هاوشێوەی نییە. لەم دیدگایەوە، کەس لەگەڵ جیهاندا، نەک لەگەڵ کۆمەڵدا، دەکەوێتە بەربەرەکانێوە. ئێمە ناتوانین قسە دەربارەی کەسی گشتی بکەین، شیلەر وای دەبینێت کە چەمکی (هۆشیاریی گشتی) لای کانت چەمکێکی بێ مانایە.

کەسیش لە دوو لایەنەوە سەربەخۆیە:

– لەلایەکەوە، لەڕووی جیهانبینییەوە بۆ چاکە و خراپە سەربەخۆیە.

– لەلایەکی دیکەشەوە، لە کرداری کەسەکی پەیوەست بە ئیرادەیەکەوە کە وەک چاکە و خراپە پێدراوە، سەربەخۆیە، هەروەها کەس گرێدراوی جەستەیە، بەڵام هیچ جۆرە پێوەندییەکی پاشکۆیەتی لەلایەنی کەسەوە بۆ جەستە نییە، بەپێچەوانەوە، زاڵبوون بەسەر جەستەدا مەرجێکە لە مەرجەکانی بوونی کەس.

دواجار، کەس هەرگیز (بەشێک) نییە لە جیهان. بەڵکو هەمیشە لە پێوەندیدایە بە (جیهان)ەوە، بەجۆرێک کە بە بڕوای شیلەر، جیهانێک لەبەرانبەر هەموو کەسدا هەیە (ئایدیای "جیهانی چکۆلە") و کەسێکیش هەیە لەبەرانبەر هەموو جیهاندا، بەڵام کەس دابەش دەبێت بۆ کەسی گۆشەگیر و کەسی کۆمەڵخواز. لە جەوهەری هەموو کەسێکدا لەڕووی بنچینەوە و لە هەموو بوون و چالاکیی ڕوحییانەی خۆیدا، حەقیقەتی تاکگەرایی هەیە (واتە کەسێکی گۆشەگیر بێت)، ئەمە لەلایەکەوە و هاوکاتیش حەقیقەتی کردەیی هەیە، کە کەس بەشێک لە کۆمەڵ پێکدەهێنێت. بەم جۆرەش ئەو (سەر بە) هەموو کەسێکی دیاریکراوە، کەواتە کەس گۆشگیر و کۆمەڵخوازیشە(٢٥).

کەسی کۆمەڵخواز تانوپۆی لە ناوەندەکانی ژیانی هەمەجۆر و لە گشتەکی ژیانی بە کۆمەڵدا، ڕەگ دادەکوتێت.

شیلەر چوار نموونەی یەکە و کۆمەڵایەتییەکان لێک جیا دەکاتەوە:

١- یەکەیەک لەڕێگەی دوژمنکاری و لە ڕێگەی تەقلیدی ئیرادییەوە دروست دەبێت، کە (ئاپۆرە و جەماوەر)ن.

٢- یەکەیەک لە ڕێگەی (ژیان لەگەڵ)، یان لە ڕێگەی (ژیان بە گوێرەی)ەوە پێکدێت، کە لێک تێگەیشتن لەنێوان ئەندامەکانی یەکەکەدا بەرهەمدێنێت، بەڵام ئەم لێک تێگەیشتنە پێش (ژیان لەگەڵ) نەکەوتووە، (ئەویش کۆمەڵ-ە).

٣- یەکەی دروستکراو، بەجۆرێک کە هەموو پێوەندییەکان لەنێوان تاکەکاندا بەڕێگەی کرداری

ئیرادیی مەبەستدار دروست دەبن (ئەویش کۆمەڵگەیە و هیچ کۆمەڵگەیەکیش بە بێ کۆمەڵ بوونی نییە).

٤- یەکەی کەسە گۆشەگیر و سەربەخۆکان لە دەستەی کەسی کۆمەڵخوازی سەربەخۆی ڕوحی تاکیدا. ئەم یەکەیەی جۆری کۆتایی بەندە لەسەر یەکەی چییەتیخوازی(٢٦)، بنچینەکەی کۆبوونەوە و سوورخواردنە لەدەوری بەهایەکی دیاریکراو.

شیلەر وای دەبینێت، لە واقیعدا تەنیا دوو جۆر کەسانی کۆمەڵخوازی بێ گەرد هەن:

- کڵێسە. (بەهای موقەدەس).

- نەتەوە، یان بواری کولتوور (ئەویش کەسی کۆمەڵخوازی کولتوورییە و بەها کولتوورییە ڕوحییەکان لە بەرانبەریدایە).

**پێنجەم: مرۆڤ و خواوەند**

شیلەر وای دەبینێت وشەی (مرۆڤ) دوو واتای هەیە. واتای یەکەم کە وشەکە دەیدات بە دەستەوە، بریتییە لە (مرۆڤی سروشتی)، ئەویش شتێکی بوودەڵەیە، ڕاڕەوێکی گیراوی ژیانە و گشتێکی دەگمەن لە پەرەسەندنی ژیاندا پێکدێنێت و "مرۆڤی سروشتی" لە جیهانی ئاژەڵییانە دەرناچێت و هەرچییەک بووبێت هەر ئاژەڵە و هەر چییەکیش بێت هەر ئاژەڵە و بۆ هەتا هەتایەش هەر بە ئاژەڵی دەمێنێتەوە. مرۆڤایەتی "مرۆڤی سروشتی" نە یەکەی هەیە و نە شکۆمەندی تێدایە.

شیلەر پێی وایە هیچ شتێک نییە ئاماژەبێت لەسەر هەڵەی بۆچوونی زۆر لایەنی ئایدیای پەرستش، کە ئۆگەست کۆنت(٢٧) بۆ ئەو مرۆڤایەتییەی تەرخان کردبوو، بەو پێیەی لای ئەو "گەورەترین بوونەوەرە".

وەلێ، وشەی "مرۆڤ" واتایەکی تریشی هەیە: مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە نوێژ دەکات و دەپاڕێتەوە، ئەو (سۆراغکەری خواوەند)ـە، وێڵبووی وێنەی ناکۆتای زیندووی خواوەندە(٢٨)، ئەو خاڵی دەرکەوتنی شێوەیەک لە شێوەکانی واتا و بەها و چالاکێتییە کە لە هەر بوونێکی دیکەی سروشتی بەرزترە و ئەویش تەنیا و تەنیا (کەس)ـە.

بەبڕوای شیلەر، ئەزموونی مرۆڤی ئایینی ئەزموونی بنچینەیی و بەراییە و لە ئەزموونەکانی ئەوانی دیکەوە بەرهەم نەهاتووە. چونکە چەمکە "خواوەندێتی" چەمکێکە سەر بە کۆمەڵێک پێدراوی زیاتر سەرەتاییە لە هۆشیاری مرۆییدا.

گرنگترین پێناسەی چییەتی خواوەندیی بریتییە لە: تاکایەتی(٢٩)، ناکۆتایی هەمەکییەتی حەقیقەت، پیرۆزی. خواوەندی ئایینی خواوەندێکی زیندووە، ئەو کەسە، بەڵکو کەسی کەسەکانە. شیلەر پێی وایە خواوەندی یەکگرتوو لەگەڵ سروشتدا هیچ نییە، جگە لە تەنیا و تەنیا وێنەیەک، یان دۆکترینێکی قایل بە بوونی خواوەندێتی. لای ئەو ئەو گازاندەیەی ئاراستەی ئەم دۆکترینە دەکرێت(٣٠) کە گوایە لە شێوەی مرۆڤ خوداوەندی وێنا کردووە، گازاندەیەکی بێ بنەمایە و تەنیا دەبێتە مایەی گاڵتەکردن بە خۆی، چونکە ئەوە خوداوەند نییە کە لەشێوەی مرۆڤدا وێنا کراوە، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە، واتە تاکە بیرۆکەی دروست کە لە بارەی مرۆڤەوە دروست بکرێت ئەوەیە کە لەشێوەی خواوەنددا وێنا بکرێت.

بە بڕوای شیلەر هەموو عەقڵێکی سنووردار، یان باوەڕی بە خواوەندە، یان بە ویژینگ (بت)، هەرچی نازانمگەراکانیشن لای خۆیانەوە باوەڕیان بە عەدەم هەیە.

باوەڕ لای ئیماندار لەبەرانبەر وەحی و کەشفە لای خواوەند. بە بڕوای شیلەر هەر ئەمەشە هۆکاری ئەوەی کە ئایین و باوەڕ تەنیا بە کردارێک لە لایەن خواوەندێکی دیاریکراوەوە نەبێت، ناتوانرێت ببەخشرێن.

شیلەر وای دەبینێت کە میتافیزیکا ناتوانێت ئایین دامەزرێنێت، چونکە هەمیشە مەرجەکی و شیمانەییە(٣١). خواوەندی فەیلەسووفەکان هیچ نییە جگە لە بنچینەیەکی وشک بۆ جیهان(٣٢). خۆ ئەگەر بەڵگەی فەلسەفی لەسەر بوونی خواوەند لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحیەتدا هێزێکی ڕازیکەرانەی گەورەی بەدەست هێنابێت ئەوە، هۆکاری ڕاستەقینەی پشت ئەمە ئەوەیە کە ئەو سەردەمە لەسەر ئەزموونێکی ئایینی دەوڵەمەند ڕۆنرا بوو(٣٣).

وێڕای ئەم دیاریکردنە بۆ وەزیفەی میتافیزیکا، شیلەر وای دەبینێت کە میتافیزیکا بە ناچاری پلەیەکی پێویستی زەمینەسازییە بۆ هەر مەعریفەیەکی ئایینی، چونکە لەلایەنی ئایینییەوە کولتوور بێ میتافیزیک شتێکی مەحاڵە. لەلایەکی دیکەشەوە ئایین سەرلەنوێ ڕاڤەی سیستمی جەوهەریی جیهان دەکاتەوە.

بەڵام، لەگەڵ ئەمەشدا، شیلەر لەلای خۆیەوە بەڵگەیەکی دیکە بۆ بوونی خواوەند سەربار دەخات: هەر زانینێک دەربارەی خواوەند زانینێکە کە خوداوەند خۆی ئەنجامی دەدات و لەبەرئەوەی ئەم جۆرە زانینە لە ئارادایە، کە لەگەڵ کرداری ئایینیدا خۆی دەنوێنێت، کەواتە خواوەند بوونی هەیە. خواوەند پێدراوە بەو پێیەی لەبەرانبەر جیهاندایە و لەگەڵیشدا مەلزومە، هەروەک ئەوەی هەموو جیهانێکی چکۆلەکراو کەسێکی دیاریکراو لە بەرانبەریدایە، هەر بەو جۆرەش خواوەند وەک ئەوەی کەسە لەبەرانبەر کۆی جیهانەکاندایە، واتە جیهانی گەورەکراو.

**شەشەم: خۆشەویستی**

ئەگەر ئەو تێڕامانانەی کە تا ئێستا خستمانەنە ڕوو، لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، شۆڕشگێڕانە بن، ئەوە تیوری خۆشەویستی کە شیلەر پێشکەشی کردووە ئەو تیورەیە کە بە بەهێزترین شێوە بەرهەڵستی هزری سەدەی نۆزدەی شارستانێتی ڕۆژئاوای پێدەکات.

ئەو یەکەم جار ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە خۆشەویستی سۆزداری بێت و بەشێوەیەکی گشتی لای ئەو خۆشەویستی هەرگیز سۆز نییە. خۆشەویستی بە ئەنجامدانی هیچ حوکمێکەوە لەپێناو ئەوەی دەرکەوت بکات، مەرجدار نییە، وەک چۆن کردارێک لە کردارەکانی سۆراغکردنیش نییە. لە خۆشەویستی خۆیدا، شتێکی کۆمەڵایەتی نییە کە ئاراستەی خود خۆی، یان ئاراستەی ئەوانی دیکە بکرێت.

شیلەر وای دەبینێت هەموو تیورەکانی سەدەی نۆزدە، پەیوەست بە بابەتی خۆشەویستی، لە هزری ڕۆژئاواییدا کەوتوونەتە هەڵەیەکی گەورەوە:

– ئەو تیورانە خۆشەویستی و ئەویترخوازییان یەکخستووە و وەک یەک شت لێیان ڕوانیوون. ئەمەش ئایدیایەکی بێ کۆڵەکەیە و ئەویترخوازی پێی وایە دەبێت ئەوی دیکە خۆشبویسترێت وەک ئەوەی ئەوی تر (ئەوی دیکەیە).

– خۆشەویستییان کردووەتە خۆشەویستی مرۆڤایەتی، واتە خۆشەویستی بۆ شتی ئەبستراکت، ئەمەش لای خۆیەوە شتێکی سەیر و قەڵپە.

– هەروەها خۆشەویستی و مەیلی ئارایشدان و باشکردن و یارمەتیدانی ئەویتر (ئەوی دیکە)یان یەکخستووە، ئەمەش ڕەنگە وەک ئاکامی خۆشەویستی ڕاستبێت و دەست بدات، بەڵام ماهییەتی خۆشەویستی نییە.

شیلەر بە شیکاریی ورد ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەویترخوازی و هاوشێوەکانی ئەویترخوازی لە عەقڵییەتی نوێی ڕۆژئاواییدا، تەنیا پشت بە یەک بنچینە دەبەستێت ئەویش بریتییە لە "ڕق" (یان کینە)، لەپاشان پشت بە ڕق لێبوونەوە دەبەستێت لە بەها باڵاکان و دواجاریش لە خواوەند. شیلەر بڕوای وایە کە هەستکردن بە ئیرەیی لە هەمبەر خاوەن بەها باڵاکاندا نموونەی باڵای یەکسانی بۆ یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان، هێناوەتە گۆڕێ و لای ئەو ئەم نموونەیە لە جەوهەریدا نەفیکردنەوەی خۆشەویستییە(٣٤).

خۆشەویستی ڕاستەقینە و (ڕق لێبوونەوەی ڕاستەقینەش بەهەمان شێوە)، لای شیلەر، هەمیشە خۆشەویستییە بۆ کەس، نەک خۆشەویستی بۆ بەها وەک ئەوەی، کە بەهایە، شیلەر دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە بڵێت ناکرێت کەس خودی چاکەی خۆشبووێت. خۆشەویستی، لەمیانی بەهای کەسەوە، ئاراستەی کەس، وەک ئەوەی حەقیقەتی واقیعییە، دەکرێت.

ئەو شیکارییەی شیلەر بۆ ئەو خۆشەویستییەی کە ئاراستەی کەس دەکرێت، کردوویەتی، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کۆی ئەو بەهایانەی کە کەسی خۆشویستراوی پێ دەناسرێتەوە بە هیچ کلۆجێک ناکرێت یەکسان بن لەگەڵ خۆشەویستیماندا بۆ ئەو کەسە(٣٥). هەمیشە دوای ئەو هەموو بەهایە شتێک هەیە بێ بنەما (زیادی دەکەین) واتە "شتێک زیاد دەکەین"(٣٦). ئەم "زیادە"یە، کە کەسی خۆشویستراوی ڕاستەقینەی دیاریکراوە، بریتییە لە بابەتی ڕاستەقینەی خۆشەویستی. هەموو بەها ئاکارییەکانی کەسەکە ناکەونە بەر چنگمان تەنیا لەمیانەی "بەدەستهێنانی لەتەک" کرداری خۆشەویستی سەرچاوەگرتوو لە خودی کەسەکەوە نەبێت.

خۆشەویستی جووڵەیەکە کە بوونەوەری تاکی دیاریکراو، کە مرۆڤی هەڵگری بەهاکانە، بە گوێرەی توانا ئایدیالییەکانی دەگاتە باڵاترین بەهای شیاو. ئەویندار چاو لە بەرزکردنەوەی خۆشویستراو دەبڕێت،

وەلێ خۆشەویستراویش ئەویندار بەرز دەکاتەوە. خۆشەویستیی گشتگیر وەکو بابەتی ئەو پەیکەرتاشە وایە، کە دەتوانێت بە جوولەیەکی سادە و تەنیا بە کرداری تەماشاکردنی هێڵەکان پەی بە چییەتی کەسەکە بەرێت، ئەوەش دوور لە هەر مەعریفەیەکی ئەزموونی و خوێندنەوەیی، کە زیاتر لەوەی چییەتی کەسەکە دەربخەن، دەیشارنەوە. هەر ئەمەشە هۆکاری ئەوەی کە پێشکەوتنی ئاکاری، بەشێوەیەکی گشتیتریش پێشکەوتنی بەهایی، هەمیشە بە سایەی کەسانێکی کۆمەڵایەتی نموونەییەوەن: بلیمەتێک، پاڵەوانێک، قەدیسێک.

بەهای خۆشەویستی بریتییە لە خۆشەویستی خواوەند، لێرەشدا مەبەستی لە خۆشەویستی خواوەند، خۆشەویستی خواوەندی گەورەی چاکەی بێ سنوور نییە، بەڵکو مەبەست لێی خۆشەویستی خواوەند وەک ئەوەی "بەدەستهێنانە لەتەک" خۆشەویستی خواوەند بۆ جیهاندا (لێرەدا گوزارشتە لاتینییەکەی باس دەکات: Amare Mundum in deo)(37).

لای شیلەر، خواوەند ناوەندی باڵای خۆشەویستییە. ئەو، واتە خواوەند ئەوە بە کەسەکە دەبەخشێت کە واتاکەی دروست بکات، واتە خۆشەویستی پێ دەبەخشێت. دواجار تیوری کۆمەڵ لای شیلەر بەدوای هەمان ئەم دیدگایەدا دەگەڕێت.

هەرچی ئەو فەلسەفەیە کە لە کۆتایی ژیانیدا دەریخست، شیلەر لەوێدا لە زۆر لایەنی ئەم ڕێبازانەی خۆی کە تا ئێستا خستمانە ڕوو، پاشگەز بووەوە.

بابەتی سەرەکی لە دوایین کتێبەکانیدا ئەوەبوو کە پلە باڵاکانی بوون لە پلە نزمەکانی بوون لاوازترن. بەم جۆرە سەرەتاییترین و بەهێزترین ناوەندەکان ئەو ناوەندە (کوێر)انەن کە نە توانایی پەی بردن بە هزرەکانیان هەیە و نە پەی بردن بە وێنە و شێوازەکان و نە پەی بردن بە شێوەکان، واتە ناوەندەکانی جیهانی نائەندامی، بەو پێیەی ئەو ناوەندانە خاڵی چالاکیی خوارەوەن کە کاریگەریی کوێرانە دادەنێن.

لەسەر ئەم بنەمایە شیلەر هێڵە سەرەکییەکانی بۆ تیوری لاهووتی دارشت، کە تیوری فەیلەسووفی ئینگلیزی ئەلیکساندەرمان دەربارەی خواوەندێتی بیردەخاتەوە، کە بەر لە شیلەر پێشکەشی کردبوو(٣٨).

بەڵام ئەم قۆناغە کورتەی کۆتایی لە هزری شیلەردا، بە قۆناغێکی ناتەواو دەمێنێتەوە و شیلەریش لە تێڕوانینی مێژوودا بە بیرمەندێکی کەسخواز و لاهووتی دەمێنێتەوە و مێژووش ئەو چاکە نەمرەی ئەو دەبینێت کە پێوەندی لەگەڵ ئاراستە تاکخوازەکانی سەدەی نۆزدەدا بڕی و هەموو مافێکی بۆ کەسی مرۆیی گەڕاندەوە.

هەروەها بایەخی شیلەر لەوەدا دەردەکەوێت کە جەختی لەسەر مۆرکی نا-شتی (لاشیئیە)ی کەسی مرۆیی کردەوە، بەمەش ئەو بە پردی ڕاگوزەران بەرەو فەلسەفەی بوونگەرایی دەدرێتە قەڵەم.

**پەراوێزەکان:**

**(١) بۆ ئەوەی پێشتر بگەڕێوە بۆ بەشی سێزدە "یەکەم".**

**(٢) کەمێکی تر باسیان دەکەین.**

**(٣) بۆ نموونە جگە لە برگسۆن کە وەک گشتێک بایەخ بە ژیان دەدات.**

**(٤) نووسەر و پیاوی ئایینیی مەسیحی و فەیلەسووف (٣٥٤-٤٣٠ز)، فەلسەفەکەی لە ئەزموونە کەسییەکان و هاتوچۆی لەنێوان ئایینزا و ئایینەکانەوە هەڵقوڵاوە.**

**(٥) پیاوی ئایینی پرۆتستانتی و کۆمەڵناس و فەیلەسووفی مێژوو (١٨٦٥-١٩٢٣ز).**

**(٦) واتە لە ئاستی مەعریفەوە ڕاگوزەرا بۆ ئاستی ژیانی عەقڵی.**

**(٧) بە دانەوە پاڵ کەسی مرۆیی، ئەم ڕێبازە شانازی بە ڕێز و ئازادی کەسەوە دەکات و بە بەهایەکی لەخۆیدا دادەنێت، نەک تەنیا بە ژمارەیەک لەنێو ژمارەکاندا.**

**(٨) ئەویش حەزرەتی مەسیحە.**

**(٩) پێوەندییەکە تەنیا پێوەندی بە مەعریفە نییە.**

**(١٠) Washeit لە Wasی ئەڵمانییەوە، واتە "چی" وەهایە؟**

**(١١) وەک ئەوەی لای کانت هەیە.**

**(١٢) بگەڕێوە بۆ پەراوێزی ,٢٥٥**

**(١٣) "المعجم الفلسفي"ی کۆڕی زانیاری زمانی عەرەبی دەڵێت، ڕەها (مطلق) زمانحاڵی ئەوەیە کە بێ کۆت و بەندە. لەڕووی زاراوەییەوە لە دەربڕیندا بریتییە لەوەی کە پەی پێبردنی بەند نییە لەسەر شتی دیکە و (مطلق) لەبەرانبەر (مضاف)دایە، لە ئاکار و سیاسەتیشدا ئەوەیە کە نە سنوورێک سنووردار**

دەکات و نە کۆتێکیش پێوەندی دەکات، بۆ نموونە چاکەی ڕەها لە بواری ئاکاردا و دەسەڵاتی ڕەها لە بواری سیاسەتدا، لە میتافیزیکاشدا ئەوەیە کە نە لە وێناکردنیدا و نە لە بوونیدا پێویستی بە شتێکی دیکە نییە، لەوانە: بوونی ڕەها. دژەکەیشی ڕێژەییە.

(١٤) میتافیزیکا.. یان دوای سروشت. میتا- ئەنسرۆپۆلۆژیا.. یان دوای ئەنسرۆپۆلۆژیا.

(١٥) Intentionale Gegenstande Des Fuhlens

(16)یان "یەکەمی" و پێشتریش ئاماژە بە واتاکەی درا.

(١٧) واتە دواجار سەرچاوەکەی کۆمەڵگایە.

(١٨) بەتایبەت کاتێک هێرش دەکاتە سەر عەقڵی شیکاری.

لێرەدا وامان پێ گونجاوتر بوو وشەی (مەرام) وەک وەرگێڕدراوی وشەی (غاية)ی عەرەبی بەکار بهێنین، چونکە وشەی (مەبەست)مان لەبەرانبەر وشەی (مقصد) داناوە، ئەگەرچی وشە کوردییەکان هاومانان، یان زۆر نزیکن لەیەکەوە، بەڵام وەک جیاکردنەوەیەک بۆ چەمکەکان، ئێمەش مانای جیاوازیان پێ دەبەخشین. (و. ک)

(١٩)چونکە پەیوەستە بە کارێکی باوەڕپێکراوترەوە لەوانی دیکە، ئینجا نزیکتریش بێت لە بواری کۆشش و مەبەستەوە.

(٢٠) وەک جۆری فەرمانی بێ چەندوچوون لە فەلسەفەی ئەخلاقیی کانتدا.

(٢١) یان "هەستکردن" یان "هەس" یان ویژدان (Sentiment).

ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین، تاکە وتارێک کە بە زمانی کوردی لەبارەی (کەس)ەوە نووسرابێت، وتارەکەی فارووق ڕەفیقە (کەس کێیە؟ کەس چییە؟ تێڕامانێکی فەلسەفی). (و. ک)

(٢٢) Konkrete Seinseinheit Von Akten، یان "یەکێتی کردارە وجودییە دیاریکراوەکان".

(٢٣) زانای بەناوبانگی ئەمریکی، داهێنەری تەلەگراف و تەلەڤزیۆن و گڵۆپی کارەبایی و شتی دیکەش.

(٢٤) ئەویش ناسروشتە.

(٢٥) یان هەموو کەسێکی دیاریکراو لە ناخی خۆیدا "خاوەن" کەسێکی "گۆشەگیر" و کەسێکی "کۆمەڵایەتی"ە پێکەوە.

(٢٦) بە داتاشینی لە چیەتییەوە.

(٢٧) فەیلەسووفی ناسراوی فەڕەنسی و دامەزرێنەری کۆمەڵناسیی ئەورووپی.

(٢٨) هەموو ئەمانە لەگەڵ ئاراستە مەسیحییەکاندا کۆک دێنەوە.

(٢٩) Ena ase، یان "یەک لە خۆیدا".

(٣٠) لاهوتی مەسیحی ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە دەبێتەوە کە خوداوەند لە شێوەی مرۆڤ بەرجەستە بووە.

(٣١) واتە پشت بە کۆمەڵێک بابەتی تر دەبەستێ، کە ڕەها نین.

(٣٢) بۆ نموونە لەگەڵ خواوەندی ئەرستۆ بەراوردی بکە "ئەو بزوێنەرەی یەکەم کە خۆی نابزوێت".

(٣٣) پاشان بۆی ئاسان بوو قەرەبووی ساردوسڕیی ناوەڕۆکی ئایدیای خواوەندی ئەرستۆیی بکاتەوە.

(٣٤) سەرنجی ئەوە بدە ئەم هزرانە پڕ بە پێستی کۆمەڵگەیەکن کە لە سەر چینایەتییەوە ڕۆنراوە.

(٣٥) چونکە هەمیشە خۆشەویستی فراوانتر و بەرینترە.

(٣٦) Unbegrundliches Plus بەراوردی بکە بە "ترانسێندنتال" لای یاسپەرز.

(٣٧) "خۆشەویستی جیهان لە خواوەندا"، واتە لەمیانەی خۆشەویستی خواوەندەوە.

(٣٨) بڕوانە بەشی بیست. سێیەم. شەشەم.

سەرچاوە:

إ. م. بوشنسكي، الفلسفة المعاصرة في أوروبا، ت: د. عزت قرني، سلسلة عالم المعرفة - سلسلة كتب ثقافية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ١٩٩٢، ص ١٩١ - ٢٠٤.

# شانۆ لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

خەلیل یابە کەریم

شانۆ چالاکییەکی مرۆڤایەتییە، لەبەر گرنگی و کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگەکە توانایی فێرکردن و پەروەردەکردنی هەیە و دەتوانێت هزر و بیری مرۆڤەکان بەرەو چاکتر و پێشکەوتووتر بگۆڕێت، لەبەر ئەوەیە هەندێک دەڵێن شانۆ قوتابخانەی گەلە، هەندێک دەڵێن ژیانە، یان سیمای شارستانیەتە، ئەو وڵاتەی چالاکی شانۆیی تێدا نەبێ ڕۆشنبیری گەلەکەی ناتەواوە، چونکە شانۆ دایکی زۆربەی زۆری هونەرەکانە، زۆربەی هونەرەکان لەژێر باڵی ئەو دەرچوون، وەک شێوەکاری و سینەما، هونەری شانۆ هونەرێکی کۆن و دێرینە، ئەم هونەرە ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا لەسەردەمی گریکەکان بە مرۆڤایەتی ئاشنا بوو، کە تسپس لە جۆقە جودابووەوە و بە تەنیا نواندنی ئەنجام دا و دیالۆگی گوت، لەو سەردەمەوە بەرە بەرە ئەم هونەرە ڕۆژ بەڕۆژ پێشکەوتنی بەخۆوە بینی و بووژایەوە و بە چەندین قۆناغدا تێپەڕی. پاش گریکەکان، سەردەمی ڕۆمانەکان، پاشان چاخەکانی ناوەڕاست، کە ئەو سەردەمە کڵێسە بەربەرەکانییەکی تەواوی دەکرد، چونکە ئەم چالاکییە لەگەڵ ڕەوتی کڵێسە و خوداپەرستیدا ناگونجێت، بەڵام ئەم هونەرە نەچەقی، دەیان نووسەر و فەیلەسووف و پێشەنگی بۆ پەیدا بوو، چەندین تیوری بۆ دانرا، سەردەمی ئەلیزابیسی کە مارلۆ و شکسپیر پەیدابوون، دواتر لە فەرەنسا مۆلێر خوازیاری کۆمیدیا لە ڕووسیا ستاینسلافسکی کە ڕێبازی ڕیالیزمی پیادە کرد و شانۆی هونەریی دامەزراند و تاقیگەی مەشق و ڕاهێنانی بۆ ئەکتەران دروست کرد، هەروەها مایرهوڵد خاوەنی ئەلبیۆتیکانیکا، لە ئەڵمانیا برێخت کە خاوەنی شانۆی داستانییە، کە ڕێبازێکی تایبەتە و دیواری چوارەم لە شانۆدا هەڵدەگیرێت، ئەکتەر شتەکان وەک شاهید دەگێڕێتەوە، هەروەها گرۆتۆفسکی و ئارتۆ خاوەن ڕێبازی توندوتیژی و شانۆی هەژار، دواتر



**دیمەنێک لە شانۆگەری «هەبوو نەبوو» - ١٩٨٠**

گۆردن گریک و پاش دووەمین جەنگی جیهانی ڕێبازی نامـاقـوولّ پەیدابوو وەک سـەمـوئێل بیکیت و ئارسـەر ئادەمۆف و زۆرانی دیکە، لە ئەمریکا شانۆی پێشڕەو و ئازاد و برۆدوای و دەرەوەی برۆدوای، شانۆی سەر شۆستە و شەقام و....تاد پەیدا بوو.

لەبەر ئەوەی شـانۆ چالاکـیـیـەکی زیندووە بەردەوام خوازیارەکانی لە لێکۆڵینەوەدان بۆ ئەوەی ئەفراندن بکەن و شـتـێکی تازە بخـولّقـێنن و شـێـوە ئاسـاییـە باوەکـان بشکێنن، لەبەر ئەوە بەم دواییە ڕێبـازی ئەزمـوونگەری سەری هەڵدا، ئەم ڕێبـازانە هەر هەمـوویان لە دنیـادا لە شانۆ پیادە دەکرێن و چەندین شانۆگەری جیـهانی هەن بەچەندین شێوە نمایش دەکرێن، شانۆنامەکانی شکسپیر لە هەمـــوو دنیـــادا بەردەوام بە چەندین شـێــوە نمایش دەکرێن، هەروەها تێکستەکانی برێخت و بیکیت...تاد، شـانۆگـەری هەیە چەندین سـاڵ لە نمایش بەردەوامـە لە ئینگلتـەرا لەسـەر شـانۆی شاهانە، شـانۆگـەری هەیە بە دەیان سـاڵ نمایش دەکـرێت، چەندین جـار ئەکـتــەر دەگۆڕدرێت، ئەم چالاکییە مرۆڤایەتییە کە پێی دەڵێن شـــانۆ لە ســـەدەکـــانی هەژدە و نۆزدە لە ڕێگەی ئەو قوتابیانەی کە چوونە ئەورووپا بۆ خوێندن ئەم زانستـەیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە، لە سووریا و میسر جۆرج ئەبیەز و لە عـیـراق حەقی شـبلی کـە خـوێندنیـان لە فـەرەنسـا تەواوکرد، ئێمـەی کوردیش لە سەرەتای سەدەی بیستـەم بەم هونەرە ئاشنا بووین، هەندێک دەڵێن یەکەم نمایش لە سـاڵی ١٩٢١- ١٩٢٢ لە سلێـمـانی ئەنجـام دراوە، هەندێکی دیکە دەڵێن نەخێر لە هەولێر بووە، هەرچۆنێک بووە لەوکـاتەوە شـانۆ لە کـوردسـتـان هەبووە، بەڵام نمایشـەکان زۆربەی زۆریان لە قوتابخانەکان ئەنجام دراون و بە زمـانی عـەرەبی، کـەم و زۆر ئەم چالاکـیـیـە لە کوردستان بەردەوام بووە، بەڵام وەک ئێستا بە شێوەیەکی ڕێک و بەردەوام نەبووە، هەندێک ساڵ نمایش زیاتر بووە لە سـاڵی دیکە، ئەوە بەردەوام بوو تا سـاڵی ١٩٥٨ کـە شۆڕشی ١٤ی تەمووز بەرپا بوو، شانۆ زیاتر بووژانەوەی بەخـۆوە بینی، کـە چەندین سـوارچاکی ئەم بوارە ئەسـپی خۆیان تاودا و چیرۆکی نیشـتمـانی جوانیان پێشکەش دەکرد، جگە لە حەقی شبلی، یووسف ئەلعانی کـە جگە لەوەی نووسـەرێکی شـانۆیی بوو، ئەکـتـەرێکی چاکـیش بوو، چەندین تیـپیش دامـەزران، لە کـوردسـتـانیش ئەم چالاکییە تا کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان بەردەوام بوو، کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار لە نێوان سەرکـردایەتی کـوردسـتـان (بارزانی نەمر) و حکوومـەتی عـیـراقی ئەوسا مـۆرکـرا، ئەمـە بووە مـایەی خـۆشـحـاڵی هەمـــوو کـوردێک، کـەشـوهەوایەکی ئازادیی پەیدا بوو، چەندین تیپ و گـرووپ و کـۆمـەڵەی هونەری و ئەدەبی دامـــەزران، بە تایبـــەتی تازە دەمـــۆکـــەک بوو چەندین هونەرمـەند بروانامەی هونەرییان وەدەست هێنابوو، وەک هونەرمەندان سەفوەت جەرڕاح و ئەحمەد سالار و تەڵعەت سامـان، سـەباح عـەبدولڕەحمـان، سـەعـدوون یوونس و فەرهاد شەریف و چەندینی دیکە.

بەندەش لەبەر ئەوەی لەلادێ مـامـۆسـتـا بووم دەرفـەتم نەبوو بەشداریی لەم چالاکییە گرنگەدا بکەم، ئەو حەزە هەر لە دڵ و دەروونمدا پەنگی خـــواردبووەوە، چونکە لە پۆلی پێنجی سـەرەتایی لە شـارۆچکەی گـوێڕ لە کـاتی نمایشی ساڵانەی قوتابخانەکان لە بەهاردا کە ئەم نەریتە ئێـــســـتـــاش بەردەوامی هەیە، بەڵێ لە ناوەڕاســـتی پەنجـاکـانـدا لە چیـرۆکـێکی تەمـسـیلی بەم بۆنەیەوە بەشـداریم کـردبوو، لە پێش جـەمـاوەر نواندنم کـردبوو و چیرۆکـەکە سـەرکەوتنی وەدەست هێنا، بۆیە خولیام لەلا پەیدا بوو، بەڵام بوارم نەبوو ئەو حەزەی خۆم تێر بکەم، چونکە ئاشکرایە لەم جـۆرە شـارۆچکانە تیـپی شـانۆیی نەک هەر نییـە، بەڵکو هەر کـەسـیش، لەبەر سنوورداری ڕۆشنبیـرییان نازانێت شانۆ چییە، پاشانیش لەبەر ئەوەی سەرقـاڵی خوێندن بووم، کە دەرچووم بوومە مـامۆسـتـا و لەلادێ دامەزرام، یەکەم جار کە گوێزرامەوە شاری هەولێر وەک دەڵێن جـــاری ژێرەکـــەم گـــەرم نەبـــوو، لەڕێگەی برادەرێک (عەبدولواحید هیدایەت)ەوە سەبارەت بە تیپە شانۆییەکان پرسیـارم کرد، گوتی ئێمـە لە تیپی هونەری هەولێـر چالاکی ئەنجـام دەدەین بۆ چ تۆش نایەیتـە ئەم

تیپەوە؟! ئیدی لە ١٩٧١/١٢/٥ پەیوەندیم بەو تیپەوە کرد، بینیم تیپی هونەری هەولێر چەند میوزیک ژەنی هەولێری لێهاتوو لەم تیپەدا هەن و چالاکی دەنوێنن، کۆمەڵێک هونەرمەندی شانۆکاریش بەسەرپەرشتی هونەرمەند تەڵعەت سامان لەم تیپەدا چالاکی دەنوێنن، کە جگە لە تەڵعەت سامان هونەرمەندان بریتی بوون لە چەتۆ حەسەن، سابیر عەبدولڕەحمان، پەیمان بەگۆک، حاجی مەجید نەجم، ئەکرەم خامۆش، سەردار مەجید، عەبدولواحید هیدایەت (شێرزاد پۆلیس لە دیبەگە بوو، بەڵام پێوەندی بەم تیپەوە هەبوو) ئەمیر ڕەفعەت، شەوقیە شەوکەوت، سەربەست میران و چەند برادەرێکی دی، هەڵبەت جگە لە تەڵعەت سامان کە بڕوانامەی ئەکادیمیای هەبوو، ئەوانی دیکە کەس بڕوانامەی هونەری نەبوو، هەندێک مامۆستا بوون وەک بەندە و چەتۆ و سابیر و ئەمیر ڕەفعەت، ئەوانی دیکە هەریەکە و لە قۆناغێکی خوێندندا بوون، ئەوکات جگە لە تیپی هونەری هەولێر، تیپی سەندیکای مامۆستایانی کوردستان هەبوو، تیپی سەندیکای کرێکاران و لاوان.. پاشان لە ساڵی ١٩٧٢ بەهۆی خوالێخۆشبوو محەمەد مەولود مەم کە ئاشنایی لەگەڵ خوالێخۆشبووان نووری دەشتی و ڕەفیق چالاک و برادەرانی کۆمەڵەی سلێمانی هەبوو، لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی دامەزرا، ئەوکات ئەم تیپە هونەرییانە سنووردار بوون و وەک ئێستا نەبوو کە تەنیا لە هەولێر لەوانەیە پتر لە (٥٠) تیپ و سەنتەری هونەری هەبێت، هەرچۆنێک بێت ئەوکات هەردەرهێنەرێک کۆمپەنی خۆی هەبوو، لەسەرەوە ئاماژەم بە کۆمپەنی تیپی هونەری هەولێر کرد، لە بەرانبەر ئەو سەباح عەبدولڕەحمان ئەوکات کاری بۆ سەندیکای مامۆستایانی کوردستان دەکرد (چالاکی شانۆیی) گرووپەکەی بریتی بوو لە هونەرمەندان وشیار سەید ئەحمەد، عەلی ئەحمەد، فەیسەڵ محەمەد ساڵح، ڕەسمی جەلال، عەبدولڕەزاق شەمسەدین، ئەنوەر شێخانی، مستەفا ڕەئووف، قادر عەزیز ئەم دوو هونەرمەندە سەرەڕای مۆسیقا تەمسیلیشیان دەکرد، جەلال بەیار، سوبحی کۆیی و فایق وەلی، پاشان هونەرمەند سەلام کۆیی، ئەوەی ڕاستی بێت کێبەرکێ لەنێوان ئەم دوو دەرهێنەرەدا هەبوو، هەریەکە و خوازیار بوو کارێکی لەوی دیکە چاکتر بکات، هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان زنجیرە درامای فالچی بۆ تەلەڤزیۆن کرد، پاشان مارەیی و مەسەلەی شارێک، هونەرمەند تەڵعەت سامان درامای (مەرج)ی ئامادە کرد، پاشان وێنەیەک لە ڕابردوو، لە بەغدا دیکۆریش بۆ تۆمارکردنی ئامادە کرا، بەڵام لەبەر خۆماڵی کردنی نەوت کە ئەو ڕۆژە بەو بۆنەیەوە ئەحمەد حەسەن بەکر وتاری هەبوو، هەموو بەرنامەکان فەرامۆش کران، ئیدی ئێمە بە دڵساردی لە بەغدا گەڕاینەوە، پاشان زنجیرە درامای گوێزان لە بەغدا بۆ TV کەرکووک تۆمار کرا، ئەم کێبەرکێیە بەردەوام بوو، ئێمەش پاش ئەوەی درامای وێنەیەک لە ڕابردوومان لە بەغدا بۆ تۆمار نەکرا، کە بینیمان دەستەی کارگێڕی ئەم تیپە بایەخ بە شانۆ و دراما نادەن، تەنیا گۆرانی و مۆسیقایان لەلا گرنگە، بۆیە بڕیارمان دا تیپێکمان بۆ خۆمان هەبێت، بەئارەزووی خۆمان تامەزرۆیی خۆمان بە چالاکی شانۆیی و درامی بشکێنین، ئەوە بوو لەسەرەوە باسم کرد کە چۆن لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی هاتە دامەزراندن، بۆ دامەزراندنی تیپ دەبوایە پێنج کەس بڕوانامەی هونەرییان هەبێ، ئەمەش کارێکی سەخت بوو، ئەوەبوو لە حەفتاکاندا گەلێک کاری شانۆیی و درامی ئەنجام دران. لە ناوەڕاستی حەفتاکان هونەرمەند سەعدوون یوونس لە بەغدا گەڕایەوە، ئەویش خاوەن بڕوانامەی هونەری بوو، مامۆستا بوو، پاشان پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بە شەو لە بەغدا تەواو کرد، گەڕایەوە هەولێر، بینی دوو کۆڵەکە هەیە سەباح و تەڵعەت، دەبێت ئەویش شوێن پێی خۆی بکاتەوە، زۆر بە حەماسەوە هاتە بوارەکەوە، زۆر کاری جوانی کرد، وەک چیرۆکەکانی مام سمایل و خۆتان بگرن هات، قەڵای دمدم، ماڵی نوێ، ئەوکات و پێشتریش تیپی شانۆی لادێیی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ هەبوو، هونەرمەند سەعدوون یوونس لەوێش شوێن پێی خۆی کردەوە و لام وایە داسەکەی شاسواری دەرهێنا، کە کۆمەڵێک هونەرمەندی لەخۆ دەگرت وەک ئەنوەر شێخانی، ئیبراهیم حەکیم، قانیعە ڕەشید، چەندین هونەرمەندی دیکە، پاشان هونەرمەند فەرهاد شەریف لە دهۆک گەڕایەوە هەولێر، هەروەها زوهیر عەبدولمەسیح، هاشم زەینەل، لە سەرەتای هەشتاکان، سەفوەت جەڕاح و تەحسین شەعبان، حەفتاکان و هەشتاکان بە مەزندەی ڕەخنەگران و چاودێرانی شانۆ سەردەمی زێڕینی شانۆ بوو، ئەوکات کەس بیری لە پارە و پوول و گیرفان پڕ کردن نەدەکردەوە، هەر هەموو ئامادەبوون لە گیرفانی خۆیان خەرج بکەن، تەنیا کارە هونەرییەکە سەربکەوێت، لەبەر ئەوەی شانۆکاران هیچ مەرجەعیەت و لایەنێکیان نەبوو، بۆ پشتگیری و تەرخان کردنی بودجە و دەرخستە هانای بۆ ببەن، ئەوکات هونەرمەندانی شانۆ زۆر بە دڵسۆزی و



**دیمەنێک لە شانۆگەری «لۆ تێمناگەن» - ١٩٨٧**

حـەمـاسـەوە کـاری هونەرییـان ئەنجـام دەدا، لەکـاتی پرۆڤەکردن، لە کاتی نمایشکردن، ئەو ڕۆژەی کە دەرهێنەر ڕۆژی نمایشی ئاشکرا دەکـــرد و دەیگوت فـــلانە ڕۆژ (جەنەڕاڵ پرۆڤەیە) چۆن خەڵک بەرەو جەژن دەڕوا خۆی ئامادە دەکات، کە ڕۆژانی جەژنیان لەلا چەند خۆشە، بە تایبەتی بە ڕۆژووان و منداڵان، نمایشی شانۆیی خۆشتر بوو، هەموو لایەک بەشداری لە دانانی دیکۆر، لە دانانی ڕووناکی و ئەکسسوارەکان دەکرد، ئەوکات پێشمەرگە لە شاخ شەڕی مانونەمانی دەکرد، هونەرمەندانی شـانۆش شـانۆیان بە پرس دەزانی، بۆیە ئامـادەبوون لەم پێناوەدا هەمـوو قـوربانیـیـەک بدەن، چەندین جـار ئەمنی ڕژێمی دیکتاتۆری لە کاتی نمایشدا دەرگەی هۆڵی داخستووە، چەندین جـار سـانسـۆر بواری نمایشی شانۆگـەری نەداوە، دەرهێـنەر و بەرپـرسـ‌ـــان و بـەشــــداربووان لە ئـەمن لێـپـرسـینەوەیان لەگـەڵدا کـراوە، لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٠دا تیپی نواندنی هەولێر دامەزرا، سەر بە دەزگەی سینەما و شانۆی بەغدابوو، مەبەست لە دامەزراندنی ئەم تیپە ئەوەبوو بەڵکو بکەوێتە ژێر چاودێرییەکی توندوتیژ و شانۆکاران نەتوانن ئەو سنوورەی بۆیان دانراوە ببەزێنن، بەڵام بە پێچەوانەوە چاکترین کاری شانۆیی و درامی لەم تیپەدا ئەنجام درا، وەک هەبوو نەبوو، محەمەد و سێوی، لاس و خـەزاڵ، ڕاوچی، وەلی دیوانە، خـاتوو کـلاوزەڕ، قـەلای دمدم تاپۆ هەقی چییە، ئەم کارانەی حەفتاکان و هەشـتـاکـان ئەنجـام دراون ئێـسـتـاش لە یادەوەری خـەڵکەکـەدایە، چونکە بە ڕاسـتگۆیی ئەنجـام دراون، ئەوەتا درامای تاپۆ هەقی چییە، لەوانەیە زیاتر لە پەنجا جـار نمایش کـرابێت، ئینجـا کـەس لێی وەڕس نەبووە، هەروەها لۆ تێم ناگەن، شانۆییەکانی حەمەدۆک، شاری ئەوین، مارەیی، گێچەڵەکانی حەمە وەوەی، شێتەکانی

ئەم ڕۆژگارە، بە زۆر کراوە بە دکتۆر، پیلان، ئیمپراتۆر جۆنس، خاڵۆی ڕێبوار، قەل و ڕووتە....تاد.

لە کـەرکـووک کـۆمـەڵێک شـانۆکـاری دڵسـۆز هەبوون کـاریگەرییــان لەسـەر ڕەوتی شـانۆ بەرچاو و دیار بوو، لەوانە هونەرمـەندان سـەلمان فـایق کـاکـەیی، جـەلیل زەنگەنە، مەهدی ئومێد، جیهاد دلپاک، عەلی کەریم، عەبدوڵڵا پشدەری، عەبدولڕەحمان پشدەری، باوکی تارا و تەفیدە. گەلێک کاری شانۆیی و درامی لە شاری زێڕی ڕەش ئەنجـام درا لەوانە بەهاری دزراو، مـەرەزە، کـە بینەران لە تەلەڤزیۆنی کەرکووکەوە بینییان، لە سلێمانی شانۆ و دراما لەوپەڕی گەشانەوەدابوو، جگە لە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی، تیپی نواندنی سلێـمـانی، تیـپی پێشـڕەو، پاشـان تیـپی سـالار کـە ئێستاش ئەم تیپانە چالاکییان بەردەوامە، کاری شانۆیی و درامی جوان ئەنجام درا، هونەرمەندان ئەحمەد سالار، عـوسـمـان چێـوار، کاوەی ئەحـمـەد میرزا، عـومەر عـەلی ئەمین لە تیـپی هاوڕێیـانی گـەزیزە، ڕەفـیق چالاک و نووری وەشـتی و غـازی بامـەڕنی ئەوانە هەمـوو جێ پەنجەیان لە ڕەوتی پێشڤەچووی بزاڤی شانۆیی و درامی لە سلێــمـانی دیارە، لانەوازان، پیـسـکەی تەڕپیـر، چەخـمـاخـە، نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، ژاڵە، کێچ، کارە درامی و کۆمیدییەکانی حاجی مەکی و هاوڕێیانی (عـەلی ئەفـەندی) لە تیـپی سـەندیکای کـرێکاران کـە ئەوانە هەمـووی جێی خۆشحاڵی و شانازی جەماوەری بینەران بوون، سـەرەڕای ئەم تیـپـانە، پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەستێکی باڵای لە پێشڤەچوونی بزاڤی شانۆیی لە سلێـمـانی هەبوو کـە سـاڵانە چەندین هونەرمــەند لەم دەزگـا هونەرییـە دەردەچوون، هەروەها سـاڵانە لە وەرزی بەهاردا گـەورەترین فـیـسـتـیـڤـاڵ لەم پەیمانگەیە ئەنجام دەدرا کە چەندین هونەرمەند و ڕۆشنبیر نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عیراق بۆ ئەم فـیـسـتـیـڤـاڵە بانگهێشت دەکران، بۆ یەکـەم جار کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا کە بەڕێوەبەرەکەی خوالێخۆشبوو ئیحسان فوئاد بوو فیستیڤاڵێکی گەورەی هونەری لە ٢٨/٢-١٩٧٤/٣/٣ لە بەغـدا سـاز کـرد، پێش ئەوەی ڕەوشی سیاسی نێوان بەغدا و کـوردسـتـان بەهۆی پاشگەزبوونەوەی ڕژێمی بەعس لە بەڵێنەکـانی و لەسـەر کـوردسـتـانیـەتی کـەرکـووک تێک بچـێت، لەم فیستیڤاڵەدا سەرجەم تیپە هونەرییەکان و کۆمەڵەکان بەکـاری شـانۆیی و گـۆرانی و هەڵپـەرکێ و ئۆپەرێت بەشـداربوون، شـانۆگەرییـەکان لە هۆڵی پلاتۆ پێشکەش

دەکران، گۆرانی و مۆسیقا لە هۆڵی خولد، ئەو شانۆگەرییانەی وەبیرم بێت کە لەم فیستیڤاڵەدا پێشکەش کران، لافاو لە کۆمەڵەی هەولێر، دیوار (الجدار)ی سارتر، گومبەزێک لە دووکەڵ، شاخەوانی مەزن لە دەرهێنانی غازی بامەڕنی، بە کێ بڵێم بابە لە دەرهێنانی حاجی مەکی، پردی ئارتا، بەرەو ڕووناکی لە دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان، کاروانی خەبات لە دەرهێنانی هونەرمەند فەرهاد شەریف، بەرهەمی دهۆک بوو، چەند کارێکی دیکەش، پاش ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول لە مانگی چواری ١٩٧٤ دەستی پێکردەوە، لە کەرکووک و شارەکانی کوردستان مەودای ئازادی تەسک بووەوە، بە بەعس کردن و بەعەرەب کردن و دەرکردن و گرتن و کوشتن بە تایبەتی لە کەرکووک دەستی پێکردەوە، هونەرمەندانی کەرکووک ئەم شارەیان جێ هێشت، مەهدی ئومێد و عەبدوڵڵا پشدەری هاتنە هەولێر، سەلمان فایق بەرەو تاراوگە ڕۆیشت، جەلیل زەنگەنە و جیهاد دڵپاک و عەلی کەریم چوونە سلێمانی، ئەو هونەرمەندانە توانییان لە سلێمانی شوێن پێی خۆیان بکەنەوە و کاری جوان ئەنجام بدەن، بە تایبەتی هونەرمەند جەلیل زەنگەنە جگە لە زنجیرە درامای ژاڵە کە لە نووسینی ئەو و سیناریۆی کاوەی ئەحمەد میرزا و دەرهێنانی ناسر حەسەن بوو، چەندین شانۆی جوانی ئەنجام دا، لەوانە هاوارێکی تاساو، مانگی ئاوابوو، کە لە هەولێریش نمایش کران، بەڵام ئەمن کە درکی بە گرنگی مانگی ئاوابوو کرد، نمایشەکەی ڕاگرت و دەرگەی هۆڵی گەلی لە هەولێر داخست، پێشتر ئەم هەماهەنگی و هاوکارییە لەنێوان تیپ و هونەرمەنداندا هەبوو، شانۆییەکانی سلێمانی لە هەولێر نمایش دەکران، بە پێچەوانەشەوە کارەکانی هەولێر لە سلێمانی نمایش دەکران، خۆم لە شانۆی خاڵۆی ڕێبوار بەشدار بووم لە سلێمانی بۆ ماوەی حەفتەیەک بە بلیت لەسەر تەختەی شانۆی ئامادەیی سلێمانی نمایشمان کرد، چونکە ئەوکات هیچ هۆڵێکی نمایشی سەربەخۆ لە سلێمانی نەبوو، ڕەوشی شانۆ و بزاڤی شانۆیی لە حەفتاکان و هەشتاکان لەوپەڕی سەرکەوتووییدا بوو، هەرچەندە پاش هەڵگیرسانەوەی ئاگری شۆڕشی ئەیلوول، کە سانسۆر زیاتر ببوو، بەردەوام شمشێری چاودێری بەعس لەسەر ملی شانۆکاران و هونەرمەندان بوو، پاش نسکۆی ئەیلوول کە بۆ ماوەیەکی کەم بەرەنگاری و مقاوەمەت لەلایەن پێشمەرگەوە لاواز بوو، مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی دەڵێت ئەوکات من لە سووریا لە میدیاکانەوە گوتم ئەگەرچی بەهۆی ئەم نسکۆیەوە مقاوەمەت نەماوە، بەڵام هونەرمەندانی شانۆ بەهۆی ئەم بەرهەمە نیشتمانی و نەتەوەییانەوە شوێنی پێشمەرگەیان گرتووەتەوە و ئەو پەیامە لەسەر تەختەی شانۆ بە خەڵکی ڕادەگەیەنن، ئەوانە پێشمەرگەن، دەڵێت من درکم بەوە نەکرد ئەو پەیامە کە زیان بە ڕەوتی شانۆ و شانۆکاران دەگەیەنێت لە ڕێگای چاودێری و سانسۆر خستنە سەر شانۆکاران، بەڵێ ئەوکات شانۆ پرس بوو، بەهۆی ئەم هزر و بیرە پێشکەوتنخوازانە و نەتەوەییانەوە شانۆکار چی لە پێشمەرگە کەمتر نەبوو. کاک نیچیرڤان بارزانی لە کاتی کردنەوەی کۆشکی هونەردا هەمان بیروڕای ڕاگەیاند، گوتی ئەمە دەستکەوتێکی کەمە بەرانبەر بە قوربانیدانی هونەرمەندان و خزمەتیان، بەڵام بەداخەوە پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ لە ئەنجام و دەرهاویشتەی داگیرکردنی کوێت لەلایەن ڕژێمی بەعسی سەدامییەوە، پاش کۆڕەو و دروست کردنی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان و فەراهەم کردنی ئازادییەکی تەواو لەبەردەم ڕۆشنبیران بەگشتی و هونەرمەندان بەتایبەتی، کە دەبوایە لە جاران چاکتر ئەسپی خۆیان تاو بدەن و کاری شانۆیی و درامی جوانتر پێشکەش بکەن، بەڵام بە پێچەوانە بوو ڕۆژبەڕۆژ ڕەوتی شانۆ بەرەو کزی دەڕۆیشت، ئەو دڵسۆزی و حەماسەی کە لە حەفتاکان و هەشتاکاندا لە هونەرمەندان بەدی دەکرا ئەوە نەما، هاوکاری و دەستە جەمعی و خۆشەویستی بەرەو لاوازی ڕۆیشت، زۆر لە هونەرمەندان بەهۆی نالەباری ڕەوشی ئابوورییەوە ڕوویان لە هەندەران کرد، هەندێکیش بەسەر TV و دەزگەکانی ڕاگەیاندنی حزبیدا دابەش بوون، لات وایە کورد بە مافی ڕەوای خۆی گەیشت، ئیدی کوردایەتی باوی نەما، بەداخەوە ڕۆژبەڕۆژ ڕەوشی هونەر بەگشتی و شانۆ و دراما بە تایبەتی بەرەو خراپی دەڕۆیشت، هەندێک کار لێرە و لەوێ ئەنجام دەدران، بەڵام ئەو کاریگەرییەیان لەسەر زیهن و دڵ و دەروونی بینەران ئەوەندە نەبوو، ئەوە لەلایەک لە لایەکی دیکەوە بەهۆی نوێخوازی و ئەزموونگەرییەوە، کە هەندێک هونەرمەند لە چەمکی ئەزموونگەری نەگەیشتبوون، هەندێک کاری شانۆییان پێشکەش کرد، بە تەواوەتی بینەریان ڕەواندەوە، بینەر دێتە هۆڵی شانۆ، کاری خۆی جێ دێڵێت شتێک فێربێت، یان چەند ساتەوەختێک بەخۆشی بباتە سەر، چونکە شانۆ فەرمانی خۆشی بەخش و پەروەردەکارە، کەچی بەم کارە کرچوکاڵانە ئەوەی بنیاد نرابوو ڕووخا، ئەو ڕەوشە تا لەناوچوونی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣



**دیمەنێک لە شانۆگەری «شالیر» - ٢٠١٠**

بەردەوام بوو، کە گەلی عیراق بەگشتی و میللەتی کورد بە تایبەتی خۆشی دایگرت و پڕ بە سینگی نەفەسێکی قوولی ئازادی هەڵمژی، وا چاوەڕوان دەکرا لەبەر ئەوەی ڕەوشی ئابووری گۆڕا بۆ هەموو کارێکی هونەری و شانۆیی دەرخستەیەکی شایستە و ماقووڵ تەرخان دەکرا، دەبوایە کاری گەلێک پتەو و جوان پێشکەش بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەو پارە بووە هۆی دابەزینی ئاستی هونەری شانۆ و دراما، زۆرێک لە دەرهێنەرەکان کە بودجەکە وەردەگرن، پێش ئەوەی لێکدانەوەیەک بۆ کارەکە بکەن و بزانن چۆن بەسەرکەوتوویی کارەکە ئەنجام بدەن و ئەو ڕەهەند و ئامرازانە چین بۆ سەرکەوتنی ئەم دراما، یان شانۆیە بەکاریان بێنن، بە پێچەوانەوە جارێ بیر لەوە دەکرێتەوە لەم بودجەیە چەندی بۆ بمێنێتەوە و چەندی بچێتە گیرفانی خۆی، ئەگەر بیرکردنەوەی ئاوا هەبێت چۆن ئەم کارە پێش دەکەوێت، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٤ لەسەردەمی وەزیری ڕۆشنبیری ئەوکات خوالێخۆشبوو سامی شۆڕش، هەندێک دەرگای ئەنجامدانی کاری درامی والاکرد و چەندین زنجیرە دراما و شانۆ دەرخستەیان بۆ دەرچوو، بەڵام بەداخەوە پاش تەواوبوونی ئەم کارانە دەرچوو زۆربەی زۆریان کرچوکاڵ بوون، هەندێکیان پەلەیان تێدا کرابوو، هەندێکی دیکەش وەک پێویست وێنەیان بۆ نەگیرابوو، یان مۆنتاژیان تەواو نەبوو، کە ئەوانە هەموو دەبنە ئەگەری نوشستی ئەم کارانە.

سەبارەت بە شانۆش هەمان بۆچوون هەبوو، بۆیە ڕەوشی شانۆ ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپی دەڕوات، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی لێ دەربکەین کە ئەوان لەسەر کاری خۆیان بەردەوامن، ئەگەرچی بەهۆی ماوەدان و هەلی کارکردن دان بە هەموو ئاستێک زۆرجاران کاری لاواز ئەنجام دەدرێت، ئەوەتا لە ساڵی (٢٠١٠)دا وەرزێکی شانۆیی ئەنجام درا، نزیکەی (١٨) شانۆیی پێشکەش کران، نیوەی زیاتر لە ئاستی پێویست نەبوو، لەبەر خراپی ڕەوشی شانۆ کە سیماکەی بەوە دیارە چەندین تیپی شانۆیی لە شاری هەولێر هەیە دەستەوەستان دانیشتوون ساڵێ کارێکی شانۆیی ئەنجام نادەن، کە لێیان دەپرسیت هەزارویەک پاساوت بۆ دێننەوە لەوانەشە وابێت، هەر لەبەر ئەوە لەو دە ساڵەی ڕابردوودا چەندین دانیشتن و کۆنفرانسی شانۆیی ئەنجام دران بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ چاککردنی ڕەوشی شانۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە هەمووی بێ سوودن، لەم دانیشتنانەدا هەندێک لە هونەرمەندان وای بۆ دەچن کە خراپی ڕەوشی شانۆ بۆ لایەنی پێوەندیدار دەگەڕێتەوە، کە وەک پێویست پشتگیری لەم تیپانە ناکرێت، ڕاستە هەموو تیپەکان (بەخشین- منحە)یان پێ دەدرێت، بەڵام ئەم بەخشینە کاری شانۆیی و درامی پێ ئەنجام نادرێت، تەنیا بەشی کرێی بارەگا و وردەخەرجی چایی و قاوە و ئاو و کارەبا و مووچەی بەردەست دەکات، هەندێکیش وای بۆ دەچن، کە گەیشتن بەم ڕەوشە نەخوازراوە هۆیەکەی هونەرمەندان خۆیانن، وەک جاران دڵسۆزی و حەماسیان نەماوە و کێبڕکێ لەنێوانیاندا نەماوە، نەک هەر ئەوە هاوکاری و خۆشەویستی جاری جاران نەماوە نە بۆ یەکتر نە بۆ کاری هونەری، جاران ئێمە بە پرۆڤەکردن دەبوایە بەلای کەمەوە چارەکە کاتژمێرێک پێشتر ئامادەبین، ئێستا زۆرجاران لەسەر ئەکتەرێک یەک کاتژمێر پرۆڤە، یان وێنەگرتن دوادەکەوێت، پێشتر وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد دوو سێ دەرهێنەر هەبوون ئەوانە خۆیان تێکستیان ئامادە دەکرد، یان دەیاننووسی و خۆشیان کارەکەیان دەردەهێنا، ئێستا ئەوانە دوورە پەرێز وەستاون خۆیان لەکاری شانۆیی نادەن ، دەڵێن کارێکی سەختە، ئەگینا کوان هونەرمەندان سەباح عەبدولڕەحمان، کوا تەڵعەت سامان، فەرهاد شەریف بۆ چ ئێستا دار لەسەر بەرد دانانێن، لەوانەیە ئەوانیش پاساوی خۆیان هەبێت، چونکە کاری شانۆیی تەنیا دەرهێنەر نییە! بریتییە لە دەق، دەرهێنان، ئەکتەر، هۆڵی نمایش، بینەر، ئێستا تا هۆڵێک بۆ نمایشکردن دەستەبەر دەکەیت. هێزت لەبەر دەبڕێت، جگە لەوەی ئێستا پێویستە ڕۆژانە بڕێکی زۆر پارەی کرێی هۆڵ بدەیت، جگە لەوەی کە هیچ هۆڵێک مەرجی تەواوی تێدا نییە و ئامادەکاری بۆ نمایشکردنی شانۆگەری تێدا نییە، یەکێک لەو کێشانەی کە بەردەوام باسی لێوە دەکرێت، بینەری شانۆیە، گوایە

وەک جاران بینەر ڕوو لە شانۆ ناکات، نەخێر وانییە وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد هیچ کێشەیەک نییە تەنیا کێشەی هونەرمەندە، لەبەرچی هەندێک هونەرمەندی وەک هیوا سوعاد و مەهدی حەسەن و سدیق حسێن، کە شانۆگەرییەک پێشکەش دەکەن، هۆڵی نمایش بۆ چەند ڕۆژێک پڕ دەبێت و هەندێکی دیکە لە ڕۆژی یەکەمەوە سەد کەس لە نمایشەکەیان ئامادە نابێت، ئێستا جەماوەر زیرەکە، بۆ بینینی کارێکی کرچوکاڵ کاتی خۆی بە فیڕۆ نادات، پێویستە دەرهێنەر بزانێت چ دەقێک دەستنیشان دەکات و چ ئەکتەرێک هەڵدەبژێرێت و کارەکەی پێویستە کۆمیدی بێت، یان تراژیدی، پەیامەکەی چۆن دەگەیەنێتە بینەر و چی پێ دەڵێت ئەگەر وابیر نەکاتەوە لە کارەکەی سەرکەوتوو نابێت، دەبێت ئەوەش بزانین لە هەموو دنیادا کاری کۆمیدی باوە و بینەری زۆرە، نەک کاری گاڵتەجاڕی و تەهریج، بەڵکو کاری کۆمیدی مەبەست ئامێز کە لەلای خۆمان دەڵێن، شانۆ کێشەی هەیە و هەندێک دەڵێن شانۆ لە قەیراندایە، ئەگەر وابێت ئەی بۆ تیپی ڕەنگاڵە لە سلێمانی شانۆی (پارێزەرەکەی ڕەحمە)ی (١٠٠) ڕۆژ نمایش کرد، لەبەر ئەوەی کارێکی کۆمیدی خۆشە و جەماوەر بە دڵیەتی زیاتر لە سێ مانگ بەردەوام بوو، بە تایبەتی چونکە هونەرمەندی کۆمیدی ماهیر و هاوڕێیانی دەزانن چ بۆ جەماوەر بکەن و بڵێن، ئەوەندە ڕۆژە بەردەوامی هەبوو کەچی نرخی بلیت (٥٠٠٠) دینار بوو و ڕۆژانە هۆڵەکە پڕ لە بینەر دەبوو، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە هەڵوەستەیەک بکەین و بزانین لەمەوپاش چۆن خۆمان لەم ڕەوشە ڕزگار بکەین و شانۆ بگەڕێنینەوە سەر سکەی خۆی و دۆخی جاری جاران.

بەڕای من پێویستە بزانین لەسەردەمی جیهانگیری و ئەو هەموو زانیارییانە چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی شانۆ دەکەین، تا ڕادەیەک بەشێک لە ئۆباڵی ئەم کێشانە، کە هەندێک ناویان ناوە قەیران دەکەوێتە سەر ئەستۆی لایەنی پێوەندیدار وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی دارایی کە تا ئێستا پێوانەیەکی جێگیر و بڕوا پێ کراوی نییە، هەر دەرهێنەرێک دەرخستەیەک پێشکەش دەکات، نیوەی ئەوەی ئەو داوای کردووە بۆی ناگەڕێتەوە، لە ژمێریاری وەزارەتی ڕۆشنبیری هەندێکی لێ دەبڕن، لە وەزارەتی دارایی، بە گشتی دارایی هەندێکی دیکە واتە کلک و گوێی دەبڕن و چی وانامێنێتەوە تا دەرهێنەرەکە بتوانێت کارە شانۆییەکەی پێ تەواو بکات، سەردەم گۆڕاوە هیچ هونەرمەندێک نییە لە دەرهێنەر و ئەکتەر بە ڕوحیەتی جاران خۆبەخشانە کاربکات، بۆیە تاکو ئێستا تەنیا بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لە گۆڕەپانەکەیە، ئەویش هەر پشت بە بودجە و وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبەستێت، ئەگەر بودجەی گشتی دوا بکەوێت، ئەوانیش کارەکانیان دەچەقێت، دووەم پێویستە هونەرمەند خۆی بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕەوشەدا دەکات، پێویستە زیاتر گرنگی بەلایەنی کۆمیدی بدات و خەڵک لە جددییەت و سیاسەت بێزار بوونە، بشزانێت چۆن پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێتە بینەر و چی پێ دەڵێت، چونکە بینەر ئێستا وەک بینەری حەفتاکان و هەشتاکان نییە، هەروەها خۆشەویستی و هاوکاری و تەبایی بگەڕێتەوە نێوان هونەرمەندانی شانۆ، ئەو پەرتەوازەیی و دابڕ دابڕە چارە بکرێت. یەکگرتنەوەی چەند تیپێک لە تیپێکی بەهێزدا، ئەوکات کاری ئەم تیپە چاکتر دەڕوات و مەیسەر دەبێت، هەروەها نمایشی شانۆیی بەردەوام هەبێت نەک پاش هەر نمایشێک سێ چوار مانگ هۆڵی نمایش دابخرێت، کە ئەمە وا دەکات بینەر متمانەی نەمێنێت، هەوڵ بدرێت لە ناخی بینەر حاڵی بین کە چی دەوێت، چونکە ئەگەر چەند کارێکی موکوم و جوان یەک لە دوای یەک نمایش نەکرێن متمانە ناگەڕێنەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەگەر بمانەوێت کاری شانۆیی جوان بە بەردەوامی نمایش بکرێت و بینەر هۆڵەکان پڕ کەن، پێویستە کەرتی تایبەتی بخزێتە بوارەکەوە، چونکە سەرمایەدار پارە و سەرمایەی خۆی بە هەدەرنادات، چاکترین کاری شانۆیی دەستنیشان دەکات لە دەق و دەرهێنەر و ئەکتەر و کارە هونەرییەکان ئەگەر چوونە ژوورەوە بە بلیت بێت، ئەوکات نمایشە شانۆییەکان سەنگیان دەبێت. ئیعتیبار بۆ شانۆ و شانۆکاران دەگەڕێتەوە، وەک تیپی شانۆیی ڕەنگاڵە لە سلێمانی ئەوە چەندەمین کارە لەسەر حسێبی خۆیان بیکەن، دوو مانگ و سێ مانگ نمایشەکانیان بەردەوام دەبێت، شانۆکاران پشت بە خۆیان ببەستن دەست لەبەر کەس پان نەکەنەوە، لەبەر ئەوەی سەردەم گۆڕاوە، پێویستە ستایلی کارکردن لە شانۆگەری بگۆڕێت و کارەکە بێتە پیشەمەندی، ئەوکات هەموو لایەک قازانج دەکەن، چونکە هونەرمەندانی ئێمە تاکو ئێستا هەرچاویان لە حکوومەتە دەستیان بگرێت، دەنا خۆیان ناتوانن دار لەسەر بەرد دابنێن، ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە و بەم جۆرە ڕەوشەکە لە خراپی بۆ خراپتر دەڕوات.

# دووپشک و گەمە زیهنییەکانی دەق

هاشم سەڕاج


«دووپشک» لەسەر پلیکانەکانی قیتاری ئەندیمەشک، یان ئەم قیتارە خوێنی لێ دەتکێ قوربان! ئەمە ناوونیشانی ڕۆمانێکی قەبارە مامناوەندی شەست و سێ لاپەڕەییە و نۆزدە بەشی کورتی لەخۆ گرتووە و لە نووسینی «حوسێن مورتەزاییان ئابکەرنار»ـە و بە ڕۆژ ئاکرەیی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی. ئەم ڕۆمانە شێوازێکی جیاوازی گێڕانەوەی پیادە کردووە، واتە زۆربەی ڕووداوە تاکەکەسی و پەراوێزخراوەکانی لەنێو تراژیدیای جەنگی نێوان عیراق و ئێران بە شێوازێکی دیار و نادیار، یان ئاشکراو پەردەپۆشکراو دەخرێنە ڕوو، لەبەر ئەمەشە مانا دیار و نەگوتراوەکان چەندین لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، دەقی دووپشک لە پرێکدا ئاماژە بە سەعات (١١)ی ساڵی (١٩٨٨) دەدات، کە ڕاستەوخۆ خوێنەر بیر لە وەستانی جەنگ و ئەو یارییە دوو گۆڵییە دەکاتەوە کە دوای مەرگەسات و کۆتایی هاتنی جەنگ لەنێوان تیپی وەرزشوانانی عیراق و ئێران ئەنجام درا، ئەمەیش گاڵتەجارترین وێنەی دەسەڵاتە کە تێیدا بوونی مرۆڤ بێ بەها دەکرێت. لێرەدا حەز دەکەم بەرلەوەی لەلایەنی تەکنیکی و هونەریی ئەم ڕۆمانە بدوێم حاڵەتێکی خودی خۆم بخەمەڕوو، مەبەستم ئەوەیە وەک خوێنەرێکی ئەم تێکستە، ئێستا و لەم چرکەساتەدا کە خەریکم دیالۆگی لەگەڵ ئەنجام دەدەم و هەوڵیش دەدەم دەلالەتە نەگوتراوەکانی بدوێنم، هاوکات خەیاڵی شینی دەق و خوێندنەوە بەرەو یادەوەرییەکانی کۆتایی ساڵی «١٩٨٠»م دەگەڕێنێتەوە، دوای تەواوکردنی - زانکۆ- خۆم لەبەرەکانی جەنگدا دۆزییەوە و بە تایبەتی لە ناوچەکانی سەرپۆلی زەهاو و گەیلان غەرب، لێرەدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە من لە بەرەی جەنگدا هەم لە حاڵەتی مورتەزا دەژیام و ڕۆمانەکانی د.هـ. لۆرانس و وێرانە خاکی ت.س ئیلیەت و کتێبی جۆراوجۆری ئەدەبیم دەخوێندەوە، هەروەها چەند بەش و بڕگەیەکی چامەی- دووکەڵ- لە بەرەکانی جەنگدا نووسراون و گوزارە لە تراژیدیاکانی جەنگ دەکەن، هەم لە چرکەی لێوانلێو لە خەفەت و دڵە ڕاوکێکانی-



# خوێندنەوەیەک بۆ چاپی دووەمی دیوانی عەونی

**جەواد حەمەد بەگ ساڵح**
**(کۆیە)**

چاپی یەکەمی دیوانی عەونی لە ساڵی ١٩٩٧دا کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، بەر لە چاپکردنی دەرک بە کەموکوڕییەکانی ئەم دیوانە دەکرا، هەروەک کاک فەرهاد دەڵێت (مەبەستی سەرەکیمان پاراستنی شیعرەکانی عەونی بووە لە فەوتان، لە ساڵی (١٩٦٣) بە مەبەستی پاراستنی شیعرەکانی دیوانە دەستنووسەکەی بۆ لای دۆستێکی لەگوندی قەسرۆکی سەر بە قەزای ڕانیە ناردووە، مخابن شیعرەکانی لەگەڵ خانووی دۆستەکەی سووتاوە، لە (١٩٧٤)یش شیعر و نووسینەکانی هەمان نسکۆی بەسەرهاتووە، دوای ئەوەی لە کونجێکی ماڵی خۆیان لەناو سندووقێکی تەنەکە شاردووەتەوە و تەڕی و شێ هەرەسیان پێ هێناون و بەزەحمەت هەندێکیان لێ دەرباز بووە، دواتر بە پشت بەستن بە زاکیرە و ئەم لاو ئەولا هەندێکی تری لێ کۆکراوەتەوە، جا لە ترسی هەرەس و نسکۆی سێیەمی شیعرەکانی لەپاڵ هەموو کەموکورییەکییەوە بە چاپمان گەیاند).




لەدوای دەرچوونی چاپی یەکەم دیارە کۆمەڵێک زانیاری و شیعری عەونی و نووسینی ئەم لاوئەولایان دەست کەوتووە، بۆیە کاک فەرهاد عەونی بۆ جاری دووەم ئەرکی لە چاپدان و پێداچوونەوە و ڕێکخستنی دیوانەکەی خستە ئەستۆ و لە ساڵی (٢٠١١) بۆ جاری دووەم چاپی کردەوە، بەم بۆنەیەوە دەست خۆشی لێ دەکەم کە لە کاتێکی پێویستدا کارێکی نایاب و بەجێی ئەنجام دا.

دوای ئەوەی کاک فەرهاد دانەیەکی وەک دیاری لە ٢٠١١/٧/٢ پێشکەش کردم، زۆر بە وردی کەوتمە خوێندنەوەی، لە دوای خوێندنەوەیدا بۆم دەرکەوت شیعرەکانی ناو ئەم دیوانە سەرجەم شیعرەکانی عەونی لەخۆ نەگرتووە، من لە ڕاستی خۆمەوە چەند دێڕ و کۆپلە شیعرێکی عەونیم بیستووە، کە تایبەت بوونە بە شۆڕشە مەزنەکەی تەمووزی (١٩٥٨) و بۆنە و ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکانی، بۆیە هاتمە سەر ئەو ڕایەی کە زۆری و پەرتوبڵاوی شیعرەکانی عەونی وا دەخوازێت کە لە ئاییندەدا پێویست بە چاپی

سێیەمیش بکات، عەونی لە هەمبەر زۆری شیعرەکانییەوە دەڵێت:

**(شیعرەکانم وەک شعوورم کرد بڵاو**

**ئێستە چەند ڕاویان دەکەم ناکەونە داو)**

وێڕای ئەمانەیش چەند ڕاوبۆچوون و سەرنج و تێبینیم لا گەڵاڵە بوو، هیوادارم لە کاتی لە چاپدانەوەیدا ڕەچاو بکرێن و کاری بۆ بکرێت، لەمانە:

١- دیوانەکە لەکاتی چاپکردنیدا هەڵەی زەقی تێکەوتووە، بە تایبەتی لە مێژووەکاندا، وەک: (١٩٢٥ بووەتە ١٩٥٢، ١٩٣٥ بووەتە ١٩٥٣ ئەمانە و گەلێکی دیکە، دەبوایە ئەم کاتەی کە چەند نموونەیەکی وەک تاقیکردنەوە لێ چاپ دەکرا، بە وردی پێداچوونەوەی بۆ بکرابایە.

٢- بەر لە چاپدانی دەبوایە پێوەندی بەو کەسانەوە بکردبایە لە ئەدیب و نووسەر و کەسانی ئاسایی کە لە نزیکەوە لەگەڵ عەونی ژیاون، لێرەدا دوو نموونە دەهێنمەوە:

**یەکەم:** دوای ئەوەی لە ژمارە (١٥)ی پوشپەڕی ٢٧٠٩ کوردی ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ڕێگای ئەدەب و هونەر نووسینێکم لەژێر سەردێری (لەحەڤدەمین ساڵیادی مەرگی عەونی شاعیردا) بڵاوکردەوە مامۆستا (بەهرام عەبدوڵڵا) کە خزمێکی نزیکی عەونییە و لە نزیکەوە لەگەڵی دەژیا و لە کاروباری بازرگانیدا هاوکاری عەونی بووە، هاتە لام و پێی وتم: (تۆ نووسیوتە عەونی تا پۆلی پێنجەمی لە قوتابخانەی فەرمی (واتا ئوولای کۆیە) خوێندووە، کەچی من چەندین جار لە خاڵم (عەونی)م بیستوومە و وتوویەتی: یەک ڕۆژم لە قوتابخانەی فەرمی نەخوێندووە، تەنیا لە حوجرە خویندوومە)، کەچی بەرانبەر ئەمەش لە دکتۆر مارف خەزنەدارەوە بگرە، تا دەگاتە کاک عەبدولڕەزاق بیمار و مامۆستا شارەزا و بەندە نووسیومانە کە تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە.

**دووەم:** کۆمەڵێکی زۆر لە ئەدیب و نووسەر و ڕووناکبیران لە نزیکەوە لەگەڵ عەونی ژیاون لە سەرووی هەمووشیانەوە مامۆستا (مەجید ئاسنگەر)، وێڕای بوونی خزمایەتییان، خەڵکی شارێک و گەڕەکێکن، من دڵنیام کە دەیان بەسەرهات و یادەوەرییان بەیەکەوە هەیە، کەچی لە ئاستی ئەم دیوانەی عەونیدا بێ دەنگ و دوورەپەرێزە، هیوادارم بێتە دەنگ و چاپی سێیەمی ئایندەی دەوڵەمەند بکات.

٣- لە دووتوێی دیوانی عەونیدا ل٤٧٠-٥٦٥ وەک پاشبەند تەرخان کراوە بۆ نووسینی کۆمەڵێک شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیر کە لە پەرتووک و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، وێڕای ئەم نووسینانە، ئەوەندەی من ئاگادار بم کۆمەڵێک نووسینی تری جوان هەنە کە لە دیوانەکەدا تۆمار نەکراون، بۆ نموونە: لە پەرتووکی (کۆیە لە ڕەوتی شارستانیدا) لە لاپەڕەکانی (٢٥١ تا ٢٥٨) بۆ عەونی تەرخان کراوە.

لە پەرتووکی- ڕەهبەر سەید برایم (پەیڤین لەگەڵ روح)یشدا لاپەڕەکانی (١٨٨ تا ١٩٦) بۆ عەونی تەرخان کراوە.

لە پەرتووکی (مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆ و دراما لە کۆیە لە بەشی دەقە شانۆییە کۆنەکان ل٩٩-١٠٠).

دەقی شانۆگەریی- نوشتەی شێخ- کە لەنووسینی عەونی و ڕۆستەم حەویزییە بڵاوکراوەتەوە. ئەمانە و چەند نووسینێکی دیکە لە هەمبەر عەونی نووسراون.

٤- عەونی بەچی لە دەرگای شیعری داوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دوو وەڵامی لێک جیا هەنە، بەڕای مامۆستا کەریم شارەزا: عەونی لە سەرەتای شاعیرێتیدا پتر پەیڕەوی شیعرە نایابەکانی نالی دەکرد و هەر غەزەلەکانی ئەو کەڵە شاعیرەش بوون بەرەو جیهانی شیعریان پەلکێش کردووە، تا دەگاتە ئەوەی کە تارمایی نالی لەسەر عەونی دەربخات بەم نموونانەی خوارەوە، نالی دەڵێت:

**(دوێنێ چ بوو دەت دا بە زوبان لافی کەرامەت**

**ئەمڕۆ نە دەمت بوو، نە دەمت بوو، نە دەمت بوو)**

عەونی دەڵێت:

**(ئەی دڵ بەخەتا تاکەی مایل بە خەتا کاریی؟**

**دوێنێکە دەمێکم بوو، ئەمڕۆ نەدەمێکم بوو)**

هەرچەندە ڕای فەرهاد عەونی لە سەرەتادا لەگەڵ ڕای مامۆستا کەریم شارەزادا کۆک بووە، وەلێ دواتر بە پشت بەستن بەم شیعرەی کە (د. کەمال مەزهەر) لە ژمارە (١٨٣)ی ساڵی ١٩٩٩ لەگۆڤاری بەیان

بابەتێکی بە ناوی (هاوار و کوردی عێراق) بڵاوکردووەتەوە لە پەرەگرافێکدا دەڵێت: لە ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٣٣ لە لاپەڕە (٣٥) پارچە هۆنراوەیەکی زۆر دوورودرێژی پڕ لە سۆزی (لاوێکی کورد) عەونی بە ناوونیشانی بۆ (خاوەنی هاوار)ەوە بڵاوکردووەتەوە کە سەرجەم ستایش و پێداهەڵدانە بە جەلادەت بەدرخان و بەدرخانییەکاندا، ڕای کاک فەرهاد دەگۆڕێت و دەچێتە سەر ئەم ڕایە کە عەونی شیعری نەتەوەیی لەپێش شیعری غەزەل (دڵداری) هۆنیبێتەوە، لەکاتێکدا هەردوو نموونەکەی مامۆستا شارەزا و کاک فەرهاد یەک دیرۆک دەگرنە خۆیانەوە کە ساڵی (١٩٣٣)یە.

لێرەدا کۆپلەیەک لە هۆنراوەکە کە لەسەر شێعرێکی (مامەند کەرکووکی) کە بەشێوازی پێنج خشتەکی داڕشتووە دەخەمە ڕوو:

**(بۆ خاوەنی هاوار)**

**(هەر ئێوەن خانەدانی مولک و میللەت میر جەلادەت بەگ**

**هەر ئێوەن فەخری کورد، ساحێبی غیرەت میر جەلادەت بەگ**

**لەپاش ئەو هەر ئەتۆی ئەرکانی دەوڵەت میر جەلادەت بەگ**

**ئەمیری موحتەرەم ئەی فەخری میللەت میر جەلادەت بەگ**

**نەوەی شێری جزیرە و قارەمانی مولکی بۆتانی)**

ئەگەر سەرنج بدەینە دیرۆکی دانان و بڵاوکردنەوەی ئەم هۆنراوەیە کە لە (٢٤)ی کانوونی دووەمی ١٩٣٣ دانراوە و لە تشرینی دووەمی ١٩٣٣ بڵاوکراوەتەوە، هەرچەند ئەم دیرۆکە لەگەڵ وەڵامێکی عەونی بۆ پرسیاری پەیامنێری کوردستانی نوێ (ک.ن) تێک ناکاتەوە: (مامۆستا کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبیاتت؟) عەونی لەوەڵامدا دەڵێت: (لە ناوەندی سییەکانەوە خولیای شیعر و ئەدەب بووم)«١» لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات: هۆنراوەیەکی وا بە هێز و بەپێز و پڕ لە سۆز کە سەرنجی زانا و دانایەکی وەک دکتۆر کەمال مەزهەری ڕاکێشابێت، چۆن دەشێت کە یەکەم هۆنراوەی بێت، یان سەرەتای ژیانی شاعیریەتی عەونی بێت؟ لە کاتێکدا کە شاعیر دەیان لاپەڕە دەسڕێتەوە و دەدڕێنێت و چەندان شیعری سەقەتی لە دەست دێتە کایەوە، ئەوسا دێتە سەرخەت و قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی شیعری گوزەر دەکات.

هەروەها بەرانبەر ڕاوبۆچوونی مامۆستای شارەزامان (کەریم شارەزا) هەمان پرسیار و ڕاوسەرنج سەرهەڵدەدات، ئەگەر هۆنراوەی (کولپەی ئەحزان) کە تایبەتە بە غەزەل بە سەرەتای ژیانی شاعیریەتی عەونی ئەژمار بکرێت، بەبێ شارەزایی و ئەزموون (عەونی) چلۆن توانیویەتی (گەوهەری وردەکاریی لە دەریای شیعرەکانی ئەو شاعیرە مەزنە واتا (حەزرەتی نالی) هەڵبهێنجێت و وەستایانە لە غەزەلەکانیدا بەکاری بهێنێت؟ ئەمەشیان نموونەیەکە کە مامۆستا کەریم شارەزا هێناویەتییەوە:

عەونی دەڵێت:

**(ئەی دڵ بە خەتا تاکەی، مایل بە خەتاکاریی**

**دوێنێکە دەمێکم بوو، ئەمڕۆ نەدەمێکم بوو)**

(ئەم دێرە شیعرە لەم دێرە شیعرەی نالی نزیک دەبێتەوە، کە دەڵێت:

**(دوێنێ بوو دەت دا بە زوبان لافی کەرامەت**

**ئەمڕۆ نە دەمت بوو، نە دەمت بوو، نە دەمت بوو)**

بە گوێرەی ئەم پێنج خشتەکییە (کە دەچێتە خانەی شیعری نەتەوایەتی) و بەپێی ئەم غەزەلە بێت، دەبێت عەونی لە مێژوویەکی گەلێک زووتر سەرقاڵی هۆنینەوەی شیعر بووبێت، هەروەکو خودی خۆی لە دیدارەکەیدا لەگەڵ (ک، ن) دەڵێت: (لە سەرەتا شیعرم دەنووسی، بەڵام نەمدەتوانی بڵێم خۆم نووسیومە تا ماوەیەک، پاشان وردە وردە خۆم ئاشکرا کرد، ئەوەی زۆر هانی دام کە لەم بوارەدا بەرەو پێشەوە بچم، شەرم بشکێنم، خوالێخۆشبوو حاجی محەمەد بوو کە بە (حاجیە گەورە) بەناوبانگ بوو(٢)

دوای خستنەڕووی دوو ڕاوبۆچوونی لێک جیا، واتا ڕای مامۆستا کەریم شارەزا، کە وای بۆ دەچێت (عەونی) بە غەزەل لە دەرگای شیعری دابێت، ڕای دووەمیش ڕای کاک فەرهاد عەونییە، کە لای وایە ژیانی شاعیریەتی (عەونی) بە شیعری نەتەوەیی دەستی پێ کردووە، هەرچەندە من لێرەدا هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێ داوە کە عەونی غەزەلی پێش شیعری نەتەوەیی هۆنیوەتەوە،(٣) ڕایەکەم لەگەڵ ڕاوبۆچوونی مامۆستا کەریم

شــارەزادا کــۆک دەبێت، نەک هەر تەنیا لەبەر ئەو هۆکارانە بووبێت کە مامۆستا شارەزا دەریخستوون، بەڵکو لەژێر ڕۆشنایی و شیکردنەوە و وردکردنەوەی هەندێک لە شیعرەکانی عەونی و ئەو وتارە بەهێزەی کە عەونی لە فیستیڤاڵی یەکەمی حاجی قادری کۆیی کە لە ڕۆژانی (٢٥، ٢٦) حوزەیرانی ١٩٧١ لە قوتابخانەی سەرباغی کۆیەی کوڕان سازدرا و پێشکەشی کرد. ئەوەی شایانی ئاماژەیە ئەوەیە کە عەونی سەرپەرشتیاری یەکەمی فیستیڤاڵەکە بوو، تا ئەم ساڵانەی دواییش شریتە تۆمارکراوەکەم پاراستبوو، مخابن تێک چوو و ئیتر بۆم چاک نەکرایەوە، وەلێ بەشێکم لە وتارەکە لەبیرماوە کە دەڵێت: (کەڵە پیاوان دەکرێن بە دوو بەشەوە، بیرمەندان کە داڕێژەر و نەخشە دانەری شۆڕشن، بەشی دووەمیشیان ئەنجامدەرن، شۆڕشگێران نەخشەی بیرمەندان پیادە دەکەن) عەونی، حاجی قادری کۆیی لە جۆری یەکەم دانا و بارزانی نەمریشی لە جۆری دووەم ئەژمار کرد، ئەوسا ئاماژەی بە شیعرەکانی حاجی کرد و وتی: (حاجی لە کۆیە غەزەلی هۆنیوەتەوە و لە ئەستەنبوڵیش شیعری نەتەوەیی)، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری شاگرد و شوێنهەڵگرانی حاجی هەمان ڕێچکەیان گرتووە، لە غەزەلەوە بۆ شیعری نەتەوایەتی) عەونی کە خۆی بە یەکێک لە شاگردانی حاجی ئەژمار دەکرد، لەو بڕوایەدا بووم کە ئەگەر شیعری نەتەوەیی لەپێش غەزەل بنووسیبایە هەرگیزاوهەرگیز بەم شێوازە نەدەدوا، کە لەبری زۆرینەی زۆر، هەندێکیانی بەکاردەهێنا، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر سەیری ئەم دێرە شیعرەی بکەین، کە دەستپێکی یەکێک لە هۆنراوەیەکی نەتەوایەتییەتی، بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە عەونی غەزەلی بەر لە شیعری نەتەوەیی وتووە، کە دەڵێت: (ئێستە من پیر بووم شوێن دڵداری لاوی ناکەوم

ڕێ سەرەو هەرواژە بۆ خۆ تێدەگەم سەرناکەوم)(٤)

عەونی ئەگەر غەزەلی بەر لە شیعری نەتەوەیی وتووبێت، یان بە پێچەوانەوە، تۆزقاڵێک لە پلەوپایەی شاعیریەتی کەم ناکاتەوە، بەڵکو تا دنیا دنیایە عەونی وەک لووتکە و ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی شیعری کوردی دەمێنێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

**١- دیوانی عەونی، چاپی دووەم ساڵی (٢٠١١)، ل٥٧٣.**

**٢- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.**

**٣- هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان/ ڕێگای ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٥) پوشپەڕی (٢٧٠٩)، ل١.**

**٤- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە (١، ٢)، ل٥٦٣.**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# هەندێ تێڕامان لە گۆڤاری (ڕامان)

**د. عادل گەرمیانی**

لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی وشەی ڕامان بۆ ناوی گۆڤاری (ڕامان) جێی تێڕامانە، چونکە لە ڕووی واتاسازی و فەرهەنگسازییەوە چەند واتایەکی هەیە، بۆیە لەم ڕۆژگارەدا بووەتە ناوی زۆر منداڵی کورد. وەک دەزانین تا ساڵانی حەفتاکان لێکۆڵەرانی بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی زیاتر بایەخیان بە گۆڤاری (گەلاوێژ) دەدا، چونکە (١٠) ساڵ مانگانە بە بەردەوامیی لە ساڵانی نێوان ١٩٣٩- ١٩٤٩ بە کۆششی نەمران ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائەددین سەجادی دەردەچوو. پاشتر شانازی بە دەرچوونی هەردوو گۆڤاری (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ)یەوە دەکرا کە لە ڕووی بەردەوامیی دەرچوونیان و بایەخدانیان بە ئەدەبی نوێی کوردیی جێی لەسەر وەستان بوون. ئێمەیش لەم ڕۆژگارەدا بۆمان هەیە شانازی بەگۆڤاری (ڕامان)ەوە بکەین، کەوا لە ماوەی شازدە ساڵدا لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بە کۆششی برای بەڕێزمان ئازاد عەبدولواحید تا ئێستا (١٧٢) ژمارەی مانگانەی بە ڕێکوپێکی لێ دەرچووە. لێرەدا ئەوەی جێی تێڕامانە ئەم گۆڤارە بایەخێکی تایبەتی بە ژانر و جۆرەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیمان داوە و هۆکارەکەشی بەلامانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرنووسەرەکەی ڕەخنەگرێکی ناسراوە و بە هۆشیارییەکی تایبەتی و ڕەخنەییەوە بابەتەکان هەڵدەبژێرێت و بڵاویان دەکاتەوە، لێرەوە دەتوانین بڵێین گۆڤاری (ڕامان) لەنێو دەستەخوشکەکانی خۆی و لەنێو گۆڤارە ئەدەبییەکانی دیکەی مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردیی هاوچەرخماندا خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، بۆیە جێی شانازیمە تا ئێستا بۆ چەند جارێک بابەتم تێیدا بڵاوکردۆتەوە. ڕاستە تائێستا چەند گۆڕانکارییەک بەسەر ئەتەکێتی پێرستی بابەتە بڵاوکراوەکانی ئەم گۆڤارەدا کراوە، بەڵام دیزاینی ئێستاکەی تا ڕادەیەکی زۆر زیاتر لە جارانی مۆدێرنە و لە ڕووی بایەخدان بە پێشخستنی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی شیعر و چیرۆک، بەڵام وەک ڕەخنەگرێک هەندێ ئاواتم هەیە وەک: بایەخدان بە گۆشەی دەق و ڕەخنە و بۆ ئەم مەبەستە دەتوانرێت هەر جارێک داوا لە ڕەخنەگرێک بکرێت دەقێکی شیعری، یان دەقی چیرۆکێک، یان دەقێکی شانۆیی بە ڕەخنەوە لە گۆڤارەکەدا بڵاو بکرێتەوە و هەڵبسەنگێنرێت، هەروەها گۆشەیەک بکرێتەوە کە هەر جارەی بۆ بەسەرکردنەوەی کتێبێکی ڕەخنەیی تەرخان کرابێت، ئینجا چ بە زمانی کوردی نووسرا بێت، یان بە زمانێکی دیکە، ئەمەش بۆ زیاتر گەشەسەندنی باری ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخمان باشە، هەروەها ئاواتەخوازم بایەخێکی زیاتر بە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی بدرێت، نەک بەم شێوەیەی ئێستای گۆڤارەکە کەوا بە کورتی هەندێ زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی لە کۆتایی گۆڤارەکەدا بەسەر دەکرێنەوە. ئاواتە خوازیشم بایەخێکی زیاتر بە ڕێبازە ئەدەبییەکان بدرێت، لە کۆتاییدا لە کانگای دڵمەوە پیرۆزبایی لە سەرنووسەر و سەرجەم کارمەندانی ئەم گۆڤارە زۆر ئازیزە دەکەم، لەگەڵ هیوای هەمیشە بەردەوامبوونی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان).






# ماڵئاوا.. زامداری برا و مامۆستا

**ئازاد عەبدولواحید**



* زامدار بمایە زۆری پێ ناخۆش دەبوو لە منی ببیستێ پێی بڵێم «مامۆستا» ، ئەو نەک هەر بۆ من، پێی خۆش نەبوو ئەوەم لێ ببیستێ، بگرە بە درێژایی (٣٩) ساڵ هاوڕێیەتی کە لێکدی دانەبڕاوین، ئاگام لێی بوو بەرانبەر بەو وشەیە زۆر حەساس بوو، ئەوانەی لە نزیکەوە نەیاندەناسی و دووراو دوور ناویان بیستبوو، کە بە دیداری زامدار دەگەیشتن، ئەگەر لە دەمیان دەرچووباو پێیان بگوتبا «مامۆستا» ئەوە زۆر بەو وشەیە قارس و سەخڵەت دەبوو، ئەو زۆر ڕقی لەو وشەیە هەڵدەستاو بە هەڵچوونەوە یەکسەر دەیگوت: «ببوورە من مامۆستا نیم» . خۆ ئەگەر کەسەکە هەر سوور بووایە لەسەر وتنی ئەو وشەیە و دووبارە و سێ بارەی بکردبایەوە، ئەوە قسەیەکی دەکرد کە ئێرە جێگەی وتنی نییە، بەڵام زامدار پێی خۆش با، یان پێی ناخۆش، ئەو هەر ڕابەر و مامۆستای چەند نەوەیەکە، بگرە قوتابخانەیەک بوو بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندن و ڕێنمایی کردنی لاوەکان کە بە ئەلهاو شەوقەوە لە دەوری مێزەکەی کۆدەبوونەوە و بە عیشقەوە لە کۆڕ و دانیشتنەکانی گرددەبوونەوە و گوێ قوڵاغی نوکتە و قسەی خۆش و گفتوگۆیەکانی بوون و دەبووایە لەو دانیشتنانەدا لە بەرانبەر زامدار بەیداغی سپی هەڵبکەن و تا ئەو قسەی هەبووایە بیکا، کەس قسەی نەدەکرد.

* ئەو پیاوە سادە و ساکار و خاکەڕایە، لەسەر نیەتی خۆی بوو، ئەگەر زەرەر و زیانێکی هەبووبێ، تەنیا زەرەر و زیانی بۆ خۆی هەبوو، سڵی لە کۆمەڵ و دەوروبەر نەدەکردەوە و زۆر ڕاستگۆیانە ڕەفتاری دەکرد، حەزی بە کەش و فش و پۆزلێدان و دیکۆر و ئیکسسوار و مرید و دەروێش و تەکیە نەبوو، بۆیەش بە ڕاستی ڕابەر و مامۆستا و قوتابخانە بوو. کەسێک (هەر کەسێک) لە هەر تەمەنێک بووایە لەگەڵ زامدار دانیشتبا، هەستی بە جیاوازیی تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیریی نێوانیان نەدەکرد، چونکە ئەو هەمیشە وەک لاوێک هەڵسوکەوتی دەکرد، کە دەکەوتیتە گفتوگۆکردن لەگەڵیدا، وەک لاوێک بیری دەکردەوە، بۆیەش تا سەر ئێسکان لەگەڵ توێژی لاوان بوو، لەگەڵ هەر ترووسکەیەکی داهێنەرانە و نوێخوازانە بوو، لە هەر لایەکەوە دەربکەوتایە و بیریسکایەوە.

* زامدار، حسێن مەردانێکی کورد بوو، کە وەک وجوودییەک هەر بە واقیع ئەو فەلسەفەیەی لە ژیانی خۆیدا بەرجەستە کردبوو، ئەو چاک لە دنیا تێ گەیشتبوو، بەردەوام بە قسەی خۆش و نوکتەکانی دانیشتن و مەجلیسەکانی دەڕازاندەوە، بەڵام لە ناخی خۆیدا هەڵقرچان و سووتان و ژان و ئازارێکی بەسوێی گەورە و خەفە کراوی هەڵگرتبوو، زۆرجار دەیویست بەو گیانە کۆمیدییە پەردەپۆشیان بکات. لەگەڵ ئەوەش دژی دۆگما و کەسانی کۆنکرێتی و دیناسۆرەکانی نێو دنیای ڕۆشنبیری بوو، دژی لە قاڵبدان و چەقبەستن و خۆ ڕتووش کردن و ماکیاژ بوو، ئەو دەمێک بوو ماسکەکانی سەر ڕووی خۆی فڕێ دابوو، بۆیە بەبێ زۆر لەخۆ کردن، دەژیا و دەیویست پڕ بە پڕی ساتەکانی ژیانی بژێت و زۆران لەگەڵ مەرگ بگرێ، لەگەڵ ئەوەش زۆر ڕقی لە باسی مردن و سەردانی پرسەکان بوو، حەزی نەدەکرد باسی مردنی خۆی لەگەڵدا بکەیت، هەمیشە دەیگوت «چلە بۆ هەمووتان دەگێڕم» ، دەروەستی هیچ نەریت و یاسایەک نەبوو، بێجگە لە نەریت و یاسایەکانی ناوەوەی خۆی و بانگەوازە ئینسانییەکانی ناخی خۆی، لەمەشدا لەوانەیە زۆر کەس هەبووبن حەزیان کردبێ وەک ئەو بژین، بەڵام وەک ئەو نەیاندەتوانی «یاخی» بن.

* لەوەتەی لە دنیای ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردیدا چاوم کردووەتەوە و فامم کردووە زامدارم ناسیوە و هەر لەو یەکەم دیدار و یەکترناسینەوە، ئەو پیاوە باوەشی میهرەبانی و برایی و خۆشەویستی بۆ کردوومەتەوە، دەتوانم بڵێم یەکەم نووسەر و ئەدیبی کوردە کە لە حەفتایەکانەوە بە قووڵیی ناسیومە و لێی نزیک بووم، بۆیە یاد و یادگاری شیرین و تاڵی زۆرمان پێکەوە هەیە، گۆڵمەز و قسە و باسی زۆر کەوتووەتە نێوانمانەوە و زۆرجار پڕیشکی بەزم و ڕەزم و گۆڵمەزەکانی زامدار بەر منیش کەوتووە، بەڵام بەرجەستەترین ماوەی ژیانی هاوڕێیەتیمان ئەو چەند ساڵە بوو کە لە گۆڤاری (ڕامان)دا پێکەوە تەوەری (گفتوگۆ)مان ڕاستەوخۆ لەگەڵ نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان ساز دەکرد. بە یادی ئەو ڕۆژانەوە ئەو چەند دێرەم نووسی، هیوادارم لە دەرفەتێکی دیکەدا بگەڕێمەوە سەر زامدار و بە دوورودرێژی بەسەری بکەمەوە. سڵاو و درووود بۆ گیانی پاکی.